www.ferkar.krd
0751 960 70 80

١٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

زانست بۆ هەمووان

فیزیا

کتێبی خوێندکار- پۆلی دوازدەهەمی زانستی

چاپی هەشتەم
٢٠١٨ز / ٢٧١٨ کوردی / ١٤٣٩ ک

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

Ferkar

سەرپەرشتی زانستی چاپ
عبدالله بكر حسين

سەرپەرشتیکردنی هونەری
عثمان پيرداود كواز
ئاری محسن احمد

جێبەجێکردنی بژاری هونەری
ئاری محسن احمد

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

هێما ڕوونکەرەوەکان

ئەم زانیاریانەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتوون بەپێی ڕیزبەندییەکەیانە لە کتێبی خوێندکاردا بۆ قۆناغەکانی خوێندن

میکانیک

هێما	زاراوە
	ئاڕاستە داری لادان پێکنەری لادان
	ئاڕاستە داری خێرایی پێکنەری خێرایی
	ئاڕاستە داری تاودان
	ئاڕاستە داری هێز پێکنەری هێز
	ئاڕاستەداری تەوژم(بڕی جووڵە)
	گۆشە
	ئاڕاستەی خولانەوە

دینامیکی گەرمی

هێما	زاراوە
	وزەی گۆڕاو بۆ گەرمی
	وزەی گۆڕاو بۆ ئیش
	خول یان کردار

شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان

هێما	زاراوە
	تیشک (ڕووناکی یان دەنگ)
	بارگەی پۆزەتیڤ
	بارگەی نێگەتیڤ
	هێڵەکانی بواری کارەبا
	ئاڕاستە داری بواری کارەبا
	تەزووی کارەبا
	هێڵەکانی بواری موگناتیسی
	ئاڕاستە داری بواری موگناتیسی
	بۆ ناو لاپەڕەکە
	بۆ دەرەوەی لاپەڕەکە

ئاڕاستەکان

هێما	زاراوە
	بەرەو لای ڕاست «خۆرهەڵات»
	بەرەو لای چەپ «خۆرئاوا»
	بەرەو سەرەوەی لاپەڕەکە «باکور»
	بەرەو خوارەوەی لاپەڕەکە «باشور»

هێما	زاراوە
	بەرەو دەرەوەی لاپەڕەکە بەرەو سەرەوە «بەرەو ئاسمان»
	بەرەو ناوەوەی لاپەڕەکە بەرەو خوارەوە «بەرەو زەوی»



ناوەڕۆك

1 جووڵەی بە خول و یاسای کێشکردن 2

1-1 پێوانەکردنی جووڵەی بەخول 4

چالاكییەكی كرداری خێرا: ڕادیەن و درێژی کەوانە.................. 5

2-1 لێکەوتە تاودان و چەقەتاودان 13

3-1 ئەو هۆکارانەی جووڵەی بەسوڕ دروست دەکەن 19

پوختەی بەشی 1 25

پێداچوونەوەی بەشی 1 26

هەڵسەنگاندنی بەشی 1 29

2 هاوسەنگ بوون و جووڵەی بەخول 30

1-2 زەبر 32

چالاكییەكی كرداری خێرا: پێشبڕکێی دووتەن 33

2-2 خولانەوەو بارنەگۆڕی 37

چالاكییەكی كرداری خێرا، دۆزینەوەی چەقی بارستایی لەتاقیگەدا 38

3-2 داینەمیکی خولانەوە 44

خوێندنەوەیەكی زانستیانە، مانگە دەستکردەکان و کونەڕەشەکان 52

پوختەی بەشی 2 54

پێداچوونەوەی بەشی 2 55

هەڵسەنگاندنی بەشی 2 59

3 لەرینەوەکان و شەپۆلەکان 60

1-3 جووڵەی هارمۆنی سادە 62
ڕۆشنایییەك لەسەر بابەتەکە، کپکەرەوەی تاسەکان 66
چالاکییەکی کرداری خێرا، وزەی پەندۆل 68
2-3 پێوانەکردنی جووڵەی هارمۆنی سادە 70
3-3 سیفەتەکانی شەپۆل 76
4-3 کارلێکە شەپۆلییەکان 83
پوختەی بەشی 3 89
پێداچوونەوەی بەشی 3 90
هەڵسەنگاندنی بەشی 3 94

4 دەنگ 96

1-4 شەپۆڵە دەنگیەکان 98
ڕۆشنایییەك لەسەر بابەتەکە، وێنەگرتن بەشەپۆلە سەرو بیستنیەکان 100
2-4 توندی دەنگ و زرنگانەوە 105
چالاکییەکی کرداری خێرا، زرنگانەوە 110
ڕۆشنایییەك لەسەر بابەتەکە، لەدەستدانی تیژی بیستن 111
3-4 ئاوازە هارمۆنیەکان 112
چالاکییەکی کرداری خێرا، بۆریەکی یەك لا داخراو 115
ڕۆشنایییەك لەسەر بابەتەکە، دووبارە دانەوە 118
پوختەی بەشی 4 120
پێداچوونەوەی بەشی 4 121
هەڵسەنگاندنی بەشی 4 124

5 موگناتیسی 126

1-5 بوارە موگناتیسییەکان 128
2-5 موگناتیسی پەیدابوو لە کارەباوە 130
چالاکییەکی کرداری خێرا، کارۆ موگناتیسی 133

3-5 هێزی موگناتیسی 136
ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە، شاشەکانی تەلەفزیۆن 137
ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە، وێنەگرتن بەزرنگانەوەی موگناتیسی 143

پوختەی بەشی 5 144
پێداچوونەوەی بەشی 5 145
هەڵسەنگاندنی بەشی 5 148

6 کارۆ موگنەکاری (هاندانی کارۆموگناتیسی) 150

1-6 کارەبای پەیدابوو لە موگناتیسەوە 152
ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە، مایکرۆفۆن (وەرگری) گیتاری کارەبایی 161
2-6 دینەمۆکان و مۆتۆڕەکان و ئاڵوگۆڕە موگنەکاری 163
3-6 سوڕەکانی تەزوی گۆڕاو (AC) و ترانسفۆرمەرەکان ... 169

پوختەی بەشی 6 187
پێداچوونەوەی بەشی 6 188
هەڵسەنگاندنی بەشی 6 194

7 بەیەکداچوون و لادان 196

1-7 بەیەکداچوون 198
2-7 لادانی شەپۆلەکان 204
3-7 لەیزەر 211
ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە، دەزگای ئیشپێکردنی پەپکەی CD 214
پیشە فیزیاییەکان، نەشتەرگەری جوانکاری.............................. 215
پوختەی بەشی 7 217
پێداچوونەوەی بەشی 7 218
هەڵسەنگاندنی بەشی 7 221



Ferkar

8 فیزیای گەردیلەیی 222

1-8 بە بڕبوونی وزە 224
2-8 سامپڵەکانی گەردیلە 233
چالاکییەکی کرداری خێرا، شەبەنگە گەردیلەییەکان 236
پوختەی بەشی 8 243
پێداچوونەوەی بەشی 8 244
هەڵسەنگاندنی بەشی 8 246

9 ئەلیکترۆنیکسی نوێ 248

1-9 گەیاندن لە تەنە ڕەقەکاندا 250
2-9 بەجێهێنانەکانی مادده نیمچە گەیەنەرەکان 256
3-9 گەیەنەرە تێر گەیاندنەکان 265
پوختەی بەشی 9 269
پێداچوونەوەی بەشی 9 270
هەڵسەنگاندنی بەشی 9 273

بەشی پاشکۆکان 274

پاشکۆی (أ): پێداچوونەوەیەك لە بیرکاریدا 276
پاشکۆی (ب): هێماکان 285
پاشکۆی (ج): یەکەکان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا SI 287
هەندێك لە پێشگرەکانی سیستمی نێودەوڵەتی 287
چەند یەکەیەکی تری پەسەندکراو تر لە سیستمی نێودەوڵەتیدا SI 288
پاشکۆی (د): چەندخشتەیەکی سوودبەخش 289
وەڵامی پرسیارە هەڵبژێردراوەکان 292
زاراوەکان 296

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بـــــەشـــی 1

جووڵەی بەخول و یاسای کێشکردن

Rotational Motion and the Law of Gravity

کەشتیوانی بۆشایی ئاسمان کە لەم وێنەیەدا دیارە، لە مەکۆی بۆشایی ئاسماندا بەرپرەوی بارهەڵگرەکەدا دەڕوات بۆ چاککردنەوەی مانگێکی دەستکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەوڵی یەکەمی کەشتیوانەکە لە گرتنەوەی مانگە دەستکردەکەدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بەم دواییانە بە بەکارهێنانی کورسی فرێو کە باسکی رۆبۆتی هەیە کارەکە ئەنجامدرا، ئەوکات کەشتیوانەکە توانی مانگە دەستکردەکە چاکبکاتەوە.

ئەوەی کە پێشبینی بەدیهێنانی دەکرێت

لەم بەشەدا وەسفی جووڵەی بەسوڕ و ئەو هێزانەی جووڵەکە دروست دەکەن بەهێزی کێشکردنیشەوە دەخوێنیت.

گرنگییەکەی چییە

لە هەموو شوێنێك لە دەورو بەرمانەوە جووڵەی بەسوڕ دەبینین، هەر لەچەرخ و فەلەکی شاری یارییەوە بگرە تا دەگاتە خولانەوەی مەکۆی بۆشایی ئاسمان کەبە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە هەروەها سوڕانەوەی زەویش بە دەوری خۆردا.

ناوەڕۆکی بەشی 1

1 پێوانەکردنی جووڵەی بەخول
- هێندە بەخولەکان.
- بەراوردکردنی هێندە بەخولەکان بە هێندە بەهێڵەکان.

2 لێکەوتە تاودان وچەقە تاودان
- پەیوەندی نێوان هێندە بەهێڵەکان وهێندە گۆشەییەکان (هێندەکان لەجووڵەی بەخولدا)
- چەقە تاودان.

3 ئەو هۆکارانەی جووڵەی بەسوڕ دروست دەکەن.
- ئەو هێزەی کە جووڵەی بەسوڕی لێدەکەوێتەوە.
- جووڵەی بەخولی تەن.
- یاسای کێشکردنی گشتی نیوتن.

بەندی 1-1 پێوانەکردنی جوولەی بەخول
Measuring Rotational Motion

1-1 ئامانجەکانی بەندەکە

- رادیەن بە پلەوە دەبەستێتەوە.
- گۆشە لادان بە بەکارهێنانی درێژی کەوانەو ئەو دوورییە هەژمار دەکات کە لە تەوەرەی خولانەوەوە دەستپێدەکات (نیوەتیرە).
- گۆشە خێرایی و گۆشە تاودان هەژمار دەکات.
- ڕاهێنانەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشەکانی جوولەی بەخول شیکاردەکات.

جوولەی بەخول

جوولەی تەنێکە بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا.

هێندە بە خولەکان

کاتێك تەنێك دەخولێتەوە دەڵێین جوولەیەکی **بەخول دەکات** rotational motion. لەشاری یاریدا چەرخوفەلەك بەدەوری تەوەرەیەکی جێگیردا کە بەستونی بە چەقەکەیدا دەڕوات (پێی دەوترێت تەوەرەی خولانەوە) دەخولێتەوە. چۆن دەتوانین پێوانی ئەو دوورییە بکەین کە تەنێکی چەسپاو لە چێوەی چەرخەکەدا دەیبڕێت؟ خاڵەکانی ئەو تەنەی کە بە دەوری تەوەرەیەکی جێگیردا دەخولێتەوە بە شێوەی جوولەی بەسوڕ دەجووڵێن.

وە جوولەی هەرخاڵێك لەوتەنە بەدەوری تەوەرەکەدا بەسوڕ دەبێت، ئەگەر شێوەی تەنەکە هەرچۆنێك بێت. وەسفکردنی جوولەی بەسوڕ بۆ خاڵێك بەتەنها بە بەکارهێنانی هێندە بەهێڵەکان کە لە کتێبی پۆلی یازدەهەمدا دراون گرانە، چونکە لە جوولەی بازنەییدا ئاڕاستەی جوولە بەردەوام دەگۆڕێت. بۆیە وسفکردنی جوولەی بەسوڕ بە گوێرەی گۆشەی خولانەوەی خاڵەکەوە دەبێت. بەو پێیە هەموو خاڵەکانی تەنی ڕەق بە هەمان گۆشەو لە هەمان کاتدا دەسوڕێتەوە، جگە لەو خاڵانەی کە دەکەونە سەر تەوەرەی خولانەوە.

لە **وێنەی 1-1** دا گلۆپێکی ڕووناکی لە دوری r لە چەقی چەرخەکەوە دەسوڕێتەوە. هەروەك لە **وێنەی 2-1** بە دەوری تەوەرەی بازنەیەکدا کە نیوەتیرەکەی r. لە ڕاستیدا هەر خاڵێك لە خاڵەکانی چەرخەکە جوولەیەکی بە سوڕی هەیە بە دەوری چەقدا. بۆ شیکردنەوەی ئەم جوولەیە هێڵی دەستپێکی جێگیری بۆ هەڵدەبژێردرێت، وای دادەنێین لەو کاتەی $t = 0$ خاڵەکە لەسەر هێڵی دەستپێك دەبێت کە چەقی چەرخەکە بە گلۆپەکەوە دەگەیێنێت، هەروەك **وێنەی 1-1** (أ). دوای ماوەی Δt گلۆپەکە دەچێتە خاڵێکی ترەوە، هەروەك **وێنەی 1-1** (ب) لەم ماوەیەدا ئەو هێڵە سورەی کە گلۆپەکە بەچەق دەگەیێنێت بە گوێرەی هێڵی دەستپێك بە گۆشەی θ دەسورێتەوە، وە لە هەمان کاتدا گلۆپەکە دوری s دەبڕێت کە لەسەر چێوەی بازنەکە پێوانە دەکرێت، کاتێك s درێژی کەوانەی بڕاو دەنوێنێت.



وێنەی 1-1
گلۆپێکی ڕووناکی لەسەر چەرخێکی خولاوە (أ) گلۆپەکە لەسەر هێڵی دەستپێك دەست بە جوولە دەکات. (ب) گلۆپەکە درێژی کەوانەی s دەبڕێت لەکاتی خولانەوەیدا بە گۆشەی θ.

گۆشەکان بەرادیەن پێوانە دەکرێن (radians)

تا ئێستا گۆشەکانمان بە پلە (^{o}) پێوانە دەکرد. بەڵام زۆربەی کات گۆشەکان بە یەکەیەکی تر دەپێورێن کە پێی دەوترێت **رادیەن** radian زۆربەی هاوکێشەکان لەم بەشەو بەشی دوای ئەویشدا پێویست بەوە دەکەن کە گۆشەکان بە رادیەن بپێورێن. لە وێنەی **1-1** (ب)دا، کاتێك درێژی کەوانەکە s وە نیوەتیرە r یەکسان دەبن، گۆشەی θ کە گۆشە لادانی بڕاوە برەکەی 1rad دەبێت.

وێنەی 2-1
هەموو خاڵەکانی چەرخەکە کە بە دەوری تەوەرەیەکی جێگیردا دەخولێنەوە جوولەی بەسوڕیان هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی، هەر گۆشەیەك کە بەرادیەن پێوانە بکرێت بەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەردەبڕێت:

$$\theta = \frac{s}{r}$$

رادیەن تەنها ڕەنووسێکە لە سیستمی SI دا ڕەهەند دار نیە وە θ ڕێژەی درێژی کەوانە (واتە دوری) بۆ درێژی نیوە تیرەیە، کە ئەوەش هەر دورییە. بۆیە یەکەکان لەگەڵ یەکتر کورت دەکرێنەوە و کورتکراوەی rad لە شوێنیان دادەنرێت.

کاتێك گلۆپەکەی سەر چەرخەکە بە گۆشەی 360° دەسورێتەوە، واتە خولێکی تەواوی چەرخەکە، درێژی کەوانەکە یەکسان دەبێت بە چێوەی بازنەکە $2\pi r$. وە لە جیاتی دانانی ئەم نرخە بۆ s لە پەیوەندی پێشوودا نرخی θ بەڕادیەن دەردەچێت.

$$\theta = \frac{s}{r} = \frac{2\pi r}{r} = 2\pi$$

بەمەش 360° یەکسان دەبێت بە 2π rad یان خولێکی تەواو. گۆشەی هاوتای خولێکی تەواو بە نزیکەیی یەکسانە $2(3.14) = 6.28$ rad .

وێنەی 3-1 بازنەیەکی پلەکراو دەردەخات کە بە ڕادیەن پلە پلەکراوە. بۆیە دەتوانرێت بڕی هەر گۆشەیەك بە پلە بگۆڕدرێت بۆ ڕادیەن ئەمەش دەکرێت ئەگەر بڕی گۆشە پێوراوەکە بە پلە جارانی بڕی $2\pi /360^o$ بکرێت. ئەو کات پلەکان لەگەڵ یەکتر کورت دەکرێنەوە وە پێوانە کردنەکە بە ڕادیەن دەبێت. وە دەتوانرێت پەیوەندی گۆڕینەکە بەم شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە.

$$\theta_{rad} = \frac{\pi}{180^o}\,\theta^o$$

رادیەن

چەقە گۆشەیەکە درێژی کەوانەکەی یەکسانە بە نیوە تیرەی بازنەکەی بە پلە بە نزیکەیی دەکاتە 57.3^o .



وێنەی 3-1

جووڵەی بەخول بە ڕادیەن پێوانە دەکرێت. وە لەبەر ئەوەی هەر خولێکی تەواو یەکسان دەبێت بە 2π rad زۆرجار ڕادیەن بە چەندجارەکانی π دەردەبڕێت.

Ferkar

چالاکییەکی کرداری خێرا

رادیەن ودرێژی کەوانە

کەرەستەکان

- ✓ پرگال بۆ وێنە کێشان
- ✓ پەڕە
- ✓ تەلی ورد (باریك)
- ✓ بڕەری تەل یان مەقەست

پرگالەکە بەکاربهێنە بۆ کێشانی بازنەیەك لەسەر پەڕەکە، چەقی بازنەکە دیاریبکە، نیوەتیرەی بازنەکە بپێوە، کە دوری نێوان چەقی بازنەکە وهەر خاڵێکی سەر چێوەکەیەتی. بڕەو بەکاربهێنە بۆ بڕینی چەند تەلێك کە درێژی هەر یەکەیان یەکسان بێت بە نیوەتیرەی بازنەکە ، تەلەکان بەیەکەوە بپێچەوەو بیانچەمێنەوە و بەهاوجووتی لەسەر بازنە کێشراوەکە دایانبنێ. چەند لەو تەلانەت پێویستە تا بە تەواوەتی چێوەی بازنەکە داپۆشیت؟ لە چەقی بازنەکەوە چەند هێڵێك بۆ لایەکانی تەلە چەمێنراوەکانی هاوجووتی بازنەکە بکێشە. دیاری بکە کام دوو هێڵە دواییەك لەم هێڵانە یەکسان دەبێت بە 1 rad. ژمارەی ئەو گۆشانە چەندن کە بەدرێژایی بازنەکە هەن؟ بەهۆی پرگالەکەوە بازنەیەکی گەورەتر بکێشە. چەند تەلت پێویستە (کەدرێژی هەر یەکەیان یەکسان بێت بە نیوەتیرەی بازنەکە) تا بە تەواوەتی چێوەی بازنەکە داپۆشێت.

گۆشە لادان

گۆشەی خولانەوەی خاڵێك یا تەوەرەیەك یان تەنێكە بە ئاراستەیەكی دیاریكراو بە دەوری تەوەرەیەكی جێگیردا.



وێنەی 4-1
گڵۆپی روناكی لەسەر چەرخی خولانەوە بە گۆشە لادانێك دەخولێتەوە كە بریتیە لە
$\Delta\theta = \theta_2 - \theta_1$

گۆشە لادان و خولانەوە

هەروەك گۆشە بە ڕادیەن دەكاتە ڕێژەی درێژی كەوانە بۆ نیوەتیرە، ئەوا ئەو **گۆشە لادانەی** angular displacement كە گڵۆپە جێگیرەكەی سەر چەرخە خولاوەكە دەیبڕێت دەكاتە گۆڕان لە درێژی كەوانە Δs دابەشی دوری نێوان گڵۆپەكەو تەوەرەی خولانەوە. ئەم پەیوەندییەش لە **وێنەی 4-1** دا دەردەكەوێت.

گۆشە لادان

$$\Delta\theta = \frac{\Delta s}{r}$$

$$\text{گۆشە لادان بە (ڕادیەن)} = \frac{\text{گۆڕان لە درێژی كەوانەكەدا}}{\text{دوری نێوان تەنەكەو تەوەرەی خولانەوە}}$$

كاتێك سەیری تەنێك دەكەیت كە لەلای سەرەوە دەجووڵێت، درێژی كەوانەكەی بە پۆزەتیف دادەنرێت ئەگەر تەنەكە بە پێچەوانەی جووڵەی میلی كاتژمێرەوە بجووڵێت، وە نێگەتیف دەبێت كاتێك بە ئاراستەی جووڵەی میلی كاتژمێر دەجووڵێت، بە گوێرەی ئەمەش $\Delta\theta$ پۆزەتیف دەبێت ئەگەر خولانەوەكە بە پێچەوانەی میلی كاتژمێر بێت وە نێگەتیف دەبێت ئەگەر خولانەوەكە بە ئاراستەی میلی كاتژمێرەوە بێت.

نموونە 1 (أ)

گۆشە لادان

پرسیارەكە

شازاد سواری ئەسپێكی یاری دەبێت و بەئاراستەی جووڵەی میلی كاتژمێر لەسەر كەوانەیەك كە درێژییەكەی 11.5 m دەسوڕێتەوە. ئەگەر گۆشە لادانی شازاد 165° بێت، نیوەتیرەی سوڕانەكە چەندە؟

شیكار

1.دەزانم

دراو: $\Delta\theta = -165^{o}$ $\Delta s = -11.5$ m

نەزانراو: $r = ?$

2.پلاندادەنێم

لەسەرەتادا. گۆشەلادان دەگۆڕین بۆ ڕادیەن بە بەكارهێنانی پەیوەندی باسكراو لە لاپەڕە (5)دا.

$$\Delta\theta\ (\text{rad}) = \frac{\pi}{180^{o}}\,\Delta\theta\ (\text{deg}) = \frac{\pi}{180^{o}}\,(-165^{o})$$

$$\Delta\theta\ (\text{rad}) = -2.88\ \text{rad}$$

هاوكێشەی گۆشەلادان كە لەسەرەوەی لاپەڕەكە دراوە بەكاردەهێنم، و دووبارە ڕێكیدەخەمەوە.

$$\Delta\theta = \frac{\Delta s}{r}$$

3.هەژماردەكەم

$$r = \frac{\Delta s}{\Delta\theta} = \frac{-11.5\ \text{m}}{-2.88\ \text{rad}}$$

$$\boxed{r = 3.99\ \text{m}}$$

وەڵامی ئامێری ژمێرەر

زۆربەی ئامێرەكانی ژمێرەر دوگمەیەكی تێدایە كە ◀DEG لەسەر نووسراوە یەكەكان لەپلەوە دەگۆڕێت بۆ ڕادیەن.

ڕاهێنانی 1 (أ)

گۆشە لادان

1. کوللەیەك لەسەر لێواری تایەی پاسکیلێك کە بە ئاڕاستەی جووڵەی میللی کاتژمێر دەجووڵێت وەستاوە. گۆشەلادانی کوللەکە دەگاتە π rad، وە درێژی کەوانە هاوتاکەی 1.2 m نیوەتیرەی تایەکە چەندە؟
2. لەم خشتەیەی خوارەوەدا بۆشاییەکان بە هێندە نادیارەکان پڕ بکەرەوە.

	r	Δs	$\Delta\theta$
أ.	0.10 m	+0.25 m	? rad
ب.	8.5 m	?	+0.75 rad
ج.	0.75 m	– 4.2 m	? deg
د.	?	+2.6 m	+135°

گۆشە خێرایی و تێکرای خولانەوە

خێرایی بەهێڵ لادانی بڕاو لە کاتێکی دیاریکراودا وەسفدەکات. وە **گۆشە خێرایی** angular speed بە ڕێگەیەکی هاوشێوەی ئەوە پێناسە دەکرێت. وە ناوەندە گۆشە خێرایی خولانەوەی تەنێکی ڕەق ω_{avg} (ω پیتێکی یۆنانییە پێیدەووترێت ئۆمیگا) دەکاتە ئەنجامی ڕێژەی نێوان گۆشە لادان $\Delta\theta$ وە کاتی خایەنراو Δt بۆ بڕینی ئەم لادانە لە لایەن تەنەکەوە. گۆشە خێرایی وەسفی خێرایی خولانەوەی تەنەکە دەکات.

گۆشە خێرایی

تێکرای کاتی خولانەوەی تەنێکە بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا. یان تێکرایی کاتی گۆڕانی گۆشە لادانە. وە بە ڕادیەن لەسەر چرکە دەپێورێت.

گۆشە خێرایی

$$\omega_{avg} = \frac{\Delta\theta}{\Delta t}$$

$$\text{ناوەندە گۆشە خێرایی} = \frac{\text{گۆشە لادان}}{\text{کاتی خایەنراو}}$$

یەکەی پێوانەی گۆشە خێرایی بە ڕادیەن لەسەر چرکە (rad/s) دەبێت. وە هەندێك جار گۆشە خێرایی بە یەکەی خول لەسەر چرکە دەدرێت. لە بیرت بێت کە هەر خولێك دەکاتە 2π rad ($1 \text{ rev} = 2\pi$ rad).

نموونە 1 (ب)

گۆشە خێرایی

پرسیارەکە

رزگار لەسەر کورسییەکی خولاوە دادەنیشێت کە بە ئاراستەی پێچەوانەی جوولەی میلی کاتژمێر بە ناوەندە گۆشە خێراییەك دەخولێتەوە برەکەی **4.0 rad/s**. بۆ ئەوەی رزگار گۆشە لادانی **8.0π rad** ببڕێت، کاتی خایەنراو چەندە؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $\Delta\theta = 8.0\pi$ rad $\quad \omega_{avg} = 4.0$ rad/s

نەزانراو: $\Delta t = ?$

2. پلاندادەنێم

هاوکێشەی گۆشە خێرایی لە لاپەڕە 7 بەکاردەهێنم، دووبارە ڕێکیدەخەمەوە بۆ هەژمارکردنی Δt.

$$\omega_{avg} = \frac{\Delta\theta}{\Delta t}$$

$$\Delta t = \frac{\Delta\theta}{\omega_{avg}}$$

3. هەژماردەکەم

$$\Delta t = \frac{8.0\ \pi\ \text{rad}}{4.0\ \text{rad/s}} = 2.0\ \pi\ \text{s}$$

$$\boxed{\Delta t = 6.3\ \text{s}}$$

Ferkar

ڕاهێنانی 1 (ب)

گۆشە خێرایی

1. تایەی ئۆتۆمبێلێك بە ناوەندە گۆشە خێراییەك دەخولێتەوە کەبڕەکەی 29 rad/s. کاتی خایەنراو چەندە بۆ ئەوەی تایەکە سێ خول و نیو بخولێتەوە؟

2. لەم خشتەیەی خوارەوەدا بۆشاییەکان بە هێندە نادیارەکان پڕ بکەرەوە.

	Δt	$\Delta\theta$	ω_{avg}
أ.	10.0 s	+2.3 rad	?
ب.	0.050 s	?	+0.75 rad/s
ج.	1.2 s	−1.2 rev	?
د.	?	$+1.5\pi$ rad	$+2\pi$ rad/s

www.ferkar.krd
0751 960 70 80



وێنەی 5-1
تایەیەکی پاسکیل خێراییەکەی لە زیادبووندایە و بە گۆشە خێرایی:
(أ) ω_i لە ساتی t_i
(ب) ω_f لە ساتی t_f دەخولێتەوە.

گۆشە تاودان و گۆڕانی گۆشە خێرایی

وێنەی 5-1 پاسکیلێك دەرکەوتووە کە سەرەوژێر دانراوە بۆ چاککردنەوەی تایەی دواوەی. پایدەرەکان بە جۆرێك دەخولێنەوە کە گۆشە خێرایی تایەکە ω_i لە ساتی t_i بێت، وەك **وێنەی 5-1** (أ)، وە ω_f لە ساتێکی دوای ئەوە t_f، وەك **وێنەی 5-1** (ب)، ناوەندە گۆشە **تاودانی** تەنێك angular acceleration α_{avg} (α پیتێکی یۆنانییە پێیدەووترێت ئەلفا) وەك لە هاوکێشەکەی خوارەوەدا پێناسەدەکرێت. یەکەی پێوانەی گۆشە تاودان بە ڕادیەن لەسەر چرکە لەسەر چرکەیە واتە (rad/s^2).

گۆشە تاودان

تێکرای کاتی گۆڕانی گۆشە خێراییە، بە rad/s^2 دەپێورێت.

گۆشە تاودان

$$\alpha_{avg} = \frac{\omega_f - \omega_i}{t_f - t_i} = \frac{\Delta\omega}{\Delta t}$$

ناوەندە گۆشە تاودان = گۆڕانی گۆشە خێرایی / کاتی خایەنراو

نموونە 1 (ج)

گۆشە تاودان

پرسیارەکە

تایەی ئۆتۆمبیلێك بە گۆشە خێراییەکی سەرەتایی 21.5 rad/s دەخولێتەوە. شوفێرەکەی خێرای دەکات و دوای 3.5 s گۆشە خێراییەکەی دەبێتە 28.0 rad/s. ناوەندە گۆشە تاودانی تایەکە لەم ماوەیەدا چەندە؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $\omega_1 = 21.5$ rad/s $\quad \omega_2 = 28.0$ rad/s $\quad \Delta t = 3.5$ s

نەزانراو: α_{avg} ? =

2. پلاندادەنێم

هاوکێشەی گۆشە تاودان کە لەم پەڕەدایە بەکاردەهێنم.

3. هەژماردەکەم

$$\alpha_{avg} = \frac{\omega_2 - \omega_1}{\Delta t} = \frac{28.0 \text{ rad/s} - 21.5 \text{ rad/s}}{3.5 \text{ s}} = \frac{6.5 \text{ rad/s}}{3.5 \text{ s}}$$

$$\boxed{\alpha_{avg} = 1.9 \text{ rad/s}^2}$$

ڕاهێنانی 1 (ج)

گۆشە تاودان

1. لەم خشتەیەی خوارەوەدا بۆشاییەکان بە هێندە نادیارەکان پڕبکەرەوە.

	Δt	$\Delta\omega$	α_{avg}
أ.	7.0 s	+121.5 rad/s	?
ب.	0.050 s	?	+0.75 rad/s^2
ج.	1.2 s	−1.2 rev/s	?

گۆشە خێرایی وگۆشە تاودان بۆ خاڵەکانی تەنێکی پتەو کە بە دەوری تەوەرەیەکدا دەخولێتەوە

ئەگەر خاڵێکی وەک A کە لەسەر لێواری تایەی پاسکیلێك گۆشە خێراییەکی هەبێت گەورەتربێت لە گۆشە خێرایی خاڵێکی وەك B کە نزیکە لە چەقەکەی وەك لە **وێنەی (6-1)** دا دیارە، ئەوا شێوەی تایەکە دەگۆڕێت. وە بۆ ئەوەی تەنەکان لە کاتی خولانەوەدا پارێزگاری لە پتەویەکەیان بکەن وەك ئەوەی لە تایەی پاسکیل یان چەرخ وفەلەکدا هەیە، پێویستە هەموو خاڵەکانی تەنەکە لە هەرساتێکدا بە هەمان گۆشە خێرایی و هەمان گۆشە تاودان بخولێنەوە. ئەمە گرنگی گۆشە خێرایی وگۆشە تاودان زیاد دەکات لە کاتی وەسفکردنی جووڵەی بەخولدا.



وێنەی 6-1
هەردوو خاڵی A و B هەمان گۆشە خێراییان هەیە.

بەراوردکردنی هێندە بەخولەکان بە هێندە بەهێڵەکان

بەراورد بکە لە نێوان ئەو هاوکێشانەی کە تا ئێستا لە جووڵەی بە خولدا دەستمان کەوتوون وە ئەو هاوکێشانەی کە لە پۆلی یازدەهەمدا دەستمان کەوتن. بۆ نموونە بەراورد بکە لە نێوان پێناسەی ناوەندە گۆشە خێرایی و ناوەندە خێرایی بە هێڵ:

$$\omega_{avg} = \frac{\theta_f - \theta_i}{t_f - t_i} = \frac{\Delta\theta}{\Delta t} \qquad v_{avg} = \frac{x_f - x_i}{t_f - t_i} = \frac{\Delta x}{\Delta t}$$

ئەم دوو هاوکێشەیە لە یەکدەچن لەبەر ئەوەی θ جێگای x دەگرێتەوە وە ω جێگای v دەگرێتەوە. لە کاتی خوێندنی جووڵەی بەخولدا بە وردی سەرنجی ئەم هێندانە بدە، هەموو ئەو هێندە بە هێڵانەی کە تا ئێستا ناسیومانن لە بەرامبەریاندا هێندێکی بەخولی هاوشێوەی هەیە وەك لە **خشتەی 1-1** دا هەیە.

خشتە 1-1 هێندە بە خولەکانی هاوتای هێندە بە هێڵەکان

بەهێڵ	بەخول
x	θ
v	ω
a	α

هاوکێشەکان کاتێك گۆشە تاودان نەگۆڕبێت

لەژێر ڕۆشنایی لەیەکچوونی نێوان گۆڕاوەکان لە جووڵەی بەهێڵ و گۆڕاوەکان لە جووڵەی بەخولدا پێشبینی لەیەکچوونێکی هاوشێوە دەکەین لە نێوان هاوکێشەکانی جووڵەی بەخول و جووڵەی بەهێڵ کە لە پۆلی یازدەهەمدا خوێندراون.

خشتەی 2-1 هاوکێشەکانی جووڵە بە تاودانی ڕێك لەهەریەکە لە جووڵەی بەهێڵ و جووڵەی بەخول دەردەخات. ئاگاداربە کە هاوکێشەکانی جووڵەی بەخول تەنها لە کاتی خولانەوە بە دەوری تەوەرەیەکی جێگیردا بەکاردەهێنرێت.

خشتەی 2-1 هاوکێشەکانی جووڵەی بە خول وبەهێڵ

جووڵەی بەخول بە گۆشە تاودانێکی ڕێك	جووڵەی بەهێڵ بە تاودانێکی ڕێك
$\omega_f = \omega_i + \alpha\Delta t$	$v_f = v_i + a\Delta t$
$\Delta\theta = \omega_i\Delta t + \frac{1}{2}\alpha(\Delta t)^2$	$\Delta x = v_i\Delta t + \frac{1}{2}a(\Delta t)^2$
$\omega_f^2 = \omega_i^2 + 2\alpha(\Delta\theta)$	$v_f^2 = v_i^2 + 2a(\Delta x)$
$\Delta\theta = \frac{1}{2}(\omega_i + \omega_f)\Delta t$	$\Delta x = \frac{1}{2}(v_i + v_f)\Delta t$

تێبینی بکە هاوکێشەکانی جووڵەی بەخول کە گۆڕاوەکانی (θ و ω و α)ی تێدایە وە هاوکێشەکانی جووڵەی بەهێڵ کە گۆڕاوەکانی (x و v و a)ی تێدایە لە یەکدەچن. وە هێندی ω لە هاوکێشەکانی **خشتەی 2-1** دا گۆشە خێرایی ساتی خولانەوەی تەنەکە دەنوێنێت لە جیاتی ناوەندە گۆشە خێرایی.

نموونە 1 (د)

هاوکێشەکانی جووڵەی بەخول

پرسیارەکە

تایەی پاسکیلێکی هەڵگەڕاوە 11.0 rad دەبڕێت لە 2.0 s . گۆشە تاودانی تایەکە چەندە ئەگەر سەرەتا گۆشە خێراییەکەی 2.00 rad/s بێت؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $\Delta\theta = 11.0$ rad $\Delta t = 2.0$ s $\omega_i = 2.00$ rad/s

نەزانراو: $\alpha = ?$

2. پلاندادەنێم

هاوکێشەی خوارەوە کە لە **خشتەی 2-1** دا هەیە بەکاردەهێنم و α هەژماردەکەم.

3. هەژماردەکەم

$$\Delta\theta = \omega_i\Delta t + \frac{1}{2}\alpha(\Delta t)^2$$

$$\alpha = \frac{2(\Delta\theta - \omega_i\Delta t)}{\Delta t^2}$$

$$\alpha = \frac{2[11.0\ \text{rad} - (2.00\ \text{rad/s})(2.0\ \text{s})]}{(2.0\ \text{s})^2}$$

$$\boxed{\alpha = 3.5\ \text{rad/s}^2}$$

ڕاهێنانی 1 (د)

هاوکێشەکانی جووڵەی بەخول

.1 تایەی ئۆتۆمبیلێکی یاری کە لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ ئیش دەکات خێرا دەبێت بە گۆشە تاوانی $22.4\ rad/s^2$. ئەگەر تایەکە بە گۆشە خێرایی $10.8\ rad/s$ دەستی بە خولانەوە کرد گۆشە خێراییەکەی پاش سێ خولی تەواو دەبێتە چەند؟

.2 تایەکەی پرسیاری 1 چەند کاتی پێویستە بۆ ئەوەی سێ خول ببڕێت؟

پێداچوونەوەی بەندی 1-1

.1 ئەم دوو گۆشەیەی خوارەوە لە پلەوە بگۆڕە بۆ ڕادیەن.
أ. 35°
ب. 128°

.2 مێشوولەیەك لە دوری $5.0\ cm$ لە چەقی پەپکەیەکەوە دەنیشێتەوە کە بە ئاراستەی جووڵەی میلی کاتژمێر دەخولێتەوە، مێشوولەکە لەسەر کەوانەیەك دەسوڕێتەوە کە درێژییەکەی $5.0\ cm$. گۆشە لادانی مێشوولەکە چەندە؟

.3 پاسکیل سوارێك لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەجووڵێت، نیوەی ڕێڕەوەکە لە ماوەی $10.0\ s$ دەبڕێت. ناوەندە گۆشە خێراییەکەی چەندە؟

.4 **فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا:** گۆشە تاودانی پەپکەیەکی خولاوە لە شاری یاریدا بدۆزەوە کە گۆشە خێراییەکەی لە $0.50\ rad/s$ بۆ $0.60\ rad/s$ زیاددەکات لە ماوەی $0.50\ s$.

.5 **فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا:** گۆشە خێرایی ساتی پەپکەیەکی خولاوە لە شاری یاریدا چەندە کە سەرەتا بە گۆشە خێرایی $0.50\ rad/s$ دەستپێدەکات، وە گۆشە خێراییەکەی بە گۆشەتاودانی $0.20\ rad/s^2$ زیاددەکات لە ماوەی $1.0s$.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەندی 2-1

لێکەوتە تاودان وچەقە تاودان

Tangential and Centripetal Acceleration

پەیوەندی نێوان هێندە بەهێڵەکان وهێندە گۆشەییەکان

وەك لە **بەندی** 1-1 بینیمان دەتوانرێت بە شێوەیەکی باشتر وەسفی جووڵەی خاڵێکی سەر تەنێك بکرێت کە بە دەوری تەوەرەیەکدا دەخولێتەوە کە ئەویش بە هۆی گۆشەی خولانەوەیە کە لە هێڵی دەسپێکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکات، وا باشە لە هەندێ باردا، پەیوەندی نێوان گۆشە خێرایی و گۆشە تاودانی خاڵێك لەلایەکەوە، وە نێوان خێرایی بەهێڵ و تاودانی بەهێڵ لەلایەکی ترەوە تێبگەین.

باشترین ڕێگا کە یاریزانی گۆڵف دەیگرێتە بەر بۆ دورخستنەوەی تۆپەکە بۆ دوورییەکی زۆر، ئەوەیە کە دارەکە بەر لە هاوێشتنی تۆپەکە بەدەوری لەشی خۆیدا بخولێنێتەوە. ئەگەر گۆشە تاودانی دارەکە گەورەبێت ئەوا تاودانی بەهێڵی سەری دارەکەش گەورە دەبێت لەکاتی خولانەوەیدا. ئەم تاودانە بە هێڵە گەورەیە وادەکات تۆپەکە بەخێراییەکی گەورە بهاوێژرێت چونکە هێزێکی گەورە کاریتێدەکات. ئەم بەندە پەیوەندی نێوان هێندە گۆشەییەکان و هێندە بەهێڵەکان ڕووندەکاتەوە.

لێکەوتە خێرایی جووڵەی بەسوڕ (بازنەیی)

پەیکەیەکی خولاوە لە شاری یاریدا بێنە بەرچاوی خۆت کە بە دەوری چەقەکەیدا دەخولێتەوە. لەبەر ئەوەی پەیکەکەو ئەو ئەسپەی لەسەری چەسپ کراوە تەنێکی ڕەقن، ئەوا گۆشە خێرایی وگۆشە تاودانی هەر یەکە لە دوو ئەسپەکەلە هەموو ساتێکدا وەك خۆیان دەبن و ناگۆڕێن با دوورییەکانیان لە تەوەرەی خولانەوە هەر چەندێك بێت، بەڵام **لێکەوتە خێرایی** tangential speeds دوو ئەسپەکە جیاوازدەبن لەیەکتر ئەگەر بێتو دوورییەکانیان لە تەوەرەی خولانەوە جیاوازبێت. لێکەوتە خێرایی هەر خاڵێك کە بە دەوری تەوەرەیەکدا دەخولێتەوە بریتییە لە بڕی خێرایی بەهێڵی ئەوخاڵە. لێکەوتە خێرایی ئەو ئەسپەی کە لەگەڵ پەیکەکەدا دەخولێتەوە بریتییە لە بڕی خێراییەکەی بە ئاڕاستەی لێکەوتی ڕێڕەوە بازنەیەکە. (لەبیرت بێت کە لێکەوتی بازنە ئەو ڕاستە هێڵەیە کە تەنها لە یەك خاڵدا بەر چێوەکەی دەکەوێت) **وێنەی 7-1** لێکەوتە خێرایی دوو ئەسپەکە دەردەخات کە دوورییەکانیان لە تەوەرەی خولانەوە جیاوازە.

سەرنج بدە ئەو تیراسایەی کە خێرایی ئەسپەکەی خاڵی A پێنوێنراوە کورترە لەو تیراسایەی کە خێرایی ئەسپەکەی خاڵی B پێنوێنراوە. ئەمەش جیاوازی لێکەوتە خێرایی دوو ئەسپەکە ڕووندەکاتەوە، هەردووکیان هەمان گۆشە لادان دەبڕن لە هەمان کاتدا. لەبەر ئەوە ئەو ئەسپەی کە لە تەوەرەی خولانەوە دورترە دوورییەکی درێژتر Δs دەبڕێت لە ئەسپە نزیکەکە. بەپێی ئەوە ئەو تەنانەی کە دورترن لە تەوەرەی خولانەوە لێکەوتە خێراییەکی گەورەتریان دەبێت، هەر وەك کورسیەکانی چەرخ و فەلەك، کە هەمان ئەو گۆشە لادانە دەبڕن کە تەنە نزیکەکانی تەوەرەی خولانەوە دەیان بڕن.

چۆن دەتوانیت گۆشە خێرایی بە دەست بهێنیت؟ وا دابنێ لە نموونەی پەیکە خولاوەکەدا، درێژی ئەو کەوانەیەی کە یەکێك لە ئەسپەکان لە ماوەی Δt دا دەیبڕێت Δs بێت پەیکەکە بە گۆشەی $\Delta\theta$ دەخولێتەوە.

2-1 ئامانجەکانی بەندەکە

- لێکەوتە خێرایی خاڵێکی سەر تەنێکی ڕەق دەدۆزێتەوە، کە جووڵەیەکی بەخولی هەیە، بەبەکارهێنانی گۆشە خێرایی و نیوەتیرە.
- چەند پرسیارێك شیکار دەکات کە لێکەوتە تاودانیان تێدایە.
- چەند پرسیارێك شیکار دەکات کە چەقە تاودانیان تێدایە.

لێکەوتە خێرایی

خێرایی بەهێڵی ساتی تەنێکە کە بە ئاڕاستەی لێکەوتی ڕێڕەوە بازنەییەکەی دەخولێتەوە.



وێنەی 7-1

ئەسپەکەی سەر پەیکە خولاوەکە بە هەمان گۆشە خێرایی دەخولێتەوە بەڵام بە لێکەوتە خێراییەکی جیاواز.

گۆشە لادانی ئەسپەکە بەم هاوکێشەیە دەدۆزرێتەوە:

$$\Delta\theta = \frac{\Delta s}{r}$$

بۆ دەستکەوتنی لێکەوتە خێرایی ئەسپەکە، هەردوو لای هاوکێشەکە دابەشی Δt بکە ئەوکاتەی کە ئەسپەکە پێویستییەتی بۆ بڕینی دوری Δs.

$$\frac{\Delta\theta}{\Delta t} = \frac{1}{r}\frac{\Delta s}{\Delta t}$$

لە بەندی 1-1 زانیت کە لای چەپی هاوکێشەکە گوزارشت لە ω_{avg} دەکات وە Δs دوری بە هێڵە، لەبەر ئەوە ڕێژەی Δs بۆ Δt گوزارشت لە لێکەوتە خێرایی دەکات لەسەر کەوانەکە. ئەگەر Δt زۆر بچووک بێت ئەوا Δs زۆر بچووک دەبێت بە شێوەیەک دەبێتە لێکەوتی بازنەکە، لەبەر ئەوە ئەمە لێکەوتە خێرایی دەبێت.

لێکەوتە خێرایی

$$v_t = r\omega$$

لێکەوتە خێرایی = دوری نێوان تەن و تەوەرەی خولانەوە × گۆشە خێرایی

سەرنج بدە ئەگەر کاتەکە زۆر بچووک بێت ئەوا ω گۆشە خێرایی ساتی دەنوێنێت و ناوندە گۆشە خێرایی نییە. ئەم پەیوەندییە تەنها لەو کاتەدا ڕاستدەبێت کە ω بە rad/s دەپێورێت. پێویستە هیچ یەکەیەکی تری پێوانەکردنی ω بەکارنەهێنرێت لەم هاوکێشەیەدا بۆ نموونە (deg/s یان rev/s).

نموونە 1 (هـ)

لێکەوتە خێرایی

پرسیارەکە

نیوەتیرەی دیسکی CD کۆمپیوتەرێک 0.0600 m . ئەگەر لێکەوتە خێرایی میکرۆبێک کە لەسەر لێواری پەیکەکەیە 1.88 m/s بێت گۆشە خێرایی دیسکەکە چەندە؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $r = 0.0600\ \text{m}$ $\quad v_t = 1.88\ \text{m/s}$

نەزانراو: $\omega = ?$

2. پلاندادەنێم

هاوکێشەی لێکەوتە خێرایی کە لەم پەڕەدا هەیە بەکاردەهێنم بۆ هەژمارکردنی گۆشە خێرایی:

3. هەژماردەکەم

$$v_t = r\omega$$

$$\omega = \frac{v_t}{r} = \frac{1.88\ \text{m/s}}{0.0600\ \text{m}}$$

$$\boxed{\omega = 31.3\ \text{rad/s}}$$

ڕاهێنانی 1 (هـ)

لێکەوتە خێرایی

1. ئەم خشتەیەی خوارەوە بە هێندە نەزانراوەکان پڕبکەرەوە:

	r	ω	v_t
أ.	0.030 m	121.5 rad/s	?
ب.	0.050 m	?	0.75 m/s
ج.	3.8 m	1.2 rev/s	?
د.	?	1.5π rad/s	2.0π m/s

لێکەوتە تاودان وجووڵەی بەسوڕ

کاتێك پەپکەیەکی خولاوە دەست بە جووڵە دەکات گۆشە تاودانێك پەیدا دەکات. تاودانی بەهێڵی بەستراوە بە گۆشە تاودانەکەوە بە شێوەی لێکەوتی ڕێڕەوە بازنەییەکە دەبێت و پێی دەوترێت **لێکەوتە تاودان** tangential acceleration a_t.

تەنێك بێنە پێش چاو کە بە دووری تەوەرەیەکی جێگیردا دەخولێتەوە و گۆشە خێراییەکەی بەبڕی $\Delta\omega$ دەگۆڕێت لە ماوەی Δt دا لە کۆتایی ماوەکەدا خێرایی تەنەکە دەبێتە v_t کەواتە بە بڕی Δv_t گۆڕاوە. بە بەکارهێنانی هاوکێشەی لێکەوتە خێرایی ئەوەی خوارەوەمان دەستدەکەوێت:

$$\Delta v_t = r\Delta\omega$$

بەدابەش کردنی هەردوولای هاوکێشەکەبەسەر Δt دا $\dfrac{\Delta v_t}{\Delta t} = r\dfrac{\Delta\omega}{\Delta t}$

ئەگەر ماوەکە Δt زۆر کەمبێت لای چەپی هاوکێشەکە گوزارشت لە لێکەوتە تاودانی خاڵەکە دەکات، وە هەروەها ڕێژەی گۆشە خێرایی بۆ کاتەکە لەلای ڕاست گوزارشت لە گۆشە تاودان دەکات لەبەر ئەوە لێکەوتە تاودان بەم شێوەیە دەبێت:

لێکەوتە تاودان

$$a_t = r\,\alpha$$

لێکەوتە تاودان = دوری نێوان تەن و تەوەرەی خولانەوە × گۆشە تاودان

دووبارە دەیڵێینەوە: گۆشە تاودان لەم هاوکێشەیەدا گۆشە تاودانی ساتی دەگەیەنێت. لەم هاوکێشەیەدا پێویستە یەکەی رادیان rad بۆ پێوانی گۆشەکان بەکاربهێنرێت بە شێوەیەك کە یەکەی پێوانی گۆشە تاودان ببێتە rad/s^2.

لێکەوتە تاودان

تاودانی بەهێڵی ساتی تەنێکە بە ئاراستەی لێکەوتی جووڵەی بازنەیی تەنەکە. یان تێکڕای کاتی گۆڕانی بڕی خێرایی ساتی تەنێکە بە ئاراستەی لێکەوتی جووڵەی بازنەیی تەنەکە.

نموونە 1 (و)

لێکەوتە تاودان

پرسیارەکە

گۆشە تاودانی خولێنکەیەک لە کەرنەڤاڵێکی خۆشیدا $0.50\ rad/s^2$. دوری کچێك کە لەناو خولێنکەکەدا دانیشتوە لە چەقی خولانەوەوە چەندە ئەگەر لێکەوتە تاودانەکەی $3.3\ m/s^2$ بێت؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $\alpha = 0.5\ rad/s^2$ $a_t = 3.3\ m/s^2$

نەزانراو: $r = ?$

2. پلاندادەنێم

هاوکێشەی لێکەوتە تاودان بەکاردەهێنم، وە دووبارە ڕێکیدەخەمەوە بۆ دەستکەوتنی r.

3. هەژماردەکەم

$$a_t = r\alpha$$

$$r = \frac{a_t}{\alpha} = \frac{3.3\ m/s^2}{0.50\ rad/s^2}$$

$$\boxed{r = 6.6\ m}$$

ڕاهێنانی 1 (و)

لێکەوتە تاودان

1. منداڵێکی وەستاو لەسەر پەپکەیەکی خولاوە لێکەوتە تاودانی بەهێڵی $1.5\ m/s^2$ی دەبێت. ئەگەر گۆشە تاودانی پەپکەکە $1.0\ rad/s^2$ بێت، دوری منداڵەکە لە تەوەرەی خولانەوەوە چەندە؟
2. گۆشە تاودانی چەرخەیەك (ڕەوڕەوەیەك) چەندە کاتێك لێکەوتە تاودانەکەی لە دوری $0.15\ m$ لە تەوەرەی خولانەوەوە بگاتە $9.4 \times 10^{-2}\ m/s^2$؟

چەقە تاودان Centripetal acceleration

لە وێنەی 1-8 ئۆتۆمبێلێك لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەجووڵێت بە لێکەوتە خێراییەکی نەگۆڕ $30\ km/h$. ئەم ئۆتومبیلە بە تاودانێکی دیاریکراو بە ئاراستەی چەقەکەی خێرادەبێت، سەرەڕای نەگۆڕی بڕی خێراییەکەی. بۆ زانینی هۆی ئەمە وا دابنێ ئەو هاوکێشەیەی کە پێناسەی تاودانەکە دەکات بریتییە لە:

$$\vec{a} = \frac{\vec{v}_f - \vec{v}_i}{t_f - t_i}$$

سەرنج بدە کە تاودان لەهەر گۆڕانێکەوە کە بەسەر خێراییدابێت پەیدادەبێت. وە چونکە خێرایی هێندێکی ئاراستەییە، دوو ڕێگا هەیە بۆ دەستکەوتنی تاودان، یەکێکیان بە گۆڕانی بڕی خێرایی وە دووەمیان بە گۆڕانی ئاراستەکەی.

وێنەی 1-8

هەرچەندە ئۆتۆمبێلەکە بە خێراییەکی بڕنەگۆڕ $30\ km/h$ دەڕوات. بەڵام تاودانی هەیە چونکە ئاراستەی خێراییەکەی دەگۆڕێت.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

ئەو ئۆتۆمبێلەی کە لەسەر بازنەیەك بە خێراییەکی برنەگۆڕ دەجووڵێت تاودانێکی دەبێت لە ئەنجامی گۆڕانی ئاڕاستەی خێراییەکەیەوە، بەم تاودانەش دەوترێت **چەقە تاودان** centripetal acceleration، وە بڕەکەی بەم هاوکێشەیە دەدۆزرێتەوە:

$$a_c = \frac{v_t^2}{r}$$

لە **وێنەی 1-9**(أ) تەنەکە یەکەمجار لە خاڵی A دەردەکەوێت بە لێکەوتە خێرایی $\vec{v}_i$ لە ساتی t_i، پاشان لە خاڵی B بە لێکەوتە خێرایی $\vec{v}_f$ لەساتێکی دواتردا t_f. وا دابنێ $\vec{v}_i$ و $\vec{v}_f$ تەنها لە ئاڕاستەدا جیاوازن بەڵام لەبڕدا یەکسانن.

دەتوانرێت گۆڕان لە خێرایی $\Delta\vec{v} = \vec{v}_f - \vec{v}_i$ بە هێڵکاری ڕوونکردنەوەیی دیاری بکرێت وەك لە سێگۆشەی ئاڕاستەدارەکان لە **وێنەی 1-9**(ب)دا دیارە. سەرنج بدە کاتێك Δt زۆر بچووك دەبێت (ونزیك دەبێتەوە لەسفر) بە نزیکەیی $\vec{v}_f$ تەریبی $\vec{v}_i$ دەبێت، وە بە نزیکەیی ئاڕاستەداری $\Delta\vec{v}$ لەسەر هەردووکیان ستون و بە ئاڕاستەی چەقی بازنەکە دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە تاودانیش هەروەها بە ئاڕاستەی چەقی بازنەکە دەبێت، چونکە هەمان ئاڕاستەی $\Delta\vec{v}$ هەیە.

وە لەبەر ئەوەی لێکەوتە خێرایی بەگۆشە خێراییەوە پەیوەستە بەپێی ئەم هاوکێشەیە $v_t = r\omega$ دەتوانرێت گۆشە خێرایی بەکاربهێنرێت بۆ هەژمارکردنی چەقە تاودان.

چەقە تاودان

تێکرای کاتی گۆڕانی ئاڕاستەی خێرایی تەنێکە کاتێ لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەجولێت و بەرەو چەقی ڕێڕەوە بازنەییەکەیە.



$$\Delta\vec{v} = \vec{v}_f(+-\vec{v}_i) = \vec{v}_f - \vec{v}_i$$

وێنەی 1-9

(أ) کاتێك تەنەکە لە خاڵی (A)وە دەچێتە خاڵی B ئاڕاستەی خێراییەکە دەگۆڕێت.

(ب) کۆکردنەوەی ئاراستە دارەکان بەکاردەهێنرێت بۆ دەستکەوتنی گۆڕان لە خێرایی تەنەکەدا $\Delta\vec{v}$، وە بە شێوەیەکی ساتی بە ئاراستەی چەقی بازنەکەوە دەبێت.

چەقە تاودان

$$a_c = \frac{v_t^2}{r}$$

$$\text{چەقە تاودان} = \frac{(\text{لێکەوتە خێرایی})^2}{\text{دوری لەتەوەرەی خولانەوەوە}}$$

بەڵام $v_t = r\omega$

$$\therefore\ a_c = r\omega^2$$

چەقە تاودان = دوری لە تەوەرەی خولانەوە × (گۆشە خێرایی)^2

نموونە 1 (ز)

چەقە تاودان

پرسیارەکە

ئۆتۆمبێلێك لە ڕێڕەوێکی بازنەییدا بە لێکەوتە خێراییەکی برنەگۆڕ دەسوڕێتەوە. ئەگەر ئۆتۆمبیلەکە 48.2 m دووربێت لە چەقی ڕێڕەوەکە و چەقە تاودانەکەی $8.05\ m/s^2$ بێت، لێکەوتە خێراییەکەی چەندە؟

شیکار

1.دەزانم

دراو: $r = 48.2\ m$ $\quad a_c = 8.05\ m/s^2$

نەزانراو: $v_t = ?$

2.پلاندادەنێم

هاوکێشەی یەکەمی گۆشە تاودان بەکاردەهێنم، و دووبارە ڕێکیدەخەمەوە بۆ هەژمارکردنی v_t.

$$a_c = \frac{v_t^2}{r}$$

3.هەژماردەکەم

$$v_t = \sqrt{a_c r} = \sqrt{(8.05\ m/s^2)(48.2\ m)}$$

$$\boxed{v_t = 19.7\ m/s}$$

Ferkar

ڕاهێنانی 1 (ز)

چەقە تاودان

.1 ئۆتۆمبیلێکی پێشبڕکێ لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی بە گۆشە خێرایی $0.512\ rad/s$ دەسوڕێتەوە. ئەگەر چەقە تاودانی ئۆتۆمبیلەکە $15.4\ m/s^2$ بێت، دوری نێوان ئۆتۆمبیلەکە و چەقی ڕێڕەوە بازنەیەکە چەندە؟

.2 تۆپەڵە قوڕێك لە دوری $0.20\ m$ لە چەقەکەوە لەسەر ڕەوڕەوەیەکی لەگڵ دروستکراو (گلێنکە) دانراوە. ئەگەر گۆشە خێرایی ڕەوڕەوەکە $20.5\ rad/s$ بێت. بڕی چەقە تاودانی تۆپەڵە قوڕەکەی سەر ڕەوڕەوەکە چەند دەبێت؟

ستونبوونی لێکەوتە تاودان وچەقە تاودان

لێکەوتە تاودان لە چەقە تاودان جیاوازە. بۆ تێگەیشتنی جیاوازییەکەیان، سەیری ئۆتۆمبیلێك دەکەین کە لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەسوڕێتەوە. بە پێی ئەوەی کە جوولەکەی بازنەییە بەردەوام چەقە تاودانی دەبێت، لە ئەنجامی گۆڕانی بەردەوامی ئاراستەی ڕۆیشتنەکەی، کەواتە ئاراستەی خێراییەکەی بەردەوام دەگۆڕێت. ئەگەر بڕی ئەو لێکەوتە خێراییە زیادیکرد یان کەمیکرد، ئەوا ئۆتۆمبیلەکە لێکەوتە پێکنەرێکی تاودانێکی دەبێت. بە کورتی، لێکەوتە تاودان لە گۆڕانی بڕی لێکەوتە خێراییەوە پەیدادەبێت بەڵام چەقە تاودان لە گۆڕانی ئاراستەی ئەو خێراییەوە پەیدا دەبێت.



وێنەی 10-1
دەتوانرێت ئاراستەی تاودانی گشتی بۆ تەنێك کە جوڵەی بەسوودی هەبێت بدۆزرێتەوە بە بەکارهێنانی نەخشەی سایەی پێچەوانە.

دۆزینەوەی تاودانی گشتی بەبەکارهێنانی بیردۆزی فیساگۆرس

کاتێك هەردوو پێکنەری تاودان لەهەمان کاتدا هەبێت، لێکەوتە تاودان لێکەوتی ڕێڕەوە بازنەیەکە و چەقە تاودان بە ئاراستەی چەقی ڕێڕەوکە دەبێت. وە لەبەر ئەوەی ئەو دوو پێکنەرە ستوونن، دەتوانین تاودانی گشتی بەبەکارهێنانی بیردۆزی فیساگۆرس هەژماربکەین بەم شێوەی خوارەوە:

$$a_{\text{گشتی}} = \sqrt{a_t^2 + a_c^2}$$

ئاراستەی تاودانی گشتی دەوەستێتە سەر بڕی هەریەکە لە دوو پێکنەرەکەی تاودان، وەك لە **وێنەی 10-1** دیارە، وە دەتوانرێت ئاراستەکەی دیاریبکرێت بەبەکارهێنانی نەخشەی سایەی پێچەوانە:

$$\theta = \tan^{-1}\left(\frac{a_c}{a_t}\right)$$

پێداچوونەوەی بەندی 2-1

.1 گۆیەك بە گۆشە خێراییەکی نەگۆڕ $5.0\ rad/s$ لەسەر پەتێك کە درێژییەکەی $5.0\ m$ دەسوڕێتەوە. لێکەوتە خێرایی گۆیەکە بدۆزەرەوە.

.2 ئەگەر لێکەوتە تاودانی تەنێك $+10.0\ m/s^2$ بێت، چی بەسەر گۆشە خێراییەکەیدا دێت؟

أ. کەم دەکات.

ب. وەك خۆی دەمێنێتەوە.

ج. زیاد دەکات.

.3 **فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا:** ئەگەر گۆشە خێرایی پەپکەیەکی خولاوە $1.2\ rad/s$ بێت، چەقە تاودانی ئەو کەسە چەندە کە لە دوری $12\ m$ لە چەقی پەپکەکەوە وەستاوە؟

بەندی 3-1

ئەوهۆکارانەی جوولەی بەسوڕ (بازنەیی) دروست دەکەن

Causes of Circular Motion

3-1 ئامانجەکانی بەندەکە

- ئەو هێزە هەژماردەکات کە جوولەی بەسوڕ بەدیدێنێت.
- باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە جوولەی بازنەییدا، بارنەگۆڕی دەرچوونی تەنەکان بۆ دەرەوە لێکدەداتەوە.
- یاسای کێشکردنی گشتی نیوتن جێبەجێ دەکات بۆ دۆزینەوەی هێزی کێشکردن لە نێوان دووبارستاییدا.

ئەو هێزەی کەجوولەی بەسوڕ پەیدا دەکات

سەیری تۆپێك دەکەین کە بەسەری پەتێکەوە بەستراوە، وە لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی ئاسۆیی بە خێراییەکی برنەگۆڕ دەسوڕێتەوە وەك لە **وێنەی 11-1** دا دیارە. لەبەر ئەوەی ئاڕاستەی خێراییەکە بە بەردەوامی دەگۆڕێت لە کاتی جوولە کردنەکەدا. ئەوا تۆپەکە چەقە تاودانێکی دەبێت بە ئاڕاستەی چەقی جوولەکە کە برەکەی دەکاتە:

$$a_c = \frac{{v_t}^2}{r}$$

بارنەگۆڕیی تۆپەکە هەوڵدەدات پارێزگاری لەسەر ڕۆیشتنەکەی بکات بە هێڵێکی ڕاست، بەڵام پەتەکە ڕێ لەوە دەگرێت بۆ ئەوەش بە هێزێك کار لە تۆپەکە دەکات و لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەیجوولێنێت، وەك وێنەی **11-1**. دەتوانرێت یاسای دووەمی نیوتن بەکاربهێنرێت بۆ دۆزینەوەی بڕی ئەو هێزەی کە ئاڕاستەکەی ڕووەو چەقە:

$$F_c = ma_c$$

هێزی بەرئەنجام لەسەر تەنەکە ئاڕاستەکەی ڕووەو چەقی ڕێڕەوە بازنەیەکەیەو هەر ئەویشە جوولەی بەسوڕی تەنەکە پەیدادەکات، کە پێیدەوترێت چەقە هێز F_c.



وێنەی 11-1

گۆیەکە لە بازنەیەکدا دەسوڕێتەوە لە ئەنجامی چەقە هێزێك کە بەرەو چەقی بازنەکەیەو لەو ڕێڕەوەدا دەیهێڵێتەوە.

ئەو هێزەی کە جوولەی بە سوڕ پەیدادەکات

$$F_c = \frac{m{v_t}^2}{r}$$

ئەو هێزەی کە جوولەی بەسوڕ پەیدا دەکات = بارستایی × (لێکەوتە خێرایی)2 / دوری نێوان تەن و تەوەرەی خولانەوە

$$F_c = mr\omega^2$$

ئەو هێزەی کە جوولەی بەسوڕ پەیدادەکات = بارستایی × دوری لەتەوەرەوە × (گۆشە خێرایی)2

ئەو هێزەی کە جوولەی بەسوڕ پەیدادەکات لە سیستمی نێودەوڵەتی یەکەکاندا بە نیوتن (N) دەپێورێت. ئەویش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو هێزانەی کە لە پێشتردا خوێندراون. بۆ نموونە هێزی لێکخشاندنی نێوان تایەکانی ئۆتۆمبێلی پێشبڕکێ و زەوی چەقە هێزی پێویست پەیدادەکات بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بتوانێت بەردەوام بێت لەسەر جوولە بەسوڕەکەی، وە هەروەها هێزی کێشکردنی نێوان زەوی و هەیڤ چەقە هێزی پێویست پەیدا دەکات بۆ هێشتنەوەی هەیڤ لە ڕێڕەوەکەی بە دەوری زەویدا.

چەقە هێز

بەرەنجامی هێزی کاریگەرە لەسەر تەنێك کە لە ڕێڕەوێکی بازنەیی دا دەجوولێت وە ئاڕاستەکەی بەرەو چەقی ڕێڕەوەکەیە.

نموونە 1 (ح)

ئەو هێزەی کە جووڵەی بەسوڕ پەیدادەکات

پرسیارەکە

فڕۆکەوانێك لە فڕۆکەیەکدا بە لێکەوتە خێراییەك دەفرێت بڕەکەی **30.0 m/s** لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی نیوە تیرەکەی **100.0 m**. ئەگەر بۆ هێشتنەوەی فڕۆکەوانەکە لە ڕێڕەوە بازنەیەکەیدا پێویستمان بە هێزێك بێت بڕەکەی **635 N** بێت، بارستایی فڕۆکەوانەکە چەندە؟

شیکار

1.دەزانم

دراو: $v_t = 30.0 \text{ m/s}$ $\quad r = 100.0 \text{ m}$ $\quad F_c = 635 \text{ N}$

نەزانراو: $m = ?$

2.پلاندادەنێم

هاوکێشەی هێز بەکاردەهێنم، و دووبارە ڕێکیدەخەمەوە بۆ هەژمارکردنی m .

$$F_c = m\frac{v_t^2}{r}$$

3.هەژماردەکەم

$$m = F_c\frac{r}{v_t^2} = 635 \text{ N}\,\frac{100.0 \text{ m}}{(30.0 \text{ m/s})^2}$$

$$\boxed{m = 70.6 \text{ kg}}$$

ڕاهێنانی 1 (ح)

ئەو هێزەی کە جووڵەی بەسوڕ پەیدادەکات

1. منداڵێك لەسەر جۆڵانەیەك (دیلانێ)یەك دانیشتوە، جۆڵانەکە هەڵواسراوە بە لقی درەختێکەوە درێژی پەتەکەی 2.10 m، باوکی بە لێکەوتە خێرایی 2.50 m/s پاڵ بە منداڵەکەیەوە دەنێت. ئەگەر بڕی هێزی پێویست بۆ جووڵەی بازنەیی منداڵەکە 88.0 N بێت بارستایی منداڵەکە چەندە؟

2. ئۆتۆمبیلێك بارستاییەکەی 905 kg لە ڕێڕەوێکی بازنەییدا کەچێوەکەی 3.25 km دەسوڕێتەوە لێکەوتە خێرایی (خێرایی بەهێڵی) ئۆتۆمبیلەکە چەندە ئەگەر بڕی هێزی پێویست بۆ پەیداکردنی جووڵە بازنەیەکەی 2140 N بێت.



(أ) (ب)

وێنەی 12-1

تۆپێکی بەستراو بەسەری پەتێکەوە لە بازنەیەکی شاوڵیدا دەسوڕێتەوە. کاتێ پەتەکە دەپچڕێت لە شوێنی (أ)دا تۆپەکە بەردەوام دەبێت لە جووڵەکەی بۆ سەرەوە تا دەگاتە زۆرترین بەرزی. ئینجا بەردەوام دەبێت لە جووڵەکەی لە باری کەوتنە خوارەوەی سەربەستدا. بەڵام ئەگەر پەتەکە لە شوێنی (ب)دا بچرا لە بەرزترین خاڵی ڕێڕەوە بازنەییەکەدا، تۆپەکە بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتنەکەی لە ڕێڕەوی برگەی هاوتادا.

چەقە هێز و جووڵەی بەسوڕ

ئەو هێزەی کە پێویستە بۆ پەیداکردنی جووڵەی بەسوڕ ستون دەبێت لەسەر ئاڕاستەی جووڵەکە، لەبەر ئەوە هێزەکە ئاڕاستەی خێرایی ئەم جووڵەیە بە بەردەوامی دەگۆڕێت. وە ئەگەر کاریگەری ئەو هێزە نەما، ئەوا تەنەکە ناتوانێت لەسەر جووڵە بەسوڕەکەی بەردەوام بێت، بەڵکو درێژە بە ڕۆیشتنەکەی دەدات بە هێڵێکی ڕاست بە ئاڕاستەی لێکەوتی بازنەکە. بۆ تێبینی کردنی ئەوەش، سەیری ئەو تۆپە بکە کە لە **وێنەی 12-1** دا کە بەسەری پەتێکەوە بەستراوەو لە بازنەیەکی شاوڵیدا دەسوڕێتەوە. ئەگەر پەتەکە لەو ساتەدا بپچڕێت کە تۆپەکە لەو شوێنەدایە کە لە **وێنەی 12-1** (أ)دا دیارە. ئەوا ئەو هێزەی کە جووڵە بە سورەکە پەیدادەکات کاریگەری نامێنێت، وە تۆپەکە درێژە بە ڕۆیشتنەکەی دەدات بە ئاڕاستەیەکی ستون بەرەو سەرەوە تا زۆرترین بەرزی. وە بەردەوام دەبێت لەسەر جووڵەکەی وەك تەنێکی سەربەست کەوتوو لە ژێر کاریگەری کێشکردندا.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەڵام ئەگەر پەتەکە لەو کاتەدا پچڕا کە تۆپەکە لە بەرزترین شوێنی بازنەکەدابێت، وەك لە **وێنەی 1-12** (ب) ئەوا بە ئاڕاستەیەکی ئاسۆیی و لێکەوت بۆ بازنەکە دەردەچێت، وە بەردەوام دەبێت لە سەر ڕۆیشتنەکەی لە ڕێڕەوێکی برگە هاوتادا وەك جوولەی تەنە هاوێژراوەکان.

جوولەی بەخولی تەنێك

بۆ ئەوەی لە جوولەی بەخولی تەنەکان تێبگەین، وا دادەنێن کە ئۆتۆمبیلێك بە خێراییەکی زۆر چووەناو پێچێکی بازنەیی لەلای چەپەوە. کاتێك شۆفێرەکە بە خێرایی بەرەو لای چەپ لادەدات، نەفەرەکە بەلای ڕاستدا بەخێرایی بەرەو دەرگای ئۆتۆمبێلەکە دەچێت. دەرگای ئۆتۆمبێلەکە ناهێڵێت نەفەرەکە لەناو ئۆتۆمبێلەکە دەربپەڕێت. چی پاڵ بە نەفەرەکەوە دەنێت بەرەو دەرگاکە لە بنەڕەتدا؟ یەکێك لە وەڵامە باوەکان ئەوەیە کە پێویستە هێزێك هەبێت بتوانێت پاڵ بە نەفەرەکەوە بنێت بۆ دەرەوە. ئەم هێزەش بە هەڵە پێی دەوترێت هێزی لە چەق دەرکەر (قوة الطرد المرکزیة)

لێکدانەوەی ڕاست بۆ ئەم دیاردەیە بەم شێوەیەیە: پێش چوونە ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکە بۆ ناو ڕێڕەوە بازنەییەکە، نەفەرەکە لەناویدا لەسەر هێڵێکی ڕاست دەجووڵا، کاتێك ئۆتۆمبێلەکە دەچێتە ناو ڕێڕەوە لارەکەوە بەهۆی بارنەگۆڕییەوە نەفەرەکە هەوڵ دەدات لەسەر ڕێڕەوە بنەڕەتیەکەی بەهێڵێکی ڕاست لە ڕۆیشتنی بەردەوام بێت. ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ یاسای یەکەمی نیوتندا دەگونجێت کە دەڵێت ئارەزووی سروشتی تەنی جوڵاو ئەوەیە کە لەسەر هێڵێکی ڕاست بە خێراییەکی نەگۆڕ لە جوولەکەیدا بەردەوام دەبێت، کە ئەمە دەبێتە هۆی لەگەڵ یەکتر تێکەڵبوونی بارنەگۆڕین و ئەوەی کە پێی دەوترێت هێزی لەچەق دەرکەر. ئەگەر چەقە هێزێك هەبێت کە بەشی ئەوە بکات جوولەی بەسوڕ بە نەفەرەکە پەیدا بکات ئەوا لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکە لە جوولە بازنەییەکەی بەردەوام دەبێت. ئەو هێزەی کە جوولەی بەسوڕ بە نەفەرەکە پەیدا دەکات لە هێزی لێکخشاندنی دەرکەوتوو لە نێوان شۆفێر و کورسی ئۆتۆمبێلەکەوە پەیدادەبێت. ئەگەر ئەم هێزی لێکخشاندنە بەش نەکات ئەوا نەفەرەکە لەکاتی پێچکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا لەسەر کورسیەکە دەخلیسکێت. ئەمەش لە ئەنجامی بارنەگۆڕی نەفەرەکەوە ڕوودەدات چونکە پاڵی پێوە دەنێت تاوەکو بەردەوام بێت لەسەر ڕۆیشتنەکەی بە ڕێڕەوێکی ڕاست. نەفەرەکە بەردەوام دەبێت لەسەر خلیسکانەکەی تا بەر دەرگاکە دەکەوێت و دەرگاکەش چەقە هێزی پێویستی بۆ دابین دەکات و وای لێدەکات بەردەوام بێت لەسەر جوولە بەسوڕەکەی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەدا. خلیسکانی نەفەرەکە بە ئاڕاستەی دەرگاکە لە ئەنجامی هێزێکی دەرکەری شاراوەوە نابێت، بەڵکو لە ئەنجامی نەبوونی چەقە هێزی پێویستە بۆ جووڵاندنی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەدا دەبێت.

یاسای بۆ کێشکردنی گشتی نیوتن

دەزانین کە هەسارەکان بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە بەخولگەی نیمچە بازنەیی. ئەو هێزەی کە ناهێڵێت هەسارەکان لەسەر ڕێڕەوی ڕاست بڕۆن بریتییە لە **هێزی کێش کردن** gravitational force. وەك لە پێشدا باسمان کرد. هێزی کێشکردن لە نێوان هەموو دوو تەنێکدا هێزێکی بوارییە، ئەگەر ئەو ناوەندەی کە لێکیان جیادەکاتەوە هەرچیەك بێت. ئەم هێزەش تەنها لە نێوان تەنە بارستایی گەورەکاندا نییە، وەك خۆرو زەوی و هەیڤ، بەڵکو لە نێوان هەموو دووتەنێکدا هەیە کە قەبارەکانیان هەر چەندێك بێت و پێکهاتەکانیشیان هەر چیەك بێت، بۆ نموونە هێزی کێشکردنی هاوبەش لە نێوان دوو کورسی ژووری پۆلێکدا هەیە، بەڵام بڕەکانیان زۆر بچووکە بە بەراورد بەو هێزی کێشکردنەی لە نێوان هەیڤ وزەویدا هەیە. هێزی کێشکردن ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ سەرئەنجامی لێکدانی بارستایی دووتەنەکە.

فیزیا و ژیان

1. پیزا Pizza لەپێناو دروستکردنی تەنکۆڵەی پیزا هەویرەکەی لە هەوادا دەخولێننەوە دوای ئەوەی بە توندی بایدەدەن. بۆچی لەهەوادا خولانەوەی هەویرەکەی پیزا دەبێتە هۆی زیاد بوونی ڕووبەرەکەی؟

2. جۆلانەی بازنەیی لە وێنەکەی خوارەوەدا جۆڵانەکەو نەفەرەکانی ناوی کە لەسەر کورسیەکان دانیشتوون کە بە چەند پەتێکی ستوونی بەسەرەوە بەستراون خول دەخوات. لەبەر چی جۆڵانەکە لادەدات و لەچەقەکە دور دەکەوێتەوە کاتێك ستونی جۆڵانەکە دەست بە خولانەوە دەکات.

هێزی کێشکردن

هێزی یەکتر کێشکردنی ئاڵوگۆڕە لە نێوان هەموو دوو تەنێکدا.

هێزی کێشکردنی نێوان دووتەن هەر یەکەیان بە ئاڕاستەی ئەوی تر ڕادەکێشێت. **وێنەی 13-1** ئەو کارلێککردنە ڕووندەکاتەوە کە لە نێوان زەوی وهەیڤدا هەیە، هێزی کارلێککردنەکە کێشکردن دەبێت. بیرت دەخەینەوە کە دەقی یاسای سێیەمی نیوتن دەڵێت ئەو هێزەی کە زەوی کاری پێدەکاتە سەر هەیڤ $\vec{F}_{Em}$. لە بڕدا یەکسان ولە ئاڕاستەشدا پێچەوانەی ئەو هێزەیە $\vec{F}_{mE}$ کە هەیڤ کاری پێدەکاتە سەر زەوی.



وێنەی 13-1
هێزی کارلێکردن لە نێوان زەوی و هەیڤدا بریتییە لە هێزی کێشکردن، بەپێی یاسای سێیەمی نیوتن: $\vec{F}_{Em} = -\vec{F}_{mE}$

پشتبەستنی هێزی کێشکردن بە دوری نێوان بارستاییەکان

ئەگەر r دوری نێوان چەقی دووبارستایی m_1 و m_2 بێت، ئەوا بڕی هێزی کێشکردنی نێوانیان بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەدۆزرێتەوە:

یاسای نیوتن بۆ کێش کردنی گشتی

$$F_g = G\frac{m_1m_2}{r^2}$$

هێزی کێشکردن = نەگۆڕی کێشکردنی گشتی × $\frac{\text{بارستایی 1} \times \text{بارستایی 2}}{(\text{دوری نێوان چەقی دووبارستاییەکە})^2}$

G نەگۆڕە و پێی دەوترێت نەگۆڕی کێش کردنی گشتی، وە دەتوانرێت بۆ هەژمارکردنی هێزی کێش کردن لە نێوان هەموو دووبارستاییەك بەکاربهێنرێت. وە نرخی تاقیگەیی ئەم نەگۆڕە بریتییە لە:

$$G = 6.673 \times 10^{-11}\ \frac{N{\bullet}m^2}{kg^2}$$

یاسای کێش کردنی گشتی بە یەکێك لە نموونەکانی یاسای هەڵگەڕاوەی دووجا دادەنرێت، وە ئەمەش چونکە هێزەکە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ هەڵگەڕاوەی دووجای دوری جیاکەرەوەی نێوانیان. ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کە هێزی کێشکردن لە نێوان دوو بارستاییەکەدا کەمدەکات بە پێی زیاد بوونی دوری نێوان چەقەکانیان.

کاریگەری هێزی کێشکردن لە چەقی بارستاییەکی گۆییدا

ئەو هێزەی کە بارستاییەکی گۆیی کاری پێدەکاتە سەر تەنۆلکەیەك کە دەکەوێتە دەرەوەی گۆیەکە لەو هێزە دەچێت کە تەنۆلکەیەك هەمان بارستایی گۆیەکی هەبێت و لە چەقی گۆیەکە دانرابێت و کار بکاتە سەر تەنۆلکەی یەکەم. بۆ نموونە ئەو هێزەی گۆی زەوی کاریپێدەکاتە سەر تەنێك بارستاییەکەی m و لەسەر ڕووی زەوی دانراوە ئەم بڕەی دەبێت:

$$F_g = G\frac{M_E\, m}{R_E^{\,2}}$$

M_E بارستایی گۆی زەوییە وە R_E نیوە تیرەکەیەتی، وە ئاڕاستەی ئەم هێزە ڕووەو چەقی زەوی دەبێت. سەرنج بدە کە ئەم هێزە لە ڕاستیدا کێشی ئەو بارستاییەیە یا mg وە بڕەکەی دەکاتە

$$mg = G\frac{M_E\, m}{R_E^{\,2}}$$

بە لە جیاتی دانانی نرخی ڕاستەقینەی بارستایی زەوی و نیوە تیرەکەی دەتوانین نرخی g بدۆزینەوە، وە بەراوردی بکەین بە تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست کە لەم کتێبەدا بەکارهاتووە.

ئایا دەزانیت؟

لە پێشنیارەکەی گەردون ناس کیپلەردا هاتووە کە هەسارەکان بە دەوری خۆردا لەسەر ڕێڕەوێکی هێلکەیی دەسوڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە زاناکان بڕوایان وابوو کە زەوی چەقی کۆمەڵەی خۆرە تا ئیسحاق نیوتن سەلماندی کە بۆی هەیە پێشبینی بە ڕێڕەوی هێلکەیی بکرێت بە بەکارهێنانی یاساکانی جووڵە.

وە بەپێ ی یاسای سێیەمی کیپلەر دەتوانین خێرایی خولگەو کاتەلەرەی خولگەیی بنوسین:

$$V = \sqrt{\frac{MG}{R}}$$

$$T = 2\pi\sqrt{\frac{r^3}{MG}}$$

دەتوانین m لەهەردوو لای هاوكێشەكەدا كورت بكەینەوە، بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەچێت:

$$g = G\frac{M_E}{R_E^2} = \left(6.673 \times 10^{-11}\,\frac{N{\bullet}m^2}{kg^2}\right)\frac{5.98 \times 10^{24}\ kg}{(6.37 \times 10^6\ m)^2} = 9.83\ m/s^2$$

ئەمەش بڕێكە نزیكە لەو بڕەی كە لەم كتێبەدا بەكارهاتووە. جیاوازییەكەی نێوانیان لە ئەنجامی نزیككستنەوەی هەردوو بڕی بارستایی زەوی و نیوەتیرەكەیدایە.

نموونە 1 (ط)

هێزی كێشكردن

پرسیارەكە

دوری نێوان چەقی دوو تۆپی بلیارد بدۆزەوە، بارستایی یەكەمیان **0.300 kg** وە بارستایی دووەمیشیان **0.400 kg** و بڕی هێزی كێشكردنی نێوانیان **8.92×10^{-11} N** .

شیكار

1. دەزانم

دراو: $m_1 = 0.300$ kg $\quad m_2 = 0.400$ kg $\quad F_g = 8.92 \times 10^{-11}$ N

نەزانراو: $r = ?$

2. پلاندادەنێم

هاوكێشەی یاسای نیوتن لە كێشكردنی گشتیدا بەكاردەهێنم،

$F_g = G\,\frac{m_1 m_2}{r^2}$ وە دووبارە ڕێكیدەخەمەوە بۆ دۆزینەوەی r:

3. هەژماردەكەم

$$r^2 = \frac{G}{F_g}m_1m_2 = \frac{6.673 \times 10^{-11}\frac{N{\bullet}m^2}{kg^2}}{8.92 \times 10^{-11}\ N}(0.300\ kg)(0.400\ kg) = 8.97 \times 10^{-2}\ m^2$$

$$\boxed{r = \sqrt{8.97 \times 10^{-2}\ m^2} = 3.00 \times 10^{-1}\ m}$$

ڕاهێنانی 1 (ط)

هێزی كێشكردن

1. لە نموونەی 1 (ط)دا ئەگەر بارستایی هەریەكە لە دوو گۆیەكە 0.800 kg بێت. دوری نێوان چەقەكانی دوو گۆیەكە پێویستە چەند بێت بۆ ئەوەی بڕی هێزی كێشكردنی نێوانیان وەك نموونەی 1 (ط) بمێنێتەوە؟ بارستایی چۆن كار لە هێزی كێشكردن دەكات؟

2. بڕی هێزی كێشكردن بدۆزەوە كە كاردەكاتە سەر كەسێك بارستاییەكەی 67.5 kg لەسەر ڕووی هەریەكە لەم هەسارانەی خوارەوە وەستاوە:

	هەسارە	m	r
أ.	زەوی	5.98×10^{24} kg	6.37×10^6 m
ب.	مەریخ	6.34×10^{23} kg	3.43×10^6 m

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

پێداچوونەوەی بەندی 1-3

1. گالیسکەیەکی خلیسکاو لەناو ئەڵقەیەکی شاوڵیدا بە خێراییەکی بڕ نەگۆڕ دەجووڵێت بە جۆرێك سواربووی گالیسکەکە لە بەرزترین خاڵدا سەرەوژێر دەبێتەوە. ئاڕاستەی ئەو هێزە چۆن دەبێت کەوا لە گالیسکەو کەسەکەی ناوی دەکات لە بازنەکەدا بسوڕێنەوە. چی ئەم هێزە دروست دەکات؟

2. لەم بارانەی خوارەوەدا، ئەو هێزە دیاری بکە کە جووڵەی بەسوڕ پەیدادەکات:

أ. پاسکیل سوارێك کە لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی ئاسۆیی دەڕوات.

ب. ماتۆڕێك کە لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی ئاسۆیی دەڕوات.

ج. خلیسکێنەیەك لە نزیك گۆشەی مەیدانی پێشبڕکێیەکەوە پێچ دەکاتەوە.

3. **فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا:** کوڕێك بارستاییەکەی 90.0 kg لەناو خولێنکەیەکی شاری یاریدا کە بە گۆشە خێرایی 1.15 rad/s دەخولێتەوە دادەنیشێت. ئەگەر نیوە تیرەی خولێنکەکە 11.5 m بێت، بڕی ئەو هێزە چەندە کە جووڵەی بەسوڕ بەکوڕەکە پەیدادەکات؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

پوختەی بەشی 1

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 1-1 پێوانەکردنی جووڵەی بەخول

- ناوەندە گۆشە خێرایی تەنێکی پتەوی خولاوە W_{avg} پێناسە دەکات بە ڕێژەی گۆشە لادان $\Delta\theta$ بۆکاتی خایەنراو Δt.
- ناوەندە گۆشە تاودانی تەنێکی پتەوی خولاوەیە α_{avg} پێناسە دەکات بە ڕێژەی گۆڕان لە گۆشە خێرایی $\Delta\omega$ بۆ کاتی خایەنراو Δt.

بەندی 2-1 لێکەوتە تاودان وگۆشە تاودان

- هەرخاڵێکی تەنێکی ڕەق کە بە دەوری تەوەرەیەکدا دەخولێتەوە لێکەوتە خێرایی دەبێت و لەسەر گۆشە خێرایی تەنەکە بەندە. ئەگەر گۆشە خێرایی تەنەکە بگۆڕێت لێکەوتە خێرایی هەر خاڵێکی ئەو تەنە دەگۆڕێت.
- جووڵەی بەسوڕی ڕێك پەیدا دەبێت کاتێك تاودان بڕ نەگۆڕ و ستون لەسەر لێکەوتە خێرایی هەبێت.

بەندی 3-1 ئەو هۆکارانەی جووڵەی بەسوڕ دروست دەکەن

- هێزی کاریگەری سەر تەنێك کە جووڵەیەکی بەسوڕی ڕێکی هەیە هەمیشە بەرەو چەقی بازنەکە دەبێت.
- لە نێوان هەموو دوو تەنێك لە گەردووندا هێزی کێشکردن هەیە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ هەر یەك لە سەرئەنجامی لێکدانی بارستاییەکانیان وهەڵگەڕاوەی دووجای دوری نێوان چەقەکانیان.

زاراوە بنچینەییەکان

جووڵەی بەخول
Rotational motion (لا 4)

ڕادیان Radian (لا 5)

گۆشە لادان
Angular displacement (لا 6)

گۆشە خێرایی
Angular speed (لا 7)

گۆشە تاودان
Angular acceleration (لا 9)

لێکەوتە خێرایی
Tangential speed (لا 13)

لێکەوتە تاودان
Tangential acceleration (لا 15)

چەقە تاودان
Centripetal Acceleration (لا 17)

هێزی کێشکردن
Gravitational force (لا 21)

هێمای گۆڕاوەکان (هێندەکان)

هێندەکە	یەکەکەی
s درێژی کەوانە	m
$\Delta\theta$ گۆشە لادان	rad
ω گۆشە خێرایی	rad/s
α گۆشە تاودان	rad/s^2
v_t لێکەوتە خێرایی	m/s
a_t لێکەوتە تاودان	m/s^2
a_c چەقە تاودان	m/s^2
F_c چەقە هێز	N
G نەگۆڕی کێش کردنی گشتی	$\frac{N\cdot m^2}{kg^2}$

هێمای هێڵکارییەکان

جووڵەی بەخول


دیاریکردنی گۆشە



پێداچوونەوەی بەشی 1

پێیدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

پێوانەکردنی جووڵەی بەخول

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

1. بڕی π رادیەن (π rad) بە پلە چەندە؟ وە ژمارەی خولەکانی چەندە؟

2. جیاوازی بکە لە نێوان خێرایی بەهێڵ و گۆشە خێرایی.

3. ئایا هەموو خاڵەکانی ڕەوڕەوەیەك کاتێك بەدەوری تەوەرەیەکی جێگیردا دەخولێتەوە هەمان گۆشە خێراییان دەبێت؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

4. یەکێك لە کورسیەکانی چەرخ وفەلەکێك گۆشە لادانی 0.34 rad دەبڕێت لەسەر کەوانەیەك کە درێژییەکەی 12 m. نیوە تیرەی چەرخەکە چەندە؟

5. خاڵێك لەسەر چێوەی چەرخەیەك (ڕەوڕەوەیەك) کەوانەیەك دەبڕێت درێژییەکەی 2.5 m کاتێك بە گۆشەی 35° دەخولێتەوە. ئەگەر چەرخەکە بە گۆشەی 35 rad بخولێتەوە و پاشان 35 خول ببڕێت، خاڵەکە دوو کەوانە دەبڕێت کە درێژییەکانیان یەك بەدوایەك 143 m و 9.0×10^2 m. نیوە تیرەی چەرخەکە چەندە؟

6. کاتی پێویست چەندە بۆ ئەوەی میلی چرکەژمێری کاتژمێرێك گۆشەی 4.00 rad بخولێتەوە.

7. درێلێکی کارەبایی لە وەستانەوە بە گۆشە تاودانێکی نەگۆڕ دەخولێتەوە، گۆشە خێراییەکەی دەگاتە 2628 rad/s لە ماوەی 3.20 s .

أ. گۆشە تاودانە نەگۆڕەکەی درێلەکە بدۆزەوە.

ب. گۆشە لادانی درێلەکە لەو ماوەیەدا بدۆزەوە.

لێکەوتە تاودان و چەقە تاودان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

8. ئایا هەموو خاڵەکانی چەرخەیەك کاتێك بە دەوری تەوەرەیەکی جێگیردا دەخولێتەوە، هەمان لێکەوتە خێراییان دەبێت؟

9. ئەم دەقە ڕاست بکەرەوە: ئۆتۆمبێلێك بە خێراییەکی نەگۆڕ 145 km/h دەچێتە پێچێکەوە.

10. وەسفی ڕێڕەوی تەنێکی جووڵاو بکە کە تاودانەکەی برنەگۆڕە و ئاڕاستەکەشی ستوونە لەسەر خێراییەکەی.

11. تەنێك لە ڕێڕەوێکی بازنەیدا بە خێراییەکی برنەگۆڕ v دەجوڵێت.

أ. ئایا خێرایی تەنەکە نەگۆڕە؟ باسی بکە

ب. ئایا تاودانەکەی نەگۆڕە؟ باسی بکە

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

12. نموونەیەك بهێنەوە کە تیایدا ئۆتۆمبێلێکی جووڵاو چەقە تاودانی هەبێت بەڵام لێکەوتە تاودانی نەبێت.

13. ئایا دەگونجێت ئۆتۆمبێلێك لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی بڕوات بە جۆرێك لێکەوتە تاودانی هەبێت بەڵام چەقە تاودانی نەبێت؟

14. هەردوو پایدەری بەنزین و برێك (ئستۆپ) یەك بەدوایەك بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی خێرایی ئۆتۆمبێل (خێراکردن و هێواش کردنەوەی ئۆتۆمبێل) واتە (تاودانی ئۆتۆمبێلەکە). ئایا ستێرنی ئۆتۆمبێلەکە دەتوانێت ئەم کردارە ئەنجام بدات؟ واتە خێرایی بگۆڕێت باسی بکە.

پرسیارەکانی ڕاهێنان

15. زیخێك (چەوێك) لە دڕزی تایەی ئۆتۆمبێلێکەوە کە نیوە تیرەکەی 32 cm دەردەپەڕێ. ئەگەر بڕی لێکەوتە خێرایی زیخەکە 49 m/s بێت. گۆشە خێرایی تایەکە چەندە؟

16. یەکێك کۆمەڵە کلیلێکی هەڵواسراو بە زنجیرێکەوە هەڵدەسوڕێنێت، ئەگەر چەقە تاودانی کلیلەکان $145\ m/s^2$ و درێژی زنجیرەکە 0.34 m بێت، لێکەوتە خێرایی کلیلەکان چەند دەبێت؟

هۆکارەکانی دروستبوونی جووڵەی بەسوڕ

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

17. بێنە پێش چاوت، تەنێکی قورس بە سەرێکی سپرینگێکەوە دەبەستێت و بە دەوری سەرەکەی تریدا لە بازنەیەکی ئاسۆیدا دەیجوڵێنیت، ئایا درێژی سپرینگەکە زیاد دەکات؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە بە پێی ئەو هێزەی کە جووڵەی بەسوڕ دروست دەکات.

Ferkar

0751 960 70 80
www.ferkar.krd

18. لەبەر چی ئاوی ناو سەتلێك نارژێت کاتێك بەخێراییەکی گونجاو لە بازنەیەکی شاوڵیدا دەسوڕێنرێتەوە؟ وەك لە **وێنەی 14-1** دا دیارە.



وێنەی 14-1

19. جیاوازی نێوان چەقە تاودان و گۆشە تاودان باس بکە.

20. ڕای خۆت بڵێ لەسەر ئەم دەقە «لە شوێنە دوورەکان بۆشایی ئاسماندا کێش کردن نیە».

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

21. ڕوونی بکەرەوە لەبەر چی زەوی بە تەواوی شێوەی گۆیی نیە وە لەبەر چی لە هێڵی یەکسانیدا هەڵئاوساوە؟

22. بە هۆی خولانەوەی زەویەوە ئایا کێشەکەت لە هێڵی یەکسانیدا گەورەتردەبێت یان لە دوو جەمسەرەکەدا؟ باسی بکە.

23. لەبەر چی ئەو تۆپەڵە قوڕانەی بە لێواری تایەی ئۆتۆمبێلێکەوە نوساون دەردەپەڕن کاتێك تایەکە بە خێراییەکی زۆر دەخولێتەوە؟

24. کەشتیەوانەکانی بۆشایی ئاسمان لە کەشتیەکی ئاسمانیدا هەست بە نەمانی کێشیان دەکەن هەرچەندە کێشەکەشیان سفر نییە؟

25. کچێك گۆیەکی بە سەری پەتێکەوە بەستووە لە بازنەیەکی شاوڵیدا دەیجوڵێنێت. ئایا لە نزمترین خاڵی ڕێڕەوی گۆیەکەدا هێزی گرژی پەتەکە گەورەتردەبێت لە کێشی گۆیەکە؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

26. لە **وێنەی 15-1** دا ئۆتۆمبێلێکی یاری منداڵان بەرەو خاڵی A دەخلیسکێت ئینجا سەردەکەوێت بۆ لوتکەی B.

أ. خێرایی ئۆتۆمبێلکە لە خاڵی A دا $20.0\ m/s$ ، لەو کاتەدا بەرەنجامی هێزی سەر ئۆتۆمبێلەکە ڕووەو چەق $2.06\times10^{4}\ N$ ، ئایا بارستایی ئۆتۆمبێلەکە چەندە؟

ب. گەورەترین خێرایی چەندە کە ئۆتۆمبێلەکە پەیدای دەکات لە B دا بەشێوەیەك تەنها لە ژێر کاریگەری کێش کردندا لەسەر ڕێڕەوەکەی بمێنێتەوە؟



وێنەی 15-1

پێداچوونەوەی گشتی

27. زەوی هەر 365.25 ڕۆژجارێك بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. ناوەندە گۆشە خێرایی سوڕانەوەکەی بدۆزەوە بە یەکەی rad/s.

28. حەوزی جلشۆرێکی کارەبایی لە وەستانەوە دەست بە خولانەوە دەکات، گۆشە خێراییەکەی دەگاتە $11\pi\ rad/s$ لە ماوەی $8.0\ s$ دا. لەوکاتەدا کە لە ڕێگای سویچەکەیەوە وزەی لێدەبڕێت، خێرایی خولانەوەی حەوزەکە هێواش دەبێتەوە تا بە تەواوی پاش $12.0\ s$ دەوەستێت. ژمارەی ئەو خولانە چەندە کە حەوزەکە تەواوی کردووە لە هەر یەکە لە ماوەی ئیش پێکردن و وەستانەوەیدا ئەگەر وا دابنێین کە گۆشە تاودانەکەی نەگۆڕە؟

29. فڕۆکەیەك لە ڕێڕەوێکی بازنەیی ئاسۆیی دا دەفڕێت، بە خێراییەك بڕەکەی $105\ m/s$. فڕۆکەوانەکە کە بارستایی $80.0\ kg$ نایەوێت چەقە تاودان لە حەوت ئەوەندەی تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست تێپەڕێکات.

أ. کەمترین نیوەتیرەی ڕێڕەوەکە چەندە کە دەکرێت فڕۆکەکە پێی بفرێت.

ب. لەگەڵ ئەم نیوەتیرەی ڕێڕەوەدا ئەو هێزە بەرەنجامەی جووڵەی بەسوڕ بۆ فڕۆکەوانەکە پەیدادەکات چەندە؟ وە ئەو بەرەنجامەی کە هێزی لێکخشاندنی کورسی و پشتێنی سەلامەتی دروستی دەکات چەندە؟

30. ئۆتۆمبێلێك بە خێرایی $30.0\ m/s$ دەڕوات لەکاتی بڕێك گرتندا ڕوو بە ڕووی تاودانێکی نێگەتیف دەبێتەوە بڕەکەی $2.00\ m/s^2$. هەرتایەیەك چەند خول دەخولێتەوە تا تایەی ئۆتۆمبێلەکە بە تەواوی دەوەستێت. وا دابنێ تایەکان ناخلیسکێن وە نیوە تیرەی هەریەکەیان $0.300\ m$ ؟

31. دراوێکی کانزایی تیرەکەی $2.40\ cm$ لەسەر ڕێڕەوێکی ئاسۆیی فرێدرا دەستی بە خلۆربونەوەکرد بێ خلیسکان سەرەتا بە گۆشە خێرایی $18.0\ rad/s$. پاشان هێواش بووەوە بە گۆشە تاودانێك بڕەکەی $1.90\ rad/s^2$، ئەو دوورییە چەندە کە لە خلۆربونەوەکەیدا دەیبڕێت پێش ئەوەی بوەستێتەوە؟

32. بارستاییەك بە پەتێكەوە بەسترا درێژییەكەی 50.0 cm و لەسەر ڕێڕەوێكی بازنەیی لە وەستانەوە دەست بە جووڵە دەكات، 40 خولی تەواو دەبڕێت لە ماوەی 1.00 min دا بەر لەوی بگاتە گۆشە خێراییە كۆتاییەكەی. گۆشە خێراییەكەی پاش تێپەڕبوونی 1.00 min چەندە؟

33. ئۆتۆمبێلێك كێشەكەی 13500 N بە خێراییەك دەڕوات بڕەكەی 50.0 km/h لەسەر ڕێڕەوێكی بازنەیی كە نیوە تیرەكەی 2.00×10^2 m ئەمانە بدۆزەرەوە:

أ. چەقە تاودانی ئۆتۆمبێلەكە.

ب. كەمترین نرخی هاوكۆلكەی وەستاوە لێكخشاندنی نێوان تایەكان و زەویەكە كەوا لە ئۆتۆمبێلەكە بكات بتوانێت لەسەر ڕێڕەوە بازنەییەكەی بە سەلامەتی پێچ بكاتەوە.

34. ئۆتۆمبێلێك بارستاییەكەی 2.00×10^3 kg لەسەر ڕێڕەوێكی بازنەیی دەڕوات نیوە تیرەكەی 20.0 m. ئەگەر ڕێگاكە تەخت بێت و هاوكۆلكەی وەستاوە لێكخشاندنی نێوان تایەكان و ڕێگاكە 0.70 بێت. گەورەترین خێرایی چەندە كە ئۆتۆمبێلەكە دەتوانێت پێی بڕوات بێ ئەوەی بخلیسكێت؟

35. پارچەیەك مس لە دوری 30.0 cm لە چەقی مێزێكی پۆلایی كە توانای خولانەوەی هەیە دادەنرێت. هاوكۆلكەی وەستاوە لێكخشاندنی نێوان مسەكەو مێزەكە 0.53. مێزەكە لە وەستانەوە دەست بە خولانەوە دەكات بە گۆشە تاودانێكی نەگۆڕ، بڕەكەی $0.50\ rad/s^2$. ئەو كاتە چەندە كە دوای ئەوە پارچە مسەكە دەست بە خلیسكان دەكات لەسەر مێزەكە؟ (تێبینی: بڕی هێزە ئەستونەكە لەم بارەدا یەكسانە بە بڕی كێشی پارچەمسەكە).

36. لە شاری یاریدا، لولەكێكی گەورە نیوەتیرەكەی 3.00 m بە گۆشە خێراییەك كە بڕەكەی 5.00 rad/s دەخولێتەوە، وەك لە وێنەی **15-1** دا دیارە. یاری زانەكان بە دیواری ناوەوەی لولەكەكەوە دەنوسێن بێ ئەوەی بەربنكەكەی بكەون. كەمترین هاوكۆلكەی لێكخشاندنی نێوان جلەكانی یاریزانەكەو دیواری لولەكەكە چەندە كە بەشی ئەوە بكات نەهێڵێت یاریزانەكە بخلیسكێتە خوارەوەی دیوارەكە؟ (تێبینی: لە بیرت بێت $F_s = \mu_s F_n$ بە شێوەیەك هێزی ئەستوونەكە ئەو هێزەیە كە جووڵەی بە سوڕ پەیدادەكات.



وێنەی 15-1

پرۆژە و ڕاپۆرتەكان

1. پاسكیلێك سەرەو ژێر هەڵبگێڕەوە دوو نیشانە لەسەر یەكێك لە تەلەكانی تایەی پێشەوەی دابنێ، یەكێكیان نزیك لە لێواری تایەكە ئەویتریان لە نزیك تەوەرەكەیەوە بێت. تایەی پێشەوە بخولێنەوە، كام لە دوو خاڵەكە خێراتر دێتەبەر چاوت؟ داوا لە دوو لە هاوڕێكانت بكە ئەو خولانە بژمێرن كە هەریەكە لە دوو خاڵەكە دروستی دەكەن. گۆشە خێرایی و خێرایی بە هێڵی هەریەكەیان هەژماربكە. تاقیكردنەوەكە دووبارە بكەوە بۆ دوو خاڵی تر. هێڵكارییەكی ڕوونكردنەوەیی دابنێ پەیوەندی نێوان خێرایی بەهێڵ و گۆشە خێرایی شیبكەرەوە.

2. كاتێك پاسكیلێك لێدەخوریت جووڵە بەخولەكە لە پایدەرەكانەوە دەگوازرێتەوە بۆ تایە لاستیكەكەی دواوە بە هۆی ڕەوڕەوە داناویەكەی پێشەوە و زنجیرەكەو ڕەوڕەوە داناویەكەی دواوە. لە پەیوەندی ئەم پێكهێنەرانە بكۆڵەوە، وە جیاوازی نێوان هەریەكە لە گۆشە خێرایی و خێرایی بەهێڵ بپێوە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تری پاسكیلەكە. خێرایی ڕەوڕەی دواوە بەراوردبكە بە گۆشە خێرایی پایدەرەكان. ئەوەی پێی دەگەی لەبەردەم هاوڕێكانت بیخەڕوو.

3. توێژینەوەیەك ئەنجامبدە، دەربارەی پەرەسەندنی مێژوویی چەمكی هێزی كێشكردن. سەرنجی چۆنیەتی پێشكەوتنی بیری زاناكان بدە لەسەر كێشكردن لەگەڵ تێپەڕ بوونی كاتدا. هاوبەشی زاناكان لەم بوارەدا دیاربكە، وە چۆن هەریەكە لە گالیلۆ و نیوتن و ئاینشتاین سوودیان لە هاوبەشی زاناكانی پێش خۆیان وەرگرتووە؟ شیبكەرەوە وە پیایدا بچۆرەوەو ڕەخنەبگرە لە لێكدانەوە زانستیە جیاوازەكانی كێشكردن. تیشكێك بخە سەر گریمانەكان و بیردۆزەكانی هەموو زاناكان. خاڵی بەهێز و خاڵی لاوازی هەریەك لەم بیردۆزانە چییە؟ زاناكان ئەمڕۆ چۆن دەڕواننە كێشكردن؟ بەڵگە زانستیەكان و زانیارییەكانی تر بەكاربهێنە بۆ پشتگیری وەلامەكانت. ڕاپۆرتێك بنووسە یان پێشكەش كردنێكی زارەكی ئامادەبكە بۆ ئەوەی بەشداری بەهاوڕێكانت بكەی لە ئەنجامەكانت.



هەڵسەنگاندنی بەشی 1

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

.1 تەنێك لەسەر بازنەیەك دەڕوات بە خێراییەكی بڕ نەگۆڕ. كام لەمانەی خوارەوە بۆ جووڵەی تەنەكە ڕاست نییە؟
أ. چەقە تاودانەكەی بە ئاڕاستەی چەقی بازنەكە دەبێت.
ب. لێكەوتە تاودانەكەی نەگۆڕە.
ج. ئاڕاستەداری خێراییەكەی ناگۆڕێت.
د. چەقە هێز كاری تێ نەكردووە

ئەم دەقەی خوارەوە بەكاربهێنە بۆ وەڵام دانەوەی هەردوو پرسیاری 2 و 3 .

ئۆتۆمبێلێك لەسەر ڕوویەكی ئاسۆیی دەڕوات بە خێراییەك بڕەكەی 15 m/s لا دەداتە سەر بازنەیەك نیوەتیرەكەی 25 m.

.2 چەقە تاودانی ئۆتۆمبێلەكە چەندە؟
أ. 2.4×10^{-2} m/s^2 ج. 9.0 m/s^2
ب. 0.60 m/s^2 د. سفر

.3 هۆی سەرەكی چەقە تاودانی ئۆتۆمبێلەكە چییە؟
أ. جووڵانی ئۆتۆمبێلەكە لەسەر هێڵێكی ڕاست.
ب. جووڵانی ئۆتۆمبێلەكە بە خێراییەكی نەگۆڕ.
ج. هێزی لێكخشاندن لە نێوان تایەكان و ڕێگاكە.
د. هێزە ئەستونەكەی نێوان تایەكان و ڕێگاكە.

.4 زەوی كە بارستاییەكەی ($m = 5.97 \times 10^{24}$ kg) بە دەوری خۆردا كە بارستاییەكەی ($M = 1.99 \times 10^{30}$ kg) دەسوڕێتەوە بە تێكڕای دووری 1.5×10^{11} m . هێزی كێشكردنی خۆر كە كاریپێدەكاتە سەر زەوی چەندە؟
($G = 6.673 \times 10^{-11}$ N•m^2/kg^2)
أ. 5.29×10^{32} N ج. 5.90×10^{-2} N
ب. 3.52×10^{22} N د. 1.77×10^{-8} N

.5 كام لەمانەی خوارەوە بە ڕوونكردنەوەیەكی گونجاو دادەنرێت بۆ ئەم دەربڕینە؟

$$a_g = g = G\frac{m_E}{r^2}$$

أ. توندی بواری كێشكردن دەگۆڕێت بە گۆڕینی دوری تەنەكە لە زەوییەوە.
ب. تاودانی كەوتنەخوارەوەی سەربەست دەگۆڕێت بە گۆڕانی دوری تەنەكە لە زەوییەوە.
ج. تاودانی كەوتنە خوارەوەی سەربەست لەسەر بارستایی تەنەكە بەند نییە.
د. هەموو بارەكانی پێشوو ڕاستە.

.6 ئەو زانیارییانە چین كە پێویستیت پێی دەبێت بۆ هەژماركردنی خێرایی خولگەیی مانگێكی دەستكرد بە دەوری هەسارەیەكدا؟
أ. بارستایی هەریەكە لە مانگەكە و هەسارەكە و نیوە تیرەی خولگەكە.
ب. بارستایی مانگەكە و نیوە تیرەی هەسارەكە و ڕووبەری خولگەكە.
ج. تەنها بارستایی مانگەكەو نیوە تیرەی خولگەكە.
د. تەنها بارستایی هەسارەكەو نیوە تیرەی خولگەكە.

.7 كام لەمانەی خوارەوە بە شێوەیەكی ڕاست پەیوەندی خولگەیی نێوان زەوی و خۆر وەسفدەكات؟
أ. خۆر بە دەوری زەوی لە ڕێڕەوی بازنەیدا دەسوڕێتەوە.
ب. زەوی بەدەوری خۆردا لە ڕێڕەوێكی بازنەییدا دەسوڕێتەوە.
ج. خۆر لە ڕێڕەوێكی هێلكەیدا بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە و زەوی دەبێتە یەكێك لە تیشكۆكانی.
د. زەوی لە ڕێڕەوێكی هێلكەییدا بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە و خۆر دەبێتە یەكێك لە تیشكۆكانی.

.8 كام لەم دەقانەی خوارەوە ڕاستە:
أ. هەریەك لە بارستایی وكێش دەگۆڕێن بە گۆڕانی شوێن.
ب. بارستایی بەگۆڕینی شوێن دەگۆڕێت بەڵام كێش ناگۆڕێت.
ج. كێش بە گۆڕینی شوێن دەگۆڕێت، بەڵام بارستایی ناگۆڕێت.
د. هەریەك لە بارستایی وكێش بەپێی شوێن ناگۆڕێن.

.9 كام لە زاناكانی گەردووناسی ئەوەی دۆزییەوە كە هەسارەكان لەچەند ڕێڕەوێكی هێلكەیدا دەسوڕێنەوە نەك بازنەیی.
أ. جۆهانز كپلر ج. تایشوبریث
ب. نیكۆلاس كوبرنیكوس د. كلودیوس بتولمی

ئەو پرسیارانەی وەڵامی كورتیان هەیە

.10 ئایا ئەو تەنەی جووڵەی بازنەیی هەیە تەنێكی هاوسەنگە؟ بۆچی؟

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژیان هەیە

.11 مەریخ بە دەوری خۆردا كە بارستایەكەی $M = 1.99 \times 10^{30}$ kg دەسوڕێتەوە لە خولگەیەكدا كە تێكڕای نیوە تیرەكەی 2.28×10^{11} m . ساڵێكی مەریخ هەژماربكە بەپێی ڕۆژەكان لەسەر ڕووی زەوی.
($G = 6.673 \times 10^{-11}$ N•m^2/kg^2)

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بـــــەشـــــی 2

هاوسەنگ بوون و جووڵەی بەخول
Rotational Equilibrium and Dynamics

یەکێك لە هەرە ناوادارترین ئەو پاسکیلانەی کە لە ساڵی 1870 دا دەرکەوتن پاسکیلی (قرش – چارەکە قرش)ە کە لە وێنەکەدا دیارە. پاسکیلەکە ئەم ناوەی لێنراوە چونکە ڕێژەی تیرەی تایە گەورەکەی بۆ بچوکەکەیان وەك ڕێژەی قرشی ئینگلیزیە بۆ چارەکی قرشی کۆن. پاسکیلەکان یەکەمجار ڕەوڕەوەی داناویان نەبوو بەڵکو پایدەرەکانی ڕاستەوخۆ بە تەوەرەی تایە گەورەکەیانەوە بەستراوبوو. تایە گەورەکە یەك خول تەواو دەکات کاتێك پایدەرەکان یەك خول دەخولێنەوە. بەڵام پاسکیلە تازەکان ڕەوڕەوەی داناوی و زنجیریان تێدایە.

ئەوەی کە پێشبینی بەدیهێنانی دەکرێت

لـەم بـەشەدا فێری مـەرجەکانی هـاوسەنگ بـوونی تـەنە ڕەقـەکان و سیفەتەکانی جووڵەی بەخولی تەنە ڕەقەکان بە دەوری تەوەرەیەکی جێگیردا دەبێت.

گرنگییەکەی چییە

جووڵەی بەخول بەشێکی گرنگ لە ئیشی دینەمۆ کارەباییەکان و بزوێنەرەکان و زۆرێك لە دەزگاکانی ناو ماڵ وەك جل شۆر و میکسەر و ریکۆردەر وە هیتر پێکدێنێت. تێگەیشتنمان لە سیفەتەکانی جووڵەی بە خول یارمەتیمان دەدات لە لێکدانەوەی چۆنیەتی ئیشکردنی ئەو دەزگایانەدا.

ناوەڕۆکی بەشی 2

1 زەبر
- بڕی زەبر.
- نیشانەی زەبر.

2 خولانەوە و بارنەگۆڕی
- چەقی بارستایی.
- زەبری بارنەگۆڕی.
- هاوسەنگ بوونی بەخول.

3 داینەمیکی خولانەوە
- یاسای دووەمی نیوتن لە جووڵەی بەخولدا.
- گۆشە تەوژم.
- جووڵە وزەی بەخول.

بەندی 1-2

زەبر
Torque

1-2 ئامانجەکانی بەندەکە

- جیاوازی نێوان تەنۆلکەو تەنی ڕەهەندەدار ڕوونەدەکاتەوە.
- هێزو زەبر لەیەکتر جیادەکاتەوە.
- بڕی زەبری سەر تەن هەژماردەکات.
- باسکی زەبری سەر تەن دیاری دەکات.

بڕی زەبر

داوات لێکرا ناوبژی بکەیت لە پێشبڕکێیەکی نێوان سێ تەندا، گۆیەکی پتەو و لولەکێکی پتەو و لولەکێکی ناوبۆش. ئامادەبووان داوایان لێکردیت کە تەنەکانی پێشبڕکێکە وەك یەك بواریان پێبدرێت. بۆ ئەوەش پێویستە لەسەرت دڵنیابیت لەوەی کە هەریەکەیان هەمان بارستایی وهەمان نیوە تیرەیان هەیە، وە هەمووشیان لەوەستانەوە دەردەچن. پاشان واز لەهەرسێ تەنەکە دێنیت لەسەر ڕوویەکی لێژی درێژ خلۆر بنەوە لەهەمان کاتدا. ئایا هیچ ڕێگایەك هەیە بۆ پێشبینی کردنی ئەنجامی پێشبڕکێکە و زانینی ئەوەی کە کام لە تەنەکان پێش ئەوانی تر دەگات؟

ئەگەر بەکردار ئەم تاقیکردنەوەیەت ئەنجامدا (وەك ئەوەی لە چالاکییەکی کرداری خێرادا هەیە لە لاپەڕەی دواتردا)، دەبینیت کە گۆیەکە یەکەمجار دەگات، لە دوای ئەویش لولەکە پتەوەکە، ئینجا لولەکە ناوبۆشەکە. ئەم ئەنجامە تاڕادەیەك چاوەڕوان نەکراوە، لەکاتی نەبوونی لێکخشاندندا تاودان لە ئەنجامی کێشکردنەوە پەیدا دەبێت وە بۆ هەرسێ تەنەکە لە نزیك ڕووی زەوییەوە هەمان تاودان دەبێت، چونکە لەکاتی نەبوونی لێکخشاندندا خلۆر بوونەوە ڕونادات و هەموو تەنەکان بە هەمان تاودان دەخلیسکێن. لەگەڵ ئەوەشدا تاودانی تەنەکان یەکسان نابێت لە باری خلۆربونەوەدا. لە بەشەکانی پێشودا وەسفی جووڵەی تەنەکان کرا لەسەر بنچینەی ئەوەی کە بە تەنۆلکەی بێ ڕەهەند دانران بەڵام ئەم گریمانەیە جیاوازی جووڵەی تەنەکانی پێشبڕکێکە لێکناداتەوە. جیاوازیەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەنەکان قەبارەو شێوەی دیاریکراویان هەیە، لەم بارەدا ناتوانرێت تەنها بە تەنۆلکە دابنرێن. هەرچەندە کە تەنەکان ڕەهەندیان هەیە بەڵام دەتوانرێت بە تەنۆلکە دابنرێن بۆ مەبەستی وەسفکردنی جووڵەی چەقی بارستاییەکانیان، بەڵام ئێمە بۆ وەسفکردنی جووڵە بەخولەکە پێویستمان بە سامپلێکی پێشکەوتووتر هەیە.

وێنەی 1-2
تەنێکی ڕەهەنداری وەك تۆپی بۆڵینگ و نیشانەکانی، دەکرێت جووڵەی جێگۆڕو جووڵەی بەخولیان هەبێت.

جیاکردنەوەی جووڵەی بەخول لە جووڵەی جێگۆڕ

وادابنێ لە یاری بۆڵینگدا تۆپێك خلۆر دەکەیتەوە کاتێك تۆپەکە بەر نیشانەکە دەکەوێت چی ڕوودەدات وەك لە وێنەی 1-2 دا دیارە؟ نیشانەکان بۆ دواوە دەفڕن، وە لەهەوادا دەخولێنەوە. دەتوانرێت جووڵە ئاڵۆزەکەی هەریەك لە نیشانەکان بۆ دوو جووڵەی جیاواز دابەش بکەین، یەکێکیان جێگۆڕو ئەوی تریان بەخول، بە شێوەیەك کە دەتوانین هەریەکەیان بە جیا شیبکەینەوە. ئێستاش باسی جووڵەی بەخولی تەنێکی دیاریکراو دەکەین و پاشان دەتوانین جووڵەی بەخولی تەن لەگەڵ جووڵەی جێگۆڕدا لێکبدەین.

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

زەبر و خولانەوە

پشیلەیەك بێنەبەرچاوت هەوڵ دەدات لە کولانەکەی بێتە دەرەوە بۆ ئەوەش بەستونی پاڵ بەدەرگا خولاوەکەوە دەنێت، وەك لە **وێنەی 2-2** دا دیارە. دەرگاکە توانای خولانەوەی هەیە بە دەوری هێڵێکدا کە بە هەردوو جومگەکەیدا تێپەڕ دەبێت. ئەو هێڵەش تەوەرەی خولانەوەی دەرگاکەیە. کاتێك پشیلەکە بەهێزێکی ستونی پاڵ بەسەرە بەرەڵاکەی دەرگاکەوە دەنێت دەرگاکەی بۆدەکرێتەوە. توانستی هێز لەسەر خولانەوەی تەنێك بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا بە بڕێك دەردەبڕێت پێی دەوترێت زەبر torque.

زەبر

بڕێکە توانستی هێز لەسەر خولانەوەی تەنێك بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراوا دەردەبڕێت.

زەبر بەندە لەسەر هێز و باسکی خولانەوە

ئەگەر پشیلەکە بە هەمان هێز پاڵ بە دەرگاکەوە بنێت، بەڵام لە خاڵێکی نزیکتر لە تەوەرەی خولانەوەکەی، کردنەوەی گرانتر دەبێت. لەبەر ئەوە ئاسانی خولانەوەی تەنێکی دیاریکراو تەنها بەندنییە لەسەر ئەو هێزەی دەخرێتە سەری. بەڵکو لەسەر ئەو خاڵەش بەندە کە ئەو هێزەی دەخرێتە سەر. هەر چەندە هێزەکە دورتربێت لە تەوەرەی خولانەوە، خولانەوەی تەنەکە ئاسانتر دەبێت وە بڕی زەبرەکەش گەورەتر دەبێت. دوری ستونی نێوان تەوەرەی خولانەوەو ئەو هێڵەی دەکەوێتە سەر درێژکراوەی هێزەکە پێی دەوترێت باسکی خولانەوە lever arm یان باسکی زەبر.

باسکی خولانەوە

دوری ستونییە لە نێوان تەوەرەی خولانەوە و ڕاستە هێڵێکی کێشراو لەسەر درێژکراوەی هێزەکە.

وێنەی 2-2
ئەو دەرگایەی کە توانای خولانەوەی هەیە بە دەوری دوو جومگەدا یارمەتی پشیلەکە دەدات لە چوونە ژوورەوەو هاتنە دەرەوە بۆ ناو کولانەکەی چ کاتێك بیەوێت.

وێنەی 2-3 هێڵکاری ئەو هێزە ڕووندەکاتەوە کە پشیلەکە بەستونی دەیخاتە سەر دەرگایەك کە توانای خولانەوەی هەیە، بەبەراوردکردن لەگەڵ پێناسەی باسکی خولانەوە، تێبینی دەکەیت کە ئەم باسکە بریتییە لە دوری d لە لووتی پشیلەکەوە تا دوو جومگەی دەرگاکە، d بریتییە لە دوری ستونی لە تەوەرەی خولانەوەوە تا ئەو هێڵەی دەکەوێتە سەر درێژکراوەی هێزەکە. ئەگەر پشیلەکە لە خاڵێکی بەرزترەوە پاڵ بە دەرگاکەوە بنێت باسکی خولانەوە کورتتر دەبێتەوە، ئەمەش زەبرێکی کەمتر پەیدا دەکات وەك لە وێنەی 3-2 دا دیارە.



وێنەی 3-2
ئەو هێزەی دەخرێتە سەرتەنێکی ڕەهەندار زەبر پەیدا دەکات و دەبێتە هۆی خولانەوەی.

چالاکییەکی کرداری خێرا

پێشبڕکێی دووتەن

کەرەستەکان

- ✓ چەند لولەکێکی پتەوی جیاواز، وەك قوتوی خواردنی نەکراوە.
- ✓ چەند لولەکێکی ناوبۆشی جیاواز وەك قوتوی بەتاڵی خواردن کە سەرو بنەکەی لێکرابێتەوە، یان بۆری کانزایی و پلاستیکی کە لە درێژی و تیرەکانیاندا جیاوازبن.
- ✓ چەند تۆپێکی جیاواز وەك تۆپی گۆڵف و تۆپی تێنس و تۆپی بیسبۆڵ.
- ✓ لێژییەك درێژییەکەی نزیکەی 1 m بێت.

هەر دوو تەنێك لەو تەنانەی کە لە لیستی کەرەستەکاندا هاتوە لەسەرەوەی لێژیەکە دابنێ، لە وەستانەوە وازیان لێبهێنە. کامیان یەکەم جار دەگاتە خوارەوەی لێژییەکە؟ پێشبڕکێکە دوبارە بکەرەوە بە بەکارهێنانی کۆمەڵە تەنێکی تر. هەوڵ بدە بگەیتە دەستورێکی گشتی بە هۆیەوە بتوانیت ئەو تەنە بناسیتەوە کە لە پێشبڕکێکەدا دەیباتەوە. (تێبینی: لەوانەیە بیر لە هۆکارەکانی وەك بارستایی و قەبارەو شێوە بکەیتەوە).



وێنەی 2-4
پشیلەکە پەستان دەخاتە سەر هەمان دەرگاوە لەهەمان دوری لەتەوەرەوە و بەهەمان هێز، بەڵام بڕی زەبرەکە لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر جیاوازە.

زەبر و گۆشەی نێوان هێزو باسکی خولانەوە

مەرج نییە هێزەکە ستون بێت لەسەر تەنەکە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی خولانەوەی. جارێکی تر بگەڕێوە بۆ دەرگا خولاوەکەو پشیلەکە. چی ڕوودەدات ئەگەر پشیلەکە بە هێزێك پاڵ بە دەرگاکەوە بنێت کە ستون نەبێت بەڵکو بە گۆشەیەکی تر، وەك لە **وێنەی 2-4** ؟ دەرگاکە دەخولێتەوە بەڵام بەو ئاسانیەنا.

زەبر بەپیتی یۆنانی تاو (τ) هێما دەکرێت وە بڕی زەبر بەم پەیوەندییە دەدۆزرێتەوە:

زەبر

$$\tau = Fd(\sin\theta)$$

زەبر = هێز × باسکی خولانەوە

یەکەی پێوانی زەبر لە سیستمی SI بریتییە لە N•m . سەرنج بدە کە دانانی θ لە پێناسەی زەبردا، ئەو گۆشەیەیە کە لە نێوان هێزو دووری ستونی لە تەوەرەی خولانەوەوە، گۆڕانەکانی زەبر لە **وێنەی 2-4** دا لەبەرچاو دەگیرێت.

لە **وێنەی 2-5** دا سپانەیەك دەردەکەوێت کە بە دەوری سەمولەیەکدا دەخولێتەوە. لەم بارەدا گۆشەی θ هەیە لە نێوان هێز و سپانەکەدا. بڕی $d(\sin\theta)$ دوری ستونییە لە تەوەرەی خولانەوەوە تا ئەو هێڵەی کە دەکەوێتە سەر درێژکراوەی هێزەکە، کە ئەوەش باسکی خولانەوەیە.



وێنەی 2-5
ئاڕاستەی باسکی خولانەوە هەمیشە ستون دەبێت لەسەر ئاڕاستەی هێزی سەپێنراو.

نیشانەی زەبر

زەبر هێندێکی ئاڕاستەدارە وەك لادان و هێز. بەڵام ئێمە لەم کتێبەدا وەك هێندێکی ژمارەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، لەبەر ئەوە نیشانەی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤی دەدەینێ بەپێی ئاڕاستەی خولانەوەی تەنەکە لەژێر کاریگەری هێزەکەدا. نیشانەی زەبر پۆزەتیڤ دەبێت، ئەگەر ئاڕاستەی خولانەوە پێچەوانەی ئاڕاستەی خولانەوەی میلەکانی کاتژمێربێت، وە نێگەتیڤ دەبێت ئەگەر بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر بوو. هەروەها لەیادت بێت کە هێزەکان و لادانەکان نیشانەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیان هەیە لە جووڵە لەیەك دوریدا، وەك لە کتێبی پۆلی یازدەهەمدا هاتووە.

بۆ دیاریکردنی نیشانەی زەبر، وا دابنێ کە ئەم زەبرە تاکە زەبرە کار لە خولانەوەی تەنەکە دەکات، وە ئاڕاستەی خولانەوەی تەنەکە لە ژێر کاریگەری ئەم زەبرەدا بێنە پێش چاوت. ئەگەر چەند هێزێك کاریان لەتەنەکە کرد ئەوا هەریەکەیان ئاڕاستەیەکی خولانەوە پەیدا دەکات کە بە جیا دیاریدەکرێت. لە یادت بێت کە هەر زەبرێك نیشانەی گونجاوی خۆی پێیبدە.

بۆ نموونە بێنە بەرچاوت کەتۆ دەرگایەك بە هێزێکی ستونی $\vec{F}_1$ پاڵدەنێیت، وە هاورێکەت بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە بە هێزی $\vec{F}_2$ پاڵیپێوە دەنێت. وە تۆ دەرگاکە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی خولانەوەی میلەکانی کاتژمێر دەخولێنیتەوە،

Ferkar

ئەو کاتە بڕی ئەو زەبرەی کە دەیخەیتە سەری F_1d_1 . بەڵام بڕی ئەو زەبرەی کە هاوڕێکەت پەیدای دەکات $-F_2d_2$ دەبێت. وە بۆ هەژمارکردنی بەرەنجامی ئەو زەبرەی کارلە دەرگاکە دەکات دوو زەبرەکە کۆ دەکرێنەوە:

$$\tau_{\text{بەرەنجام}} = \Sigma\tau = \tau_1 + \tau_2 = F_1d_1 + (-F_2d_2)$$

بێنە بەرچاوت کاتێك نیشانەکە بەڕێگایەکی ڕاست بەکاردەهێنیت، دەتوانیت ئاڕاستەی خولانەوە لە نیشانەی بەرئەنجامی زەبرەکەوە بزانیت.

نموونە 2 (أ)

زەبر

پرسیارەکە

دوو یاریزان بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانە کاردەکەنە سەر تۆپێکی سەبەتە. یەکێکیان بە هێزی **11 N** بۆ خوارەوە لە دووری **7.0 cm** لە تەوەرەی خولانەوەوە کاریتێدەکات ، لە کاتێکدا ئەوەی تریان بە هێزێك کاریتێدەکات بڕەکەی **15 N** بۆ سەرەوە لە دوری **14 cm** لە هەمان تەوەرەوە، بەڵام لە بەرامبەری یەکەمیانەوە. ئەو بەرئەنجامی زەبرە بدۆزەوە کە کار لە تۆپەکە دەکات.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $F_1 = 15\ \text{N}$ $\quad F_2 = 11\ \text{N}$

$d_1 = 0.14\ \text{m}$ $\quad d_2 = 0.070\ \text{m}$

نەزانراو: $\tau_{\text{بەرئەنجام}} = ?$



2. پلان دادەنێم

هاوکێشەکە هەڵدەبژێرم: پێناسەی زەبر بۆ هەریەکە لە هێزەکان بەکاردەهێنم پاشان دوو زەبرەکە کۆدەکەمەوە.

$$\tau = Fd$$

$$\tau_{\text{بەرئەنجام}} = \tau_1 + \tau_2 = F_1d_1 + F_2d_2$$

لە هاوکێشەکەدا لە جیاتی دادەنێم و شیکاری دەکەم: یەکەمجار ئەو زەبرەی کە لەهەر هێزێکەوە پەیدادەبێت هەژماردەکەم.

لەبەر ئەوەی ئاڕاستەی خولانەوەی پەیدابوو لەهەر هێزێکەوە بریتییە لە ئاڕاستەی میلەکانی کاتژمێر، بەمەش هەردوو زەبرەکە نێگەتیڤ دەبن.

3. هەژمار دەکەم

$$\tau_1 = F_1d_1 = -(15\ \text{N})(0.14\ \text{m}) = -2.1\ \text{N•m}$$

$$\tau_2 = F_2d_2 = -(11\ \text{N})(0.070\ \text{m}) = -0.77\ \text{N•m}$$

$$\tau_{\text{بەرئەنجام}} = -2.1\ \text{N•m} - 0.77\ \text{N•m}$$

$$\boxed{\tau_{\text{بەرئەنجام}} = -2.9\ \text{N•m}}$$

4. هەڵدەسەنگێنم

لەبەر ئەوەی بەرەنجامی زەبر نێگەتیڤە، ئەوا تۆپەکە بە ئاڕاستەی خولانەوەی میلەکانی کاتژمێر دەخولێتەوە.

وەڵامی ئامێری ژمێرەر

ئەو وەڵامەی ئامێری ژمێرەر دەیدات بریتییە لە 2.87. بەڵام وەڵامەکە لە 2.9 نزیك دەکرێتەوە بەپێی یاسای کۆکردنەوەی ڕەنووسە واتاییەکان.

ڕاهێنانی 2 (أ)

زەبر

1. پەندۆلێکی سادە لە تەنێك پێکدێت بارستاییەکەی 3.0 kg بە پەتێکی سوکەوە هەڵواسراوە درێژییەکەی 2.0 m بە خاڵێکەوە بەستراوە و بە دەوریدا دەخولێتەوە.

أ. بڕی زەبری خولانەوە لە ئەنجامی کێشی تەنەکە بەدەوری خاڵەکەدا بدۆزەرەوە، کاتێك گۆشە لە نێوان پەتەکەو ئاراستەی شاوڵدا 5.0^{o} بێت.

ب. هەژمارکردنەکان دووبارە بکەرەوە کاتێك گۆشەکە 15.0^{o} بێت.

2. ئەگەر بڕی زەبری پێویست بۆ کردنەوەی سەمولەی تایەی ئۆتۆمبێلێك 40.0 N•m بێت. کەمترین هێزی پێویست چەندە کە میکانیکیەك بیخاتە سەر کۆتایی سپانەیەك درێژییەکەی 30.0 cm بێت بۆ کردنەوەی سەمولەکە؟

Ferkar

پێداچوونەوەی بەندی 2-1

1. لەکام لەم بارانەی خوارەوەدا دەتوانرێت تەن تەنها بە بارستە خالێك (تەنۆلکە) دابنرێت؟ وە لەکام باردا پێویستە بەتەنێکی ڕەهەندار دابنرێت؟

أ. تۆپێك لەسەربانی ماڵێکەوە فڕێدرا.

ب. تۆپێك بەرەو گۆڵ خلۆردەبێتەوە.

ج. ڕەوڕەوەیەك دەخولێتەوە.

د. زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

2. ئەو بڕەی جووڵەی بەخول چییە کە بەرامبەری هێزە؟ ئەو بڕانە چین کە لەسەریان بەندە؟

3. لە **وێنەی 6-2** دا زەبری هەر هێزێك بدۆزەوە کە کار لە تولەکە دەکات. وا دابنێ کە تەوەرەی خولانەوە ستونە لەسەر پەڕەکە و بە خاڵی O دا تێپەڕدەبێت. تولەکە بە چ ئاراستەیەك دەخولێتەوە؟



وێنەی 6-2

4. ئەو هێزەی پێویستە بۆ کردنەوەی دەرگایەك چۆن دەگۆڕێت ئەگەر دەسکی دەرگاکە لەناوەڕاستدا دانرا؟

5. **فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا:** درێژی باسکی پایدەر چۆن کارلە بڕی زەبری کاریگەر دەکات بۆ جووڵاندنی تایەی پێشەوەی پاسکیلێك؟

بەندی 2-2

خولانەوە و بارنەگۆڕی
Rotation and Inertia

2-2 ئامانجەکانی بەندەکە

- چەقی بارستایی تەن دیاریدەکات.
- بارستایی و زەبری بارنەگۆڕی لێک جیادەکاتەوە.
- مەرجی دووەمی هاوسەنگ بوون پێناسە دەکات.
- چەند پرسیارێک شیکار دەکات کە هەردوو مەرجی هاوسەنگ بوونی تێدایە.

چەقی بارستایی

دیاریکردنی تەوەرەی خولانەوەی دەرگا خولاوەکەی کولانەی پشیلەکە ئاسانە، دەرگاکە بە دەوری دوو جومگەکەیدا دەخولێتەوە، چونکە هێزێک کاریتێدەکات و دوو جومگەکەش لە جێگای خۆیان جێگیرن. بێنە پێش چاوی خۆت تۆ دارێکی ڕێك لەهەوادا فڕێ دەدەیت. چۆن دەتوانیت ئەو خاڵە دیاری بکەیت کە دارەکە بە دەوریدا لە هەوادا دەخولێتەوە؟ دارەکە لە هیچ خاڵێکدا جێگیر نەکراوە، بەڵام خاڵێکی دیاریکراو هەیە کە دارەکە بەدەوریدا دەخولێتەوە تەنها لە ژێر کاریگەری کێشکردندا، وە پێی دەوترێت چەقی بارستایی center of mass.

ئاوێتەکردنی هەردوو جووڵەی جێگۆڕ و بەخول

چەقی بارستایی تەنێکی دیاریکراو ئەو خاڵەیە کە دەکرێ وا دابنرێ هەموو بارستاییەکەی تێدا کۆدەبێتەوە، ئەمە ئەوە دەگەێنێت کە جووڵەی دارەکە بریتییە لە بەرئەنجامی هەردوو جووڵەی جێگۆڕ و بەخول. دارەکە لە هەوادا بە دەوری چەقی بارستاییەکەیدا دەخولێتەوە، لە کاتێکدا ئەم چەقە وا دەجووڵێتەوە وەك ئەوەی کە خاڵێك بێت و هەموو بارستایی تەنەکەی تێدا کۆبوبێتەوە، ئەوەش یارمەتیدەرە لە شیکردنەوەی جووڵەی جێگۆڕی دارەکەدا.

سەرنج بدە کە چەکوشەکەی **وێنەی** 2-7 بە دەوری چەقی بارستاییەکەیدا دەخولێتەوە لەهەوادا، لەکاتێکدا هەموو خاڵەکانی چەکوشەکە جووڵەیەکی بەخولیان دەبێت، چەقی بارستاییەکەی بۆ سەر ڕێڕەوێکی شێوە برگە هاوتا دەجووڵێت. وە چەقی بارستایی لە تەنێکی شێوە ڕێك، وەك گۆ و خشتەك لە چەقە ئەندازەییەکەیدا دەبێت. بەڵام لە تەنانەی کە شێوەیان نارێکە دیاریکردنی چەقی بارستاییەکانیان قورسترەوە لەچوار چێوەی ئەم کتێبە دەردەچێت. هەروەك چۆن دەڵێین کە چەقی بارستایی تەنێکی ڕەهەندار ئەو خاڵەیە کە دەکرێ بارستاییەکەی تێدا کۆبکرێتەوە، چەقی کێشکردنیش ئەو خاڵەیە کە هێزی کێشکردن کاریتێدەکات، وەك ئەوەی کە هەموو بارستاییەکەی تێدا کۆبوبێتەوە. لە زۆربەی کاتدا چەقی بارستایی و چەقی کێشکردن یەك خاڵن.

چەقی بارستایی

ئەو خاڵەیە کە دەکرێت هەموو بارستایی تەنەکەی تێدا کۆبکرێتەوە لەکاتی لێکۆڵینەوەی جووڵە جێگۆڕەکەیدا.



وێنەی 7-2

ئەو خاڵەی کە خاڵەکانی ئەم تەنەی بەدەوردا دەخولێتەوە بریتییە لە چەقی بارستاییەکەی. چەقی بارستایی لەسەر برگە هاوتایەك دەجووڵێت.

زەبری بارنەگۆڕی

چەند تەوەرەیەکی خولانەوەی جیاجیا هەن کە دەکرێت تەنێکی دیاریکراو بە دەوریاندا بخولێتەوە. خولانەوەی تەنێك بەدەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا ئاسانترە لە خولانەوەی بەدەوری تەوەرەکانی تردا، لەگەڵ ئەوەی کە بارستایی تەنەکە لەهەردوو باردا هەر هەمان بارستاییە. بەرهەڵستی تەنێك بۆهەر گۆڕانێك لە جووڵە بەخولەکەیدا بەهۆی برێکەوە دەپێورێت پێی دەوترێت **زەبری بارنەگۆڕی** moment of inertia.

وشەی زەبر لە فیزیادا مانایەکی جیاوازی لە مانا باوەکەی خۆی هەیە. زەبری بارنە گۆڕی تەنێکی دیاریکراو بریتییە لە پێوەری بەرهەڵستییەکەی بۆ هەر گۆڕانێك لە جووڵە بەخولەکەیدا بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا. بەپیتی (I) هێما دەکرێت.

لەیەکچوونی زەبری بارنەگۆڕی لە جووڵەی بەخول وە بارستایی لە جوڵەی جێگۆڕدا

زەبری بارنەگۆڕی

بڕی بەرهەڵستی تەنێکە بۆ هەر گۆڕانێك لە جووڵە بە خولەکەیدا.

لەیەکچوونێك هەیە لە نێوان زەبری بارنەگۆڕی و بارستاییدا، چونکە هەریەکەیان ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی بارنە گۆڕین بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو بارنە گۆڕینەی کە بەرهەڵستی جووڵەی جێگۆڕ دەکات (بارستایی) وە ئەو بارنە گۆڕینەی کە بەرهەڵستی جووڵەی بەخول دەکات (زەبری بارنەگۆڕی). بارستایی هێندێکە تەنها پەیوەندی بە تەنەکەوە هەیە، بەڵام زەبری بارنەگۆڕی بێجگە لە بارستایی دەوەستێتە سەر چۆنێتی دابەشبوونی بارستایی بەسەر تەوەرەی خولانەوەدا. هەرچەندە بارستایی لە تەوەرەی خولانەوەوە دوربکەوێتەوە ئەوەندە زەبری بارنەگۆڕی زیاد دەکات لە ئەنجامدا خولانەوەی تەنەکە گرانتردەبێت. هەربۆیە گۆیە پتەوەکە پێش لولەکە پتەوەکەو لولەکە ناو بۆشەکە گەیشتە خوارەوە کاتێك لە لێژییەکەوە خلۆرکرانەوە. بارستایی لولەکە ناوبۆشەکە هەموو لەسەر چێوەکەی دابەش بووە، بۆیە زەبرێکی بارنەگۆڕی گەورەی هەیە، بەڵام بارستایی گۆیە پتەوەکە هەمووی بەسەر قەبارەکەیدا دابەش بووە. لە ئەنجامدا زەبرێکی بارنەگۆڕی کەمتری دەبێت.

هەژمارکردنی زەبری بارنەگۆڕی

لە دەقی یاسای دووەمی نیوتندا هاتووە کە ئەگەر هێزێك بخرێتە سەر تەنێکی دیاریکراو ئەوا ئەو تاودانەی پەیدا دەبێت لەسەر بارستایی تەنەکە بەند دەبێت. وە هەروەها کاتێك زەبرێك کار لە تەنێك دەکات ئەوا ئەو گۆڕانەی لە جووڵە بەخولەکەیدا ڕوودەدات (گۆشە تاودانەکەی) لەسەر زەبری بارنەگۆڕی تەنەکە بەندە.

ڕێگەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ هەژمارکردنی زەبری بارنەگۆڕی، ئەویش لەم کتێبەدا داواکراونیە، بەڵام هەندێك نرخی ئاسانکراو هەیە بۆ هەندێك شێوەی ناسراو، وەك ئەوەی لە **خشتەی 2-1** دا ڕوونکراوەتەوە. دەتوانرێت ئەم خشتەیە لەکاتی پێویستدا بۆ دەستکەوتنی زەبری بارنەگۆڕی بەکاربهێنرێت بۆ ئەو شێوانەی کە لە خشتەکەدا هاتوون.

چالاکییەکی کرداری خێرا

دۆینەوەی چەقی بارستایی لە تاقیگەدا

کەرەستەکان

- ✓ پارچە کارتۆنێك.
- ✓ مقەست.
- ✓ کونکەر.
- ✓ دەمبوس یان بزمار.
- ✓ تەبەقە فلینێك.
- ✓ دەزوویەك درێژییەکەی 40 cm بێت.
- ✓ ڕاستە
- ✓ قەڵەمێك.
- ✓ سەنگێك (بۆنمونە ئەڵقەیەك).

پارچە کارتۆنێکی شێوە نارێك ببڕە ژمارەیەك کونی تێدا دروست بکە کە بەسەر لێوارکەیدا دابەش بوبێت، شێوەکە بە تەبەقە فلینەکەوە هەڵبواسە بە هۆی دەمبوسێکەوە کە بەناو یەکێك لە کونەکاندا تێپەڕ بووبێت، بەجۆرێك کە کارتۆنەکە بتوانێت بەسەربەستی بە دەوری دەمبوسەکەدا بخولێتەوە. (دەتوانیت شێوەکە یا کارتۆنەکە بە هۆی بزمارێکەوە لە دیوارێك چەسپ بکەیت. سەنگەکە بە سەرێکی دەزووەکەوە هەڵبواسە سەرەکەی تریشی لە دەمبوسەکە ببەستە. کاتێك دەزووەکە لە جووڵە دەکەوێت، هێڵێك بە درێژایی دەزووەکە لەسەر لەوحەکە بکێشە. تاقیکردنەوەکە دووبارە بکەوە لە هەموو کونەکانی دەوری کارتۆنەکەوە، دەبینین کە چەقی بارستایی بریتییە لە خاڵی یەکتر بڕینی هێڵە کێشراوەکان لەسەر تەبەقەکە.



www.ferkar.krd 0751 960 70 80

زەبری بارنەگۆڕی بەیەکەی $kg{\bullet}m^2$ دەپێورێت. بیرۆکەیەکی سەرەتایمان دەربارەی ئەو یەکەیە دەستدەکەوێت کاتێك سەرنج دەدەین زەبری بارنەگۆڕی تۆپەکانی بۆڵینگ بە دەوری تیرەکانیاندا لە نێوان $0.70\ kg{\bullet}m^2$ وە $1.8\ kg{\bullet}m^2$ ئەمەش بە پێی بارستایی تۆپەکەو قەبارەکەیەتی. تێبینی بکە کە زەبری بارنەگۆڕی گۆیەکی پتەو کەمترە لە زەبری بارنەگۆڕی ئەڵقەیەکی تەنك وەك ئەوەی پێشبینی دەکرێت. لە ڕاستیدا زەبری بارنەگۆڕی ئەڵقەیەکی تەنك بە دەوری تەوەرەیەکدا کە بە چەقەکەیدا دەڕوات گەورەترین زەبری بارنەگۆڕییە بە بەراورد بە هەر شێوەیەکی تر.

هەروەها سەرنج بدە کە زەبری بارنەگۆڕی تەنۆلکەیەك لە بازنەیەکدا دەسوڕێتەوە وەك گۆیەك بە پەتێکەوە بەسترابێت، بریتییە لە هەمان زەبری ئەڵقەیەکی تەنك کە هەمان بارستایی گۆیەکەی هەبێت، ئەگەر درێژی پەتەکە یەکسان بێت بە نیوەتیرەی ئەڵقەکە. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە دوری نێوان بارستایی و تەوەرەی خولانەوە بە تەنها کار لە هەژمارکردنی زەبری بارنەگۆڕی هەرشێوەیەك لە شێوەکان دەکات. ئەگەر دوری تەوەرەی خولانەوە نەگۆڕبوو، ئەوا دابەشبوونی بارستایی لەوکاتەدا کار لە نرخی زەبری بارنەگۆڕی ناکات.

ئەگەر ئەو دارەی تۆپەکەی پێلێدەدرێت لەسەریکەوە بەدەست بگیرێت، درێژییەکەی بەگوێرەی تەوەرەی خولانەوە گەورەترین نرخی دەبێت. بەمەش زەبری بارنەگۆڕییەکەی گەورەترین بڕی دەبێت، تا تەوەرەی خولانەوە نزیکتر بێت لە چەقەوە، زەبری بارنە گۆڕییەکە کەم دەکات و خولانەوەی دارەکەش ئاسانتر دەبێت. یاریزانی بیسبۆل هەندێك جار دارەکە لە خاڵەکانی نزیك چەق دەگرێت، یا لەبەر ئەوەی بارستایی دارەکە M گەورەیە، یان چونکە درێژییەکەی l زۆرە، لەهەردووبارەدا یاریزانەکە لە زەبری بارنەگۆڕی دارەکە کەمدەکاتەوە.

خشتە 1-2 زەبری بارنەگۆڕی بۆ چەند تەنێکی ئەندازەیی

شێوە		زەبری بارنەگۆڕی	شێوە		زەبری بارنەگۆڕی
	ئەڵقەیەکی تەنك (یان لولەکێکی تەنك) بەدەوری تەوەرەیەکدا بە چەقەکەیدا دادەڕوات	MR^2		تولێکی تەنك (باریك) بەدەوری تەوەرەیەکی ستون لەسەری و بەچەقەکەیدا دەڕوات	$\frac{1}{12}Ml^2$
	ئەڵقەیەکی تەنك بە دەوری تیرەکەیدا	$\frac{1}{2}MR^2$		تولێکی تەنك (باریك) بەدەوری تەوەرەیەکی ستون لەسەری و بەلایکیدا دەڕوات	$\frac{1}{3}Ml^2$
	تەنۆلکەیەك بەدەوری تەوەرەیەکدا	MR^2		گۆیەکی پتەو بەدەوری تیرەکەیدا	$\frac{2}{5}MR^2$
	پەپکەیەك یان لولەکێکی پتەو بەدەوری تەوەرەیەك لە ناوەڕاستیدا دەڕوات	$\frac{1}{2}MR^2$		گۆیەکی ناوبۆش بەدەوری تیرەکەیدا	$\frac{2}{3}MR^2$

هاوسەنگ بوونی بەخول

بێنە پێش چاوت تۆ و هاوڕێیەکت هەوڵدەدەن مێزێکی قورس بجوولێنن، لەجیاتی ئەوەی هەردووکتان لەیەك ئاڕاستەوە پالیبدەن بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەوە پالیپێوە دەنێن، وەك لە وێنەی 8-2 دا دیارە. ئەگەر دوو هێزەکە هەمان بڕو دوو ئاڕاستەی پێچەوانەیان هەبێت، ئەوا هاوڕێکەت وای بۆ دەچێت کە هەردوو هێزەکە یەکتری هاوسەنگ دەکەن و مەرجی هاوسەنگ بوون بەدەست دێت. هاوڕێکەت دەڵێت مێزەکە ناجوولێت، بەڵام لە ڕاستیدا دەجوولێت! لە شوێنی خۆی دەخولێتەوە.

وێنەی 8-2

ئەو دوو هێزەی کار لە مێزەکە دەکەن یەکسان و پێچەوانەن، لەگەڵ ئەوەشدا مێزەکە دەجوولێت. ئەمە چۆن ڕوودەدات.

دوو مەرجەکەی هاوسەنگ بوون

مێزەکە دەجولێت چونکە هەرچەندە بەرئەنجامی ئەو هێزانەی کاری تێدەکەن سفرە. بەڵام بەرئەنجامی زەبرەکان سفر نییە، ئەگەر بەرەنجامی ئەو هێزانەی کە کار لە تەنێك دەکەن سفر بێت تەنەکە لە باری هاوسەنگ بوونی جێگۆڕدا دەبێت وە ئەگەر بەرئەنجامی ئەو زەبرانەی کە کار لە تەنێك دەکەن سفربێت ئەوا تەنەکە لەباری هاوسەنگ بوونی بەخولدا دەبێت. بۆ ئەوەی تەنێك لەباری هاوسەنگ بوونی تەواودا بێت، جێگۆڕ و بەخول، پێویستە بەرئەنجامی هەریەك لە هێزەکان و زەبرەکان سفربێت، لە **خشتەی 2-2** دا مەرجی یەکەم و دووەمی هاوسەنگ بوون یەکبەدواییەك ڕونکراوەتەوە.

بۆ بەجێهێنانی مەرجی یەکەم پێویستە هەموو ئەو هێزانەی کار لە تەنێك دەکەن ئاڕاستەییانە کۆبکرێنەوە. بەڵام بۆ بەجێهێنانی مەرجی دووەم ئاڕاستەی تەوەرەی خولانەوە دیاریدەکرێت و زەبری هەموو هێزەکان بە دەوریدا هەژماردەکرێت. کرداری هەڵبژاردنی تەوەرەی خولانەوە کردارێکی ئارەزومەندانەیە، چونکە بەجێهێنانی مەرجی هاوسەنگ بوونی خولاوە لەسەر هەڵبژاردنی تەوەرەی خولانەوە بەند نییە. ئەگەر بەگوێرەی تەوەرەیەکی خولانەوەی دیاریکراو $\Sigma\tau = 0$ ، ئەوا بۆ هەر تەوەرەیەکی تری خولانەوە هەر ئەوە دەبێت. سود لەم بیرۆکەیە وەردەگرین لە هەڵبژاردنی ئەو تەوەرەیەی خولانەوە کە لەگەڵ هێڵی نادیاری هێز یەکتردەبڕێت، کە زەبرەکەی بە گوێرەی ئەم تەوەرەیە سفر دەبێت. بۆیە باشترە ئەو تەوەرەی خولانەوەیە هەڵبژێردرێت کە زەبری هێز بە دەوریدا سفرە.

خشتە 2-2 دوو مەرجەکەی هاوسەنگ بوون

جۆری هاوسەنگ بوون	هاوکێشە	واتاکەی
جێگۆڕ	$\Sigma\vec{F} = 0$	بەرئەنجامی ئەو هێزانەی کارلە تەنێك دەکەن پێویستە سفر بێت
بەخول	$\Sigma\tau = 0$	بەرئەنجامی ئەو زەبرانەی کار لە تەنێك دەکەن پێویستە سفر بێت.

نموونە 2 (ب)

هاوسەنگ بوونی بەخول

پرسیارەکە

لەوحێکی ئاسۆیی هاوچەشن b، درێژییەکەی 5.00 m و کێشەکەی 315 N، سەرێکی بە هۆی جومگەیەکەوە بە دیوارێکەوە جێگیرکراوە لەوحەکە دەتوانێت بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە. سەرەکەی تری لەوحەکە بە پەتێك کە گۆشەی 53° لەگەڵ ئاسۆدا دروستدەکات ڕاگیرکراوە، لەو کاتەی کەسێك p کێشەکەی 545N لە دوری 1.50m لە جومگەکە وەستاوە، هێزی کرژی پەتەکە F_T و ئەو هێزەی جومگەکە کارپێدەکاتە سەر دیوارەکە R بدۆزەوە؟ لەوحەکە لەباری هاوسەنگبوون دایە. وەك لە وێنەکەدا دیارە.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $L = 5.00$ m $\quad F_{g,b} = 315$ N $\quad \theta = 53^o$

$F_{g,p} = 545$ N $\quad d = 1.50$ m

نەزانراو: $F_T = ?$ $\quad R = ?$

وێنەکە: وای دادەنێم بارستایی تەنێکی ڕێکی ڕەهەندار لەچەقی بارستاییەکەیدا کۆدەبێتەوە



2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك یان هەڵوێستێك هەڵدەبژێرم: هێندە نەزانراوەکان بریتین لە R_x، R_y، F_T. مەرجی یەکەمی هاوسەنگ بوون بەکاردەهێنم لەهەردوو ئاراستەی x و y.

هاوکێشەکە بە ئاراستەی x: $F_x = R_x - F_T(\cos\theta) = 0$

هاوکێشەکە بە ئاراستەی y: $F_y = R_y + F_T(\sin\theta) - F_{g,p} - F_{g,b} = 0$

لەبەر ئەوەی سێ هێندی نادیارو تەنها دوو هاوکێشەمان هەیە، بۆیە بەبەکارهێنانی مەرجی یەکەمی هاوسەنگ بوون بە تەنها ناتوانین ئەنجامەکان بدۆزینەوە.

خاڵێك (تەوەرەیەك) هەڵدەبژێرم بۆ هەژمارکردنی بەرئەنجامی زەبر: جومگەی خولانەوە شوێنێکی گونجاوە بۆ هەڵبژاردنی تەوەرەی خولانەوە، چونکە زەبری هێزە نەزانراوەکە R بە گوێرەی ئەم تەوەرەیە دەبێتە سفر.

مەرجی دووەمی هاوسەنگ بوون جێبەجێ دەکەم: بەبەکارهێنانی مەرجی دووەمی هاوسەنگ بوون دەتوانرێت هاوکێشەی سێیەم بدۆزرێتەوە.

$$\tau = F_T L(\sin\theta) - F_{g,b}\frac{L}{2} - F_{g,p}d = 0$$

3. هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوکێشەکەدا لە جیاتی دادەنێم وشیکاردەکەم:

$$\tau = F_T(\sin 53^o)(5.00 \text{ m}) - (315 \text{ N})(2.50 \text{ m}) - (545 \text{ N})(1.50 \text{ m}) = 0$$

$$\tau = F_T(4.0 \text{ m}) - 788 \text{ N•m} - 818 \text{ N•m} = 0$$

$$F_T = \frac{1606 \text{ N•m}}{4.0 \text{ m}}$$

$$\boxed{F_T = 4.0 \times 10^2 \text{ N}}$$

نرخی هێزی کرژی لە جیاتی دادەنێین لەهەردوو هاوکێشە ئاراستەییەکەی x و y بۆ دۆزینەوەی R.

$$F_x = R_x - F_T(\cos 53^o) = 0$$

$$R_x = (400\ N)(\cos 53^o)$$

$$R_x = 240\ N$$

$$F_y = R_y + F_T(\sin 53^o) - 545\ N - 315\ N = 0$$

$$R_y = -3.2 \times 10^2\ N + 8.60 \times 10^2\ N$$

$$R_y = 540\ N$$

$$R = \sqrt{R_x^{\ 2} + R_y^{\ 2}}$$

$$R = \sqrt{(240\ N)^2 + (540\ N)^2}$$

$$\boxed{R = 5.9 \times 10^2\ N}$$

4. هەڵدەسەنگێنم

پێویستە ئەنجامی کۆکردنەوەی هەردوو پێکنەر هێزی پەتەکە و هێزی دیوارەکە لە ئاراستەی y یەکسان بێت بە هەردوو کێش، کێشی لەوحەکە و کێشی کەسەکە. بەم شێوەیە کۆی هەردوو بڕی هێزی پەتەکە و هێزی دیوارەکە گەورەترە لە کۆی هەردوو کێش، کێشی لەوحەکە و کێشی کەسەکە.

$$400 + 590 > 545 + 315$$

ڕاهێنانی 2 (ب)

هاوسەنگ بوونی بەخول

1. پردێك درێژییەکەی $20.0\ m$ وکێشەکەی $4.00 \times 10^5\ N$ لەسەر دوو ڕاگرجێگیرکراوە کە هەریەکەیان لەسەرەکانیانەوە دورە. ئەگەر ئۆتۆمبێلێك کێشەکەی $1.96 \times 10^4\ N$ بێت لە دووری $3.00\ m$ لەسەرێکی پردەکەوە بوەستێنرێت، ئەو هێزە چەندە کە هەریەك لەدوو ڕاگرەکە بەرێیدەکەن؟ $8.00\ m$

2. کارگوزارێکی پاککردنەوەی شووشە کێشەکەی $700.0\ N$ لەسەر لەوحێکی هاوچەشن وەستاوە کە کێشەکەی $200.0\ N$ وە درێژییەکەشی $3.00\ m$ لە هەردوو سەرەکەیەوە بەدوو پەتی شاوڵی هەڵواسراوە. هێزی کرژی لەهەر پەتێکدا چەند دەبێت ئەگەر کارگوزارەکە لە دوری $1.00\ m$ لەسەرێکەوە وەستابێت؟

3. دوو کچ کێشەکانیان $400.0\ N$ و $300.0\ N$ لە هەردووسەری دارێکەوە دانیشتون کە درێژییەکەی $2.00\ m$.

أ. کام خاڵ لەسەر دارەکە پێویستە خاڵی ڕاگیربوون بێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگی بەخول مسۆگەربکات؟ (کێشی دارەکە فەرامۆش بکە).

ب. وادابنێ کچێکی تر کە کێشەکەی $225\ N$ لە دوری $0.200\ m$ لەو کچەوە دانیشتوە کە کێشەکەی $400.0\ N$. کچی چوارەم کە کێشەکەی $325\ N$ لە کوێ دابنیشێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی مسۆگەربکات؟

پێداچوونەوەی بەندی 2-2

.1 لەکام لەو حەوت شوێنەی کە لە وێنەی 2-9 دا ڕوونکراوەتەوە.
پێویستە خاڵی ڕاگیربوون دابنرێت بۆ ئەوەی ئەمانەی خوارەوە بەدی بێت؟
أ. بەرەنجامی زەبر پۆزەتیڤ بێت.
ب. بەرەنجامی زەبر نێگەتیڤ بێت.
ج. هاوسەنگی بەخول.



وێنەی 2-9

.2 بەنزیکی شوێنی چەقی بارستایی هەریەک
لەم تەنانەی خوارەوە دیاری بکە:
أ. دارێکی یەک مەتری ڕێك.
ب. تۆپی بۆڵینگ.
ج. پارچە سەهۆڵێکی شێوە شەش پاڵو.
د. کێکێکی شێوە پەپکە.
هـ. مۆزێك.

.3 یەکێك لە خوێندکارەکان بڕوای وایە کە بارستایی و زەبری بارنەگۆڕی هەمان بڕیان هەیە.
هەڵەی ئەم بڕوایە باس بکە.

.4 دیاری بکە کام لە دوو مەرجەکەی هاوسەنگ بوون بەدیدێت لەهەریەك لەم بارانەی خوارەوەدا:
أ. تایەی پاسکیلێك لەسەر ڕێگایەکی تەخت بەگۆشە خێراییەکی نەگۆڕ خلۆر دەبێتەوە.
ب. پاسکیلێك لە لێواری ڕێگایەك وەستێنراوە.
ج. تایەکانی ئۆتۆمبێلێك هێواش دەبنەوە.
د. تۆپێك لەهەوادا دەڕوات.

.5 دوو کوڕ کێشەکانیان 510 N و 350 N لەسەر لەوحێکی ڕێك وەستاون کە کێشەکەی 40.0 N . خاڵی جێگیربوون لە چەقی بارستایی لەوحەکە دانراوە، وە ئەو کوڕەیان کە کێشەکەی 510 N لە دوری 1.50 m لە چەقەوە وەستاوە.
أ. کوڕی دووەمیان پێویستە لەکوێ بوەستێت بەجۆرێك لەوحەکە بەهاوسەنگی بمێنێتەوە؟
ب. ئەو هێزە چەندە کە خاڵی ڕاگیربوونەکەی کاریپێدەکاتە سەر لەوحەکە.

.6 **فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا:** لەبەرچی وا بەباش دادەنرێت کە شوێنی چەقی بارستایی پاسکیلێك لەزەوی نزیك بێت کاتێك پاسکیلەکە دەگاتە پێچێك؟

.7 **فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا:** دیزاینەرێکی پاسکیل دەیەوێت جۆرێکی تازەی پەرەپێبدات بەزیادکردنی چەند سەنگێکی لولەکی بۆ تەلەکانی تایەی پاسکیلەکە. دیزاینەرەکە وای دانا کە بەشێوەیەکی گشتی ئەمە وادەکات بارستایی تایەکە نزیکتر بێت لە تەوەرەکەی بەمەش زەبری بارنەگۆڕییەکەی کەمتر دەبێت، لەئەنجامدا خولانەوەی تایەکە ئاسانتر دەبێت. هەڵە لەم بۆچوونەدا چییە؟

بەندی 3-2

داینەمیکی خولانەوە

Rotational dynamics

یاسای دووەمی نیوتن لەجوولّەی بەخولدا

2-3 ئامانجەکانی بەندەکە

- یاسای دووەمی نیوتن لە جوولّەی بەخولدا جێبەجێ دەکات.
- گۆشە تەوژمی چەند تەنێك لە جوولّەی بەخولدا هەژماردەکات.
- چەند پرسیارێکی پەیوەندیدار بە جوولّە وزەی بەخول شیکار دەکات.

لە بەندی 2-2 زانیت کە پەیوەندییەك لە نێوان بەرەنجامی ئەو زەبرانەی کە کارلە تەنێك دەکات و گۆشە تاودانەکەیدا هەیە. ئەم پەیوەندییە هاوشێوەی یاسای دووەمی نیوتنە لە جوولّەی جێگۆڕدا کە بەرئەنجامی ئەو هێزانەی کار لە تەنێك دەکەن لەگەڵ تاودانە جێگۆڕەکەی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. دەتوانرێت یاسای دووەمی نیوتن لەکاتی خولانەوەدا بەم شێوەی خوارەوە بنوسرێت:

یاسای دووەمی نیوتن لە جوولّەی بەخولدا

$$\tau_{\text{بەرەنجام}} = I\alpha$$

بەرەنجامی زەبر = زەبری بارنەگۆڕی × گۆشە تاودان

لە بیرت بێت کە بەرئەنجامی زەبری پۆزەتیڤ دەبێتە هۆی خولانەوەی تەن بە ئاڕاستەی پێچەوانەی میلی کاتژمێر ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆشە تاودانیش بە ئاڕاستەی پێچەوانەی خولانەوەی میلی کاتژمێر دەبێت. هەروەها بەرەنجامی زەبری نێگەتیڤ دەبێتە هۆی گۆشە تاودانێك بە ئاڕاستەی خولانەوەی میلی کاتژمێر. لەبەر ئەوە پێویستە ئاگاداری نیشانەی ئەو زەبرانە بین کە کار لە تەنێك دەکەن لە کاتی هەژمارکردنی گۆشە تاودانەکەیدا.

سەیری **وێنەی 2-10** بکە، کە ئاو بەردەوام بە خێرایی بەرەو ڕەوڕەوەکە دێت. ئەو ئاوەی کە دێتە خوارەوە بە هێزێك کار دەکاتە سەرلێواری ڕەوڕەوەکە زەبرێك پەیدادەکات کە دەبێتە هۆی خولانەوەی. لە کاتێکدا هەندێك هێزی تر وەك بەرهەڵستی هەوا و لێکخشاندن لە نێوان تەوەرەکەو ڕەوڕەوەکەدا زەبرێکی پێچەوانە پەیدا دەکەن. کاتێك بەرەنجامی ئەو زەبرانەی کار لە ڕەوڕەوەکە دەکەن ببێتە سفر ڕەوڕەوەکە بە گۆشە خێراییەکی نەگۆڕ بەردەوام دەبێت لەسەر خولانەوەی، بەڵام بە وەستاوی دەمێنێتەوە ئەگەر لە بنەڕەتدا وەستاو بێت.

وێنەی 2-10

بەردەوام دەربەڕینی ئاوەکە بە زەبرێك کار لە ڕەوڕەوەکە دەکات.

خشتەی 3-2 یاسای دووەمی نیوتن لە جوولّەی جێگۆڕو بەخولدا

جێگۆڕ (هێڵی)	$F = ma$	هێز = بارستایی × تاودانی بەهێڵ
بەخول	$\tau = I\alpha$	زەبر = زەبری بارنەگۆڕی × گۆشەتاودان

نموونە 2 (ج)

یاسای دووەمی نیوتن لە جووڵەی بەخولدا

پرسیارەکە

یاریزانێك تیرێك بە ئاراستەی تابلۆیەك دەهاوێژێت ئەوەش بە خولاندنەوەی باسکی بەدەوری ئەنیشکیدا لە بازنەیەکی شاوڵیدا. زەبری بارنەگۆڕینی باسکی و تیرەکە بە دەوری تەوەرەی خولانەوەدا $0.075\ kg{\bullet}m^2$. لە کاتێکدا درێژی باسکی $0.26\ m$. ئەگەر لێکەوتە تاودانی تیرەکە لەکاتی دەرچووونیدا $45\ m/s^2$ بوو‌بێت، ئەوا بەرەنجامی ئەو زەبرەی کار لەباسکی و تیرەکە دەکات چەند دەبێت؟

شیکار

1.دەزانم

دراو: $I = 0.075\ kg{\bullet}m^2$ $a = 45\ m/s^2$ $d = 0.26\ m$

نەزانراو: $\tau = ?$

2.پلاندادەنێم

یاسای دووەمی نیوتن لە جووڵەی بەخولدا بەکاردەهێنم.

$$\tau = I\alpha \text{ کە } \alpha = \frac{a}{d}$$

$$\tau = I\left(\frac{a}{d}\right)$$

3.هەژماردەکەم

$$\tau = (0.075\ kg{\bullet}m^2)\ \frac{(45\ m/s^2)}{0.26\ m}$$

$$\boxed{\tau = 13\ N{\bullet}m}$$

ڕاهێنانی 2 (ج)

یاسای دووەمی نیوتن لە جووڵەی بەخولدا

1. ڕەوڕەوەی گۆزە دروستکەرێك لە شێوەی پەپکەدایە نیوەتیرەکەی $0.50\ m$ و بارستاییەکەی $100.0\ kg$ بە دەوری تەوەرەکەیدا دەخولێتەوە بە گۆشە خێرایی $50.0\ rev/min$. وەستاکە دەتوانێت ڕەوڕەوەکە بوەستێنێت بۆ ئەوەش پارچە قوڕێکی تەڕ بە لێواری ڕەوڕەوەکەوە دەنوسێنێت بۆ ماوەی $6.0\ s$.

أ. گۆشە تاودانی ڕەوڕەوەکە چەندە؟

ب. ئەو زەبرە چەندە کە وەستاکە دەیخاتە سەر ڕەوڕەوەکە؟

2. تایەی پاسکیلێك نیوەتیرەکەی $0.33\ m$ وە بارستاییەکەی $1.5\ kg$ بە گۆشە خێرایی $98.7\ rad/s$ دەخولێتەوە. ئەو زەبرە چەندە کە پێویستە بۆ وەستانی تایە خولانەوەکە لە ماوەی $2.0\ s$ دا؟ (تایەکە وەك ئەلقە دابنێ).

گۆشە تەوژم

ئایا رۆژێك مناڵێکت لە خولێنکەیەکی بازنەییدا خولاندۆتەوە؟ لەوانەیە تێبینی ئەوەت کردبێت کە پێویستیت بە ئەرکێك دەبێت بۆ خولاندنەوەی خولێنکەکە، وە هەروەها ئەرکێکی تر بۆ وەستاندنەوەی لە خولانەوە. تەنەکان هەوڵ دەدەن بەرهەڵستی هەر گۆڕانێك بکەن کە لە جووڵە بە خولەکەیاندا روو دەدات هەروەك هەوڵدەدەن بەرهەڵستی هەر گۆڕانێك بکەن کە لە جووڵە جێگۆڕەکەیاندا روو دەدات.

تەنە خولاوەکان گۆشە تەوژمیان هەیە

لەبەر ئەوەی تەنە خولاوەکان زەبری بارنەگۆڕیان هەیە، بۆیە لە ئەنجامی خولانەوەیانەوە تەوژمیان دەبێت. ئەوەش پێیدەوترێت **گۆشە تەوژم** angular momentum و بەم هاوکێشەیەی خوارەوە پێناسە دەکرێت:

گۆشە تەوژم

ئەنجامی لێکدانی زەبری بارنەگۆڕی تەنێکە بە دەوری تەوەرەی خولانەوەکەیدا لە گۆشە خێراییەکەی بەدەوری هەمان تەوەرەدا.

گۆشە تەوژم

$$L = I\omega$$

گۆشە تەوژم = زەبری بارنەگۆڕی × گۆشە خێرایی

وە یەکەی پێوانی گۆشە تەوژم $kg{\cdot}m^2/s$. بۆ گەلاڵە کردنی بیرۆکەیەك دەربارەی گەورەیی ئەم یەکەیە، سەرنج بدە کە تۆپێکی بۆڵینگ بارستاییەکەی $35\ kg$ وە بە گۆشە خێرایی $40\ rad/s$ دەخولێتەوە گۆشە تەوژمێکی دەبێت بڕەکەی $80\ kg{\cdot}m^2/s$ **خشتەی 2-4** پەیوەندی نێوان هێندە جێگۆڕەکان و هێندە بەخولەکان پوخت دەکاتەوە.

خشتەی 2-4 تەوژمی جێگۆڕ (بەهێڵ) و گۆشە تەوژم

جێگۆڕ	$p = mv$	تەوژمی بەهێڵ = بارستایی × خێرایی بەهێڵ
بەخول	$L = I\omega$	گۆشەتەوژم = زەبری بارنە گۆڕی × گۆشە خێرایی

دەشێت گۆشە تەوژم پارێزراوبێت

کاتێك بەرەنجامی ئەو زەبرانەی کارلەتەنێك دەکەن دەکاتە سفر، گۆشە تەوژمەکە لەسەر باری خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت. ئەم یاسایە پێی دەوترێت یاسای پاراستنی گۆشە تەوژم. بۆ نموونە ئەگەر لێکخشاندن لە نێوان دوو تەختەی خلیسکاندن و بەفردا فەرامۆش بکرێت، ئەوا ئەو زەبرەی کار لە خۆخلیسکێنەکە دەکات لە **وێنەی 2-11** دا سفر دەبێت. بەمەش گۆشە تەوژمەکەی پارێزراو دەبێت. کاتێك خۆخلیسکێنەکە هەردوو دەست و قاچی لە جەستەی نزیك بکاتەوە، بەشێکی گەورەتر لە بارستاییەکەی نزیکی تەوەرەی خولانەوە دەبێت، بەمەش زەبری بارنەگۆڕییەکەی بە دەوری تەوەرەی خولانەوەکەیدا کەمدەکات. وە لەبەر ئەوەی گۆشە تەوژمەکەی پارێزراوە ئەوا پێویستە گۆشە خێراییەکەی زیاد بکات بۆ ئەوەی قەرەبوی ئەو کەمبوونەوەیە بکاتەوە کە لە زەبری بارنە گۆڕییەکەیدا رووویداوە.



وێنەی 2-11

گۆشە تەوژمی خۆخلیسکێنەکە بە پارێزراوی دەمێنێتەوە کاتێك هەر دوو دەستە درێژکراوەکەی لە جەستەی نزیکدەکاتەوە.

نموونە 2 (د)

پاراستنی گۆشە تەوژم

پرسیارەکە

کچێك بارستاییەکەی **65 kg** خولێنکەیەکی شێوە پەپکە دەخولێنێتەوە بارستاییەکەی 5.25×10^2 **kg** وە نیوەتیرەکەی **2.00m**. کچەکە لە خاڵێکی سەر لێواری خولێنکەکەوە بەرەو چەقەکەی دەڕوات. ئەگەر سەرەتا گۆشە خێرایی خولێنکەکە **0.20 rad/s** بێت. خێراییەکەی دەبێتە چەند کاتێك کچەکە **0.50 m** لە چەقەکەوە دوربێت؟

شیکار

1. دەزانم

دراو:

$M = 5.25 \times 10^2$ kg $\quad r_i = R = 2.00$ m $\quad r_f = 0.50$ m

$m = 65$ kg $\quad \omega_i = 0.20$ rad/s

نەزانراو:

$\omega_f = ?$

2.پلان دادەنێم



هاوکێشەیەك یان هەڵوێستێك هەڵدەبژێرم: لەبەر ئەوەی ئەو زەبرە دەرەکییەی کار لە سیستەمەکە (خولێنکە – کچەکە) دەکات سفر دەبێت، لەبەر ئەوە گۆشە تەوژمی ئەم سیستەمە پارێزراو دەبێت.

$$L_i = L_f$$

$$L_{m,i} + L_{s,i} = L_{m,f} + L_{s,f}$$

زەبری بارنەگۆڕی هەژمار دەکەم، وا دادەنێم خولێنکەکە بریتییە لە پەپکەیەکی سەخت، وە کچەکەش بارستاییەکی شێوە خاڵە.

$$I_m = \frac{1}{2} MR^2$$

$$I_{s,i} = mR^2$$

$$I_{s,f} = mr_f^2$$

3. هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوکێشەکاندا لە جیاتی دادەنێم: زەبری بارنەگۆڕی سەرەتایی I_m و $I_{s,i}$ ، و گۆشە تەوژمی سەرەتایی L_i دیاریدەکەم.

$$I_m = \left(\frac{1}{2}\right)(5.25 \times 10^2 \text{ kg})(2.00 \text{ m})^2 = 1.05 \times 10^3 \text{ kg•m}^2$$

$$I_{s,i} = (65 \text{ kg})(2.00 \text{ m})^2 = 260 \text{ kg•m}^2$$

$$L_i = L_{m,i} + L_{s,i} = I_m\omega_i + I_{s,i}\omega_i$$

$$L_i = (1.05 \times 10^3 \text{ kg•m}^2)(0.20 \text{ rad/s}) + (260 \text{ kg•m}^2)(0.20 \text{ rad/s})$$

$$L_i = 260 \text{ kg•m}^2/\text{s}$$

دوا زەبری بارنەگۆڕی $I_{s,f}$ و دوا گۆشە تەوژم L_f دیاریدەکەم

$$I_{s,f} = (65 \text{ kg})(0.50 \text{ m})^2 = 16 \text{ kg•m}^2$$

$$L_f = L_{m,f} + L_{s,f} = I_m\omega_f + I_{s,f}\,\omega_f$$

$$L_f = (1.05 \times 10^3 \text{ kg•m}^2 + 16 \text{ kg•m}^2)\omega_f$$

$$L_f = (1.07 \times 10^3 \text{ kg • m}^2)\omega_f$$

گۆشە تەوژمی سەرەتایی یەکسانی دوا گۆشە تەوژم دەکەم.

$$260 \text{ kg•m}^2/\text{s} = (1.07 \times 10^3 \text{ kg•m}^2)\omega_f$$

$$\boxed{\omega_f = 0.24 \text{ rad/s}}$$

4. هەڵدەسەنگێنم

لەبەر ئەوەی زەبری بارنەگۆڕی کەمدەکات لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی کچەکە لە چەقی خولێنکەکە، ئەوا دوا گۆشە خێرایی لەسەرەتا گۆشە خێرایی گەورەتردەبێت.

$$0.24 \text{ rad/s} > 0.20 \text{ rad/s}$$

ڕاهێنانی 2 (د)

پاراستنی گۆشە تەوژم

1. تایەی پاسکیلێك بارستاییەکەی 2.0 kg و نیوەتیرەکەی 0.30 m بە گۆشە خێرایی 25 rad/s دەخولێتەوە، کاتێك بارستایی 0.30 kg لە دووری 0.19 m لە تەوەرەی خولانەوەی لەسەربوو. خێرایی خولانەوەی تایەکە دەبێتە چەند ئەگەر بارستاییەکە تا 0.25 m لە تەوەرەی خولانەوە دور بخرێتەوە؟

2. لولەکێکی سەختی شاوڵی بارستاییەکەی 10.0 kg وە نیوە تیرەکەی 1.00 m بە گۆشە خێرایی 7.00 rad/s بە دەوری تەوەرەکەیدا دەخولێتەوە. پارچە هەویرێك بارستاییەکەی 0.250 kg شاوڵیانە لە دووری 0.900 m لە تەوەرەکەیەوە فڕێدرایە سەر لولەکەکەو پێوەینوسا. دوا گۆشە خێرایی لولەکەکە هەژماربکە.

جووڵە وزەی بەخول

لە پۆلی یازدەهەمدا ئەوت خوێند کە وزەی میکانیکی تەنێك جووڵە وزەی جێگۆڕو ماتە وزە دەگرێتەوە، ئەمە تەنها کاتێك ڕاست بوو کە وەك خاڵێك مامەڵەمان لەگەڵ تەنەکەدا دەکرد. واتە ئەم سامپڵە سادەیە توانای جووڵەی بە خولی تەنی بە دەوری خۆیدا سەرەڕای جووڵە جێگۆڕەکەی وەك بارستە خاڵێك دانەئەنا.

ئەو تەنانەی کە بەدەوری خۆیاندا دەخولێنەوە جووڵە وزەی بەخولیان هەیە

ئەو تەنانەی کە بە دەوری خۆیاندا دەخولێنەوە جووڵە وزەیەکیان هەیە بەندە بە گۆشە خێراییەکەیانەوە. ئەم جۆرە وزەیە پێی دەوترێت **جووڵە وزەی بەخول** rotational kinetic energy وە بەم پەیوەندییەی خوارەوە دەدۆزرێتەوە.

جووڵە وزەی بەخول

وزەی تەنێکە لە ئەنجامی خولانەوەیەوە پەیدا دەبێت.

> **جووڵە وزەی بەخول**
>
> $$KE_{\text{بەخول}} = \frac{1}{2} I\omega^2$$
>
> **جووڵە وزەی بەخول = $\frac{1}{2}$ × زەبری بارنەگۆڕی × دووجای گۆشە خێرایی**

وە جووڵە وزەی جێگۆڕی تەنۆلکەیەك یەکسانە بە $\frac{1}{2}mv^2$، بە جۆرێك زەبری بارنەگۆڕی جێگای بارستاییەکە دەگرێتەوە، وە گۆشە خێرایی جێگای خێراییە جێگۆڕەکە دەگرێتەوە. یەکەی پێوانەی جووڵە وزەی بەخول لە سیستەمی SI دا بریتییە لەجول joule. **خشتەی 5-2** پەیوەندی نێوان هێندە جێگۆڕەکان و هێندە بەخولەکان پوخت دەکاتەوە.

خشتەی 5-2 جووڵە وزەی جێگۆڕ و جووڵە وزەی بەخول

جێگۆڕ	$KE_{\text{جێگۆڕ}} = \frac{1}{2} mv^2$	جووڵە وزەی جێگۆڕ = $\frac{1}{2}$ × بارستایی × دووجای خێرایی
خولاوە	$KE_{\text{بەخول}} = \frac{1}{2} I\omega^2$	جووڵە وزەی بەخول = $\frac{1}{2}$ × زەبری بارنەگۆڕی × دووجای گۆشە خێرایی

دەشێت وزەی میکانیکی پارێزراوبێت

پێشبڕکێی نێوان گۆیە پتەوەکە و لولەکە پتەوەکەو لولەکە ناوبۆشەکەی بەندی یەکەمی ئەم بەشە بێنەوە بیری خۆت، چونکە وامان دانا ئەو تاکە هێزەی کە ئیشێك لەسەر جوڵاندنی گۆیەکان و لولەکەکان بەرێدەکات تەنها کێشە کانیانە، لەبەر ئەوە میکانیکە وزەی هەریەك لەو تەنانە پارێزراوە. ئەوەی لێرەدا جیایە لە بەشی ئیش و وزەی پۆلی یازدەهەم ئەوەیە، کە تەنەکان لێرەدا دەخولێنەوە. بیرت بێتەوە کە وزەی میکانیکی بریتییە لەسەرەنجامی کۆکردنەوەی هەموو جۆرەکانی جووڵە وزەو ماتە وزە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان ووشەی جووڵە وزەی بەخول بۆ هاوکێشەی میکانیکە وزە زیادبکەین وەك ئەمەی خوارەوە:

$$ME = KE_{\text{جێگۆڕ}} + KE_{\text{بەخول}} + PE_g$$

$$ME = \frac{1}{2} mv^2 + \frac{1}{2}I\omega^2 + mgh$$

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

نموونە 2 (هـ)

پاراستنی وزەی میکانیکی

پرسیارەکە

گۆیەکی پتەو و بارستاییەکەی **4.10 kg** و نیوە تیرەکەی **0.050 m** لە وەستانەوە دەست بەخلۆربوونەوە دەکات لە بەرزی **2.00 m** لەسەر لێژییەك کە بە گۆشەی **30.0^o** لەسەروی ئاسۆوە لارە، هەر وەك لە وێنەکە رونکراوەتەوە. خێرایی جێگۆڕی چەقی گۆیەکە چەندە کاتێك دەگاتە دامێنی لێژییەکە؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $h = 2.00$ m $\theta = 30.0^o$ $m = 4.10$ kg

$r = 0.050$ m $v_i = 0.0$ m/s

نەزانراو: $v_f = ?$

وێنەکە:



2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك یان هەڵوێستێك هەڵدەبژێرم: یاسای پاراستنی وزەی میکانیکی بەکاردەهێنم

$$ME_i = ME_f$$

لەسەرەتادا، تەنەکە تەنها ماتەوزەی کێشکردنی هەیە. کاتێك دەگاتە دامێنی لێژییەکە، ماتەوزەی کێشکردنەکە دەگۆڕێت بۆ جووڵە وزەی جێگۆڕ و بەخول.

$$mgh = \frac{1}{2}mv_f^2 + \frac{1}{2}I\omega_f^2 \quad \text{کە} \quad \omega_f = \frac{v_f}{r}$$

زەبری بارنەگۆڕی گۆی پتەو: $I = \frac{2}{5}mr^2$

لەبەر ئەوەی وزەی میکانیکی سەرەتایی یەکسانە بە وزەی میکانیکی کۆتایی بەوەش:

$$mgh = \frac{1}{2}mv_f^2 + \frac{1}{2}\left(\frac{2}{5}mr^2\right)\left(\frac{v_f}{r}\right)^2 = \frac{1}{2}mv_f^2 + \frac{1}{5}mv_f^2 = \frac{7}{10}mv_f^2$$

هاوکێشەکە دووە 10ڕێکدەخەمەوە نەزانراوەکە جیادەکەمەوە:

$$v_f^2 = \frac{01}{7}gh$$

3. هەژماردەکەم

نرخەکە لە هاوکێشەکەدا لە جیاتی دا10نێم و شیکاری دەکەم:

$$v_f^2 = \frac{01}{7}(9.81 \text{ m/s}^2)(2.00 \text{)m}$$

$$\boxed{v_f = 5.29 \text{ m/s}}$$

4. هەڵدەسەنگێنم

پێویستە دوا خێراییەکەی کەمتربێت لەو خێراییەی کە تەنێك پەیدای دەکات کاتێك لەهەمان بەرزییەوە کەوتنە خوارەوەیەکی سەربەست بکەوێتە خوارەوە چونکە بەشێك لە جووڵە وزە سەرەتاییەکەی دەگۆڕێت بۆ جووڵە وزەی بەخول.

$$v_{f\ \text{کەوتنە خوارەوەی سەربەست}} = \sqrt{2gh} = 6.26 \text{ m/s}$$

$$5.29 \text{ m/s} < 6.26 \text{ m/s}$$

ڕاهێنانی 2 (هـ)

پاراستنی وزەی میکانیکی

1. تایەی پاسکیلێك بارستاییەکەی 1.5 kg وە نیوە تیرەکەی 0.33 m لە وەستانەوە دەست بە خلۆربوونەوە دەکات لەلوتکەی گردێکەوە کە بەرزییەکەی 14.8 m. خێرایی جێگۆڕی چەقی تایەکە چەندە کاتێك دەگاتە دامێنی گردەکە؟ (وادابنێ کە تایەکە بریتییە لە ئەڵقەیەك کە $I = mr^2$).

2. وادابنێ تۆپێکی سەبەتە تیرەکەی 25 cm بریتییە لە توێکلێکی گۆیی. چەند کاتی پێویستە بۆ ئەوەی لە وەستانەوە ماوەی 4.0 m لەسەر ڕووریەکی لێژ خلۆربێتەوە کە بە گۆشەی 30.0^o لەگەڵ ئاسۆدا لارە؟

پێداچوونەوەی بەندی 3-2

1. پاریزانێك لەسەر کورسیەکی خولاوە دانیشتوە هەریەك لە دەستەکانی بارستایی 3.0 kg هەڵگرتووە. کاتێك هەردوو دەستی ئاسۆییانە درێژ دەکات هەر بارستاییەکیان دەکەوێتە دوری 1.0 m لە تەوەرەی خولانەوەوە گۆشە خێراییەکەشی (0.75 rad/s)ە. ئەگەر پاریزانەکە دوو بارستاییەکەی بۆ دووری 0.30 m لە تەوەرەی خولانەوە نزیکخستەوە گۆشە خێراییە تازەکەی دەبێتە چەند؟ وا دابنێ زەبری بارنەگۆڕی هاوبەشی پاریزانەکەو کورسیەکە بە دەوری تەوەرەی خولانەوەدا $3.0\ kg{\bullet}m^2$

2. **فیزیا لە ژیانی ڕۆژانەدا:** پاسکیل سوارێك هێزێك کە بڕەکەی 40.0 N دەخاتە سەر پایدەری پاسکیلەکەی کە 0.15 m لە تەوەرەی خولانەوەی تایەکەوە دوورە. نیوە تیرەی تایەکەی 50.0 cm . ئەگەر خێرایی جێگۆڕی پاسکیلەکە بگاتە 2.25 m/s پاش 3.0 s لە سەرەتای جووڵەکەیەوە لە وەستانەوە، زەبری بارنەگۆڕی تایەکە چەندە؟ (لێکخشاندن و زەبری بارنە گۆڕی تایەکەی تری پاسکیلەکە فەرامۆش بکە).

مانگە دەستکردەکان و کونە ڕەشەکان

هاوێژراوەکان و مانگەدەستکردەکان

وەك لە کتێبی پۆلی یازدەهەمدا باسمان کرد، کاتێك گۆیەك بەسەرەتا خێراییەکی تەریب بەرووی زەوی دەهاوێژرێت جووڵەکەی دوو پێکنەری دەبێت: خێراییەکی ئاسۆیی نەگۆڕ وە تاودانێکی شاوڵی یەکسان بە تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم شیکردنەوەیەدا تێگەیشتنی سوڕانەوەی مانگ و مانگە دەستکردەکان بە دەوری زەویدا وەك جووڵەی هاوێژراوەکان گرانە. بەڵام مانگە دەستکردەکان بەکردار لە هاوێژراوەکان دەچن وەك لە **وێنەی 2-12**دا دەردەکەوێت. تا ئەو سەرەتا خێراییەی هاوێژراوەکە کە تەریبە بە زەوی گەورەتربێت، هاوێژراوەکە دورییەکی ئاسۆیی درێژتر دەبڕێت پێش ئەوەی بەر زەوی بکەوێت. تێبینی بکە کاتێك هاوێژراوەکە دەگاتە سەرەتا خێراییەکی دیاریکراو، دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەرچوونەکەی بێ ئەوەی لە زەوی نزیکببێتەوە. هێزی کێشکردن لەم بارەدا ئەوەندە گەورەدەبێت بە جۆرێك کە ناهێڵێت هاوێژراوەکە لەسەر هێڵە ڕاستە سەرەتاییەکەی لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام بێت وایلێدەکات لەسەر خولگەکەی بمێنێتەوە.



وێنەی 2-12
کاتێك سەرەتا خێرایی هاوێژراوەکە گەورەبێت بە بڕێکی پێویست، هاوێژراوەکە وەك مانگێکی دەستکرد بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە.

خێرایی دەربازبوون Escape velocity

کاتێك بڕی خێرایی تەنێك یان کەشتیەکی بۆشایی گەورەتربێت لەو خێراییەی کە پێویستە بۆ ئەوەی لە خولگەیەکی دیاریکراودا دابنرێت، تەنەکە دەتوانێت لە ڕاکێشانی کێشکردنی زەوی دەربازی بێت و لە بۆشاییدا سەری هەڵگرێت. ئەمە کاتێك ڕوودەدات کە خێراییە سەرەتاییەکەی وابکات بواری کاریگەری هێزی کێشکردن ببەزێنێت وە نرخی بیرکارییانەی خێرایی دەرباز بوون بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

$$v_{\text{دەربازبوون}} = \sqrt{\frac{2MG}{R}}$$

کە R نیوەتیرەی گۆی زەوییە ($R = 6.37 \times 10^6$ m) و M بارستاییەکەیەتی و $M = 5.98 \times 10^{24}$ kg. لەبەر ئەوە خێرایی دەربازبوونی هاوێژراوەکە لە بواری کێشکردنی زەوی دەبێتە $v_{\text{دەربازبوون}} = 1.12 \times 10^4$ m/s، ئەوخێراییەش بەند نییە لەسەر بارستایی هاوێژراوەکە.

تابارستایی هەسارەکە زیاد بکات و نیوەتیرەکەی کەمبکات، بڕی خێرایی دەربازبوون لە بواری کێشکردنی ئەو هەسارەیە زیاد دەکات وەك لە **وێنەی 2-13** دا ڕوونکراوتەوە. ئەگەر بارستایی هەسارەکە زۆر گەورەبێت و نیوە تیرەکەی بچوك بێت بڕی خێرایی دەربازبوون لە کێشکردنەکەی دەگاتە نرخە زۆر گەورەکان.

بۆ نموونە ئەگەر بارستایی تەنێکی دیاریکراو سێ ئەوەندەی بارستایی خۆربێت!!، وە تیرەکە لە 10 km زیاترنەبێت!!، ئەوا خێرایی دەربازبوون لە کێشکردنەکەی دەگاتە خێرایی ڕووناکی!!، بەمانا هێزی کێشکردنی ئەم تەنە بۆ سەر هەر هاوێژراوێك زۆر گەورە دەبێت بە جۆرێك هەتا خێرای ڕوناکیش ناتوانێت لەم کێشکردنە دەربازی ببێت.



وێنەی 2-13

(أ) ئەو هاوێژراوەی لە نزیك تەنێکی بارستایی گەورەوە تێپەر ببێت لە ڕێڕەوەکەی لادەدات. (ب) تا قەبارەی تەنەکە بچوکتر ببێتەوە هاوێژراوەکە زیاتر لەسەر ڕێڕەوەکەی لادەدات وە خێرایی دەربازبوون لە بواری کێشکردن زیاتردەبێت. (ج) ئەگەر تەنەکە زۆر بچوك بێت وە بارستاییەکەی زۆر گەورە بێت خێرایی دەربازبوون لە کێشکردنەکەی لە دووری R_s لە خێرایی ڕوناکی زیاتر دەبێت. ئەو کاتە بەتەنەکە دەوترێت کونی ڕەش.

کونە ڕەشەکان black holes

زانا کارڵ یەکەم کەس بوو کە پێشبینی لە بوونی ئەو تەنە بارستایی گەورە و قەبارە بچوکانە کرد ئەمەش لە سویسرا بوو ساڵی 1916 کاتێك لێکدانەوەکانی خۆی بۆ هاوکێشەکانی ڕێژەیی گشتی ئاینشتاین بەکارهێنا ئەمەش بە مەبەستی پێشبینی کردنی سیفەتەکانی ئەم تەنانە. دوری لە چەقی تەنەوە بۆ ئەو خولگە بازنەییەی کە تێیدا خێرایی دەربازبوون یەکسانە بە خێرایی ڕووناکی، پێی دەوترێت نیوە تیرەی Schwarzchild (R_s)، وە ڕوناکی ناتوانێت بە هیچ خاڵێکی گۆی Schwarzchildدا تێپەڕبێت. وە ناتوانین هیچ زانیارییەك دەربارەی ئەو ڕووداوانە بەدەست بهێنین کە دەکەوێتە ناویەوە. بە لێواری بازنەکە دەوترێت (ئاسۆی ڕوداوەکان) horizon وە ناوچە تاریکەکەی گۆیەکە پێی دەوترێت کونی ڕەش black holes.

بەم دواییانە تاقیکردنەوەکان بەڵگەی بەهێزیان دا بەدەستەوە لەسەر هەبوونی کونەڕەشەکان. تێبینی چەند برێکی گەورە لە تیشکی x و چەند تیشکێکی تر کراوە کە لە چەند ناوچەیەکی نزیکی ئەستێرە بینراوەکانەوە دێن، وە ئەستێرەکان سەرچاوەی ئەو تیشکانەنین. ئەگەر ئەستێرە کونێکی ڕەشی هەبێت و هاوەڵی بێت، لەوانەیە ئەستێرەکە هەندێك لە گازەکانی بۆشایی دەرەوەی لە دەست بدات وە بەرەو کونەکە کێش ببێت. وە ئەم گازانەی بۆشایی سەرچاوەی ئەو تیشکدانە دەبن، کاتێك تاودەدرێن لە نزیك کونەکەوە. لە جۆرە گرنگەکانی کونە ڕەشەکان بریتین لە Scorpius x-1 و Cygnus x-1.



وێنەی 2-14

شوهبە گازییەکان وە چەقە پەپکەکەی لای ڕاست، کە لە تێکەڵکردنی وێنەیەکی ڕووناکی و وێنەیەکی ڕادیۆیی تیلسکۆبی بۆ NGC 4261 پێکهاتوون ئەوە دەردەخەن کە کونێکی ڕەش لە چەقی ئەم گەلە ئەستێرەیەدا هەیە.

ئەو برە گەورەیەی وزە کە هەندێك چەقی گۆی گەلە ئەستێرەکەمان (Center of our galaxy) دەینێرن وا لە زۆربەی گەردون ناسەکان دەکات باوەڕیان وابێت کە سەرچاوەی ئەو وزەیە کونە ڕەشە گەورەکان بن.

ئەگەری ئەوە هەیە کە گەلە ئەستێرەی NGC 4261 کونێکی ڕەشی لە چەقەکەیدا هەبێت وەك لە وێنەی **2-14** دا ڕونکراوەتەوە. هەندێك لە زاناکانی گەردونزانی باوەڕیان وایە کە گەلە ئەستێرەکەمان، (ڕێگای کاکێشان) کونێکی ڕەشی هەبێت بە قەبارەی کۆمەڵەی خۆر.

پوختەی بەشی 2

زاراوە بنچینەییەکان

زەبر Torque لا (33)

باسکی خولانەوە
Lever arm لا (33)

چەقی بارستایی
Center of mass لا (37)

زەبری بارنەگۆڕی
Moment of inertia لا (38)

گۆشە تەوژم
Angular momentum لا (46)

جووڵە وزەی بەخول
Rotational kinetic energy لا (49)

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 1-2 زەبر

- زەبر پێوەری توانای هێزە لە خولانەوەی تەنێك بە دەوری تەوەرەیەکدا.
- زەبری سەر تەنێکی دیاریکراو بەندە لەسەر بڕی هێزی کاریگەر و درێژی باسکی خولانەوە بە پێی ئەم هاوکێشەیە $\tau = F(d\sin\theta)$.

بەندی 2-2 خولانەوە و بارنەگۆڕی

- زەبری بارنەگۆڕی تەنێك بریتییە لە پێوەری بەرهەڵستی تەنەکە بۆ گۆڕان لە جووڵە بە خولەکەی بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا.
- بۆ ئەوەی تەنێکی ڕەهەندار لە باری هاوسەنگی تەواودا بێت، پێویستە هاوسەنگی جێگۆڕ و هاوسەنگی بەخولی هەبێت.

بەندی 3-2 داینەمیکی خولانەوە

- یاسای دووەمی نیوتن لە جووڵەی بەخولدا کە هاوچەشنی یاسای دووەمی نیوتنە لە جووڵەی بەهێڵدا دەتوانرێت بەم شێوەیە بنووسرێت: $\tau = I\alpha$
- تەنە خولاوەکان گۆشە تەوژمیان هەیەو بەنەبوونی زەبرە دەرەکییەکان پارێزراودەبێت.
- تەنە خولاوەکان جووڵە وزەی بەخولیان هەیەو بە نەبوونی زەبرە دەرەکییەکان پارێزراو دەبێت.

هێمای گۆڕاوەکان

هێندەکە	یەکەکەی
τ زەبر	N•m
I زەبری بارنەگۆڕی	$kg•m^2$
L گۆشە تەوژم	$kg•m^2/s$
$KE_{خولانەوە}$ جووڵە وزەی بەخول	J

www.ferkar.krd
0751 960 70 80



پێداچوونەوەی بەشی 2

پێیدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

زەبر

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

.1 پزیشکی ددان چۆن زەبر بەکاردەهێنێت بۆ ڕاستکردنەوەی ددانەکان؟ باسی بکە

.2 کام لەو دوو هێزەی کار لە تولەکەی **وێنەی 2-15** دەکەن، زەبرێك بە دەوری ئەو تەوەرەیەی کە دەکەوێتە لای چەپی تولەکە دروست دەکات؟



وێنەی 2-15

.3 دوو کوڕ تایەی ئۆتۆمبێلێك لەسەر لێژاییەك خلۆر دەکەنەوە. بە بڕوای یەکێکیان تایەکە خێراتر دەخولێتەوە ئەگەر بێت وخۆی لەناو تایەکە گرموڵە بکات، بەڵام دووەمیان بڕوای وایە کە ئەمە دەبێتە هۆی خولانەوەیەکی هێواشتر کام لەم دوو بۆچوونە ڕاستە؟

.4 زەبری بارنەگۆڕی تەنێکی ڕێك بە دەوری تەوەرەیەکدا کە بە چەقی بارستاییەکەیدا تێپەڕ دەبێت، ناکرێت لە نرخی MR^2 زیاتربێت، کە M بارستایی و R دوری چەقی بارستاییەکە بۆ دورترین لێواری تەنەکە. هۆی ئەمە چییە؟ (تێبینی: کام شێوە لە تەنەکان زەبری بارنەگۆڕییەکەی MR^2)ە.

.5 دوو هێز هەمان بڕیان هەیە کار لە تایەیەك دەکەن، وەك لە **وێنەی 2-16** دا دیارە. کامیان زەبرێکی گەورەتر دەخاتە سەر تایەکە؟



وێنەی 2-16

.6 دوو هێز هەمان بڕیان هەیە و ئاراستەکانیان پێچەوانەیە کار لە تەنێکی دیاریکراو دەکەن لە هەمان خاڵدا، ئایا دەتوانن زەبرێکی دیایکراو لەسەر تەنەکە پەیدا بکەن؟ باسی بکە.

.7 کاتێك لەسەر پشت ڕاکشاوی و دەستەکانت لەپشت سەرتەوە بێت هەستانەوەت زۆر گرانتر دەبێت لەچاو ئەو بارەدا کە دەستەکانت بۆ بەردەمت درێژکردبێت! ڕای خۆت دەربڕە.

پرسیارەکانی ڕاهێنان

.8 سەتڵێکی پڕ لە ئاو، بارستاییەکەی 54 kg ، بە پەتێکەوە هەڵواسراوە کە لەسەر لولەکێکی وەستاو هەڵکراوەکە نیوەتیرەکەی 0.050 m . ئەگەر لولەکەکە نەخولێتەوە و وە سەتڵەکەش بە پەتەکەوە شۆڕ بوبێتەوە بڕی ئەو زەبرە چەندە کە سەتڵەکە بە دەوری چەقی لولەکەکەدا پەیدای دەکات؟

.9 درێژی باسکی بەرزکەرەوەیەك لە شوێنی دامەزراوەیەکدا دەگاتە 15.0 m وە گۆشەی نێوان باسکەکەو ئاسۆ 20.0^o . وا دابنێ گەورەترین کێش کە دەتوانرێت بە هۆی بەرزکەرەوەکەیەوە بەرز بکرێتەوە بەو زەبرە دیاریدەکرێت کە ئەو کێشە بە دەوری بنکەی باسکی بەرزکەرەوەکەدا پەیدایدەکات.

أ. بڕی زۆرترین زەبر کە بەرزکەرەوەکە دەتوانێت بەرگەی بگرێت چەندە ئەگەر زۆرترین کێشی هەڵواسراو پێوەی 450 N بێت؟

ب. زۆرترین کێش کە بەم بەرزکەرەوەیەوە هەڵبواسرێت چەندە ئەگەر گۆشەکەی لەگەڵ ئاسۆ 40.0^o بێت؟

خولانەوە و بارنەگۆڕی

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

.10 نمایشکەرێك لەشاری یاریدا یاری بە دوو پارچە دار دەکات و لە هەوادا بایاندەدات (دەیان خولێنێتەوە)، یەکێکیان لەوەی تریان قورسترە، کام لەم دەقانەی خوارەوە بەڕاست دادەنرێت:

أ. زەبری بارنەگۆڕی دارە سوکەکە گەورەترە.

ب. هەریەکە لە سەرەکانی دوو دارەکە لە سەر ڕێڕەوێکی برگە هاوتا دەجووڵێن دوای هاوێشتنیان لە هەوادا.

ج. چەقی بارستایی هەریەکە لە دارەکان لەسەر ڕێڕەوێکی برگە هاوتا دەجووڵێن دوای هاویشتنیان.

.11 لە پرسیاری پێشودا، کاتێك نمایشکەرەکە بە شێوەیەکی ڕێك ڕادەوەستێت. دوو دارەکە بە درێژایی هەردوو دەستی لە سەرەکانیانەوە ڕادەگرێت. ئایا چەقی بارستاییەکەی:

أ. لە ناوەڕاستی جەستەکەیەوە دەبێت؟

ب. لەو دەستەی نزیکتردەبێت کە دارە سوکەکەی گرتووە؟

ج. لەو دەستە نزیکتر دەبێت کە دارە قورسەکەی گرتووە؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

12. دوو مەرجەکەی هاوسەنگ بوون چین؟ بەجێهێنانەکانیان باس بکە لەکاتی دانیشتنی دوو کوڕ لەسەر لاکانی جۆلانەیەک.

13. ئەو مەرجە چییە کە پێویستە تەنێك بەدیبهێنێت کاتێك دەڕوات و لە باری هاوسەنگبووندایە؟

14. یاریزانێك دارێك لە هەواودا فڕێ دەدات.

أ. جووڵەی سەرەکانی دارەکە وەسف بکە لەوکاتەی لە هەوادا دەجووڵێت.

ب. جووڵەی چەقی بارستایی دارەکە وەسف بکە.

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

15. هاوێژراوێك لە هەوادا لە ناکاو تەقیەوە بۆ چەند پارچەیەك چی دەتوانرێت بگوترێت، پاش تەقینەوەکە دەربارەی جووڵەی چەقی پارستایی پارچە فڕیوەکان (بڵاوبووەکان)؟

16. ئایا دەتوانیت بە بەکارهێنانی تەرازوی سادەی دوو تایی دوو تەن هاوسەنگ بکەیت کە بارستاییەکانیان جیاوازبێت (واتە کێشەکانیان جیاوازبێت)؟ باسی بکە.

17. تەنۆلکەیەك لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات، ئەو زەبرەی کاریتێدەکات بە دەوری خاڵێکی دیاری نەکراودا. دەبێتە سفر. ئایا ئەمە ئەوە دەگەێنێت کە پێویستە بەرئەنجامی ئەو هێزانەی کار لە تەنۆلکەکە دەکەن سفر بێت؟ ئایا دەتوانیت بڵێیت کە گۆشە خێرایی تەنۆلکەکە نەگۆڕە؟ باسی بکە.

پرسیارەکانی ڕاهێنان

18. کارگوزارێکی پاککردنەوەی شووشە لەسەر تەختەیەك وەستاوە کە لە هەردوو سەریەوە بە دوو پەتی شاوڵییەوە بەستراوە. کێشی تەختەکەی 205 N و درێژییەکەی دەگاتە 3.00 m. ئەو هێزە چەندە کە هەریەك لە پەتەکان دەیخەنە سەر تەختەکە ئەگەر کێشی کارگوزارەکە 675 N بێت و لە دوری 1.00 m لە یەکێك لەسەرەکانیەوە وەستابێت؟

یاسای نیوتن لە جووڵەی بەخولدا

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

19. تەنێك بە گۆشە خێراییەکی نەگۆڕ دەخولێتەوە. ئایا هیچ بەرئەنجامی زەبرێك هەیە کە کاریتێبکات؟ باسی بکە.

20. ئەگەر تەنێك لە باری وەستاندا بێت، ئایا ئەمە ئەوە دەگەێنێت کە هیچ زەبرێك نییە کاریتێبکات؟

21. دوو لولەك کە هەمان نیوە تیرەیان هەیە لەسەر لێژیەك خلۆردەبنەوە بێ خلیسکان. بارستایی لولەکی یەکەم دوو ئەوەندەی بارستایی لولەکی دووەمە. بڕی ئەو زەبرە چەندە کە کاردەکاتە سەر لولەکی یەکەم بە بەراورد لەگەڵ ئەو زەبرەی کە کاردەکاتە سەر لولەکی دووەم؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

22. لولەکێکی پتەو وڕێك بارستاییەکەی دەگاتە 30.0 kg وە نیوەتیرەکەی 0.180 m . ئەگەر گۆشەتاودانی لولەکەکە بە دەوری تەوەرەکەیدا 2.30×10^{-2} rad/s^2 بێت، زەبری کاریگەر لەسەر لولەکەکە چەند دەبێت؟

23. خولێنکەیەکی بازنەیی ئاسۆیی بارستاییەکەی 350 kg و نیوە تیرەکەی 1.5 m خولێنرایەوە بەهۆی ڕاکێشانی پەتێکەوە کە لەسەر چێوەکەی هەڵکراوە. زەبری پێویست بۆ خولانەوەی خولێنکەکە لە وەستانەوە دەبێت چەندبێت بۆ ئەوەی گۆشە خێرایی 3.14 rad/s پەیدابکات لە ماوەی 2.00 s دا؟

گۆشە تەوژم و جووڵە وزەی بەخول

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

24. ئایا گۆشە تەوژم بەردەوام پارێزراودەبێت؟ باسی بکە.

25. ئایا دەگونجێت دوو تەن کە هەمان بارستایی و هەمان گۆشە خێراییان هەبێت گۆشە تەوژمەکانیان جیاوازبێت؟ باسی بکە.

26. لەکاتی خولانەوەی خولێنکەیەکدا منداڵێك لە خاڵێکی نزیك تەوەرەی خولانەوەوە بەرەو لێواری دەرەوەی لەسەر خولێنکەکە دەڕوات. ئەمە چۆن کارلە گۆشە خێرایی خولێنکەکە دەکات؟ باسی بکە.

27. ئایا خۆخلیسکێنێکی سەر سەهۆڵ دەتوانێت گۆشە خێراییەکەی بگۆڕێت بەبێ ئەوەی هیچ زەبرێکی دەرەکی کاری تێبکات؟ باسی بکە.

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

28. خۆ خلیسکێنەکانی سەر سەهۆڵ بنەمای پاراستنی گۆشە تەوژم بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی گۆشە خێراییەکی خولانەوەی بەرز، ئەمەش بە بەخۆوە نوساندنی دەستەکانیان بەرەو تەوەرەی خولانەوە. وا دابنێ کە یەکێك لە خۆخلیسکێنەکان هەردوو باسکی بە سینگیەوە نوساند بەمەش زەبری بارنە گۆڕینەکەی کەمبووەوە بۆ نیوەی یەکەمجاری، وە گۆشە خێراییەکەی بووبە دوو ئەوەندە کاتێك لە جووڵە وزەی بەخولی خۆخلیسکێنەکە دەکۆڵینەوە لەم بارەدا دەبینین بووەتە دوو ئەوەندە هەرچەندە کە گۆشە تەوژمەکەش بە پارێزراوی ماوەتەوە. خۆخلیسکێنەکە ئەم جووڵە وزە بەخولە زیادەی لە کوێوە دەستکەوتووە؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

29. گۆیەکی پتەو بارستاییەکەی 2.0 kg و نیوە تیرەکەی 0.50 m لە بەرزی 3.0 m دەست بە خلۆربونەوە دەکات لەسەر لێژییەك کە بە گۆشەی 20° لارە لەگەڵ ئاسۆدا. هەروەها لەگەڵ گۆیەکە ئەڵقەیەکی پتەو و پەپکەیەکی پتەو کە هەمان بارستایی گۆیەکەو هەمان نیوە تیرەی گۆیەکەیان هەیە خلۆر دەبنەوە. کام لەم سێ تەنە یەکەمجار دەگاتە دامێنی لێژییەکە ئەگەر خلۆربوونەوەکە بێخلیسکان بێت؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

30. تۆپێکی بۆلینگ بارستاییەکەی 35 kg ونیوە تیرەکەی 13 cm لە وەستانەوە دەست بە خلۆربوونەوە دەکات لە بەرزی 3.5 m لەسەر لێژییەك. خێرایی بەهێڵی چەقی تۆپەکە کاتێك دەگاتە دامێنی لێژییەکە هەژماربکە.

31. گۆیەکی پتەو کێشەکەی 240 N و نیوە تیرەکەی 0.20 m دوری 6.0 m لەسەر لێژییەك کە بە گۆشەی 37° لەگەڵ ئاسۆ لارە خلۆر دەبێتەوە. ئەگەر گۆیەکە لەسەروی لێژییەکە لەوەستانەوە دەست بە جووڵە بکات، گۆشە خێرایی خولانەوەی چەند دەبێت کاتێك دەگاتە دامێنی لێژییەکە؟

پێداچوونەوەی گشتی

32. وا دابنێ دوو گۆ هەمان نیوە تیرە و هەمان بارستاییان هەیە، یەکێکیان ناو بۆش و ئەوەی تریان پتەو. بە چ ڕێگایەك لە یەکیان جیادەکەیتەوە؟

أ. بەخلۆر بوونەوەیان لەسەر لێژییەك.

ب. بە فڕێدانیان لە هەمان بەرزییەوە.

ج. بەکێشانیان بە تەرازوو.

33. سەتڵێکی ئاو بارستاییەکەی 75 kg بە پەتێکەوە بەسترا پاشان سەرەکەی تری پەتەکە هەڵکراوە بە دەوری لولەکێکی ئاسۆیی جێگیردا کە نیوە تیرەکەی 0.075 m دەتوانرێت لولەکەکە بخولێنرێتەوە بە هۆی باسکێکەوە کە بەسەریکیەوە جێگیرکراوە درێژییەکەی 0.25 m . کەمترین هێز چەندە کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی ستونی بخرێتە سەر باسکەکە بۆ ئەوەی بتوانێت دەفرەکە بەرز بکاتەوە بە خێراییەکی نەگۆڕ؟

34. ئەگەر زەبری پێویست بۆ کردنەوەی سەموولەیەکی تایەی ئۆتۆمبێلێك 58 N•m بێت، ئەو هێزە چەندە کە دەبێت بخرێتە سەرلایەکی سپانەیەك کە درێژییەکەی 0.35 m بە گۆشەی 56° بۆ کردنەوەی سەمولەکە؟

35. دەرنەفیزێك درێژییەکەی 23.0 cm بەکارهات بۆ کردنەوەی سەری قوتویەکی بۆیە. ئەگەر تەوەرەی خولانەوە 2.00 cm دووربێت لەسەری دەرنەفیزەکەوە هێزێك بخرێتە سەر دەسکی دەرنەفیزەکە بڕەکەی 84.3 N بێت. ئەو هێزەی قوتوەکە دەیخاتە سەر دەمی دەرنەفیزەکە چەندە؟

36. ڕاستەیەکی مەتری بارستاییەکەی 0.100 kg لە شوێنی نیشانەی 40 cm بە هۆی پەتێکەوە بەبنمیچەوە هەڵواسرا، ئینجا بارستایی 0.700 kg بە شاوڵی بە شوێنی نیشانەی 5.00 cm لە ڕاستەکەدا هەڵواسرا وە بارستایی دووەم لە شوێنێك لەسەر ڕاستەکە هەڵواسرا بەجۆرێك ڕاستەکە لە باری هاوسەنگی جێگۆڕ و بەخولدا مایەوە. ئەگەر هێزی کرژی لەو پەتەی کە بە بنمیچەکەوە هەڵواسراوە و ڕاستەکەو دوو بارستاییەکەی هەڵگرتووە 19.6 N بێت ئەمانە هەژماربکە.

أ. بڕی بارستایی دووەم.

ب. شوێنی ئەو خاڵەی کە دەبێت بارستای دووەمی پێدا هەڵبواسرێت.

37. پارچە دراوێکی کانزایی تیرەکەی 0.0200 m دەست بە خلۆربونەوە دەکات بۆ سەرەوەی لێژییەکی زبر کە بە گۆشەی 15.0^{o} لەگەڵ ئاسۆدا لارە، بە گۆشە خێرایی 45.0 rad/s ، پارچە دراوەکە بەرەو سەرەوەی لێژییەکە خلۆر دەبێتەوە. بێخلیسکاندن. گەورەترین بەرزی چەندە کە لەسەر لێژییەکە دەیبڕێت پێش ئەوەی بۆ ساتێك لە خلۆربوونەوە بوەستێت.

38. بارستایی 12 kg بە پەتێکەوە بەستراوە کە بەسەر خلۆکەیەکدا تێپەڕبووە نیوە تیرەکەی 10.0 cm وەك لە **وێنەی 17-2** دا دیارە. تاودانی بارستاییەکە بەرەو دامێنی لێژییەکە $2.0\ m/s^{2}$ دەبێت. وا دابنێ تەوەرەی خلۆکەکەو وە لێژەکە سافن، ئەمانە هەژماربکە.

أ. هێزی کرژی پەتەکە.

ب. زەبری بارنە گۆڕی خلۆکەکە.

ج. گۆشە خێرایی خلۆکەکە دوای 2.0 s لە دەستکردنی بە جووڵە لە وەستانەوە.



وێنەی 17-2

39. کاتێك هێزێك بۆ خولانەوەی تایەیەك بەکاردەهێنرێت، بەرئەنجامی ئەو زەبرانەی کە لە هێزە سەپێنراوەکە و هێزی لێکخشاندنەوە پەیدادەبێت بە دەوری تایەکەدا 36 N•m بێت. هێزەکە تا ماوەی 6.0 s لەکاردابوو بەمەش گۆشە خێرایی تایەکە لە 0 بۆ 12 rad/s بەرزبووەوە. پاشان هێزەکە لەسەر تایەکە لابراو دوای 65 s وەستا. ئەم پرسیارانەی خوارەوە وەڵام بدەوە:

أ. زەبری بارنەگۆڕی تایەکە چەندە؟

ب. زەبری هێزی لێکخشاندنەکە چەندە؟

ج. ژمارەی ئەو خولانە چەندە کە تایەکە لە ماوەی 71 s کردویەتی؟

40. پەتێك بەسەر خلۆکەیەکدا تێپەڕ دەبێت کە بە دەوری تەوەرەیەکی جێگیردا دەخولێتەوە. بەهۆی بارستایی خلۆکەکەو هێزی لێکخشاندنی نێوان پەتەکەو خلۆکەکە هێزی کرژی لە دوولای پەتەکەدا یەکسان نابێت. ئەگەر هێزی کرژی لە یەکێك لە لاکانی پەتەکەدا 120.0 N و لە لاکەی تریدا 100.0 N بێت وە خلۆکەکە لە شێوەی پەپکەیەکی ڕێکدا بێت کە بارستاییەکەی 2.1 kg و نیوە تیرەکەی 0.81 m . گۆشە تاودانی خلۆکەکە هەژمار بکە.

41. گۆیەکی پتەو لەسەر ئاستێکی ئاسۆیی خلۆر دەبێتەوە بە خێراییەکی بەهێڵی نەگۆڕ و بێخلیسکان. بیسەلمێنە جووڵە وزەی بەخول بە دەوری تەوەرەی گۆیەکە دا دەکاتە $\frac{2}{7}$ ی جووڵە وزەی گشتی.

پرۆژە و ڕاپۆرتەکان

1. تەرازوێك بێنە پێش چاوی خۆت کە دوو باسکی جیاوازی هەبێت. پارچە زێڕێك لەتای لای چەپی تەرازووەکە دانرابێت وە هاوسەنگ کرابێت بە بارستایی 5.00 g لە تای لای ڕاستی، ئەگەر پارچەکە لە تای لای ڕاست دابنرێت بۆ هاوسەنگ کردنی دەبێت بارستایی 15.00 g لە تای لای چەپ دابنێیت. کام باسکیان درێژترە؟ ئایا پێویستیت بە زانینی درێژی دوو باسکەکە دەبێت بۆ دیاریکردنی بارستایی پارچەکە؟ باسی بکە.

2. بە درێژی باسی ئەو پێوانانە بکە کە پێویستە لەسەرت ئەنجامی بدەیت بۆ دیاریکردنی ئەو زەبرانەی کە ڕوو دەدەن کاتێك پاسکیلێك لێدەخوڕی. (پێویستە پلانەکەت ئەو پێوانانە بگرێتە خۆی کە دەتوانێت بە هۆی ئەو ئامێرو دەزگایانەی لەبەردەستدان ئەنجامی بدەیت. ئەگەر هاوڕێکانت لە پۆلی خوێندندا دەستیان بە لێکۆڵینەوەی چەند جۆرێکی تری پاسکیل کرد، تۆ لە نێوان چوستی جۆرە جیاجیاکاندا بەراوردبکە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

هەڵسەنگاندنی بەشی 2

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

ئەم وێنەی خوارەوە بەکاربێنە بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری **1** و **2** .



1. ئەو سێ هێزەی کار لە تایەکە دەکەن هەمان بڕیان هەیە. کامیان زەبرێکی گەورەتر لەسەر تایەکە پەیدادەکات؟

أ. $\vec{F}_1$ ج. $\vec{F}_3$

ب. $\vec{F}_2$ د. هەرسێ هێزەکە هەمان زەبر پەیدا دەکەن.

2. ئەگەر بڕی هەر هێزێك 6.0 N بێت وە گۆشەی نێوان $\vec{F}_1$ و $\vec{F}_2$ 60° بێت، وە نیوە تیرەی تایەکە 1.0 m ، ئەوا بەرەنجامی ئەو زەبرانەی کار لە تایەکە دەکات چەندە؟

أ. −18 N•m ج. 9.0 N•m

ب. −9.0 N•m د. 18 N•m

3. ئەگەر دوو خلۆکە هەمان زەبریان بخرێتە سەر وە هەمان نیوە تیرەیان هەبێت، وە بە هەمان گۆشە خێرایی نەخولێنەوە:

أ. زەبری بارنەگۆڕییان جیاوازە.

ب. زەبری بارنەگۆڕییان یەکسانە.

ج. جووڵە وزەی بەخولیان جیاوازە.

د. جووڵە وزەی بەخولیان یەکسانە.

4. ئەو هێندە بە خولە چییە کە بەرامبەر بارستاییە لە جووڵەی جێگۆڕدا؟

أ. زەبر. ج. زەبری بارنەگۆڕی.

ب. تەوژم. د. گۆشە جووڵە وزە (جووڵە وزەی بەخول).

5. هێزێك بڕەکەی 2.0 N بە شێوەیەکی لێکەوت خرایە سەر پەپکەیەك بارستایەکەی 5.0 kg و نیوە تیرەکەی 0.1 m گۆشە تاودانی پەپکەکە چەندە؟

أ. 80 rad/s^2 . ج. 8 rad/s^2 .

ب. 800 rad/s^2 . د. 0.8 rad/s^2 .

6. پیاوێك کێشەکەی 720 N لەسەر لەوحێکی سوك وەستاوە درێژییەکەی 2.0 m لە هەردوو سەرەکەیەوە لەسەر دوو ڕاگر جێگیرکراوە. ئەگەر دوری نێوان شوێنی پیاوەکە و ڕاگری یەکەم 0.5 m بێت. ئەو هێزە چەندە کە ڕاگری یەکەم کاری پێیدەکاتە سەر لەوحەکە؟

أ. 540 N . ج. 180 N .

ب. 720 N . د. 360 N .

7. پەپکەیەك بارستایەکەی 0.5 kg و نیوە تیرەکەی 0.1 m لە سەر لێژییەك خلۆر دەبێتەوە بێخلیسکاندن. جووڵە وزەی گشتی پەپکەکە هەژمار بکە لەو ساتەی کە خێرایی ساتی چەقەکەی دەبێتە 1 m/s .

أ. 0.375 J . ج. 375 J .

ب. 3.75 J . د. 3.75×10^3 J .

ئەو پرسیارانەی کە وەڵامی کورتیان هەیە

8. ئایا دەکرێت دوو گۆ تیرەکانیان و بارستاییەکانیان جیاوازبێت هەمان زەبری بارنە گۆڕییان هەبێت؟

9. لە کام باردا گۆشە تەوژم پارێزراودەبێت؟

10. ئایا پاراستنی گۆشە تەوژم دەبێتە هۆی پاراستنی جووڵە وزەی بەخول؟

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژیان هەیە

11. تەنێك بارستاییەکەی 3.0 kg لەسەر ڕوێکی ئاسۆیی ساف دانراوە بەسەری پەتێکەوە بەستراوە کە بەسەر خلۆکەیەکدا تێپەڕ دەبێت زەبری بارنەگۆڕییەکەی 0.50 kg•m^2 و نیوە تیرەکەی 0.30 m وەك لە وێنەی **18-2**. بارستایی 4.0 kg بە سەرەکەی تری پەتەکەوە بەستراوە. خلۆکەکە بە دەوری تەوەرەیەکی سافدا دەخولێتەوە. وا دابنێ پەتەکە لەسەر خلۆکەکە ناخلیسکێت.

أ. تاودانی هەردوو بارستاییەکە چەندە؟

ب. هێزی کرژی لە هەردوو لای پەتەکە F_1 و F_2 چەندە؟



وێنەی 18-2


Presto 168-208 Allegro 120-168 Moderato 108-120

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بـــــەشـــی 3

لەرینەوە و شەپۆڵەکان
Vibrations and Waves

پەندۆلە کاتژمێری میکانیکی پێکدێت لە بەندۆلێکی هەڵگەڕاوەو قورساییەکی هاوسەنگ کەر لەسەر هەردوو لای بەرامبەری تەوەرەی جێگیربوون و سەنگێکی خلیسکاو کە دەکەوێتە سەر تەوەرەکە و بەکاردێت بۆ گۆڕینی خێرایی لەرینەوەکەی. کاتێك پەندۆلەکە دەلەرێتەوە چرکەچرکێك دەردەکات مۆزیك ژەنەکان بەکاریدەهێنن بۆ پارێزگاریکردنی ئاوازێکی یان ژەنینێکی ڕێك. لەرینەوەکانی پەندۆلی ئاوازرێکخەر نموونەیەکە لەسەر جووڵەی بەپات.



ئەوەی کە پێشبینی بەدیهێنانی دەکرێت

لەم بەشەدا بە جۆرێك لە جۆرەکانی جووڵەی بەپات ئاشنادەبیت کە پێی دەوترێت جووڵەی هارمۆنی سادە. وە پەیوەندی نێوان لەرینەوەکانی هارمۆنی سادەو شەپۆلەکان فێردەبیت.

گرنگییەکەی چییە

شەپۆلەکان زانیاری دەگوێزنەوە، لە شێوەی گفتوگۆکردن یان پەخشی تەلەفزیۆنیدا. زۆربەی ئەوشتانەی لە جیهانی فیزیادا وەریان دەگریت لە شێوەی شەپولدان یان بەهۆی شەپۆلەوەن ئەگەر شەپۆلەکانی ڕوناکی و شەپۆلەکانی دەنگ نەبن ناتوانیت ببینیت و ببیستیت.

ناوەڕۆکی بەشی 3

1 جووڵەی هارمۆنی سادە
- یاسای هوك
- پەندۆلی سادە

2 پێوانەکردنی جووڵەی هارمۆنی سادە
- فراوانی و کاتەلەرەو لەرەلەر

3 سیفەتەکانی شەپۆل
- جووڵەی بە شەپۆل
- جۆرەکانی شەپۆل
- کاتە لەرەو لەرەلەرو خێرایی شەپۆل

4 کارلێکە شەپۆلیەکان
- بەیەکداچوونی شەپۆل
- دانەوەی شەپۆلەکان
- شەپۆلە وەستاوەکان

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەندی 1-3

جووڵەی هارمۆنی سادە
Simple Harmonic Motion

1-3 ئامانجەکانی بەندەکە

- مەرجەکانی جووڵەی هارمۆنی سادە دیاریدەکات.
- چۆنیەتی گۆڕانی هێزو خێرایی و تاودان لێکدەداتەوە کاتێك تەنێکی دیاریکراو (سپرینگ - بارستایی، پەندوڵ) بە جووڵەی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە.
- بەبەکارهێنانی یاسای هوك نەگۆڕی سپرینگ هەژماردەکات.

یاسای هۆك

بە جووڵەی دووبارە بووەوە دەوترێت جووڵەی بەپات وەك جووڵەی یاریزانێکی سێرکی لەراوە یان جووڵەی منداڵێك لەسەر جۆڵانەیەك یا پەندوڵی کاتژمێر. لە هەموو ئەو بارانەدا جووڵەکە بەپات دەبێت لەسەر هەمان ڕێڕەو دێت و دەچێت.

لە سادەترین جۆرەکانی جووڵەی هاتن و چوونی بەپات جووڵەی ئەو بارستاییە کە بە سپرینگێکەوە بەستراوە وەك وێنەی **1-3**. با وا دابنێین بارستاییەکە لەسەر ڕوویەکی ئاسۆیی سافە. لەکاتی ڕاکێشان یان پەستاوتنی سپرینگەکەو ئینجا بەرەڵاکردنی بارستاییەکەدا دەست بە لەرینەوە دەکات و بەدەوری شوێنی یەکەمجاریدا دێت و دەچێت (شوێنی هاوسەنگ بوون $x = 0$) سەرەتا لەم نموونەیەوە دەست بە خوێندنی جووڵەکە دەکەین، ئینجا زانیارییە دەستکەوتووەکانمان لەسەر لەرینەوەی یاریزانی سێرکەکە لەسەر جۆلانەکەی جێبەجێ دەکەین.

خێرایی لە شوێنی هاوسەنگ بووندا دەگاتە زۆرترین بڕی

لە وێنەی **1-3** (أ) دا کاتێك سپرینگەکە بە هێزی $\vec{F}$ بەرەولای ڕاست ڕادەکێشرێت، سپرینگەکە درێژدەبێت و لە شوێنی هاوسەنگبوون بە بڕی x دوردەکەوێتەوە، وە پاش بەرەڵاکردنی سپرینگەکە بە هێزێك کار لە بارستاییەکە دەکات بە ئاڕاستەی شوێنی هاوسەنگ بوون. ئەم هێزە کەم دەکات کاتێك سپرینگەکە بە ئاڕاستەی شوێنی هاوسەنگ بوون دەجووڵێت، تا لە شوێنی هاوسەنگ بووندا دەبێتە سفر وەك لە **وێنەی 1-3** (ب)دا دەردەکەوێت، هەروەها تاودانیش دەبێتە سفر.

لەگەڵ ئەوەی کە هێزی سپرینگەکەو تاودانەکە کەمدەکەن کاتێك بارستاییەکە بە ئاڕاستەی شوێنی هاوسەنگبوون دەجووڵێت بەڵام خێرایی بارستاییەکە زیاد دەکات و لە شوێنی هاوسەنگبووندا کاتێك تاودانەکە دەگاتە سفر خێراییەکەی دەگاتە گەورەترین بڕ سەرەڕای ئەوەی لەم خاڵەدا هیچ هێزێك کار لە بارستاییەکە ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتا خێراییەکی هەیە کە بەپێی یاسای یەکەمی نیوتن بە شوێنی هاوسەنگ بووندا تێپەڕدەبێت و دەبێتە هۆی پەستاوتنی سپرینگەکە، وەك لە وێنەی 1-3 (ج).



وێنەی 1-3
ئاڕاستەی ئەو هێزەی کار لە بارستاییەکە دەکات $\vec{F}_{جیری}$ بەردەوام پێچەوانەی ئاڕاستەی لادانی بارستاییەکەیە لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە ($x = 0$) . (أ) لە کاتی ڕاکێشانی سپرینگەکە بەرەو لای ڕاست هێزی جیری سپرینگەکە بارستاییەکە بەرەو لای چەپ ڕادەکێشێت. (ب) کاتێك سپرینگەکە لەباری درێژبوونداییە هێزی جیری سپرینگەکە سفر دەبێت. (ج) لەکاتی پەستاوتنی سپرینگەکە بەرەو لای چەپ ئاڕاستەی هێزی جیری سپرینگەکە بەرەو لای ڕاست دەبێت.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

هێزی جیری سپرینگ و تاودان لە گەورەترین لاداندا دەگەنە گەورەترین بڕ

پاش ئەوەی بارستاییەکە شوێنی هاوسەنگ بوون بە جێدەهێڵێت هێزی جیری سپرینگەکە وە هەروەها تاودانەکەی زیاد دەکات، بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ئاڕاستەی جووڵەی بارستاییەکە، واتە بە ئاڕاستەی شوێنی هاوسەنگبوون، ئەوەش وادەکات بارستاییەکە دەست بە هێواش بوونەوە بکات. کاتێك کورتبوونەوەی «چونەوەیەکی» سپرینگەکە لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە یەکسان دەبێت بە درێژبوونی یەکەمجاری سپرینگەکە، لادانی بارستاییەکە دەگاتە گەورەترین بڕی وەك لە **وێنەی 3-1** (ج) دا **دیارە**، هەروەها هێزی جیری سپرینگەکە و تاودانی بارستاییەکە دەگەنە گەورەترین بڕ. لەم خاڵەدا خێرایی بارستاییەکە دەبێتە سفر. هێزی جیری سپرینگەکە کە بە ئاڕاستەی لای ڕاست کارلە بارستاییەکە دەکات ئاڕاستەی جووڵەی بارستاییەکە دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە بارستاییەکە دەست بە جووڵە دەکات بۆ دواوە بە ئاڕاستەی شوێنی هاوسەنگبوونەکەی. دوای ئەوە کردارەکە بە گشتی دووبارە دەبێتەوە وە بارستاییەکە لە لەرینەوە بەردەوام دەبێت بە هاتوچۆکردنی لەسەر هەمان ڕێڕەو.

ئەگەر سیستمی (بارستایی – سپرینگ) نموونەیی بێت تا بێ کۆتایی دەلەرێتەوە، لە ڕاستیدا لێکخشاندن جووڵەی بارستاییەکە هێواش دەکاتەوە وا لە سیستمەکە دەکات پاش ماوەیەك بوەستێت، ئەم کاریگەرە پێی دەوترێت کپکردن. بە پێی ئەوەی کە کپکردن لە ماوەیەکی کورتدا ڕوودەدات، ئەوا کاریگەرەکەی زۆر کەمدەبێت، ئەمەش وا دەکات کە سیستمی (بارستایی – سپرینگ)ی نموونەیی نموونەیەکی فیزیایی ڕاستەقینەی جووڵەی سیستمەکە بێت.

جووڵەی هارمۆنی سادە

لەرینەوەی تەنێکە بە دەوری شوێنی هاوسەنگبووندا لەسەر هێڵێکی ڕاست کە تێیدا هێزی گەڕێنەرەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ لادانەکەی لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانە.

لە جووڵەی هارمۆنی سادەدا هێزی گەڕێنەرەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ لادانا

لەوەی پێشوە بینیمان کە هێزی سپرینگەکە بەردەوام بارستاییەکە ڕادەکێشێت یان پاڵپێوەدەنێت بۆ دواوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی هاوسەنگ بوونی یەکەمی، پێوانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هێزی گەڕێنەرەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ لادانی بارستاییەکەدا. ڕۆبەرت هوك ساڵی 1678 سەلماندی کە زۆربەی سیستمەکانی (بارستایی – سپرینگ) پشت بە پەیوەندییەکی سادەی نێوان هێزو لادان دەبەستن، کە بەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەربدەبڕێت، ئەگەر لادانەکان لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە کەمبن:

یاسای هوك

$$\vec{F}_{\text{جیری}} = -k\,\vec{x}$$

هێزی جیری سپرینگ = – (نەگۆڕی سپرینگ × لادان)

نیشانەی نێگەتیف لە هاوکێشەکەی سەرەوەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئاڕاستەی هێزی سپرینگەکە هەموو کات پێچەوانەی ئاڕاستەی لادانی بارستاییەکەیە لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە. بە واتایەکی تر نیشانە نێگەتیفەکە ئارەزوی هێزی سپرینگەکە ڕوندەکاتەوە بۆ جووڵاندنی تەنەکە و گێڕانەوەی بۆ شوێنی هاوسەنگبوون. لە کتێبی پۆلی یازدەهەمدا لە بەشی ئیش و وزەدا باسی ئەوەمانکرد کە نەگۆڕی سپرینگ هەمووکات بڕێکی پۆزەتیڤە، ڕادەی توندی سپرینگەکە دەپێوێت، وە لە پۆلی دەیەم لەبەشی هێزی بەرگەگرتنی تەنە ڕەقەکاندا ئاماژە بۆ نەگۆڕی سپرینگ کرا. نرخی گەورەی نەگۆڕی k ئاماژە بۆ سپرنگێکی توندتردەکات چونکە پێویستی بە هێزێکی گەورەتر هەیە بۆ درێژکردنی یان پەستاوتنی. یەکەی k لە سیستمی نێودەوڵەتی SI بریتییە لە N/m.

هەموو جووڵەیەکی بەپات کە لە هێزێکی گەڕێنەرەوە پەیدا ببێت و ڕاستەوانە لەگەڵ لادانا بگونجێت و لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاست بێت بە **جووڵەی هارمۆنی سادە** دادەنرێت simple harmonic motion لەبەر ئەوە بریتییە لە جووڵەی هاتن و چوون لەسەر هەمان ڕێڕەو.

فیزیا و ژیان

1. خولگەی زەوی: جووڵەی زەوی لە خولگەکەیدا بە دەوری خۆردا جووڵەیەکی بەپاتە. ئایا بریتیە لە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە؟ ئەمە لێکبدەوە.

2. یاری (تۆپ و دەنبوس)

پینبۆڵ pinball : لەم یاریەدا ئەو هێزەی کە سپرینگێکی پەستێوراو پەیدای دەکات بەکار دێت بۆ هاوێشتنی تۆپێك. هێزی سپرینگەکە چی بەسەر دێت ئەگەر دوری پەستاوتنەکەی بکرێتە دوو ئەوەندە؟ ئەگەر سپرینگەکە بە سپرینگێکی تر بگۆڕدرێت کە پلەی توندییەکەی نیوەی پلەی توندی یەکەم بێت ئەو هێزەی کار لە تۆپەکە دەکات چۆن دەگۆڕێت؟



نموونە 3 (أ)

یاسای هۆك



پرسیارەکە

بارستایی **0.55 kg** بە سپرینگێکی شاوڵیەوە هەڵواسراو لە ئەنجامدا دووری **2.0 cm** درێژبوو لە شوێنی هاوسەنگبوونی بنەڕەتییەوە. نەگۆڕی سپرینگەکە چەندە؟

شیکار

1.دەزانم

دراو: $m = 0.55$ kg

$x = -2.0 \text{ cm} = -0.020 \text{ m}$

$g = 9.81 \text{ m/s}^2$

نەزانراو: $k = ?$

هێڵکاریەکە



2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك یان هەڵوێستێك هەڵدەبژێرم: کاتێك بارستاییەکە بە سپرینگەکەوە هەڵدەواسرێت شوێنی هاوسەنگبوون دەگۆڕێت لە شوێنە تازەکەی هاوسەنگبووندا بەرئەنجامی ئەو هێزانەی کار لە بارستاییەکە دەکەن سفر دەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە هێزی سپرینگەکە (بەپێی یاسای هۆك) لەگەڵ کێشی بارستاییەکە لە بڕدا یەکسان بێت و لە ئاڕاستەدا پێچەوانەبێت.

$$\vec{F}_{\text{بەرئەنجام}} = 0 = \vec{F}_e + \vec{F}_g$$

$$F_e = -kx$$

$$F_e = -F_g$$

$$-F_g = -kx$$

$$-mg = -kx$$

هاوکێشەکە دووبارە ڕێکدەخەمەوە بۆ جیاکردنەوەی نەزانراوەکە:

$$k = \frac{-mg}{-x}$$

3. هەژماردەکەم

لە هاوکێشەکەدا نرخەکان لە جیاتی دادەنێم و هەژماردەکەم:

$$k = \frac{-(0.55 \text{ kg})(9.81 \text{ m/s}^2)}{-0.020 \text{ m}}$$

$$\boxed{k = 270 \text{ N/m}}$$

وەڵامی ئامێری ژمێرەر

وەڵامی ئامێری ژمێرەر بریتییە $k = 269.775$ دەبێت نزیك بکرێتەوە بۆ دوو ڕەنووسی واتایی، بەمەش دەبێتە $k = 270$ N/m.

4.هەڵدەسەنگێنم

ئەم بڕەی نەگۆڕی سپرینگ ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ درێژکردنی سپرینگەکە بەبڕی 1 m پێویستی بە هێزێکە کە بڕەکەی 270 N بێت.

ڕاهێنانی 3 (أ)

یاسای هۆك

1. پارچە چەرمێکی تەنك بە دوو پارچە لاستیکەوە بەستراوە. بۆ درێژکردنی دوو پارچە لاستیکەکە تا دووری 1.2 cm پێویستیمان بە هێزێکە بڕەکەی 32 N بێت. نەگۆڕی سپرینگی هاوتا بۆ دوو پارچە لاستیکەکە چەندە؟

2. بڕی ئەو هێزە چەندە کە پێویستە بۆ ڕاکێشانی پارچە چەرمەکەی پرسیاری 1 تا دووری 3.0 cm لە شوێنی هاوسەنگ بوونیەوە؟

ماتەوزەی جیرِی سپرینگ لەهەردوو باری درێژبوون و پەستاوتندا

لەبەشی «ئیش و وزە»دا لە کتێبی پۆلی یازدەهەمدا ئەوەمان خوێند کە چۆن سپرینگێکی پەستێوراو یان درێژکراو بڕێك لە ماتەوزەی جیرِی خەزن دەکات. بۆ دڵنیابوون لەمە لە نموونەی ئەو تیروکەوانە دەکۆڵینەوە کە لە **وێنەی 3-2** دا دیارە. کاتێك پەتی کەوانەکە بۆ دواوە ڕادەکێشرێت کەوانەکە دەچەمێتەوە لەم بارەدا لە سپرینگێکی درێژکراو دەچێت. بۆ ئاسانکردنی بارەکە وا دادەنێین لێکخشاندن و وزەی ناوەکی نییە.

کەوانەکە ماتەوزەی جیرِی خەزن دەکات هەر کاتێك پەتی کەوانەکە بۆ دواوە ڕابکێشرێت. بە پێی ئەوەی کە سیستمی کەوان و تیرەکەو پەتی کەوانەکە لەو کاتەدا لە باری وەستاویدان، کەواتە جووڵە وزەی سیستمەکە سفرە و وزە میکانیکییەکەی تەنها ماتە وزەی جیرِییە.

کاتی بەردانی پەتەکە ماتەوزەی جیرِی لە کەوانەکە دەگۆڕێت بۆ جووڵە وزە لە تیرەکە. ساتی دەرچوونی تیرەکە لە پەتەکەوە تیرەکە زۆربەی ئەو ماتە وزە جیرِیە وەردەگرێت کە لە بنەڕەتدا لە کەوانەکەدا خەزن بووە. (ئەوەی دەمێنێتەوە دەگۆڕێت بۆ جووڵە وزە لە کەوانەکەو پەتەکەدا)، کەواتە لە هەموو جارێکدا کە تیرەکە دەهاوێژرێت وزەی میکانیکی سیستمەکە تەنها جووڵە وزە دەبێت. وە بەپێی بنەمای پاراستنی وزەی میکانیکی جووڵە وزەی سیستمەکە (کەوانەکە و تیرەکە و پەتەکە) یەکسان دەبێت بەو ماتە وزە جیرِییەی کە لە بنەڕەتدا لە کەوانەکەدا خەزن بووە.

وێنەی 3-2
ماتە وزەی جیرِی خەزن بوو (هەڵگیراو) لە کەوانە درێژبووەکەدا گۆڕا بۆ جووڵە وزە لە تیرەکەدا.

ڕۆشنایيەك لەسەربابەتەکە
کپکەرەوەی تاسەکان (دەبڵەکان)

گومانی تێدانیە کە تاسەکانی سەر ڕێگاکان شوفێرەکان بێزاردەکەن. خۆئەگەر دەزگاکانی کپکردنەوە کرداری و گونجاو نەبن، ئەوا تاسەکان لەوانەیە کوشندەبن. بۆ ئەوەی شوفێر بتوانێت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی بکات کاتێك بە خێرایی 110 km/h دەڕوات پێویستە هەر چوار تایەی ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر زەوی بمێنێتەوە. ئەو تاسانە تایەکان لەسەر ڕێگاکان بەرز دەکەنەوە، بەمەش شوفێرەکان کۆنترۆڵی لێخوڕین لەدەستدەدەن. باشترین چارەسەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەر تایەیەك سپرینگێکی لەسەر دادەنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئۆتۆمبیلەکە. ئەم سپرینگانە لەکاتی بەرز بوونەوەی تایەکان لەسەر تاسەکان وزەکە هەڵدەمژن، وە دووبارە پاڵ بە تایەکانەوە دەنێن و وایان لێدەکەن لەسەر ڕێگاکە بمێننەوە، بەڵام لەکاتی جووڵەدا سپرینگەکان ئارەزوی ئەوە دەکەن کە بەردەوام بن لەسەر جووڵەکەیان بۆ سەرەوەو بۆ خوارەوە بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە کە کار لە کۆنترۆڵی شوفێرەکە دەکات لەسەر ئۆتۆمبێلەکە وە بێزارییەکی بۆ دروست دەکات.

یەکێك لە ڕێگاکانی کپکردنی لەرینەوە نەویستراوەکان بەکارهێنانی سپرینگی ڕەقە کە دەتوانرێت تەنها بۆ چەند سانتیمەترێك بپەستێورێت، بەهۆی ئەو هێزانەوە کە بڕەکانیان هەزارەها نیوتنە (N). ئەم سپرینگانە نەگۆڕێکی زۆر گەورەیان هەیە ئەمەش وا دەکات کە بەو نەرمی و ئاسانیەی سپرینگەکان کە نەگۆڕەکانیان کەمە پێی دەلەرنەوە ئەمان بەو نەرم و ئاسانیە نالەرنەوە. بەڵام ئەم چارەسەرە توانای شوفێرەکە لەسەر هێشتنەوەی تایەکان لەسەر زەوی لاواز دەکات. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە یەکجاری لە هەندێك لە ئۆتۆمبێلەکاندا دەزگای مژینی وزە بە هاوڕێکی لەگەڵ سپرینگەکان چەسپ دەکرێن پێیان دەگوترێت کپکەرەوەی تاسەکان وەك لە وێنەی (أ) کە لە خوارەوە دەردەکەوێت دیارە. کپکەرەوەی تاسەکان بۆرییەکە پڕکراوە لە شلگازێك (دەبل) کە جووڵەی هارمۆنی سادەی سپرینگەکە دەگۆڕێت بۆ جووڵەیەکی هارمۆنی کپکراوە بەوەش هەر خولێکی درێژبوون و پەستاوتنی سپرینگەکە بچوکتر دەبێت لە خولی پێش خۆی.

دەزگاکانی پێوەبەستن و هەڵواسینی ئۆتۆمبێلە تازەکان بە شێوەیەك ئامادەکراون ڕێ بە کپکەرەکانی تاسەکان دەدەن کە هەموو وزەی سپرینگەکە هەڵمژێت، ئەمەش بۆ ڕزگاربوون لە لەرینەوەکان دەبێت لە ماوەی یەك خولدا بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە. ئەمەش ئۆتۆمبێلەکە لە هەڵبەزو و دابەزی بەردەوام دەپارێزێت بێ ئەوەی سپرینگەکە توانای ئەوە لەدەست بدات کە تایەکان لەسەر ڕێگاکە بهێڵێتەوە. نەگۆڕەکانی سپرینگەکان لەگەڵ پلەی کپکردنی کپکەرەوە جیاجیاکانی تاسەکان تێکەڵ دەکرێن بۆ ئەوەی بۆ هەموو جۆرە ڕێگایەك بگونجێت. بۆ نموونە ئۆتۆمبێلە گەورەکان سپرینگی شێوە پەڕەی بەهێزیان بۆ دادەنرێت کە لە پەڕەی پۆڵایی پەستێنراو دروستکراون، نەگۆڕی سپرینگیان لە نەگۆڕی سپرینگی پێچاوپێچ (لەولەبی) گەورەترە.

لەم جۆرە دەزگا پێوە هەڵواسراوانەدا کپکەرەوەی تاسەکان بە شێوەیەکی ستوون لەگەڵ سپرینگەکان چەسپ دەکرێن. وەك لە وێنەی (ب)دا دەردەکەوێت. لە کاتی لێخوڕیندا لەوانەیە پتەوی سپرینگەکە کارلەکاتی کاردانەوە و هەستی گشتی بکات کە لەگەڵ دەرچوون و ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلەکەدا پەیدادەبێت.

لە ئەنجامی زۆری جۆرەکانی ئۆتۆمبێلدا لەکاتی لێخوڕیندا هەست بە خۆشی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی ئاسودە و لەرینەوە ناخۆشەکانی ئۆتۆمبیلەکانی پێشبڕکێی بێزارکەر دەکرێت.

(أ)



(ب)

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

پەندۆلی سادە

(أ)



(ب)

لە پێشەوە بینیمان کە جووڵەی بەپاتی سیستمی بارستایی – سپرینگ، بە نموونەیەك لەسەر جووڵەی هارمۆنی سادە دەژمێردرێت. با لەو جووڵە پاڵەوانییە وردبینەوە کە لە **وێنەی 3-3** (أ) لەیاری سێرکدا دەرکەوتووە. ئەو جووڵەیەی پاڵەوانەکە پێی دەلەرێتەوە لە لەرینەوەی سیستمی (بارستایی – سپرینگ) دەچێت و بە لەرینەوەی بەپات دادەنرێت. ئایا جووڵەی پاڵەوانەکە لەسەر جۆلانەکە بە نموونەیەك لەسەر جووڵەی هارمۆنی سادە دادەنرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەندۆلێکی سادە بەکاردەهێنین وەك سامپڵێك لەسەر جووڵەی پاڵەوانەکە کە بریتییە لە پەندۆلێکی فیزیایی. پەندۆلی سادە لە بارستاییەك یان گۆیەك پێکدێت بەستراوە بە سەری پەتێکەوە کە بە دەوری تەوەرەیەکی نەگۆڕدا هاتووچۆ دەکات. لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ پەندۆلی سادەدا بارستایی پەتەکە فەرامۆش دەکەین وە وا دادەنێین کە بارستایی پەندۆلەکە لە خاڵێکدا کۆبۆتەوە. سەرەرای ئەمەش، وا دادەنێین لێکخشاندن و بەرگری هەوا هیچ کاریگەرێکی لە جووڵەی پەندۆلەکەدا نییە. لە بەرامبەردا لە پەندۆلی فیزیاییدا دابەشبوونی بارستایی و لێکخشاندن و بەرگری هەوا ڕەچاودەکەین. بەمەبەستی ئاسانکردنی شیکردنەوە و ڕێگرتن لە ئاڵۆزی، پەندۆلی سادە بە سامپڵێکی نزیکراوەی پەسند بۆ پەندۆلی فیزیایی دادەنرێت لەو نموونانەی کە باسیان دەکرێت.

وێنەی 3-3

(أ) جووڵەی پاڵەوانی جۆلانەکە لە سامپڵێ
(ب) دا وەك پەندۆلێکی سادە دانراوە.

هێزی گەڕێنەرەوە لە پەندۆلدا یەکێك لە پێکنەرەکانی کێشی گۆیەکەیەتی

بۆ دڵنیابوون لەوەی کە جووڵەی پەندوڵ هارمۆنی سادەیە یان نا، پێویستە یەکەمجار لەو هێزانە ورد بینەوە کە کار لە گۆیەکە دەکەن بۆ دیاریکردنی هێزی گەڕێنەرەوە. ئەگەر دەرکەوت هێزی گەڕێنەرەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ لادان، ئەوا جووڵەی پەندوڵ هارمۆنی سادە دەبێت. با سیستمێکی پۆوتان هەڵبژێرین کە تەوەرەی x ببێتە لێکەوتی ئاراستەی جووڵەکە، وە تەوەرەی y ستون بێت لەسەر ئاراستەی جووڵەکە، لەبەر ئەوەی گۆیەکە بەردەوام شوێنەکەی دەگۆڕێت بەمەش شوێنی ئەم سیستمە لەگەڵیدا دەگۆڕێت لە هەر خاڵێك لە جووڵەکەیدا.

ئەو دوو هێزەی کار لە گۆیەکە دەکەن لەسەر هەر خاڵێك لە ڕێڕەوەکەی بریتین لە هێزی کرژی پەتەکە $\vec{F}_T$ و کێشی گۆیەکە $\vec{F}_g$. هێزی پەتەکە بەردەوام گۆیەکە بە ئاراستەی تەوەرەی y ڕادەکێشێت، واتە بە درێژایی پەتەکە. دەتوانرێت کێشی گۆیەکە لەهەر شوێنێکدا شیتەڵ بکرێت بۆ دوو پێکنەر لەسەر هەردوو تەوەرەی x و y ، تەنها لە شوێنی هاوسەنگ بووندا نەبێت. وەك **وێنەی 4-3**. لەبەر ئەوەی هەردوو هێز، هێزی کرژی پەتەکە و پێکنەری y بۆ کێشی گۆیەکە، ستونن لەسەر ئاراستەی جووڵەی گۆیەکە ئەوا پێکنەری x بۆ کێشی گۆیەکە دەبێتە ئەو هێزە بەرئەنجامەی کە کار لە گۆیەکە دەکات بە ئاراستەی جووڵەکەی. لەم بارەدا پێکنەری x بۆ کێشی گۆیەکە بەردەوام هەوڵی ڕاکێشانی گۆیەکە دەدات بە ئاراستەی شوێنی هاوسەنگ بوون رایدەکێشێت، بۆیە دەبێتە هێزی گەڕێنەرەوەوە سەرنج بدە کە هێزی گەڕێنەرەوەی $(F_{g,x} = F_g \sin\theta)$ یەکسانە بە سفر لە شوێنی هاوسەنگ بووندا چونکە گۆشەکە لەو خاڵەدا یەکسانە بە سفر.



وێنەی 4-3

لە هەر دوورییەك لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە، دەتوانرێت کێشی گۆیەکە $(\vec{F}_g)$ بۆ دوو پێکنەر شیتەڵ بکرێت. پێکنەری x $(\vec{F}_{g,x})$ ستوونە لەسەر پەتەکە ئەمەش تاکە هێزە کە کار لە گۆیەکە دەکات بە ئاراستەی جووڵەکەی.

جووڵەی پەندوڵ هارمۆنی سادەدەبێت ئەگەر گۆشەلادانی بچوك بێت

هەروەك ئەوەی لە سیستمی (بارستایی – سپرینگ)دا هەیە هێزی گەڕێنەرەوە لە پەندۆلی سادەدا نەگۆڕ نییە. لە بەرامبەردا هێزی گەڕێنەرەوە بە گۆڕانی دوری گۆیەکە لە

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

شوێنی هاوسەنگبوونەوە دەگۆڕێت. چەند لە شوێنی هاوسەنگ بوون نزیك بێتەوە هێزی گەڕێنەرەوە کەمدەکات تا لە شوێنی هاوسەنگ بووندا دەبێتە سفر. بەڵام لە لادانە گۆشەیەکی تا ڕادەیەك بچووکدا (کەمتر لە 15°) هێزی گەڕێنەرەوە لەگەڵ لادانی گۆیەکە لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە ڕاستەوانە دەگونجێت ئەگەر گۆشە لادان بچوك بوو ئەوا جووڵەی پەندوڵ هارمۆنی سادە دەبێت.

لەبەر ئەوەی جووڵەی بە لەرەی پەندوڵی سادە هارمۆنی سادەیە بۆیە لێرەدا زۆربەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان دەربارەی سیستەمی (بارستایی – سپرینگ) ڕاست دەبێت. لە گەورەترین لاداندا هێزی گەڕێنەرەوە و تاودان دەگەنە گەورەترین بڕ بەڵام خێرایی دەبێتە سفر. لە بەرامبەردا هێزی گەڕێنەرەوەو تاودان دەبنە سفر لە شوێنی هاوسەنگبووندا بەڵام خێرایی دەگاتە گەورەترین بڕ. **خشتەی 3-1** بەراوردی نێوان پەندوڵ و سیستەمی (بارستایی – سپرینگ) دەردەخات.

لەگەڵ زیادبوونی لادانی پەندوڵدا ماتەوزەی کێش زیاددەکات

هەروەك لە سیستەمی (بارستایی – سپرینگدا)، میکانیکە وزەی پەندوڵی سادە لە سیستەمێکی نموونەییدا (بێ لێکخشان) پارێزراوە بەڵام ماتە وزەی سپرینگەکە جیریە و ماتە وزەی پەندوڵەکە ماتە وزەی کێشە. نرخی سفری ماتە وزەی کێش بۆ پەندوڵ لە نزمترین ئاستی لەرینەوەدا دەبێت.

لە **وێنەی 3-5** دا دەردەکەوێت کە چۆن ماتەوزەی کێشی پەندوڵ دەگۆڕێت لە گەورەترین لادان لە شوێنی سرەوتنەوە وزەی پەندوڵەکە هەمووی ماتە وزەی کێشە وە کاتی هاتنە خوارەوەی بەرەو شوێنی هاوسەنگبوونی پەندوڵەکە جووڵە وزەیەك پەیدا دەکات و ماتە وزەکەی لەدەست دەدات تا هەموو وزەکە دەگۆڕێت بۆ جووڵە وزە لە شوێنی هاوسەنگبووندا.

پاش ئەوەی گۆیەکە شوێنی هاوسەنگبوون بەجێ دەهێڵێت جووڵە وزەکە دەست بە کەمبوونەوە دەکات وە لە گەورەترین بەرزی گۆیەکەدا، هەموو وزەی پەندوڵەکە دەگۆڕێت بۆ ماتە وزەی کێش.



وێنەی 3-5

گەورەترین لادان (أ)، هاوسەنگ بوون (ب)، یان گەورەترین لادان بە ئاراستەکەی تر(ج)، وزەی میکانیکی وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە هێڵکاریە ڕونکردنەوەییەکەدا دەردەکەوێت ماتە وزە و جووڵە وزە هەردووکیان لە باری گۆڕانی بەردەوامدا دەبن.

چالاکییەکی کرداری خێرا

وزەی پەندوڵ

کەرەستەکان

- ✓ پەندوڵێك لەگەڵ پەتێك
- ✓ تێپ
- ✓ ئۆتۆمبێلێکی یاری
- ✓ پرگال
- ✓ ڕاستەیەکی مەتری یا شریتێکی مەتری



گۆی پەندوڵەکە بە سەرێکی پەتەکەوە ببەستە بۆ ئەمەش تێپەکە بەکاربهێنە. ئۆتۆمبێلەکەی یاری لەسەر ڕوویەکی ساف دابنێ و دەزووەکە ڕاستەو خۆ لە سەروی ئۆمبێلەکە ڕابگرە، بە جۆرێك گۆیەکە لەسەر ئۆتۆمبێلەکە بوەستێت، بە دەستەکەی تر گۆیەکە بەرز بکەوە بۆ شوێنێك کە هاورێکەت بتوانێت گۆشەی پەندوڵەکە بپێوێت بە بەکارهێنانی پرگالەکە. گۆیەکە بەربدە بۆ ئەوەی بلەرێتەوە و بەر ئۆتۆمبێلەکە بکەوێت. لادانی ئۆتۆمبێلەکە بپێوە. ماتە وزەی پەندوڵەکە چی بەسەرهات پاش بەردانی گۆیەکە؟ کردارەکە دووبارە بکەوە بە بەکارهێنانی گۆشەی جیاجیا. ئەنجامەکانت چۆن لێکدەدەیتەوە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

خشتە 1-3 جووڵەی هارمۆنی سادە



پێداچوونەوەی بەندی 1-3

1. کام لەم جووڵە بە پاتانەی خوارەوە جووڵەیەکی هارمۆنی سادەیە؟

أ. مندالێك لەناو جۆلانەیەکدا دەلەرێتەوە ($\theta = 45^\circ$) .

ب. لولەکێك بە دەوری تەوەرەیەکی شاولی تێپەڕبوو بە چەقەکەیدا دەخولێتەوە.

ج. پەندۆلی لەراوەی کاتژمێری دیوار کە ($\theta = 10^\circ$) .

2. هێزی گەڕێنەرەوەی کارکردوو لەگۆی پەندوڵ چۆن دەگۆڕێت کاتێك گۆیەکە بەرەو شوێنی هاوسەنگ بوون دەجولێت؟ تاودانی گۆیەکە و خێراییەکەی چۆن دەگۆڕێت (بە ئاراستەی جووڵەکە)؟

3. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە: کاتێك پاڵەوانەکە دەگاتە شوێنی هاوسەنگبوون، بەرەنجامی هێزی کاریگەر بە ئاراستەی جووڵەکەی دەبێتە سفر. ئەو هۆکارە چییە کەوا لە پاڵەوانەکە دەکات بەردەوام بێت لە لەرینەوە کاتێك بە شوێنی هاوسەنگبووندا تێپەڕ دەبێت؟

بەندی 2-3

پێوانەکردنی جووڵەی هارمۆنی سادە
Measuring Simple Harmonic Motion

2-3 ئامانجەکانی بەندەکە

- فراوانی لەرینەوە دیاری دەکات.
- پەیوەندی کاتەلەرە بە لەرەلەرەوە دیاری دەکات.
- کاتەلەرە و لەرەلەری تەنی لەراوە هەژمار دەکات لە جووڵەی هارمۆنی سادەدا.

فراوانی وکاتە لەرەو لەرەلەر

ئەگەر لێکخشان نەبێت پاڵەوانەکە دوای هەموو لەرینەوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ گەورەترین لادان . گەورەترین لادان لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە پێی دەوترێت **فراوانی** amplitude . فراوانی لەرینەوەی پەندۆڵ بەو گۆشەیە پێوانە دەکرێت کە دەکەوێتە نێوان شوێنی هاوسەنگ بوونی پەندۆلەکە و گەورەترین لادانی. بەڵام سیستمی (بارستایی – سپرینگ) فراوانییەکەی بریتییە لە گەورەترین درێژبوون یان پەستاوتن لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە.

پێوانەکردنی کات بەهۆی کاتە لەرەو و لەرەلەرەوە

بێنە بەرچاوی خۆت کە لەناو ئەو یارییەدا دانیشتویت کە لە **وێنەی 3-6** دا دەرکەوتووە. لە گەورەترین لادانەوە لە لایەکی هاوسەنگ بوونەوە بۆ گەورەترین لادانی لاکەی تر دەلەرێتەوە، وە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێکردن. بەم هات وچوونە دەوترێت لەرەیەکی تەواو (خولێکی تەواو)ی جووڵەکە. بەڵام **کاتە لەرە** T، period ئەو کاتەیە کە لە تەواوکردنی یەك لەرەدا خایەندوویەتی.
بۆ نموونە ئەگەر لەرەیەکی تەواو 20 s خایاند ئەوا تەواوکردنی یەك لەرە 20 s دەبێت. سەرنج بدە کە تەنەکە دوای تێپەڕبوونی کاتە لەرەیەك T. دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی دەرچووبوو. ژمارەی ئەو لەرانەی کە یارییەکە پێی دەلەرێتەوە لە ماوەی یەکەیەکی کاتدا پێی دەگوترێت لەرەلەری یارییەکە f، frequency. ئەگەر تەواوکردنی یەك لەرە 20 s خایاند لەرەلەری یاریەکە دەبێتە $\frac{1}{20}$ لەرە/چرکە یان 0.05 Hz . یەکەی لەرەلەر لە سیستمی SI بریتییە لە s^{-1} یان هێرتز (Hz).
لەوانەیە چەمکی کاتەلەرە و لەرەلەر تێکەڵ بکەیت. هەردووکیان پەیوەستن بە جووڵەی هارمۆنی سادەوە. لە بیرت بێت کە کاتەلەرە ئەو کاتەیە کە یەك لەرە دەیخایەنێت. بەڵام لەرەلەر ژمارەی لەرەکانە لە یەکەی کاتدا. پەیوەندی لە نێوانیاندا پەیوەندییەکی پێچەوانەیە

$$T = \frac{1}{f} \text{ یان } f = \frac{1}{T}$$

ئەم پەیوەندییە بۆ هەژمارکردنی لەرەلەری یارییەکە بەکارهێنراوە.

$$f = \frac{1}{T} = \frac{1}{20\ s} = 0.05\ Hz$$

خشتەی 3-2 پێناسەی هەریەکە لە فراوانی و کاتە لەرەو لەرەلەر لەخۆ دەگرێت لەگەڵ نموونە بۆ هەریەکیان وە یەکەکانیان لە سیستمی SI .

فراوانی

گەورەترین لادانە لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە.

کاتەلەرە

کاتی خاێنراو بۆ ئەنجامدانی لەرەیەکی (خولێکی) تەواو.

لەرەلەر

ژمارەی خولەکان یان لەرینەوەکانە لە یەکەی کاتدا.

وێنەی 3-6
لەهەر جووڵەیەکی بەپاتدا لەرەلەر و کاتەلەرە پێچەوانە لەگەڵ یەکتر دەگونجێن.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

خشتە 2-3 پێوانەکانی جووڵەی هارمۆنی سادە

زاراوە	نموونە	پێناسە	یەکەی SI
فراوانی		گەورەترین لادانە لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە	ڕادیەن rad مەتر m
کاتەلەرە T		ئەو کاتەیە کە دەخایەنرێت بۆ ئەنجامدانی لەرەیەکی تەواو	چرکە s
لەرەلەر f		ژمارەی خولەکان یان لەرینەوەکانە لە یەکەی کاتدا	هێرتز Hz $(Hz = s^{-1})$

پەیوەندی کاتەلەرەی پەندۆل بەدرێژی پەندۆل و تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەستەوە

هەرچەندە هەریەکە لە پەندۆلی سادە و سیستمی (بارستایی – سپرینگ) بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرنەوە بەڵام هەژمارکردنی کاتەلەرەو و لەرەلەری هەر یەکەیان پێویستی بە هاوکێشەیەکی جیا هەیە. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە کاتەلەرە و لەرەلەر لە هەریەکەیاندا پشت بە چەند هۆکارێکی فیزیایی جیاواز دەبەستێت.

با دوو پەندۆلی تاقیگەیی وەربگرین درێژی هەریەکەیان L بێت. بەڵام بارستایی دوو گۆیەکەیان جیاوازبێت. درێژی پەندۆل لە خاڵی تەوەرەی لەرینەوەوە پێوانە دەکرێت تا چەقی بارستایی گۆیەکەی، ئەگەر گۆیەکانی دوو بەندۆلەکە بۆ هەمان دوری بچوک ڕابکێشرێن ئینجا بەربدرێن دەبینیت هەردووکیان یەک لەرە لە هەمان کاتدا تەواو دەکەن. ئەگەر لە هەوڵی دووەمدا دوورییە بچووکەکەی یەکێك لە پەندۆلەکانت گۆڕی دەبینیت کە کاتەلەرەی دوو پەندۆلەکە هەر ئەوەیە و ناگۆڕێت. کەواتە لە فراوانی بچوکدا کاتەلەرەی پەندۆل لەسەر فراوانییەکەی بەند نابێت هەروەها لەسەر بارستایی پەندۆلەکەش بەند نابێت.

بەڵام کاتێك درێژی پەندۆلەکە دەگۆڕێت کاتەلەرەکەشی دەگۆڕێت. هەروەها هەر گۆڕانێك لە تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەستدا کار لەکاتەکەرەی بەندۆلەکە دەکات داڕشتنی ڕاست بۆ پەیوەندی نێوان ئەم گۆڕانە دەکرێت بیرکاریانە یان تاقیگەیانە بەدەست بێت.

کاتە لەرەی بەندۆل لە جووڵەی هارمۆنی سادەدا

$$T = 2\pi\sqrt{\frac{L}{a_g}}$$

کاتە لەرە = 2π × ڕەگی دووجا بۆ (درێژی دابەشی تاودانی کە وتنە خوارەوەی سەربەست)

لەبەرچی کاتەلەرەی پەندۆل بەندە لەسەر درێژی پەندۆل و تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست؟ ئەگەر دوو پەندۆلەکە هەمان فراوانیان هەبێت و درێژییان جیاوازبێت، پەندۆلە کورتەکەیان لەسەر کەوانەیەکی کورتتر دەجووڵێت،

ئایا دەزانیت؟

چاکەی ئەوە بۆ گالیلۆ دەگەڕێتەوە، چونکە یەکەم کەس بوو تێبینی ئەوەی کرد کە جووڵەی پەندۆل (لەگۆشە لادانە بچوکەکاندا) بەندە لەسەر درێژییەکەی نەك لەسەر فراوانییەکەی. پەندۆلەکەی گالیلۆ سورەیاەك بوو چەند مۆمێکی هەڵگرتبوو کە بە بنمیچی خانویەکی بەرزەوە هەڵواسرابوو دەلەرییەوە، دوای ئەوەی لە کاتی داگیرساندنی مۆمەکانیدا بە هەڵە پاڵی پێوە نرابوو. باوەڕوایە کە گالیلۆ لەرەلەرەکەی و پاشان کاتە لەرەکەی بەهۆی لێدانەکانی دڵیەوە پێواوە.

وەك لە **وێنەی 3-7** دا دیارە. لەبەر ئەوەی تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست بۆ هەردوو پەندۆڵەکە هەمان تاودانە، بەمەش کاتەلەرەی پەندۆڵە کورتەکە کەمتر دەبێت.

بۆچی بارستایی و فراوانی کار ناکەنە سەر کاتە لەرەی پەندوڵ؟ کاتێك بارستایی گۆیەکە لە دوو پەندۆڵدا هەمان درێژیان هەبێت دەگۆڕێت بارستاییە گەورەکە هێزێکی گەڕێنەرەوەی گەورەتر پەیدا دەکات، بەڵام پێویستی بە هێزێکی گەورە دەبێت بۆ بەدەستهێنانی هەمان تاودان. ئەم بارە لەو تەنانە دەچێت کە بە کەوتنە خوارەوەی سەربەست بە هەمان تاودان دەکەونەخوارەوە، هەرچەندە بارستاییەکانیشیان جیاوازە.

لە گۆشە لادانە بچوکەکاندا (کەمتر لە 15°)، ئەگەر فراوانی پەندوڵ زیادبکات هێزی گەڕێنەرەوە زیاد دەکات بە گۆڕانێکی ڕاستەوانە. لەبەر ئەوەی هێز ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ تاوداندا بەمەش تاودانی سەرەتایی گەورەتر دەبێت. وە هەروەها ئەو دورییەی کە پەندۆڵەکە دەبێت بیبڕێت گەورەتر دەبێت، لە گۆشەلادانە بچوکەکاندا ئەم دوو هێندە یەکێکیان کاریگەری ئەوەی تریان ناهێڵێت. وە کاتە لەرەی پەندۆڵەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە.



وێنەی 3-7
کاتێك درێژی یەکێك لە پەندۆڵەکان کەمدەکرێتەوە، ئەو دورییەی کە لە خاڵی هاوسەنگ بوونیەوە دەیبڕێت کەمدەکات. لەبەر ئەوەی تاودانی هەردوو پەندۆڵەکە یەکسانن، بەمەش پەندۆڵە کورتەکە کاتەلەرەکەی کەمتر دەبێت.

نموونە 3 (ب)

جووڵەی هارمۆنی سادەی پەندۆڵێکی سادە

پرسیارەکە

لەوانەیە بتەوێت بەرزی قوللەیەکی (تاوەرێکی) بەرز بزانیت، بەڵام تاریکی ڕێ لە بینینی بنمیچەکەی دەگرێت. تێبینی دەکەیت پەندۆڵێك بە بنمیچەکەیەوە شۆڕبۆتەوە و خەریکە بەر زەوی دەکەوێت. بەرزی قوللەکە چەندە ئەگەر کاتەلەرەی پەندۆڵەکە 12 s بێت؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $T = 12\ \text{s}$ $\quad a_g = g = 9.81\ \text{m/s}^2$

نەزانراو: $L = ?$

2. پلان دادەنێم

هاوکێشەی کاتەلەرە بەکاردەهێنم. وە ڕێکیدەخەمەوە بۆ دۆزینەوەی نەزانراوەکە.

$$T = 2\pi\sqrt{\frac{L}{a_g}}$$

$$T^2 = 4\pi^2\frac{L}{a_g}$$

3. هەژمار دەکەم

$$L = \frac{T^2 a_g}{4\pi^2} = \frac{(12\text{s})^2\ (9.81\ \text{m/s}^2)}{4\ \pi^2}$$

$$\boxed{L = 36\ \text{m}}$$

تێبینی

لە بیرت بێت کە a_g لەسەر ڕووی زەوی دەکاتە $g = 9.81\ \text{m/s}^2$. ئەم نرخە بۆ a_g لە هاوکێشەی کاتە لەرەی پەندۆڵدا بەکاربهێنە. ئەگەر شتێکی تری باس نەکردبێت. بەڵام لە پەرزییە زۆرەکاندا یان لەسەر ڕووی هەسارە جیاجیاکان، لە جیاتی بڕی دراوی a_g ئەوەی تایبەتە پێیانەوە بەکاردەهێنرێت.

ڕاهێنانی 3 (ب)

جووڵەی هارمۆنی سادەی پەندۆلێکی سادە

1. پاڵەوانێك لە یاری سێرکدا بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە و کاتە لەرەکەی 3.8 s . درێژی پەتی جۆلانەکە هەژماربکە.
2. کاتەلەرەو لەرەلەری پەندۆلێك کە درێژییەکەی 3.500 m لەم شوێنانەی خوارەوەدا هەژماربکە.
   أ. جەمسەری باکوری گۆی زەوی، کە $a_g = 9.832\ m/s^2$.
   ب. شاری شیکاگۆ لە وڵاتە یەکگرتوەکان، کە $a_g = 9.803\ m/s^2$
   ج. جاکارتا لە ئیندۆنیسیا، کە $a_g = 9.782\ m/s^2$.

پشتبەستنی کاتەلەرە لە سیستمی (بارستایی – سپرینگ) بە هەر یەکە لە بارستایی و نەگۆڕی سپرینگەوە

با سیستمی (بارستایی – سپرینگ) وەربگرین، بەپێی یاسای هوك ئەو هێزە گەڕێنەرەوەی کار لە بارستاییەکە دەکات بەپێی لادانی بارستاییەکەو نەگۆڕی سپرینگەکە دیاریدەکرێت ($\vec{F}_{\text{جیری}} = -k\vec{x}$). لە کاتێکدا کە بارستایی لەم سیستمەدا کارناکاتە سەر هێزی گەڕێنەرەوە، بارستاییەکی قورس لە پەندۆلدا دەبێتە هۆی زیادکردنی ئەو هێزەی کە کار لە گۆیەکەی دەکات، وە بارنەگۆڕی گۆیەکە زیاد دەکات. بەڵام بارستاییەکی قورس کە بە سپرینگێکەوە هەڵواسراوە، بارنەگۆڕی زیاد دەکات بێ ئەوەی لە بەرامبەردا هیچ زیادەیەك لە هێزەکەدا پەیدابکات.

بەهۆی ئەم زیادبوونە لە بارنەگۆڕیدا، بارستاییەکی قورس تاودانێکی کەمتری دەبێت لە چاو تاودانی بارستاییەکی سوکدا. لەبەر ئەوە بارستاییە قورسەکە کاتێکی زیاتر دەخایەنێت بۆ تەواوکردنی یەك لەرەی جووڵەکە. بە واتایەکی تر، بارستاییەکی قورستر کاتەلەرەیەکی گەورەتری دەبێت. کەواتە، تا بارستایی زیادبکات کاتە لەرەی لەرینەوە زیاد دەکات. کاتێك لە بەرامبەردا هیچ زیاد بوونێك لە هێزەکەدا نەبێت.

چەند نرخی نەگۆڕەکەی زیادبکات، پتەوی سپرینگ زیاد دەکات، ئەمەش وا دەکات پێویستی بە هێزێکی گەورەتربێت بۆ درێژکردنی یان پەستاوتنی، وازانراوە کە هێزێکی گەورەتر تاودانێکی گەورەتر پەیدا دەکات، وە بەمەش کاتی پێویست بۆ لەرەیەکی کەمدەکات (وا دادەنێین کە فراوانی نەگۆڕە). کەواتە لە فراوانییەکی دیاریکراودا ئەو سپرینگەی کە پتەوترە لە تەواوکردنی یەك لەرەدا کاتێکی کەمتر دەخایەنێت لەو سپرینگەی کە پتەویەکەی کەمتر بێت وەك ئەوەی لە پەندۆلدا هەیە دەتوانرێت هاوکێشەی کاتەلەرە بۆ سیستمی (بارستایی – سپرینگ) بیرکاریانە یان تاقیگەییانە دابرێژین.

کاتەلەرە بۆ سیستمی (بارستایی–سپرینگ) لە جووڵەی هارمۆنی سادەدا

$$T = 2\pi\sqrt{\frac{m}{k}}$$

کاتە لەرە = 2π × ڕەگی دووجا بۆ (بارستایی دابەشی نەگۆڕی سپرینگ)

تێبینی دەکەیت کە گۆڕانی فراوانی لەرینەوە کار لە کاتەلەرە ناکات، هەروەك لە پەندولی سادەدا. ئەمە تەنها لەسەر ئەو سیستم و بارانە ڕاستدەبێت کە سپرینگیان تێدایەو یاسای هۆکیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



فیزیا و ژیان

1. پەندوڵێک لەسەر هەیڤ

تاودانی کەوتنەخوارەوەی سەربەست لەسەر ڕووی هەیڤ نزیکەی شەش یەکی نرخەکەیەتی لە سەر ڕووی زەوی. بەراوردبکە لە نێوان کاتەلەرەی پەندوڵێک لەسەر هەیڤ وەکاتە لەرەی پەندوڵە هاوشێوەکەی لەسەر زەوی

2. کاتژمێرە پەندوڵدارەکانی دیوار

چی وا لە پەندوڵ دەکات ببێتە دەزگایەکی کات ڕاگری ڕاست ئەگەر چی فراوانی لەرینەوەکەشی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەرە بەرە کەمبکات؟

نموونە 3 (ج)

جووڵەی هارمۆنی سادەی سیستمی (بارستایی – سپرینگ)

پرسیارەکە

ئۆتۆمبێلێک بارستاییەکەی **1275 kg** بە چوار سپرینگەوە لەسەر پەیکەرێک ڕاگیر کراوە. ئۆتۆمبێلەکە شوفێرەکە و نەفەرێکی هەڵگرتووە، بارستاییەکانیان پێکەوە **153 kg**. کاتێک ئۆتۆمبێلەکە بەسەر کەندرێک لە ڕێگاکەدا تێپەڕبوو پەیکەرەکە دەلەرێتەوە و کاتە لەرەکەی **0.840 s**. بۆ چرکەکانی یەکەم وا دابنێ کە جووڵەکە هارمۆنی سادەیە. نەگۆڕی سپرینگەکە بدۆزەوە.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $m = \dfrac{1275\ \text{kg} + 153\ \text{kg}}{4} = 357\ \text{kg}$ $\quad T = 0.840\ \text{s}$

نەزانراو: $k = ?$

2. پلان دادەنێم

هاوکێشەی کاتە لەرە بەکاردەهێنم بۆ سیستمی بارستایی – سپرینگ و k هەژماردەکەم.

$$T = 2\pi\sqrt{\frac{m}{k}}$$

$$T^2 = 4\pi^2\left(\frac{m}{k}\right)$$

3. هەژمار دەکەم

$$k = \frac{4\pi^2 m}{T^2} = \frac{4\ \pi^2\ (357)\ \text{kg}}{(0.840\ \text{s})^2}$$

$$\boxed{k = 2.00 \times 10^4\ \text{N/m}}$$

ڕاهێنانی 3 (ج)

جووڵەی هارمۆنی سادەی سیستمی (بارستایی – سپرینگ)

1. چەند بارستاییەکی جیاواز بە سپرینگێکەوە هەڵواسران کە نەگۆڕەکەی 30.0 N/m . کاتەلەرە و لەرەلەری لەرینەوە بۆ هەریەك لەم دوو بارستاییە بدۆزەوە.

أ. 2.3 kg .

ب. 15 g.

پێداچوونەوەی بەندی 3-2

1. خوێندنەوەی پەندۆلی ئاواز ڕێکخەر ژمارەی لەرەلەرەکان لە دەقیقەیەکدا دەنوێنێت. کاتەلەرە و لەرەلەری پەندۆلێکی ئاواز ڕێکخەر چەندە ئەگەر لەسەر 180 لەرە لە دەقیقەیەکدا ڕێك بخرێت؟

2. منداڵێك لەسەر جۆلانەیەك دەلەرێتەوە درێژی پەتەکەی 2.5 m .

أ. کاتەلەرەی جووڵەی منداڵەکە چەندە؟

ب. لەرەلەری لەرینەوەکەی چەندە؟

3. بارستایی 0.75 kg بە سپرینگێکی شاولییەوە هەڵواسراو تادوری 0.30 m سپرینگەکەی درێژکرد ئەمانەی خوارەوە بدۆزەوە.

أ. نەگۆڕی سپرینگەکە؟

ب. دەزگاکە لەسەر ڕوویەکی ئاسۆیی دانرا و بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە لەرایەوە. کاتە لەرەکەی چەندە؟

4. **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** دوو سیستمی (بارستایی – سپرینگ) بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرنەوە. ئەگەر نەگۆڕەکانیان یەکسان بێت و بارستایی یەکێکیان دوو ئەوەندەی بارستایی ئەوی تریان بێت، کامیان کاتەلەرەکەی گەورەتر دەبێت؟

Ferkar

بەندی 3-3

سیفەتەکانی شەپۆڵ
Properties of Waves

جووڵەی بە شەپۆڵ

با لەوە وردبینەوە کە لەسەر ڕووی ئاوی گۆمێك ڕوودەدات کاتێك بەردێك دەکەوێتە ناویەوە. ئەو شێواندنەی کەبەردەکە پەیدای دەکات چەند شەپۆلێك لە ئاوەکەدا دروست دەکات لە خاڵی شێواندنەکە دوور دەکەونەوە وەك **وێنەی 3-8**. ئەگەر لە جووڵەی گەڵای درەختێك بکۆڵینەوە کە لە نزیك خاڵی شێواندنەکەوە سەر ئاو کەوتووە، دەبینین گەڵاکە دەجووڵێت و بە دەوری شوێنە بنەڕەتییەکەیدا بەرزو نزم دێت و دەچێت. بەڵام هیچ لادانێك بە ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکان نابڕێت.

جووڵەی گەڵاکە وەك جووڵەی تەنۆلکەکانی ئاوەکەیە لە شوێنی خۆیاندا، بەڵام تەنۆلکەکانی ئاوەکە لەناو گۆمەکەدا ناگوێزرێنەوە. بەواتایەکی تر، شەپۆلی ئاو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەجووڵێت، بەڵام ئاوەکە لەگەڵیدا ناگوێزرێتەوە.

شەپۆل جووڵەی شێواندنێکە

شەپۆلەکانی ئاو بە هۆی شێواندنی خاڵێکی دیاریکراوەوە لەسەر ئاودا پەیدادەبن دەست بەجووڵە دەکەن. ئەم شێواندنە جووڵەی ئاوەکە لە نزیك خاڵەکەوە دروست دەکات. جووڵەکەش لە لایەن خۆیەوە شێواندنەکان دەگوێزێتەوە بۆ خاڵەکانی دوورترو وادەکات بجووڵێن. بەم شێوەیە شەپۆلەکان بە شێوەی بازنەیی، دوور لە شێواندنە بنەڕەتیەکە دەگوێزرێنەوە.

لەم نموونەیەدا ئاوی ناو گۆمەکە دەبێتە ئەو **ناوەندەی** medium کە شێواندنەکە تێپەڕدەکات، وە تەنۆلکەکانی ناوەندەکەش، واتە گەردەکانی ئاو لەم بارەدا لەکاتی تێپەڕبوونی شەپۆلەکەدا دەلەرنەوەو بەرزو نزم دەبنەوە. سەرنج بدە کە ناوەندەکە بەکردار لەگەڵ شەپۆلەکەدا ناگوێزرێتەوە. لەپاش تێپەڕبوونی شەپۆلەکە ئاوەکە دەگەڕێتەوە شوێنە بنەڕەتیەکەی خۆی.

زۆربەی جۆرەکانی شەپۆل پێویستیان بەناوەندێك هەیە کە تیایدا بگوێزرێنەوە. بۆ نموونە شەپۆلەکانی دەنگ ناتوانن لە بۆشاییدا بگوێزرێنەوە، بەڵکو ناوەندێکی دەوێت وەك هەوا یان ئاو، وە بەو شەپۆلانەی کە پێویستیان بە ناوەندی مادی هەیە بۆگواستنەوەیان دەوترێت **شەپۆلە میکانیکییەکان** mechanical waves. هەموو شەپۆلەکان پێویستیان بە ناوەند نییە بۆ گواستنەوەیان. شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان، وەك ڕووناکی بینراو و شەپۆلە بێ تەلەکان و تیشکی x، دەتوانن بە بۆشاییدا تێپەڕبن. لە بەشەکانی داهاتوودا ئەم شەپۆلە کارۆموگناتیسیانە دەناسیت.

3-3 ئامانجەکانی بەندەکە

- لەرینەوەی تەنۆلکەکان لە کۆی جووڵەی بە شەپۆل جیادەکاتەوە.
- پرتەکان لە شەپۆلە بەپاتەکان جیادەکاتەوە.
- شێوەکانی شەپۆل بۆ شەپۆلەکانی پانڕەو و درێژڕەو لێکدەداتەوە.
- پەیوەندی نێوان خێرایی شەپۆل و لەرەلەرەکەی و درێژییەکەی لە شیکارکردنی پرسیارەکاندا بەکاردەهێنێت.
- وزە بە فراوانی لەرینەوەوە دەبەستێتەوە.

وێنەی 3-8

وێنەکە ئەو شەپۆلانە دەردەخات کە بەردە کەوتوەکە لەناو گۆمەکەدا پەیدای کردون.

ناوەند

ئەو مادەیە کە شێواندنە شەپۆلیەکان تێپەڕ دەکات.

شەپۆلی میکانیکی

ئەو شەپۆلەیە کە بۆ گواستنەوەی پێویستی بە ناوەندێکی مادی هەیە.

جۆرەکانی شەپۆل

ئاسانترین ڕێگا بۆ ئەوەی جووڵەیەکی بە شەپۆلت دەست بکەوێت، ئەوەیە کە بە خێرایی سەرێکی پەتێکی گرژ کراو بلەرێنیتەوە کاتێك سەرەکەی تری چەسپکرابێت. وەك لە **وێنەی 9-3** دەردەکەوێت. جووڵەی مەچەکت پرتەیەك پەیدادەکات و دەگوێزرێتەوە بۆ لایە چەسپ کراوەکە بە خێراییەکی دیاریکراو.



وێنەی 9-3

مەچەك یەك جووڵەی خێرا بەسەری پەتە کرژ کراوەکە دەکات پرتەیەك پەیدادەکات.

بەردەوام بوون لەسەر پەیداکردنی چەند پرتەیەکی یەك لە دواییەك لەسەری پەتەکەدا شەپۆلێکی بەپات دروست دەکات. هەرکاتێك دروستکەری شەپۆلەکە جووڵەکەی بە پات بێت، وەك جووڵە دووبارەبووەوەکەی دەستت بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە، شەپۆلە پەیدا بووەکە شەپۆلێکی بەپات دەبێت.

شەپۆلە شێوە ساینیەکان و تەنۆلکە لەراوەکان بەجووڵەیەکی هارمۆنی سادە

وێنەی 10-3 وێنەی شەپۆلێکی بەپاتە لە پەتێکدا، کە ڕاستەیەکی تەنك دروستی دەکات کاتێك بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە کاتێك شەپۆلەکە بەلای ڕاستدا دەگوێزرێتەوە هەموو خاڵەکانی سەرپەتەکە دەلەرنەوە و بەرزو نزم دەبنەوە و جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەکەن، چونکە جووڵەی ڕاستەکە جووڵەیەکی هارمۆنی سادەیە، ئەو شەپۆلەی کە سەرچاوەکەی بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە پێی دەوترێت شەپۆلی ساین. ئەمە ئەوە دەگەێنێت کە شەپۆلی ساین بارێکی تایبەتی شەپۆلی بەپاتە، کە تێیدا جووڵە بەپاتەکە هارمۆنی سادە دەبێت. ئەو شەپۆلەی کە لە **وێنەی 10-3** دا دیارە پێی دەوترێت شەپۆلی ساین، چونکە وێنەی ڕوونکردنەوەیی نەخشەی ساین $y = \sin x$ ئەم چەماوەیە دەدات لەکاتی وێنەکێشانیدا.

ئەگەر لە نزیکەوە سەیری یەك خاڵ لەسەر ئەو پەتە بکەین کە لە **وێنەی 10-3** دا دیارە دەردەکەوێت کە جووڵەکەی لە جووڵەی بارستاییەك دەچێت کە بە سپرینگێکی لەراوەوە هەڵواسراوە. کاتێك شەپۆلەکە بەلای ڕاستدا دەگوێزرێتەوە هەر خاڵێك بە دەوری شوێنی هاوسەنگ بوونیدا دەلەرێتەوە بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە. وە ئەم پەیوەندییە لە نێوان جووڵەی هارمۆنی سادە و جووڵەی بەشەپۆلدا وامان لێدەکات کە بتوانین زاراوەکان و چەمکەکانی جووڵەی هارمۆنی سادە لە خوێندنی جووڵەی بەشەپۆلدا بەکاربهێنین.



وێنەی 10-3

لەکاتی گواستنەوەی شەپۆلی ساینی بەلای ڕاستدا کە ڕاستە دەمەتیژە لەراوەکە پەیدای کردووە، تاکە خاڵێکی سەر پەتەکە دەلەرێتەوە و بەرزو نزم دەبێتەوە بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە.

ستوونبوونی لەرینەوەی تەنۆلکەکانی ناوەندەکە لەگەڵ ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە لە شەپۆلی پانڕەودا

وێنەی 3-11 (أ) وێنەی ئەو شەپۆلە دەردەخات کە لە **وێنەی 3-10** دا هەبوو لە ساتێکی دیاریکراودا t. کاتێك شەپۆلەکە بەرەو لای ڕاست دەگوازرێتەوە تەنۆلکەکانی پەتەکە بە ئاراستەیەکی ستوون لەسەر ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە دەلەرنەوە. هەر شەپۆلێك وەك ئەم شەپۆلە تەنۆلکەکانی ناوەندە شێوازەکە تیایدا بە ئاراستەیەکی ستوون لەسەر ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە بلەرنەوە پێی دەووترێت شەپۆلی پانڕەو transverse wave.

دەتوانرێت ئەو شەپۆلەی کە لە **وێنەی 3-11** (أ)دا دیارە لە سیستمی پۆوتانەکان دابنرێت، وەك لە **وێنەی 3-11** (ب)دا دیارە. ئەوا هەندێك جار پێی دەووترێت شێوەی شەپۆلی. شێوەی شەپۆلی لادانەکانی هەر خاڵێکی شەپۆلەکە لە ساتێکی دیاریکراودا دەردەخات، یان لادانەکانی یەك تەنۆلکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەردەخات. لەم بارەدا شێوە شەپۆلەکە وێنەی لادانەکان پیشان دەدات لەیەك ساتدا، تەوەرەی x شوێنی هاوسەنگ بوونی پەتەکە دەنوێنێت وە تەوەرەی y لادانی هەرخاڵێك لە پەتەکە دەنوێنێت لە ساتی t دا بۆ نموونە لەو خاڵانەی کە چەماوەکە تیایدا تەوەرەی x دەبڕێت لادان تیایاندا سفر دەبێت $(y = 0)$. وە بە پێچەوانەوە بەرزترین خاڵ و نزمترین خاڵ لە چەماوەکەدا کە لادان گەورەترین بڕی دەبێت، تیایاندا نرخی پەتی y لە گەورەترین بڕی دا دەبێت.

سەرو بن و فراوانی و درێژی شەپۆل

ئەو خاڵەی کە گەورەترین لادانی پۆزەتیڤی لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە هەیە پێی دەووترێت **سەر** crest، وە ئەو خاڵەی کە گەورەترین لادانی نێگەتیڤی لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە هەیە پێی دەووترێت **بن** trough. وە وەك لە جووڵەی هارمۆنی سادەدا، فراوانی شەپۆل پێوەرە بۆ گەورەترین لادان لە هێڵی هاوسەنگ بوونەوە. بەپێی ئەوەی کە تەوەرەی x هێڵی هاوسەنگ بوونی پەتەکە دەنوێنێت، ئەوا فراوانی شەپۆل بریتییە لە دوری سەر یان بن لە هێڵی هاوسەنگ بوونەوە. وەك لە **وێنەی 3-11**ی (ب)دا دەردەکەوێت.

سەرنج بدە کە زنجیرەیەك سەرو بن لە شێوەی ئەو شەپۆلەدا هەیە کە لە وێنەی **3-11**ی (ب)دا دیارە. وە دووری نێوان دوو سەری یەك لەدواییەك یان دوو بنی یەك لە دواییەك هەمووکات وەك یەکە کەواتە دەتوانرێت جووڵەی شەپۆل بە جووڵەی بەپات دابنرێت. لە شەپۆلدا تەنۆلکەکە یەکەمجار بە ئاراستەیەکی دیاریکراو دەگوازرێتەوە، پاشان بە ئاراستەیەکی تر، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگەڕێتەوە بۆ شوێنی هاوسەنگ بوونی بنەڕەتی و خۆی ئامادەبکات بۆ دەست پێکردنی لەرەیەکی تازە. وە ئەو دوورییەی کە شەپۆل دەیبڕێت لە یەك کاتە لەرەدا پێی دەووترێت درێژی شەپۆل wavelength. وە هێماکەی λ (بەلامدا دەخوێندرێتەوە) وە بریتییە لە هەمان ئەو دوورییەی کە دەکەوێتە نێوان دووسەری (گەورەترین لادانی پۆزەتیڤ) یەك لە دواییەك یان دوو بنی (گەورەترین لادانی نێگەتیڤ یەك لە دوای یەك. بەڵام ڕێگای زانستی بۆ دۆزینەوەی درێژی شەپۆل بە پێوانی دووری نێوان هەموو دوو خاڵی یەك بەدواییەك کە بە هەمان خێرایی بجووڵێن لە برو ئاراستەدا.

سەرنج بدە کە دوورییەکان لە نێوان دوو سەری یەك بەدواییەك یان دوو بنی یەك بەدواییەك لە شێوەی شەپۆلیدا یەکسانە.



(ب)

(أ)

شەپۆلی پانڕەو
ئەو شەپۆلەیە کە تیایدا تەنۆلکەکانی ناوەندەکە بە ئاراستەیەکی ستوون لەسەر ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە دەلەرنەوە.

سەر
ئەو خاڵەیە کە گەورەترین لادانی پۆزەتیڤی لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە هەیە.

بن
ئەو خاڵەیە کە گەورەترین لادانی نێگەتیڤی لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە هەیە.

درێژی شەپۆل
دوری نێوان هەموو دوو خاڵی یەك لە دواییەکە کە بە هەمان خێرایی لە برو ئاراستەدا بجووڵێن.

وێنەی 3-11
(أ) وێنەی شەپۆلێکی پانڕەو لەهەر ساتێکدا t وە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ (ب) چەماوەیەکە کە تەوەرەی x هێڵی هاوسەنگ بوونی پەتەکەیەو، چەماوەکەش لادانەکانی پەتەکە لە کاتی t دیاریدەکات.

تەریب بوونی لەرینەوەی تەنۆلکەکانی ناوەندەکە لەگەڵ ئاڕاستەی جووڵەی شەپۆلەکە لە شەپۆلی درێژڕەودا

دەتوانیت جۆرێکی تری شەپۆلەکان لە سپرینگێکدا پەیدابکەی، بە چەسپکردنی سەرێکی سپرینگەکە و جوڵاندنی سەرەکەی تری بۆ پێشەوەو بۆ دواوە، چەند ناوچەیەکی پەستاوتن وشاشبوون بە درێژایی سپرینگەکە پەیدا دەبێت وەك لە **وێنەی 3-12** دا دەردەکەوێت. وە لادانی ئەڵقەکان بە ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە دەبن. بۆمان دەردەکەوێت ئەو تەنۆلکانەی ناوەندەکە کە شەپۆلەکە پیایاندا دەڕوات دەبێت بە ئاڕاستەیەکی تەریب بە ئاڕاستەی جووڵەی شەپۆلەکە دەلەرنەوە.



وێنەی 3-12

لەکاتی گواستنەوەی شەپۆل بەلای راستدا ئەڵقەکان لە یەکترنزیك دەبنەوە و سپرینگەکە لە هەندێك شوێن توند دەبێت و لە هەندێك شوێن خاو دەبێتەوە. لەبەرئەوەی لادانی ئەڵقەکان تەریبن لەگەڵ ئاڕاستەی جووڵەی شەپۆڵەکە بۆیە شەپۆلەکە درێژڕەوە.

لەبەر ئەو هۆیە ئەم شەپۆلە پێی دەوترێت **شەپۆلی درێژڕەو** longitudinal wave. شەپۆلەکانی دەنگ لە هەوادا شەپۆلی درێژڕەون چونکە تەنۆلکەکانی هەوا بۆ پێشەوە و بۆ دواوە دەلەرنەوە بە ئاڕاستەیەکی تەریب بە ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە.

شەپۆلی درێژڕەو

ئەو شەپۆلەیە کە تەنۆلکەکانی ناوەندەکە تیایدا بە ئاڕاستەیەکی تەریب بە ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە دەلەرنەوە.

هەروەها دەتوانرێت ئەو شەپۆلە درێژڕەوەی کە لە **وێنەی 3-13** (أ)دا دیارە بەو چەماوە تەژییە بنوێنرێت کە لە **وێنەی 3-13** (ب)دا دیارە، کە چەقی ناوچەکانی پەستاوتن لەگەڵ (سەر)ەکانی وێنەی شێوە شەپۆلەکە دەکەونە سەر یەکتر. وە چەقی ناوچەکانی شاشبوون لەگەڵ (بن)ەکانی وێنەی شێوە شەپۆلەکە دەکەونە سەریەکتر.

ئەم جۆرە چەماوانە کە لە **وێنەی 3-13** ی (ب)دا دەردەکەون پێیان دەوترێت ناوچەکانی پەستان چونکە سەرەکان، لەو شوێنانەی ئەڵقەکانی سپرینگەکە پەستێوراون، بریتییە لە ناوچەکانی پەستانی بەرز، وە بنەکان لەو شوێنانەی ئەڵقەکانی سپرینگەکە شاشبوونن، بریتییە لە ناوچەکانی پەستانی نزم.



وێنەی 3-13

(أ) شەپۆلی درێژڕەو لە ساتی t، دەتوانرێت بە چەماوەی (ب) بنوێنرێت. چەقی ناوچەکانی پەستاوتن لەگەڵ سەرەکانی شەپۆل دەکەونە سەریەك وە چەقی ناوچەکانی شاشبوون دەکەونە سەر بنەکان.

کاتە لەرەو ولەرەلەر و خێرایی شەپۆڵ

تێبینیت کرد کە جووڵاندنی سەرێکی سپرینگ بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە، یان پەیداکردنی لەرینەوەکان لەسەر راستەیەك کە بە پەتێکەوە بەستراوە، چەند شەپۆلێك بەناو پەتەکەدا یان سپرینگەکەدا پەیدا دەکەن. شەپۆلەکانی دەنگ لەوانەیە لە لەرینەوەی ژێیە دەنگیەکان، یان ژێیەکی گیتار یان پێستەی توندکراوی تەپڵێك پەیدابێت. دروستکەری جووڵە بە شەپۆلەکە لە هەموو ئەو بارانەدا بریتییە لە تەنێکی لەراوە. وە ئەو تەنە لەراوەیە کە هۆکاری چەماوە تەژییەکەشە، هەمیشە لەرەلەرێکی تایبەتی هەیە. کاتی گواستنەوەی جووڵە بۆ تەنۆلکەکان لە شەپۆلدا تەنۆلکەکان بە لەرەلەرێك دەلەرنەوە یەکسانە بە لەرەلەری لەرینەوەی تەنەکە یان سەرچاوەکە. وە کاتێك تەنۆلکە لەراوەکان لەناوەندەکەدا یەك لەرە تەواو دەکەن، ئەوکاتە یەك درێژی شەپۆل بەخاڵێکی دیاریکراودا تێپەڕ بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە یەك لەرە دەبێتە هۆی دروستکردنی یەك شەپۆل، لەمەوە لەرەلەری شەپۆل بریتییە لە ژمارەی ئەو شەپۆلانەی کە بە خاڵێکی دیاریکراودا تێپەڕ دەبن لە یەکەی کاتدا.

بەڵام کاتەلەرەی شەپۆل: بریتییە لەکاتی پێویست بۆ تەواوکردنی لەرەیەکی تەواوی تەنۆلکەکانی ناوەندەکە. بەپێی ئەوەی کە ڕوودانی یەك لەرەی تەواو مانای تێپەڕبوونی یەك درێژی شەپۆلە بە خاڵێکی دیاریکراوی شەپۆلەکەدا، کەواتە کاتەلەرە بریتییە لەو کاتەی کە یەك درێژی شەپۆل دەیخایەنێت بۆ تێپەڕبوونی بەو خاڵەدا. وە پەیوەندی نێوان کاتەلەرەو لەرەلەر بەسەر شەپۆلەکاندا جێبەجێ دەکرێت، کە کاتەلەرە پێچەوانە لەگەڵ لەرەلەر دەگونجێت.

پەیوەندی نێوان خێرایی شەپۆل و لەرەلەرو درێژی شەپۆل

ئێستا دەتوانین دەربڕینی خێرایی شەپۆل بەپێی کاتە لەرەو لەرەلەرەکەی دابڕێژین. دەزانین کە خێرایی یەکسانە بە لادان دابەشی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ بڕینی ئەو لادانە.

$$v = \frac{\Delta x}{\Delta t}$$

لە شەپۆلەکاندا، لادانێك بەقەدەر یەك درێژی شەپۆل λ لە ماوەیەکی کاتی ڕوودەدات کە دەکاتە یەك کاتە لەرە (T).

$$v = \frac{\lambda}{T}$$

لەمەو پێش پەیوەندی لەرەلەرمان بە کاتەلەرەوە خوێند کە پەیوەندیەکی پێچەوانەیە.

$$f = \frac{1}{T}$$

لەرەلەر لە هاوکێشەی خێراییدا لەجیاتی دادەنێین بۆ دەست کەوتنی هاوکێشەیەکی نوێی خێرایی شەپۆل

$$v = \frac{\lambda}{T} = f\lambda$$

خێرایی شەپۆل

$$\boldsymbol{v = f\lambda}$$

خێرایی شەپۆل = لەرەلەر × درێژی شەپۆل

خێرایی شەپۆلی میکانیکی بە گوێرەی هەر ناوەندێکی دیاریکراو بە نەگۆڕ دادەنرێت. بۆ نموونە ئەو شەپۆلە دەنگیانەی کە لە ئامێرە مۆسیقییە جیاجیاکانەوە دەردەچن، لە هەمان ساتدا دەگەنە گوێمان هەرچەندە لەرەلەری شەپۆلەکانیان جیاوازە. کەواتە سەرەڕای جیاوازی ئەو لەرەلەرو درێژی شەپۆلانەی کە لەهەر ئامێرێکەوە دەردەچێت، بەڵام سەرئەنجامی لێکدانی هەر دوو هێندەکە هەمیشە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە لە هەمان پلەی گەرمیدا.

لە ئەنجامی ئەوەوە زیاد بوونی لەرەلەری شەپۆل دەبێتە هۆی کەمبوونی درێژی شەپۆل، وە خێراییەکەی بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە، خێرایی شەپۆل تەنها کاتێك دەگۆڕێت کە شەپۆل لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی تری جیاوازدەچێت، یان کاتێك چەند سیفەتێکی دیاریکراوی ئەو ناوەندە کە تیایدا دەجووڵێت (وەك گەرمی) دەگۆڕێت.

ئایا دەزانیت؟

لەرەلەرە بیستراوەکانی شەپۆلی دەنگ دەکەوێتە نێوان 20 Hz و 20 000 Hz بەڵام شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان مەودایەکی لەرەلەری فراوانتریان هەیە، کە لە نزیکەی 10^4 Hz یان کەمتر دەست پێدەکات، وە دەگاتە 10^{25} Hz بەڵکو زیاتریش.

نموونە 3 (د)

خێرایی شەپۆل

پرسیارەکە

ژێیەك بەلەرەلەری **264 Hz** دەلەرێتەوە. وادابنێ کە خێرایی دەنگ لەهەوادا **343 m/s**. درێژی ئەو شەپۆلەی کە ژێیەکە دەریدەکات چەندە؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $v = 343$ m/s $\qquad f = 264$ Hz

نەزانراو: $\lambda = ?$

2. پلان دادەنێم

هاوکێشەی خێرایی بەپێی لەرەلەرو و درێژی شەپۆل بەکاردەهێنم.

$$v = f\lambda$$

3. هەژمار دەکەم

$$\lambda = \frac{v}{f} = \frac{343 \text{ m/s}}{264 \text{ Hz}} = \frac{343 \text{ m.s}^{-1}}{264 \text{ s}^{-1}}$$

$$\lambda = \boxed{1.30 \text{ m}}$$

ڕاهێنانی 3 (د)

خێرایی شەپۆل

1. خێرایی هەموو شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان لە بۆشاییدا 3.00×10^8 m/s . درێژی شەپۆل بەپێی هەریەك لەم لەرەلەرانەی خوارەوە بدۆزەوە.

أ. چەند شەپۆلێکی بێتەل بە لەرەلەری 88.0 MHz .

ب. ڕووناکی بینراو بە لەرەلەری 6.0×10^8 MHz .

ج. تیشکی X بە لەرەلەری 3.0×10^{12} MHz .

2. دولکەیەکی سازدەر دەنگێك بە لەرەلەری 256 Hz وە درێژی شەپۆلی 1.35 m لە هەوادا دەردەکات.

أ. خێرایی بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگەی لە دولکەکەوە دەردەچێت لە هەوادا چەندە؟

ب. درێژی شەپۆلی ئەو دەنگەی کە لە دولکەکەوە دەردەچێت لە ئاودا چەندە، کاتێك خێرایی دەنگ دەگاتە 1500 m/s ؟

شەپۆل و گواستنەوەی وزە

بەردێك فڕێ بدە ناو گۆمە ئاوێکەوە، دەبینیت کە ئەو شەپۆلەی پەیدا بووە بڕێکی دیاریکراو وزە هەڵدەگرێت. کاتێك شەپۆلەکە بەناو گۆمەکەدا بڵاو دەبێتەوە، هەروەها وزەش بەناو گۆمەکەدا دەگوازرێتەوە، کەواتە شەپۆلەکە وزە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری گۆمەکە دەگوێزرێتەوە. بەڵام بە کردار ئاوەکە لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. بۆمان دەردەکەوێت کە شەپۆلەکان لە ڕێگای گواستنەوەی وزەی تەنۆلکەکانەوە وزە دەگوازنەوە نەك گواستنەوەی تەنۆلکەکان خۆیان. لەبەر ئەم هۆیە شەپۆلەکان دەتوانن وزە بە چالاکانە (چوستیانە) بگوازنەوە.

تێکرای گواستنەوەی وزە بەندە لەسەر فراوانی لەرینەوەی تەنۆلکەکانی ئەو ناوەندەی کە شەپۆلەکەی تێدا دەگوازرێتەوە. کاتێك فراوانی شەپۆل زیاد دەکات بڕی ئەو وزەیە زیاد دەکات کە لە کاتێکی دیاریکراودا هەڵیدەگرێت، ئەو وزەیەی بەهۆی شەپۆلە میکانیکییەکانەوە دەگوازرێتەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ دووجای فراوانی شەپۆلدا، کاتێ کە فراوانی شەپۆل دەبێتە دوو ئەوەندە وزەکە چوار ئەوەندە زیاد دەکات، وە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە کاتێك فراوانی شەپۆل بۆ نیوەی کەمدەکات بڕی وزەکە بە بڕی چواریەکی نرخەکەی پێشتری کەمدەکات. وە هەروەك لە سیستمی (بارستایی – سپرینگ) یان پەندۆلی سادەدا، فراوانی شەپۆلەکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بەرەبەرە کەمدەکات، بەهۆی ون بوونی وزەوە. بۆ ئاسانکردنی خوێندنەکە ئەم کاریگەریە پشت گوێ دەخەین لەکاتی خوێندنی جووڵەی بەشەپۆلدا.

پێداچوونەوەی بەندی 3-3

1. کاتێك شەپۆلێك لە دەریاچەیەکدا تێپەڕدەبێت ئەوا مراوییەکی سەر ئاو کەوتوو بۆ سەرەوەو بۆ خوارەوە دەجووڵێت، بەڵام لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. لەبەرچی شەپۆلەکە مراویەکە بە درێژایی هێڵی بڵاوبوونەوەکەی ناگوێزێتەوە؟

2. وێنەی هێڵکاری هەریەك لەو شەپۆلانەی خوارەوە بکێشە، وەك ئەوەی لەسەر سپرینگێك دەردەکەوێت.

أ. پرتەیەکی درێژڕەو.
ب. شەپۆلێکی بەپاتی درێژڕەو.
ج. پرتەیەکی پانڕەو.
د. شەپۆلێکی بەپاتی پانڕەو.

3. هێڵکاری ڕوونکردنەوەیی هەریەك لەو دوو شەپۆلەی کە لە هەردوو خاڵی (ب) و (د)ی پرسیاری ڕابردوودا هاتووە بکێشە، وە تەوەرەی y بەگۆڕاوی گونجاو هێما بکە، پاشان هەریەك لەمانە لەسەر وێنەکە دیاری بکە: سەر و بن وە درێژی شەپۆل وە فراوانی.

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بەندی 4-3

کارلێکە شەپۆلییەکان
Wave Interactions

4-3 ئامانجەکانی بەندەکە

- بنەمای سەریەکچوون جێبەجێ دەکات.
- جیاوازی دەکات لە نێوان بەیەکداچوونی دروستکەر و بەیەکداچوونی لەناوبەر.
- پێشبینی دەکات کەی شەپۆلی دراوە هەڵدەگەڕێتەوە.
- پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەگەر چەند شەپۆلێکی بڵاوبووەوەی دیاریکراو هەبن شەپۆلێکی وەستاو دروست دەکەن.
- گرێو قوڵفەکانی شەپۆلی وەستاو دیاریدەکات.

بەیەکداچوونی شەپۆل

کاتێك دوو بەلەم بەریەکدەکەون وەك لە **وێنەی 3-14** دا دیارە، هەریەکەیان بۆ دواوە دەگەڕێتەوە بە دوو ئاڕاستەی جیاواز. لەبەر ئەوەی کە ناتوانن هەمان بۆشایی لە هەمان کاتدا پڕبکەنەوە ناچارن ئاڕاستەی جووڵەکەیان بگۆڕن. ئەمە تەنها لەسەر بەلەمەکانی بەریەککەوتن جێبەجێ نابێت بەڵکو لەسەر هەموو تەنە مادەییەکان جێبەجێ دەبێت. دوو تەنی مادی جیاواز هەرگیز هەمان بۆشایی لەهەمان کاتدا پڕناکەنەوە.

وێنەی 3-14

دوو بەلەمی بەریەککەوتن ناتوانن لەهەمان کاتدا لەهەمان شوێندا بن. بەڵام شەپۆلێك دەتوانێت لەگەڵ شەپۆلێکی تر یەکتر ببڕن بێ ئەوەی هیچیان کار لەویتریان بکات.

بەڵام لەکاتی گوێگرتن بۆ چەند دەنگێك کەلە هەمان کاتدا لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە دەردەچن، دەتوانین لێکیان جیابکەینەوە. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کاتێك دوو شەپۆل دەگەنە یەکتر ناگەڕێنەوە بۆ دواوە هەروەك چۆن دوو بەلەمەکەی بەریەککەوتن گەڕانەوە، واتە شەپۆلەکانی دەنگ دەتوانن هەمان بۆشایی داگیر بکەن کاتێك لەهەمان شوێن و لەهەمان کاتدا یەکتردەبڕن. بەکۆبوونەوەی شەپۆلە بەیەکدا چووەکان دەووترێت سەریەکچوون Superposition.

وێنەی 3-15 دوو کۆمەڵ لە شەپۆلەکانی ئاو لە حەوزێکی دروستکردنی شەپۆلدا دەردەخات، لەو شوێنەی کە شەپۆلەکان بڵاودەبنەوە و لەسەرچاوەکە دوور دەکەونەوە، بەناویەکتردا تێپەڕ دەبن. کاتێك ئەمە ڕوودەدات شەپۆلەکان کارلێکدەکەن بۆ ئەوەی شێوازێکی بەیەکداچوون لە چەند هێڵێکی تاریك و ڕوناك پێکبهێنن.



وێنەی 3-15

بەیەکداچوونی شەپۆلەکانی ئاو لە حەوزی دروستکردنی شەپۆلدا دەردەخات.

سەرەڕای ئەوەی کە تێبینی کردنی بەیەکداچوونی شەپۆلە میکانیکییەکان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام تاکە جۆری شەپۆل نییە کە بتوانن لە هەمان کاتدا بەهەمان شوێندا بڕۆن. هەروەها ڕووناکی بینراو، وە شێوەی تری تیشکی کارۆموگناتیسی بەیەکدا دەچن و کارلێکدەکەن وشێوازەکانی بەیەکداچوون پێکدێنن.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەیەكداچوونی دروستكەر كاتێك ڕوودەدات كە لادانی تەنۆلكەكان بەهەمان ئاڕاستەی یەكتردەبن

وێنەی 16-3 (أ) دوو پرتەی شەپۆلی دەردەخات كە هەریەكێكیان بە ئاڕاستەی ئەویتریان بەناو پەتێكی توندكراودا دەجوولێت. پرتە گەورەكەیان ئاڕاستەكەی بەرەو لای ڕاست و پرتە بچوكەكەشیان ئاڕاستەكەی بەرەو لای چەپە، ساتی بە بەیەك گەشتنیان پرتەی بەرەنجام پەیدادەبێت وەك لە **وێنەی 16-3** (ب)دا دیارە.



وێنەی 16-3
كاتێك ئەو دوو پرتەیەی كە لە وێنەكەدا دەردەكەون بەیەكدەگەن، هەردوو لادانی هەرخاڵێكیان كۆ دەبێتەوە بۆ ئەوەی پرتەی بەرەنجام پێكبێنن. ئەمە نموونەیەكە لەسەر بەیەكداچوونی دروستكەر.

لەسەر هەر خاڵێك لە پەتەكە، هەردوو لادانی تەنۆلكەی ناوەندەكە كە لە دوو پرتەكەوە پەیدابووە كۆكرایەوە و ئەنجامەكەشی لادانی بەرەنجامی تەنۆلكەكانە. كاتێك دوو شەپۆل یان زیاتر بەیەكدەگەن، ئەوا لادانی هەر تەنۆلكەیەك لەناوەندەكەدا یەكسانە بە كۆی هەموو ئەو لادانانەی كە لەهەر شەپۆلێكەوە پەیدادەبێت. جێبەجێكردنی ئەمەش لەسەر هەموو جۆرەكانی شەپۆلی میكانیكی و كارۆموگناتیسی ڕاست دەبێت. ئەمە پێی دەوترێت **بنەمای سەریەكچوون** superpo- sition principle لە شەپۆلەكاندا. وەك تێبینی دەكرێت لە **وێنەی 16-3** (ج)دا كە دوو شەپۆلەكە بە تەواوی لەسەر یەكتر جووت دەبن، ئەوا فراوانی پرتەی بەرەنجام دەكاتە سەرئەنجامی كۆكردنەوەی فراوانی دوو پرتەكە. هەر چەندە تاقیكردنەوەكان دەریدەخەن كە توانای جێبەجێكردنی بنەمای سەریەكچوون تەنها كاتێك دەبێت كە فراوانی شەپۆلە تاكەكان بچووك بێت. ئەم بۆچوونەش لەهەموو نموونەكانی بەشەكەدا پەیڕەو دەكرێت.

سەرنج بدە كە شێوەی دوو پرتەكە نەگۆڕاوە پاش ئەوەی بەیەكگەیشتن و هەریەكەیان بەوەی تردا تێپەڕیووە و هەریەكەیان پارێزگاری لەسەر جووڵەی پێشوی كرد وەك لە **وێنەی 16-3** (د)دا دەردەكەوێت. ئەم سیفەتە بۆ شەپۆلەكانی دەنگ وشەپۆلەكانی ئاو و شەپۆلەكانی ڕوناكی و جۆری تری شەپۆل ڕاست دەبێت. پاش بەیەكداچوون هەر شەپۆلێك پارێزگاری لەسەر سیفەتە تایبەتییەكانی خۆی دەكات، بەتەواوی وەك ئەوەی لە دووپرتەكەی نموونەی پێشودا ڕوویدا. بینیمان، كاتێك زیاتر لە شەپۆلێكی بڵاوبووەوە لە هەمان شوێندا بەیەكدەگەن وەك وێنەی 16-3 ئەوا شەپۆلی بەرەنجام بریتییە لە كۆی لادانەكانی تەنۆلكەكانی ناوەندەكە لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە بەرەو هەمان ئاڕاستە، وە لادانی شەپۆلی بەرەنجام گەورەترە لە لادانی هەریەكیان بەتەنیا. ئەمەش پێی دەووترێت **بەیەكداچوونی دروستكەر** con- structive Interference.

بنەمای سەریەكچوونی شەپۆلەكان

كاتێك دوو شەپۆل یان زیاتر لەناوەندێكدا بەیەكدەگەن، لادانی تەنۆلكەكانی ناوەندەكە یەكسان دەبێت بە كۆی ئەو دوو لادانەی كە لە هەریەكە لە دوو شەپۆلەكەوە پەیدا دەبێت.

بەیەكداچوونی دروستكەر

ئەو بەیەكداچوونەیە كە ڕوودەدات لەكاتی بەیەكگەیشتنی لادانەكانی ئەو تەنۆلكانەی ناوەندەكە كە دەكەونە یەك لا لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە بۆ پێكهێنانی لادانێكی بەرەنجامی گەورەتر لە هەر لادانێكی بەتەنهای هەر تەنۆلكەیەك.

ferkar

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەیەکداچوونی لەناوبەر کاتێك ڕوودەدات کە لادانی تەنۆلکەکان بە ئاڕاستەی پێچەوانەی یەکترەوەبن

چی ڕوودەدات ئەگەر دووپرتەکە بکەونە دوولای پێچەوانەی یەکتری لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە، وەك لە **وێنەی 3-17** (أ)دا دیارە؟ لەم بارەدا دوو لادانەکە دوو نیشانەی جیاوازیان دەبێت، یەکێکیان پۆزەتیف وئەوی تریان نێگەتیف. وە لەکاتی کۆکردنەوەی لادانێکی پۆزەتیف لەگەڵ لادانێکی نێگەتیفدا وەك لە **وێنەی 3-17** (ب) و **3-17**(ج) دا دەردەکەوێت، پرتەی بەرەنجام دەکاتە سەرئەنجامی جیاوازی نێوان دوو پرتەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی بە یەکداچوونی لەناوبەر destructive interference. پاش جیابوونەوەی دوو پرتەکە پارێزگاری لەسەر شێوەکانیان دەکەن وەك لە **وێنەی 3-17** (د)دا دەردەکەوێت.



وێنەی 3-17

لەباری ئەم بەیەکداچوونە لەناوبەرەدا، لادانی پرتەیەك لە لادانی پرتەیەکی تر دەردەکرێت.

وێنەی 3-18 دوو پرتە نیشاندەدات کە لە فراوانیدا یەکسانن، بەڵام دوو لادانی پێچەوانەیان هەیە لە نیشانەدا. کاتێك دوو پرتەکە بە تەواوەتی دەکەونە بەرامبەر یەکتر، دوو لادانەکە کۆ دەکرێنەوە، لادانی شەپۆلە بەرەنجامەکە سفر دەبێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دوو پرتەکە هەریەکەیان ئەوی تریانی لەناو بردووە، وەك ئەوەی کە هیچ شێواندنێك ڕوونەدابێت لەو ساتەی کە دوو پرتەکەی تێیدا بەیەکداچوون. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێی دەووترێت بەیەکداچوونی **لەناوبەری تەواو** Complete destructive Interference. ئەگەر دوو شەپۆلەکە شەپۆلی ئاو بوون یەکێکیان هەوڵ دەدات دڵۆپە ئاوەکە بۆ سەرەوە ڕابکێشێت، وە لەهەمان کاتدا شەپۆلەکەی تر هەوڵ دەدات بە هەمان هێز دڵۆپە ئاوەکە بۆ خوارەوە ڕابکێشێت. وە ئەنجامەکەی نەمانی هیچ هێزێکی بەرەنجامە لەسەر دڵۆپەکە، کە بەتەواوی نەمانی جووڵەی ئاوەکە دەگەیێنێت لەو ساتەدا. تا ئێستا ئەو بەیەکداچوونەی باسکراوە کە لە ئەنجامی دوو پرتەی پانەوەوە ڕوودەدات، لە کاتێکدا دەزانین کە بنەمای سەریەکچوون لەسەر شەپۆلە درێژ ڕەوەکانیش جێبەجێ دەبێت.

بەڵام لێرەدا پەستاوتنەکە پەیوەستە بە هێزێکەوە کە بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو کار لە تەنۆلکەکە دەکات. شاشبوون لە ئەنجامی هێزێکەوە ڕوودەدات کە کار لە هەمان تەنۆلکە دەکات بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانە. کەواتە، لەکاتی بەیەکداچوونی پەستاوتن و شاشبوون بەیەکداچوونەکە لەناوبەر دەبێت، وە بڕی هێزی بەرەنجام لەسەر تەنۆلکەکە کەمدەکات. باسی بەیەکداچوونی دروستکەرو لەناوبەرمان کرد بە شێوەیەکی جیاجیا، وە لێکۆڵینەوەکەمان تەنها لەسەر پرتەکان بوو، لەکاتی بەکارهێنانی شەپۆلە بە پاتەکاندا شێوازی ئاڵۆزی بەیەکداچوون پەیدادەبێت کە ناوچەکانی بەیەکداچوونی دروستکەرو لەناوبەر لە خاڵە جیاجیاکان دەگرێتە خۆ. شوێنی ئەو ناوچانە لەوانەیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بگۆڕێت.

بەیەکداچوونی لەناوبەر «لاوازکەر»

بەیەکداچوونێکە لەکاتی بەیەکگەیشتنی لادانە دژ بەیەکەکانی تەنۆلکەکەیەکی ناوەندێکدا ڕوودەدات وە تیایدا فراوانی شەپۆلی بەرهەمهاتوو لە فراوانی هەر شەپۆلێکیان بەتەنها کەمترە.



وێنەی 3-18

لادانی بەرەنجام لەهەر خاڵێکی پەتەکەدا سفرە، کە دوو پرتەکە هەر یەکەیان ئەوەی تر لەناو دەبات بە بەیەکداچوونێکی لەناوبەری تەواو.

دانەوەی شەپۆلەکان

لە خستنەڕووی ئەم بابەتەدا وامان دانا، کە ئەو شەپۆلە بڵاوبووانەی کە ڕوونکراونەتەوە دەتوانن تا بێ کۆتا بجووڵێن، ئەگەر بەر بەربەستێك نەکەون، بیانوەستێنێت یان ئاڕاستەی جووڵەیان بگۆڕێت. چی بەسەر جووڵەی بە شەپۆلدا دێت کاتێك دەگاتە کۆتایی ئەو ناوەندەی کە پێیدا تێپەڕ دەبێت؟

دانەوەی شەپۆل لە لابەرەڵاکانەوە (سەربەستەکان)

وادابنێین کە پرتەیەك بە پەتێکی توندکراودا تێپەڕ دەبێت کە لایەکی بە شێوەی ئەڵقەیەکی ساف خراوەتە سەر بەربەستێکی جێگیر وەك لە **وێنەی 3-19** (أ) دیارە.

کاتێك پرتەکە بەرەو لای ڕاست دەڕوات بە ئاڕاستەی سەرەکەی تری پەتەکە، دەبینین کە هەر خاڵێك لە پەتەکە جارێك بۆ سەرەوە دەلەرێتەوەو جارێکیش بۆ خوارەوە، تا پرتەکە دەگاتە سەرە بەرەڵاکە، و دەلەرێتەوە وە ئەلقەکە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت بۆ سەرەوە، پاشان ئەڵقەکە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. جووڵەی پرتەکە، لەلای ئەڵقەکەوە لەو جووڵەیە دەچێت کە لە کاتی جووڵاندنی سەری پەتەکە بۆ سەرەوە ڕوویدا ئینجا سەرە پرتەیەکی بۆ لای چەپ ناردەوە ئەمەش دەبێتە هۆی گێڕانەوەی پرتەکە وە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ئاڕاستە بنەڕەتییەکەی دەگەڕێتەوە. پرتە نێردراوەکە پێی دەڵێن پرتەی، کەوتوو یا لێدەر، وە پرتە گەڕاوەکە پێی دەڵێن پرتەی دراوە. وە هەروەها بەگەڕانەوەی پرتە نێردراوەکە دەڵێن دانەوە. تێبینی بکە کە پرتەی دراوە سەرە پرتەیەکە کە هەمان فراوانی پرتەی کەوتووی (لێدەری) هەیە.

دانەوەی شەپۆلەکان بە هەڵگەڕاوەیی لەلایەکی بەستراوەوە (جێگیر)

با پرتەیەك وەربگرین کە بەناو پەتێکی توندکراودا تێپەڕ دەبێت کە لایەکی جێگیرکراوە وەك لە **وێنەی 3-19** (ب)دا دەردەکەوێت. کاتێك پرتەکە دەگاتە بەربەستەکە پەتەکە بەهێزێك کار لەبەربەستەکە دەکات بەرەو سەرەوە، وە بەربەستەکەش لەلای خۆیەوە بە هێزی کاردانەوەی یەکسان و پێچەوانە کار لە پەتەکە دەکات. ئەم هێزەی کە ئاڕاستەکەی بەرەو خوارەوەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی لادانێك لە پەتەکەدا بە ئاڕاستەیەك پێچەوانەی لادانی پرتە بنەڕەتییەکە بێت، پاش دانەوەی پرتەیەکی هەڵگەڕاوەی لێپەیدادەبێت.



وێنەی 3-19
(أ) لەکاتی ناردنی پرتەیەك بەناو پەتێکی لابەرەڵادا پرتەکە لە لا بەرەڵاکەوە دەدرێتەوە،
(ب) وە لەکاتی ناردنی بەناو پەتێکی لاجێگیرکراودا پرتە دراوەکە هەڵدەگەڕێتەوە.

شەپۆلە وەستاوەکان

با پەتێك وەربگرین وسەرێکی بە بەربەستێکی جێگیرەوە ببەستین. ئینجا سەرەکەی تری بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە بە شێوەیەکی رێك بجووڵێنین. ئەم جووڵە رێکە چەند شەپۆلێك بەدرێژایی پەتەکە پەیدا دەکات بەلەرەلەرو درێژی شەپۆل و فراوانییەکی دیاریکراو لەکاتی تێپەڕبوونیدا. کاتێك شەپۆلەکان دەگەنە سەرە بەستراوەکەی پەتەکە بەناو پەتەکەدا بە ئاڕاستەی پێچەوانە دەگەڕێنەوە، لەگەڵ شەپۆلە کەوتووەکاندا دەگەنە یەك و لەگەڵیاندا بەیەکدا دەچن، لەرینەوەیەك بۆ پەتەکە پەیدا دەکەن. کاتی لەرینەوەی پەتەکە بە لەرەلەرێکی دیاریکراو جۆرە شەپۆلێك پەیدا دەکات وا دەردەکەوێت وەستاوبێت پێی دەووترێت **شەپۆلی وەستاو** standing wave. شەپۆلی وەستاو لەچەند ناوچەیەکی دروستکەر و لەناوبەری یەك بەدواییەك پێکدێت.

شەپۆلە وەستاوەکان گرێ و قوڵفیان هەیە

وێنەی 3-20 (أ) چوار شەپۆلی وەستاو لە پەتێکی دیاریکراودا نیشاندەدات. بەو خاڵە وەستاوانەی کە تێیدا هەردوو شەپۆلەکە نامێنن دەووترێت **گرێ** nodes. وە بەو خاڵانەی کە دەکەونە ناوەڕاستی دووری نێوان دوو گرێی یەك بەدواییەك کە پەتەکە تێیدا بە گەورەترین فراوانی دەلەرێتەوە دەووترێت قوڵف antinodes.

وێنەی 3-20 (ب) لەرینەوەی باری دووەمی **وێنەی 3-20** (أ)ـە لە ماوەی نیولەرەدا. هەموو خاڵەکانی سەرپەتەکە بە هەمان لەرەلەر بە شێوەیەکی ستون دەلەرنەوە، تەنها لە گرێکاندا بەوەستاوی دەمێنێتەوە. لەم بارەدا سێ گرێ هەیە (N) وە دووقوڵف (A). وەك لە وێنەکەدا دیارە. تێبینی دەکەی کە خاڵە جیاجیاکانی سەر پەتەکە فراوانی جیاوازیان هەیە.

$$A = N - 1$$

$$\lambda = \frac{2L}{A}$$

کاتێك: A = ژمارەی قوڵف
N = ژمارەی گرێ
L = درێژی ژێ (پەت)
λ = درێژی شەپۆلی وەستاو

شەپۆلی وەستاو

جۆرێکی شەپۆلە لە بەیەکداچوونی دوو شەپۆل پەیدا دەبێت کە هەمان لەرەلەر و درێژی شەپۆل و فراوانیان هەبێت و بەدوو ئاڕاستەی پێچەوانە تێپەڕدەبن، لە ناوەندێکی سنورداردا.

گرێ

خاڵێکە لە شەپۆلی وەستاودا، کە هەمیشە تێیدا بەیەکداچوونی لەناوبەری تەواو ڕوودەدات و نەجووڵاوە.

قوڵف

خاڵێکە لە شەپۆلی وەستاودا، دەکەوێتە ناوەڕاستی دووری نێوان دووگرێ. تێیدا فراوانی دەگاتە ئەوپەڕی.



(ب)



(أ)

وێنەی 3-20

(أ) وێنەکە چوار شەپۆلی وەستاو لەسەر پەتێك نیشان دەدات (ب) وێنەکە بەدواداهاتنی شەپۆلی وەستاوی دووەم بۆ نیو خول دەردەخات.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



وێنەی 21-3

تەنها هەندێك لەرەلەری دیاریكراوی لەرینەوەكان هەیە كە شەپۆلی وەستاو لە پەتێكی جێگیردا دروست دەكەن. درێژی شەپۆل لەم شەپۆلانەدا بەندە لەسەر درێژی پەتەكە. ئەو درێژی شەپۆلانەی كە ئەگەری دروست بوونیان هەیە $2\ L$ (ب) و L (ج) و $\frac{2}{3}\ L$ (د)

تێبینی دەكرێت كە تەنها هەندێك لەرەلەری دیاریكراوی لەرینەوەكان شێوەكانی شەپۆلی وەستاو دروست دەكەن. لە **وێنەی 21-3** دا سێ شەپۆلی وەستاو لە پەتێكی دیاریكراودا نیشان دەدات. لەهەر بارێكدا، چەماوەكان شوێنی پەتەكە دەنوێنن لەچەند ساتێكی جیاجیادا. كاتێك پەتەكە بە خێرایی دەلەرێنینەوە شوێنەكانی پەتەكە بە شێوەیەكی نادیار بەیەكدادەچن بۆ پێكهێنانی قوڵفەكان وەك ئەوەی لە وێنەكەدا دیارە. قوڵف لە شێوەی سەر یان بن دایە بەڵام دوو قوڵف سەرێك و بنێك دەنوێنن یان یەك درێژی شەپۆل.

هەردوو سەری پەتەكە كە شەپۆلە وەستاوەكانی هەڵگرتووە بریتین لە دوو گرێ، چونكە نالەرنەوە. وەك لە **وێنەی 21-3** دا دەردەكەوێت دەتوانین شەپۆلە وەستاوەكان بۆ هەر درێژی شەپۆلێك پەیدا بكەین كە ڕێ بەهەردوو سەرە بەستراوەكەی پەتەكە بدات ببنە دوو گرێ. یەكێك لەم بارانە لە **وێنەی 21-3** (ب) دەردەكەوێت كە لەیەك قوڵف پێكدێت یان سەرێك یان بنێك وە دوو گرێ. وە ئەم شەپۆلە نیودرێژی شەپۆلی هەیە. بەڵام درێژی شەپۆلەكە یەكسان دەبێت بە دوو ئەوەندەی درێژی پەتەكە $(2L)$.

بەڵام ئەو شەپۆلە وەستاوەی كە لە **وێنەی 21-3** (ج)دا دەردەكەوێت سێ گرێی هەیە: لە هەر سەرێك گرێیەك و گرێیەكیشیان لەناوەڕاستدایە، وە لەم بارەدا دوو قوڵف هەیە، واتە بنێك و سەرێك. وە درێژی شەپۆلەكەش یەكسان دەبێت بە درێژی پەتەكە (L). وە دوا بار لە **وێنەی 21-3** (د) شەپۆلێكی وەستاو دەنوێنێت كە درێژییەكەی یەكسانە بە $2/3L$ وە هەروەها ... بزانە كە ئەو درێژییە شەپۆلانەی كە دەكەونە نێوان ئەم نرخانەوە و لەوێنەكەدا دەركەوتوون شەپۆلی وەستاو پێكناهێنن، چونكە ڕێ بە پەیدا بوونی دوو گرێ نادات لە هەردوو سەرە بەستراوەكەی پەتەكەدا.

Ferkar

پێداچوونەوەی بەندی 4-3

1. شەپۆلێك فراوانییەكەی $0.30\ m$ لەگەڵ شەپۆلی دووەمدا كە فراوانییەكەی $0.20\ m$ بە هەمان ئاڕاستە بە یەكدادەچن. گەورەترین لادانی بەرەنجام كە پەیدادەبێت چەندە؟

2. پەتێك لەسەرێكیەوە بە بەربەستێكەوە بەستراوە، چەند پرتەیەك بە درێژایی پەتەكە نێردران فراوانی هەریەكەیان $0.15\ m$، لەبەربەستەكەوە درانەوە ئینجا گەڕانەوە بێ ئەوەی هیچ لە فراوانییەكەیان ون بكەن، فراوانی پرتەكە لە خاڵێكی سەر پەتەكەدا چەندە كە تێیدا گەورەترین لادانی دووخاڵی سەر دوو پرتەكە یەكتری دەبڕن (دەچنە سەر یەكتر)؟ جۆری بەیەكداچوونەكە چییە؟

3. لە پرسیاری 2دا، ئەگەر سەری پەتەكە بەرەڵابێت فراوانی پرتەكە لە خاڵێكی سەر پەتەكە چەندە كە تێیدا گەورەترین لادانی دووخاڵ یەكتری دەبڕن (دەچنە سەر یەكتر)؟ جۆری بەیەكداچوونەكە چییە؟

4. درێژی پەتێكی توندكراو لە نێوان دووخاڵدا $2.0\ m$. ئەو سێ درێژییە شەپۆلەی كە شەپۆلە وەستاوەكان پەیدادەكەن لەم پەتەدا كامانەن؟ بەلایەنی كەمەوە یەك درێژی شەپۆل باس بكە كە شەپۆلی وەستاو پەیدانەكات، وەڵامەكەت لێكبدەرەوە.

پوختەی بەشی 3

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 3-1 جوولەی هارمۆنی سادە

- لە جوولەی هارمۆنی سادەدا هێزی گەڕێنەرەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ لادانا.
- سیستمی (بارستایی – سپرینگ) بەجوولەی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە، و هێزی جیری سپرینگ بە یاسای هۆك دەردەبڕێت: $\vec{F}_{جیری} = -k\vec{x}$
- لە گۆشەلادانە بچوکەکاندا ($\theta < 15^{o}$) پەندوڵ بە جوولەی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە.
- لە جوولەی هارمۆنی سادەدا، کاتێك لادان دەگاتە ئەو پەڕی زۆری هەریەکە لە هێزی گەڕێنەرەوە و تاودان گەورەترین بڕیان دەبێت وە خێرایش لە شوێنی هاوسەنگ بووندا گەورەترین بڕی دەبێت.

بەندی 3-2 پێوانەکردنی جوولەی هارمۆنی سادە

- کاتەلەرەی سیستمی (بارستایی – سپرینگ)، تەنها لەسەر بارستایی و نەگۆڕی سپرینگەکە بەندە. کاتە لەرەی پەندوڵی سادە تەنها لەسەر درێژی پەتەکە و تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست بەندە.
- لەرەلەر بریتییە لە هەڵگەڕاوەی کاتەلەرە.

بەندی 3-3 سیفەتەکانی شەپۆل

- لەکاتی تێپەڕبوونی شەپۆلێکدا تەنۆلکەکانی شەپۆلەکە (ناوەندەکە) بە دەوری شوێنی هاوسەنگ بووندا دەلەرنەوە.
- لە شەپۆلی پانڕەودا، لەرینەوەکان لەگەڵ ئاڕاستەی جوولەی شەپۆلەکەدا ستون دەبن. وە لە شەپۆلی درێژڕەودا. لەرینەوەکان لەگەڵ ئاڕاستەی جوولەی شەپۆلەکەدا تەریب دەبن.
- خێرایی شەپۆل یەکسانە بە لەرەلەر جارانی درێژی شەپۆل $v = \lambda f$.

بەندی 3-4 کارلێکە شەپۆلییەکان

- کاتێك دوو شەپۆل یان زیاتر لەناوەندێکی دیاریکراودا دەجوولێن و بەیەکدەگەن. شەپۆلی بەرەنجام لە کۆکردنەوەی لادانەکانی خاڵ بە خاڵی لادانە جیاجیاکانەوە بە تەنها پەیدا دەبێت.
- شەپۆلە وەستاوەکان پەیدادەبن کاتێك دووشەپۆل بەیەکدادەچن کە هەمان لەرەلەرو فراوانی و درێژی شەپۆلیان هەبێت، وە بەدوو ئاڕاستەی پێچەوانە بە ناوەندێکی دیاریکراودا تێپەڕ دەبن.

هێمای گۆڕاوەکان

هێندەکە	هێمای هێندەکە	یەکەکەی	هێمای یەکەکە
هێزی جیری سپرینگ	$F_{جیری}$	نیوتن	N
نەگۆڕی سپرینگ	k	نیوتن/مەتر	N/m
کاتەلەرە	T	چرکە	s
لەرەلەر	f	هێرتز = s^{-1}	Hz
درێژیشەپۆل	λ	مەتر	m

زاراوە بنچینەییەکان

جوولەی هارمۆنی سادە
Simple harmonic motion (لا 63)

فراوانی Amplitude (لا 70)

کاتەلەرە Period (لا 70)

لەرەلەر Frequency (لا 70)

ناوەند Medium (لا 76)

شەپۆلی میکانیکی
Mechanical wave (لا 76)

شەپۆلی پانڕەو
Transverse wave (لا 78)

سەر Crest (لا 78)

بن Trough (لا 78)

درێژی شەپۆل
Wavelength (لا 78)

شەپۆلی درێژڕەو
Longitudinal wave (لا 79)

بنەمای سەریەکچوونی شەپۆلەکان
Superposition priniciple (لا 84)

بەیەکداچوونی دروستکەر
Constructive interference (لا 84)

بەیەکداچوونی لەناوبەر
Destructive interference (لا 85)

شەپۆلی وەستاو
Standing wave (لا 87)

گرێ Node (لا 87)

قوڵە Antinode (لا 87)

www.ferkar.krd
0751 960 70 80



پێداچوونەوەی بەشی 3

پێیدابچۆرەوە و هەڵیسەنگێنە

جووڵەی هارمۆنی سادە

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

.1 ئەو تایبەتمەندییە چییە کە پێویستە لە جووڵەی تەنێکدا هەبێت بۆ ئەوەی هارمۆنی سادە بێت؟

.2 ئایا تاودانی تەنێك کە بە جووڵەی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە؟ ئایا دەکرێت سفر بێت؟ ئەمە ڕوونبکەرەوە.

.3 جۆری وزەی گۆی پەندۆل چییە پێش بەردانی؟ ئەم وزەیە چۆن دەگۆڕێت لەیەك کاتەلەری لەرینەوەدا؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

.4 سیستمی (بارستایی – سپرینگ)ی نموونەیی تا بێکۆتا بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە. ئەمە لێکبدەرەوە.

.5 لە پەندۆلی سادەدا دەتوانرێت کێشی گۆیەکە بۆ دوو پێکنەر شیتەڵ بکرێت، یەکێکیان لەسەر هێڵی لێکەوت بۆ ئاراستەی جووڵەی گۆیەکە و ئەوەی تریان ستوون لەگەڵ ئاراستەی جووڵەکە. کام لەو دوو پێکنەرە بریتییە لە هێزی گەڕێنەرەوە؟ بۆچی؟

کاتەلەرەو لەرەلەر

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

.6 فراوانی تەنێکی لەراوە دەکاتە A. ئەو دوورییە گشتییەی ئەم تەنە لە یەك کاتەلەرەدا دەیبڕێت چەندە؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

.7 چی بەسەر کاتە لەرەی پەندۆلێکی سادەدا دێت. کاتێك درێژییەکەی دەکرێتە دوو ئەوەندە؟ وە کاتێك بارستاییەکەی دەکرێتە دوو ئەوەندە؟

.8 گۆی پەندۆلێك پڕکراوە لەئاو. چی بەسەر لەرەلەری لەرینەوەی ئەم پەندۆلەدا دێت ئەگەر گۆیەکە کونێکی تێبکرێت و بەهێواشی ئاو لێیەوە بۆ دەرەوە دزە بکات تا خاڵی دەبێتەوە؟

.9 کاتژمێرێکی پەندۆلدار لە خوارەوەی چیایەکدا کات بەراستی ڕادەگرێت، ئایا لە لوتکەی چیاکەشدا هەروەها کات بەڕاستی ڕادەگرێت؟ ئەمەلێکبدەرەوە.

.10 ئەگەر کاتژمێرێکی دیوار لەکاتراگرتنە ڕاستەکەی دوابکەوێت، درێژی پەندۆلەکەی چۆن بگۆڕدرێت بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی کات ڕاگرتنەکە؟

.11 هەندێك جار پەندۆلی سادە وەك پێوەرێکی بەرزایی لە فرۆکەدا بەکاردێت. کاتەلەرەی ئەو پەندۆلە چۆن دەگۆڕێت کاتێك فرۆکەکە لە ئاستی زەوییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ بەرزی 1.00×10^4 m ؟

.12 ئایا کاتەلەرەی سیستمی (بارستایی – سپرینگ)ی لەراوە لەسەر زەوی جیاوازە لەکاتە لەرەی سیستمێکی وەك خۆی لەسەر هەیڤ؟ لەبەر چی؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

.13 ئەو پەندۆلەی کە لە لەرینەوەکەیدا هەموو 1.000 s یەك جار بە شوێنی هاوسەنگبووندا تێپەڕ بێت پێی دەوترێت «پەندۆلی چرکە پێو».

أ. کاتە لەرەی هەر پەندۆلێکی چرکە پێو چەندە؟

ب. درێژی پەندۆلێکی چرکە پێو لە شاری کامبرج دەگاتە 0.9942 m. بڕی تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست لە کامبرج چەندە؟

ج. لە شاری تۆکیۆ لە ژاپۆن، درێژی پەندۆلی چرکەپێو 0.9927 m. بڕی تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست لە تۆکیۆ چەندە؟

14. بارستایی $1.5\ \text{kg}$ بەسەرە بەرەڵاکەی سپرینگێکەوە هەڵواسرا کە نەگۆڕەکەی $1.8 \times 10^{2}\ \text{N/m}$ ئینجا سپرینگەکە بەرەڵاکرا بۆ ئەوەی جووڵەیەکی بەلەرە بکات.

أ. کاتەلەرەی سیستمی (بارستایی – سپرینگ)ەکە چەندە؟

ب. لەرەلەری لەرینەوەکە چەندە؟

سیفەتەکانی شەپۆل

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

15. تایبەتمەندی هاوبەشی نێوان هەموو شەپۆلەکان چییە؟

16. جیاوازی نێوان شەپۆلە پانرەوەکان وشەپۆلە درێژرەوەکان چییە؟

17. ئەم وێنەیە پرتە شەپۆلێکی تێپەڕبوو بە سپرینگێکدا دەردەخات.

أ. بە چ ئاڕاستەیەك تەنۆلکەکانی ناوەندەکە دەلەرنەوە؟ بەگوێرەی ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەی شەپۆڵەکە.

ب. ئایا شەپۆلەکە درێژرەوە یان پانرەوە؟



18. لە سپرینگێکدا کەلە باری درێژبووندایە، دەبینیت هەندێك لە ئەڵقەکانی پەستێوراوە و هەندێکیان لەیەکتر دوورکەوتونەتەوە (شاش بوون)، جۆری شەپۆلەکە چییە؟

19. ئەگەر سەری سپرینگێك لە چرکەیەکدا سێ جار بۆ سەرەوە و سێ جار بۆ خوارەوە بجووڵێنین، کاتەلەرەی لەرینەوەی شەپۆلەکان چەندە؟ وە لەرەلەرەکەی چەندە؟

20. تاکە خاڵێك لەسەر پەتێك چۆن دەجووڵێت کاتێك شەپۆلێکی پانرەوی ئاسۆییانە پێدا تێپەڕدەبێت؟

21. چی بەسەر درێژی شەپۆلی شەپۆلێکدا دێت لە پەتێکدا کاتێك لەرەلەر دەکرێتە دوو ئەوەندە؟ وە چی بەسەر خێراییەکەیدا دێت؟

22. لەبەر چی شەپۆلەکانی دەنگ بۆ تێپەڕبوونیان پێویستیان بە ناوەند هەیە؟

23. دوو دولکەی سازدەر لێدران بە دوو لەرەلەری $256\ \text{Hz}$ و $512\ \text{Hz}$. کام لەم دوو لەرەلەرە خێراترە لە هەوادا؟

24. یەکێك لەلایەنە باشەکانی گواستنەوەی وزەبە هۆی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکانەوە چییە؟



25. شەپۆلێك لەرەلەرەکەی بە ئاڕاستەی x ی پۆزەتیف بڵاودەبێتەوە $25.0\ \text{Hz}$ هەروەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە. هەریەك لە مانەی خوارەوە بۆ ئەم شەپۆلە بدۆزەرەوە؟

أ. فراوانی.

ب. درێژی شەپۆل.

ج. کاتەلەرە.

د. خێرایی.

پرسیارەکانی ڕاهێنان

26. شەپۆلە وردیلەکان (مایکرۆیی) بە خێرایی ڕووناکی $3 \times 10^{8}\ \text{m/s}$ بڵاودەبنەوە. درێژی شەپۆلەکەی چەندە ئەگەر لەرەلەرەکەی $9.00 \times 10^{9}\ \text{Hz}$ بێت؟

کارلێکە شەپۆلیەکان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

27. بنەمای سەریەکچوون بەکاربهێنە بۆ وێنەکێشانی شەپۆلەکانی بەرەنجام بۆ هەریەك لەم دوو نموونەیەی کە لە وێنەکەدا دەردەکەون.



28. جیاوازی چییە لە نێوان بەیەکداچوونی دروستکەرو بەیەکداچوونی لەناوبەر (لاوازکەر)؟

Ferkar

www.ferkar.krd

0751 960 70 80

29. کام لەم شێوە شەپۆلانەی لە وێنەکەدا دەردەکەون بریتییە لە شەپۆلی بەرەنجام؟



30. ڕەنج زنجیرەیەك پرتە دەنێرێت بە فراوانی 24 cm بەناو پەتێکدا کە سەرێکی بە بەربەستێکی جێگیرەوە بەستراوە، وا دابنێ کە پرتەکان دەدرێنەوە بێ ئەوەی هیچ لە فراوانیەکان ون بکەن. فراوانی لە خاڵێکی پەتەکەدا چەندە کە تێیدا دوو پرتەکە یەکتری دەبڕن (دەچنە سەر یەکتر)، کاتێك:

أ. پەتەکە توندکراوەو بە بەربەستێك گەیەنراوە. (بەربەستی جێگیر)

ب. ئەو سەرەی پەتەکە، کە دانەوەکەی تێدا ڕوودەدات لە جووڵەدا سەربەست بێت بۆ سەرەوە وبۆ خوارەوە.

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

31. ئایا دەکرێت زیاتر لە دوو شەپۆل لەناوەندێکی دیاریکراودا بەیەکدابچن؟

32. لادانی بەرەنجام لە شوێنێکدا چەندە کە بەیەکداچوون تێیدا بە تەواوی لەناوبەر بێت؟

33. لەکاتی بەیەکداچوونی دوو شەپۆلدا ئایا دەکرێت لادانی بەرەنجام گەورەتر بێت لە لادانی هەریەکە لە شەپۆلە بنەڕەتییەکان؟ لەکاتی بەڵێدا؟ مەرجی پێویست بۆ ئەمە چییە؟

34. کام لەم درێژی شەپۆلانەی خوارەوە شەپۆلێکی وەستاو پەیدادەکات لە پەتێکدا 3.5 m بێت.

أ. 1.75 m

ب. 3.5 m

ج. 5.0 m

د. 7.0 m

پرسیارەکانی پێداچوونەوەی گشتی

35. لاوەند پەنجەی خۆی لە دەفرێکی ئاودا دوو جار لەیەك چرکەدا نقووم دەکات، چەند شەپۆلێك پەیدادەکات کە دووری نێوان سەرەکانیان 0.15 m. لەرەلەرو کاتەلەرەو خێرایی ئەو شەپۆلانە بدۆزەرەوە.

36. لەرەلەری ئەو ئاوازانەی کە لە ژێیەکی لەراوەوە دەردەچن بەنزیکی دەکەوێتە نێوان 196 Hz و 2367 Hz ڕادەی ئەو درێژییە شەپۆلانەی کە ژێیەکە لەهەوادا پەیدای دەکات بدۆزەوە کاتێك خێرایی دەنگ لە هەوادا 340 m/s.

37. پەندۆلێکی سادە درێژییەکەی 0.850 m. تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست چەندە لە شوێنێکدا کە کاتەلەرەی پەندۆلەکە تێیدا بکاتە 1.86 s؟

38. کاتژمێرێکی پەندۆلدار بەکات ڕاگرتنێکی ڕاست لەسەر زەوی ئیش دەکات، نێردرایە سەر هەیڤ کە $g = 1.63\ m/s^2$. ئەگەر لە کاتژمێر 12:00 A.M ی نیوەڕۆ دەست بەکات ڕاگرتن بکات، ئەوکاتە چەندە کە پاش 24.0 h ئاماژەی پێدەکات؟

Ferkar

پرۆژە و ڕاپۆرتەکان

1. تاقیکردنەوەیەك ئامادەبکە تێیدا بەراوردێك بکە لە نێوان نەگۆڕی سپرینگ و کاتەلەرەی لەرینەوەی سیستمێك کە لە دوو سپرینگ (یان زیاتر) پێکدێت بە دوو ڕێگا بەیەکەوە بەستراون ئەوانیش: لەدواییەك (سەری هەر سپرینگێك بە سەری سپرینگەکەی ترەوە بەستراوە)، وە هاوریك (سەری هەموو سپرینگەکان بە خاڵێکی هاوبەش گەیەنراوە). هەوڵ بدە پێداویستییەکان پەیدا بکەی و تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەیت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی مامۆستاکەت.

2. یاسای دیاریکردنی کاتەلەرەی پەندوڵ بە پێی درێژییەکەی بە نموونەیەکی باش دادەنرێت بۆ فراوانیەك کە لە 15° کەمتربێت. تاقیکردنەوەیەك ئامادەبکە تێیدا لە کاریگەری فراوانی زیاتر لە 15° لەسەر جووڵەی پەندوڵ بکۆڵیتەوە. لیستی کەرەستە پێویستەکان ئامادە بکە، وە ئەو پێوانانەی کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت، وە ئەو داتایانەی کە دەتەوێت تۆماریان بکەیت، وە ئەو هەژمارکردنانەی کە پێشبینی دەکەیت. کەرەستەکان ئامادە بکە و دەست بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە بکە، دوای ڕەزامەندی مامۆستاکەت.

3. لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدە لەسەر بوومەلەرزە، وە جۆرە جیاجیاکانی بوومەلەرزە. خۆت ئامادە بکە بۆ پێشکەشکردنی چەند زانیارییەك دەربارەی بوومەلەرزە کە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت: ئایا بوومەلەرزەکان زەریاکان دەبڕن؟ لەکاتی تێپەڕبوونی شەپۆلەکانی بوومەلەرزەدا چی دەگوازرێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر؟ چی خێراییەکەی دیاری دەکات؟

Ferkar



هەڵسەنگاندنی بەشی 3

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی 1-5 پشت بەم زانیاریانەی خوارەوە ببەستە.



بارستاییەك بە سەرێکی سپرینگێکەوە گەیەنراوە لەسەر ڕوویەکی ئاسۆیی ساف بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە:

.1 هێزی گەڕێنەرەوە بە چ ئاڕاستەیەك کاردەکات؟

أ. لای چەپ.

ب. لای ڕاست.

ج. لای چەپ یان لای ڕاست بەپێی باری سپرینگەکە ئەگەر درێژبوون بێت یان پەستاوتن.

د. ستوون دەبێت لەگەڵ ئاڕاستەی جووڵەی بارستاییەکە.

.2 وزەی سیستەمەکە چ شێوەیەکی دەبێت کاتێك بارستاییەکە بە شوێنی هاوسەنگبوونیدا تێپەڕدەبێت.

أ. ماتەوزەی جیرِی.

ب. ماتەوزەی کێش.

ج. جووڵە وزە.

د. جووڵە وزەو ماتە وزەی جیرِی.

.3 وزەی سیستەمەکە چ شێوەیەکی دەبێت کاتێك بارستاییەکە لەگەورەترین لادانیدا دەبێت.

أ. ماتەوزەی جیرِی.

ب. ماتەوزەی کێش.

ج. جووڵە وزە.

د. جووڵە وزەو ماتە وزەی جیرِی.

.4 کام لەمانەی خوارەوە کار لە کاتە لەرەی سیستەمی (بارستایی – سپرینگ) ناکات؟

أ. بارستایی.

ب. نەگۆڕی سپرینگ.

ج. فراوانی لەرینەوە.

د. بارستایی و نەگۆڕی سپرینگ.

.5 کاتە لەرەی لەرینەوەیەك چەند دەبێت ئەگەر بارستاییەکە 48 kg و نەگۆڕی سپرینگەکە 12 N/m بێت؟

أ. 8π s.

ب. 4π s.

ج. π s.

د. $\frac{\pi}{2}$ s.

لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی 6-9 دا پشت بەم زانیاریانەی خوارەوە ببەستە.



گۆیەکی پەندۆل بە پەتێکەوە هەڵواسراوە، بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە.

.6 هێزی گەڕێنەرەوە لە پەندۆلدا چییە؟

أ. کێشی گشتی گۆیەکەیە.

ب. ئەو پێکهەرەی کێشی گۆیەکەیە کە لێکەوتی ڕێڕەوی جووڵەکەیەتی.

ج. ئەو پێکهەرەی کێشی گۆیەکەیە کە ستوونە لەسەر ئاڕاستەی جووڵەکەی.

د. هێزی جیرِی ئەو پەتەیە کە درێژبۆتەوە.

.7 کام لەمانەی خوارەوە کار لە کاتە لەرەی پەندوڵ ناکات؟

أ. درێژی پەتەکە.

ب. بارستایی گۆیەکە.

ج. تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست لە شوێنی پەندۆلەکەدا.

د. درێژی پەتەکەو بارستایی گۆیەکە.

.8 لەرەلەری ئەو پەندۆلە چەندە کە 12 خول (لەرە) تەواو دەکات لە ماوەی 2.0 min دا؟

أ. 0.10 Hz.

ب. 0.17 Hz.

ج. 6.0 Hz.

د. 10 Hz.

9. ژمارەی لەرینەوە تەواوەکانی بەندۆلێك چەند دەبێت لەماوەی 5.00 min دا ئەگەر درێژییەکەی 2.00 m و تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست $a_g = 9.80\ m/s^2$ ؟

أ. 1.76 .

ب. 21.6 .

ج. 106 .

د. 236 .

بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی 10-12 پشت بەم هێڵکارییە رووونکردنەوەییەی خوارەوە ببەستە:



10. جۆری ئەو شەپۆلە چییە کە هێڵکارییە ڕوونکردنەوەییەکە دەینوێنێت؟

أ. شەپۆلێکی پانرەوە.

ب. شەپۆلێکی درێژ ڕەوە.

ج. شەپۆلێکی کارۆموگناتیسییە.

د. شەپۆلێکی درێژرەو وشەپۆلێکی پانرەوە.

11. کام پیت هێمایە بۆ درێژی شەپۆل؟

أ. A .　　ج. C

ب. B　　د. D

12. کام پیت هێمایە بۆ بن. ؟

أ. A .　　ج. C

ب. B　　د. D

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی 13 و 14 پشت بەم دەقەی خوارەوە ببەستە:

دوو شەپۆل بەیەکدادەچن کە هەمان درێژی شەپۆلیان هەیە، فراوانی یەکەمیان 0.75 m وە فراوانی دووەمیان 0.53 m .

13. فراوانی شەپۆلی بەرەنجام چەندە ئەگەر بەیەکداچوونەکە دروستکەربێت؟

أ. 0.22 m.

ب. 0.53 m .

ج. 0.75 m .

د. 1.28 m .

14. فراوانی شەپۆلی بەرەنجام چەند دەبێت ئەگەر بەیەکداچوونەکە (لاوازکەر بێت)؟

أ. 0.22 m .

ب. 0.53 m .

ج. 0.75 m .

د. 1.28 m .

15. لەهەر 12.0 s دا هەشت سەر بە خاڵێکی دیاریکراودا تێپەڕدەبن، خێرایی شەپۆلەکە چەندە ئەگەر دووری نێوان دوو سەری یەك لەدواییەك 1.20 m بێت؟

أ. 0.667 m/s　　ج. 1.80 m/s

ب. 0.800 m/s　　د. 9.60 m/s

ئەو پرسیارانەی وەڵامی کورتیان هەیە

16. درێژی شەپۆلی ڕووناکی سەوز 5.20×10^{-7} m خێراییەکەشی لە هەوادا 3.00×10^{8} m/s لەرەلەری ڕووناکییە سەوزەکەو کاتە لەرەکەی هەژماربکە.

17. جۆری ئەو شەپۆلانە چین کە پێویستییان بە ناوەندێك نیە بۆ گواستنەوەیان؟

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژیان هەیە

18. گەشتیارێك لەسەردانیدا بۆ منارە دێرینەکەی شاری هەولێر دەیەوێت بەرزییەکەی بزانێت، بۆ ئەمەش بەردێکی بچووك بەسەری پەتێکەوە دەبەستێت و پەندۆلێکی سادەی لێدروست دەکات. پەندۆلەکە هەڵدەواسێت بە شێوەیەك بۆ خوارەوە شۆر بووبێتەوە و پێپلیکانە پێچاوپێچەکانی منارەکە چوار دەوریان دابێت. ئەگەر کاتەلەرەی لەرینەوەکەی 12.1 s بێت. بەرزی منارەکە چەندە؟

19. شەپۆلێکی هارمۆنی بەناو پەتێکدا تێپەڕ دەبێت، سەرچاوە لەراوەکە 40.0 لەرە دەردەکات لە ماوەی 30.0 s دا، سەرێکی دیاریکراو لە شەپۆلەکە 425 cm بە ناو پەتەکەدا دەڕوات لە ماوەی 10.0 s، درێژی شەپۆلەکە چەندە؟ کارەکەت باس بکە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەشی 4

دەنگ
Sound



هەندێك لە شیردەرە دەریاییەکان بۆ نموونە وەك دۆلفین، شەپۆلە دەنگیەکان بەکاردەهێنن بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەو تەنانەی کە لێیانەوە دوورن، بەڕێگای دیاریکردنی شوێن بە دەنگدانەوە. دۆلفین کۆمەڵێك پرتەی دەنگی کورت دەردەکات کە بەناو ئاودا تێپەڕدەبن، دوای ئەوەی بەر تەنە دوورەکان دەکەون دەدرێنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ دۆلفینەکە. لە ڕێگای ئەو دەنگدانەوەوەیە دۆلفینەکە قەبارە و شێوە و خێرایی وە هەروەها دووری نێچیرەکە دیاریدەکات.

ئەوەی کە پێشبینی بەدیهێنانی دەکرێت

لەم بەشەدا لایەنە فیزیاییەکانی دەنگ دەخوێنیت، کە سروشتی شەپۆلە دەنگیەکان و لەرەلەرو توندی و زرنگانەوە و ئاوازە هارمۆنییەکان دەگرێتەوە.

گرنگییەکەی چییە

هەندێك ئاژەڵ، لەوانە دۆلفین و شەمشەمەکوێرە، شەپۆلە دەنگیەکان بەکاردەهێنن بۆ دۆزینەوەی شوێنی نێچیرەکانیان. ئامێرە مۆسیقیەکان بە هۆی هارمۆنیە جیاجیاکانەوە هەمەجۆرییەك لە دەنگە دڵخۆشکەرەکاندا پەیدادەکەن.

ناوەڕۆکی بەشی 4

1 شەپۆلە دەنگیەکان
- بەرهەمهێنانی شەپۆلە دەنگیەکان.
- سیفەتەکانی شەپۆلە دەنگیەکان.
- دیاردەی دۆپلەر.

2 توندی دەنگ و زرنگانەوە
- توندی دەنگ.
- لەرینەوە ناچارییەکان و زرنگانەوە.

3 ئاوازە هارمۆنیەکان
- شەپۆلە وەستاوەکان لە سەر ژێیەکی لەراوەدا.
- شەپۆلە وەستاوەکان لە ستونێکی هەواییدا.

بەندی 1-4

شەپۆلە دەنگیەکان
Sound Waves

1-4 ئامانجەکانی بەندەکە

- چۆنیەتی پەیدابوونی شەپۆلە دەنگیەکان لێکدەداتەوە.
- لەرەلەر دەبەستێتەوە بە پلەی دەنگەوە.
- بەراوردی خێرایی دەنگ دەکات لە ناوەندە جیاجیاکاندا.
- شەپۆلە تەختەکان دەبەستێتەوە بە شەپۆلە گۆییەکانەوە.
- دیاردەی «دۆپلەر» پێناسە دەکات وە گۆڕانی لەرەلەر لە ئەنجامی جووڵەی ڕێژەیی نێوان سەرچاوە و گوێگر دیاریدەکات.

بەرهەمهێنانی شەپۆلە دەنگیەکان

دەنگی مەکینەی فڕۆکە و جریوەجریوی باڵندە، هەردووکیان وەك شەپۆلێکی دەنگی بڵاو دەبنەوە، کە سەرچاوەکەیان تەنێکی لەراوەیە. بە پشت بەستن بەو دوولکە سازدەرەی کە لە **وێنەی 1-4** (أ)دا دیارە بۆمان ڕوونەبێتەوە کە چۆن شەپۆلە دەنگیەکان پەیدادەبن. کاتێك یەکێك لە لکەکانی دوولکەکە دەلەرێتەوە کە لە **وێنەی 1-4** (ب)دا دەردەکەوێت، وا لەو گەردە هەوایانەی کە لە لکەکەوە نزیکن دەکات بجووڵێن. کاتێك دوولکەکە بەرەو لای چەپ دەجووڵێت وەك **وێنەی 1-4** (ج)، ئەو گەردە هەواییانەی کە لە سەری لکەکەوە نزیکن بە ناچاری ڕیزدەبن و ئەم ناوچەیە کە پەستانی هەوا تێیدا بەرزە پێی دەووترێت **پەستاوتن** compression. وە کاتێك لکەکە بۆ لای ڕاست دەگەڕێتەوە وەك **وێنەی 1-4** (د)، گەردەکانی هەوا لە یەکتر دوور دەکەونەوە و پەستان لەو ناوچەیەدا کەمتر دەبێت لە پەستانی ئاسایی. ئەو ناوچەیە پێی دەوترێت **شاشبوون** rarefaction.

کاتێك دوولکە سازدەرەکە بەردەوام دەبێت لەسەر لەرینەوەکەی زنجیرەیەك لە پەستاوتن و شاشبوونی یەك لەدواییەکدا پەیدا دەبێت وبڵاو دەبنەوە و لە هەر لکێك لە لکەکانی دوولکەکە بە هەموو ئاراستەیەك دووردەکەونەوە، وەك شەپۆلەکانی ئاو لە گۆمێکدا. وە کاتێك دوولکەکە بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرێتەوە تەنۆلکەکانی هەواش بە جووڵەیەکی هارمۆنی سادە دەلەرنەوە و هاتووچۆ دەکەن.

شەپۆلە دەنگیەکان شەپۆلی درێژڕەوون

لە شەپۆلە دەنگیەکاندا لەرینەوەی گەردەکانی هەوا تەریب دەبێت لەگەڵ ئاڕاستەی جووڵەی شەپۆلەکەدا. کەواتە شەپۆلە دەنگیەکان شەپۆلی درێژڕەوون، وە دەتوانرێت سادەترین ئەو شەپۆلانە کە لە تەنێکی لەراوەوە دەردەچن بە شێوەی چەماوەی ساین بنوێنرێت. لە **وێنەی 2-4** دا سەرەکان چەقی پەستاوتنەکان (ناوچەکانی پەستانی بەرز) دەنوێنن.

پەستاوتن

ئەو ناوچەیەیە لە شەپۆلی درێژڕەودا کە پەستان تێیدا دەگاتە گەورەترین بڕ.

شاشبوون

ئەو ناوچەیەیە لە شەپۆلی درێژڕەودا کە پەستان تێیدا دەگاتە کەمترین بڕ.



وێنەی 1-4

(أ) دەنگ لە دوولکە سازدەرەکەوە دەردەچێت (ب) لەرینەوەکانی هەرلکێك لەدوو لکە سازدەرەکە (ج) کاتێك لکەکە بەرەو لای چەپ دەلەرێتەوە ناوچەیەکی پەستانی بەرز دروست دەبێت (د) کاتێك لکەکە بەرەو لای راست دەلەرێتەوە ناوچەیەکی پەستانی نزم دروست دەبێت.



وێنەی 2-4

(أ) لەکاتی لەرینەوەی دوولکەکە

(ب) زنجیرەیەك لە پەستاوتن و شاش بوون دروست دەبێت و دەجووڵێت دووردەکەونەوە لەهەر لکێك.

(ج) سەرەکانی ئەم چەماوە تەژییە دەکەونە بەرامبەر چەقی پەستاوتنەکان، وە بنەکانیشیان دەکەونە بەرامبەر چەقی شاشبوونەکان.

وە بنەکان چەقی شاشبوونەکان (ناوچەکانی پەستانی نزم) دەنوێنن، کەواتە چەماوەی ساین گۆڕانەکانی پەستانی هەوا لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی شەپۆلە دەنگیەکانەوە دەنوێنێت. لەگەڵ ئەوەی دەزانین کە ئەوەی وێنەی **2-4** دەریدەخات بارێکی نموونەییە، چونکە چاوپۆشی کردوە لە ونبوونی وزە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فراوانی شەپۆلەکە.

سیفەتەکانی شەپۆلە دەنگیەکان

زانیمان کە لەرەلەر ژمارەی لەرینەوەکانە لە یەکەی کاتدا. ئەو شەپۆلە دەنگیانەی کە گوێی ئاسایی مرۆڤ دەتوانێت بیانبیستێت پێیان دەووترێت شەپۆلە بیستراوەکان، لەرەلەرەکانیان دەکەوێتە نێوان 20 Hz و 20 000 Hz. (توانای کەسێك بۆ بیستن لەسەر چەند هۆکارێك بەندە، لەوانە تەمەنەکەی، وە توشبوونی بە دەنگی بەرزی بێزارکەر). وە ئەو شەپۆلە دەنگیانەی کە لەرەلەریان کەمترە لە 20 Hz وە گوێی ئاسایی ناتوانێت بیانبیستێت، پێیان دەووترێت شەپۆلەکانی خوار بیستن، بەڵام ئەو شەپۆلە دەنگیانەی لەرەلەرەکانیان لە 20 000 Hz زیاترە کە گوێی ئاسایی نایانبیستێت پێیان دەووترێت شەپۆلەکانی سەروبیستن. سەرەڕای ئەوەی کە شەپۆلەکانی خواربیستن و شەپۆلەکانی سەروبیستن نابیسترێن، بەڵام لەهەمان جۆری ئەو لەرەلەرانە پێکدێن کە دەنگە بیستراوەکانی لێپەیدادەبێت. بەڵام ڕادەی (مەودای) شەپۆلە دەنگیە بیستراوەکان بەندە لەسەر توانای کاریگەری لەرینەوەکان لەسەر گوێی مرۆڤ. بۆ نموونە سەگ و شەمشەمە کوێرە دەتوانن شەپۆلە سەروبیستنەکان ببیستن، کە گوێی مرۆڤ ناتوانێت بیانبیستێت.

ئایا دەزانیت؟

فیل لە کاتی پەیوەندی کردنیاندا شەپۆلەکانی خواربیستن بەکاردەهێنێت، هەرچەند ئەگەر چەند کیلۆمەترێکیش دوور بێت. گوێچکە گەورەکانی یارمەتی دەدات لە وەرگرتنی لەرەلەرە نزمەکان کە درێژی شەپۆلەکانیان تا ڕادەیەك درێژن.

لەرەلەر پلەی دەنگ دیاریدەکات

لەرەلەری شەپۆلی دەنگی بیستراو بەرزی و نزمی ئەو دەنگە دیاریدەکات کە دەیبیستین، وە پێی دەووترێت **پلەی دەنگ** pitch. دەنگە تیژەکان پلەیەکی بەرزیان هەیەو وە دەنگە گڕەکان پلەیەکی نزمیان هەیە. پلەی دەنگ زیاددەکات بە زیادبوونی لەرەلەرەکەی. پلەی دەنگ تەنها لەسەر لەرەلەرەکەی بەندنییە، بەڵکو لەسەر هەندێك هۆکاری تریش بەندە، وەك ژاوەژاوی دەرەوە بەرزی دەنگ.

پلەی دەنگ

پێوەری ڕادەی تیژی یان گڕی دەنگی بیستراوە، بەپێی لەرەلەری شەپۆلە دەنگیەکە.

ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەكە
وێنەگرتن بە شەپۆلە سەرو بیستنیەكان

شەپۆلەكانی سەرو بیستن بەكاردەهێنرێن بۆ دەستكەوتنی وێنەی شتەكانی ناولەش. ئەمەش ڕوودەدات بەهۆی سیفەتی دانەوەیەكی بەشی Partially reflected شەپۆلە دەنگیەكان، كاتێك دەگەنە ڕووە جیاكەرەكەی نێوان دوو مادەی چڕی جیاواز، وە ئەو وێنانەی كە لە شەپۆلە سەرو بیستنیەكانەوە پەیدا دەبن ڕوونترو وردترن لەو وێنانەی كە لە شەپۆلە دەنگیە لەرەلەر نزمەكانەوە پەیدادەبن، چونكە ئەو شەپۆلە دەنگیە سەرو بیستنانەی كە درێژی شەپۆلیان كورترە ڕێیان پێدەدرێت بە ئاسانی بدرێنەوە، بەڵام شەپۆلە دەنگیە بیستراوەكان و خوار بیستراوەكان بەپێی پێویست كاریگەرنین، چونكە درێژی شەپۆلەكانیان درێژە و بە دەوری تەنە بچووكەكاندا تێپەڕدەبن. بۆ ئەوەی شەپۆلە سەرو بیستەنیەكان بتوانن شتێك لەناو لەشدا ببینن، پێویستە ئەو شەپۆلانە بەكاربێن كە درێژی شەپۆلەكانیان نزیكی پێوانەی ئەو شتەبێت یان كەمتر بێت. باشترین لەرەلەری بەكارهاتوو لە دەزگای سەرو بیستن نزیكەی 10 MHz وە خێرایی شەپۆلە سەرو بیستەنیەكان لەناو شانەی مرۆییدا نزیكەی 1500 m/s لەوەوە درێژی شەپۆلەكە دەبێتە $\lambda = \frac{v}{f} = 0.15$ mm . ئەمە ئەوە دەگەیێنێت كە دەزگای سەروبیستن ئەو شتانە كاریتێناكات كە پێوانەكەی لەو بڕە كەمترە. پزیشكەكان هەمیشە شەپۆلە سەروبیستنیەكان بەكاردەهێنن بۆ بینینی كۆرپەلە. لەم كردارەدا دەزگاكە شەپۆلە دەنگیەكان دەنێرێت و پاش دانەوەیان لە كۆرپەلەكەوە وەریاندەگرێتەوە. وە ئەم شەپۆلە دەنگیە دراوانە دەگۆڕێت بۆ نیشانەی كارەبایی و وێنەیەك پێكدێنێت لەسەر شاشەیەكی فلۆرەسنتی. بە دووبارە كردنەوەی ئەم كردارە بۆ بەشە جیاجیاكانی سكی دایك، پسپۆرەكە دەتوانێت وێنەیەكی تەواوی كۆرپەلەكەی دەست بكەوێت، وەك ئەو وێنەیەی لەسەرەوە دیارە. بەهۆی ئەو وێنەیەوە پزیشكەكان دەتوانن هەندێك جۆری ناتەواوی (شێواوی) كۆرپەلە بدۆزنەوە.

بەندبوونی خێرایی دەنگ لەسەر ناوەند

شەپۆلە دەنگیەكان بەناو تەنە ڕەق و شل و گازیەكاندا بڵاودەبنەوە. بە پێی ئەوەی كە شەپۆلەكان لە لەرینەوەكانی تەنۆلكەیەكەوە پەیدادەبن، ئەوا خێرایی شەپۆل بەندە لەسەر بڕی ئەو خێراییەی كە تەنۆلكەكە جووڵەكەی پێ دەگوازێتەوە بۆ تەنۆلكەیەكی تر، بۆ نموونە خێرایی كاردانەوەی تەنۆلكەكانی مادەیەكی ڕەق گەورەترە لە خێرایی كاردانەوەی تەنۆلكەكانی مادەیەكی گازی چونكە تەنۆلكەكانی تەنی ڕەق لە یەكتری نزیكترن وەك لە تەنۆلكەكانی گاز، لە ئەنجامدا وە بە شێوەیەكی گشتی، شەپۆلە دەنگیەكان بەناو تەنەڕەقەكاندا خێراتر تێپەڕدەبن وەك لە تەنە گازییەكان، **خشتەی 1-4** خێرایی شەپۆلە دەنگیەكان دەردەخات لەناوەندە جیاوازەكاندا.

هەروەها خێرایی دەنگ بەندە لەسەر پلەی گەرمی ناوەندەكە. كاتێك پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە بەریەككەوتنی تەنۆلكەكانی گاز زیاددەكات، ئەمەش وا دەكات لە پلە گەرمییە بەرزەكاندا بڵاوبوونەوەی شێواندنە شەپۆلیەكە خێراتربێت وەك لە پلە گەرمییە نزمەكاندا. لە تەنە شلەكان و ڕەقەكاندا تەنۆلكەكان ئەوەندە لەیەكتر نزیكن بە شێوەیەك كە تێبینی كردنی ئەو جیاوازییەی خێرایی كە لە ئەنجامی گۆڕانەكانی پلەی گەرمی پەیدا دەبێت ئاسان نەبێت.

خشتەی 1-4
خێرایی دەنگ
لەناوەندە جیاوازەكاندا

ناوەندەكە	v(m/s)
گازەكان	
هەوا (0°C)	331
هەوا (25°C)	346
هەوا (100°C)	366
هیلیۆم (0°C)	972
هیدرۆجین (0°C)	1290
ئۆكسجین (0°C)	317
شلەكان لە 25°C	
كحولی مەثیلی	1140
ئاوی دەریا	1530
ئاو	1490
تەنە ڕەقەكان	
ئەلەمنیۆم	5100
مس	3560
ئاسن	5130
قورقوشم	1320
لاستیكی پتەو	54

بڵاوبوونەوەی شەپۆلە دەنگیەكان لەسێ دووریدا

لەم بەشەدا شەپۆلەكان وا دەركەوتوون كە بەیەك دووری بڵاودەبنەوە. لە راستیدا شەپۆلە دەنگیەكان بەسێ دووری بڵاودەبنەوەو لەسەرچاوەكانیان دووردەكەونەوە. كاتێك لەناوەڕاستی ژوورێكدا دەنگێك دەردەچێت، دەتوانرێت لەهەموو لایەكی ژوورەكە دەنگەكە ببیسترێت، چونكە شەپۆلەكانی دەنگ بەهەموو ئاڕاستەكاندا بڵاودەبنەوە. رووی پێشەوەی (بەرە)كانی ئەو شەپۆلە دەنگیانەی كە بەهەموو ئاراستەكاندا بڵاودەبنەوە، نزیكە گۆیی دەبن.

بۆ ئاسانکردنی لێکۆڵینەوە، وا دادەنێین کە بەرەی شەپۆلەکان بە تەواوی گۆیین، ئەگەر بێجگە لەوە شتێکی تر باس نەکرابێت.

شەپۆلە گۆییەکان بە هێڵکاری ڕوونکردنەوەیی بە شێوەی زنجیرە بازنەیەك دەنوێنرێت کە دەوری سەرچاوەکەیان داوە لە دوو ڕەهەندا وەك لە **وێنەی 3-4** دیارە، کە بازنەکان چەقی پەستاوتنەکان دەنوێنن و پێیان دەووترێت بەرەکانی شەپۆل. لەبەر ئەوەی دیاردەیەکی سێ ڕەهەندی لەدوو دووریدا دەخوێنین ئەوا هەر بازنەیەك ڕوویەکی گۆیی دەنوێنێت.

لەبەر ئەوەی چەقی پەستاوتن بەرەی شەپۆل دیاریدەکات، ئەوا دووری نێوان دوو بەرەی شەپۆلی یەك بەدوایەك دەبێت بە درێژی شەپۆل. تیراسا ستوونەکانی سەر بەرەکانی شەپۆل پێیان دەووترێت تیشك، وە ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکەمان نیشاندەدات. بەڵام ئەو چەماوە سایندی کە لە **وێنەی 3-4** دا دیارە دەکەوێتە بەرامبەر یەك تیشك. وە لەبەر ئەوەی سەرەکان لە چەماوەی سایندا پەستاوتنەکان دەنوێنن ئەوا هەر بەرەیەکی شەپۆل کە لەگەڵ ئەم تیشکەدا یەکتردەبڕن دەکەوێتە بەرامبەر سەرێك لەسەر چەماوە ساینەکە.

با بەشێکی بچووك لەبەرەی شەپۆلێکی گۆیی وەربگرین کە چەند درێژی شەپۆلێك لەسەرچاوەکەیەوە دووربێت، وەك لە **وێنەی 4-4** دا دەردەکەوێت. هەروەها لەم بارەدا تیشکەکان نیمچە تەریب دەبن. ئەو بەرە شەپۆلانەی کە زۆر دوورن لەسەرچاوەکەوە بە بەراورد لەگەڵ درێژی شەپۆل، دەتوانین وا دابنێین کە ڕووتەختی تەریبن. ئەو شەپۆلانە پێیان دەووترێت شەپۆلە تەختەکان. وە هەروەها هەر بەشێکی بچووك لە شەپۆلێکی گۆیی دوور لەسەرچاوەکە دەتوانرێت بە شەپۆلێکی تەخت دابنرێت. لە کۆتاییدا دەتوانین وا هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو شەپۆلە تەختەکاندا بکەین کە شەپۆلی یەك ڕەهەندبن، و بە هەمان ئاراستە بڵاودەبنەوە، هەروەك لە بەشی «لەرینەوەو شەپۆلەکان» دا باسکرا.



وێنەی 3-4

لەم شەپۆلە گۆییەدا، بەرەی شەپۆلەکان پەستاوتنەکان دەنوێنن، وە تیشکەکان ئاماژە بۆ ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە دەکەن. هەر بەرەیەکی شەپۆل دەکەوێتە بەرامبەر سەرێك لە سەر چەماوە ساینەکە. وە چەماوەکەش یەك تیشك دەنوێنێت.



وێنەی 4-4

ئەو بەرە شەپۆلە گۆییانەی کە زۆر دوورن لەسەرچاوەکەوە دەکرێت بەچەند ڕووتەختێکی نزیکە تەریب دابنرێن پێیان دەووترێت شەپۆلە تەختەکان.

بەزاندنی دیواری دەنگ

کاتێك فرۆکەیەك بە خێراییەك کەمتر لە خێرایی دەنگ دەفرێت، لەکاتی فرینیدا چەند شێواندنێك لە پەستانی هەوادا پەیدادەکات وە ئەم شێواندنانە لە بەردەم فرۆکەکەدا بە خێرایی دەنگ دەجووڵێن و بڵاودەبنەوە وە فرۆکەکە بە خێراییەکی کەمتر دوای ئەم شێواندنانە دەکەوێت وەك لە **وێنەی 5-4** (أ)دا دیارە. وە کاتێك خێرایی فرۆکەکە دەگاتە خێرایی دەنگ ئەم شێواندنانە لە پێشەکی فرۆکەکەدا کەڵەکە دەبن و دەبێتە هۆی ڕوودانی شەپۆلی ڕاتەکاندن وەك لە **وێنەی 5-4** (ب)دا دیارە. بەڵام کاتێك خێرایی فرۆکەکە لە خێرایی دەنگ تێپەڕدەکات ئەوا شەپۆلە ڕاتەکاندنەکە لەلاتەنیشتەکانیەوە دروست دەبێت وەك لە **وێنەی 5-4** (ج)دا دیارە، وە سەرەکانی دەچنە سەریەك و گرمەیەکی گەورە (شەپۆلی ڕاتەکاندن)ی لێپەیدادەبێت و دەگاتە زەوی. هەندێك جار کاتێك فرۆکە دیواری دەنگ دەبەزێنێت وزەیەکی گەورەی لێپەیدادەبێت لەوانەیە ببێتە هۆی شکاندنی پەنجەرەی ماڵەکان.

وێنەی 5-4

وێنەیەکی هێڵکاری گواستنەوەی دەنگ بۆ فرۆکەیەك کە بە خێرایی:
(أ) کەمتر لە خێرایی دەنگ (ب) یەکسان بە خێرایی دەنگ (ج) گەورەتر لە خێرایی دەنگ دەفرێت.



فیزیا و ژیان

1. مەقام بێژ وا دابنێ تۆ گوێ لە دەنگی مەقام بێژێك ڕادەگریت كە لە ریكۆردەرێكەوە دەردەچێت لە بەرامبەرت لە ژوورەكەوە دانراوە، گوێت پەستاوتنەكان و شاشبوونەكانی شەپۆلە دەنگیەكە وەردەگرێت، تۆش هەڵدەستیت بە گۆڕینی ئەم لەرینەوانە بۆ دەنگ. ئایا تەنۆلكە لەراوەكانی هەوای نزیك گوێت بەهۆی شەپۆلە دەنگیەكانەوە گواستراونەتەوە بەناو ژوورەكەدا؟ چۆن دەزانیت؟

2. بروسكەو هەورە تریشقە شەپۆلەكانی ڕوناكی ملیۆنێك جار خێراتر بڵاودەبنەوە لە شەپۆلە دەنگیەكان لەهەوادا. ئەم زانیارییە بەهەند وەربگرە كاتێك ڕوونیدەكەیتەوە كە چۆن دووری بروسكەیەك هەژمار دەكرێت لە ڕێگای پێوانی كاتی نێوان بینینی بریسكەی ڕوناكیەكەو دەنگی هەورە تریشقەكە.

دیاردەی دۆپلەر

بێنە بەرچاوت كەتۆ لەسەر شۆستەیەك وەستاویت لەوساتەدا ئۆتۆمبێلێكی فریاكەوتن بەخێرایی تێپەڕدەبێت و شوتەكەی لێدەدات. تێبینی گۆڕانی پلەی دەنگی شوتەكە دەكەیت، بە شێوەیەك كە پلەكەی زیاد دەكات لەكاتی نزیكبوونەوەی وە كەمدەكات كاتی دووركەوتنەوەیدا. وەك دەزانیت پلەی دەنگ بەندە لەسەر لەرەلەرەكەی، بەڵام لەم بارەدا شوتەكە لەرەلەرەكەی خۆی ناگۆڕێت. كەواتە ئەم گۆڕانە لە پلەی دەنگدا چۆن لێكدەدەیتەوە؟

وێنەی 6-4
لەو كاتەی ئۆتۆمبێلی فریاكەوتن بەلای ڕاستدا دەجووڵێت گوێگری A شوتەكە دەبیستێت بە لەرەلەرێكی گەورەتر لە لەرەلەری ئەو دەنگەی كە شۆفێرەكە دەیبیستێت. بەڵام گوێگری B بە لەرەلەرێكی كەمتر دەیبیستێت.

جووڵەی ڕێژەیی گۆڕانێك لە لەرەلەردا پەیدادەكات

كاتێك ئۆتۆمبێلێكی فریاكەوتنی وەستاو شوتەكەی لێدەدات، پێشبینی دەكەیت كە گوێگرێك لە جادەكەدا وەستاوە بەهەمان ئەو لەرەلەرە گوێی لە دەنگەكە دەبێت كە شوفێری ئۆتۆمبێلی فریاكەوتنەكە دەیبیستێت. بەڵام لەباری ئۆتۆمبێلێكی فریاكەوتنی جووڵاودا وەك لە **وێنەی 6-4** دا دەردەكەوێت، جووڵەیەكی ڕێژەیی هەیە لە نێوان ئۆتۆمبیلە فریاكەوتنە جووڵاوەكەو گوێگرە وەستاوەكەدا. ئەم جووڵە ڕێژەییە كار دەكاتە سەر ئەوەی كە چۆن ئەوبەرە شەپۆلە دەنگیانە كە لە شوتەكەوە دەردەچن لە لایەن گوێگرەكەوە هەستی پێ دەكات. (بۆ ئاسانكردنی كارەكە وادادەنێین كە ئەو شەپۆلە دەنگیانەی كە شوتەكە دەریدەكات گۆیین)

هەر چەندە لەرەلەری دەنگی شوتەکە بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە، ئەو بەرە شەپۆلانەی دەگەنە گوێگری (A) کە لە پێش ئۆتۆمبێلەکەوە وەستاوە زۆرتر دەبێت لەوەی کە ئۆتۆمبێلەکە وەستاوبێت. هۆیەکەش ئەوەیە کە سەرچاوەی دەنگەکە بەرەو گوێگرەکە دەجووڵێت. بەپێی ئەوەی کە خێرایی دەنگ لەهەوادا ناگۆڕێت چونکە خێرایی دەنگ بەندە لەسەر پلەی گەرمی هەوا، بۆیە سەرئەنجامی لێکدانی درێژی شەپۆل لە لەرەلەر بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە. وە بەپێی ئەوەی کە درێژی شەپۆلەکە کەمترە ئەوا ئەو لەرەلەرەی کە گوێگرەکە دەیبیستێت گەورەتر دەبێت لە لەرەلەری سەرچاوەکە.

ئەگەر خێرایی ئۆتۆمبێلەکە بە گوێرەی گوێگری (A) وە بریتی بێت لە v_s وە خێرایی ئەو شەپۆلە دەنگیانەی کە ئۆتۆمبێلەکە لەهەوادا بڵاویاندەکاتەوە بریتی بێت لە v. لە ماوەی کاتە لەرەی T دا، شەپۆلەکە دووری $d_1 = vT = \lambda$ دەبرێت لە هەمان کاتەلەرەدا، ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنیش دووری $d_2 = v_sT$ دەبرێت بەمەش درێژی شەپۆلی نوێ دەکاتە:

$$\lambda' = d_1 - d_2 = T\,(v - v_s) = \frac{v - v_s}{f}$$

$$\lambda' = \frac{v}{f'} \quad \text{یان}$$

$$f' = f\,\frac{v}{v - v_s} \quad \text{کە}$$

لەبەر ئەوەی $v - v_s < v$ بۆیە $f' > f$ دەبێت. لەمەوە گوێگری (A) دەنگی شوتی ئۆتۆمبێلەکە بە لەرەلەرێکی 'f گەورەتر لە لەرەلەرە بنەڕەتیەکەی f دەبیستێت.

وە لەبەر هەمان هۆ، ئەو بەرە شەپۆلانەی دەگەنە گوێگری (B) کە لە پشت ئوتومبێلەکە وە وەستاوە کەمتر دەبێت وەك لەوەی کە ئۆتۆمبێلەکە وەستاوبێت. لە ئەنجامی ئەوەوە لەرەلەری ئەو دەنگەی کە گوێگرەکە دەیبیستێت کەمتر دەبێت لە لەرەلەری سەرچاوەکە، هۆی ئەمە ئەوەیە کە ئەو درێژی شەپۆلەی 'λ کە دەگاتە گوێگرەکە لەمبارەدا دەکاتە:

$$\lambda' = d_1 + d_2 = T\,(v + v_s) = \frac{v + v_s}{f} = \frac{v}{f'}$$

$$f' = f\,\frac{v}{v + v_s}$$

لەبەر ئەوەی $v < v + v_s$، بەمەش $f' < f$

$$f' = f\,\frac{v - v_o}{v - v_s}$$

لەمەوە گوێگری (B) شوتی ئۆتۆمبێلەکە بە لەرەلەرێکی کەمتر لە لەرەلەرە بنەڕەتییەکەی f دەبیستێت. ئەم گۆڕانەی لەرەلەر پێی دەووترێت دیاردەی دۆپلەر Doppler effect لەسەر ناوی یەکەم کەس کە دۆزییەوە فیزیازانی نەمساوی کریستیان دۆپلر (1853 – 1803)

دیاردەی دۆپلەر

گۆڕانێکی هەستپێکراوە لە لەرەلەردا لە ئەنجامی جووڵەی ڕێژەیی نێوان سەرچاوەی شەپۆلەکان و گوێگرەوە.

لەبەر ئەوەی لەرەلەر پلەی دەنگ دیاریدەکات، کەواتە ئەو پلە دەنگەی کە هەرگوێگرێك دەیبیستێت بەند دەبێت لەسەر دیاردەی دۆپلەر، لە کاتێکدا ئەو گوێگرەی کە لەپێش ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەکەوە وەستاوە پلە دەنگێکی بەرزتر دەبیستێت وە ئەو گوێگرەی کە لە پشت ئۆتۆمبێلەکەوە وەستاوە پلە دەنگێکی نزمتر دەبیستێت.

لە خوێندنەکەماندا باسی سەرچاوەیەکی دەنگی جووڵاومان کرد بەگوێرەی گوێگرێکی وەستاوەوە، بەڵام هەروەها دیاردەی دۆپلەر لەو کاتەشدا ڕوودەدات کە گوێگر جووڵاوبێت بەگوێرەی سەرچاوەیەکی وەستاوەوە، یان هەردووکیان لە باری جووڵەدابن بە دوو خێرایی جیاواز.

بەکورتی دیاردەی دۆپلەر ڕوودەدات کاتێك جووڵەیەکی ڕێژەیی لە نێوان سەرچاوەو گوێگردا هەبێت، هەرچەندە تاقیکردنەوەکانی دۆپلەر بەزۆری لەسەر شەپۆلە دەنگیەکان باوە، بەڵام دیاردەکە گشتییە بۆ هەموو شەپۆلەکان، وە لەوانەش شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان بۆ نموونە وەك ڕووناکی.

پێداچوونەوەی بەندی 1-4

.1 پەیوەندی نێوان لەرەلەر و پلەی دەنگ چییە؟

.2 ئەو پرتە دەنگییانەی کە لە دۆلفینێکەوە دەردەچن بە تێکرای 1450 m/s بەناو ئاوی زەریادا بڵاو دەبنەوە لە پلەی گەرمی 20ºC، ئەگەر خێرایی ئەو پرتانە لەهەوادا بگاتە 342.9 m/s، لە پلەی گەرمی 20ºC، ئەم جیاوازییە لە خێراییدا چۆن لێکدەدەیتەوە؟


وێنەی 7-4

.3 **لێکدانەوەی وێنە:** ئایا دەکرێت بەشی ناوەوەی ئەو بەرە شەپۆلەی کە لە **وێنەی 7-4** دا دەرکەوتووە بە شەپۆلێکی نیمچە تەخت دابنرێت؟ ئەمە لێکبدەرەوە.

.4 **لێکدانەوەی وێنە:** **وێنەی 8-4** وێنەیەکی دیاردەی دۆپلەرە لە حەوزی شەپۆلەکاندا. سەرچاوەی ئەم شەپۆلانە بە چ ئاڕاستەیەك دەجووڵێت؟


وێنەی 8-4

بەندی 2-4

توندی دەنگ و زرنگانەوە
Sound Intensity and Resonance

2-4 ئامانجەکانی بەندەکە

- تووندی شەپۆلە دەنگیەکان هەژماردەکات.
- تووندی دەنگ بە ئاستی تووندی دەنگ و بەرزی دەنگی بیستراوەوە دەبەستێتەوە.
- ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن زرنگانەوە ڕوودەدات.

توندی دەنگ

لە بەندی 4-1 دا هاتووە، ئەو شەپۆلە دەنگیانەی لە هەوادا بڵاو دەبنەوە شەپۆلی درێژڕەون، وە کاتێك ئەم شەپۆلانە لەسەرچاوەکانیان دوور دەکەونەوە، وزە لە گەردێکی هەواوە بۆ گەردێکی تر دەگوازرێتەوە بە تێکرای کاتی تێپەڕ بوونی ئەو وزەیە لە یەکەی ڕووبەری شەپۆلی تەختدا دەوترێت **تووندی شەپۆل** wave intensity. بە پێی ئەوەی کە P بە تێکڕای کاتی وزەی تێپەڕبوو پێناسە کراوە. دەتوانین تووندی (I) بە پێی توانا (P) بەم شێوەی خوارەوە بنووسین:

$$I = \frac{P}{\text{ڕووبەر}} = \frac{\Delta E/\Delta t}{\text{ڕووبەر}}$$

بەپێی ئەوەی کەیەکەی توانا لە سیستمی نێودەوڵەتی SI دا بریتییە لە وات (W)، کەواتە یەکەی توندی دەکاتە وات بۆ هەر مەتر دووجایەك (W/m^2). کاتێك شەپۆلەکە گۆیی بێت وزە بە شێوەیەکی یەکسان بەهەموو ئاڕاستەیەکدا بڵاودەبێتەوە، لەم بارەدا توانای دەرچوو لەسەرچاوەکەوە (P) بەسەر ڕووە گۆییەکەدا دابەش دەبێت (ڕووبەری ڕووەکەی $= 4\pi r^2$). وا دادەنێین هیچ هەڵمژینێکی وزە لەو ناوەندەدا ڕوونادات کە شەپۆلەکەی پێدا دەگوازرێتەوە.

توندی شەپۆل

تێکڕای کاتی تێپەڕ بوونی وزەیە بەناو یەکەی ڕووبەری ستوون لەسەر ئاڕاستەی جووڵەی شەپۆلەکە.

توندی شەپۆلی گۆیی

$$I = \frac{P}{4\pi r^2}$$

$$\text{توندی} = \frac{\text{توانا}}{4\pi(\text{دووری لەسەرچاوەکەوە})^2}$$

ئەم هاوکێشەیە ئەوە دەگەیێنێت کە توندی شەپۆلی دەنگ کەمدەکات هەرچەندە لەسەرچاوەکە دووربکەویتەوە. ئەمەش بەهۆی دابەشبوونی بڕی وزەکە بەسەر ڕووبەرێکی گەورەتردا ڕوودەدات.

نموونە 4 (أ)

توندی شەپۆلە دەنگیەکان

پرسیارەکە

توندی ئەو شەپۆلە دەنگیانە چەندە کە لە ڕادیۆیەکەوە دەردەچن، ماوەی **3.2 m** دوورە، ئەگەر توانای بەرهەمهاتوو لە ڕادیۆکەوە یەکسان بێت بە **20.0 W**؛ وا دابنێ کە شەپۆلە دەنگیەکان گۆیین.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $P = 20.0\ W$ $r = 3.2\ m$

نەزانراو: $I = ?$

.2 پلان دادەنێم

هاوکێشەی توندی لەباری شەپۆلی گۆیدا بەکاردەهێنم

$$I = \frac{P}{4\pi r^2}$$

$$= \frac{20.0 \ \text{W}}{4\pi(3.2 \ \text{m})^2}$$

.3 هەژمار دەکەم

$$\boxed{I = 0.16 \ \text{W/m}^2}$$

وەڵامی ئامێری ژمێرەر

وەڵامی ئامێری ژمێرەر بۆ پرسیارەکە 0.155424799 وەڵامەکە لە 0.16 نزیکدەکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ژمارەی ڕەنووسە واتاییەکانی دراوەکە بگونجێت.

ڕاهێنانی 4 (أ)

توندی شەپۆلە دەنگیەکان

.1 لە سنوری گەورەترین بەرزی دەنگدا، توانای بەرهەمهاتوو (دەرچوو) لە 75 ئامێری ژێی و هەوایی دەکاتە $70.0 \ \text{W}$. توندی ئەو شەپۆلە دەنگیانەی گوێگرێك دەیبیستێت چەندە کە لە دووری $25.0 \ \text{m}$ لەسەرچاوەی دەنگەکەوە دانیشتووە؟

.2 ئەگەر توندی دەنگی کەسێك $4.6 \times 10^{-7} \ \text{W/m}^2$ بێت لە دووری $2.0 \ \text{m}$، ئەو توانا دەنگیەی کە لە کەسەکەوە بەرهەمدێت چەندە؟



وێنەی 9-4
بیستنی مرۆڤ بەندە لەسەر لەرەلەرو توندی شەپۆلە دەنگیەکان پێکەوە. ئەو دەنگانەی دەکەونە ناوەڕاستی مەودای (شەبەنگی) لەرەلەرەکان ئاسانتر دەبیسترێن (لە توندیەکی نزمدا) لە لەرەلەرە نزم یان بەرزەکان.

توندی و لەرەلەر دەنگە بیستراوەکان دیاریدەکەن

لە بەندی 4-1 دا ئەوەمان خوێند کە لەرەلەری ئەو شەپۆلە دەنگیانەی کە مرۆڤی ئاسایی دەیانبیستێت دەکەوێتە نێوان 20 Hz و 20 000 Hz . وە هەروەها توندیش هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە کام دەنگ دەبیسترێت. **وێنەی 9-4** ئەوە دەردەخات کە چۆن ڕادەی (توانای) بیستن لە گوێی مرۆڤی ئاساییدا بەندە لەسەر لەرەلەرو توندی بەیەکەوە. لە وێنە ڕوونکردنەوەیەکەدا دەبینیت کە ئەو دەنگانەی لەرەلەریان نزمە (کەمتر لە 50 Hz) یان لەرەلەریان بەرزە (زیاتر لە 12 000 Hz) پێویستە تارادەیەك توندیان زۆربێت تا ببیسترێن.

بەڵام ئەو دەنگانەی کە دەکەونە ناوەڕاستی شەبەنگەکە (مەوداکە)، لە ڕادەیەکی توندی نزمدا دەبیسترێن. کزترین دەنگ کە دەتوانرێت ببیسترێت بە لەرەلەری نزیکەی 1000 Hz، وە بە توندی 1.0×10^{-12} W/m^2، ئەو دەنگانە دەکەونە ناو لێواری بیستن. (سەرنج بدە کە گوێی هەندێك مرۆڤ دەتوانێت هەندێك دەنگ ببیستێت کە کزترن بە لەرەلەرێك دەگاتە نزیکەی 3300 Hz) وە چەماوەکەی خوارەوە لە **وێنەی 4-9** دا لێواری بیستن دەنوێنێت بۆ هەر لەرەلەرێك.

بەرزترین دەنگ کە گوێ دەتوانێت بەرگەی بگرێت، توندییەکەی دەگاتە نزیکەی 1.0 W/m^2 پێی دەوترێت لێواری ئازار، چونکە ئەگەر لەم توندییە زیاتر بێت بیستنی ئازارێك دروست دەکات. وە چەماوەکەی سەرەوە لە **وێنەی 4-9** دا لێواری ئازار دەنوێنێت بۆ هەر لەرەلەرێك.

بیستنی ئەو دەنگانەی لە سەروی لێواری ئازارن لەوانەیە زیانێکی دەستبەجێ بەگوێ بگەیەنن، هەتا ئەگەر هەست بە ئازاریکیش نەکەی. وە هەروەها بیستنی ئەو دەنگانەی توونديان نزمە بە بەردەوامی لەوانەیە زیانبەخش بن بۆ گوێ. لەبەر ئەم هۆکارە هەندێك لە مۆسیقاژەنەکان داخەری گوێ بەکاردێنن لەکاتی کارکردنیاندا. شایانی تێبینییە کە لێواری بیستن و لێواری ئازار لە بەرزترین و نزمترین لای شەبەنگەکەوە بەیەکدەگەن.

پێوانی ئاستی توندی دەنگ (β)

چۆن لەرەلەری شەپۆلی دەنگ پلەی دەنگەکە دیاریدەکات، توندی دەنگیش بەنزیکی بەرزی دەنگی بیستراو دیاریدەکات، بەڵام بەرزی دەنگ ڕاستەوانە ناگونجێت لەگەڵ توندی، چونکە هەستکردنی گوێی مرۆڤ بە بەرزی دەنگ بە نزیکەیی لۆگاریتمیە.

ئاستی توندی دەنگ β بریتییە لە ڕێژەی توندی شەپۆلێکی دەنگی دیاریکراو بۆ توندی شەپۆلێکی دەنگ لە لێواری بیستندا، وە یەکەی نییە. بەرزی دەنگ ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ لۆگاریتمی ڕێژەکە، و دیسبێل decibel (dB) بەکاردێت بۆ دەربڕینی ئاستی توندی دەنگ.

دیسیبێل

یەکەیەکی بێ ڕەهەندە ئاستی توندی دەنگ دەپێوێت.

ئاستی توندی دەنگ

$$\beta = 10 \log \frac{I}{I_o}$$

کە I = توندی دەنگ

I_o = توندی لێواری بیستن و یەکسانە بە 1.0×10^{-12} W/m^2

ئایا دەزانیت؟

یەکەی بنەڕەتی ئاستی توندی دەنگ دیسیبێل بریتییە لە «بێل» لەسەر ناوی داهێنەری تەلەفۆن ئەلکسەندەر بێل. دیسیبێل یەکسانە بە 0.1 بێل.

ئاستی توندی دەنگی لێواری بیستن سفر دەبێت چونکە $I = I_0$ بەمەش:

$$\beta = 10 \log \frac{I}{I_o}$$

$$=10 \log 1 = 0$$

بەڵام لێواری ئازار کە توندییەکەی 1.0×10^0 W/m^2 بەمەش:

$$\beta = 10 \log \frac{1 \times 10^0}{1 \times 10^{-12}}$$

$$= 10 \log 10^{12} = 10 \times 12 = 120 \text{ dB}$$

خشتەی 4-2 توندی دەنگ و ئاستی توندی هەندێك سەرچاوەی دەنگ ڕووندەکاتەوە.

خشتەی 2-4 توندی دەنگ و ئاستی توندی هەندێك سەرچاوەی دەنگ

سەرچاوەکانی دەنگ	توندی (W/m^2)	ئاستی توندی دیسیبێل (dB)
لێواری بیستن	1.0×10^{-12}	0
ورشەی گەڵای دار	1.0×10^{-11}	10
چرپەیەکی لەسەرخۆ	1.0×10^{-10}	20
چرپە	1.0×10^{-9}	30
گیزەی مێشوولە	1.0×10^{-8}	40
گفتوگۆی ئاسایی	1.0×10^{-7}	50
هەواسازکەرێك کە 6 m دوورە	1.0×10^{-6}	60
گەسکێکی کارەبایی	1.0×10^{-5}	70
جەنجاڵی هاتو چۆ یان	1.0×10^{-4}	80
کاتژمێرێکی ئاگادارکەرەوە		
مشاری داربرین	1.0×10^{-3}	90
دینەمۆیەکی کارەبایی	1.0×10^{-2}	100
هۆڕنی ئۆتۆمبێل لە دووری 1m	1.0×10^{-1}	110
لێواری ئازار	1.0×10^{0}	120
گرمەی هەور، شەستیر	1.0×10^{1}	130
فڕۆکەیەکی فیشکەداری نزیك	1.0×10^{3}	150

فیزیا و ژیان

کارگەکان یاساکانی شارەوانی وشیاری دەدەن بەوەی کە کرێکارەکان نەخرێنە بەر ئاستی ئەو ژاوەژاوانەی کە لەسەروی 90 dB بۆ ماوەیەك کە لە هەشت کاتژمێر زیاتربێت لە ڕۆژێکدا. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت ئەگەر کارگەیەك ژاوەژاوەکەی 100 dB بێت پێویستە 10 dB کەمبکرێتەوە، وادابنێ کە هەر ئامێرێك هەمان بڕی ژاوەژاو دەردەکات. ڕێژەی سەدی ئەم ئامێرانە کە پێویستە لابدرێن چەندە؟ ئەمە ڕوونبکەرەوە.

لەرینەوە ناچارییەکان و زرنگانەوە

کاتێك لە ژێیەکی توندکراوی جیاکراوە دەدەین بە ئاستەم گوێمان لەو دەنگە دەبێت کە دەریدەکات. بەڵام کاتێك هەمان ژێ لەسەر گیتارێك دادەنرێت ئینجا لێدەدرێت، تێبینی دەکەین کە توندی دەنگەکە بە شێوەیەکی زۆر گەورە زیاددەکات. هۆی ئەو جیاوازیە چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کۆمەڵێك پەندوڵ وەردەگرین کە بە تولێکەوە هەڵواسراون و پێکبەستێکی لاستیکی توندنەکراو بە یەکیان دەگەیێنێت وەك لە **وێنەی 10-4** دا دیارە. کاتێك یەکێك لە پەندوڵەکان دەجوولێنرێت، لەرینەوەکانی لە ڕێی پێکبەستەکەوە دەگوازرێنەوە، و پەندوڵەکانی تریش دەست بە لەرینەوە دەکەن. ئەم دیاردەیە پێی دەووترێت لەرینەوەی ناچاری.

ژێیە لەراوەکان لە گیتارەکەدا وا لە پردی گیتارەکە دەکەن کە بلەرێتەوە و پردەکەش لە لایەن خۆیەوە لەرینەوەکان دەگوێزێتەوە بۆ پەیکەری گیتارەکە. بەم لەرینەوە ناچارییانە دەووترێت لەرینەوە بەکارتێکردن، لەبەر ئەوەی ڕووبەری پەیکەری گیتارەکە گەورەترە لە ڕووبەری ژێیەکان، ئەوا لەرینەوەکانی ژێیەکان دەتوانن چالاکتر بگوازرێنەوە بۆ هەوا، وە لە ئەنجامی ئەوەدا توندی دەنگ زیاد دەکات و لەرینەوەی ژێیەکان خێراتر کپ دەبنەوە لەوەی کە بە گیتارەکەوە نەبەسترابوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیکەری گیتارەکە ڕێ بە ئاڵوگۆڕی وزە دەدات لە نێوان



وێنەی 10-4
کاتێك یەك پەندوڵی شین دەجووڵێنین تەنها پەندوڵە شینەکەی تر کە هەمان درێژی هەیە دەجووڵێت و دەلەرێتەوە بە فراوانییەکی گەورەتر وە سیستمەکە دەکەوێتە باری زرنگانەوەوە.

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

ژێیەکان و هەوادا بە شێوەیەکی چالاکتر، بەوەش تووندی دەنگی دەرچوو زیاد دەکات. لە گیتاری کارەباییدا، لەرینەوەی ژێیەکان دەگۆڕێن بۆ نیشانەی کارەبایی کە دەتوانرێت بە پێی پێویست گەورەبکرێن، گیتاری کارەبایی دەتوانێت دەنگەکان بە تووندییەکی زۆر گەورەتر دەربکات لە دەنگە گەورەنەکراوەکانی گیتارێکی دەنگی، لەرینەوە ناچارییەکانی پەیکەری گیتار تەنها بۆ زیادکردنی توندی دەنگی ژێیە لەراوەکان بەکاردێن.

لەرینەوەیەك بە لەرەلەرێکی سروشتی زرنگانەوە پەیدادەکات

لەبەشی شەپۆلەکاندا هاتووە کە لەرەلەری پەندۆل بەندە لەسەر درێژی پەتەکە، کەواتە هەر بەندۆلێك بە لەرەلەرێکی دیاریکراو دەلەرێتەوە پێی دەووترێت لەرەلەری سروشتی. لە **وێنەی 4-10** دا دەبینیت کە دوو پەندۆلە شینەکە هەمان لەرەلەری سروشتیان هەیە لە کاتێکدا هەردوو پەندۆلی شین و سەوزەکە لەرەلەری سروشتیان جیاوازە، لەکاتی لەرینەوەی پەندۆلە شینەکەی یەکەم، پەندۆلە سەوزو سورەکە کەمێك دەلەرنەوە، بەڵام پەندۆلە شینەکەی دووەم بە فراوانییەکی زۆر گەورەتر دەلەرێتەوە، چونکە لەرەلەرە سروشتییەکەی یەکسانە بە لەرەلەری ئەو پەندۆلەی کە یەکەمجار جووڵایەوە، بەم سیستمە دەوترێت لەباری **زرنگانەوە** دایە resonance، بەپێی ئەوەی کە وزە لە پەندۆلێکەوە بۆ یەکێکی تر دەچێت ئەوا فراوانی لەرینەوەی پەندۆلە شینەکەی یەکەمیان فراوانییەکەی کەمدەبێتەوە، بەڵام فراوانی پەندۆلە شینەکەی دووەمیان زیاد دەکات.

نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشی زرنگانەوە ئەوەیە کە لە ساڵی 1940 دا ڕوویدا، کاتێك پردی تاکۆماناروز لە واشنتۆن بەهۆی باوە لەرییەوە، سەیری **وێنەی 4-11** بکە کە شەپۆلە وەستاوەکان لە پردەکەدا دروست بوون بەهۆی بایەکی توندەوە، کە وای لە پردەکە کرد بەیەکێك لە لەرەلەرە سروشتیەکانی بلەرێتەوە و فراوانی لەرینەوەکەی زیاد بکات و پردەکە رووخا. نموونەیەکی تر لەسەر زرنگانەوە ئەو کارەساتەیە کە لە ساڵی 1989 ڕوویدا بەهۆی بومەلەرزەی لومابریتای کالیفۆرنیا، کاتێك بەشێك لە ڕووی سەرەوەی ڕێگایەکی خێرا رووخا لە ئەنجامی چەند شەپۆلێکی بومەلەرزەوە کەلەرەلەرەکەی 1.5 Hz بوو ئەوەش زۆر نزیکە لە لەرەلەری سروشتی ئەو بەشەی ڕێگا خێراکە.

زرنگانەوە

دیاردەیەکە کاتێك ڕوودەدات کە لەرەلەری ئەو هێزەی دەخرێتە سەر سیستمێکی دیاریکراو یەکسان دەبێت بە لەرەلەری سروشتی سیستمەکە و دەبێتە هۆی لەرینەوەی بە فراوانییەکی گەورە.



وێنەی 4-11

لە نۆڤەمبەری 1940 بەرزە پردی تاکۆماناروز دوای تەنها چوارمانگ لە کردنەوەی ڕوخا. چەند شەپۆلێکی وەستاوکە هۆیەکەی بایەکی توندو تیژ بوو پردەکەی جووڵاند و وایلێکرد بروخێ.

چالاکییەکی کرداری خێرا

زرنگانەوە

کەرەستەکان

✓ دەزگایەکی لەراندنەوە (پەندۆل)

پەندۆلێك بەكاربهێنە و بەچەند هێزێكی جیاجیا پاڵی پێوە بنێ هەر كاتێك دەگاتە گەورەترین بەرزی لە هەر جارێكدا، تێبینی كاریگەری هێزەكە لەسەر فراوانی لەرینەوەكەی پەندۆلەكە بكە. تێبینی كاریگەری هێزەكە بكە لە ئاسان زیادكردنی فراوانی لەرینەوە ئایا هێزێك هەیە كاریگەری زۆرتربێت لە زیادكردنی فراوانی لەرینەوەكەی پەندۆل لە تێكرای ئەوانی تر؟

پێویستە بگەیتە ئەو ئەنجامەی كە كاریگەری هێز زۆرتر كاریگەر دەبێت، كاتێك ئەو لەرەلەرەی پەندۆل كە لە هێزەكەوە پەیدابووە یەكسان دەبێت بە لەرەلەری سروشتی پەندۆلەكە. رونیبكەوە كە ئەنجامەكانت چۆن پشتگیری ئەو لێدوانانە دەكەن كە دەڵێت زرنگانەوە باشتردەبێت كاتێك لەرەلەری هێزی سەپێنراو لەگەڵ لەرەلەری سروشتی سیستمەكە یەكسان دەبێت.

پێداچوونەوەی بەندی 2-4

.1 كاتێك ئاستی تووندی دەنگی جووڵەی هاتوچۆ لە شەقامێكدا زیاد دەكات لە 40 dB بۆ 60 dB، تووندی ژاوەژاوەكە چەند زیاد دەكات؟

.2 هەردوو لكە كانزاییەكەی دولكەیەكی سازدەر بەیەك لەرەلەر دەلەرنەوە كاتێك لێدەدرێن، چی ڕوودەدات ئەگەر دولكە سازدەرە لەراوەكە لە نزیك دولكەیەكی تر دابنرێت كە بەهەمان لەرەلەر دەلەرێتەوە؟ ئەمە ڕوونبكەوە.

.3 **بیركردنەوەیەكی ڕەخنەگرانە**: كام لەم هۆكارانەی خوارەوە بۆ سەرچاوەیەكی دیاریكراو دەگۆڕێت لەكاتی بەرزبوونەوەی دەنگدا؟ وەكام هۆكاریان دەگۆڕێت لەكاتی بەرزبوونەوەی پلەی دەنگدا؟

أ. توندی
ب. خێرایی شەپۆلەكانی دەنگ
ج. لەرەلەر
د. ئاستی توندی دەنگ
هـ. درێژی شەپۆڵ
و. فراوانی

ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە

لەدەستدانی تیژی بیستن

نزیکەی 10 % خەڵك بەدەست لەدەستدانی تیژی بیستنەوە بە پلەی جیاجیا دەناڵێنن. جۆرە بنەڕەتییەکانی لە دەستدان ئەمانەن:

1. لەدەستدانی گەیەنەری بیستن.
2. لەدەستدانی دەماری بیستن.
3. لەدەستدانی هەستی بیستن.

لەدەست دانی گەیەنەری بیستن لە ئەنجامی کەمو کوڕی لە گواستنەوەی شەپۆلە دەنگییەکان بە ناو گوێی دەرەکیدا پەیدا دەبێت. یان گواستنەوەی لەرینەوەکان لە گوێی ناوەڕاستدا، وە هۆی کەموکورییەکە لە زۆربەی کاتدا زەرەرمەند بوونی هەندێك بەشەکانی گوێی ناوەڕاست یان دەرەوەیە لە ئەنجامی ڕووداوێك یان نەخۆشیەك، یان گەشە کردنێکی ناتەواوی ئەو بەشانە. وە دەتوانرێت ئەم جۆرە بەهۆی دەرمان یان نەشتەگەریەوە چارەسەربکرێت. بەڵام لە دەستاندنی دەماری بیستن هۆیەکەی ئەو کێشانەیە کە تووشی ئەو دەمارە بیستەنییانە دەبێت کە نیشانەکان لە گوێی ناووەوە بۆ مێشك دەگوێزێتەوە، لە هۆیە باوەکانی لەدەستدانی تیژی بیستن ئەو هۆیانەن کە پەیوەندیان بە لەدەستدانی هەستی بیستنەوە هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ زیانەکانی گوێی ناووەوە بەتایبەتی هەستە خانە وردبینییەکانی ناو لوولپێچی گوێ.

لەوانەیە لەدەستدانی هەستی بیستن لەکاتی لەدایك بوونەوەبێت، یان لەوانەیە بۆ ماوەیی بێت یان لە ئەنجامی نەخۆشیەك یان شێواندنەکانی گەشەدا بێت، بەڵام باوترین سەرچاوە بۆ نەخۆشکەوتنی هەستە خانەکان بریتییە لە بەرکەوتنیان بە ژاوژاوی بەرز.

بەرکەوتن بۆ ماوەیەکی کورت لەوانەیە ببێتە هۆی زرنگانەوە لەهەر دووگوێدا لەگەڵ لەناوچوونێکی کاتی بیستن. وە لە بەرامبەردا بەرکەوتنی بەردەوام و درێژخایەن بۆ هەندێك جۆر لە ژاوەژاو کە سەروی 70 dB بێت، لەوانەیە ئەو ژاوەژاوەی کە لەو سەرچاوانەوە پەیدادەبێت وەك قژ وشکەرەوە یان ئامێری بڕینی گژو گیا ببێتە هۆی تێکچوونی بەردەوامی هەستە خانەکانی ناو لوولپێچەکە. هەستە خانەکانی ناو لوولپێچ لە مووەکانی قژ یان دەست ناچێت. ئەوانە ئەو دەمارە خانانەن کە هەستیاریان زۆر بەرزە. کاتێك تووشی تێکچوون یان نەخۆشیەکی کوشندە دەبن ناتوانرێت چاکبکرێنەوە یان بگۆڕدرێن. وە هەستە خانەکانی لوولپێچ دەتوانن چاکببنەوە ئەگەر تێکچوونەکانیان سوك بێت. بەڵام لە باری دووبارە بوونەوەی تێکچوون هەرچەندە ئەگەر پلەی خراپ بوونەکە ناوەندی بێت لەوانەیە چاکبوونەوەیان ئاسان نەبێت و تووشی زیانێکی بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەمە گرنگە کە خۆت بپارێزیت لە لەدەستدانی هەستی بیستن. ئەمەش بەکەمکردنەوەی بەرکەوتن بە ژاوژاوی بەرز یان بە بەکارهێنانی هێدفۆن یان گوێ داخەرەکان، کە بە تەواوی جۆگەی گوێ دادەخەن، کاتێك بەر ژاوژاوی بەرز دەکەوێت. لەدەستدانی هەستی بیستن بەرە بەرە ڕوو دەدات لەوانەیە ٢٠ ساڵ یان زیاتر بخایەنێت. لەبەر ئەوەی هەستیارە خانەکان ئەو دەنگانە وەردەگرن کە پلەکانیان بەرزە کورترو کزترن، بەمەش یەکەم شت کە لە دەستدەدات بریتیە لە هەستیاری بۆ ئەو دەنگانەی کە لەرەلەرەکانیان نزیکە لە 20 KHz . بەڵام لەدەستدانی هەستیاری ئەو دەنگانەی کە لەرەلەرەکانیان نزیکە لە 4 KHz هەمیشە یەکەمجار تێبینی دەکرێت، چونکە ئەم لەرە لەرانە دەکەونە ناوچەی سەرەوەی گوفتی مرۆیی. وە ئەو کەسانەی کە لەدەستدانی بیستن لە لایانەوە دەستپێدەکات کێشەی بیستنیان دەبێت بۆ ئەو دەنگانەی پلەیان بەرزە یان بۆ هەندێك پیتی دیاریکراو وەك

لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگا کارەباییەکان پێویستە پارێزەری گوێ دابنێی بۆ خۆپاراستن لەهەر ئازارێك

س، ب، ف. لەگەڵ بەرەو پێشچوونی لەدەستدانی بیستن لەدەستدانی هەستیاری بۆ بوارێکی فراوانتری دەنگەکان زیاددەکات.

هەرچەندە کە چارەسەرێکی بنبڕکەری راستەقینە بۆ لەدەستدانی هەستیاری بیستن تا ئێستا نییە. هەندێك هۆکاری چارەسەرکردنی بەردەست هەیە. ئامێرەکانی بیستن ڕۆڵی گەورەکردنی دەنگ دەبینن، وا لەو دەنگانە دەکات کە گوێ وەریان دەگرێت بەرزتربن. ئامانجی ئامێرە بیستنیە یارمەتیدەرەکان گەورەکردنی بوارێکی بچوکی دیاریکراوی لەرەلەرەکانە، بۆ ئەو کەسانەی کێشەی نیمچە لەدەستدانی بیستنیان هەیە.

بەڵام لە کردارەکانی چاندن لە لولپێچدا ئەلیکترۆدیك بەکاردەهێنرێت وە دەچێنرێت بە نەشتەرگەری لەناو لوولپێچدا لە ڕێگای کونێکەوە لە پشت گوێی دەرەوە بەمەش نیشانە کارەباییەکان لە ئەلیکترۆدەکەوە ڕاستەوخۆ دەمارەکانی بیستن هاندەدات و هەموو هەستیارە خانەکان دەبڕێت.



بەندی 3-4

ئاوازە هارمۆنیەکان
Harmonics

3-4 ئامانجەکانی بەندەکە

- جیاوازی لە نێوان زنجیرە هارمۆنییەکانی بۆریە داخراو و کراوەکاندا دەکات.
- ئاوازە هارمۆنییەکانی ژێیەکی لەراوە وە بۆریەکی داخراو و کراوە هەژماردەکات.
- ئاوازە هارمۆنیەکان بەجۆری دەنگەوە دەبەستێتەوە.

شەپۆلە وەستاوەکان لەسەر ژێیەکی لەراوە

لە بەشی (لەرینەوە و شەپۆلەکان)دا باسمان کرد کە زۆر لە شەپۆلە وەستاوەکان دەتوانن دروست ببن کاتێك ژێیەکی توندکراو لە هەردوو سەرەوە چەسپ بکەین و بیلەرێنینەوە. لەرینەوەکان لە ژێیەکدا هەمیشە لەچەند شەپۆلێکی وەستاو لەگەڵ یەك پێکدێن لەهەمان کاتدا، وە هەریەکەیان درێژی شەپۆل و لەرەلەری جیاوازیان هەیە، ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە ئەو دەنگانەی لە ئامێرێکی ژێدارەوە دەیانبیستین تەنانەت ئەوانەی کە بەیەك پلەش دەردەچن، لە ڕاستیدا لەچەند لەرەلەرێکی چەندجارەکراو پێکدێن.

خشتەی 3-4 لە لاپەڕەکەی دواتر چەند لەرینەوەیەکی چاوەڕوانکراو دەردەخات لە ژێیەکی نموونەیدا. هەردوو سەری ژێیەکە کە نالەرنەوە پێویستە هەمیشە دوو گرێ بن (N). بەڵام ساکارترین لەرینەوە کە لەوانەیە ڕووبدات لەریزی یەکەم دەردەکەوێت لە **خشتەی 3-4**. وە لەم بارەدا ناوەڕاستی ژێیەکە گەورەترین لادانی دەبێت ئەمەش بریتییە لە قوڵف (A). وە لەبەر ئەوەی دووری نێوان دوو گرێی یەك بەدواییەك هەمیشە بریتییە لە نیوەی درێژی شەپۆل، ئەوا درێژی ژێیەکە پێویستە یەکسان بێت بە $\lambda_1/2$. وە بەمەش درێژی شەپۆل دەکاتە دوو ئەوەندەی درێژی ژێیەکە $(\lambda_1 = 2L)$. وەك لەبەشی سێیەمدا هاتبوو، خێرایی شەپۆل یەکسانە بە لەرەلەر جارانی درێژی شەپۆل. وە دەکرێت هاوکێشەکە ڕێکبخرێتەوە وەك ئەمەی خوارەوە:

$$f = \frac{v}{\lambda} \quad \text{یان} \quad v = \lambda f$$

لەکاتی لەجیاتی دانانی نرخی درێژی شەپۆڵ لە هاوکێشەکەی پێشوودا بۆ لەرەلەری بنەڕەتی:

$$\text{لەرەلەری بنەڕەتی} = f_1 = \frac{v}{\lambda_1} = \frac{v}{2L}$$

بە لەرەلەری ئەم لەرینەوەیە دەووترێت **لەرەلەری بنەڕەتی** fundamental frequency ژێیە لەراوەکە. بەپێی ئەوەی کە لەرەلەر پێچەوانە دەگونجێت لەگەڵ درێژی شەپۆل، وە لەبەر ئەوەی درێژی شەپۆل گەورەترینە ئەوا لەرەلەری بنەڕەت دەبێتە کەمترین لەرلەری شەپۆلی وەستاو کە ئەگەری پەیدابوونی هەیە لەم ژێیەدا.

لەرەلەرەی بنەڕەتی

کەمترین لەرەلەری شەپۆلی وەستاوە کە ئەگەری دروستبوونی هەیە.

ئاوازە هارمۆنیەکان چەندجارەی تەواوی لەرەلەری بنەڕەتین

شەپۆلە وەستاوەکەی تر کە ئەگەری دروستبوونی هەیە لە ژێیەکەدا و لە ریزی دووەمی **خشتەی 3-4** دا دەرکەوتووە، لەم بارەدا سێ گرێی دەبێت لە جیاتی دوو گرێ، لەبەر ئەوە درێژی ژێیەکە یەکسان دەبێت بەیەك درێژی شەپۆل. وە بەپێی ئەوەی کە ئەم درێژی شەپۆلە یەکسانە بە نیو درێژی شەپۆلی رابردوو لەرەلەری ئەم شەپۆلە دوو ئەوەندەی لەرەلەری بنەڕەتی دەبێت.

$$f_2 = 2\,f_1$$

خشتەی 3-4 زنجیرە هارمۆنییەکان

	$\lambda_1 = 2L$	f_1	لەرەلەری بنەڕەتی، (ئاوازی هارمۆنی یەکەم)
	$\lambda_2 = L$	$f_2 = 2f_1$	ئاوازی هارمۆنی دووەم
	$\lambda_3 = \frac{2}{3}L$	$f_3 = 3f_1$	ئاوازی هارمۆنی سێیەم
	$\lambda_4 = \frac{1}{2}L$	$f_4 = 4f_1$	ئاوازی هارمۆنی چوارەم

ئەم شێوازە بەردەوام دەبێت. وە لەرەلەری شەپۆلە وەستاوەکەی کە لە ڕیزی سێیەم لە **خشتەی 3-4** دا دەرکەوتووە سێ ئەوەندەی لەرەلەری بنەڕەتی دەبێت، بە شێوەیەکی گشتی، لەرەلەری شێوازەکانی شەپۆلە وەستاوەکان هەمویان چەندجارەی تەواوی لەرەلەری بنەڕەتین. ئەم لەرەلەرانە **زنجیرەی هارمۆنیەکان** harmonic series پێکدێنن. لەرەلەری بنەڕەتی (f_1) دەکەوێتە بەرامبەر ئاوازی هارمۆنی یەکەم، وە لەرەلەری دووەم (f_2) دەکەوێتە بەرامبەر ئاوازی هارمۆنی دووەم، وە هەروەها ...

زنجیرە هارمۆنیەکان

زنجیرەیەکە لە لەرەلەرەکان، لەرەلەری بنەڕەتی و چەند جارەکانی دەگرێتەوە.

بەپێی ئەوەی کە هەر ئاوازێکی هارمۆنی چەندجارەی تەواوی لەرەلەری بنەڕەتییە، دەتوانرێت هاوکێشەی لەرەلەری بنەڕەتی بگشتێنرێت بۆ ئەوەی هەموو زنجیرە هارمۆنییەکان بە تەواوی بگرێتەوە کەواتە $f_n = nf_1$ کە f_1 بریتییە لە لەرەلەری بنەڕەتی ($f_1 = \frac{v}{2L}$)، وە f_n بریتییە لە لەرەلەری ئاوازی هارمۆنی ژمارە n. شێوەی گشتی هاوکێشەکە بەم شێوەی خوارەوە دەنوسرێت:

زنجیرەی هارمۆنی شەپۆلە وەستاوەکان لە ژێیەکی لەراوەدا

$$f_n = n\frac{v}{2L} \quad , \quad n = 1,2,3...$$

لەرەلەر = ژمارەی هارمۆنی × (خێرایی شەپۆلەکان لە ژێیەکەدا) / ((2) درێژی ژێی لەراوە)

سەرنج بدە v لە هاوکێشەکەدا خێرایی شەپۆلەکان لە ژێیە لەراوەکەدا دەنوێنێت، نەك خێرایی شەپۆلەکانی دەنگ لە هەوادا. ئەگەر ژێیەکە بەیەکێك لەم لەرەلەرانە بلەرێتەوە، ئەوا شەپۆلە دەرچووەکانی دەنگ لە هەوای دەوروبەری ژێیەکەدا بەهەمان لەرەلەر دەلەرنەوە، وە خێرایی ئەم شەپۆلانە دەکاتە خێرایی شەپۆلەکانی دەنگ لە هەوادا. وە درێژی شەپۆلەکەی یەکسانە بە خێراییەکەی دابەشی لەرەلەرەکەی.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

شەپۆلە وەستاوەکان لە ستوونێکی هەواییدا

هەروەها دەتوانین شەپۆلە وەستاوەکان لە بۆرییەکدا پەیدا بکەین کەهەوای تێدابێت (ستوونێکی هەوا) وەك کلارنێت و زورنا، لەوکاتەی هەندێك لە شەپۆلەکان بەناو بۆرییەکەدا تێپەڕ دەبن، هەندێك شەپۆلی تر بە ئاڕاستەی پێچەوانە دەدرێنەوە و دەگەنە شەپۆلە کەوتووەکان و شەپۆلی وەستاو پێکدێنن.

ئاوازە هارمۆنیەکان لە بۆرییەکی دوولاکراوەدا

ئەو زنجیرە هارمۆنیەی کە لە بۆرییەکی هەوادا هەیە بەندە لەسەر ئەوەی کە ئەو سەرەی شەپۆلەکان دەداتەوە کراوەیە یان داخراوە. ئەگەر سەرەکە کراوەبوو وەك لە **وێنەی 12-4دا دەردەکەوێت**، گەردیلەکانی هەوا سەربەستیەکی تەواویان دەبێت لە جوولەدا. لەبەر ئەوە لەو سەرەدا قولفێك دروست دەبێت (لەلادان). وە ئەگەر بۆرییەکە لەهەر دوولاوە کراوە بوو لە هەر سەرێکدا قولفێك دروست دەبێت (لە لادان). وە ئەم بارە بەتەواوی پێچەوانەی باری ژێیەکی توندکراوە کە لەهەردوو سەرە چەسپکراوەکەیدا دوو گرێی هەبوو.

بەپێی ئەوەی کە دووری نێوان دووگرێی یەکبەدواییەك $(\frac{1}{2}\lambda)$ یەکسانە بەدووری نێوان دوو قولفی یەکبەدواییەك، شێوەی شەپۆلی وەستاو لە بۆری دوولاکراوەدا لە ژێیەکی لەراوە دەچێت، ئەم بارە هەموو زنجیرە هارمۆنیەکانی تێدا پەیدادەبێت. وەك لە **وێنەی 12-4**، وە هاوکێشەی پێشوو بۆ زنجیرەی هارمۆنی ژێیەکی لەراوە دەتوانرێت بۆ بۆرییەکی دوولاکراوە بەکاربهێنرێت.

یەك لەدوا یەکی هارمۆنی شەپۆلە وەستاوەکان لەبۆرییەکی دوولاکراوەدا

(هەموو ئاوازە هارمۆنیەکان)

$$f_n = n\frac{v}{2L} \quad ، \quad n = 1,2,3...$$

$$\text{لەرەلەر} = \text{ژمارەی هارمۆنیەکە} \times \frac{\text{خێرایی دەنگ لە بۆرییەکەدا}}{(2)(\text{درێژی ستوونی هەوای لەراوە})}$$

لەم هاوکێشەیەدا، L درێژی ستوونە هەوا لەراوەکە دەنوێنێت. وەك چۆن لەرەلەری بنەڕەتی ئامێرێکی ژێدار دەکرێت بگۆڕێت بە گۆڕانی درێژی ژێیەکە، هەروەها دەکرێت لەرەلەری بنەڕەتی هەندێك ئامێری میوزیکی هەوایی کە لە مسی زەرد دروستکراون وە هەندێکی تر کە لە تەختە دروستکراون بگۆڕێت بە گۆڕینی درێژی ستوونە هەوا لەراوەکە.

ئایا دەزانیت؟

فلوت لە بۆرییەك دەچێت کە لە هەردوو لاوە کراوەبێت. کاتێك هەموو کونەکانی دابخرێت درێژی ستوونە هەوا لەراوەکە بە نزیکی یەکسان دەبێت بە درێژی کلارنێتەکە. کاتێك کونەکان یەك لەدوای یەك دەکرێنەوە، درێژی ستوونە هەواکە کەمدەکات، بەمەش لەرەلەری بنەڕەتی زیاد دەکات.

هارمۆنیەکان لە بۆرییەکی دوولا کراوەدا



وێنەی 12-4

لە بۆری دوولاکراوەدا هەر سەرێکی دەبێتە قولفێك، وە هەموو هارمۆنییەکانی تێدا دەبێت. بەڵام ئەوانەی لێرەدا دەردەکەون بریتیین لە هارمۆنییەکانی: یەکەم (أ) وە دووەم (ب) وە سێیەم (ج).

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

ئاوازە هارمۆنیەکان لەبۆرییەکی یەك لا کراوەدا (یەك لاداخراودا)

کاتێك یەکێك لە سەرەکانی بۆری ئۆرگۆن داخراوبێت، وەك لە وێنەی **13-4** دا دەردەکەوێت، جووڵەی گەردەکانی هەوا لەو سەرەدا قەتیس دەبێت و دەبێتە گرێ، لەم بارەدا یەك لە سەرەکانی بۆریەکە دەبێتە گرێ وە ئەوەی تریش قوڵف. لە ئەنجامدا دەکرێ کۆمەڵێك شەپۆلی وەستاوی جیاواز لەناو بۆریەکەدا دروست ببێت.

لە **وێنەی 13-4** (أ) ساکارترین شەپۆلی وەستاو کە ئەگەری پەیدابوونی هەیە لەم بۆریەدا بریتییە لەو شەپۆلەی کە تێیدا درێژی بۆریەکە یەکسان دەبێت بە چواریەکی درێژی شەپۆل، وە لەم بارەدا لەرەلەری بنەڕەتی یەکسانە بە خێرایی دابەشی چوار ئەوەندەی درێژی بۆرییەکە.

$$f_1 = \frac{v}{\lambda_1} = \frac{v}{4L}$$

لەو بارەی کە **وێنەی 13-4** (ب) دەریدەخات، درێژی بۆریەکە یەکسانە بە سێ لەسەر چواری درێژی شەپۆل، واتە درێژی شەپۆل یەکسان دەبێت بە چوار لەسەر سێی درێژی بۆڕیەکە $(\lambda_3 = \frac{4}{3}L)$. وە دوای لەجیاتی دانانی ئەم نرخە لە هاوکێشەی لەرەلەردا لەرەلەرە هارمۆنیەکەمان دەستدەکەوێت

$$f_3 = \frac{v}{\lambda_3} = \frac{v}{\frac{4}{3}L} = \frac{3v}{4L} = 3f_1$$

لەرەلەری ئەم هارمۆنیە یەکسانە بە سێ ئەوەندەی لەرەلەری بنەڕەتی، وە دوای ئەوەی هەژمارکردنەکە بۆ ئەو بارەی کە لە **وێنەی 13-4** (ج)دا دەرکەوتووە ئەنجام دەدەین، لەرەلەریکمان دەست دەکەوێت کە یەکسانە بە پێنج ئەوەندەی لەرەلەری بنەڕەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنها هارمۆنیە تاکەکان لە بۆری یەك لا داخراودا دەلەرنەوە. هاوکێشەی زنجیرەی هارمۆنی لەسەر بۆری یەك لا داخراو وەك خوارەوە جێبەجێ دەکەین:

زنجیرەی هارمۆنی بۆڕی یەك لا داخراو

(تەنها ئاوازە هارمۆنیە تاکەکان)

$$f_n = n\frac{v}{4L} \quad , \quad n = 1,3,5...$$

$$\text{لەرەلەر} = \text{ژمارەی هارمۆنی} \times \frac{\text{(خێرایی دەنگ لەهەوای بۆڕیەکەدا)}}{4 \times \text{(درێژی ستوونی هەوای لەراوە)}}$$

هارمۆنیەکان لە بۆرییەکی یەك لا داخراودا



وێنەی 13-4

لە بۆری یەك لا داخراودا، لاداخراوەکە دەبێتە گرێ وە لایە کراوەکە دەبێتە قوڵف. وەك لە وێنەکەدا دیارە لەم بارەدا تەنها هارمۆنیە تاکەکان هەیە: یەکەم (أ) و سێیەم (ب) وە پێنجەم (ج).

چالاکییەکی کرداری خێرا

بۆریەکی یەك لا داخراو

کەرەستەکان

- ✓ قامیشی هەڵمژینی شلە
- ✓ مەقەست

ڕێنمایەکانی سەلامەتی

لەکاتی بەکارهێنانی مەقەستدا هەمیشە ئاگاداربە

سەرێکی قامیشەکە تیژبکە بە برینی هەردوولای وەك لە وێنەکەی سەرەوە دیارە. بۆ ئەوەی پان ببێتەوە وتەخت بێت، زورنایەکی زماندارت دەستدەکەوێت. لێوەکانت لەسەر ئەو لایە دابنێ کە تیژت کردوە ئینجا فوبکە بەناو قامیشەکەدا. کاتێك گوێت لە ئاوازێکی دیاریکراو دەبێت. لەسەر خۆ پارچە پارچە لەسەرەکەی تری قامیشەکە ببرە. هەوڵ بدە پاڵ پێوەنانی لێوەکانت وەك خۆی بمێنێتەوە. پلەی دەنگ چۆن دەگۆڕێت بە کورتکردنەوەی قامیشەکە؟ ئەم گۆڕانە لە پلەی دەنگدا چۆن لێکدەدیتەوە؟ دەتوانرێت لە ئاوازێك زیاتر دەستبکەوێت بەهۆی هەر درێژیەکی دیاریکراو لە قامیشەکە. ئەمە چۆن ڕوودەدات.

نموونە 4 (ب)

هارمۆنیەکان

پرسیارەکە

لەرەلەری سێ ئاوازی هارمۆنی یەکەم لە بۆرییەکی دوولا کراوەدا کە درێژییەکەی **2.45 m** چەندە؟ وە لەرەلەرەکەی لەناو ئەم بۆرییەدا چەند دەبێت کاتێك یەکێك لە سەرەکانی دادەخرێت؟ وادابنێ کە خێرایی دەنگ لەهەوای ناو بۆریەکەدا **345 m/s**.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $L = 2.45$ m $\quad v = 345$ m/s

نەزانراو: لەباری ئەو بۆرییەی کە دوولای کراوەیە $f_1 = ?$ $\quad f_2 = ?$ $\quad f_3 = ?$

لەباری ئەو بۆرییەی کە لایەکی داخراوە $f_1 = ?$ $\quad f_3 = ?$ $\quad f_5 = ?$

2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك یان هەڵوێستێك هەڵدەبژێرم لەباری ئەو بۆرییەی کە دوولای کراوەیە، لەرەلەری بنەڕەتی هەژمار دەکرێت بە بەکارهێنانی هاوکێشەی زنجیرەی هارمۆنی تەواو:

$$f_n = n\frac{v}{2L} \quad , \quad n = 1, 2, 3, \ldots$$

وە لە باری ئەو بۆرییەی کە لایەکی داخراوە، ئەم هاوکێشەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت:

$$f_n = n\frac{v}{4L} \quad , \quad n = 1,3,5\ldots$$

لە هەردوو باردا هەردوو هارمۆنی دووەم وسێیەم هەژماردەکرێن بە لێکدانی ژمارەی هارمۆنیەکە لە لەرەلەری بنەڕەتیدا.

3. هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوکێشەکەدا لە جیاتی دادەنێم و شیکاردەکەم:

لەو بۆرییەی کە دوو لاکەی کراوەیە:

$$f_n = n\frac{v}{2L} = (1)\left(\frac{345 \text{ m/s}}{(2)(2.45 \text{ m})}\right) = \boxed{70.4 \text{ Hz}}$$

دوو هارمۆنی دوای ئەو هارمۆنی دووەم و سێیەم:

$$f_2 = 2f_1 = (2)(70.4 \text{ Hz}) = \boxed{141 \text{ Hz}}$$
$$f_3 = 3f_1 = (3)(70.4 \text{ Hz}) = \boxed{211 \text{ Hz}}$$

تێبینی

دڵنیابەوە لە ڕاست بەکارهێنانی ژمارەی هارمۆنییەکان لەهەر بارێکدا. لە بۆری دوولاکراوەدا n = 1,2,3,... وە لە بۆری یەك لا داخراودا تەنها هارمۆنی تاك دروست دەبن، بەمەش n = 1,3,5,...

لەو بۆرییەی کە لایەکی داخراوە:

$$f_n = n\frac{v}{4L} = (1)\left(\frac{345 \text{ m/s}}{(4)(2.45 \text{ m})}\right) = \boxed{35.2 \text{ Hz}}$$

دوو هارمۆنیەکەی دوای ئەو کە ئەگەری پەیدابوونیان هەیە هارمۆنی سێیەم و پێنجەمە:

$$f_3 = 3f_1 = (3)(35.2 \text{ Hz}) = \boxed{106 \text{ Hz}}$$
$$f_5 = 5f_1 = (5)(35.2 \text{ Hz}) = \boxed{176 \text{ Hz}}$$

4. هەڵدەسەنگێنم

لەو بۆرییەی کە دوو لاکەی کراوەیە یەکەم درێژی شەپۆل کە ئەگەری پەیدابوونی هەیە یەکسانە بە $2L$. وە لەو بۆرییەی کە لایەکی داخراوە یەکەم درێژی شەپۆل کە ئەگەری پەیدابوونی هەیە یەکسانە بە $4L$. وە بەپێی ئەوەی کە لەرەلەرو درێژی شەپۆل پێچەوانە لەگەڵ یەکتر دەگونجێن، ئەوا لەرەلەری بنەڕەتی لە بۆرییە دوو لاکراوەکەدا دوو ئەوەندەی لەرەلەری بنەڕەتی ئەو بۆرییە دەبێت کە یەك لای داخراوە، واتە $70.4 = (2)(35.2)$.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

ڕاهێنانی 4 (ب)

هارمۆنیەکان

1. لەرلەری بنەڕەتی لە بۆرییەکی هەوایی ئۆرگۆنی یەك لاداخراودا چەندە کە درێژییەکەی 0.20 m ئەگەر خێرایی دەنگ لە بۆریەکەدا 352 m/s بێت؟

2. درێژی کلارنێتێك (بۆریەکی دوولاکراوە) نزیکەی 66.0 cm، لەرلەری سێ هارمۆنی یەکەمی کلارنێتەکە چەندە، کاتێك هەموو کلیلەکانی داخرابێت، بە شێوەیەك کە درێژی ستوونە هەوایە لەراوەکە بە نزیکی یەکسان بێت بە درێژی کلارنێتەکە؟ ئەگەر بزانیت خێرایی دەنگ لەناو کلارنێتەکەدا 340 m/s بێت.

3. خێرایی شەپۆلەکان لە ژێیەکدا چەندە ئەگەر لەرلەری بنەڕەتی 440 Hz بێت و درێژی ژێیەکە 50.0 cm بێت؟

هارمۆنیەکان جۆری دەنگ یان ئاوازەکە دیاریدەکەن

خشتەی 4-4 هارمۆنیەکانی دوولکەیەکی سازدەرو کلارنێتێك دەردەخات کاتێك هەریەکەیان ئاوازی میوزیکی A- سروشتی دەردەکەن. هەر ئامێرێك تێکەڵێك هارمۆنی تایبەتی توندی جیاوازی هەیە کە لە ئامێرێکی تر جیایدەکاتەوە.

ئەو هارمۆنیانەی کە لە ستوونی دووەمی **خشتەی 4-4** دا دەردەکەون بەپێی بنەمای سەریەکچوون پێکەوە کۆدەکرێنەوە بۆ دەستکەوتنی شێوە شەپۆلێکی بەرئەنجام، کە لە ستوونی سێیەمدا دەردەکەوێت. بەپێی ئەوەی کە دوولکە سازدەرەکە تەنها بە لەرلەری بنەڕەتی دەلەرێتەوە شێوەی شەپۆلەکەی چەماوەیەکی تەژێی دەبێت، بەڵام شەپۆلی بەرئەنجام لەوە ئاڵۆزترە کە وەك چەماوەیەکی تەژێی دەربکەوێت چونکە هەر شێوەیەکی شەپۆلی بەتەنها لەرلەرێکی جیاوازی هەیە.

ئەو تێکەڵە هارمۆنییەی کە دەنگێکی تایبەت بۆ ئامێرە میوزیکیەکە پەیدادەکات پێی دەووترێت جۆری دەنگ یان **ئاواز** timbre. دەنگی کلارنێت لە دەنگی دوولکەی سازدەر جیایە بە هۆی جۆری دەنگەوە، ئەگەر هەمان ئاوازیش دەربکەن بەهەمان قەبارە. ئەمە ئەوە دەگەێنێت زۆری هارمۆنیەکانی زۆربەی ئامێرەکان دەنگێکی دەوڵەمەندتر بە ئاواز دەدەن لە دەنگی دوولکەی سازدەر.

ئاواز (جۆری دەنگ)

ئەو ئاوازەیە کە لە تێکەڵکردنی هارمۆنییە توندی جیاوازەکانەوە پەیدا دەبێت.

خشتەی 4-4 هارمۆنیەکانی دوولکەی سادەر وکلارنێت

دوولکەی سازدەر





شێوە شەپۆلی بەرئەنجام

کلارنێت



شێوە شەپۆلی بەرئەنجام

www.ferkar.krd

0751 960 70 80

توندی هارمۆنی ئامێرێکی مۆسیقا بەپێی لەرەلەر و فراوانی لەرینەوەو چەند هۆکارێکی تر دەگۆڕێت.

هەرچەندە شێوە شەپۆلیەکانی کلارنێت ئاڵۆزترە لە شێوە شەپۆلیەکانی دوولکەی سازدەر، دەبینین هەریەکەیان چەند شێوازێکی ڕێکوپێکی دووبارە بووەوە پێکدێن. ئەم شێوە شەپۆلیانە پێیان دەووترێت بەپات بووەوە. شێوازەکان دروست دەبن چونکە هەر لەرەلەرێك بریتییە لە چەند جارەیەکی تەواوی لەرەلەری بنەڕەتی.

لەرەلەری بنەڕەتی پلەی دەنگ دیاریدەکات

لە بەندی 4-1 دا خوێندمان کە لەرەلەری دەنگ پلەکەی دیاریدەکات. لە ڕاستیدا لە ئامێرە میوزیکییەکاندا لەرەلەری بنەڕەتی لەرینەوە پلەی دەنگە کە دیاریدەکات. هارمۆنیەکانی تر هەندێك جار پێیان دەووترێت ئاوازە هارمۆنیەکان. لە پێوەری پلیکانەی میوزیکیدا 12 نیشانە هەیە، هەریەکەیان لەرەلەرێکی تایبەتی خۆی هەیە، وە لەرەلەری نیشانەی سیانزەهەم بە تەواوی یەکسانە بە دوو ئەوەندەی لەرەلەری نیشانەی یەکەم. وە پێکەوە هەر سیانزە نیشانەکە ئەوە پێکدەهێنن کە پێی دەووترێت وەلام. وە لە ئامێرە ژێیەکان و هەواییە لا کراوەکاوەکاندا، لەرەلەری هارمۆنی دووەمی هەر نیشانەیەك لە بەرامبەریدا لەرەلەرێکی وەڵامی هەیە لەسەروی ئەو نیشانەوەیە.

ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە

دووبارەدانەوە Reverberation

تەلاری کۆبوونەوە گشتییەکان و مزگەوتەکان و هۆڵەکانی ئاهەنگ گێڕان و کتێبخانەکان بۆ مەبەستی جیاجیا دیزاین دەکرێن. یەکێکیان ئامانجی سازدانی ئاهەنگە بەڵام ئەوەی تریان بۆ بەکارهێنانی هۆڵی وانە وتنەوە دیزاین دەکرێت، بە شێوەیەك کە هەموویان لە شوێنی خۆیانەوە گوێیان لە وانە بێژەکە بێت.

بە زۆری ژوورەکان وا دیزاین دەکرێن کە ڕێ بەدەنگی وتار بێژەکە یان قسەکەرەکە بدات کە بگەڕێتەوە پاش ئەوەی بەر بنمیچ و دیوارەکان و زەوی دەکەوێت. بە چەند جارە بوونەوەی دەنگدانەوە دەوترێت «دووبارەدانەوە». بەڵام کاتی دووبارە دانەوە بریتییە لەو کاتەی کە پێویستە بۆ کەم بوونەوەی ئاستی توندی دەنگ بە 60 dB. وە بۆ وتارخوێندنەوە پێویستە هۆڵەکە بە شێوەیەکی وا دیزاین بکرێت کە کاتی دووبارە دانەوەکە تا ڕادەیەك کورت بێت. چەند جارە بوونەوەی دەنگدانەوە کە ژاوەژاو لای گوێکرەکان دروست دەکات.

لەبەر ئەو هەموو هۆکارانە جیاوازیەك تێبینی دەکرێت لە ڕووپۆش کردنی بنمیچ و دیوارەکان بەپێی ئامانجی بەکارهێنانی ژوورەکان یان هۆڵەکان. بۆ نموونە ئەو بنمیچانەی کە بۆ دووبارە دانەوەیەکی بەرز دیزاین کراون هەمیشە تەخت و ڕەقن. بەڵام بنمیچی کتێبخانەو شوێنە هێمنەکان بە زۆری بە مادەیەکی نەرم ڕووپۆش دەکرێن کە دەنگ دەمژێت. فەرشەکان و ڕووەکەکانی جوانی لە ژوورەکە دا بە شێوەیەك دابەشدەکرێن کە دەنگ بمژن. ئەو هۆکارە جیاجیایانە هەموویان دەبنە هۆی پەیداکردنی بیستنێکی باش لە ژوورەکەدا.

پێداچوونەوەی بەندی 3-4

1. لە ڕەلەری بنەڕەتی ئاوازی C ناوەند لە ژێیەکدا دەکاتە 262 Hz. لەرەلەری هارمۆنی دووەمی ئەم ئاوازە چەندە؟

2. ئەگەر درێژی ژێیەکە لە پرسیاری «1»دا یەکسان بێت بە 66.0 cm، خێرایی شەپۆل لەم ژێیەدا چەندە؟

3. سەری زمانەی کلارنێت بەگرێ دادەنرێت، وە یەکەم کونی دانەخراوی بەقوڵف دادەنرێت، بەڵام کلارنێت بە بۆرییەکی یەك لا داخراو دادەنرێت. ئەو زنجیرە هارمۆنیانە کامانەن کە لە کلارنێتەکەوە پەیدادەبێت؟

4. **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** کام لەمانەی خوارەوە لە ترامپێت و بانجۆدا *(Trumpet , Banjo)* جیاواز دەبێت کاتێك ئاوازێکیان بە هەمان لەرەلەری بنەڕەتی لێوە دەردەچێت؟

أ. درێژی شەپۆلی هارمۆنی یەکەم لەهەوادا.

ب. ئەو هارمۆنیانەی کە هەن.

ج. توندی هەر هارمۆنیەك.

د. خێرایی دەنگ لەهەوادا.

Ferkar

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

پوختەی بەشی 4

زاراوە بنچینەییەکان

پەستاوتن Compression (ل 98)

شاشبوون Rarefaction (ل 98)

پلەی دەنگ Pitch (ل 99)

دیاردەی دۆپلەر
Doppler effect (ل 103)

توندی شەپۆل Wave intensity (ل 105)

دیسیبێل Decibel (ل 107)

زرنگانەوە Resonance (ل 109)

لەرەلەری بنەڕەتی
Fundamental frequency (ل 112)

زنجیرە هارمۆنییەکان
Harmonic series (ل 113)

ئاواز (جۆری دەنگ) Timbre (ل 117)

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 1-4 شەپۆلە دەنگییەکان

- لەرەلەری دەنگ پلەی دەنگ دیاریدەکات.
- خێرایی دەنگ بەندە لەسەر ناوەندەکە.
- جووڵەی ڕێژەیی نێوان سەرچاوەی شەپۆلەکان و گوێگر گۆڕانێکی بەرچاو لە لەرەلەردا پەیدا دەکات پێی دەووترێت دیاردەی دۆپلەر.

بەندی 2-4 توندی دەنگ و زرنگانەوە

- توندی دەنگی شەپۆلێکی گۆیی یەکسانە بە توانا بۆ هەر یەکەیەکی ڕووبەر.
- توندی دەنگ لە خاڵێکدا پێچەوانە دەگونجێت لەگەڵ دووجای دوورییەکەی لەسەرچاوەی دەنگەکەوە.
- توندی و لەرەلەر بەرزی هەر دەنگێکی بیستراو دیاریدەکەن.
- ئاستی توندی دەنگ پێوەری ڕێژەی توندییە بە پێوەرێکی لۆگاریتمی.
- لەرینەوەی ناچاری بە لەرەلەرێك کە یەکسان بێت بە لەرەلەری سروشتی سیستمێك زرنگانەوە پەیدا دەکات.

بەندی 3-4 ئاوازە هارمۆنیەکان

- هارمۆنیەکان چەند جارەی تەواوی لەرەلەرە بنەڕەتیەکانن.
- ژێیەکی لەراوە یان بۆرییەکی دوولا کراوە هەموو هارمۆنییەکان بەرهەمدێنن.
- بۆری یەك لاداخراو تەنها هارمۆنیە تاکەکان بەرهەمدێنێت.
- ژمارەی هارمۆنیەکان و توندییەکانیان جۆری دەنگی ئامێرەکە دیاریدەکەن کە بە ئاواز دەناسرێت.

هێمای گۆڕاوەکان

هێندەکە	یەکەکەی
توندی دەنگ I	W/m^2
ئاستی توندی دەنگ β	dB
لەرەلەری هارمۆنی n، f_n	Hz
درێژی ژێی لەراوە یان ستونە هەوا L	m



پێداچوونەوەی بەشی 4

پێیدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

شەپۆلە دەنگیەکان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

1. لەبەرچی شەپۆلە دەنگیەکان لەهەوادا بە درێژەوە دادەنرێن؟
2. وێنەی چەماوەی تەژێی بۆ ئەم شەپۆلە دەنگەی خوارەوە بکێشە.

3. جیاوازی نێوان لەرەلەر و پلەی دەنگ چییە؟
4. ئەو جیاوازیانە چین کە لە نێوان شەپۆلە دەنگە خوار بیستنیەکان و بیستراوەکان و سەرو بیستنیەکاندا هەیە؟
5. خێرایی دەنگ بەندە لەسەر پلەی گەرمی ناوەندەکە. لێکبدەرەوە لەبەر چی ئەم بەند بوونە لە گازدا بەرچاوترە وەك لە شل یان ڕەق؟
6. لەو کاتەی لەسەر شۆستەیەك وەستاویت و گوێت لە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنە، چۆن بێ سەیرکردن دیاریدەکەیت کەی ئۆتۆمبێلەکەی فریاکەوتن بەلاتا تێپەڕ دەبێت.
7. لەبەر چی وێنەی ئەو شتانەی کە شەپۆلە سەرو بیستنییەکان لەناو لەشدا دروستی دەکەن کاریگەرترن لەوانەی کە شەپۆلە دەنگە بیستراوەکان دروستی دەکەن؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

8. ئەگەر درێژی شەپۆلی سەرچاوەیەکی دەنگ کەمکرایەوە بۆ نیوەی، چی بەسەر لەرەلەری شەپۆلەکەدا دێت؟ وە چی بەسەر خێراییەکەیدا دێت؟
9. لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی دوور گوێگرێك هەست بە لەرینەوەو هەژانی زەوی دەکات ئینجا گوێی لە گرمەی تەقینەوەکە دەبێت. ئەم دوا کەوتنە چۆن لێکدەدیتەوە؟
10. ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوە، شوتەکەی لێدەدات کاتێك بە خێرایی 40 m/s دەجوولێت. ئۆتۆمبێلێکی تر لە پێشیەوە بە خێرایی 30 m/s بە هەمان ئاراستە دەڕوات، هەروەها لە لێواری ڕێگاکەدا پاسێك لە پێشیەوە وەستاوە. کام لەو دوو گوێگرە شوتەکە بە پلەیەکی بەرزتر دەبیستێت، شوفێری ئۆتۆمبێلەکە یان شوفێری پاسەکە؟
11. شەمشەمەکوێرەیەك بە ئاڕاستەی دیوارێك دەفرێت، دەنگێك دەردەکات بە لەرەلەری 40 kHz. ئایا ئەو لەرەلەری دەنگدانەوەیەی کە شەمشەمەکوێرەکە وەریدەگرێتەوە زیاترە لە 40 kHz یان کەمترە یان یەکسانیەتی؟
12. ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنی وەستاو دەنگێك دەردەکات لەرەلەرەکەی 1200 Hz. ئەو لەرەلەرە چەندە کە گوێگرێك لەناو ئۆتۆمبێلێکی ترەوە دەیبیستێت کە خێراییەکەی بە گوێرەی ئۆتۆمبێلەکەی فریاکەوتن 20 m/s بێت کاتێك:
أ. نزیك دەبێتەوە لە ئۆتۆمبیلەکەی فریاکەوتن.
ب. دوور دەکەوێتەوە لە ئۆتۆمبێلەکەی فریاکەوتن.
(خێرایی دەنگ لە هەوادا 340 m/s بەکاربهێنە)
13. ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بەخێرایی 90 km/h دەڕوات و شوتەیەك دەردەکات لەرەلەرەکەی 1000 Hz. لەرەلەری شوتەکە چەند دەبێت وەك ئەوەی کەسێك دەیبیستێت کە لەسەر شوستەکە وەستاوە و دەبینێت ئۆتۆمبێلەکەی پۆلیس لێی نزیکدەبێتەوە. (خێرای دەنگ لە هەوادا بە 340m/s دابنێ).

توندی دەنگ و زرنگانەوە

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

14. جیاوازی چییە لە نێوان توندی و ئاستی توندی دەنگ؟
15. مەرجی ڕوودانی زرنگانەوە چییە؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

16. لە کارگەیەکدا ئامێرێك ژاوەژاوێك دەردەکات ئاستەکەی 80 dB. دەتوانیت چەند ئامێری هاوشێوەی بۆ کارگەکە زیادبکەین بێ ئەوەی لە سنوری ڕێپێدراو دەربچێت کە 90 dB؟
17. لە بەرچی توندی دەنگی دەنگدانەوە کەمتر دەبێت لە دەنگە بنەڕەتییەکە؟
18. بۆچی پاڵپێوەنانەکانی جوڵانەیەك کاریگەرتر دەبن ئەگەر بێتو لەکاتی دیاریکراو و ڕێکدا ئەنجامبدرێن لە چاو ئەوەی کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجامبدرێت لەکاتی هاتوچۆی جوڵانەکەدا؟
19. هەرچەندە داوا لە سەربازەکان دەکرێت بەیەك هەنگاو (شێواز) بڕۆن، بەڵام کاتێك بەسەر پردێکدا دەپەڕنەوە ئەو داوایە جێبەجێ ناکەن. ئەو مەترسییە ڕوونبکەرەوە کە ئەگەری ڕوودانی هەیە ئەگەر بێتو سەربازەکان ئاگادار نەبن و بە یەك شێواز بڕۆن؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

20. ڕاهێنەری تیمێکی وەرزشی بە دەنگێکی بەرز بانگی ناوبژیوانی یاریەکە دەکات کە لە دووری 5.00 m لێیەوە وەستاوە. ئەگەر توانای دەنگی ڕاهێنەرەکە 3.1×10^{-3} W بێت. ئاستی توندی دەنگەکەی کە دەگاتە ناوبژیوانەکە چەندە؟ (تێبینی: خشتەی 2-4 کە لەم بەشەدا هەیە بەکاربهێنە).

21. گەورەکرێکی دەنگ P کە لە وێنەکەدا دیارە شەپۆلەکانی دەنگ بە توانای 100.0 W دەردەکات. توندی شەپۆلەکانی دەنگ لەسەر خاڵی x چەندە کە $r = 10.0$ m ؟



ئاوازە هارمۆنیەکان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

22. لەرەلەری بنەڕەتی چییە؟ پەیوەندی هارمۆنیەکان بە لەرەلەری بنەڕەتیەوە چییە؟

23. ئەم وێنانەی خوارەوە پەتێکی توندکراو (کرژکراو) دەردەخات کە بە چەند شێوەیەك دەلەرێتەوە، ئەگەر درێژی پەتەکە 2.0 m بێت، درێژی شەپۆلی ئەو شەپۆلەی سەر پەتەکە چەندە لە (أ) و (ب) و (ج) و (د) دا؟



24. بۆچی زنجیرە هارمۆنیەکانی بۆریەکی یەکلا داخراو جیاوازە لە زنجیرە هارمۆنیەکانی بۆرییەکی دوولاکراوە؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

25. بۆچی دەنگی لەرینەوەی ژێی ئامێرێك بەرزترە ئەگەر لەسەر مێزێك یا (سندوقێك) توندکرابێت؟

26. خوێندکارێك یەکەم دە هارمۆنی بۆرییەك تۆمار دەکات. ئایا دەتوانێت ئەوە دیاریبکات کە بۆریەکە دوولا کراوەیە یان داخراوە، لە ڕێگەی بەراوردکردنی جیاوازی لەرەلەرە لە نێوان هارمۆنیە یەك لەدواییەکەکان و لەرەلەری بنەڕەتی؟ ئەمە ڕوونبکەرەوە.

27. فلوت لە بۆریەکی دوو لاکراوە دەچێت، بەڵام کلارنێت لە بۆریەکی یەك لاداخراو دەچێت. لەبەرچی لەرەلەری بنەڕەتی فلوت نزیکەی دوو ئەوەندەی لەرەلەری بنەڕەتی کلارنێتە، هەرچەندە بەنزیکەی هەمان درێژییان هەیە.

28. لەرەلەری بنەڕەتی هەر ئاوازێك کە لە فلوت دەردەچێت کەمێك دەگۆڕێت بە گۆڕانی پلەی گەرمی هەوا. ئایا بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی وادەکات لەرەلەری بنەڕەتی ئاوازێکی دیاریکراو لەرەلەرێکی کەمێك بەرزتر یان نزمتر دەربکات؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

29. لەرەلەری یەکەم سێ هارمۆنی چەندە بۆ ئاوازێك کە لە ژێیەکەوە دەردەچێت درێژییەکەی 31.0 cm، ئەگەر خێرایی شەپۆلەکان لەو ژێیەدا 274.4 m/s بێت؟

30. درێژی جۆگەی گوێی مرۆڤ دەگاتە 2.8 cm، دەکرێت وەك بۆرییەکی یەك لاکراوە دابنرێت، و لەلای پەردەی گوێوە داخراوە، لە دەوروبەری کام لەرەلەردا پێشبینی دەکەیت کە باشترین بیستن هەبێت، ئەگەر خێرایی دەنگ لەهەوادا 340 m/s بێت؟ (تێبینی: لەرەلەری بنەڕەتی جۆگەی گوێ بدۆزەوە).

پێداچوونەوەی گشتی

31. لەرەلەری بنەڕەتی بۆرییەکی دوولاکراوە یەکسانە بە 320 Hz کاتێك خێرایی دەنگ لە هەوادا 331 m/s.

أ. درێژی بۆریەکە چەندە؟

ب. لەرەلەری دوو هارمۆنیەکەی دوای ئەوە چەندە؟

32. ڕادەی بیستنی مرۆڤ بە نزیکەیی دەکەوێتە نێوان 20 Hz و 20 000 Hz. درێژی شەپۆلی ئەم دوو لەرەلەرە بدۆزەرەوە ئەگەر خێرایی دەنگ لەهەوادا 343 m/s؟

33. دۆلفینێك لەئاوی دەریایەکدا کە پلەی گەرمیەکەی 25°C مەلە دەکات، دەنگێك بە ئاڕاستەی بنی دەریاکە لە قوڵایی 150 m دەردەکات، چەند کات تێپەڕ دەبێت تا دەنگدانەوەکەی دەبیسترێت؟ (سەیری خێرایی دەنگ بکە لە **خشتەی 4-1**)دا.

34. بۆریەکی دوولاکراوە درێژییەکەی 2.46 m، وە خێرایی دەنگ لەهەوای ناو بۆریەکەدا 345 m/s.

أ. لەرەلەری بنەڕەتی ئەم بۆریە چەندە؟

ب. ژمارەی هارمۆنیەکان کە ئەگەری دروستبوونیان هەیە لە مەودای ئاسایی بیستندا 20 Hz → 20 KHz چەندە؟

35. بۆریەکی دوو لاکراوە لەرەلەرە بنەڕەتییەکەی بەرانبەر، ئاوازی ناوەندیەتی C ‏(f = 261.6 Hz)، وە بۆریەکی تر کە لەسەریکەوە داخراوە، هارمۆنی سێیەم بەلەرەلەری بنەڕەتی بۆری یەکەم دەردەکات. بەراورد لە نێوان درێژی دوو بۆریەکە بکە؟

36. ئۆتۆمبێلێکی «فۆرمیولا یەك» formula one لە گوێگرێك دور دەکەوێتەوە. گوێگرەکە دەنگێك دەبیستێت لەرەلەرەکەی 20%ی کەمترە لەو لەرەلەرەی کە لە باری وەستاندا دەری دەکات، خێرایی ئۆتۆمبێلەکە چەندە؟ وادابنێ v = 340 m/s

37. شەمشەمەکوێرەیەك بە ئاڕاستەی دیوارێکی جێگیر دەفرێت، شەپۆلێکی سەروبیستن بە لەرەلەری 80 kHz دەردەکات وە شەپۆلی دراوە لە دیوارەکەوە بە لەرەلەری kHz 90 دەبیستێت.

أ. هاوکێشەی لەرەلەری بیستراوی ڕووکەشی شەپۆلەکە بنووسە کاتێك بەر دیوارەکە دەکەوێت.

ب. سەرچاوەی ئەو شەپۆلانە چیە کە بەرەو شەمشەمە کوێرەکە دگەڕێنەوە.

ج. خێرایی شەمشەمەکوێرەکە هەژماربکە.

(340 m/s بۆ خێرایی دەنگ لە هەوادا بەکاربێنە.)

پرۆژەو ڕاپۆرتەکان

1. فرۆکەخانەیەك لە دووری 750 m لە خوێندنگاکەتەوە دروستکرا، ئاستی توندی ژاوەژاوی فرۆکەیەك کە لە دووری 50 m لە خوێندنگاکەوە دەنیشێتەوە 130 dB. لە شوێنە کراوەکانی وەك کێلگەکاندا کە دەکەوێتە نێوان خوێندنگەکەو فرۆکەخانەکە، ئاستەکە 20 dB کەمدەکات کاتێك دووریەکە دە ئەوەندە زیادبکات. لەگەڵ تیمێکی هاوکاردا لێکۆلینەوەیەك ئەنجامبدەن دەربارەی ئەو بۆچونانەی کە دەتوان پارێزگاری لەسەر ئاستێکی ژاوەژاوی گونجاو بکەن لە قوتابخانەکەدا. بۆ چ دووریەك پێویستە قوتابخانەکە دوور بخرێتەوە بۆ ئەوەی دەنگەکە پەسند بێت؟ پرسیاری نرخەکانی زەویوزار بکە لە نزیك خوێندنگاکەت. ئەو بۆچوونانە چییە کە وادەکات دەنگەکە لە تەلاری خوێندنگاکە ببڕێت. ئەم بۆچوونانە چەندی تێدەچێت؟ داوا لە هەر هاوبەشێك لە تیمەکە بکە باشی و خراپی ئەو بۆچوونانە بخەنەڕو.

2. چەند بوتڵێکی ئاو بەکاربێنە بۆ دروستکردنی ئامێری بۆریە هەواییەکان، بڕی ئاوی ناو بوتڵە جیاجیاکان ڕێك بخە بۆ پەیداکردنی ئاوازی میوزیکی. وەك ئامێری پیاکێشان و فوتێکردن بەکاریان بێنە. ناوەندی لەراوە لەهەردوو بارەکەدا چییە؟ چی کار لە لەرەلەری بنەڕەتی دەکات؟ مایکرۆفۆن و ئۆسیلۆسکۆب (وێنە کێشی لەرەلەرەکان) بەکاربێنە بۆ شیکردنەوەی جێبەجێکردنەکەت.

3. چاوپێکەوتن لەگەڵ پزیشکەکان ئەنجامبدە بۆ ئەوەی دەربارەی بیستن فێربیت. هەندێك لەو ئامێرانە باسبکە کە یارمەتی بیستن دەدەن. وە پەیوەندیان بە نەخۆشی و تەمەن و پیشەو مەترسیەکانی ژینگەوە ڕوونبکەرەوە؟ ڕێگاکان و ئامێرەکانی بەکارهاتوو لە پشکنینی بیستندا چین؟ ئامێرە یاریدەرەکانی بیستن چۆن کاردەکەن؟ سنوری توانای بەکارهێنانی ئامێرە یاریدەدەرەکانی بیستن چیە؟ ئەنجامەکان لە پۆلدا بە هاوڕێکانت ڕابگەیەنە؟

4. لێکۆڵینەوەیەك ئەنجامبدە دەربارەی کاریگەرە دەنگیەکانی تەلارسازی خواردنگەیەك. هەندێك لەو گیروگرفتە دەنگیانە چیە کە لە شوێنی کۆبونەوەی خەڵکدا هەیە؟ کاریگەری بنمیچە شێوە ڕۆژئاواییەکان و لەوحەکانی ڕازاندنەوە و پەردەکان و شوشەکانی پەنجەرە لەسەر دەنگدانەوە و ژاوەژاو چییە؟ کورترین ئەو درێژی شەپۆلە دەنگیانە بدۆزەرەوە کە پێویستە بمژرێن، وا دابنێ کە دەنگەکانی گفتوگۆکردن لەرەلەرەکانی لە نێوان (500 Hz و 5000 Hz)یە هێڵکاریەك یان سامپڵێك ئامادەبکە بۆ کافتیریای قوتابخانەکەت، ڕوونکردنەوەیەکی با تیابێت دەربارەی ئەو نزیکخستنەوانەی بەکاریدەهێنیت بۆ ئەوەی پارێزگاری لەسەر نزمترین ئاستی ژاوەژاو بکەیت.



هەڵسەنگاندنی بەشی 4

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

.1 کاتێك بەشێك لە شەپۆلێکی دەنگ لەهەواوە دەپەڕێتەوە بۆ ناو ئاو، کام سیفەتی شەپۆلەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە؟

أ. خێرایی

ب. لەرەلەر

ج. درێژی شەپۆل

د. فراوانی

.2 درێژی شەپۆلی ئەو شەپۆلە دەنگیە چەندە کە لە وێنەکەی خوارەوە دەردەکەوێت؟

أ. 1.00 m

ب. 0.75 m

ج. 0.50 m

د. 0.25 m



.3 ئەگەر دەرکەوت کە دەنگ بەرز دەبێتەوە، کام لەمانەی خوارەوە ئەگەری ئەوەی هەیە کە زیادبوبێت؟

أ. خێرایی دەنگ.

ب. لەرەلەر.

ج. درێژی شەپۆل.

د. توندی.

.4 توندی دەنگێکی دیاریکراو دەبێتە هەزار ئەوەندەی یەکەمجاری، بڕی زیادبوون لە ئاستی توندی دەنگەکەدا بەیەکەی دیسیبێڵ چەندە؟

أ. 10

ب. 20

ج. 30

د. 150

.5 لە کام لەمانەی خوارەوەدا دیاردەی دۆپلەر ڕونادات؟

أ. سەرچاوەی دەنگ بە ئاڕاستەی گوێگر دەجووڵێت.

ب. گوێگر بە ئاڕاستەی سەرچاوەی دەنگەکە دەجووڵێت.

ج. گوێگر و سەرچاوە وەستاون هەریەکەیان بەگوێرەی ئەویترەوە.

د. گوێگر وسەرچاوە لەیەکتر نزیك دەبنەوە یان لەیەکتر دووردەکەوتنەوە.

.6 ئەگەر دوری لەسەرچاوەوە ببێتە سێ ئەوەندە، بەکام کۆلکە توندی دەنگەکە دەگۆڕێت؟

أ. $\frac{1}{9}$

ب. $\frac{1}{3}$

ج. 3

د. 9

.7 سەگێك چۆن دەتوانێت ئەو دەنگە ببیستێت کە لە شاوری سەگەوە دەردەچێت، لە کاتێکدا خاوەنەکەی ناتوانێت بیانبیستێت.

أ. سەگەکان ئەو دەنگانە دەبیستن کە توندیان کەمترە لەو دەنگانەی مرۆڤ دەیانبیستێت.

ب. سەگەکان ئەو دەنگانە دەبیستن کە لەرەلەریان بەرزترە لەو دەنگانەی کە مرۆڤ دەیانبیستێت.

ج. سەگەکان ئەو دەنگانە دەبیستن کە لەرەلەریان نزمترە لەو دەنگانەی کە مرۆڤ دەیانبیستێت.

د. سەگەکان ئەو دەنگانە دەبیستن کە خێراییان بەرزترە لەو دەنگانەی کە مرۆڤ دەیانبیستێت.

.8 بەرزترین نرخی خێرایی دەنگ کە لە هەوادا بەدیهاتووە نزیکەی دەگاتە 1.0×10^4 m/s، وە بەرزترین لەرەلەر نزیکەی دەگاتە 2.0×10^{10} Hz، درێژی شەپۆلێکی دەنگ بەم خێرایی و لەرەلەرە چەندە؟

أ. 5.0×10^{-6} m

ب. 5.0×10^{-7} m

ج. 2.0×10^{6} m

د. 2.0×10^{14} m

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

9. سواری پاسێك بویت و بە نزیك ئۆتۆمبێلێکی وەستاودا تێپەڕ دەبێت، شوفێری ئۆتۆمبێلە وەستاوەکە هۆڕنی لێدا، وەك لە وێنەکەی خوارەوە دەردەکەوێت. سروشتی ئەو دەنگەی کە دەیبیستێت چییە؟

أ. پلەی دەنگی بنەڕەتی هۆڕنەکە بەرز دەبێتەوە.

ب. پلەی دەنگی بنەڕەتی هۆڕنەکە نزمدەبێتەوە.

ج. دەنگێك لە پلەیەکی نزمەوە بەرز دەبێتەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر.

د. دەنگێك لە پلەیەکی بەرزەوە نزمدەبێتەوە بۆ پلەیەکی نزمتر.



10. هارمۆنی دووەمی ژێیەکی ئامێرێك لەرەلەرێکی هەیە بڕەکەی 165 Hz، ئەگەر خێرایی شەپۆلەکان لە ژێیەکەدا 120 m/s بێت، درێژی ژێیەکە چەندە؟

أ. 0.36 m

ب. 0.73 m

ج. 1.1 m

د. 1.4 m

ئەو پرسیارانەی وەڵامی کورتیان هەیە

11. ئەگەر فوت کردە دەمی بوتڵێك لە ئەنجامدا ئاوازێکی دەرکرد بە لەرەلەری 250 Hz، لەرەلەری هارمۆنی بیستراوی دوای ئەوە چەندە ئەگەر بەهێزتر فوی تێبکرێت؟

12. ئەم وێنەی خوارەوە ژێیەکی لەراوە دەردەخات کە بە هارمۆنی شەشەم دەلەرێتەوە. درێژی شەپۆلەکە چەندە ئەگەر درێژی ژێیەکە 1.0 m بێت؟



13. توانای دەرچوو لە ئەمپلیفایەرێك (دەنگ گەورەکەر) 250.0 W، توندی ئەو دەنگەی کەسێك دەیبیستێت چەندە کە لە دوری 6.5 m لە ئەمپلیفایەرەکەوە دانیشتوە؟

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژیان هەیە

ئەم زانیاریەی خوارەوە بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکانی 14-15 لەگەڵ دەرخستنی ڕێگای شیکارکردنەکە.

ڕوبەری پەردەی گوێ بە نزیکەی یەکسانە بە $5.0 \times 10^{-5}\ m^2$.

14. ئەو توانا دەنگەی دەکەوێتە سەر پەردەی گوێ چەندە، لە لێواری ئازاردا ($1.0\ W/m^2$)؟

15. ئەو توانا دەنگەی دەکەوێتە سەر پەردەی گوێ چەندە، لە لێواری بیستندا ($1.0 \times 10^{-12}\ W/m^2$) ؟

ئەم زانیارانەی خوارەوە بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکانی 16-18 لەگەڵ دەرخستنی ڕێگای شیکارکردنەکە.

بۆریەکی دوو لاکراوە لەرەلەرێکی بنەڕەتی هەیە، یەکسانە بە 456 Hz ، کاتێك خێرایی دەنگ لە هەوادا 331 m/s بێت.

16. درێژی بۆریەکە چەندە؟

17. لەرەلەری هارمۆنی دووەمی بۆریەکە چەندە؟

18. لەرەلەری بنەڕەتی ئەم بۆریە چەندە، ئەگەر خێرای دەنگ لە هەوادا بەرزببێتەوە بۆ 367 m/s لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی هەواکەوە؟

Ferkar

بەشی 5

موگناتیسی

Magnetism



مانگە دەستکردەکان چەند تەلێکی هەڵپێچراویان تێدایە پێیان دەگوترێت کۆیلەکانی زەبری موگناتیسی، ئەم کۆیلانە دەتوانرێت دەستیان بەسەردابگرێت و کاریان پێبکرێت لەسەر زەوی یەوە بەهۆی کارمەندی پسپۆر. کاتێك تەزوی کارەبایی بەم کۆیلانەدا تێپەڕدەبێت، بواری موگناتیسی زەوی بەزەبرێك کاریان تێدەکات. کۆیلەکانی زەبر بۆ دانانی مانگە دەستکردەکان بەو ئاڕاستەیەی دەمانەوێت بەکاردێت تا ئامێرەکانی کاربکەن.

ئەوەی کە پێشبینی بەدیهێنانی دەکرێت

لەم بەشەدا، ئەوە فێردەبیت کەوا کۆیلی تەزو هەڵگر وەك موگناتیس ڕەفتاردەکات. هەروەها ئەو هێزە دەخوێنیت کە کار لە تەنۆلکە بارگاویە جووڵاوەکانی ناو بواری موگناتیسی دەکات.

گرنگییەکەی چییە

موگناتیسە هەمیشەییەکان و موگناتیسە کارەباییەکان لە زۆر بەجێهێنانی ڕۆژانەو زانستیدا بەکاردێن. موگناتیسە کارەباییە گەورەکان بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی بارە قورسەکان بەکاردێن. وەك پارچە ئاسنەبەکاربرداروەکان (کۆنەکان) (scrap iron) کە لەوێزگەکانی ڕیسایکلین(recycling plant) (دووبارە بەکارهێنانەوە) بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئامێرەکان بەکاردەهێنرێت.

ناوەڕۆکی بەشی 5

1 بوارە موگناتیسیەکان
- بوارو لێشاوی موگناتیسی.

2 موگناتیسی پەیدابوو لە کارەباوە.
- بواری موگناتیسی پەیدابوو لە تەلێك کە تەزوی نەگۆڕی هەڵگرتوە.
- بواری موگناتیسی لە کۆیلەکانی هەڵگری تەزوی کارەباییدا

3 هێزی موگناتیسی
- تەنۆلکە بارگاویەکان لەناو بواری موگناتیسیدا
- هێزی موگناتیسی سەر گەیەنەرێك کە تەزوی نەگۆڕی پێدادەڕوات.

بەندی 1-5

بوارە موگناتیسییەکان
Magnetic Fields

1-5 ئامانجەکانی بەندەکە

• باسی ئەو بوارە موگناتیسیە دەکات کە دەوری موگناتیسێکی هەمیشەیی دەدات.

• ئەو لێشاوە موگناتیسییە هەژمار دەکات کە ڕوێك دەبڕێت.

بواری موگناتیسی

ناوچەیەکە دەتوانرێت تیایدا هێزی موگناتیسی پێوانە بکرێت.

بوارو لێشاوی موگناتیسی

ئەوە دەزانیت کەوا دەشێت وەسفی ئەو کارلێکانە بکەیت کە لە نێوان تەنۆلکە بارگاوییەکاندا ڕوودەدات، بە بەکارهێنانی چەمکی بواری کارەبایی. هەروەها دەشێت ڕێگەیەکی هاوشێوە بۆ وەسفکردنی ئەو **بوارە موگناتیسییە** magnetic field بەکاربهێنرێت کە دەوری هەر موگناتیسێك دەدات. بواری موگناتیسی $\vec{B}$ هەروەکو بواری کارەبایی هێندێکی ئاراستەییە و بڕو ئاراستەی هەیە. وە بڕەکەی ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ ژمارەی هێڵەکانی بواری موگناتیسی کە بە شێوەیەکی ستوون یەکەی ڕووبەر دەبڕن.

لە ڕابردوودا ئەوە فێربوویت کەوا هەر موگناتیسێك دوو جەمسەری هەیە. ئەوانیش باکور وباشورن، هەروەها ئەوەت زانیوە کەوا جەمسەرە لە یەکچووەکان لە یەکتر دوور دەکەونەوە و جەمسەرە جیاوازەکانیش یەکتری کێش دەکەن، هەروەها موگناتیس دەتوانێت ئەو مادانە بکات بە موگناتیس کە پێیان دەگوترێت مادە موگناتیسیەکان.

وێنەکێشانی هێڵەکانی بواری موگناتیسی بە بەکارهێنانی قیبلەنما

دەکرێت بواری موگناتیسی تۆڵە موگناتیسێك کەشف بکەین هەروەك لە **وێنەی 1-5** دا دیارە. ئەویش بە دانانی دەرزییەکی قیبلەنمای بچوك کە توانای جوڵانی هەبێت لەناو بوارێکی موگناتیسیدا، دەبینین دەرزیەکە لە شوێنە یەك لەدوایییەکانیدا بە ئاراستەی هێڵە هێزەکان ڕیز دەبن. هێڵەکانی بواری موگناتیسی وا دەردەکەون کە لە جەمسەری باکورەوە دەربچن و لە جەمسەری باشوری موگناتیسەکەدا کۆتاییان بێت، بەڵام هێڵەکانی بواری موگناتیسی نە سەرەتایان هەیە و نە کۆتایی، بەڵکو هەمیشە ڕێڕەوی داخراو پێکدێنن. لە موگناتیسی هەمیشەییدا هێڵەکانی بوارەکە بەناو موگناتیسەکەدا دەڕۆن، بەوەش ڕێڕەوێکی داخراو دروستدەکەن (ئەم بەشەی هێڵەکان لە وێنەکەدا دەرناکەون). لەم کتێبەدا یاسایەکی زۆر سادە بەکاردێنین بۆ دیاریکردنی ئاراستەی بوارە موگناتیسیەکە $\vec{B}$: بۆ نواندنی ئاراستەی بواری موگناتیسی لە لاپەڕەکەدا تیراسایەك بەکاردێنین هەروەك لە **خشتەی 1-5** دا ڕوونکراوەتەوە.



وێنەی 1-5
دەتوانرێت ئاراستەی بواری موگناتیسی دیاری بکرێت (أ) بەهۆی قیبلەنماوە. (ب) بڕوانە کە جەمسەری باکوری دەرزی قیبلەنماکە ئاراستەی هێڵەکانی بوارەکە دەنوێنێت کە لە جەمسەری باکورەوە دەردەچن و بۆ جەمسەری باشور دەچن.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

نیشانەی **x** بەڕەنگی شین، کلکی تیراساکەیەو ئەوە دەنوێنێت کەوا بوارەکە بەرەو ناووەوەی پەڕەکەیە. وەنیشانەی • بە ڕەنگی شین سەری تیراساکەیەو ئەوە دەنوێنێت کە بوارەکە بە ستونی لە پەڕەکە دێتە دەرەوە.

خشتەی 1-5
نواندنی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی

↑	لە ئاستی لاپەڕەکەدا
×	بەرەو ناووەوەی پەڕەکەیە
●	لە پەڕەکە دێتە دەرەوە

پەیوەندی لێشاوە موگناتیسی بە توندی بواری موگناتیسیەوە

یەکێك لە ڕێگە بەسودەکانی بەساملکردنی توندی بواری موگناتیسی پێناسەکردنی هێندێکە کە پێی دەگوترێت لێشاوە موگناتیسی (Φ موگناتیسی). لێشاو بە ژمارەی ئەو هێڵانە پێناسە دەکرێت کە بە ستونی دەکەونە سەر ڕووبەرێکی دیاریکراو. دەکرێت لێشاوە موگناتیسی بەم هاوکێشەیە هەژماربکرێت:

ئاڕاستەداری ڕووبەر

ئاڕاستە دارێکە برەکەی ڕوبەرە دراوەکەیە و ئاڕاستەکەشی ستونە لەسەر ڕووبەرەکە.

لێشاوە موگناتیسی

$$\Phi_{\text{موگناتیسی}} = \vec{A}\,.\,\vec{B}$$

$\vec{A}$ ئاڕاستەداری ڕووبەرە area vector

وە $\vec{B}$ ئاڕاستەداری بواری موگناتیسیە

وە θ گۆشەی نێوان ئاراستەی بوارەکە و ئەستوونی سەر ڕووەکەیە.

$$\Phi_{\text{موگناتیسی}} = A(B\cos\theta)$$

لێشاوە موگناتیسی = (ڕووبەری ڕوەکە) × پێکنەری بوارە موگناتیسییەکە لەسەر ئاستی ڕووە ئەستوونە)

لە سیستمی نێودەوڵەتی دا SI لێشاوی موگناتیسی بە وەیبەر (weber) دەپێورێت کە هێماکەی (wb) یە. با جارێکی دی سەیری **وێنەی 1-5** بکەین، وا دابنێ دووبازنەی یەکسان لە ڕوبەرو ئەستون لەسەر تەوەرەی موگناتیسیەکە هەن، یەکێك لەم دووبازنەیە لە نزیك جەمسەرە موگناتیسیەکەوە و ئەوەی تریان لە تەنیشت موگناتیسەکەوە دانراون. ئەوا ژمارەیەکی زیاتر لە هێڵەکانی بوارەکە بازنەی یەکەم دەبڕن کە لە جەمسەرەکەوە نزیکە، ئەم لێشاوە موگناتیسیە گەورەیە (زۆرە) ئەوە دەگەیەنێت کەوا توندی بواری موگناتیسی لە نزیك جەمسەرەکەوە زیاترە.

دواکەوتنی موگناتیسی (هەستەرەی موگناتیسی)

کاتێك ماددەیەکی فیرۆموگناتیسی (تولە ئاسنێك) لە بوارێکی موگناتیسیدا دادەنرێت ئەوا دەبێتە موگناتیس و چڕی لێشاوە موگناتیسیەکەش لەگەڵ زیادبوونی بوارەکەدا زیاددەکات بەڵام ڕاستەوانە نا، کاتێکیش بوارە موگناتیسیەکە نامێنێت، ئەوا هەندێك لەو سیفەتە موگناتیسییە لەناو ماددەکەدا دەمێنێتەوە، ئەم دیاردەیە پێی دەگوترێت دواکەوتنی موگناتیسی یان **هەستەرەی موگناتیسی** magnetic hysteresis. ئەو چەماوەیەی لە گۆڕانی توندی بوارەکە و چڕی لێشاوە موگناتیسیەکەوە پەیدادەبێت پێی دەگوترێت چەماوەی دواکەوتنی موگناتیسی.

پێداچوونەوەی بەندی 1-5

1. کاتێك تولە موگناتیسێك دەکرێت بە دوو کەرتەوە، ئایا چەند جەمسەر بۆ هەر کەرتێك پەیدادەبێت؟

2. لێکدانەوەی هێڵکارییەکان: لەم وێنەیەی تەنیشتدا کام لە ئاڕاستەکانی دەرزیە موگناتیسییەکەی قیبلەنماکە بە دروستی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی لە خاڵە دیاریکراوەکەدا دەنوێنێت؟



www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بەندی 2-5

موگناتیسی پەیدابوو لە کارەباوە
Magnetism from Electricity

2-5 ئامانجەکانی بەندەکە

- ئەو بوارە موگناتیسیە وەسف دەکات کە لە تەزوی نەگۆڕەوە پەیدا دەبێت. کاتێك بە تەلێکی ڕێك یان کۆیلێکدا تێپەڕدەبێت.
- یاسای لەپی دەستی ڕاست بەکاردێنێت بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی دەوری تەلێك کە تەزوی نەگۆڕی پێدادەڕوات.
- پرسیار شیکاردەکات بۆ هەژمارکردنی ئەو بوارە موگناتیسیەی لە تەزویەکی نەگۆڕەوە پەیدا دەبێت کاتێ بە تەلێکی گەیەنەر یان بە کۆیلێکدا دەڕوات.

بواری موگناتیسی پەیدابوو لە تەلێك کە تەزوی نەگۆڕی هەڵگرتوە

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا زانایان لەو باوەڕەدابوون کەوا پەیوەندییەك لە نێوان کارەبایی و موگناتیسیدا هەیە، بەڵام لەو کاتەدا هیچ بیردۆزێك نەبوو کە ڕێنماییان بکات لەو چوارچێوەیەدا. لە ساڵی 1820 دا ئۆرستدی فیزیایی ڕێگەیەکی داهێنا بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییە. تێبینی ئەوەی کرد کەوا هەر کاتێك قیبلەنمایەك لە تەلێك نزیك بکرێتەوە کە تەزوی کارەبایی پێدادەڕوات، ئەوا لە ئاڕاستە باوەکەی خۆی باکور – باشور لادەدات. ئۆرستد ئەم دۆزینەوەیەی خۆی لە ساڵی 1820 دا بڵاوکردەوە. ئەم کارەی ئۆرستد زانایانی تری ئەوروپای هاندا کە لە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکەی دڵنیاببنەوە.

بواری موگناتیسی بۆ تەزوویەکی نەگۆڕ کە بە تەلێکی گەیەنەری ڕێکدا تێپەڕ دەبێت

لەو تاقیکردنەوەیەی کە لە **وێنەی 2-5** (أ)دا دیارە. وردە ئاسن بەکاردێنین بۆ دڵنیابوون لەوەی کەوا تێپەڕبونی تەزوی کارەبایی بوارێکی موگناتیسی دروست دەکات. لە تاقیکردنەوەیەکی هاوشێوەدا، چەند دەرزییەکی قیبلەنما ئاسۆییانە بە دەوری تەلێکی شاوڵیدا دانراون، هەروەك لە **وێنەی 2-5** (ب)دا دیارە. پێش تێپەڕ بوونی تەزو بە تەلەکەدا، هەر یەکە لە دەرزی قیبلەنماکان ئاماژە بە هەمان ئاڕاستە دەکەن، کە ئەویش ئاڕاستەی بواری موگناتیسی زەوییە، بەڵام لەکاتی تێپەڕبوونی تەزویەکی بەهێز بە تەلەکەدا، هەریەکە لە قیبلەنماکان ئاڕاستەیەك وەردەگرن کە لێکەوتە بۆ بازنە هاوچەقەکانی دەوری تەلە گەیەنەرەکە. ئەوەش ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیە پەیدابووەکە دەنوێنێت کەبە هۆی تەزووەکەوە پەیدابووە کاتێك تەزوەکە لادەبرێتەوە، دەرزییەکان دەگەڕێنەوە ئاڕاستە بنەڕەتیەکانی خۆیان.



وێنەی 2-5 (أ)
کاتێك تەزویەکی بە هێز بە تەلەکەدا دەڕوات، ڕیزبوونی وردە ئاسنەکان ئاڕاستەی بواری موگناتیسی پەیدابوو بە هۆی تەزوەکەوە دەنوێنێت، کە بە شێوەی بازنەی هاوچەق ڕیز دەبن بە دەوری تەلەکەدا. (ب) دەکرێت قیبلەنما بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی پەیدابوو لە تەزوی کارەباییەوە.

بەکارهێنانی یاسای لەپی دەستی ڕاست بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی

تاقیکردنەوەکانی پێشو ڕوونیدەکەنەوە کەوا دەتوانرێت ئاڕاستەی بواری موگناتیسی $\vec{B}$ دەوری گەیەنەرێکی ڕێك کە تەزوی پێدابڕوات دیاری بکرێت بە بەکارهێنانی یاسایەکی سادەی تەزوی زاراوەیی، کە ئەویش پێی دەگوترێت یاسای لەپی دەستی ڕاست و بەم شێوەیەی خوارەوەیە: ئەگەر تەلەکە بەدەستی ڕاست بگیرێت، بە شێوەیەك کە ئاڕاستەی پەنجە گەورە لەگەڵ ئاڕاستەی تەزوە کارەباییەکەدا بێت، ئەوا ئاڕاستەی نوقاندنی (خولانەوەی) چوار پەنجەکە بە ئاڕاستەی بوارە موگناتیسییەکە $\vec{B}$ دەبێت.

وێنەی 3-5 (أ) ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە هێڵەکانی بواری موگناتیسی $\vec{B}$ چەند بازنەیەکی هاوچەق بەدەوری تەلەکەدا دروست دەکەن بەهەمان شێوە، بڕی $\vec{B}$ لە هەموو خاڵەکانی سەربازنەکەدا کە چەقەکەی تەلەکەیە یەکسانە و لە ئاستێکی ئەستونیشدایە لەسەری. تاقیکردنەوەکان ئەوە دەردەخەن کە بڕی $\vec{B}$ لەخاڵێکدا ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ توندی تەزوی تێپەڕبوو بە تەلەکەدا و پێچەوانەش لەگەڵ دووریی ستونیەکەی خاڵەکە لە تەلەکەوە هاوڕێژە دەبێت و دەگۆڕێت بە گۆڕانی ئەو ناوەندەی دەوری تەلەکە دەدات.



(أ)

وێنەی 3-5
(أ) دەتوانین یاسای لەپی دەستی ڕاست بەکاربهێنین بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی.



وێنەی 3-5(ب)
لێکەوت بۆ هێڵی بوارەکە لەهەر خاڵێکدا ئاڕاستەی بوارەکە دیاریدەکات.

B لە هەر خاڵێکی نزیک تەلەکەوە بەم هاوکێشەیە هەژمار دەکرێت:

$$B = \frac{\mu}{2\pi}\frac{I}{d}$$

بە شێوەیەک μ هاوکۆلکەی هێڵگۆڕەی موگناتیسی ناوەندەکەیە وە μ_o هاوکۆلکەی هێڵگۆڕەی موگناتیسی بۆشایی یان هەوایە، و d دووری خاڵەکەیە لە تەلەکەوە. بزانە $\mu_0 = 4\pi \times 10^{-7}$ T•m/A و T (تێسلا) یەکەی پێوانەی (چڕی لێشاوی موگناتیسییە و ئاڕاستەی $\vec{B}$ لە هەر خاڵێکدا دیاریدەکرێت بە ئاڕاستەی لێکەوتی هێڵی بوارەکە لە و خاڵەدا هەروەک لە **وێنەی 3-5** (ب) دا دیارە.

نموونە 5 (أ)

بواری موگناتیسی پەیدابوو لە تەلێك كە تەزوی نەگۆڕی هەڵگرتوە.

پرسیارەکە

بڕی بواری موگناتیسی لە خاڵێکی ناو هەوادا هەژماربکە کە 0.10 m لە تەلێکی درێژی ڕێکەوە دوورە و تەزویەکی نەگۆڕی پێدادەڕوات کە تونديیەكەی 10.0 A، وا دابنێ $\mu_0 = 4\pi \times 10^{-7}$ T.m/A.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $d = 0.10$ m $I = 10.0$ A $\mu_0 = 4\pi \times 10^{-7}$ T.m/A

نەزانراو: $B = ?$

2. پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: ئەم هاوکێشەیە بەکاردێنم $B = \frac{\mu}{2\pi}\frac{I}{d}$

3. هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوکێشەکە دادەنێم و شیکاردەکەم:

$$B = \frac{\mu_0 I}{2\pi d} = \frac{\quad}{2\pi \times 0.10} = \boxed{2.0 \times 10^{-5}\ \text{T}}$$

ڕاهێنانی 5 (أ)

بواری موگناتیسی پەیدابوو لە تەلێك كە تەزوی نەگۆڕی هەڵگرتوە

$\mu_0 = 4\pi \times 10^{-7}$ T•m/A بەکاربهێنە

1. تەلێکی گەیەنەری ڕێك بە درێژایی تەوەرەی x دانرا بواری موگناتیسی دروست بوو هەژماربکە لە خاڵی M کە (10.0 cm) لە تەلەکەوە دوورە و دەکەوێتە سەر تەوەرەی (y) پۆزەتیڤ کاتێك کە تەزوی (10 A) بە تەلەکەدا دەڕوات:
   - أ. بە ئاڕاستەی x پۆزەتیڤ.
   - ب. بە ئاڕاستەی x نێگەتیڤ.
2. توندی بواری موگناتیسی لە دوری 10 cm لە تەلێکی ڕێکەوە (2×10^{-5} T) یە. توندی تەزوی کارەبایی تێپەڕبوو بە تەلەکەدا چەندە؟

بواری موگناتیسی لە کۆیلەکانی هەڵگری تەزوی کارەباییدا

بواری موگناتیسی ئەو تەزوە نەگۆڕەی کە بە کۆیلێکی بازنەیی تێپەڕدەبێت



دەتوانین یاسای دەستی ڕاست بەکاربهێنین بۆ زانینی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی ئەڵقەیەك کە تەزوی پێدا تێپەڕدەبێت. وەك ئەو ئەڵقەیەی لە **وێنەی 5-4** (أ)دا دیارە. بەپێ گوێدانە ئەو خاڵەی سەر ئەڵقەکە کە یاسای دەستی ڕاستی تێدا جێبەجێ دەکەیت، بواری ناوەوەی ئەڵقەکە بۆ سەرەوە دەبێت. بڕوانە هێڵەکانی بواری ئەڵقە تەزوهەڵگرەکە، لە هێڵەکانی تایبەت بە توڵە موگناتیس دەچن، هەروەك لە **وێنەی 5-4** (ب)دا دیارە.

بڕی بوارە موگناتیسییەکە لە چەقی کۆیلە بازنەییەکەدا کە نیوە تیرەکەی r و توندی ئەو تەزوەی کە پیایدەڕوات I و ژمارەی پێچەکانی N بێت، بەم پەیوەندییە هەژماردەکرێت:

$$B = \frac{\mu_0 NI}{2r}$$



(أ)



(ب)

وێنەی 5-4

(أ) بواری موگناتیسی ئەو تەزوەی بە کۆیلێکی بازنەییدا دەڕوات (ب) لەو بوارە دەچێت کە توڵە موگناتیسێك دروستی دەکات.

نموونە 5 (ب)

بواری موگناتیسی ئەو تەزوە نەگۆڕەی کە بە کۆیلێکی بازنەیی تێپەڕدەبێت.

پرسیارەکە



تەلێکی ڕێك و درێژ تەزوویەکی پێدادەڕوات توندییەکەی **6.0 A** و بەشێکی ئەم تەلە لە شێوەی ئەڵقەیەکی بازنەیی (یەك پێچ) لەهەوادا هەڵکراوە کە نیوەتیرەکەی **0.04 m** وەك لە وێنەکەدا دیارە. بڕی بوارە موگناتیسییەکە هەژمار بکە و ئاڕاستەکەی لە چەقی ئەڵقەکەدا دیاری بکە. (ئاستی ئەڵقەکەو تەلەکە لەسەر لاپەڕەکە جووت دەبن).

شیکار

1. دەزانم

دراو: $I = 6.0\ \text{A}$ $\quad r = 0.04\ \text{m}$

$\mu_0 = 4\pi \times 10^{-7}\ \text{T.m/A}$

نەزانراو: $B_{\text{گشتی}} = ?$

2. پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: پەیوەندی بواری موگناتیسی کۆیلێکی بازنەیی کە تەزوی نەگۆڕی پێدادەڕوات، لە چەقی کۆیلەکەدا بەکاردەهێنم:

$$B_1 = \frac{\mu_0 NI}{2r}$$

پاشان پەیوەندی بواری موگناتیسی تەلێکی درێژی تەزو هەڵگر بەکاردێنم: $B_2 = \frac{\mu_0 I}{2\pi d}$

3.هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوکێشەکاندا دادەنێم و شیکاردەکەم

$$B_1 = \frac{\mu_0 NI}{2r} = \frac{4\pi \times 10^{-7} \times 1 \times 6.0}{2 \times 0.04}$$

$$B_1 = 9.4 \times 10^{-5}\ \text{T}$$ بەرەو دەرەوەی پەڕەکە

$$B_2 = \frac{\mu_0 I}{2\pi d} = \frac{\mu_0 I}{2\pi r} = \frac{4\pi \times 10^{-7} \times 6.0}{2\pi \times 0.04}$$

$$B_2 = 3.0 \times 10^{-5}\ \text{T}$$ بەرەو ناو پەڕەکە

هەردوو بوارەکە دژ ئاڕاستەی یەکترن بۆیە بڕی بەرەنجامەکەیان دەبێتە

$$B_{\text{گشتی}} = B_1 - B_2$$

$$B_{\text{گشتی}} = 9.4 \times 10^{-5}\ \text{T} - 3.0 \times 10^{-5}\ \text{T}$$

$$\boxed{B_{\text{گشتی}} = 6.4 \times 10^{-5}\ \text{T}}$$

وە ئاڕاستەکەش ئەستون لەسەر لاپەڕەکە و ڕووەدەرەوە دەبێت.

ڕاهێنانی 5 (ب)

بواری موگناتیسی ئەو تەزووە نەگۆڕەی کە بە کۆیلێکی بازنەیی تێپەڕدەبێت.

بەکاربهێنە $\mu_0 = 4\pi \times 10^{-7}$ T•m/A

.1 بڕی بواری موگناتیسی لە چەقی کۆیلێکی بازنەییدا هەژماربکە. کۆیلەکە لە 10 پێچ پێکهاتووە نیوەتیرەکەی 10 cm و تەزویەکی پێدادەڕوات تونددییەکەی 20 A.

.2 تەزویەکی کارەبایی بە ئەڵقەیەکی بازنەییدا دەڕوات (کە لەیەك پێچ پێکهاتووە) تیرەکەی 50 cm . بوارێکی موگناتیسی دروستکرد کە تونددییەکەی لە چەقی ئەڵقەکەدا $2\pi \times 10^{-5}$ T . ئایا توندی تەزووەکە چەندە؟

چالاکییەکی کرداری خێرا

کارۆموگناتیسی

کەرەستەکان

- ✓ پاتریەکی وشك D
- ✓ تەلێکی جیاکراوە درێژییەکەی 1 m
- ✓ بزمارێکی گەورە
- ✓ قیبلەنما compass
- ✓ کاغەزگرەی کانزایی

تەلەکە لەسەر بزمارەکە هەڵبکە، وەك لەخوارەوە دیارە، نەگەیەنەری هەردوو سەری تەلەکە لابدە و بەپاترییەکەی بگەیەنە. قیبلە نماکە بەکاربهێنە بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا بزمارەکە بووە بە موگناتیس یان نا.



پاشان جەمسەرەکانی پاتریەکە پێچەوانە بکەرەوە، بە شێوەیەك کە ئاڕاستەی تەزو لە تەلەکەدا پێچەوانە ببێتەوە. جارێکی تر قیبلەنماکە لە هەمان خاڵی نزیك بزمارەکەوە دابنێ، ئایا دەتوانی لادانی قیبلە نماکە بە ئاڕاستەی پێچەوانە لێکبدەیتەوە؟ کاغەزگرە کانزاییەکان لە نزیك بزمارەکەوە دابنێ پاش گەیاندنی بە پاترییەکە، چی بەسەر کاغەزگرەکان دێت؟ ئایا دەتوانیت چەند کاغەزگرە بگریتەوە؟

بواری موگناتیسی تەزوی نەگۆڕی تێپەڕبوو بە کۆیلێکی لوول پێچ

ئەگەر تەلێکی درێژ هەڵبکرێت ئەوا چەند ئەڵقەیەکی یەك بەدوایەکی ڕیزبوو پەیدادەکات. هەروەك لە **وێنەی 5-5** دادیارە، ئامێرە بەرهەمهاتووەکە پێی دەگوترێت کۆیلی لوولپێچی یا «لوولەکی».

وێنەی 5-5

بواری موگناتیسی لەناو کۆیلێکی لوولپێچیدا بەهێز و نیمچە ڕێکە. بڕوانە هێڵەکانی بوارەکە لە هێڵەکانی بواری دەوری تولە موگناتیسێك دەچێت. بۆیە کۆیلەکە جەمسەری باکورو جەمسەری باشوری دەبێت.



کۆیلی لوولپێچی لەزۆربەی بەجێهێنانەکاندا زۆرگرنگە، چونکە کاتێك تەزوی پیادەڕوات وەك تولە موگناتیسێك ئیش دەکات. توندی بواری موگناتیسی لەناو کۆیلەکەدا بەزیادبوونی تەزوی تێپەڕبوو پیایدا زیاد دەکات و هەروەها ڕاستەوانە لەگەڵ ژمارەی پێچەکانی یەکەی درێژیدا دەگۆڕێت. دەتوانرێت توندی بواری موگناتیسی ناو کۆیلەکە زیادبکرێت بە هۆی بردنە ناوەوەی تولە ئاسنێك بۆ بۆشایی ناو کۆیلەکە. لەمەوە دەردەکەوێت کەوا توندی بواری موگناتیسی لەهەر خاڵێکی سەر تەوەرەی کۆیلە لوولپێچییەکە بەندە لەسەر توندی تەزوی کارەبایی I و ژمارەی پێچەکانی یەکەی درێژییەکەی و هێڵە گۆڕەی موگناتیسی ماددەی ناواخنەکە هەروەك لەم پەیوەندییەدا دیارە

$$B = \frac{\mu I N}{l}$$

μNI

N ژمارەی هەموو پێچەکانی کۆیلە لوولپێچییەکەیەو l درێژی کۆیلە لوولپێچییەکەیە.

وێنەی 5-5 هێڵەکانی بواری موگناتیسی کۆیلێکی لوولپێچی دەردەخات. بڕوانە کە هێڵەکانی بوارەکە لەناو کۆیلەکەدا هەموویان یەك ئاڕاستە وەردەگرن، کە وا دەردەکەوێت بە یەکتر تەریب بن و ماوەی یەکسانیش لە یەکتریان جیادەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا بوارەکە لەناو کۆیلەکەدا بەهێز و نزیکە نەگۆڕە. لە کاتێکدا بوارەکە لە دەرەوەی کۆیلەکەدا ناڕێکەو زۆر لە بواری ناو کۆیلەکە لاوازترە. کۆیلە لوولپێچییەکان بەکارهێنانیان زۆرە، هەر لە دەزگا کارەباییەکانی ناو ماڵەوە تا دەگاتە ئامێرە پزیشکیە زۆر وردەکان.

بۆ دیاریکردنی هەردوو جەمسەری کۆیلە لوولپێچییەکە کە تەزوی کارەبایی پێدا دەڕوات. یاسای لەپی دەستی ڕاست بەکاردێنین هەروەك لە **وێنەی 6-5** دا دیارە.



وێنەی 6-5

یاسای لەپی دەستی ڕاست بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی ناو کۆیلێکی لوولپێچدا بەکاردێت.

نموونە 5 (ج)

بواری موگناتیسی تەزوی نەگۆڕی تێپەڕیوو بە کۆیلێکی لوول پێچ.

پرسیارەکە

کۆیلێکی لوولپێچی درێژ، درێژییەکەی **70.0 cm** لە **1400** پێچ پێکهاتووە. بواری موگناتیسی خاڵێکی ناوەڕاستی کۆیلە لوولپێچییەکە کە دەکەوێتە سەر تەوەرە بنچینەکەی و دوورییەکەی لە هەردوو لاکەیەوە یەکسانە چەندە؟ ئەگەر بزانی تەزوی کۆیلەکە **4.7 A** .

شیکار

1. دەزانم

دراو: $N = 1400$ پێچ $l = 70.0\ cm$ $I = 4.7\ A$

نەزانراو: $B = ?$

2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەک هەڵدەبژێرم: پەیوەندی $B = \dfrac{\mu NI'}{l}$ بەکاردێنم

3.هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوکێشەکەدا دادەنێم و شیکاردەکەم

$$B = \frac{4\pi \times 10^{-7} \times 1400 \times 4.7}{70.0 \times 10^{-2}} = \boxed{1.2 \times 10^{-2}\ T}$$

ڕاهێنانی 5 (ج)

بواری موگناتیسی تەزوی نەگۆڕی تێپەڕیوو بە کۆیلێکی لوول پێچدا

$\mu_0 = 4\pi \times 10^{-7}$ T•m/A بەکاربهێنە

1. کۆیلێکی لوولپێچی درێژییەکەی 50 cm و لە 2000 پێچ پێکهاتووە.
   أ. ژمارەی پێچەکان لە یەکەی درێژیدا چەندە؟
   ب. بواری موگناتیسی لەناوەڕاستی کۆیلەکە لەسەر تەوەرەکەی بدۆزەرەوە کاتێك تەزویەك بە پێچەکانیدا دەڕوات توندییەکەی 10 A
2. توندی تەزوی کارەبای تێپەڕیوو بە کۆیلێکی لوولپێچدا چەندە کە درێژییەکەی 100 cm و ژمارەی پێچەکانی 1500 پێچ و بواری موگناتیسی لە ناوەڕاستیدا و لەسەر تەوەرەکەیدا دەکاتە $6\pi \times 10^{-3}$ T؟

پێداچوونەوەی بەندی 2-5

1. شێوەی ئەو بوارە موگناتیسیە چۆنە کە لە تەلێکی درێژی ڕێکەوە پەیدادەبێت کاتێك تەزوی کارەبایی نەگۆڕی پێدادەڕوات.
2. بۆچی بواری موگناتیسی لەناو کۆیلێکی لوولپێچدا بە هێزترە لە بوارە موگناتیسییەکەی دەرەوەی کۆیلەکە؟
3. هەرچەندە ئەلیکترۆنەکان وەکو موگناتیس ڕەفتار دەکەن، بۆچی هەموو گەردیلەکانی ماددە نابن بە موگناتیس؟

بەندی 3-5

هێزی موگناتیسی
Magnetic Force

3-5 ئامانجەکانی بەندەکە

- بەهۆی زانینی ئەو هێزەوە کە کار لە بارگە جووڵاوەکانی ناو بوارێکی موگناتیسی دەکات توندی بواری موگناتیسی دیاری دەکات.
- یاسای لەپی دەستی ڕاست بەکاردێنێت بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی ئەو هێزەی کار لە بارگەیەکی جووڵاوی ناو بواری موگناتیسی دەکات.
- بروئاڕاستەی ئەو هێزە دیاری دەکات کە کار لە تەلێکی تەزوو هەڵگر دەکات کە لە ناو بوارێکی موگناتیسیدا دانراوە..

تەنۆلکە بارگاوییەکان لەناو بواری موگناتیسیدا

هەرچەندە تاقیکردنەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کەوا بواری موگناتیسی نەگۆڕ هیچ هێزێك ناخاتە سەر بارگە کارەباییە جێگیرەکان. بەڵام بارگە کارەباییە جووڵاوەکان هێزێکی موگناتیسییان دەکەوێتە سەر، بڕی ئەم هێزە لەوپەڕی زۆریدا دەبێت کاتێك ئاڕاستەی جووڵەی بارگەکە ئەستوون بێت لەسەر ئاڕاستەی بوارە موگناتیسییەکە. وە بڕی هێزەکەش لە گۆشەکانی تردا کەمتر دەبێت و کاتێکیش بارگەکە بە ئاڕاستەی هێڵەکانی بوارەکە دەجووڵێت بڕەکەی دەبێتە سفر، بۆ ئاسانکردن، تەنها باس لەوە دووبارە دەکەین کە ئاڕاستەی جووڵەی بارگەکە تەریبە یان ئەستوونە لەسەر ئاڕاستەی بوارە موگناتیسییەکە.

ئەو هێزەی کار لە بارگەیەکی جووڵاوی ناو بوارێکی موگناتیسی دەکات

بیرمان دێتەوە کەوا بواری کارەبایی لە خاڵێکی دیاریکراوی بۆشاییدا، بەو هێزە پێناسە دەکرێت کە کار لە بارگەیەکی تاقیکار دەکات لەو خاڵەدا. دەتوانین وەسفی خاسیەتەکانی بواری موگناتیسی $\vec{B}$ بە ڕێگەیەکی هاوشێوە بەپێی هێزە موگناتیسییە کاریگەرەکەی سەر بارگە تاقیکارەکە لە خاڵێکی دیاریکراودا بکەین. با بارگە تاقیکارەکەمان بارگەیەکی پۆزەتیڤ q بێت، بە خێرایی $\vec{v}$ ئەستوون لەسەر ئاڕاستەی $\vec{B}$ بجووڵێت. بەهۆی تاقیکردنەوە وە ئەوە سەلمێنراوە کە بڕی هێزە موگناتیسییەکەی سەر بارگەیەکی ئەستوون لەسەر بواری موگناتیسی B جووڵاو دەکاتە سەرەنجامی لێکدانی بڕی بارگەکە q لە بڕی خێراییەکە و هەروەها لە بڕی توندی بوارە موگناتیسییەکە B هەروەك لەم پەیوەندییەدا دیارە:

$$F_{\text{موگناتیسی}} = qvB$$

دەکرێت هاوکێشەکە بەم شێوەیە ڕێکبخەینەوە

بڕی بواری موگناتیسی

$$B = \frac{F_{\text{موگناتیسی}}}{qv}$$

$$\text{بڕی بواری موگناتیسی} = \frac{\text{بڕی هێزە موگناتیسیەکەی سەر تەنە بارگاویەکە}}{\text{بڕی خێرایی بارگەکە} \times \text{بڕی بارگەکە}}$$

ئەگەر هێزەکە بە یەکەی نیوتن بپێورێت و بارگەکە بە یەکەی کوڵۆم و خێراییش بە یەکەی مەتر بۆ هەر چرکەیەك بێت، ئەوا یەکەی پێوانی توندی بواری موگناتیسی تێسلا T دەبێت. بە پشت بەستن بەوە ئەگەر بارگەیەکی 1 C بە خێرایی 1 m/s بە ستوونی لەناو بوارێکی موگناتیسیدا بجووڵێت و هێزێکی موگناتیسی بکەوێتە سەر کە بڕەکەی 1N بێت، ئەوا توندی بوارە موگناتیسییەکە 1T دەبێت. زۆربەی بوارە موگناتیسییەکان زۆر لە 1T کەمترن. دەتوانین یەکەی پێوانی بواری موگناتیسی بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسین.

$$T = \frac{N}{C\bullet m/s} = \frac{N}{A\bullet m} = \frac{V\bullet s}{m^2} = \frac{Web}{m^2}$$

موگناتیسەکانی تاقیگە ئاساییەکان دەتوانن بوارێکی موگناتیسی پەیدابکەن کە توندییەکەی بگاتە 1.5 T. هەروەها توانراوە موگناتیسی تێر گەیاندنی وا دروست بکرێت کە توندی بوارە موگناتیسییەکەی بگاتە 30 T. لە کاتێکدا توندی بواری موگناتیسی سەر ڕووی زەوی لە $50\mu T$ $(5\times10^{-5}\ T)$ تێپەڕ ناکات.

یاسای لەپی دەستی ڕاست کە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی هێزە موگناتیسییەکان بەکاردەهێنرێت

تاقیکردنەوەکان وادەردەخەن کە هەمیشە ئاڕاستەی هێزە موگناتیسییەکە ئەستوونە لەسەر هەریەکە لە $\vec{v}$ وە بوارە موگناتیسییەکە $\vec{B}$. بۆ دۆزینەوەی ئەم هێزە، یاسای لەپی دەستی ڕاست بەکاربهێنە، هەروەك لە پێشەوە فێربوویت، با چوار پەنجەکەت بە ئاڕاستەی $\vec{B}$ بێت و پەنجە گەورەکەت بە ئاڕاستەی $\vec{v}$ بێت ئەوا ئاڕاستەی هێزە موگناتیسییەکە $\vec{F}_{\text{موگناتیسی}}$ بەرەو دەرەوەی لەپی دەستت دەبێت. هەروەك لە **وێنەی 5-7** دا دیارە.

ئەگەر بارگەکە نێگەتیف بێت، ئەوا ئاڕاستەی هێزەکە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە دەبێت کە لە وێنەی **5-9** دا دیارە، واتە ئەگەر q نێگەتیف بێت، ئەوا یاسای لەپی دەستی ڕاست بەکاربهێنە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی $\vec{F}_{\text{موگناتیسی}}$ سەر بارگەیەکی پۆزەتیف. پاشان پێچەوانەی بکەرەوە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی هێزەکە لەسەر بارگەی نێگەتیف.



وێنەی 5-7
بەکارهێنانی یاسای لەپی دەستی ڕاست بۆ دۆزینەوەی ئاڕاستەی هێزە موگناتیسییەکەی سەر بارگەیەکی پۆزەتیف.

ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە
شاشەکانی تەلەفزیۆن

هێزی کاریگەری سەر بارگەی جووڵاو لە ناو بواری موگناتیسی بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی وێنە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان. بەشە سەرەکییەکەی ئامێری تەلەفزیۆن، بۆریەکی تیشکە کاسۆدە، واتە بۆریەکی خاڵیکردنەوەیە کە بواری کارەبایی گورزەیەك ئەلیکترۆن دروست دەکات، کاتێك دەکەوێتە سەر شاشەکە، فۆسفۆری سەر شاشەکە دەدرەوشێتەوە.



ئەگەر گورزە ئەلیکترۆنەکە ڕاستەوخۆ بکەوێتە سەر شاشەکە بەبێ موگناتیس ئەوا تەنها یەك خاڵ لە چەقی شاشەکە ڕووناك دەکاتەوە، دەکرێت ئاڕاستەی گورزەکە بەهۆی دوو موگناتیسی کارەباییەوە بجووڵێنرێت یەکێکیان ئاسۆییانە و ئەویتریان شاوڵیانە دەیجوڵێنێت. ئاڕاستەی گورزەکە بەهۆی گۆڕینی ئاڕاستەی تەزووی موگناتیسە کارەباییەکەوە دەگۆڕێت. بەوەش دەتوانین هەربەشێکی شاشەکە کە دەمانەوێت ڕووناك بکەینەوە. لە تەلەفزیۆنە ڕەنگاوڕەنگەکاندا سێ ڕەنگی فۆسفۆری بەکاردەهێنرێت کە ئەوانیش سوور و سەوز و شینن. وە هەروەها سێ گورزەی ئەلیکترۆنی هەیە هەریەکەیان بۆ ڕەنگێك کە لە هەموو شوێنەکانی سەرشاشەکەدا دەجووڵێت بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ.

لە لوولەی تیشکە کاسۆددا، کاسۆد پلێتەیەکی گەرمکەرە لە ناو بۆرییەکی بادەرکێشراودایە کە لە پلێتەی گلۆپێکی داگیرساو دەچێت. تیشکە ڕووناکییەکە لێشاوێك ئەلیکترۆنە لە پلێتەکەوە دەردەچن و بەرەو ناوەوەی لوولە با دەرکێشراوەکە دەچن.

نموونە 5 (د)

تەنۆلکە بارگاوییەکان لەناو بواری موگناتیسیدا

پرسیارەکە

پرۆتۆنێك بەرەو خۆرهەڵات دەجووڵێت، وە بەرەنگاری هێزێکی موگناتیسی دەبێتەوە بڕەکەی **8.8×10^{-19} N** بەرەو سەرەوە، ئەم هێزە بە هۆی بواری موگناتیسی گۆی زەوییەوە پەیدادەبێت، کە لەو خاڵەدا بڕەکەی **5.5×10^{-5} T** یە. خێرایی پرۆتۆنەکە بدۆزەرەوە.

شیکار

1. دەزانم

دراو:

$q = 1.60 \times 10^{-19}$ C $\qquad B = 5.5 \times 10^{-5}$ T

$F_{\text{موگناتیسی}} = 8.8 \times 10^{-19}$ N

نەزانراو: $v = ?$

2. پلان دادەنێم

پێناسەی توندی بواری موگناتیسی بەکاردێنم: دووبارە هاوکێشەکە ڕێکدەخەمەوە بۆ ئەوەی v هەژمار بکەم.

$$B = \frac{F_{\text{موگناتیسی}}}{qv}$$

$$v = \frac{F_{\text{موگناتیسی}}}{qB}$$

3. هەژماردەکەم

$$v = \frac{8.8 \times 10^{-19}\ \text{N}}{(1.60 \times 10^{-19}\ \text{C})(5.5 \times 10^{-5}\ \text{T})} = 1.0 \times 10^{5}\ \text{m/s}$$

تێبینی

دەتوانرێت ئاراستە دراوەکە بەکاربهێنرێت بۆ دڵنیابوونەوە لە یاسای دەستی ڕاست. وا دابنێ تۆ لەم خاڵەدا دەوەستیت و ڕووت لە باکورە. با لەپی دەستی ڕاستت ڕووەو سەرەوە بێت و ئاراستەی هێزەکە بنوێنێت. پەنجە گەورەکەت بەرەو خۆرهەڵات و ئاراستەی خێرایی بنوێنێت. ئەگەر لەپی دەستت و پەنجە گەورەکەت بەو دوو ئاراستەیە بێ ئەوا چوار پەنجەکەت کە بەرەو باکورن ئاراستەی بواری موگناتیسی زەوی دەنوێنێت، وەك لەو بارەدا هەیە.

ڕاهێنانی 5 (د)

تەنۆلکە بارگاوییەکان لەناو بواری موگناتیسیدا

1. ئەلیکترۆنێکی ناو گورزە ئەلیکترۆنێك کە لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دەجووڵێت توندی بوارەکەی 8.3×10^{-2} T ئاراستەکەی بەرەو خۆرئاوایە، هێزێکی بەرەو خوارەوە کەوتە سەر کە بڕەکەی 2.0×10^{-14} N بوو، ئایا بڕی خێراییەکەی چەندە؟ و ئاراستەکەی بۆ کوێیە؟
2. بوارێکی موگناتیسی توندییەکەی 1.5 T ئاراستەکەی بەرەو باکورە ئەلیکترۆنێکی تێدادەجووڵێت شاوڵیانە بەرەو خوارەوە (ڕووەو زەوی) بە خێراییەك بڕەکەی 2.5×10^{7} m/s بوو، بڕو ئاراستەی هێزە کاریگەرەکەی سەری بدۆزەرەوە.



وێنەی 8-5
کاتێك خێرایی $\vec{v}$ تەنۆلکە بارگاویەکە لەسەر بوارە موگناتیسیەکە ئەستونە. تەنۆلکەکە لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەجولێت کە ئاستەکەی لەسەر $\vec{B}$ ئەستونە.

ڕێڕەوێکی بازنەیی بۆ بارگەیەکی ناو بواری موگناتیسی

وا دابنێ تەنۆلکەیەکی بارگە پۆزەتیڤ لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دەجووڵێت و ئاڕاستەی سەرەتا خێراییەکەی لەسەر بوارەکە ئەستونە، هەر وەك لە **وێنەی 8-5** دادیارە. یاسای لەپی دەستی ڕاست ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئاڕاستەی هێزە موگناتیسییەکە $\vec{F}_{موگناتیسی}$ لەسەر بارگەکە q بەرەو لای چەپە، هەروەها یاسای دەستی ڕاست ئەوە نیشاندەدات کە لەهەر خاڵێکدا ئاڕاستەی هێزەکە هەمیشە بەرەو چەقی ڕێڕەوە بازنەییەکە دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا هێزەکە دەبێتە هۆی دروستکردنی جووڵەیەکی بەسوڕ و گۆڕان هەمیشە لە ئاڕاستەی $\vec{v}$ دادەبێت بە تەنها و بەهیچ شێوەیەك برەکەی ناگۆڕێت.

ئێستا وا دابنێ کە بارگەیەکی کارەبایی بەسەرەتا خێراییەك دەجووڵێت و ئاڕاستەکەی لەسەر بوارەکە ئەستون نیە، یەکێك لە پێکنەرەکانی سەرەتا خێراییەکە بە بوارەکە تەریب دەبێت و بوارە موگناتیسییەکە کار لەم پێکنەرەیان ناکات، ئەم بەشەی جووڵەکە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە. بەڵام پێکنەرە ستونیەکەی سەرەتا خێراییەکە جووڵەیەکی بەسوڕ بە تەنەکە پەیدا دەکات، هەروەك لە پێشەوە باسکرا. بەوەش بارگەکە ڕێڕەوێکی لوولپێچی وەردەگرێت کە تەوەرەکەی بە بوارە موگناتیسیەکە تەریبە.

هێزی موگناتیسی سەر گەیەنەرێك کە تەزوی نەگۆڕی پێدادەڕوات

دێتەوە بیرمان کە تەزوی کارەبایی، تەنۆلکەی بارگاوی جووڵاوە. لەبەر ئەوەی هێزی موگناتیسی کاردەکاتە سەر بارگەی جووڵاو لەناو بواری موگناتیسیدا، بۆیە کارکردنە سەر تەلێکی گەیەنەری تەزو هەڵگری دانراو لەناو بواری موگناتیسیدا بە هێزێکی موگناتیسی هیچ سەیرنیە، بەرەنجامی هێزی کاریگەری سەر تەلەکە کۆی هەموو هێزە موگناتیسیە کاریگەرەکانی سەر تەنۆلکە بارگاویە جیاوازەکانیەتی. کاریگەری هێزەکان لەسەر تەنۆلکەکانی تەلەکە بەرەو قوڵایی تەلەکە دەچن بە هۆی بەریەککەوتنی ئەو گەردانەی تەلەکەیان لێپێکهاتووە.

وا دابنێ پارچەیەکی ڕێك لە تەلێك درێژییەکەی l و تەزوویەکی پێدا دەڕوات برەکەی I و لەناو بوارێکی موگناتیسی $\vec{B}$ دا دانراوە، هەروەك لە **وێنەی 9-5** دا هەیە. کاتێك تەزووکە و بوارە موگناتیسیەکە لەسەر یەکتر ئەستون بن، بڕی بەرەنجامی هێزە موگناتیسیەکەی سەر تەلەکە بەم پەیوەندییە دەدرێت:



وێنەی 9-5
گەیەنەرە تەزو هەڵگرەکە هێزێکی ستوونی دەکەوێتە سەر، کاتێك لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دادەنرێت.

هێزی کاریگەری سەر تەلێکی تەزو هەڵگری ئەستون لەسەر بواری موگناتیسی

$$F_{موگناتیسی} = BlI$$

هێزی موگناتیسی = بڕی بواری موگناتیسی × درێژی ئەو بەشەی گەیەنەرەکە کە لەناو بوارەکەدایە × تەزوو

دەکرێت ئاڕاستەی هێزە موگناتیسیەکەی سەر تەلەکە بە بەکارهێنانی یاسای دەستی ڕاست دیاری بکرێت. لەم بارەدا پەنجە گەورە بە ئاڕاستەی تەزوە لە جیاتی خێرایی $\vec{v}$.

لە **وێنەی 9-5** دا ئاڕاستەی هێزی موگناتیسی سەر تەلەکە بەرەو لای چەپە، کاتێکیش ئاڕاستەی تەزو و بوارە موگناتیسیەکە وەك یەك بن یان پێچەوانەبن. هێزە موگناتیسیەکەی سەر تەلەکە سفر دەبێت.

ئەو هێزە ئاڵوگۆڕەی لە نێوان دوو گەیەنەری تەریبی تەزوو هەڵگردا هەیە

لەبەر ئەوەی تەزوی تێپەڕبوو بە گەیەنەردا بواری موگناتیسی تایبەت بە خۆی دروست دەکات، دروستبوونی ئەم بوارە تێکەیشتنی بوونی ئەو هێزە موگناتیسییە ئاڵوگۆڕەی نێوان دووتەلی تەزو هەڵگری تەنیشت یەکتر ئاسان دەکات، کاتێک دوو تەلەکە بە یەکتری تەریب دەبن. ئەوا ئەو بوارەی بە دەوری یەکێکیاندا پەیدا دەبێت ئەستون دەبێت لەسەر ئەو تەزوەی بەوی تریاندا تێپەڕدەبێت. وە بە پێچەوانەشەوە. لەم بارەدا هێزێکی موگناتیسی $F_{\text{موگناتیسی}} = BlI$ کاردەکاتە سەر هەر تەلێکیان. B ئەو بوارە موگناتیسییەیە کە بە دەوری تەلەکەی تریاندا دروست بووە.

وادابنێ دوو تەلی درێژی تەریب بە یەکترمان هەیە. هەروەك لە **وێنەی 5-10** دا دیارە. کاتێك تەزوی هەردوو تەلەکە بە هەمان ئاراستە دەبن دوو تەلەکە یەکتری ڕادەکێشن. بە بەکارهێنانی یاسای دەستی ڕاست لەوە دڵنیابەرەوە. پەنجە گەورەت بە ئاراستەی تەزوبێت و چوارپەنجەکەت بە ئاراستەی ئەوبوارەبێت کە تەزوی تەلەکە دروستی دەکات. دەبینیت ئاراستەی هێزە موگناتیسیەکە (کە لەبەری دەستەوە دەردەچێت) ڕوودەکاتە تەلەکەی تریان. کاتێکیش ئاراستەی تەزووەکان لە دوو تەلەکەدا پێچەوانەی یەکتربن. لە نێوان دوو تەلەکەدا هێزی لێکدوورکەوتنەوە پەیدادەبێت.



وێنەی 5-10
دوو تەلی تەریب تەزوی نەگۆڕیان پێدادەڕوات یەکێکیان بە هێزێك کار لەویتریان دەکات. هێزەکە (أ) کێشکردن دەبێت ئەگەر دوو تەزوەکە بە هەمان ئاراستە بن و (ب) دوورکەوتنەوە دەبێت ئەگەر دوو تەزوەکە دژ ئاراستە بن.

بەکارهێنانی موگناتیس لەدەنگ گەورەکەرەکاندا

دەنگ گەورەکەرەکان لەزۆربەی ئامێرە دەنگییەکاندا، ئەو هێزەی کار لە تەلی تەزو هەڵگردەکات بەکاردێنێت بۆ پەیداکردنی شەپۆلە دەنگییەکان. یەکێك لە جۆرەکانی ئەم دەنگ گەورەکەرانە لە **وێنەی 5-11** دا پیشاندراوە، لە کاغەزێکی جیری شێوە قوچەك پێکهاتووە وبەو کۆیلەوە بەستراوە کە بەکرداری گەورەکردنی دەنگەکە هەڵدەستێت. ئەمەیش بە موگناتیسێکی هەمیشەییەوە بەستراوە. لە سیستەمی دەنگ گەورەکەردا نیشانە دەنگیەکە دەگۆڕێت بۆ نیشانەی کارەبایی گۆڕاو بە هۆی دەنگبەرێکەوە (مایکرۆفۆن). پاشان ئەم نیشانەیە گەورەدەکرێت و دەنێردرێت بۆ دەنگ گەورەکەرەکە، ئەم نیشانە گۆڕاوە دەبێتە هۆی پەیداکردنی هێزێکی موگناتیسی گۆڕاو کە کار لە کۆیلەکە دەکات. ئەم هێزە گۆڕاوەی سەر کۆیلەکە دەبێتە هۆی لەراندنەوەی ئەو قوچەکەی کە پێوەی بەستراوە و لەراندنەوەی قوچەکەکەش تێکچونێك لە چڕی هەواکەی بەردەمیدا دروست دەکات و بەم شێوەیە نیشانە کارەباییەکە بۆ شەپۆلێکی دەنگ دەگۆڕێت کە لە هەمان ئەو شەپۆلە دەنگییە دەچێت کەلەبنەڕەتدا لەسەرچاوەکەوە بەرهەمهاتووە.



وێنەی 5-11
کاتێك برو ئاراستەی تەزوەکە لە کۆیلە گەورەکەی دەنگەکەدا دەگۆڕێت، ئەو قوچەکە دەلەرێتەوە کە بە کۆیلەکەوە بەستراوە، بەوەش شەپۆلە دەنگیەکان دەردەکات.

نموونە 5 (هـ)

هێزی موگناتیسی سەر گەیەنەرێکی تەزو هەڵگر

پرسیارەکە

تەلێك درێژییەکەی 36 m و تەزوێکی پێدادەڕوات تونییەکەی 22 A وە ئاڕاستەی لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆر ئاوا، ئەگەر ئەو هێزەی بە هۆی بواری موگناتیسی زەوییەوە کار لەو تەلە دەکات بۆ خوارەوە (ڕووەو زەوی) بێت و بڕەکەی 4.0×10^{-2} N بێت، ئایا بڕی بواری موگناتیسی لەو خاڵەدا چەندە؟ هەروەها ئاڕاستەکەشی دیاری بکە؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $l = 36$ m $\quad I = 22$ A

$F_{\text{موگناتیسی}} = 4.0 \times 10^{-2}$ N

نەزانراو: $B = ?$

2. پلان دادەنێم

هاوکێشەی هێزی کاریگەری سەرتەلێکی تەزو هەڵگری ئەستون لە سەر بواری موگناتیسی بەکاردێنم.

$$F_{\text{موگناتیسی}} = BlI$$

3. هەژماردەکەم

هاوکێشەکە دووبارە ڕێکدەخەمەوە بۆ ئەوەی B هەژماربەکەم

$$B = \frac{F_{\text{موگناتیسی}}}{l\,I} = \frac{4.0 \times 10^{-2}\ \text{N}}{(22\ \text{A})\ (36\ \text{m})} = 5.0 \times 10^{-5}\ \text{T}$$

بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی $\vec{B}$ یاسای دەستی ڕاست بەکاردێنم ورووە دەکەمە باکورو پەنجەگەورەم بەرەو خۆرئاوا بە (ئاڕاستەی تەزو) وبەری دەستم بەرەو خوارەوەیە (ئاڕاستەی هێزەکە). بەوەش چوارپەنجەکە بەرەو باکوردەبن، لەبەر ئەوە ئاڕاستەی بواری موگناتیسی لە باشورەوە بۆ باکور دەبێت.

ڕاهێنانی 5 (هـ)

هێزی موگناتیسی سەر گەیەنەرێکی تەزو هەڵگر

1. تەلێك درێژییەکەی 6.0 m و تەزوێکی پێدادەڕوات تونییەکەی 7.0 A بە ئاڕاستەی x ی پۆزەتیف. هێزێك کاردەکاتە سەر تەلەکە بڕەکەی 7.0×10^{-6} N بە ئاڕاستەی y نێگەتیف. بڕو ئاڕاستەی ئەو بوارە موگناتیسیە بدۆزەرەوە کە ئەو هێزە دروستی دەکات.

2. تەلێك درێژییەکەی 1.0 m و هێزێکی موگناتیسی بڕەکەی 0.50 N لەسەر بوارە موگناتیسییە ڕێکەکە ئەستونە. ئەگەر تەزوی تێپەڕبوو بە تەلەکەدا 10.0 A بێت، ئایا بڕی بوارە موگناتیسیەکە چەندە؟

3. ئەو هێزە موگناتیسییەی کار لە بەشێکی تولگەیەنەرێکی ڕێکدەکات 1.0 N ئەگەر درێژی ئەو تەلە 0.15 m. تەزوی تێپەڕبووش 4.5 A ، ئایا بڕی پێکنەری ستونی بوارە موگناتیسیەکە لەسەر تەلەکە چەندە؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

گلڤانۆمیتەر Galvanometer



وێنەی 5-12
کاتێکدا تەزو بەو کۆیلەی لەناو بواری موگناتیسی گلڤانۆمیتەرەکەدا دانراوە دەڕوات، دەبێتە هۆی خولانەوەی کۆیلەکە.

گلڤانۆمیتەر دەزگایەکە بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی هەر یەکە لە ڤۆڵتمیتەر (بۆ پێوانی جیاوازی ئەرك) و ئەمیتەر (بۆ پێوانی توندی تەزو). ڕێگەی ئیش کردنی بەندە لەسەر ئەو هێزە موگناتیسییەی کە بواری موگناتیسی کاری پێ دەکاتە سەر تەلی تەزو هەڵگر. **وێنەی 5-12** پێکهاتە سەرەکییەکانی گلڤانۆمیتەر نیشاندەدات. دەزگاکە لە تەلێکی هەڵپێچراو لەسەر پارچە ئاسنێکی گونجاو پێکدێت دەتوانێت بە ئاسانی لەناو ئەو بوارەدا بخولێتەوە کە لە موگناتیسێکی هەمیشەییەوە پەیدابووە. ئەو زەبرەی کار لە کۆیلەکە دەکات لەگەڵ توندی تەزووەکەدا ڕاستەوانە دەگۆڕێت، واتە هەتا تەزوی تێپەڕبوو زیاتربێت زەبری خولێنەری کۆیلەکە زیاتردەبێت پێش ئەوەی زەبرە گەڕێنەرەوەکەی سپرینگەکە بیوەستێنێتەوە. بۆیە لادانی نیشاندەری دەرزی گلڤانۆمیتەرەکە لەگەڵ توندی ئەو تەزوەی کە پیایدا تێپەڕ دەبێت ڕاستەوانە دەگۆڕێت. ئەگەر هیچ تەزوێك بە کۆیلەکەدا نەڕوات ئەوا سپرینگەکە دەرزییەکە دەگەڕێنێتەوە سەر سفر. دوای ڕێکخستنی پێوەری دەزگاکە دەکرێت لەگەڵ بەشی تری سوری کارەبایی وەك ئەمیتەر (بۆ پێوانەکردنی توندی تەزو) یان وەك ڤۆڵتمیتەر (بۆپێوانەکردنی جیاوازی ئەرك) بەکاربهێنرێت.

گلڤانۆمیتەر تەزوە زۆر لاوازەکان دەپێوێت بە یەکەی mA یان μA . بەڵام دەکرێت گلڤانۆمیتەر بکرێت بە ئەمیتەرێك کە تەزوی بەرز بپێوێت ئەویش بە بەستنی بەرگرییەکی زۆر بچووك بە هاوڕێکی لەگەڵیدا. ئەم بەرگرییە پێی دەگوترێت تەزو بەشکەر shunt. ئەم دوانە بە شێوەیەك ڕێکدەخرێن زۆربەی تەزوەکە بە بەرگرییەکەدا بڕوات و تەزوێکی زۆر کەم بە گلڤانۆمیتەرەکەدا بڕوات کە بتوانێت بیپێورێت. هەروەها دەکرێت گلڤانۆمیتەر بگۆڕدرێت بۆ ڤۆڵتمیتەر ئەویش بە بەستنی بەرگرییەکی زۆر گەورە بەدواییەك لەگەڵیدا.

لەبەر ئەوەی جیاوازی ئەرك لەگەڵ بەرگریدا ڕاستەوانە دەگۆڕێت بۆیە زۆرترین جیاوازی ئەرك لە نێوان جەمسەرەکانی بەرگرییەکەدا دەبێت و جیاوازییەکی ئەرکی زۆرکەم لەسەر جەمسەرەکانی گلڤانۆمیتەرەکە دەبێت. بەوەش تەزوی ئەم لقە زۆر لاوازدەبێت چونکە نرخی بەرگرییە دواییەکەکە زۆر گەورەیە.

پێداچوونەوەی بەندی 5-3

1. تەنۆلکەیەك بارگەکەی 0.030 C و هێزێکی موگناتیسی کاردەکاتە سەری بڕەکەی 1.5 N، کاتێك بە ستوونی لەناو بوارێکی موگناتیسی ڕێکدا دەجولێت. ئەگەر خێرایی تەنۆلکەکە 620 m/s بێت ئایا بڕی ئەو بوارە موگناتیسیە چەندە کە تەنۆلکەکە لەناویدا دەجولێت؟

2. ئەلەکترۆنێك لەناو بوارێکی موگناتیسی ڕێکدا بەرەو باکور دەجولێت، ئەگەر ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیەکە بەرەو خۆر هەڵات بێت، ئایا ئاڕاستەی ئەو هێزە موگناتیسیەی کار لە ئەلەکترۆنەکە دەکات چەندە؟

3. تەلێکی ڕێك درێژییەکەی 25 cm و تەزویەکی پێدادەڕوات توندییەکەی 5.0 A. ئەگەر تەلەکە لەناو بوارێکی موگناتیسیدا بەستونی دابنرێت و توندی بوارەکە 0.60 T بێت، ئایا بڕی هێزە موگناتیسیە کاریگەرەکەی سەر تەلەکە چەندە؟

4. ئەلەکترۆنەکان لە دوو تەلی تەریبدا بەهەمان ئاڕاستە دەجولێن، ئایا هێزی نێوانیان کێشکردنە یان لە یەکتر دوورکەوتنەوەیە؟

5. **لێکدانەوەی هێڵکارییەکان**: ئاڕاستەی هێزی موگناتیسی سەر ئەو تەلە تەزو هەڵگرەی **وێنەی 5-13** چۆنە؟



وێنەی 5-13

ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە

وێنەگرتن بەزرنگانەوەی موگناتیسی

وێنەگرتن بە زرنگانەوەی موگناتیسی، یان MRI. تەکنیکێکە لە بوارەکانی پزشیکیدا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەکاردێت. MRI ڕێگە بە پزیشکەکان دەدات کە وێنەی دوو دووری بۆ سامپڵە سێ دوورییەکانی بەشەکانی لەشی مرۆڤیان دەست بکەوێت. MRI لە بواری پزیشکیدا بە خێرایی پەرەی سەندووە، چونکە MRI وێنەی وردوو ڕوون دەدات، کە هاوبەشی دەکات لە لێکۆڵینەوەی جۆرە جیاوازەکانی شانەدا، بە پێی بەکارهێنانە داواکراوەکان. هەروەها MRI لە وێنەگرتنی چین چینی تەوەرەیی (CAT) کە تیایدا مرۆڤ تیشکە Xی زۆری بەردەکەوێت. بێ مەترسی ترە.

دەزگای MRI وەك شەشپاڵوویەکی گەورە دەردەکەوێت کە درێژی هەرلایەکی لە نێوان دوو مەترو سێ مەتردایە، بۆشاییەکی لوولەك شێوەی تێدایە بۆ چونە ژوورەوەی نەخۆش بۆ ناو دەزگاکە وەك لە وێنەکەدادیارە. دەزگای MRI بوارێکی موگناتیسی دروست دەکات توندییەکەی لە نێوان 0.5 T و 2.0 T دایە، ئەوەش توندییەکە دەتوانێت ئەو زانیاریانە دەربارەی کارتی زانیاری بپشکنێت یان دەتوانێت قەڵەم لە گیرفان دەربهێنێت. لەهەر شوێنێکدا کە ئامێرەکەی لێیە. لەبەر ئەوەی بەرگری دەبێتە هۆی بە فیرۆچونی برێکی زۆر لە وزە بە شێوەی گەرمی لەناو موگناتیسە کارەباییەکەدا. بۆیە لەکاتی دروستکردنی بواری موگناتیسی گەورەدا موگناتیسە کارەباییەکان لە زۆربەی دەزگاکانی MRI دا تەلی وایان تێدایە کە توانای تێر گەیاندنیان هەیە و بەرگرییەکەیان سفرە.

دروستبوونی وێنە لە دەزگای MRI دا پشت بە ڕەفتاری گەردیلە لە ژێر بواری موگناتیسیدا دەبەستێت. لە بواری موگناتیسی توندی زۆردا، ناوکی گەردیلەکان ئارەزوو دەکەن بە ئاراستەی بوارەکە ڕێزببن. ئەم ڕەفتارە بە تایبەتی گەردیلەکانی هایدرۆجین هەیانە، کە ئەوانیش بەربلاوترین گەردیلەی ناو لەشی مرۆڤن. موگناتیسە بنچینەییەکە لە سیستمی MRI دا بوارێکی موگناتیسی بەهێز وڕێك بەرهەمدێنێت، کار لەو بەشەی لەشی مرۆڤ دەکات کە پشکنینی بۆ دەکرێت، ئەم بوارە وا لەناوکی گەردیلەکانی هایدرۆجینی ناو لەشی مرۆڤ دەکەن کە بە ئاراستەی بوارەکە ڕیزببن. بەوەش موگناتیسی بچوك کە پێیان دەگوترێت (موگناتیسەکانی لادان) ئیشیان پێدەکرێت و لە کاردەخرێن ئەم موگناتیسانە گۆڕانەکان و پرتە بچوکەکان لەناو بوارە موگناتیسیە گشتییەکەدا دروست دەکەن، ئەم پرتانە پاڵ بە گەردیلەکانی هایدرۆجینەوە دەنێن و لە ڕیزبوونەکەی خۆی لایان دەدەن دوای لاچونی پرتەکە ناوکەکان دووبارە ڕیزدەبنەوە بەوەش شەپۆلی کارۆموگناتیسی لە سنوری لەرەلەرە ڕادیۆییە و بێ تەلەکان دەردەکەون. پشکنەرەکان (ڕامالەکان) لە ناو دەزگای MRI دا ئەم شەپۆڵە ڕادیۆییانە کەشف دەکەن و کۆمپیوتەرەکەش دەیانکات بە وێنە. دەکرێت جۆرە جیاوازەکانی خانە بە هۆی دەزگای MRI ەوە ببینرێت، ئەویش بە پێی لەرەلەرو ماوەی کارکردنی پرتەکانەوە.



موگناتیسی وێنەگرتن لە زۆربەی دەزگاکانی MRI دا، لە جۆرێك مادەی تێر گەیاندنە. ئەم موگناتیسانە گرانترین پارچەی دەزگای MRI ن.

دەزگای MRI بە شێوەیەکی باش لە وێنەگرتنی دەماغ، لە شانەکانی پشتەدەماردا بەکار دەهێنرێن. هەروەها دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئیشکردنی دەماغ و هەڵئاوسانە شێرپەنجەییەکان و ڕەقبونی گەدەو کێشەکانی تری دەماردا بەکار بهێنرێت. هەروەها MRI بەکاردێت بۆ دروستکردنی وێنە بۆ لولە خوێنەکان بەبێ دەرکەوتنی شانەکانی دەوروبەری، لەوانەیە ئەم وێنانە لە لێکۆڵینەوەی کۆئەندامی خوێندا بەسودبن. گرنگترین خراپیەکانی دەزگای MRI گرانی نرخەکەیەتی. بێجگە لەوەی کە ناتوانرێت ئەم تەکنیکە بۆ هەندێك نەخۆش بەکاربهێنرێت.



www.ferkar.krd
0751 960 70 80

پوختەی بەشی 5

زاراوە بنچینەییەکان

بواری موگناتیسی
(لا 128) Magnetic field

ئاراستەداری ڕووبەر
(لا 129) Area vector

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 5-1 بوارە موگناتیسییەکان

- جەمسەرە لە یەکچووەکان دووردەکەونەوە و جەمسەرە جیاوازەکان یەکتر کێشدەکەن.
- ئاراستەی بواری موگناتیسی بەو ئاراستەیە پێناسە دەکرێت کە جەمسەری باکوری موگناتیسێکی دانراو لەناو بوارێکدا ئاماژەی بۆ دەکات. بواری موگناتیسێك لە جەمسەری باکوری موگناتیسێکەوە دەردەچێت بەرەو جەمسەرە باشورەکەی.

بەندی 5-2 موگناتیسی پەیدابوو لە کارەباوە

- بواری موگناتیسی بە دەوری تەلێکی گەیەنەری تەزو هەڵگردا دروست دەبێت، شێوەی ئەم بوارە بازنەیی دەبێت بە دەوری تەلەکەدا.
- بواری موگناتیسی پەیدابوو لە کۆیلێکی لوولپێچی یان کۆیلێکی بازنەییەوە لە بواری موگناتیسێکی هەمیشەیی دەچێت.

بەندی 5-3 هێزی موگناتیسی

- دەکرێت ئاراستەی ئەو هێزەی کارلە بارگەیەکی پۆزەتیڤی جووڵاو لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دەکات، بە بەکارهێنانی یاسای لەپی دەستی ڕاست دیاری بکرێت.
- تەلی تەزو هەڵگری دانراو لەناو بواری موگناتیسیدا، هێزێکی موگناتیسی دەکەوێتە سەر، دەکرێت ئاراستەی ئەم هێزە بە بەکارهێنانی یاسای دەستی ڕاست دیاری بکرێت.
- دوو تەلی تەزو هەڵگری تەریب یەکێکیان بەهێزێك کار لەوی تریان دەکات بە دوو هێزی یەکسان لە بڕو پێچەوانە لە ئاراستەدا. ئەگەر تەزووەکان بەهەمان ئاراستەبن ئەوا دوو تەلەکە یەکترکێشدەکەن وە ئەگەر تەزووەکان دژ بە یەکتربن تەلەکان لە یەکتری دوور دەکەونەوە.

هێمای گۆڕاوەکان

هێندەکە	هێماکەی	یەکەکەی	یەکە هاوتاکان
بواری موگناتیسی	$\vec{B}$	T (تسێلا)	$\frac{N}{C\bullet m/s} = \frac{N}{A\bullet m}$
هێزی موگناتیسی	$\vec{F}_{\text{موگناتیسی}}$	N (نیوتن)	$\frac{kg\bullet m}{s^2}$
درێژی گەیەنەرەکە لەناو بوارەکەدا	l	m (مەتر)	

هێما ڕوونکردنەوەییەکان

ئاراستەداری بواری موگناتیسی	↑
بواری موگناتیسی بەرەو ناو پەڕەکەیە	✕
بواری موگناتیسی بەرەو دەرەوەی پەڕەکەیە	●



پێداچوونەوەی بەشی 5

پێیدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

بوارە موگناتیسیەکان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

1. کەمترین ژمارەی جەمسەرە موگناتیسیەکانی موگناتیس چەندە؟

2. کاتێك موگناتیسێك دەکرێت بە دوو کەرتەوە، ژمارەی جەمسەرەکانی هەر کەرتێکیان چەندە؟

پرسیاردەربارەی چەمکەکان

3. دوو تولّە ئاسن و کلافەیەك دەزوت هەیەو یەکێك لە دوو تولّە ئاسنەکە موگناتیسی بووەو ئەوی تریان موگناتیسی نیە، چۆن دەستنیشانی تولّە بە موگناتیس بووەکەیان دەکەیت؟

4. بۆچی موگناتیسێکی زۆر بەهێز هەردوو جەمسەرەکەی موگناتیسێکی لاواز کێش دەکات؟

موگناتیسی پەیدابوو لە کارەباوە

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

5. تەلێك تەزوی پێدادەڕوات، جووڵەی ئەلیکترۆنەکانی ناو بەشێکی تەلەکە لە خۆر هەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوایە. ئەگەر قیبلەنمایەك لەسەر ئەم بەشەی تەلەکە دابنێیت، بەکام ئاڕاستە لادەدات؟ (تێبینی: تەزوی کارەبایی بە ئاڕاستەی جووڵەی بارگە پۆزەتیڤەکان دەناسرێنەوە).

6. ئەو هۆکارانە کامانەن کە توندی بواری موگناتیسی کۆیلێکی لوولپێچیان لەسەر بەندە؟

پرسیاردەربارەی چەمکەکان

7. هەردوو لای کۆیلێکی لوولپێچ A و B بە دەزوویەکەوە هەڵواسران، بە شێوەیەك کە کۆیلەکە دەتوانێت لە ئاستێکی ئاسۆییدا بخولێتەوە. تەزویەکی کارەبایی بەکۆیلەکەدا دەڕوات و ئەلیکترۆنەکان بە ئاڕاستەی خولانەوەی میلی کاتژمێر دەخولێنەوە. ئەگەر لەلای A وە بەرەو لای B بڕوانین، ئایا کۆیلەکە چۆن لەبواری موگناتیسی زەویدا دەوەستێت؟

8. ئایا دەکرێت پێچێکی بازنەیی تەزو هەڵگر بە شێوەیەك لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دابنرێت کە توشی هیچ خولانەوەیەك نەبێت؟

9. ئەگەر کۆیلێکی لوولپێچ بە دەزویەکەوە هەڵبواسرێت، بەجۆرێك بتوانێت بەسەربەستی بخولێتەوە. ئایا دەکرێت ئەم کۆیلە وەك قیبلەنمایەك بەکاربهێنرێت کاتێك تەزوی پێدابڕوات؟ ئەگەر تەزوی گۆڕاو بەو کۆیلەدا بڕوات ئایا دەکرێت بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنرێت؟

هێزی موگناتیسی

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

10. دوو تەنۆلکەی بارگاوی لەناو بوارێکی موگناتیسیدا بە ستونی دەجووڵێن. ئەگەر هەردوو بارگەکە بە دوو ئاڕاستەی دژ بەیەکتر بجووڵێن. چی دەربارەیان دەرئەنجام دەکەیت؟

11. وادابنێ کە ئەلیکترۆنێك بەدوای پرۆتۆنێك کەوتووە بەرەو سەرەوەی ئەم پەڕەیە دەجووڵێت. لەو کاتەشدا کتوپڕ بوارێکی موگناتیسی بەرەو ناوەوەی پەڕەکە خرایە سەریان، ئایا چی لە دوو تەنۆلکەکە دێت؟

12. بۆچی کە موگناتیسێك لە شاشەی تەلەفزیۆن نزیك دەکەیتەوە وێنەی سەر شاشەکە دەشێوێت؟

13. پرۆتۆنێك ئاسۆییانە دەجووڵێت و دەچێتە ناوبوارێکی موگناتیسی ڕێك کە ئەستونە لەسەر ئاڕاستەی جووڵەی پرۆتۆنەکە. هەر وەك لە وێنەیەدا دیارە. وەسفی جووڵەی پرۆتۆنەکە بکە لەناو بوارەکە؟ ئەگەر لەجیاتی پرۆتۆنەکە ئەلیکترۆنێك بچێتە ناو بوارەکەوە جووڵەکەی چۆن دەبێت؟



14. ڕوونیبکەرەوە بۆچی کاتێك تەزو بە دوو ئاڕاستەی دژ بەیەکتر بە دوو تەلی تەریبدا دەڕوات. تەلەکان لەیەکتر دوور دەکەونەوە؟

15. ئایا بواری موگناتیسی دەتوانێت جووڵە بە ئەلیکترۆنێکی وەستاو بکات، وەڵامەکەت لێکبدەرەوە.

Ferkar

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

16. لە ساتێکی دیاریکراودا پرۆتۆنێك بە ئاڕاستەی تەوەرەی xی پۆزەتیڤ دەردەچێت، لەناو بوارێکی موگناتیسیدا کەبە ئاڕاستەی تەوەرەی z ی نێگەتیڤە. ئاڕاستەی هێزە موگناتیسیە پەیدابووەکە چۆنە؟ ئایا پرۆتۆنەکە لەجووڵەکەی لەسەر تەوەرەی xی پۆزەتیڤ بەردەوام دەبێت؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

17. لە هەریەك لەم بارانەی خوارەوەدا، ئاڕاستەی جووڵەی تەنۆلکە بارگاویە پۆزەتیڤە جووڵاوەکەو ئاڕاستەی هێزە موگناتیسیە پەیدا بووەکە بەکاربهێنە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیەکە.



پرسیاردەربارەی چەمکەکان

18. لێشاوێك ئەلیکترۆن ئاسۆییانە بەرەو لای ڕاست هاوێژرا، تەلێکی تەزوو هەڵگری ڕاست لەسەر ئەلیکترۆنەکان و تەریب بە جووڵەکەیان دانرا.

أ. چ کارێك لە لێشاوە ئەلیکترۆنیەکە دەکات ئەگەر تەزو بە تەلەکەدا لە چەپەوە بۆ ڕاست بجووڵێت؟

ب. ئەگەر ئاڕاستەی تەزو پێچەوانە بێتەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەلیکترۆنەکان هەیە؟

19. ئەگەر تەلەکەی پرسیاری 18 بە موگناتیسێك بگۆڕدرێت کە ئاڕاستەی بوارەکەی بەرەو باشوور بێت. ئایا چ کاریگەرییەکی لەسەر لێشاوە ئەلیکترۆنیەکە هەیە؟

20. لەکاتی دروستکردنی سورە کارەبایەکەدا، دوو تەل کە دوو تەزوی دژ ئاراستەو بڕ یەکسانیان پێدا دەڕوات لەسەر یەکتر پێچراون. بۆچی ئەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەر بوارێکی موگناتیسی نەویستراو لەسوڕەکەدا؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

21. پرۆتۆنێك بەرەو خۆرهەڵات دەجووڵێت لە ڕووتەختی کەمەرەی موگناتیسی زەویدا، بوارە موگناتیسیەکەی زەوی بە ئاڕاستەی باکورە و بڕەکەی 5.0×10^{-5} T دەبێت. پرۆتۆنەکە بە چ خێراییەك بجووڵێت تا هێزە موگناتیسیەکە هاوتای هێزی کێشکردنی زەوی بێت لەسەر پرۆتۆنەکە؟

22. تۆڵێکی مسی باریك درێژییەکەی 1.00 m، و بارستاییەکەی 50.0 g، و لە ناو بوارێکی موگناتیسی ڕێکدا دانرا، تێپەڕبوونی تەزوویەکی 0.245 A بە تۆڵەکەدا دەبێتە هۆی هاوسەنگ ڕاگرتنی لە بوارە موگناتیسییەکەدا. ئایا توندی بوارە موگناتیسییەکە چەندە؟

23. دەمانەوێت ئەمیتەرێك کە بەرگرییەکەی 5 Ω بێت بۆ پێوانی تەزویەکی کارەبایی بەکاربهێنرێت توندییەکەی 10 A، بەڵام ئەم ئەمیتەرە دەتوانێت ئەو تەزوانە بپێوێت کە لە نێوان (0 و 1 A) دایە بڕی ئەو بەرگرییەی کە پێویستە لەگەڵ ئەمیتەرەدا ببەسترێت چەندە تا بتوانرێت بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێت؟

پێداچوونەوەی گشتی

بزانە بارگەی پرۆتۆن 1.60×10^{-19} C و بارستاییەکەی 1.67×10^{-27} kg .

24. پرۆتۆنێك ئاسۆییانە بە خێرایی 2.50×10^{6} m/s بە ستونی لەسەر بوارێکی موگناتیسی دەجووڵێت.

أ. توندی ئەو بوارە موگناتیسیە داواکراوە چەندە؟ بۆ ئەوەی کێشی پرۆتۆنەکە بە تەواوی هاوسەنگ بێت و لە جووڵە ئاسۆییەکەیدا بمێنێتەوە؟

ب. ئایا ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیەکە ئاسۆیە یان شاوڵیە؟

25. A و B دوو تەلی درێژی تەریبن، لە نێوانیاندا ماوەی 1 m هەیە، دوو تەزوی دژ ئاڕاستەیان پێدادەڕوات. ئەگەر تەزوی تەلی A یەکسان بێت بە سێیەکی تەزوی تەلی B $(I_A = \frac{1}{3} I_B)$، شوێنی ئەو خاڵە لەسەر هێڵی ئەستونی سەردوو تەلەکە دیاری بکە کە تیایدا بەرەنجامی بوارە موگناتیسیەکە یەکسانە بە سفر؟

26. دوو کۆیلی بازنەیی هەمان چەقیان هەیە و دەکەونە یەك ڕووتەختەوە، ئەگەر کۆیلە ناوەکیەکە 120 پێچ و نیوە تیرەکەی 0.012 m بێت و تەزوی 6A، پێدابڕوات، و کۆیلە دەرەکیەکەش 150 پێچە و نیوەتیرەکەی 0.017 m . ئایا توندی تەزو و ئاڕاستەکەی لە کۆیلی دەرەکیدا دەبێت چۆن بێت، تا بەرەنجامی بواری موگناتیسی لە چەقەکەیدا بکاتە سفر؟

27. ئاڕاستەی هێزی موگناتیسی سەر پرۆتۆنێك دیاری بکە، کاتێك لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دەجووڵێت، لەهەریەك لەم چوار بارەی خوارەوەدا.



www.ferkar.krd
0751 960 70 80

28. پرۆتۆنێك بە خێرایی 2.0×10^7 m/s و بە ستونی لەسەر بوارێکی موگناتیسی دەجووڵێت کە تونديیەکەی 0.10 T بڕی تاودانی پرۆتۆنەکە دیاری بکە.

29. پرۆتۆنێك بە ستونی لەناو بوارێکی موگناتیسی ڕێکدا دەجووڵێت، خێراییەکەی 1.0×10^7 m/s و تاودانێك پەیدادەکات بڕەکەی 2.0×10^{13} m/s^2 بە ئاڕاستەی x پۆزەتیڤ، لەوکاتەدا کە خێراییەکەی بە ئاڕاستەی z پۆزەتیڤ بێت، بڕی بواری موگناتیسی و ئاڕاستەکەی بدۆزەرەوە.

30. پرۆتۆنێك بەخێرایی 3.0×10^6 m/s و بە گۆشەی 37° خۆر ئاوای باکور لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دەجووڵێت کە بڕەکەی 0.30 T و ئاڕاستەکەی بەرەو باکورە. ئەمانە بدۆزەرەوە:

أ. بڕی هێزە موگناتیسییەکەی سەر پرۆتۆنەکە.

ب. ئاڕاستەی هێزە موگناتیسییەکەی سەر پرۆتۆنەکە.

ج. تاودانی پرۆتۆنەکە لەکاتی جووڵەکەی لەناو بوارەکەدا.

(تێبینی: ئەو هێزە موگناتیسییەی کار لە پرۆتۆنەکە دەکات لەناو بوارە موگناتیسییەکەدا لەگەڵ پێکنەرە ستوونیەکەی خێرایی پرۆتۆنەکە لەسەر بوارە موگناتیسیەکە دەگونجێت.

31. تەزوێك تونديیەکەی $I = 15$ A بە ئاڕاستەی تەوەرەی xی پۆزەتیڤ، بە ستونی لەسەر بوارێکی موگناتیسی ڕێك بەتەلێکدا دەڕوات، هێزێك دەکەوێتە سەر یەکەی درێژەی تەلەکە بڕەکەی 0.12 N/m و بە ئاڕاستەی تەوەرەی y نێگەتیڤ. بڕو ئاڕاستەی بواری موگناتیسی ئەو شوێنەی تەزووەکەی پێدا دەڕوات هەژمار بکە.

32. پرۆتۆنێك هێزێکی موگناتیسی دەکەوێتە سەر بڕەکەی 4.5×10^{-21} N. کاتێك بەستونی لەسەر بوارێکی موگناتیسی دەجووڵێت تونديیەکەی 3.5 mT ئەمانە هەژماربکە.

أ. خێرایی پرۆتۆنەکە.

ب. جووڵە وزەی پرۆتۆنەکە.

33. ئایۆنێك بارستاییەکەی 6.68×10^{-27} kg بارگەیەکی پۆزەتیڤی هەڵگرتووە، بە ونکردنی ئەلەکترۆنێك. و بەئاڕاستەی میلی کاتژمێر دەجولێت، بەخێراییەك بڕەکەی 1.00×10^4 m/s، جولەی ئایۆنەکە لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەبێت کە نیوە تیرەکەی 3.00 cm. بڕو ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیە ڕێکەکە بدۆزەرەوە. کە ئایۆنەکە تیایدا دەجولێت؟

(تێبینی: ئەو هێزە موگناتیسیەی کار لە ئایۆنە پۆزەتیڤەکە دەکات چەقە هێزە و خێراییەکەی لێکەوتە خێراییە).

34. ڤۆڵتمیتەرێکی کۆیل خولاوە ئەو جیاوازی ئەرکانە دەپێوێت کە لە نێوان 0 و 5 V دایە:

أ. ئەگەر بەرگری ڤۆڵتمیتەرەکە 500 Ω بێت. توندی تەزوی تێپەڕبوو بدۆزەرەوە کاتێك خوێندنەوەی ڤۆڵتمیتەرەکە 5V بێت.

ب. دەمانەوێت ئەم ڤۆڵتمیتەرە بۆ پێوانی جیاوازی ئەرکی زیاتر لە 5V بەکاربێنین. بڕی ئەو بەرگرییە چەندە کە پێویستە دواییەك لەگەڵ ڤۆڵتمیتەرەکەدا ببەسترێت بۆ پێوانی جیاوازی ئەرکێك بڕەکەی 30 V و 150 V بێت.

Ferkar

پڕۆژە و ڕاپۆرتەکان

1. لە گەشتێکی مەیدانی قوتابخانەکەتدا، پارچە کانزایەکی بازنەییت دۆزیەوە کە پارچەی بچوکی ئاسنی کێش دەکرد ڕێگەیەك دیزاین بکە بۆ دڵنیابوون لەوەی تەنەکە موگناتیسیە، و جەمسەرەکانیشی دیاری بکە. سنورداریتی ڕێگەکەت وەسف بکە، چ کەرستەیەکت پێویستە بۆ ئەو مەبەستە؟ چۆن دەگەیتە ئەنجامەکانت؟ هەموو ئەو ئەنجامانە بلێ کە دەتوانیت بەدەستیان بهێنیّ هەروەها ئەو هەڵهێنجانەی دەتوانیت بیانگەیتێ لەهەر ئەنجامێکەوە.

2. زەنگ و ئامێرەکانی تەلەفۆن و گەورەکەری دەنگ و بزوێنەری ئامێرەکانی ناو ماڵ پەیدا بکە، بۆ ئەوەی بیانکەیتەوە و بیانناسی. پێکهاتە میکانیکی و کارۆموگناتیسییەکان لە یەکتر جیا بکەرەوە، باسی چۆنیەتی بەیەکەوە بەستنیان بکە. چۆن ئەم پێکهاتانە بواری موگناتیسی پەیدادەکەن؟ لە شێوەی چەند گروپێکی هاریکاردا ئەنجامەکان دەربارەی ئامێرە جیاوازەکان وەسف بکەو ڕێکیان بخە و لە پێشانگایەکدا بەناوی (جیهانی ئامێرە کارۆموگناتیسییەکان)ەوە پیشانیان بدەن.

3. لە هەندێك مانگی دەستکردا، لە جیاتی کۆیلی زەبرەکان دەزگایەك بەکاردێت پێی دەگوترێت تولەکانی زەبر. لە تولەکانی زەبردا مادەیەکی موگناتیسی ئاسنی دەخرێتە ناو کۆیلێکەوە. بۆچی تولەکانی زەبر بوارێکی موگناتیسی گەورەتر لە کۆیلەکانی زەبر دروست دەکەن؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



هەڵسەنگاندنی بەشی 5

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

1. چۆن بڕی بواری موگناتیسی لەناو کۆیلێکی لوولپێچدا زیاددەکرێت؟

أ. بە زیادکردنی ژمارەی پێچەکانی لە یەکەی درێژیدا.

ب. بەزیادکردنی تەزوو.

ج. بە دانانی تولّە ئاسنێك لەناو کۆیلەکەدا.

د. هەموو ئەوانەی سەرەوە.

ئەم وێنەیەی خوارەوە بەکاربهێنە بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری 2 و 3 .



2. کاتێك ئەلیکترۆن دەچێتە ناو بوارێکی موگناتیسی چۆن دەجووڵێت؟

أ. بەرەو لای ڕاست لادەدات و پاشان بە هێڵێکی ڕاست دەڕوات، بەرەو لای ڕاست.

ب. بەرەو لای چەپ لادەدات پاشان بەرەو لای چەپ بە هێڵێکی ڕاست بەردەوام دەبێت.

ج. لەسەر ڕێڕەوێکی نیوە بازنەیی دەجووڵێت بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر.

د. لەسەر ڕێڕەوێکی نیوە بازنەیی دەجووڵێت بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر.

3. بڕی هێزی موگناتیسی سەر ئەلیکترۆنێك چەندە کاتێك دەچێتە ناو بوارێکی موگناتیسییەوە؟

أ. qvB ج. $\frac{q}{vB}$

ب. $-qvB$ د. BIl

4. تەنۆلکەیەکی ئەلفا $(q = 3.2 \times 10^{-19}\ \text{C})$ بەخێرایی $2.5 \times 10^{6}\ \text{m/s}$ بە ستونی لەسەر بوارێکی موگناتیسی بڕەکەی $2.0 \times 10^{-4}\ \text{T}$ دەجووڵێت بڕی هێزە موگناتیسیە کاریگەرەکەی سەر تەنۆلکەکە چەندە؟

أ. $1.6 \times 10^{-16}\ \text{N}$ ج. $4.0 \times 10^{-9}\ \text{N}$

ب. $-1.6 \times 10^{-16}\ \text{N}$ د. سفر

ئەم دەقەی خوارەوە بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری 5 و 6 بەکاربهێنە.

تەلێك درێژییەکەی $25\ \text{cm}$ و تەزوویەکی پێدا دەڕوات توندییەکەی $12\ \text{A}$ بە ئاڕاستەی لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، بڕی بوارە موگناتیسی زەوی لەدەوروبەری تەلەکەدا $4.8 \times 10^{-5}\ \text{T}$ و ئاڕاستەکەی لە باشورەوە بۆ باکورە.

5. بڕی هێزی موگناتیسی کاریگەری سەر تەلەکە چەندە؟

أ. $2.3 \times 10^{-5}\ \text{N}$ ج. $2.3 \times 10^{-3}\ \text{N}$

ب. $1.4 \times 10^{-4}\ \text{N}$ د. $1.4 \times 10^{-2}\ \text{N}$

6. ئاڕاستەی هێزی موگناتیسی کاریگەری سەر تەلەکە چۆنە؟

أ. باکور ج. بۆسەرەوە، دوور لەزەوی

ب. باشور د. بۆ خوارەوە،بەرەو زەوی

ئەم وێنەیەی خوارەوە بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری 9-7 بەکاربهێنە



تەلی 1 تەزوی I_1 پێدادەڕوات و بواری موگناتیسی B_1 پەیدادەکات.

تەلی 2 تەزوی I_2 پێدادەڕوات و بواری موگناتیسی B_2 پەیدادەکات.

7. ئاڕاستەی بواری موگناتیسی B_1 لە خاڵەکانی سەر تەلی 2 دا چۆنە؟

أ. بەرەو لای چەپە.

ب. بەرەو لای ڕاستە.

ج. بەرەو ناوەوەی پەڕەکەیە.

د. بەرەو دەرەوەی پەڕەکەیە.

ferkar

8. ئاڕاستەی هێزە کاریگەرەکەی سەر تەلی 2 بە هۆی بواری موگناتیسی B_1 چۆنە؟
أ. بەرەو لای چەپە.
ب. بەرەو لای ڕاستە.
ج. بۆ ناو پەڕەکەیە.
د. بۆ دەرەوەی پەڕەکەیە.

9. بڕی هێزی موگناتیسی کاریگەری سەر تەلی 2 چەندە؟
أ. $B_1 I_1 l_1$
ب. $B_1 I_1 l_2$
ج. $B_1 I_2 l_2$
د. $B_2 I_2 l_2$

ئەو پرسیارانەی وەڵامی کورتیان هەیە

10. چۆن یاسای دەستی ڕاست بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی بواری موگناتیسی دەوری تەلێکی گەیەنەر بەکاردەهێنرێت؟ باسی بکە.

11. هێلکارییەك وێنە بکێشە، ڕێڕەوی بارگەیەکی پۆزەتیڤ نیشانبدات کە لە ڕووتەختی پەڕەکەدا لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دەجولێت، ئاڕاستەکەی بۆ دەرەوەی پەڕەکەیە.

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژیان هەیە

12. پرۆتۆنێك $(m = 1.7 \times 10^{-27}\ \text{kg}$، $q = 1.6 \times 10^{-19}\ \text{C})$ لەناو بوارێکی موگناتیسی ڕێکدا کە بڕەکەی $0.25\ \text{T}$ لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر دەجولێت بە لێکەوتە خێراییەکی $2.8 \times 10^5\ \text{m/s}$.
أ. ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیەکە چۆنە؟ ئەو ڕێگەیەی ئەوەت پێ دیاریکرد ڕوونبکەرەوە.
ب. نیوەتیرەی ڕێڕەوە بازنەییەکە چەندە؟

تێبینی

لە کتێبەدا کە دەڵێت بۆسەرەوە *(Up Ward)* مەبەستی دەرەوەی پەڕەکەیە، وە کە دەڵێت بۆ خوارەوە *(Down Ward)* مەبەستی ناو پەڕەکەیە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بـــەشـــی 6

کارۆموگنەکاری
«هاندانی کارۆموگناتیسی»
Electro Mognatic Induction



لەرینەوەی ژێیەکانی گیتاری کارەبایی لە نزیك کۆیلێکەوە کە بە مایکرۆفۆن ناودەبرێت بوارە موگناتیسییەکە دەگۆڕێت. ئەوەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی تەزویەکی موگنەکار لە کۆیلەکەدا، هەرئەو تەزووەشە کە گەورەدەکرێت و دەنگی گیتارە کارەباییەکە دروست دەکات.

ئەوەی کە پێشبینی بەدیهێنانی دەکرێت

لەم بەشەدا ئەوە فێر دەبیت کە چۆن کارۆموگنەکاری دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تەزوە گۆڕاوەکان و چۆنیش دەپێورێن، هەروەها بە شەپۆلە کارۆموناتیسیەکان و شەبەنگی کارۆموگناتیسیش ئاشنا دەبیت.

گرنگییەکەی چییە

گیتارە کارەباییەکان چەند جۆرێکی جیاوازیان هەیە ئەوانیش مایکرۆفۆنی جیاجیایان هەیە، بەڵام لە هەموویاندا تەزوی کارەبایی بەهۆی کرداری کارۆموگنەکارییەوە پەیدادەبێت. تێگەیشتنی کارۆموگنەکاری کارێکی پێویستە بۆ دیزاینکردنێکی باشی گیتاری کارەبایی.

ناوەڕۆکی بەشی 6

1 کارەبای پەیدابوو لە موگناتیسەوە.
- کارۆموگنەکاری (هاندانی کارۆموگناتیسی)
- خاسیەتەکانی تەزوی موگنەکار.
- خود موگنەکاری.

2 دینەمۆکان و مۆتۆڕەکان و ئاڵوگۆڕە موگنەکاری
- دینەمۆکان و تەزوی گۆڕاو
- مۆتۆڕەکان
- ئاڵوگۆڕە موگنەکاری

3 سوڕەکانی تەزوی گۆڕاو و ترانسفۆرمەرەکان
- تەزوی کاریگەر
- بەجێهێنانی یاسای ئۆم لە سوڕەکانی تەزوی گۆڕاودا.
- ترانسفۆرمەرەکان
- گواستنەوەی وزە.

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

کارەبای پەیدابوو لە موگناتیسەوە
Electricity from Magnetism

1-6 ئامانجەکانی بەندەکە

- ئەوە دەرەنجام دەکات کەوا جووڵەی ڕێژەیی لە نێوان گەیەنەرو بواری موگناتیسیدا پاڵهێزی کارەبایی موگنەکار لەگەیەنەردا پەیدادەکات.
- وەسفی ئەوە دەکات کەوا چۆن گۆڕانی ژمارەی هێڵە هێزەکانی بواری موگناتیسی سەر ئەڵقەیەکی بازنەیی کار لە بڕو ئاڕاستەی تەزوی موگنەکار دەکات.
- هەردوو یاسای لێنزو فارادای لە کارۆموگنەکاریدا بەکار دەهێنێت لە شیکارکردنی ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە پاڵهێزی کارەبایی موگنەکارو تەزوی موگنەکارەوە.

کارۆموگنەکاری (هاندانی کارۆموگناتیسی)

کاتێك سورە کارەباییەکانت خوێند، ئەوە باسکرا کەوا دەکرێت تەزوی کارەبایی بەتەنها لە کۆیل بەدەست بهێنرێت، بەبێ بەکارهێنانی هیچ پاترییەك. هەموو ئەو سورە کارەباییانەی تائێستا خوێندوتە بۆ مەبەستی پەیداکردنی جیاوازییەکی ئەرك پاترییەك یان سەرچاوەیەکی وزەی کارەبایی لە سورەکەدا هەبووە. ئەو بوارە کارەباییەی لە جیاوازی ئەرکەکەوە پەیدابووە دەبێتە هۆی جووڵاندنی بارگە کارەباییەکانی سورەکەو بەوەش تەزوی کارەبایی پەیدادەبێت.

بە هەمان شێوە دەتوانرێت تەزوی کارەبایی لە سورێکدا پەیدابکەین بەبێ ئەوەی پاترییەك یان سەرچاوەیەکی وزەی کارەبایی بەکاربهێنرێت. ئەوەت زانیوە کەوا تەزوی کارەبایی لە سورێکدا سەرچاوەی ئەو بوارە موگناتیسیەیە کە پەیدابووە، هەروەها پێچەوانەکەشیت زانیوە کەوا چۆن تەزوی کارەبایی بەرهەمدێت کاتێك سورێکی داخراو لەچاو بوارێکی موگناتیسیدا دەجووڵێنیت، وەك ئەوەی چۆن لە **وێنەی 1-6** دا ڕوونکراوەتەوە. کرداری بەرهەمهێنانی تەزوی موگنەکار لە سورێکدا بەهۆی گۆڕانی ئەو بوارە موگناتیسییەوەیە کە دەوری داوە پێی دەگوترێت **کارۆموگنەکاری** electromagnetic induction.

با سورێکی داخراوت هەبێت تەنها کۆیلێکی تێدابێت لە نزیك موگناتیسێکەوە دانرابێت، بەبێ بوونی پاترییەك کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی تەزو. ئێستا ئەگەر هیچ جووڵەیەکی ڕێژەی لە نێوانیاندا نەبێت ئەوا هیچ تەزوویەك لە سورەکەدا پەیدا نابێت. بەڵام ئەگەر کۆیلەکە بە ئاڕاستەی موگناتیسەکە بجووڵێت یان لێی دووربکەوێتەوە یا موگناتیسەکە بە ئاڕاستەی کۆیلەکە بجووڵێت یا لێی دوورکەوێتەوە. ئەوا تەزوویەك لە سورەکەدا پەیدادەبێت. وەهەتا ئەو جووڵە ڕێژەییەش بەردەوام بێت تێپەڕبوونی تەزو بە سورەکەدا بەردەوام دەبێت.



کارۆموگنەکاری

کرداری بەرهەمهێنانی تەزوی کارەباییە لەگەیەنەرێکدا کە بەشێك بێت لە سورێکی داخراو بەهۆی گۆڕینی لێشاوە موگناتیسی دەوروبەرییەوە.

وێنەی 1-6

کاتێك پێچی سورەکە هێڵەکانی بواری موگناتیسی دەبڕێت، تەزوویەکی کارەبایی موگنەکار لە سورەکەدا پەیدادەبێت، جووڵەی نیشاندەری گلڤانۆمیتەرەکە بەڵگەی ئەوەیە.

پاڵێهزی کارەبای موگنەکار (ε) لە گەیەنەرێکی ڕێکدا

لەوانەیە ئەگەری پەیداکردنی پاڵهێزی کارەبایی (ε) و تەزوی کارەبا لە سورێکدا کە پاترییەك یان سەرچاوەیەکی وزەی کارەبایی تێدا نەبێت بەشتێکی سەیرو نامۆ بزانرێت. لەبەشی پێشودا ئەوەتزانی کەوا کاتێك بارگەیەکی کارەبایی دەچێتە ناو بوارێکی موگناتیسی لە ڕێڕەوەکەی خۆی لادەدات دەتوانرێت چەمکی ئەم لادانە بۆ ڕوونکردنەوەی بوونی ε لە تولێکدا کە لە بوارێکی موگناتیسیدا بجووڵێت بەکاربهێنرێت

تەزوی موگنەکار

تەزوی کارەبایی پەیدابووە لە سورێکی کارەبایی داخراودا بە هۆی گۆڕینی لیشاوی موگناتیسی دەوروبەریەوە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

وادابنێ کە تولەگەیەنەری ab لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دەجوولێت وەك لە **وێنەی 2-6** دادیارە. تۆ لە خوێندنی موگناتیسیەوە ئەوە دەزانیت کەوا ئەو تەنۆلکە بارگاویانەی بە گۆشەیەکی دیاریکراو لەناو بوارە موگناتیسیەکەدا دەجوولێن، بەرەنگاری هێزێکی موگناتیسی دەبنەوە، بەپێی یاسای لەپی دەستی ڕاست، ئەم هێزە ئەستون دەبێت لە سەر هەریەکە لە بوارە موگناتیسیەکەو خێرایی بارگەکان. ئەم هێزەش بە درێژایی تولەکە بەرەو خوارەوە دەبێت بە گوێرەی بارگە پۆزەتیڤە سەربەستەکانەوە و بەرەو سەرەوە دەبێت بە گوێرەی بارگە نێگەتیڤە سەربەستەکانەوە. ئەم کاریگەریە هاوتای دانانی پاتریەك دەبێت لە جێگەی تولەگەیەنەرەکەو وبوارە موگناتیسیەکە کە جیاوازییەکی ئەرك یان ε لە نێوان دوو جەمسەرەکەیدا هەبێت. هەروەك لە **وێنەی 2-6**دا ڕوونیدەکاتەوە دەکرێت پارێزگاری لەم پاڵهێزە کارەباییە بکرێت بە هۆی بەردەوامبوون لە جوولاندنی تولەکە لەناو بوارە موگناتیسیەکەدا.

جەمسەرەکانی ε موگنەکار پابەندی ئاڕاستەی جوولەی تولە گەیەنەرەکە دەبن لەناو بوارە موگناتیسییەکەدا. بۆ نموونە لە **وێنەی 2-6** دا کە تولەکە بەرەو لای ڕاست دەجوولێت یاسای لەپی دەستی ڕاست پێشبینی ئەوە دەکات کەوا بارگە نێگەتیڤەکان بەرەو سەرەوەی تولەکە دەجوولێن، ئەگەر تولەکە بەرەو لای چەپ بجوولایە ئەوا بارگە نێگەتیڤەکان بەرەو خوارەوەی تولەکە دەجوولان. بەڵام بڕی ε موگنەکارەکە پابەندی هەریەکە لە خێرایی جوولانی v تولەکە لە ناو بوارە موگناتیسیەکەداو درێژی تولە گەیەنەرەکە l کە کەوتووتە ناو بوارەکەوە هەروەها توندی بواری موگناتیسی B دەبێت. (ε) لەم پەیوەندییەوە دەدۆزرێتەوە:

$$\varepsilon = B\, l\, v$$



$\vec{B}$ بەرەو دەرەوەی لاپەڕەکە یە

وێنەی 2-6

جیاکردنەوەی بارگە پۆزەتیڤەکان لە بارگە نێگەتیڤەکان بەهۆی بواری موگناتیسیەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی ئەرك (ε) لە نێوان دوو لایەکەی گەیەنەرەکەدا.

کاریگەری گۆشەی نێوان بوارەکەو گەیەنەرەکە لەسەر تەزوی موگنەکار

یەکێك لە ڕێگەکانی پەیداکردنی ε لە ئەڵقەیەکی داخراوی گەیەنەردا، جوولاندنی هەموو ئەڵقەکە یان بەشێکیەتی بەرەو ناوەوەی بوارە موگناتیسیە ڕێکەکە یان بەرەو دەرەوەی بوارەکە. بەهیچ شێوەیەك ε پەیدا نابێت ئەگەر بێت و ئەڵقەکە نەجوولێت و بوارەکەش جێگیربێت. یەکێك لەو هۆکارانەی بڕی هەریەکە لە ε و تەزوی موگنەکاری (هاندراوی) لەسەر بەندە ئاڕاستەی جوولەی تولەکەیە لەناو بوارە موگناتیسیەکەدا. هەروەك لە **وێنەی 3-6** دا دیارە بڕی تەزو لەوپەڕی زۆریدادەبێت کاتێکیش ئاستی ئەڵقەکە ئەستون بێت لەسەر بوارە موگناتیسیەکە هەروەك **وێنەی 3-6** (أ). وە کاتێکیش ئاستی ئەڵقەکە لەسەر بوارەکە لار دەبێت بڕی ε کەمتر دەبێت وەك **وێنەی 3-6** (ب)، بەڵام کاتێك ئاستی ئەڵقەکە تەریب بێت بە ئاڕاستەی بوارەکە بڕی ε سفردەبێت وەك **وێنەی 3-6** (ج).

دەتوانرێ ئەو ڕۆڵەی ئاڕاستەی ئەڵقەکە لەسەر دروستبوونی تەزوی موگنەکار هەیەتی بە هۆی ئەو هێزەوە کە بوارە موگناتیسیەکە دەیخاتە سەر بارگە کارەباییە جوولاوەکان ڕوونبکرێتەوە. بەتەنها پێکنەرە ستونیەکەی بواری موگناتیسی کار لە هەریەکە لە ئەڵقەکەو ئاڕاستەی جوولەکەی دەکات و بەهێزێکی موگناتیسی کاردەکاتە سەر بارگەکانی ئەڵقەکە. ئەگەر ئاستی ئەڵقەکە تەریب بە ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیەکە بجوولێنین، ئەوا هیچ پێکنەرێکی ستونی بۆ بوارەکە لەسەر ئەڵقەکە نابێت بەوەش ε بۆ جوولاندنەوەی بارگەکان لە سوڕەکەدا پەیدانابێت.



وێنەی 3-6

هەرسێ ئەڵقەکە بەرەو دەرەوەی بوارە موگناتیسییە نەگۆڕەکە دەجوولێن. ε و تەزوی موگنەکار لەو پەڕی زۆریدا دەبن کاتێك ئاستی ئەڵقەکە ئەستون بێت لەسەر بوارەکە. (أ) نرخەکەی کەمدەبێتەوە وە کاتێك ئاستی ئەڵقەکە لاربێت (ب) و دەبێت بە سفر کاتێك ئاستی ئەڵقەکە تەریب بێت بە هێڵە هێزەکانی بواری موگناتیسی (ج).

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

ئایا دەزانیت؟

لە ساڵی 1996دا کەشتیەوانەکانی بۆشایی ئاسمان لە کەشتی کۆلۆمبیادا هەوڵیاندا تەلێکی گەیەنەر کە درێژییەکەی 20.7 km بوو بەکاربهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری موگناتیسی زەوی لە بۆشاییدا. پلانەکە ئەوەی دەخواست کەوا تەلەکە لەناو بوارە موگناتیسیەکەی زەویدا رابکێشرێت بۆ ئەوەی پاڵهێزی کارەبایی موگنەکار ε پەیدا ببێت. بڕی ε ڕاستەوانە لەگەڵ توندی بوارە موگناتیسیەکەدا دەگۆڕێت لە بەدبەختیەوە پێش ئەوەی تەلەکە بە تەواوەتی درێژ بکرێت پچڕا بۆیە واز لە تاقیکردنەوەکە هێنرا.

کاریگەری گۆڕانی ژمارەی هێڵەکانی بواری موگناتیسی لەسەر تەزوی موگنەکار

ئەوەی کە لەلات زانراوە، ئەوەیە کەوا لەوانەیە جووڵەی ئەڵقەیەك بەرەو ناوەوەی بوارێکی موگناتیسی یان بەرەو دەرەوەی ببێتە هۆی پەیدابوونی ε و تەزوییەکی موگنەکار لە ئەڵقەکەدا. هەروەها گۆڕانی شێوەی ئەڵقەکە یان توندی بوارە موگناتیسیەکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی ε موگنەکار (هاندراو) لە ئەڵقەکەدا.

یەکێك لە ڕێگەکان کە توانای پەیدابوونی تەزوی موگنەکاری لە بارێکی دیاریکراودا پێدەزانرێت، زانینی ژمارەی ئەو هێڵە هێزە موگناتیسیانەیە کە ئەڵقەکە دەبڕێت لە کاتی جووڵەکەدا. بۆ نمونە جووڵاندنی ئەڵقەکە بەرەو ناوەوەی بوارەکە وا دەکات کە هەندێك هێڵە هێز بچنە ناو ڕووبەری ئەڵقەکەوە. هەروەها گۆڕانی شێوەی ئەڵقەکە یان خولاندنەوەکەی دەبێتە هۆی گۆڕینی ژمارەی ئەو هێڵانەی کە ئەڵقەکە دەبڕن. بەهەمان شێوەش گۆڕانی توندی بواری موگناتیسی یان ئاڕاستەکەی دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕان لە ژمارەی هێڵە هێزەکاندا. **خشتەی 1-6** هەرسێ ڕێگەکەی پەیداکردنی تەزوی موگنەکار پوخت دەکاتەوە.

خاسیەتەکانی تەزوی موگنەکار

وا دابنێ تۆڵە موگناتیسێك بەرەو ناوەوەی کۆیلێك پاڵنرا، ئەوا هەتا تۆڵە موگناتیسیەکە لە کۆیلەکە زیاتر نزیك ببێتەوە توندی بوارە موگناتیسییەکەلە ناو کۆیلەکە زیاتر دەبێت، بەوەش تەزوی موگنەکار لە سوڕەکەدا پەیدادەبێت. تەزوە موگنەکارەکەش بوارێکی موگناتیسی تایبەت بە خۆی دروست دەکات کە دەکرێت بە بەکارهێنانی یاسای لەپی دەستی ڕاست ئاڕاستەکەی بزانرێت. لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە بارە جیاجیاکاندا، دەبینیت کەوا بواری موگناتیسی تەزوی موگنەکار لەسەر ئەو ڕێگەیە بەندە کە بوارە موگناتیسیە دانراوەکە (بنەڕەتیەکە)ی پێدەگۆڕدرێت. هەتا موگناتیسەکە نزیکتربکەوێتەوە، توندی ئەو بوارە موگناتیسیە زیاد دەکات کە کۆیلەکە دەبڕێت. تەزوە موگنەکارەکە بە ئاڕاستەیەك دەخولێتەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی بوارێکی موگناتیسی کە بەرهەڵستی زیادبوونی بوارە موگناتیسیە بنەڕەتیەکە دەکات.

خشتەی 1-6 ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی تەزوی موگنەکار لە سوڕەکارەبادا

وەسفی ڕێگاکە	پێش	پاش
ئەڵقەکە بەرەو ناوەوەی یان دەرەوەی بوارە موگناتیسیەکە دەجووڵێت (دەشێت ئەڵقەکە یان موگناتیسەکە بجووڵێت).		
ئەڵقەیەك لەناو بوارە موگناتیسەکەدا دەخولێتەوە (گۆشەی نێوان ئاستی ڕووبەری ئەڵقەکە و بوارە موگناتیسیەکە دەگۆڕێت)		
توندی بواری موگناتیسی یان ئاڕاستەکەی یان هەردووکیان دەگۆڕێن		

www.ferkar.krd
0751 960 70 80



وێنەی 4-6
کاتێك تولّە موگناتیسیەکە بە ئاڕاستەی کۆیلەکە دەجووڵێت بوارە موگناتیسیەکەی تەزوە موگنەکارەکە بەرهەڵستی گۆڕانی بوارە موگناتیسیە نزیکخراوەکە دەکات.

بۆیە ئاڕاستەی بواری موگناتیسی تەزوە موگنەکارەکە بەرهەڵستی زیادبوونی بوارە موگناتیسیە بنەڕەتیەکە دەکات.

بواری موگناتیسی تەزوە موگنەکارەکە لە بواری موگناتیسی تولّە موگناتیسیەکەی **وێنەی 4-6** دەچێت. لە کۆیلەکەو موگناتیسە نزیکخراوەکەوە جووتێك (دوو) هێزی لە یەکتر دوورکەوتنەوە پەیدادەبێت. کاتێك موگناتیسەکە لە کۆیلەکە دوور دەخرێتەوە، ئەو بوارە موگناتیسیە کەمدەکات کە کۆیلەکە دەبڕێت. بەوەش جارێکی تر تەزوی موگنەکار لە کۆیلەکەدا بوارێکی موگناتیسی وا دروست دەکات کە بەرهەڵستی کەمبوونی بوارە موگناتیسیە دوورخراوە بنەڕەتیەکە دەکات. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا بواری موگناتیسی تەزوەکە بەهەمان ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیە دوورخراوەکە دەبێت. بوارە موگناتیسیەکەی تەزوە موگنەکارەکە لە بواری موگناتیسی تولّە موگناتیسەکەی وێنەی 5-6 دەچێت. لەم بارەدا کۆیلەکە و موگناتیسەکە یەکتر کێش دەکەن.



وێنەی 5-6
کاتێك تولّە موگناتیسیەکە لە کۆیلەکە دوور دەخرێتەوە بواری موگناتیسی تەزوە موگنەکارەکە لە بواری موگناتیسی تولّە موگناتیسە دوور خراوەکە دەچێت.

فیزیا و ژیان

1. کەوتنە خوارەوەی سەربەستی موگناتیس
تولّە موگناتیسێك بەرەو زەوی خرایە خوارەوە، ئەڵقەیەکی گەورەی گەیەنەری کانزایش لەسەر زەوییەکە دانراوە. درێژی تولّە موگناتیسەکەو ئاڕاستەی جەمسەرەکانی تەریب دەبن بە ئاڕاستەی جووڵەکەی. ئەگەر بەرگری هەوا فەرامۆشبکرێت، ئایا موگناتیسەکە سەربەستانە بەرەو ئەڵقەکە بە تاودانی تەنی سەربەست کەوتو دەکەوێتە خوارەوە؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

2. کارۆموگنەکاری لە بازندا وا دابنێ کەوا ژنێك بازنێکی لە مس دروستکراوی نەپچڕاوی (داخراوی) کردە دەستی و بەخێرایی بەناو بوارێکی موگناتیسی بەهێزدا جووڵا، ئایا دەبێت ئاڕاستەی بازنە مسەکە بە گوێرەی بوارەکەوە چۆن بێت، بۆ ئەوەی تەزوی موگنەکار لە بازنەکەدا پەیدا نەبێت؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

ئەو یاسایەی کە بە هۆیەوە ئاراستەی تەزوی موگنەکار دیاری دەکرێت پێی دەگوترێت **یاسای لێنز**. دەقەکەی بەم شێوەیە دەبێت: **ئاڕاستەی ئەو بوارە موگناتیسیەی کە تەزویەکی موگنەکار لە سوڕە کارەبایەکی داخراودا دروستی دەکات دژ کاری گۆڕان دەبێت لەو بوارەدا کە ئەو تەزوەی دروستکردووە.**

بزانە کە ئاراستەی بواری موگناتیسی تەزوە موگنەکارەکە پێچەوانەی بوارە دەرەکیەکە نیە، بەڵکو دژی ئەو گۆڕانەیە کە لە بوارە دەرەکییەکەدا ڕوودەدات. ئەگەر ئاڕاستەی بوارە دەرەکیەکە (دانراوەکە) گۆڕا ئەوا بواری تەزوە موگنەکارەکە هەوڵدەدات کەوا بوارە گشتییەکە بە نەگۆڕی بهێڵێتەوە.

یاسای فارادای لەکارۆموگنەکاریدا وبڕی پاڵهێزی کارەبای موگنەکار

بەهۆی یاسای لێنزەوە دەتوانیت ئاڕاستەی تەزوی موگنەکار لە سوڕێکدا دیاری بکەیت. بەڵام بەهیچ شێوەیەك یاسای لێنز هیچ زانیاریەکت دەربارەی بڕی تەزوی موگنەکار یان ε موگنەکار ناداتێ. بۆیە بۆ زانینی بڕی ε موگنەکار دەبێت یاسای فارادای لە کارۆموگنەکاریدا بەکاربهێنیت. لە سوڕێکی کارەباییدا کە تاقە پێچێکی تێدابێت دەقی یاساکە بەم شێوەیە دەبێت:

$$\varepsilon = -\frac{\Delta\Phi_{\text{موگناتیسی}}}{\Delta t}$$

ئەوە بە بیرخۆت بهێنەرەوە (لە بەشی پێشودا) کەوا دەکرێت لێشاوی موگناتیسی بەم شێوەیە $AB\cos\theta$ بنوسرێت. ئەم هاوکێشەیە ئەوە دەگەیەنێت کەوا هەر گۆڕانێکی سێ گۆڕاوەکە بە پێی کات کە ئەمانەن: بواری موگناتیسی B یان ڕووبەری پێچەکە A یان ئاڕاستەکەی θ. لەوانەیە ببێتە هۆی پەیداکردنی پاڵهێزی کارەبایی موگنەکار. هێندی $B\cos\theta$ پێکنەرە ستونیەکەی بوارە موگناتیسیەکەی سەر ئاستی ئەڵقەکە دەنوێنێت. θ گۆشەی نێوان ستونی سەر ئاستی ئەڵقەکەو ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیە دانراوەکە (بنەڕەتیەکە) وەکو ئەوەی **وێنەی 6-6** دەپیوێرێت.



وێنەی 6-6

گۆشەی θ بەوە پێناسە دەکرێت کە گۆشەی نێوان ئاڕاستەی بواری موگناتیسی و ئەستونی سەر ئاستی ئەڵقەکەیە. B cosθ پێکنەری ستونی بواری موگناتیسی سەر ئەڵقەکە دەنوێنێت.

نیشانە نێگەتیڤەکە بۆ هاوکێشەکەی فارادای زیاددەکرێت. بۆ ئەوەی جەمسەرەکانی پاڵهێزە کارەباییە موگنەکارەکە بنوێنێت. ئەم نیشانەیە ئەوە دەگەیەنێت کەوا بواری موگناتیسی تەزوە موگنەکارەکە دژی گۆڕانی بوارە موگناتیسیە دەرەکییەکە (بنەڕەتیەکە) دەبێت، هەروەکو چۆن یاسای لێنز دەڵێت.

ئەگەر کۆیلی سوڕەکە (ئەڵقەکە) لە چەند پێچێك N پێکهاتبێت ئەوا تێکڕای پاڵهێزە کارەباییە موگنەکارەکە سەرەنجامی لێکدانی N دەبێت لە پاڵهێزی کارەبایی یەك پێچ. لەو کاتەشدا هاوکێشەکە شێوە گشتییەکەی یاسای فارادای لە کارۆموگنەکاریدا وەردەگرێت.

یاسای فارادای لە کارۆموگنەکاریدا

$$\varepsilon = -N\frac{\Delta\Phi_{\text{موگناتیسی}}}{\Delta t}$$

تێکڕای ε موگنەکار = –ژمارەی پێچەکانی کۆیلەکە × تێکڕای کاتی گۆڕانی لێشاوە موگناتیسی یەك پێچ

لەم بەشەدا هەمیشە N ژمارەی تەواو دەبێت. ئەوەش بە بیرخۆمان دەهێنینەوە کەوا یەکەی پێوانی توندی بواری موگناتیسی لە سیستەمی SI دا تسیلا (T) یە، کە یەکسانە بە نیوتن لەسەر ئەمپێر. مەتر $\frac{N}{A \cdot m}$.

هەروەها دەکرێت تێسلا بە شێوەی (ڤۆڵت. چرکە) لەسەر مەتر دووجا بنوسرێتەوە $\frac{V \cdot s}{m^2}$، بۆیە یەکەی پێوانی ε لە یەکەی پێوانی ئەرکی کارەبایی دەچێت کە ئەویش ڤۆڵتە (V).

خودموگنەکاری Self Induction

لە وێنەی 7-6 دا سورەکە گلڤانۆمیتەرێك (یان ئەمیتەرێك) و موگناتیسێکی کارەبایی کە لە دوو کۆیل پێکهاتووە کە هەریەکەیان 1200 پێچەو، ڕیوستاتێك و سەرچاوەیەکی کارەبایی گونجاوی تێدایە.



وێنەی 7-6

سوڕی خودموگنەکاری کە لە موگناتیسێکی کارەبایی و ڕیۆستات و سەرچاوەیەکی کارەبایی گونجاو پێکدێت.

ڕیوستاتەکە دەجووڵێنین، تا نیشاندەری ئەمیتەرەکە بۆ نموونە 50 mA نیشاندەدات. کاتێك موگنەپارێزەکە دادەنرێت خوێندنەوەی ئەمیتەرەکە کەمدەکات کە ئەوەش بەڵگەی کەمبوونەوەی توندی تەزوە لەسورەکەدا و پاشان دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. کاتێکیش موگنە پارێزەکە لادەبرێت لێشاوەکە کەم دەکات، بۆیە ئەمیتەرەکە زیادبوونێکی کاتی توندی تەزو پیشاندەدات.

کاتێکیش تەزوی سورەکە زیاد یان کەم دەکەین بڕی ئەو لێشاوە موگناتیسیەی کە پێچەکانی کۆیلەکە دەبڕێت دەگۆڕێت. بۆیە پاڵهێزێکی کارەبایی خۆیی دژ ئاراستە لە کاتی زیادبوونی توندی تەزوو، وە بە هەمان ئاراستە لە کاتی کەمبوونی توندی تەزووکەدا پەیدا دەبێت. لەوەی پێشەوە ئەوە ڕوونبووەوە کەوا هەرکاتێك گۆڕان لە لێشاوە موگناتیسی دەوری کۆیلێکدا ڕوودەدات بە هۆی گۆڕانی توندی تەزوی تێپەڕبووەوە، ئەوا پاڵهێزێکی کارەبای موگنەکاری تێدا پەیدا دەبێت کە بەرهەڵستی گۆڕانی ئەو تەزوە دەکات کە بە کۆیلەکەدا دەڕوات. ئەم دیاردەیەش بە دیاردەی **خودموگنەکاری** self induction ناودەبرێت کە ئەویش (کرداری پەیدابوونی پاڵهێزی کارەبای موگنەکارە لە کۆیلێکدا بە هۆی گۆڕانی تەزوەکەی ناوییەوە).

خودموگنەکاری

پەیدابوونی پاڵهێزی کارەبایی موگنەکار لە کۆیلێکدا بەهۆی گۆڕانی توندی تەزوی تێپەڕ بو بەناویدا.

بۆ هەژمارکردنی بڕی ئەو پاڵهێزە کارەباییەی کە بە هاندانی خۆیی دروستبووە، وا دادەنێین کە ئەگەر بێتو تەزوی I بە کۆیلێکدا بڕوات دەبێتە هۆی پەیدابوونی لێشاوێکی موگناتیسی کە بڕەکەی Φ و هەر پێچێك لە پێچەکانی کۆیلەکە دەبڕێت، و بڕەکەی ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ توندی تەزووکەدا.

ئەگەر توندی تەزوەکە بە تێکرایی $\frac{\Delta I}{\Delta I}$ بگۆڕێت ئەوا لێشاوە پەیدابووەکەش بە تێکرایی $\frac{\Delta \Phi}{\Delta t}$ دەگۆڕێت. کە ئەویش ڕاستەوانە لەگەڵ تێکرای کاتی گۆڕانی توندی تەزودا دەگۆڕێت و دەبێتە هۆی پەیدابوونی پاڵهێزێکی کارەبایی خۆیی ε. کە بڕەکەی ڕاستەوانە لەگەڵ تێکرایی کاتی گۆڕانی توندی تەزودا دەگۆڕێت، واتە:

$$\varepsilon = -N\frac{\Delta \Phi}{\Delta t}$$

بەڵام

$$\frac{\Delta \Phi}{\Delta t} \propto \frac{\Delta I}{\Delta t}$$

بۆیە

$$\varepsilon = -(N \times \text{نەگۆڕ})\left(\frac{\Delta I}{\Delta t}\right)$$

بڕە نەگۆڕەکەش (نەگۆڕ $\times N$) بۆ یەك کۆیل نەگۆڕدەبێت و پێی دەگوترێت **هاوکۆلکەی خودموگنەکاری** coefficient of self inductance کۆیلەکە کە بەهێمای L هێما دەکرێت و بەیەکەی ڤۆڵت. چرکە/ئەمپێر دەپێورێت و پێی دەگوترێت **هێنری** (H) ، بە ناوی ئەو زانایەوە کە دیاردەی خود موگنەکاری دۆزیەوە بۆیە پەیوەندی ئەم پاڵهێزە کارەباییە خۆییە کە لە کۆیلەکەدا پەیدابووە بەم شێوەیەی لێ دێت

$$\varepsilon = -L\,\frac{\Delta I}{\Delta t}$$

هاوکۆلکەی خودموگنەکاری L

ڕێژەی نێوان پالهێزی کارەبایی موگنەکارە لە کۆیلێکدا بۆ تێکرای کاتی گۆڕانی توندی تەزووی پێپەڕبوو پیایدا.

یان

ڕێژەی نێوان ئەو لێشاوە موگناتیسیەیە کە کۆیلێك دەبڕێت بۆ ئەو تەزووەی کە پیایدا دەڕوات.

Ferkar

لەمەشەوە دەردەکەوێت کە

$$L = \frac{-\varepsilon}{\frac{\Delta I}{\Delta t}}$$

بۆیە L بەوە پێناسە دەکرێت کەوا ژمارەییانە یەکسانە بە بڕی پاڵهێزە کارەبای پەیدابوو لە کۆیلەکە خۆیدا بەهۆی گۆڕانی توندی تەزوو لە کۆیلەکەدا بە تێکڕای یەك ئەمپێر لە یەك چرکەدا.

هاوکۆلکەی خودموگنەکاری بۆ کۆیلێکی شێوە لوول پێچ

لە **وێنەی 6-8** دا سوڕە کارەبایەك هەیە لە کۆیلێکی لوولپێچ و سەرچاوەیەکی کارەبایی پێکدێت. ژمارەی پێچەکانی کۆیلەکە N پێچە و درێژییەکەی l و ڕووبەری برگەکەی A.
لە ساتی داخستنی سوڕەکەدا تەزو لە سفرەوە زیاددەکات و دەگاتە بڕە نەگۆڕەکەی I.
لەم ساتەشدا لێشاوێکی موگناتیسی دروست دەبێت کە نرخەکەی ئەویش لە سفرەوە زیاددەکات و دەگاتە Φ بەوەش پاڵهێزێکی کارەبای دژ ئاڕاستەی پاڵهێزە کارەبا بنەڕەتیەکە پەیدادەبێت. لەوەشەوە:

$$\varepsilon = -N\frac{\Delta\Phi}{\Delta t} = -L\frac{\Delta I}{\Delta t}$$

$$-N\,\Delta\Phi = -L\,\Delta I$$

لەوەشەوە: $-N(\Phi - 0) = -L(I - 0)$

بەوەش: $N\Phi = LI$

لەبەر ئەوەی: $\Phi = B{\bullet}A$

بە گۆڕینی B بە $\frac{\mu NI}{l}$ بۆ کۆیلە لوولپێچەکە بۆیە:

$$LI = \frac{NIA\mu N}{l}$$

بەوەش هاوکۆلکەی خودموگنەکاری کۆیلە لوولپێچەکە دەکاتە

$$\boldsymbol{L = \frac{\mu N^2 A}{l}}$$



وێنەی 6-8
هاوکۆلکەی خودموگنەکاری کۆیلی شێوە لوولپێچ بەندە لەسەر دووریەکانی کۆیلەکەو ژمارەی پێچەکانی و جۆری ناوەخنەکەی.

نموونە 6 (أ)

خودموگنەکاری

پرسیارەکە

کۆیلێکی کارەبایی درێژییەکەی **10 cm** و ڕووبەری برگەکەی **$25\ cm^2$** و ژمارەی پێچەکانی **400** پێچەو ناواخنەکەی هەوایە، تەزویەکی پێداڕەوات تونديیەکەی **4.0 A**. ئەو لێشاوە موگناتیسییە بدۆزەرەوە کە پانە برگەی کۆیلەکە دەبڕێت. ئەگەر ئاراستەی تەزووەکە لە ماوەی **0.1 s** دا پێچەوانەبووەوە، پاڵهێزی کارەبای موگنەکاری پەیدابوو هەژماربکە.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $l = 10\ cm$ $A = 25\ cm^2$ $N = 400$

$I = 4.0\ A$ $\mu_o = 4\pi \times 10^{-7} T{\bullet}m/A$

نەزانراو: $\Phi = ?$ $\varepsilon = ?$

2.پلان دادەنێم

هاوكێشەیەك هەڵدەبژێرم: پەیوەندی هاوکۆلکەی خودموگنەکاری بەکاردەهێنم

$$L = \frac{\mu N^2 A}{l}$$

3. هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوكێشەکەدا دادەنێم و هەژماردەکەم

$$L = \frac{\mu N^2 A}{l} = \frac{(4\pi \times 10^{-7}\ T{\bullet}m/A)\ (400)^2\ (25 \times 10^{-4}\ m^2)}{(10 \times 10^{-2})m}$$

$$L = 5.03 \times 10^{-3}\ H$$

بەڵام

$$N\Phi = LI$$

$$400 \times \Phi = (5.03 \times 10^{-3}\ H) \times (4\ A)$$

$$\Phi = \frac{(5.03 \times 10^{-3}\ H)\ (4A)}{400} = 5 \times 10^{-5}\ T{\bullet}m^2$$

$$\varepsilon = -L\frac{\Delta I}{\Delta t} = \frac{(-5.03 \times 10^{-3}\ H)\ (-8A)}{0.1\ s} = \boxed{0.4\ V}$$

ڕاهێنانی 6 (أ)

خودموگنەکاری

1. تەزوی کارەبا لە سوڕێکدا لە $0.0\ A$ وە زیاددەکات بۆ $10\ A$ لە ماوەی 0.1 دا، ئایا پاڵهێزی کارەبای موگنەکار چەندە؟ وا دابنێ هاوکۆلکەی خودموگنەکارییەکەی $0.02\ H$.
2. کامیان هاوکۆلکەی خودموگنەکاری کۆیلێك زیاتردەکات؟ دوو هێندەکردنی ژمارەی پێچەکانی یان دوو هێندەکردنی ڕووبەری پانە برگەکەی؟ بۆچی؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

نموونە 6 (ب)

پاڵهێزی کارەبای موگنەکارو تەزوی موگنەکار

پرسیارەکە

کۆیلێك لە **25** پێچ پێکهاتووە لەسەر بۆریەکی هەوایی هەڵکراوە کە ڕووبەری پانە برگەکەی $1.8\ m^2$، هەر پێچێك ڕووبەری برگەی بۆرییە هەواییەکەی هەیە، بوارێکی موگناتیسی ڕێك بە ستونی خرایە سەر ئاستی کۆیلەکە، ئەگەر توندی بوارە موگناتیسیەکە بەرێکی لە **0.00 T** بۆ **0.55 T** لە ماوەی **0.85 s** دا زیادبکات. ئەوا بڕی ε موگنەکار لە کۆیلەکەدا هەژماربکە. هەروەها توندی تەزوی موگنەکاریش هەژماربکە ئەگەر بەرگری کۆیلەکە **2.5 Ω** بێت.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $N = 25$ پێچ $\quad \theta = 0.0^\circ \quad A = 1.8\ m^2 \quad \Delta t = 0.85\ s$

$B_{\text{کۆتایی}} = 0.55\ T = 0.55\ V{\bullet}s/m^2 \quad B_{\text{سەرەتایی}} = 0.00\ T = 0.00\ V{\bullet}s/m^2$

$R = 2.5\ \Omega$

نەزانراو: $I = ? \quad \varepsilon = ?$

وێنەکێشان: کۆیلەکە لە پێش ڕودانی گۆڕانی توندی بوارەکەو لە دوای گۆڕانەکە وێنە دەکێشم.



2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: یاسای فارادای لە کارۆموگنەکاریدا بەکاردێنم بۆ دۆزینەوەی ε لە کۆیلەکەدا.

$$\varepsilon = -N\frac{\Delta\Phi_{\text{موگناتیسی}}}{\Delta t} = -N\frac{\Delta[AB\cos\theta]}{\Delta t}$$

نرخی ε لە پێناسەی بەرگریدا دادەنێم، بۆ ئەوەی تەزوی موگنەکار لە کۆیلەکەدا بدۆزمەوە. $I = \dfrac{\varepsilon}{R}$

دووبارە هاوکێشەکە ڕێکدەخەمەوە بۆ ئەوەی نەزانراوەکە جیابکەمەوە، لەم نموونەیەدا تەنها توندی بواری موگناتیسی لەگەڵ کات دەگۆڕێت. بەڵام پێکنەرەکانی تر (ڕوبەری کۆیل و گۆشەی نێوان بوارو کۆیلەکە) بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.

$$\varepsilon = -NA\cos\theta\frac{\Delta B}{\Delta t}$$

3. هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوکێشەکەدا دادەنێم و شیکاردەکەم:

$$\varepsilon = (-25)(1.8\ m^2)(\cos 0.0^\circ)\frac{(0.55-0.00)\ \frac{V{\bullet}s}{m^2}}{(0.85\ s)} = -29\ V$$

$$I = \frac{\varepsilon}{R} = \frac{-29\ \text{V}}{2.5\ \Omega} = -12\ \text{A}$$

$$\boxed{\begin{aligned}\varepsilon &= -29\ \text{V}\\ I &= -12\ \text{A}\end{aligned}}$$

تێبینی

لە بەرئەوەی کەمترین ژمارەی خانە واتاییەکان تەنها 2، بۆیە پێوستە وەڵامی ئامێری ژمێرەرە کە 29.11764706 لە دوو ڕەنوسی واتایی 29 نزیك بخەینەوە

4. هەڵدەسەنگێنم

ئاڕاستەی ε موگنەکارو تەزوی موگنەکار لە کۆیلەکەدا بە شێوەیەك دەبێت کە ئەو بوارە موگناتیسییەی تەزوە موگنەکارەکە دروستی دەکات دژکاری گۆڕان دەبێت لە بوارە بنەڕەتیەکەدا، لەو وێنەیەی لە لاپەڕەی پێشودا هەیە، ئاڕاستەی بوارە موگناتیسییە پەیدابووەکە بەرەو لای ڕاستە، ئەو تەزووش کە بووەتە هۆی دروستکردنی لە چەپەوە ڕوودەکاتە لای ڕاست لەناو بەرگرییەکەدا.

ڕاهێنانی 6 (ب)

پاڵهێزی کارەبای موگنەکارو تەزوی موگنەکار

1. تاکە ئەڵقەیەکی بازنەیی کە نیوە تیرەکەی 22 cm بوو لەناو بوارێکی موگناتیسی دەرەکی ڕێکدا دانرا کە توندییەکەی 0.50 T بووو. بە شێوەیەك ئاستی ئەڵقەکە لەسەر ئاڕاستەی بوارەکە ئەستون بوو. لە ماوەی 0.25 s دا ئەڵقەکە لەناو بوارەکە دەرهێنرا، تێکڕای ε موگنەکاری پەیدابوو لەو ماوەیەدا لە ئەڵقەکەدا هەژماربکە.

2. کۆیلێك لە 205 پێچ پێکهاتووە و بەرگرییەکەی 23 Ω و ڕووبەری پانەبڕگەکەی 0.25 m^2 و لەناو بوارێکی موگناتیسی بەهێزدا دانراوە و ئاستەکەی ئەستونە لەسەر بوارەکە. تێکڕای تەزوی پەیدابوو لەو کۆیلەدا چەندە ئەگەر بزانیت بوارەکە لە ماوەی 0.25 s دا، توندییەکەی لە 1.6 T وە بۆ 0.0 T کەمدەکات؟

3. ئەڵقەیەکی گەیەنەری بازنەیی نیوەتیرەکەی 0.33 m و لەناو بوارێکی موگناتیسی دەرەکیدا دانرا کە توندییەکەی +0.35 T و ئەستونە لەسەر ئاستی ئەڵقەکە توندی بوارەکە لە ماوەی 1.5 s دا بوو بە 0.25 T – (نیشانە نیگەتیڤەکە واتە بوارەکە دژی ئاڕاستەی ئەڵقەکەیە) بڕی ε لەوماوەیەدا بدۆزەرەوە.

ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەکە

مایکرۆفۆن (وەرگرەی) گیتاری کارەبایی

وەرگرە بەو ئامێرە دەگوترێت کە دەنگی دەزگایەکی دیاریکراو وەردەگرێت و دەیگۆڕێت بۆ نیشانەیەکی کارەبایی، بەناو بانگترین جۆرەکانی وەرگرەی گیتاری کارەبایی دیاردەی کارۆموگنەکاری بۆ گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەکان بۆ وزەی کارەبایی بەکاردەهێنن. بەشە بنچینەییەکەی وەرگرە موگناتیسییەکان لە موگناتیسێکی هەمیشەیی و کویلێکی لە تەلی مس دروستکراو پێکدێت. لەژێر هەر ژێیەکدا پارچە جەمسەرێك هەیە کە بوارە موگناتیسییەکە چڕ دەکاتەوە و شێوەیەکی دیاریکراوی دەداتێ. لەبەر ئەوەی ژێیەکانی گیتار لە ماددە موگناتیسییەکان (پۆڵا یان نیکل) دروستکراوە، بۆیە لەرینەوەی ژێیەکان بواری موگناتیسی سەر وەرگرەکە دەگۆڕێت. بەوەش لێشاوە موگناتیسە گۆڕاوەکە تەزوی موگنەکار لە وەرگرەکەدا دروستدەکات. بەدەوری هەر جەمسەرێکدا چەند پێچێك لە تەلێکی باریکی پێوانە دیاریکراو هەڵکراوە. ژمارەی پێچەکان توندی ئەو تەزوە دیاری دەکات کە وەرگرەکە بەرهەمی دەهێنێت، تا پێچ زۆرتربێت تەزوی زیاتر دروست دەبێت. وەرگرەکانی گیتاری کارەبایی جۆری جیاجیایان هەیە، هەروەك چۆن دەشێت تەنها گیتارێك دوو جۆر یان زیاتر لە وەرگرەی هەبێت، یەکێك لەم وەرگرانە دیزاینکراوە بۆ کەمکردنەوەی ژاوەژاو (خشەخشی) ئەو وەرگرە یەك کۆیلییانەی تەزوی گۆڕاو دروستی دەکات. پێچەکان و موگناتیسەکانی شوێنی وەرگرەکان هەموویان بە یەکەوە کار لەو دەنگە دەکەن کە گیتارو وەرگرەکە دەریدەکەن ئەوەی کە چۆن لەرینەوەکانی ژێیە لێدراوەکان دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی نیشانە کارەباییەکان کە هەمان لەرلەری ژێیە لەراوەکەیان هەبێت.

ویڵە تەزووەکان

کاتێك لەوحە کانزایەك لە بوارێکی موگناتیسیدا دەجووڵێت، دیاردەی کارۆموگنەکاری کە لە گۆڕانی لێشاوە موگناتیسیەوە پەیدادەبێت، دەبێتە هۆی پەیداکردنی تەزوی شێوە ئەڵقەی موگنەکار کە پێی دەگوترێت **ویڵە تەزووەکان** eddy currents، کە لەلای خۆیەوە بەرهەڵستی گۆڕانی لێشاوە موگناتیسیە بنەڕەتیەکە دەکات، بەوەش جووڵە وزەی پەیدابوو لە جووڵاندنی مادە فلزیەکەوە لەناو بواری موگناتیسیدا دەگۆڕێت بۆ وزەی گەرمی و بەسەر قەبارەی ماددەکەدا دابەش دەبێت.

ویڵە تەزوو لە فرنەکان و سیستمی برێکگرتنی ئۆتۆمبێل و کەشفکردنی کانزاکان لە فرۆکە خانەکان و ژێر زەویدا بەکاردێت.

ویڵە تەزووەکان

ئەو تەزوە موگنەکارە شێوە ئەڵقانەن کە لەناو کانزاکاندا پەیدا دەبن.

پێداچوونەوەی بەندی 1-6

1. ئەڵقەیەکی بازنەیی لە تەلێکی جیڕ دروستکراوە، لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دادەنرێت سێ ڕێگە بڵێ بە هۆیەوە بتوانیت ε لەو ئەڵقەیەدا دروست بکەیت.



2. تولە موکناتیسێك لە نزیك کۆیلێکی گەیەنەرەوە دانراوە وەك لە وێنەکەدا دیارە. ئاڕاستەی تەزوو لەبەرگرییەکەدا چۆنە؟ ئەگەر موگناتیسەکە بەرەو لای چەپ (أ) وە بەرەو لای ڕاست (ب) بجولێت؟

3. کۆیلێك 256 پێچە و ڕووبەری پانەبڕگەکەی $0.0025\ m^2$ و لەناو بوارێکی دەرەکی ڕێکدا دانرا کە توندییەکەی $0.25\ T$ بوو بە شێوەیەك کە ئاستەکەی لەسەر بوارەکە ئەستون بوو، کۆیلەکە بەڕێکی لەناو بوارەکەدا ڕاکێشرا و $0.75\ s$ خایاند و تێکرای ε موگنەکاری پەیدابوو لەو ماوەیەدا بدۆزەرەوە.

4. **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە**: ژێیەکانی گیتاری کارەبایی لە ماددەی موگناتیسی کانزایی دروست دەکرێت کە دەتوانرێت بە موگناتیس بکرێن، ژێیەکان لە نزیك کۆیلێکەوەن و ئەستونیش لەسەری، موگناتیسی هەمیشەیی لەناو کۆیلەکەدا هەیە و بەشەکانی ئەو ژێیانە بە موگناتیس دەکەن کە دەکەونە سەری. ئەم زانیاریانە بەکاربهێنە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن لەرەلەری ژێیەکان دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی نیشانەی کارەبایی کە هەمان لەرەلەری ژێیەکەی هەیە؟

بەندی 2-6 دینەمۆکان ومۆتۆڕەکان وئاڵوگۆڕە موگنەکاری

Generators, Motors, and Mutual Inductance

2-6 ئامانجەکانی بەندەکە

- باسی ڕێگەی کارکردنی دینەمۆ و مۆتۆڕەکان دەکات.
- وەسفی ئەو گۆڕانی وزەیە دەکات کە لەناو دینەمۆو مۆتۆڕەکاندا ڕوودەدات.
- چۆنێتی ڕوودانی ئاڵوگۆڕە موگنەکاری لە نێوان سوڕەکاندا ڕووندەکاتەوە.
- پرسیار لەسەر پاڵهێزی کارەبایی شیکاردەکات.

دینەمۆ

دەزگایەکە وزەی میکانیکی دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی.

وێنەی 9-6

لە دینەمۆی سادەدا خولاندنەوەی ئەڵقە گەیەنەرەکە لەناو بوارە موگناتیسییە ڕێکەکەدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی تەزوی گۆڕاو لە ئەڵقەکەدا.

دینەمۆکان و تەزوی گۆڕاو

لە بەندی پێشودا، ئەوەتزانی کە چۆن دەتوانیت تەزوی موگنەکار لە سوڕێکدا پەیدابکەیت، ئەویش یان بە گۆڕینی توندی بواری موگناتیسی وە یان بە جووڵاندنی کۆیلەکە بەرەو ناو بوارێکی موگناتیسی یان بەرەو دەرەوەی، بێجگە لەمانە دەکرێت بە ڕێگەیەکی تریش تەزوی موگنەکار دروستبکرێت ئەویش گۆڕینی ئاڕاستەی ئەڵقەکەیە لە بوارەکەدا، ئەم ڕێگەیەی دوایی بۆ دروستکردنی تەزو. ڕێگەیەکی کردارییە بۆ بەدەستهێنانی وزەی کارەبایی. لە ڕاستیدا وزەی میکانیکی بەکارهێنراو بۆ خولاندنەوەی ئەڵقەکە دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی. ئەو دەزگایەی ئەم ئیشە دەکات پێی دەگوترێت **دینەمۆی کارەبایی** generator . لە زۆربەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەدا، وزەی میکانیکی بە شێوەی جووڵەوزە دەبێت، بۆ نموونە لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بە هۆی ئاوەوە، ئاوی تاڤگەکان دەکەونە سەر پەرەی تۆربینەکان و دەبێتە هۆی خولاندنەوەی، وە لە وێستگەکانی خەڵوزی بەردین یان گازیدا وزەی بەرهەماتوو لە سوتاندنی سوتەمەنیەکەوە بۆ بەهەڵم کردنی ئاو بەکاردەهێنرێت و هەڵمەکەش بەرەو پەرەی تۆربینەکان ئاڕاستە دەکرێت و دەبێتە هۆی خولاندنەوەی.

دینەمۆ لە بنچینەدا جووڵەی تۆربینە خولاوەکە بۆ خولاندنەوەی تەلە ئەڵقەییەکان (کۆیلەکە) لەناو بواری موگناتیسیدا بەکاردەهێنێت **وێنەی 9-6** دینەمۆیەکی سادە پیشاندەدات، لەکاتی خولاندنەوەی ئەڵقەکەدا ڕووبەرە کاریگەرەکەی لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێت، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی ε موگنەکار و تەزوی موگنەکار لە سوڕە دەرەکییەکەدا کە بەهەردوو لای ئەڵقەکە گەیەنراون.

دینەمۆ و بەرهەمهێنانی پاڵهێزی کارەبایی گۆڕاو بە شێوەیەکی بەردەوام

وا دابنێ ئەڵقەیەکی لاکێشەی دروستکراو لە تەلی گەیەنەر بە خێراییەکی نەگۆڕ لەناو بوارێکی موگناتیسی ڕێکدا دەخولێتەوە. دەکرێت ئەڵقەکە بە چوار پارچە تەلی جیاجیا دابنرێت، لەم بارەدا ئەڵقەکە بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر دەخولێتەوە لەناو بوارێکی موگناتیسیدا کە ئاڕاستەکەی بەرەو لای چەپە.

کاتێك ڕووبەری ئەڵقەکە لەسەر هێڵە هێزە موگناتیسیەکان ئەستون دەبێت وەك لە **وێنەی 10-6** (أ) دا دیارە. هەر پارچەیەك لە پارچەکانی ئەڵقەکە بە شێوەیەکی تەریب بە هێڵە هێزەکانی بوارە موگناتیسیەکە دەجووڵێت. لەم ساتەدا بوارە موگناتیسیەکە هیچ هێزێك ناخاتە سەر بارگەکان لە هیچ کام لە پارچەکانی تەلەکەدا بۆیە ε موگنەکاری پەیدابوو لە هەموو پارچەکاندا سفر دەبێت. دوای ئەوەی ئەڵقەکە بۆ جێگەیەکی تر دەجولێت، هەردوو لای a و c هێڵە هێزەکانی بوارە موگناتیسیەکە دەبڕن. بەوەش هێزە موگناتیسیەکە لەسەر بارگەکان لەم دوولایەدا زیاددەکات وبەوەش پاڵهێزی کارەبایی موگنەکار زیاددەکات.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



وێنەی 6-10

لەو ئەڵقە خولاوەدا لەناو بوارێکی موگناتیسیدا. ε موگنەکار سفر دەبێت کاتێك ئەڵقەکە ئەستون بێت لەسەر هێڵەکانی بوارەکە. وەك لە (أ)، (ج)دا وە گەورەترین بڕی دەبێت کاتێك ئەڵقەکە تەریب دەبێت بە هێڵەکانی بوارەکە وەك لە (ب) و (د)دا.

لە هەردوو لای b و d دا ئاڕاستەی هێزە موگناتیسیەکە بەرەو دەرەوەی تەلەکە دەبێت. بەوەش جووڵەی ئەم دوولایە نابێتە هۆی پەیدابوونی ε و تەزوی موگنەکار. لەو ساتەدا کە ئاڕاستەی جووڵەی هەردوولای a و c لەسەر هێڵەکانی بوارە موگناتیسییەکە ئەستون دەبێت ε لە زۆرترین بڕیدادەبێت. هەروەك **وێنەی 6-10** (ب)دا. ئەوەش کاتێك ڕوودەدات کە ئاستی ئەڵقەکە تەریب بێت بە هێڵەکانی بوارەکە.

لەبەر ئەوەی لای a بەرەو خوارەوە لەناو بوارەکەدا دەجووڵێت ولای c بەرەو سەرەوە دەجووڵێت بۆیە ε موگنەکار لەهەردوو لای a و c دا پێچەوانەی یەکتردەبن بەڵام تەزوییەك بە هەمان ئاڕاستە پەیدادەکەن کە ئەویش ئاڕاستەی خولانەوەی میلەکانی کاتژمێرە. کاتێك ئەڵقەکە لەسەر جووڵەکەی بەردەوام دەبێت هەردوو لای a و c ژمارەیەکی کەمتر لە هێڵەکانی بوارەکە دەبڕن، بەوەش پاڵهێزە کارەباییەکە کەمدەکات. کاتێکیش ئاستی ئەڵقەکە ئەستون دەبێت لەسەر بوارەکە ئاڕاستەی جووڵەی هەریەکە لەلای a و c تەریب دەبن بە هێڵەکانی بوارەکە، بەوەش ε موگنەکار جارێکی تر دەبێتەوە بە سفر. هەروەك **وێنەی 6-10** (ج) پاش ئەوە جووڵەی هەردوو لای a و c پێچەوانەی ئاڕاستەی جووڵەی ئەو ساتەیان دەبن کە لە (أ) وە چوون بۆ (ب). بۆیە جەمسەرەکانی ε موگنەکار پێچەوانە دەبنەوە و ئاڕاستەی تەزووەکەشی پێچەوانە دەبێتەوە. هەروەك **وێنەی 6-10** (د).

وێنەی 6-11 هێڵکارییەکی ڕوونکردنەوەیی گۆڕانی ε بە پێی کات، لەکاتی خولانەوەی ئەڵقەکەدا نیشاندەدات. تێبینی لە یەکچونی ئەو هێڵکارییە ڕوونکردنەوەییە و چەماوەی نەخشەی تەژێ بکە. هەر چوار جێگەکە لەسەر هێڵکارییە ڕوونکردنەوەییەکە ئاڕاستەی ئەڵقەکە بە گوێرەی بوارە موگناتیسیەکەوە دەنوێنێت لە **وێنەی 6-10** دا، لە هەردوو شوێنی (أ) و (ج) دا ε سفر دەبێت ئەم دوو شوێنە ئەو ساتانەن کە تیایدا ئەڵقەکە ئەستون دەبێت لەسەر ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیەکە. بەڵام لە هەردوو شوێنی (ب) و(د)دا ε دەگاتە گەورەترین بڕەکەی، ئەوەش کاتێك ڕوودەدات کە ئەڵقەکە تەریب بێت بە ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیەکە.

پاڵهێزی کارەبای موگنەکار بە هۆی گۆڕانی بەردەوامی گۆشەی (θ)وە پەیدادەبێت کە دەکەوێتە نێوان ئاڕاستەی بوارە موگناتیسیەکەو ئەستونی سەر ئاستی ئەڵقەکە. هاوکێشەکەی خوارەوە کە پاڵهێزی کارەبای موگنەکار لە دینەمۆدا دەنوێنێت. دەتوانرێت لە یاسای فارادای لەکارۆموگنەکارییەوە دەربهێنرێت. دەرهێنانەکە لێرەدا نەنوسراوە چونکە پێویستی بە شیکردنەوەی بیرکاریانە هەیە، لەم هاوکێشەیەدا لە جیاتی گۆشەی ئاڕاستەی θ دەستەواژە هاوتاکەی ωt دانراوە. بە شێوەیەك ω گۆشە لەرەی خولانەوەیە $(2\pi f)$.



وێنەی 6-11

گۆڕانی ε موگنەکار بە پێی کات لە ئەڵقە خولاوەکەدا بە شێوەی شەپۆلێکی تەژێی شێوە دەردەکەوێت، پیتەکانی سەر وێنەکە شوێنەکانی کۆیلەکە لە وێنەی 6-10 دا دەنوێنن.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

$$\varepsilon = NAB\omega \sin(\omega t)$$

ئەم هاوکێشەیە ئەو گۆڕانە تەژێ شێوەییەی پاڵهێزی کارەبایی لەگەڵ کات وەسف دەکات. هەروەك لە **وێنەی 6-11** دا ڕوونکراوەتەوە.

دەکرێت گەورەترین بڕی پاڵهێزی کارەبایی شێوە ساین بەدەست بهێنرێت. ε گەورەترین بڕی دەبێت کاتێك ئاستی ئەڵقەکە تەریب بێت بە هێڵەکانی بواری موگناتیسی، واتە کاتێك $\sin(\omega t) = 1$، ئەمەش کاتێك دەبێت کە گۆشەی $\omega t = \theta = 90^\circ$ لەم بارەشدا هاوکێشەکە وای لێدێت:

$$\varepsilon_m = NAB\omega$$

بڕوانە گەورەترین بڕی ε لەسەر چوار هۆکار (گۆڕاو) بەندە کە ئەمانەن: ژمارەی پێچەکان N، ڕوبەری ئەڵقەکە A، توندی بواری موگناتیسی B، لەرەلەری خولانەوەی ئەڵقەکە ω.

گۆڕانی ئاراستەی تەزوی گۆڕاو

بڕوانە نرخەکانی ε لە **وێنەی 6-11** دا لە نێوان نرخە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکاندا دەگۆڕێن. بە هۆی ئەوەشەوە تەزوە بەرهەمهاتووەکە لە دینەمۆکەوە ئاڕاستەکەی لەکاتە یەکسانەکاندا دەگۆڕێت. ئەم جۆرە تەزوە پێی دەگوترێت تەزوی گۆڕاو alternating current یان AC.

تەزوی گۆڕاو

تەزویەکی کارەباییە کە بڕو ئاڕاستەکەی لە کاتە یەکسانەکاندا دەگۆڕێت.

چۆنیەتی خولانەوەی کۆیلی دێنەمۆی AC گەورەترین بڕی ε بەرهەمهاتوو دیاری دەکات. لەرەلەری تەزوی گۆڕاو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەدا و ئەمریکای ناوەڕاست لەرەلەری خولانەوەی دینەمۆ بازرگانیەکان 60 Hz. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ε ئاڕاستەکەی خۆی لە چرکەیەکدا 60جار بە شێوەی خولی تەواو دەگۆڕێت. بەڵام لە (بەریتانیای مەزن) و ئەوروپاو زۆربەی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیادا لەرەلەری تەزوەکە 50 Hz (بیرت بێت $\omega = 2\pi f$ بە جۆرێك f لەرەلەرە بە یەکەی Hz)، دەکرێت لە بەجێهێنانەکانی هەریەکە لە سوڕەکانی تەزوی نەگۆڕو گۆڕاودا بەرگری بەکاربهێنرێت، بەرگری بەرهەڵستی جووڵەی بارگەکان دەکات، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا جووڵەکەی ڕێکە یان ئاڕاستەکەی بە شێوەیەکی دەوری دەگۆڕێت. هەمان ئەو پێناسەیەی بۆ بەرگری کرا لە سوڕەکانی تەزوی نە گۆڕاودا بەهەمان شێوەی لە سوڕەکانی تەزوی گۆڕاو و پاڵهێزی کارەبای گۆڕاویشدا ڕاستە.

گۆڕینی تەزوی گۆڕاو بۆ تەزوی نەگۆڕ

دەبێت ئەڵقە گەیەنەرەکە (کۆیلەکە) لە دینەمۆی AC دا بە سەربەستی لەناو بوارە موگناتیسیەکەدا بجووڵێت. هەروەها پێویستە کە هەمیشە بەشێك بێت لە سوڕە کارەباییەکە، لە پێناو بەدیهێنانی ئەوەدا هەردوو جەمسەری ئەم کۆیلە بە ئەڵقەی ترەوە دەبەسترێت کە پێیان دەگوترێت ئەڵقەکانی هەڵخلیسکاندن ودەبنە هۆی خولاندنەوەی کۆیلە (ئەڵقە) بنەڕەتیەکە. گەیاندنیشی بە سوڕە دەرەکیەکە بە هۆی دوو شریتی گرافیتی جێگیرەوە دەبێت کە پێیان دەگوترێت فڵچەکان، بە شێوەیەك لە ڕێگەی ئەمانەوە گەیاندن بە خلیسکە ئەڵقەکان دەکرێت. لەبەر ئەوەی تەزو لە کۆیلەکەدا (ئەڵقە بنەڕەتیەکە) ئاڕاستەکەی خۆی دەگۆڕێت بۆیە ئەو تەزوەی لە دوو فڵچەکەوە دەردەچن هەروەها ئاڕاستەکەی خۆیان دەگۆڕن. بە تۆزێك گۆڕینی ئەم دیزاینە، دەکرێت دینەمۆی AC بگۆڕین بۆ دینەمۆی DC. بڕوانە **وێنەی 6-12** دەبینیت کە پێکنەرەکانی دینەمۆی DC. بەشێکی زۆریان هەمان پێکنەرەکانی دینەمۆی (AC) ـە بێجگە لەوەی کە گەیاندنەکە بە هۆی یەك خلیسکە ئەڵقەوە (دوو نیوەئەلقەی لەیەك جیاکراوە) دەبێت کە پێی دەگوترێت تەزوگۆڕ.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80





وێنەی 12-6

دینەمۆی سادەی *AC* (لەلای چەپەوە) هەمان دیزاینی دینەمۆی *DC* هەیە(لای ڕاست)وە دوونیوە ئەڵقەی جیاکراوەکە تەزوی گۆڕاو دەگۆڕن بۆ تەزوی نەگۆڕ.

کاتێك تەزو نزمدەبێتەوە بۆ سفر لەم خاڵەی خولانەوەی ناوکەکەدا کە ئاڕاستەکەی خۆی دەگۆڕێت، هەر یەکە لە نیوە ئەڵقەکانی تەزو گۆڕەکە بەر ئەو فلّچەیە دەکەون کە هەتا ئەو ساتە لە باری بەرکەوتندا بووە لەگەڵ نیوەکەی تردا. بەوەش ئەو تەزوەی لە بنچینەدا پێچەوانەکراوەتەوە جارێکی تر ئاڕاستەکەی خۆی دەگۆڕێت لەناوکەکەدا و دەگەڕێتەوە بارە بنەڕەتیەکەی خۆی، هەرچەندە لە گەورەترین بڕیشەوە بڕەکەی دابەزیوە بۆ سفر. **وێنەی 13-6** هێڵکارییەکی تەزوی نەگۆڕی شێوە پرتە دەنوێنێت.

دەکرێت تەزوی تەواو نەگۆڕ بەبەکارهێنانی چەند کۆیلێك و چەند تەزو گۆڕێك (ئەڵقەکە کراوە بە چەندین بەشەوە) کە دابەشبون بە دەوری تەوەرەی خولانەوەی دینەمۆی *DC* دا دەست بکەوێت. ئەم دینەمۆیە چەند بەشە خلیسکە ئەڵقەیەك بەکاردەهێنێت کە هەمیشە دەرچەی دینەمۆکە بۆ ئەو تەزو گۆڕە ئاڕاستە دەکەن کە تیایدا ε گەورەترینە. ئەم کردارە تەزویەك بەرهەم دێنێت کە نزیکە نەگۆڕە و پرتەپرتی کەمەو کەمێك بەرزو نزمی تێدایە.



وێنەی 13-6

تەزوی بەرهەمهاتوو لە دینەمۆی *DC* یەك کۆیلەوە. نەخشەیەکی شێوە تەژێیە کە تیایدا بەشە نێگەتیڤەکە گۆڕاوە بە بەشێکی پۆزەتیڤی پێچەوانە.

مۆتۆڕەکان Motors

مۆتۆڕەکان دەزگایەکن وزەی کارەبایی دەگۆڕن بۆ وزەی میکانیکی لەجیاتی ئەو تەزوەی کە کۆیلێکی خولاوە لەناو بوارێکی موگناتیسیدا دروستی دەکات، کۆیلەکە تەزویەکی دەدرێتێ کە لەسەرچاوەیەکی دەرەکیەوە ε وەرگیراوە و هێزە موگناتیسیەکەی سەر کۆیلەکەش جووڵەیەکی بەخولی پێدروستدەکات (**وێنەی 14-6**).

لە پێکهاتندا مۆتۆڕ تا ڕادەیەکی زۆر لە دینەمۆی *DC* دەچێت کە تیایدا کۆیلێك لەسەر شیشێکی (شەفتێکی) خولاوە دادەنرێت و دەخرێتە نێوان دوو جەمسەری موگناتیسێکەوە. هەردوو فلّچەکە گەیاندن لەگەڵ تەزوو گۆڕەکەدا دابین دەکەن کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی تەزوو لە کۆیلەکەدا. ئەم نۆرە کردنەی ئاڕاستەی تەزوو دەبێتە هۆی نۆرەکردنی بوارە موگناتیسیە بەرهەمهاتووەکە (لە تەزووەکەوە). بەوەش هەمیشە لە بوارە موگناتیسیە نەگۆڕەکە دووردەکەوێتەوە، بۆیە هەر یەکە لە کۆیلەکەو شەفتەکە لە جووڵەیەکی بەخولی بەردەوامدادەبن. مۆتۆڕ دەتوانێت ئیشێکی میکانیکی بەڕێبکات، ئەویش کاتێك ئەو شەفتەی بە کۆیلە خولاوەکەوە بەستراوە لەگەڵ دەزگایەکی دەرەکیدا دەبەسترێت. کاتێك کۆیلی مۆتۆڕەکە دەخولێتەوە پێکنەرە ستونیەکەی بواری موگناتیسی ε موگنەکار لەناویدا دروست دەکات کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تەزوی کۆیلەکە. بەپێی یاسای لێنز ئەم پاڵهێزە کارەبا موگنەکارە پێی دەگوترێت دژە پاڵهێزی کارەبای موگنەکار back emf.

بڕی دژە ε زیاددەکات بە زیادبوونی گۆڕانی بوارە موگناتیسیەکە. هەرچەندە خێرایی خولانەوەی کۆیلەکە زیاد بکات بڕی دژە ε زیاددەکات. ئەو جیاوازی ئەرکەی تەزوی مۆتۆڕەکەدابین دەکات یەکسانە بە جیاوازی نێوان جیاوازی ئەرکی دانراو ε و دژە ε. بۆیە تەزوی کۆیلەکە بە هۆی بوونی دژە ε وە کەمدەکات. هەرچەندە خێرایی خولانەوەی کۆیلی مۆتۆڕەکە زیاتربێت ε بەرەنجام و تەزوی کۆیلەکە کەمدەکات.

دژەپاڵهێزی کارەبای موگنەکار

ئەو پاڵهێزە کارەبا موگنەکارە کە لە کۆیلی مۆتۆڕدا پەیدادەبێت و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو تەزووەی پیایدا تێپەڕ دەبێت.



وێنەی 6-14
لە مۆتۆردا، تەزوی تێپەڕبوو لەگەڵ بوارە موگناتیسیەکەدا کارلێك دەکەن و دەبێتە هۆی خولانەوەی کۆیلەکەو شەفتەکە.

ئاڵوگۆڕە موگنەکاری (ئاڵوگۆڕە هانان) Mutual Inductance

فارادای یەکەم کەس بوو کە سەرەتا بنچینەییەکانی کارۆموگنەکاری خستەڕوو. لەیەکەم تاقیکردنەوەیدا وەك ئەوەی لە **وێنەی** (6-15) دا کۆیلێکی بەکارهێنا کە بە سویچێك و پاترییەکەوە بەسترابوو. لەجیاتی موگناتیسی هەمیشەیی ئەویش بە مەبەستی دەستکەوتنی بواری موگناتیسی، ئەم کۆیلە پێی دەگوترێت کۆیلی سەرەتایی و سوڕەکەی پێی دەگوترێت سوڕی کۆیلی سەرەتایی، بوارە موگناتیسییەکە بە هۆی خاسیەتە موگناتیسیەکانی ئەو ئەڵقە ئاسنینەوە بەهێز دەکرێت کە کۆیلەکەی لەسەر هەڵکراوە.

کۆیلێکی تر بە دەوری بەشەکەی تری ئەڵقە ئاسنینەکەدا هەڵدەکرێت وبە گلڤانۆمیتەرێکەوە دەبەسترێت. وپێی دەگوترێت کۆیلی ناوەندی لەم کۆیلەدا ε موگنەکار پەیدادەبێت، کاتێك بواری موگناتیسی لە کۆیلە سەرەتاییەکەدا دەگۆڕێت، بە هۆی داخستنی سوڕەکەیەوە. نیشاندەری گلڤانۆمیتەرەکە بەرەو لایەکەی تر لادەدات و دەست بەجێ دەگەڕێتەوە سەر سفر.



وێنەی 6-15
لە تاقیکردنەوەی کارۆموگنەکاری فارادایدا تەزوی گۆڕاو بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی تەزو لە سوڕێکی تردا.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

دەتوانین پێشبینی بڕی ئەم پاڵهێزی کارەبایی موگنەکارە بکەین بە هۆی یاساکەی فارادای لەکارۆموگنەکاریدا. هەروەها دەکرێت یاساکەی فارادای دووبارە بنوسینەوە بە شێوەیەك کە ε موگنەکار لەگەڵ گۆڕانی تەزو لە کۆیلی سەرەتاییدا بگونجێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان بوارە موگناتیسییە بەرهەمهاتووەکە بەهۆی تەزوی کۆیلەکەو تەزووەکە خۆی، یاسای فارادای بە پێی گۆڕانی تەزوی سەرەتاییەکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

$$\varepsilon_2 = -N_2 \frac{\Delta\Phi_{\text{موگناتیسی}}}{\Delta t} = -M\left(\frac{\Delta I}{\Delta t}\right)_1$$

نەگۆڕی M پێی دەگوترێت هاوکۆلکەی **ئاڵوگۆڕە موگنەکاری coefficient of mutual inductance** لە نێوان هەردوو کۆیلی سیستمەکەدا. ئاڵوگۆڕە موگنەکاری بەندە لەسەر سیفەتە ئەندازەییەکانی هەردوو کۆیلەکەو هەروەها لەسەر ئاڕاستەکانیان بەگوێرەی یەکترەوە. دەشێت گۆڕانی تەزو لە کۆیلی ناوەندیدا ε موگنەکار لە کۆیلی سەرەتاییدا دروست بکات. لە ڕاستیدا کاتێك تەزو لە کۆیلی دووەمدا دەگۆڕێت ε موگنەکاری پەیدابوو لە کۆیلی یەکەمدا پەیرەوی یاسایەکی هاوشێوە دەکات بە هەمان بڕی M.

ئاڵوگۆڕە موگنەکاری

کرداری دروستبوونی پاڵهێزی کارەباییە لە یەکێك لە دوو کۆیلدا بەهۆی گۆڕانی توندی تەزو لە سورەکەی تردا.

دەتوانرێت پاڵهێزی کارەبای موگنەکاری پەیدابوو لە کۆیلی ناوەندیدا بەهۆی گۆڕینی ژمارەی پێچەکانی کۆیلی ناوەندییەوە بگۆڕین، ئەمەش بنچینەی ئیشکردنی دەزگایەکی زۆر گرنگە کە ئەویش ترانسفۆرمەرە.

پێداچوونەوەی بەندی 2-6

.1 کۆیلێك لە 37 پێچ پێکهاتووە، ڕوبەری برگەکەی $0.33\ m^2$ و بە گۆشە خێرایی $281\ rad/s$ دەخولێتەوە. تەوەرەی خولاندنەوەی کۆیلەکە لەسەر بوارێکی موگناتیسی ڕێك ئەستونە کە توندییەکەی $0.035\ T$. گەورەترین بڕی پاڵهێزی کارەبایی موگنەکار چەندە؟

.2 کۆیلی دینەمۆیەك 25 پێچی هەیە کە ڕووبەری برگەکەی $36\ cm^2$، زۆرترین بڕی پاڵهێزی کارەبایی بەرهەمهاتوو لەم دینەمۆیەدا $2.8\ V$ بوو لە لەرەلەری $60.0\ Hz$ دا. بڕی ئەو بوارە موگناتیسییە چەندە کە کۆیلەکەی تێدادەخولێتەوە.

.3 ڕوونی بکەرەوە چی ڕوودەدات ئەگەر بێت و تەزوگۆڕ لە موتۆڕدا بەکارنەهێنرێت؟

.4 **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** وا دابنێ کە دوورییەکی نەگۆڕ چەقی دوو کۆیلی بازنەیی لەیەکتر جیادەکاتەوە. کام ئاڕاستەی ڕێژەیی بۆ دوو کۆیلەکە زۆرترین نرخی ئاڵوگۆڕە موگنەکاری دەدات؟ کام ئاڕاستەی ڕێژەیی نزمترین نرخی ئاڵوگۆڕە موگنەکاری دەدات؟

Ferkar

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

سوڕەکانی تەزوی گۆڕاو (AC) وترانسفۆرمەرەکان

AC Circuits and Transformers

بەندی 3-6

3-6 ئامانجەکانی بەندەکە

- جیاوازی دەکات لە نێوان نرخی ڕەگی تێکرایی دووجاکان (نرخە کاریگەرەکان) وگەورەترین نرخەکان تەزو و جیاوازی ئەرکدا.
- پرسیاری پەیوەست بە نرخە کاریگەرەکان و گەورەترین بڕی تەزو و پاڵهێزی کارەبایی لە سوڕەکانی تەزوی گۆڕاودا شیکاردەکات.
- یاسای ئۆم لەسەر سوڕی تەزوی گۆڕاو جێبەجێ دەکات.
- ڕوونکردنەوەییانە ئاڕاستەدارە ڕەوگەییەکان بۆ هەریەکە لە تەزوو جیاوازی ئەرك دەنوێنێت.
- چۆنێتی ڕودانی زرنگانەوە لە سوڕەکانی تەزوی گۆڕاوا ڕوندەکاتەوە.
- هاوکێشەی ترانسفۆرمەرەکان بۆ شیکارکردنی پرسیاری ترانسفۆرمەرە بەرز کەرەوە و نزمکەرەوەکان بەکاردێنێت.
- چوستی گواستنەوەی وزەی کارەبایی هەژماردەکات.

وێنەی 16-6
دەکرێت نرخە کاریگەرەکەی تەزوو جیاوازی ئەرکی گۆڕاو بە پێوەرێکی ڕەنووسی پێوان جیاجیا بپێوین.



سەرچاوەی تەزوی گۆڕاو

وێنەی 17-6
سوڕێکی تەزوی گۆڕاو کە بە سەرچاوەیەکی تەزو و بەرگرە هاوتایەك نوێنراوە.

تەزوی کاریگەر Effective current

لەبەندی پێشوودا زانیت کەوا دینەمۆی کارەبایی دەتوانێت تەزویەکی گۆڕاو بەرهەم بهێنێت کە بە تێپەڕبوونی کات وەك نەخشەیەکی شێوە تەژێ دەگۆڕێت. وێستگە بازرگانیەکانی بەرهەمهێنانی وزە دینەمۆ بەکاردەهێنن بۆ دابینکردنی وزە بۆ ئامێرە کارەباییەکانی ناو ماڵ و دامەزراوەکان. لەم بەندەدا خاسیەتەکانی سوڕێکی تەزوی گۆڕاوی سادە دەخوێنین.

هەروەکو سوڕەکانی تەزوی نەگۆڕ، لە سوڕەکانی تەزوی گۆڕاودا باس لە بەرگرییەکان و تەزوی کارەبایی و جیاوازی ئەرك دەکەین. پاڵهێزی کارەبایی لەسوڕە گۆڕاوەکاندا لە جیاوازی ئەرکی سوڕەکانی تەزوی نەگۆڕ دەچێت. یەکێك لە ڕێگەکانی پێوانی ئەم سێ گۆڕاوە (هۆکارە) لەسوڕەکەدا، بەکارهێنانی پێوەری کارەبایی ڕەنووسیە کە چەند پێوانێکی هەیە، هەروەك لە **وێنەی 16-6** دا دیارە. دەکرێت هەر یەکە لە بەرگری و تەزو و ε. بە هەڵبژاردنی سویچێکی ڕێکخستنی گونجاو لەسەر پێوەرەکە و شوێنێکی گونجاو لە سوڕەکەدا بپێوین، ئەمەش پێی دەڵێن ئەڤۆمیتەر.

تەزوی کاریگەرو پاڵهێزی کارەبایی کاریگەر لە سوڕەکانی تەزوی گۆڕاودا

سوڕی تەزوی گۆڕاو لە چەند بەشێك پێکدێت لەگەڵ دینەمۆیەك یان سەرچاوەیەکی تەزوی گۆڕاو. لە پێشەوە بینیمان کەوا ε بەرهەمهاتوو لە دینەمۆوە شێوە تەژێ دەبێت و لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێت. دەکرێت ε موگنەکار بە (V) و گەورەترین نرخیشی بە (V_m) بنوسرێت وەك ئەمە:

$$V = V_m \sin(\omega t)$$

دەکرێت لەگەڵ سوڕێکی سادەی تەزوی گۆڕاودا وەك بەرگرە هاوتا و سەرچاوەیەکی تەزوی کارەبایی ڕەفتاربکەین لە هێڵکاری سوڕە کارەباییەکەدا. سەرچاوەی تەزوە گۆڕاوەکە بە هێمای ∿ دەنوێنرێت، وەك لە **وێنەی 17-6** دایە. تەزوی ساتیش کەوا بڕەکەی بە گۆڕانی جیاوازی ئەرکەکە دەگۆڕێت بە بەکارهێنانی پێناسەی بەرگری هەژماردەکرێت. تەزوە ساتیەکە بە گەورەترین نرخی تەزووەکەوە بەستراوە لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەی خوارەوە.

$$I = I_m \sin(\omega t)$$

ئەو کردارەی کە تیایدا تێکرای کاتی وزەی کارەبایی بۆ وزەی ناوەکی لە بەرگریدا (توانا P) دەگۆڕێت هەمان شێوەکەی تەزوی نەگۆڕی هەیە. وزە کارەباییە گۆڕاوەکە بۆ وزەی ناوەکی لە بەرگریدا لە هەر ساتێکدا لەگەڵ دوجای نرخی تەزوە ساتیەکەدا دەگۆڕێت وە لەسەر ئاڕاستەکەی لە سوڕەکەدا بەند نییە. بەڵام ئەو وزەیەی کە تەزوێکی گۆڕاو بەرهەمی دێنێت گەورەترین نرخەکەی I_m بێت، یەکسان نابێت بەو وزەیەی کە تەزویەکی نەگۆڕ بەرهەمی دێنێت کە هەمان گەورەترین نرخی I_m هەبێت. هەردوو وزەکە لەیەکتر جیاوازن چونکە نرخی ساتی تەزوی گۆڕاو لە خولێکدا تەنها لە ساتێکدا یەکسان دەبێت بەگەورەترین نرخی.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

نرخە کاریگەرەکەی تەزوو

نرخێکی تەزوی گۆڕاوە کە هەمان کاریگەری گەرمی تەزویەکی نەگۆڕ لە هەمان کاتدا پەیدادەکات.

یەکێك لە پێوانە گرنگەکانی تەزوی گۆڕاو پێوانی **نرخی کاریگەری تەزوە** effective current. نرخی کاریگەری تەزوی گۆڕاو هەمان نرخی تەزویەکی نەگۆڕە کە لە خولێکی تەواودا هەمان بڕ وزە بەفیڕۆ دەدات (گەرمی دروست دەکات) لەهەمان بەرگریدا. ئەم نرخەی تەزوی گۆڕاو پێی دەگوترێت نرخی کاریگەری تەزو I_e.

وێنەی 6-18 هێڵکارییەکی ڕوونکردنەوەیی دەردەخات بەراورد دەکات لە نێوان نرخی ساتی و نرخی کاریگەری تەزوی گۆڕاو، هەروەها **خشتەی 6-2** هەموو ئەو هێماو دەستەواژانە پوخت دەکاتەوە کە پەیوەستن بە تەزوی گۆڕاوەوە:

هاوکێشەی تێکڕایی توانا لە سوڕێکی تەزوی گۆڕاودا هەمان شێوەی سوڕی تەزوی نەگۆڕی هەیە. بێجگە لەوەی کە تەنها I بە I_e واتە نرخی کاریگەری تەزو دەگۆڕدرێت.

$$P = (I_e)^2R$$

ئەم هاوکێشەیە تەواو لەو هاوکێشەیە دەچێت کە لە تەزوی نەگۆڕدا بەکارهێنرا. بەڵام توانای بەفیڕۆچوو لە سوڕی تەزوی گۆڕاودا دەکاتە نیوەی توانای بە فیڕۆچوو لە سوڕی تەزوی نەگۆڕدا ئەگەر لە جیاتی تەزوی نەگۆڕ I_m مان دانا.

$$P = (I_e)^2R = \frac{1}{2}(I_m)^2R$$

دەکرێت تێبینی ئەوە بکەیت کەوا I_e بە I_m ی تەزوی گۆڕاوەوە بەستراوە. لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوەوە.

$$(I_e)^2 = \frac{(I_m)^2}{2}$$

$$I_e = \frac{I_m}{\sqrt{2}}$$

ئەم هاوکێشەیە ئەوە دەگەیەنێت کەوا تەزویەکی گۆڕاو کە زۆرترین نرخی $I_m = 5A$ بێت هەمان کاریگەری گەرمی ئەو تەزوە نەگۆڕە لە بەرگرییەکدا دروست دەکات کە نرخەکەی $\frac{5}{\sqrt{2}}$ A، یان دەوروبەری 3.5 A بێت.

هەروەها لە ڕێگەی نرخە کاریگەرەکەیەوە نرخەکانی ε گۆڕاو بە ڕێگەی باشتر دەردەبڕدرێت، بە شێوەیەك پەیوەندی نێوان نرخە کاریگەرەکان و گەورەترین نرخەکان هاوشێوەی پەیوەندی نێوان تەزوەکانە.

$$V_e = \frac{V_m}{\sqrt{2}}$$



وێنەی 6-18
تەزوی کاریگەر I_e کەمێك لە دوو لەسەر سێی گەورەترین نرخی زیاترە.

خشتەی 2-6 زاراوە بەکارهێنراوەکان لە سوڕەکانی تەزوی گۆڕاودا

	ε دانراو یان موگنەکار	تەزوو
نرخە ساتیەکەی	V	I
گەورەترین نرخی	V_m	I_m
نرخە کاریگەرەکەی	$V_e = \frac{V_m}{\sqrt{2}}$	$I_e = \frac{I_m}{\sqrt{2}}$

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

نموونه 6 (ج)

نرخی کاریگەری تەزو و پاڵهێزی کارەبایی

پرسیارەکە

دینەمۆیەك گەورەترین پاڵێزە کارەباییەکەی **205 V** وبەستراوە بە بەرگریەکی **115 Ω** ییەوە. بڕی کاریگەری جیاوازی ئەرك و بڕی کاریگەری تەزو لە بەرگرەکەدا بدۆزەرەوە. پاشان I_m بۆ تەزوی سورە گۆڕاوەکە بدۆزەرەوە.

شیکار



1. دەزانم

دراو: $V_m = 205$ V $\quad R = 115\ \Omega$

نەزانراو: $V_e = ?$ $\quad I_e = ?$ $\quad I_m = ?$

هێڵکارییەکە:

2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: هاوکێشەی نرخی کاریگەری جیاوازی ئەرك هەڵدەبژێرم بۆ ئەوەی V_e هەژماربکەم.

$$V_e = \frac{V_m}{\sqrt{2}}$$

دووبارە هاوکێشەی پێناسەی بەرگری ڕێکدەخەمەوە، بۆ ئەوەی I_e هەژماربکەم.

$$I_e = \frac{V_e}{R}$$

هاوکێشەی I_e هەڵدەبژێرم بۆ ئەوەی I_m هەژماربکەم.

$$I_e = \frac{I_m}{\sqrt{2}}$$

دووبارە هاوکێشەکە ڕێکدەخەمەوە بۆ جیاکردنەوەی نەزانراوەکە:

ئەو هاوکێشەیە دووبارە ڕێکدەخەمەوە کە I_e بە I_m وە دەبەستێتەوە بۆ ئەوەی بتوانم I_m هەژماربکەم.

$$I_m = I_e\sqrt{2}$$

> **تێبینی**
> لەبەر ئەوەی ε بە ڤۆڵت دەپێوریت بۆیە زۆرجار گەورەترین نرخی ε بۆ V_m کورت دەکرێتەوە و نرخە کاریگەرەکەی (ε) یش بۆ V_e کورت دەکرێتەوە.

3. هەژماردەکەم

نرخەکان لە هاوکێشەکەدا دادەنێم وشیکاردەکەم:

$$V_e = \frac{I}{\sqrt{2}}(205\ \text{V}) = 145\ \text{V}$$

$$I_e = \frac{145\ \text{V}}{115\ \Omega} = 1.26\ \text{A}$$

$$I_m = 1.26\ \text{A} \times \sqrt{2} = 1.78\ \text{A}$$

$$\boxed{\begin{aligned} V_e &= 145\ \text{V} \\ I_e &= 1.26\ \text{A} \\ I_m &= 1.78\ \text{A} \end{aligned}}$$

4. هەڵدەسەنگێنم

دەبینین نرخی کاریگەری پاڵهێزی کارەبایی و تەزو کەمێك لە دوو لەسەر سێی گەورەترین نرخی زیاترە، هەروەك چۆن پێشبینی کراوبوو.

Ferkar

ڕاهێنانی 6 (ج)

نرخی کاریگەری تەزو پاڵنەری کارەبایی

1. فرنێکی نان برژاندن بەسەرچاوەیەکی تەزوی گۆڕاوەوە بەسترا کە نرخە کاریگەرەکەی 110 V بووە، وا دیزاین کراوە کە تەزوێک بدات گەورەترین بڕی 10.5 A بێت. ئەمانە بدۆزەرەوە:
أ. نرخی کاریگەری تەزو لەگەرمکەرەکەدا.
ب. بەرگری گەرمکەرەکە.

2. گەورەکەرێکی دەنگ ε بەرهەمدەهێنێت نرخە کاریگەرەکەی $15.0\ V$ بیستۆکێك بەرگرییەکەی $10.4\ \Omega$ بوو بە گەورەکەرەکەوە بەسترا. نرخی کاریگەری تەزو لە بیستۆکەکەدا چەندە؟ گەورەترین نرخی تەزو و پاڵنەری کارەبایی چەندە؟

3. دینەمۆیەکی تەزوی گۆڕاو (ε) یەکی هەیە گەورەترین نرخی 155 V.
أ. نرخی کاریگەری پاڵنەری کارەبایی بەرهەمهاتوو بدۆزەرەوە.
ب. نرخی کاریگەری تەزو لە سوڕەکەدا بدۆزەرەوە، کاتێك دینەمۆکە بە بەرگرییەکی $53\ \Omega$ دەبەسترێت.

4. گەورەترین نرخی ε کە دەتوانرێت بخرێتە سەر هەردوو لای بارگەگرێك $451\ V$. گەورەترین نرخی کاریگەری ε چەندە کە دەتوانرێت بخرێتە سەر بارگەگرەکە بەبێ ئەوەی لەکاربکەوێت؟

بەجێهێنانی یاسای ئۆم لەسوڕەکانی تەزوی گۆڕاودا

سوڕی بەرگری پوخت (ئۆمی)

بەرگری پوخت

بەرگرییەکە خود موگنەکاری نیە $(L = 0)$.

بەرگری پوخت pure resistance بەرگرییەکە هاوکۆڵکەی خودموگنەکاری نیە $(L = 0)$. لە **وێنەی 6-19** دا بەرگرییەکی پوخت بە سەرچاوەیەکی ئەرکی کارەباییەوە بەستراوە کە لەرەلەرەکەی لە سنوری 0.1 Hz دایە، بۆ ئەوەی بتوانین ڤۆڵتمیتەر و ئەمیتەرێك بەکار بهێنین کە سفرەکەی لەناوڕاستدابێت. بڕوانە کە خوێندنەوەی هەر یەکە لە ئەمیتەرو ڤۆڵتمیتەرەکە بە یەکەوە زیاد و کەم دەکەن، وە هەر یەکە لە جیاوازی ئەرك و توندی تەزو بەهەمان ڕەوگە دەبن ئەمەش مانای وایە بڕی بەرگری ئۆمی پەیوەندی بە لەرەلەری ڤۆڵتیەکەوە نیە. دەتوانیت جیاوازی ئەرك و توندی تەزوو ڕونکردنەوەییانە بنوێنرێت هەروەك **وێنەی 6-20** (أ). بە شێوەیەك دەبینیت کە گۆڕانەکە شێوە تەژێیە و ωt گۆشەی ڕەوگەی سەرچاوەی (V)ـە لە دوای t. هەروەها دەتوانین ئەوە بەدەست بهێنین کەوا توندی تەزوو جیاوازی ئەرك هاوڕەوگەن لە ڕێگەی نواندنی ڕەوگەیی وئاڕاستەییەوە بۆ هەر یەکەیان. هەروەك **وێنەی 6-20** (ب). دەکرێت بەرگرییە پوختەکە لەهەر ساتێکدا بدۆزرێتەوە لە یەکێك لەم پەیوەندییانەی خوارەوەدا:

$$R = \frac{V_m}{I_m} = \frac{V_R}{I_R} = \frac{V_e}{I_e}$$



وێنەی 6-19
سوڕی بەرگری پوخت بەسەرچاوەی ئەرکی گۆڕاوەوە.



وێنەی 6-20
توندی تەزو وجیاوازی ئەرکی دوو جەمسەرەکەی بەرگری لە سوڕی تەزوی گۆڕاودا هەمان ڕەوگەیان دەبێت. (أ) V_R و I_R بەپێی کات (ب) (نواندی ڕەوگەیی و ئاڕاستەیی بۆ هەریەکە لە I_R ، V_R) V_R بە گوێرەی I_R بەپێی ئەم پەیوەندییە دەدرێت $V_R = RI_R$.

نموونە 6 (د)

یاسای ئۆم لە سوڕی بەرگری پوختدا

پرسیارەکە

سۆبایەکی کارەبایی بە جیاوازی ئەرکی گۆڕاو کاردەکات کە گەورەترین نرخی $V_m = 282.8\ V$. ئەگەر بەرگری سۆباکە $500\ \Omega$ بێت و بۆ ماوەی نیو سەعات تەزوی پیاداببڕوات ئەوا بڕی گەرمی پەیدابوو بدۆزەرەوە. نرخی کاریگەری تەزو چەندە؟ وادابنێ $\sqrt{2} = 1.414$.

شیکار

1. دەزانم

دراو:

$$V_m = 282.8\ V \qquad R = 500\ \Omega \qquad t = 1800\ s$$

$$V_e = \frac{1}{\sqrt{2}} V_m = \frac{282.8}{1.414} = 200\ V$$

نەزانراو:

$$I_e = ? \qquad E = ?$$

2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: هاوکێشەی توانای کارەبای کارکراو لە بەرگریدا دەنوسم.

$$E = \frac{V_e^2}{R} t$$

3. هەژماردەکەم

هەروەها هاوکێشەی نرخی کاریگەری تەزو بە گوێرەی جیاوازی ئەرکی کاریگەریش $I_e = \frac{V_e}{R}$

نرخەکان لە هاوکێشەکەدا دادەنێم و هەژماردەکەم

$$E = \frac{V_e^2}{R} t = \frac{(200)^2}{500} \times 1800 = \boxed{144 \times 10^3\ J}$$

$$I_e = \frac{V_e}{R} = \frac{200\ V}{500\ \Omega} = 0.4\ A$$

$$I_m = \frac{V_m}{R} = \frac{282.8\ V}{500\ \Omega} = 0.5656\ A$$

$$I_e = \frac{I_m}{\sqrt{2}} = \frac{0.5656\ A}{1.414} = \boxed{0.4\ A}$$

ڕاهێنانی 6 (د)

یاسای ئۆم لە سوڕی بەرگری پوختدا

1. بەرگرییەك $20\ \Omega$ بەسترا بەدوو جەمسەری سەرچاوەیەکی تەزوی گۆڕاوەوە کە نرخە کاریگەرەکەی $10\ V$ بوو. گەورەترین بڕی نرخە کاریگەرەکەی تەزوی تێپەڕبوو بە بەرگرییەکەدا هەژماربکە.
2. ئەگەر لە پرسیارەکەی پێشودا لەرەلەری سەرچاوەکە $50\ Hz$ بێت، هاوکێشە ساتیەکەی هەر یەکە لە تەزوو جیاوازی ئەرك لەسەر دوو جەمسەرەکەی بەرگرییەکە بنوسە بەگوێرەی کاتەوە.
3. بڕی وزەی گۆڕاو بۆ گەرمی (بەفیڕۆچوو) لە بەرگریەکەی پرسیاری 2 دا لە ماوەی 5 خولەکدا چەندە؟



وێنەی 21-6
سوڕی موگنەبارگی پوخت لەگەڵ سەرچاوەی گۆڕاودا.

سوڕی موگنەبارگی پوخت pure Inductor

موگنەبارگی پوخت، هەر کۆیلێکە کە هاوکۆلکەی خود موگنەکاری هەیە و بەرگری ئۆمی نیە $(R = 0)$. لە **وێنەی 21-6** دا، موگنەبارگێکی پوخت بەسەرچاوەیەکی ئەرکی کارەباییەوە بەستراوە کە لەرەلەرەکەی لە سنوری 0.1 Hz دایە. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ڤۆڵتمیتەرو ئەمیتەرە بەکاربهێنین کە سفرەکەیان لەناوەڕاستدایە.

لەوساتەدا کە خوێندنەوەی ڤۆڵتمیتەرەکە لە گەورەترین نرخیدا دەبێت، دەبینیت کە هێشتا ئەمیتەرەکە هیچی نەخوێندۆتەوە. وە کاتێکیش خوێندنەوی ڤۆلتمیتەرەکە دەبێتە سفر خوێندنەوەی ئەمیتەرەکە لە گەورەترین کۆتاییدا دەبێت. واتە جیاوازی ئەرک پێش تەزو دەکەوێت بە گۆشەیەکی ڕەوگە کە برەکەی $(\frac{\pi}{2})$.

دەتوانرێت ئەوە ڕوونکردنەوەییانە بنوێنرێت، هەروەك لە **وێنەی 22-6** دا دیارە و نواندنی ڕەوگەیی و ئاراستەیی هەریەکە لە V_L و I_L ڕووندەکاتەوە. لەم بارەدا دەتوانرێت نرخە ساتیەکانی جیاوازی ئەرك و توندی تەزوی گۆڕاو هەژماربکرێت بەم دوو هاوکێشەیەی خوارەوە:



وێنەی 22-6
توندی تەزو و جیاوازی ئەرکی دەوری دوو جەمسەری موگنەبارگێکی پوخت لە سوڕی تەزوی گۆڕاودا. (أ) V_L و I_L بە گوێرەی کات، (ب) V_L بە گوێرەی I_L کەبە گۆشەی $\frac{\pi}{2}$ لە پێشیەوەیەتی.

$$V_L = V_m \sin\left(\omega t + \frac{\pi}{2}\right)$$

$$I_L = I_m \sin(\omega t)$$

ئەو بەربەستە **موگنەکارییەی** inductive impedance X_L کە کۆیلەکە دژی تەزوە کارەباییە گۆڕاوەکە دەینوێنێت لە سوڕێکدا کە تەنها موگنەبارگێکی پوختی تێدابێت بەم پەیوەندییەی خوارەوە پێناسە دەکرێت:

$$X_L = \frac{V_m}{I_m} = \frac{V_e}{I_e} = \omega L = 2\pi fL$$

ئەم بەربەستیەش لە دروستبونی پاڵهێزی کارەبایی موگنەکارەوە لە کۆیلەکەدا پەیدادەبێت.

بەربەستە موگنەکاری

ڕێژەی نێوان گەورەترین بڕی جیاوازی ئەرکی دەوری دوو جەمسەری موگنەبارگێکی پوختە بۆ گەورەترین نرخی تەزوی تێپەڕبوو پیایدا لە سوڕی تەزوی گۆڕاودا یا ئەو بەرهەڵستەیە کە موگنەبارگ نیشانی دەدات دژی ئەو تەزووە گۆڕاوەی کە پیایدا دەڕوات.

نموونە 6 (هـ)

یاسای ئۆم بۆ موگنەبارگی پوخت

پرسیارەکە

کۆیلێك هاوکۆلکەی خود موگنەکاریەکەی L یەکسانە بە **0.2 H** و بەرگرییە ئۆمیەکەی فەرامۆشکراوە، بە سەرچاوەیەکی ئەرکی گۆڕاوەوە بەسترا کە لەرەلەرەکەی **50 Hz** بوو، بەربەستە موگنەکاری کۆیلەکەو توندی تەزوی کاریگەری تێپەڕبوو هەژمار بکە. ئەگەر بێت و جیاوازی ئەرکی کاریگەر **125.6 V** بێت، هەردوو هاوکێشەی توندی تەزوی تێپەڕبوو جیاوازی ئەرکی ساتی نێوان جەمسەرەکانی کۆیلەکە بە گوێرەی کات بنوسە.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $f = 50\text{ Hz}$ $\quad L = 0.2\text{ H}$

نەزانراو: $V_L = ?$ ، $I_L = ?$ ، $I_e = ?$ ، $X_L = ?$

2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: هەردوو هاوکێشەی $X_L = 2\pi fL$ و $I_e = \frac{V_e}{X_L}$ دەنوسم.

3. هەژماردەکەم

یەکەم: $X_L = 2\pi fL = 2 \times 3.14\ (50\text{ Hz})\ (0.2\text{ H}) = 62.8\ \Omega$

دووەم: $I_e = \frac{V_e}{X_L} = \frac{125.6\text{ V}}{62.8\ \Omega} = 2\text{ A}$

Ferkar

$$I_L = I_m \sin(\omega t)$$
$$I_m = I_e\sqrt{2} = 2\sqrt{2}\ \text{A}$$
$$\omega = 2\pi f = 100\pi\ \text{rad/s}$$

هاوکێشەی تەزوی ساتی:

$$I_L = 2\sqrt{2}\sin(100\pi t)$$

هاوکێشەی جیاوازی ئەرکی ساتی

$$V_L = V_m \sin\left(\omega t + \frac{\pi}{2}\right)$$
$$V_m = V_e\sqrt{2} = 125.6\sqrt{2}\ \text{V}$$
$$V_L = 125.6\sqrt{2}\sin\left(100\pi t + \frac{\pi}{2}\right)$$

ڕاهێنانی 6 (هـ)

یاسای ئۆم بۆ موگنەبارگی پوخت

1. کۆیلێکی بەرگری فەرامۆشکراو هاوکۆلکەی خودموگنەکارییەکەی 0.04 H و بەسەرچاوەیەکەوە بەسترا کە لەرەلەرەکەی 100 Hz بوو. ئەوا بەربەستە موگنەکاری کۆیلەکە هەژماربکە؟

2. سەرچاوەیەکی تەزوی گۆڕاو جیاوازی ئەرکی ساتیەکەی $V = 10\sin(50\pi t + \frac{\pi}{2})$ وزە دەداتە کۆیلێکی بەرگری فەرامۆشکراو کە هاوکۆلکەی خودموگنەکارییەکەی 0.1 H. گەورەترین نرخی تەزوی تێپەڕبوو بە کۆیلەکەدا و جیاوازی ڕەوگەی نێوان تەزوو جیاوازی ئەرك بدۆزەرەوە.

سوڕی بارگەگر Capacitor circuits

لە **وێنەی 6-23** دا بارگەگرێك لە سوڕێکدا بەستراوە کە لەرەلەرەکەی نزیکەی 0.1 Hz تا بتوانین ڤۆڵتمیتەرو ئەمیتەرێك بەکاربهێنین کە سفرەکەی لەناوەڕاستدایە خوێندنەوەی ڤۆڵتمیتەرەکە بە سفری دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی خوێندنەوەی ئەمیتەرەکە دەگاتە گەورەترین نرخی. خوێندنەوەی ڤۆڵتمیتەرەکە گەورەترین نرخی دەبێت کاتێك خوێندنەوەی ئەمیتەرەکە دەبێتە سفر.

لەوەشەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەین کەوا جیاوازی ئەرك دوای تەزوو دەکەوێت بە گۆشەیەکی جیاوازی ڕەوگە برەکەی $\left(\frac{\pi}{2}\right)$. دەکرێت نرخە ساتیەکانی جیاوازی ئەرك و توندی تەزو بەم دوو هاوکێشەیەی خوارەوە هەژماربکەین:

$$V_c = V_m \sin\left(\omega t - \frac{\pi}{2}\right)$$
$$I_c = I_m \sin(\omega t)$$



وێنەی 6-23
سوڕی تەزوی گۆڕاوی باگەگر.



وێنەی 6-24
توندی تەزو و جیاوازی ئەرکی نێوان دوو جەمسەرەکەی بارگەگر لە سوڕی تەزوی گۆڕاودا (أ) V_C و I_C بە گوێرەی کات (ب) V_C بە گوێرەی I_C و بە گۆشەی $\frac{\pi}{2}$ دوای دەکەوێت.

هەر یەکەیان وەك لە **وێنەی 6-24** دەنوێنرێت لەگەڵ ئەوەشدا بارگەگر بەرهەڵستی تێپەڕبوونی تەزو دەکات لە سوڕەکەیدا و ئەو بەرهەڵستییەش پێی دەگوترێت بەربەستە بارگەگری capacitive impedance X_c

$$X_c = \frac{V_m}{I_m} = \frac{V_e}{I_e} = \frac{1}{\omega C} = \frac{1}{2\pi f C}$$

بەربەستە بارگەگری
ڕێژەی نێوان گەورەترین نرخی جیاوازی ئەرکی سەر دوو جەمسەری بارگەگرەکەیە بۆ گەورەترین بڕی تەزو لەسوڕی تەزوی گۆڕاودا. یاخود ئەو بەرهەڵستەیە کە بارگەگر نیشانی دەدات بۆ تێپەڕبوونی تەزووی گۆڕاو.

نموونە 6 (و)

یاسای ئۆم لە سوڕی بارگەگردا

پرسیارەکە

سەرچاوەیەکی ئەرك لەرەلەرەکەی $\frac{100}{\pi}$ **Hz** و جیاوازی ئەرکی کاریگەر لە نێوان جەمسەرەکانیدا **200 V** بە بارگەگرێکی کارەباییەوە بەسترا کە بارگە گرییەکەی **200 μF** بەربەستە بارگە گری بارگە گرەکە و توندی تەزوی کاریگەر لە سوڕەکەدا و گەورەترین بڕی ئەو بارگەیە کە بارگەگرەکە خەزنی دەکات هەژماربکە.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $f = \frac{100}{\pi}$ Hz $\quad V_e = 200$ V $\quad C = 200\ \mu$F

نەزانراو: $X_c = ?$ ، $I_e = ?$ ، $q_m = ?$

2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێم: ئەم هاوکێشانە بەکاردێنم.

$$X_c = \frac{1}{2\pi fC} \text{ ؛ } I_e = \frac{V_e}{X_c} \text{ ؛ } q_m = V_m C$$

3. هەژماردەکەم

لە هاوکێشەکاندا لە جیاتی دانان دەکەم و نرخەکان هەژمادەکەم

$$X_c = \frac{1}{2\pi fC} = \frac{1}{2\pi\left(\frac{100}{\pi}\text{ Hz}\right)\left(200\times10^{-6}\text{ F}\right)} = 25\ \Omega$$

$$I_e = \frac{V_e}{X_L} = \frac{200\text{ V}}{25\ \Omega} = 8\text{ A}$$

$$q_m = V_m C = \left(200\sqrt{2}\text{ V}\right)\left(200\times10^{-6}\text{ F}\right)$$

$$q_m = 4\sqrt{2}\times10^{-2}$$

$$q_m = 5.65\times10^{-2}\text{C}$$

ڕاهێنانی 6 (و)

یاسای ئۆم لە سوڕی بارگەگردا

.1 بەربەستە بارگەگری بارگەگرێك هەژماربکە کە بارگەگرییەکەی $2\ \mu$F و بە سەرچاوەیەکەوە بەستراوە لەرەلەرەکەی 100 Hz.

.2 سەرچاوەیەکی گۆڕاو ئەرکە ساتیەکەی $V = 10\sin(100\ \pi t - \frac{\pi}{2})$ جە مسەری بارگەگرێکەوە بەستراوە کە بارگە گرییەکەی $1\ \mu$F بوو. گەورەترین نرخی تەزو هەژماربکەو جیاوازی ڕەوگەی نێوان تەزوو جیاوازی ئەرك چەندە؟

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

سوڕی بەرگری پوخت و موگنەبارگی پوخت و بارگەگری دوایەك بەستراو

لە **وێنەی 6-25** دا بەرگرییەكی پوخت و موگنەبارگێكی پوخت وبارگەگرێك دوایەك بەستراون بە سەرچاوەیەك كە لەرەلەرەكەی 0.1 Hz، هێڵكاری ڕەوگەیی بۆ هەر یەك لە توندی تەزوو جیاوازی ئەرك بۆ بەرگری وكۆیل وبارگەگرەكە بەم شێوەیە دەنوێنین:

1. بەرگری ئۆمی: جیاوازی ئەرك و توندی تەزو بەیەك ئاڕاستەن و جیاوازی ڕەوگەی نێوانیان سفرە و هاوكێشەی هەریەكەیان بەم شێوەیە:

$$I_R = I_m \sin(\omega t) \quad ، V_R = V_m \sin(\omega t)$$

2. موگنەبارگی پوخت: جیاوازی ئەرك بە گۆشەی $\frac{\pi}{2}$ پێش تەزو دەكەوێت و هاوكێشەی هەریەكەیان بەم شێوەیە:

$$V_L = V_m \sin\left(\omega t + \frac{\pi}{2}\right)$$

$$I_L = I_m \sin(\omega t)$$

3. بارگەگر: جیاوازی ئەرك دوای تەزوی دەكەوێت بە گۆشەی $\frac{\pi}{2}$ وە هاوكێشەی هەر یەكەیان بەم جۆرەیە:

$$V_c = V_m \sin\left(\omega t - \frac{\pi}{2}\right)$$

$$I_L = I_m \sin(\omega t)$$

بە نواندنی هەر یەكە لە $(V_c ، V_L ، V_R)$ بە بەكارهێنانی ئاڕاستەدارە ڕەوگەییەكان دەتوانین **وێنەی 6-26** بەدەست بهێنین لەكاتی وێنەكێشانی ئەم ئاڕاستەدارانە بە شێوەی یەك لەدوایەك **وێنەی 6-27** بەدەست دەهێنین. V_{mT} گەورەترین نرخی جیاوازی ئەركی گشتی دەنوێنێت، لە **وێنەی 6-27** ـەوە دەگەینە

$$V_{mT} = \sqrt{V^2_{mR} + (V_{mL} - V_{mC})^2} \quad \text{(یان بە نرخە كاریگەرەكەی)}$$

بەرهەڵستی گشتی سوڕەكە پێی دەگوترێت ڕێگری Impedance وهێمای Z ی بۆ دادەنرێت:

$$V_{mT} = I_m Z$$

لەم هاوكێشانەوە:

$$V_{mc} = I_m X_c \quad ، V_{mL} = I_m X_L \quad ، V_{mR} = I_m R$$

بە لەجیاتی دانان لە هاوكێشەی V_T دا:

$$I_m Z = \sqrt{I_m^2 R^2 + I_m^2 (X_L - X_C)^2}$$

$$I_m Z = I_m \sqrt{R^2 + (X_L - X_C)^2}$$

$$Z = \sqrt{R^2 + (X_L - X_C)^2}$$

Z بەرگرە هاوتای بەرگری ئۆمی و بەربەستە موگنەكاری و بەربەستە بارگەگری دەنوێنێت لە سوڕە كارەباییەكەدا. دەتوانین لە وێنەكەوە بگەینە ئەمە:

$$\tan\theta = \frac{V_{mL} - V_{mc}}{V_{mR}} = \frac{X_L - X_C}{R}$$

θ گۆشەی جیاوازی ڕەوگەی نێوان جیاوازی ئەركی گشتی و توندی تەزوو دەنوێنێت.



وێنەی 6-25
سوڕی تەزوی گۆڕاو بۆ بەرگری و موگنەبارگ و بارگەگری دوایەك لە نێوان دوو جەمسەری سەرچاوەیەكی ئەركی گۆڕاودا.



وێنەی 6-26
ئاڕاستەدارە ڕەوگەییەكان بۆ هەر یەكە لە V_R و V_L و V_c و هەموویان لە خاڵی بنەڕەت 0 دەردەچن.



وێنەی 6-27
ئاڕاستەدارە و ڕەوگەییەكان بۆ هەر یەكە لە V_R و V_L و V_c یەك لەدوایەك.

نموونە 6 (ز)

سوڕی بەرگری پوخت و موگنەبارگی پوخت و بارگەگری دواییەك بەستراو



وێنەی 6-28

پرسیارەکە

لە وێنەی 6-28، خوێندنەوەی ئەو ئەمیتەرو ڤۆڵتمیتەرانە بدۆزەرەوە کە لە هێڵکارییەکەدا دیارن. وە هەروەها گۆشەی جیاوازی ڕەوگەی نێوان V_R و V_T بدۆزەرەوە ئەگەر بزانیت $V_{Te} = 30\ V$، $f = 50\ Hz$، $R = 12\ \Omega$، $X_C = 5\ \Omega$، $X_L = 14\ \Omega$.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $V_{Te} = 30\ V$ $f = 50\ Hz$ $R = 12\ \Omega$

$X_c = 5\ \Omega$ $X_L = 14\ \Omega$

نەزانراو: $I_e = ?$ ، $V_{ce} = ?$ ، $V_{Le} = ?$ ، $V_{Re} = ?$ ، $V_{LCe} = ?$

2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: ئەم هاوکێشانە بەکاردێنم:

$$Z = \sqrt{R^2 + (X_L - X_c)^2}$$

$$I_e = \frac{V_e}{Z}$$

$$V_R = IR$$

$$V_L = X_L I$$

$$V_c = X_c I$$

$$V_{Lc} = V_L - V_c$$

3. هەژماردەکەم

لەجیاتی دانان دەکەم لە هاوکێشەکاندا و نرخەکان هەژمار دەکەم:

$$Z = \sqrt{R^2 + (X_L - X_c)^2} = \sqrt{12^2 + (14-5)^2} = 15\ \Omega$$

$$I_e = \frac{V_e}{Z} = \frac{30}{15} = 2\ A$$

$$V_{Re} = RI_e = 12(\ \Omega)\ (2\ A) = 24\ V$$

$$V_{Le} = X_L I_e = (14\ \Omega)\ (2\ )A = 28\ V$$

$$V_{ce} = X_c I_e = (5\ \Omega)\ (2\ )A = 10\ V$$

بەوەش

$$V_{LCe} = V_{Le} - V_{ce} = 28\ V - 10\ V = 18\ V$$

گۆشەی جیاوازی ڕەوگە لەم پەیوەندییەوە دەدۆزرێتەوە:

$$\tan\theta = \frac{V_{Le} - V_{ce}}{V_{Re}} = \frac{18\ V}{24\ V} = \frac{3}{4} = 0.75$$

یان $$\tan\theta = \frac{X_L - X_C}{R} = \frac{14-5}{12} = \frac{3}{4} = 0.75$$

بۆیە: $$\theta = 36.87^o$$

ڕاهێنان 6 (ز)

سوڕی (بەرگری پوخت و موگنەبارگی پوخت و بارگەگر)ی دوایی‌یەك بەستراو

1. سەرچاوەیەكی ئەركی گۆڕاو نرخە ساتیەكەی $V = 20\sin(100\ \pi\ t)$ بە دوو جەمسەری سوڕێكەوە بەسترا بەرگرییەكی پوختی $100\ \Omega$ و موگنەبارگێكی پوخت هاوكۆلكەی خود موگنەكارییەكەی $0.2\ H$ ی دواییەك بەستراوی تێدایە، بڕی ڕێگری سوڕەكە و جیاوازی ڕەوگەی نێوان توندی تەزوو جیاوازی ئەرك بدۆزەرەوە.
2. ئەگەر سەرچاوەكەی پرسیاری 1 بە بارگەگرێكەوە كە بارگەگرییەكەی $2\mu\ F$ و بە بەرگرییەكی $50\ \Omega$ ی دواییەكەوە ببەسترێت. بڕی ڕێگری سوڕەكە و جیاوازی ڕەوگەی نێوان توندی تەزوو جیاوازی ئەرك بدۆزەرەوە.
3. سەرچاوەكەی پرسیاری 1 بە بەرگرییەكی $20\ \Omega$ و بارگەگرێكی $4\mu\ F$ وكۆیلێك بەرگرییەكەی فەرامۆش كراوە هاوكۆلكەی خود موگنەكارییەكەی $2 \times 10^{-3}\ H$ دواییەك بەستراو ببەسترێت. ئەوا گۆشەی جیاوازی ڕەوگەی نێوان تەزو وجیاوازی ئەرك بدۆزەرەوە.

سوڕی (بەرگری پوخت وموگنەبارگی پوخت و بارگەگر)ی هاوڕێك بەستراو

لە **وێنەی 6-29** دا بەرگرییەكی پوخت وموگنەبارگێكی پوخت و بارگەگرێك هاوڕێك بەستراون گەیەنراون بە سەرچاوەیەكی تەزوی گۆڕاو، لەم بارەدا تەزو دابەش دەبێت بۆ سێ تەزوو i_R و i_L و i_C بە شێوەیەك لەهەر ساتێكدا ئاراستەییان كۆ دەكرێنەوە.

$$i = i_R + i_L + i_C \quad \text{(بەمەرجێك ئاراستەییان كۆبكرێنەوە)}$$

لەم بارەدا جیاوازی ئەرك بۆ هەموو لقەكان هەرخۆی دەبێت و ناگۆڕێت، بۆیە جیاوازی ئەرك بە تەوەرەی سەرچاوە (پشت بێ بەستراو) دادەنێین وەك لە **وێنەی 6-30** دا.

لەبەر ئەوەی بەستنەكە هاوڕێكە بۆیە:

$$V = V_R = V_L = V_C$$

بەجێبەجێ كردنی یاسای ئۆم لەسەر هەر لقێك لە لقەكانی سوڕەكە:

$$I_R = \frac{V}{R}\ ،\ I_L = \frac{V}{\omega L}\ ،\ I_C = V\omega_C$$

I_L دوای جیاوازی ئەركی دانراو دەكەوێت بە گۆشە ڕەوگەی 90°

I_C پێش جیاوازی ئەركی دانراو دەكەوێت بە گۆشەی ڕەوگەی 90° بۆیە جیاوازی گۆشەی ڕەوگە لە نێوان I_L ، I_C یەكسانەبە 180°، بەلاَم لە بەرگریدا R ڕەوگە لە نێوان I_R و V_R جیاوازی ئەركدا یەكسانە بە سفر.

ئەم بڕانە دەتوانرێت بنوێنرین بە ئاراستەداری خولخۆرەك وێنەی 6-30:



وێنەی 6-29
سوڕی بەرگرو موگنەبارگ وبارگەگری هاوڕێك.

$$I = \sqrt{{I_R}^2 + (I_C - I_L)^2}$$

$$\frac{V}{Z} = V \times \sqrt{\left(\frac{1}{R}\right)^2 + \left(\omega C - \frac{1}{\omega L}\right)^2}$$

$$\frac{1}{Z} = \sqrt{\left(\frac{1}{R}\right)^2 + \left(\omega C - \frac{1}{\omega L}\right)^2}$$

$$Z = \frac{V}{I}$$

$$\therefore\ Z = \frac{1}{\sqrt{\frac{1}{R^2} + \left(\omega C - \frac{1}{\omega L}\right)^2}}$$



وێنەی 6-30

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەمەش:

$$I = \frac{V}{Z} = V\sqrt{\left(\frac{1}{R}\right)^2 + \left(\omega C - \frac{1}{\omega L}\right)^2}$$

بەو پێیە نرخی کاریگەر بۆ تەزوی گشتی I کەمترین برە.

کاتێك کە $\sqrt{\left(\frac{1}{R}\right)^2 + \left(\omega C - \frac{1}{\omega L}\right)^2}$ لە کەمترین بڕی دەبێت،

واتە کاتێك کە $\omega C = \frac{1}{\omega L}$ ، بەمانای $\omega = \frac{1}{\sqrt{CL}}$.

لەم بارەدا سوڕەکە لەباری زرنگانەوەدا دەبێت. وە $I = \frac{V}{R}$ تەزوەکە کەمترین بڕی دەبێت.

سوڕی لەرینەوەی کارەبایی

سوڕی لەرینەوەی کارەبایی لە موگنەبارگێك و بارگەگرێکی گۆڕاو پێکدێت هەروەك وێنەی **31-6** . بارگاوی کردنی بارگەگرەکە بە هەر سەرچاوەیەکی کارەبایی، لەرینەوەیەکی کارەبایی دروست دەکات کە بۆ هەر سوڕێك بەندە لەسەر هەردوو نرخی L و C. ئەگەر بارگەی بارگەگرەکە q_o بێت ئەوا وزەی کارەبایی بەشێوەی بواری کارەبایی تیایدا کۆدەبێتەوە.

بارگەگرەکە بارگەکەی خۆی لە موگنەبارگەکەدا خاڵی دەکاتەوە، بەوەش تەزو بە هێواشی زیاددەکات هەتا دەگاتە گەورەترین بڕی لەوکاتەشدا بارگەگرەکە هەموو بارگەکەی خۆی خاڵی دەکاتەوە، و وزە کارەباییەکەش لە موگنەبارگەکەدا بە شێوەی بواری موگناتیسی کۆدەبێتەوە پاشان بارگەکان بۆ بارگەگرەکە دەگەڕێتەوە تا تەزوی کۆیلەکە دەبێتە سفر و وزەکارەباییەکەش جارێکی دی لە بارگەگرەکەدا بە شێوەی بواری کارەبایی کۆدەبێتەوە پاشان بارگەگرەکە لە موگنەبارگەکەدا خاڵی دەکاتەوە و ئەم کردارەش چەندەها جار دووبارە دەبێتەوە و وزە لە نێوان بارگەگرو موگنەبارگەکەدا ئاڵوگۆڕدەکرێت ئەگەر هیچ ون بوونێك لە وزەکەدا نەبێت بە هۆی بەرگری مادەی کۆیلەکەوە، بەڵام بەبوونی بەرگری بەشێك لە وزەکە بە شێوەی گەرمی لە کۆیلەکەدا لەناودەچێت، ئەوەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی لەرینەوەکە. ئەگەر تەزویەکی گۆڕاو بخرێتە سەر سوڕەکە، کە لەرەلەرەکەی وروگەکەی لەگەڵ لەرەلەری سوڕەکەدا گونجاوبێت ئەوا سوڕەکە دەکەوێتە باری زرنگانەوە.



وێنەی 31-6
سوڕێکی لەرینەوەی کارەبایی لە موگنەبارگێك و بارگەگرێکی گۆڕاو پێکهاتووە.

دەکرێت باری زرنگانەوە لە سوڕەکەدا بەدەستبهێنرێت ئەگەربێت و تەزویەکی لەراوە بە لەرەلەرێکی دیاریکراو بخەینەسەری وپاشان بارگەگری بارگەگرەکە بگۆڕین هەتا سوڕەکە ساف دەکرێت و یەکسان بوون لە نێوان لەرەلەری سوڕەکە و لەرەلەری تەزوی تێچووا دێتەدی.

بەم شێوەیە سازدان (سافکردن) لە نێوان لەرەلەری وێستگەکانی ڕادیۆ تەلەفزیۆن و لەرەلەری دەزگاکانی وەرگرتن لە ماڵەکاندا دەکرێت. ئەگەر زرنگانەوە ڕوویدات ئەوا وەرگرتن بۆ شەپۆلە نێردراوەکان لە وێزگەکانەوە ڕوودەدات. ئەگەر بێت و $X_L = X_C$ ئەوا تەزوو لە سوڕەکەدا دەلەرێتەوە بەبێ ئەوەی توشی بەرهەڵستییەکی زۆر ببێت.

کاتێك
$$X_L = 2\pi f L$$
$$X_c = \frac{1}{2\pi fC}$$

کاتێك
$$X_L = X_c$$

ئەوا
$$2\pi f L = \frac{1}{2\pi fC}$$

یان
$$f^2 = \frac{1}{2(\pi)^2 LC}$$

لەرەلەری سورِەکەو وێستگەی ناردنەکە یەکسان دەبن بە f بەوەش

$$f = \frac{1}{2\pi\sqrt{LC}}$$

ئەگەر $C=0.25\ \mu F$ و $L = 5\ mH$ ئەو زرنگە لەرەی سورِەکە دەبێتە

$$f = \frac{1}{2\pi\sqrt{(0.25\times 10^{-6}\ F)\ (5\times 10^{-3}\ H)}} = 4504\ Hz$$

ترانسفۆرمەرەکان Transformers

ترانسفۆرمەر

دەزگایەکە پاڵهێزی کارەبای موگنەکاری تەزوی گۆراو بەرز یان نزم دەکاتەوە.

هەندێك جار وا پێویست دەکات کە ε بۆ نرخێکی گەورەتر بەرزبکرێتەوە، یان برِێکی گەورە لە ε بۆ نرخێکی کەمتر نزمبکرێتەوە، ئەوەی ئەوە بەدەست دەهێنێت دەزگایەکە پێی دەگوترێت **ترانسفۆرمەر** transformer.

سادەترین جۆری ترانسفۆرمەر لە دوو کۆیل پێکدێت کە لەسەر ناوئاخنێك (چەند تەبەقێك لە ئاسنی گونجاو) هەڵکراوە. هەروەك دەزگاکەی تاقیکردنەوەکەی فارادای. کۆیلی لای چەپ لە **وێنەی 32-6** دا ژمارەی پێچەکانی N_1 و جیاوازی ئەرکی گۆراوی لێوە دەچێتە ناوەوە و پێی دەگوترێت کۆیلی سەرەتایی، بەڵام کۆیلەکەی لای راست بە بەرگری R ـەوە بەستراوە و ژمارەی پێچەکانی N_2 و بە کۆیلی ناوەندی ناودەبرێت هەروەك لە تاقیکردنەوەکەی فارادایدا پارچە ئاسنە گونجاوەکە گواستنەوەی هێڵە هێزە موگناتیسەکان ئاسان دەکات، بە شێوەیەك زۆربەی هێڵە هێزەکان بە هەردوو کۆیلەکەدا تێپەردەبن.



وێنەی 32-6

ترانسفۆرمەر تەزوی گۆراو بەکاردێنێت لە سورە سەرەتاییەکەیدا بۆ پەیداکردنی تەزوێکی گۆراوی تر لە کۆیلە ناوەندیەکەیدا.

لەبەر ئەوەی توندی بواری موگناتیسی لە ناواخنە ئاسنەکەی ترانسفۆرمەر و لە هەردوو برگەکەیدا واتە کۆیلی سەرەتایی و ناوەندی یەکسانن. بۆیەجیاوازی ئەرکی گۆراو لە نێوان دوو کۆیلەکەدا جیاوازدەبێت، ئەویش بە پێی جیاوازییان لە ژمارەی پێچەکاندا. پاڵهێزی کارەبایی دانراو کە دەبێتە هۆی دروستکردنی بوارێکی موگناتیسی گۆراو لە کۆیلی سەرەتاییدا پەیوەست بە بوارە گۆراوەکە دەبێت بە پێی یاسای فارادای لە کارۆموگنەکارییدا.

$$V_1 = -N_1 \frac{\Delta\Phi}{\Delta t}$$

هەروەها پاڵهێزی کارەبایی موگنەکاریش لە کۆیلی ناوەندیدا بەم شێوەیە دەبێت:

$$V_2 = -N_2 \frac{\Delta\Phi}{\Delta t}$$

بە دابەشکردنی هەردوو هاوکێشەکە بەسەر یەکتردا دەستەواژەکانی لای راست کورت دەبنەوە تەنها N_1 و N_2 دەمێنێتەوە بەوەش هاوکێشەی ترانسفۆرمەرمان دەستدەکەوێت.

هاوکێشەی ترانسفۆرمەر

$$V_2 = \frac{N_2}{N_1} V_1$$

ε موگنەکر لە کۆیلی ناوەندیدا = ε دانراو لەسەر کۆیلی سەرەتایی ×

$$\frac{\text{ژمارەی پێچەکانی کۆیلی ناوەندی}}{\text{ژمارەی پێچەکانی کۆیلی سەرەتایی}}$$

رێژەی $\frac{N_2}{N_1}$ پێی دەگوترێت رێژەی گۆرِین لە ترانسفۆرمەردا. دەکرێت جارێکی تر ئەم هاوکێشەیە بنوسرێتەوە بە شێوەی یەکسانکردنی رێژەی نێوان جیاوازی ئەرکەکان و رێژەی نێوان ژمارەی پێچەکان

Ferkar

$$\frac{V_2}{V_2}=\frac{N_2}{N_1}$$

کاتێك N_2 گەورتربێت لە N_1 ئەوا ε لە کۆیلی دووەمدا (ناوەندی) گەورتر دەبێت لە چاوکۆیلی سەرەتایدا، و بە ترانسفۆرمەرەکەش دەگوترێت ترانسفۆرمەری بەرزکەرەوە.
بەڵام کاتێك N_2 بچوکتر بێت لە N_1 ئەوا ε لە کۆیلی ناوەندیدا کەمتر دەبێت لەچاو ε لە کۆیلی سەرەتاییدا، بە ترانسفۆرمەرەکەش دەگوترێت نزمکەرەوە.

لەوانەیە وابزانین کە ترانسفۆرمەر شت لە نەبوونەوە بەرهەمبهێنێت، بۆ نموونە ترانسفۆرمەر دەتوانێت ε دانراو لە 10 V بەرزبکاتەوە بۆ 100 V. لە کاتێکدا پێویستە توانا لە سوڕی ناوەندیدا (دەرچوو) یەکسان بێت بە توانای کۆیلی سەرەتایی (تێچوو). بەڵام لە ڕاستیدا هەندێك وزە بە شێوەی گەرمی یان تیشکدان ون دەبێت بەوەش توانای دەرچوو لە توانای تێچوو کەمتر دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا هەر زیادبوونێك لە ε کۆیلی ناوەندیدا نزمبوونەوەیەکی گونجاو لە تەزوی کارەبایی کۆیلی ناوەندی (هەمان کۆیل) دەنوێنێت.

نموونە 6 (ح)

ترانسفۆرمەرەکان

پرسیارەکە

ترانسفۆرمەرێکی بەرزکەرەوە 120 V بۆ 2400 V بەرزدەکاتەوە. ئەگەر ژمارەی پێچەکانی کۆیلی سەرەتایی 75 پێچ بێت ئایا ژمارەی پێچەکانی کۆیلی ناوەندی چەندە؟

شیکار

1. دەزانم

دراو: $V_1 = 120$ V $V_2 = 2400$ V $N_1 = 75$ پێچ

نەزانراو: $N_2 = ?$

هێڵکارییەکە:



2. پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: هاوکێشەی ترانسفۆرمەر بەکاردێنم.

$$V_2=\frac{N_2}{N_1}V_1$$

3. هەژمارەکەم

دووبارە هاوکێشەکە ڕێکدەخەمەوە بۆ جیاکردنەوەی نەزانراوەکە.

$$N_2=\frac{V_2}{V_1}N_1$$

نرخەکان لە هاوکێشەکەدا دادەنێم و شیکاردەکەم.

$$N_2=\left(\frac{2400\ \text{V}}{120\ \text{V}}\right)(75\ \text{پێچ})=1500\ \text{پێچ}$$

$$\boxed{N_2=1500\ \text{پێچ}}$$

4. هەڵدەسەنگێنم

ژمارە زۆرەکەی پێچەکان لە کۆیلی ناوەندیدا دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخی ε لە سوڕی ناوەندیدا.

ڕاهێنانی 6 (ح)

ترانسفۆرمەر

.1 لە ئۆتۆمبێلدا ترانسفۆرمەری بەرزکەرەوە بەکاردەهێنرێت، جیاوازی ئەرکی سەرەتاییەکەی 12 V و وە ناوەندیەکەی 2.0×10^4 V. ئەگەر ژمارەی پێچەکانی کۆیلی سەرەتایی 21 پێچ بێت، ئایا ژمارەی پێچەکانی کۆیلی ناوەندی چەندە؟

.2 بە پەیداکردنی تەزویەکی بەرز لە دەزگای لەحیم کردندا پێویستمان بە جیاوازی ئەرکی 0.750 V دەبێت. ئەگەر جیاوازی ئەرکی سەرەتایی ترانسفۆرمەرێکی نزمکەرەوە 117 V بێت ئایا ڕێژەی نێوان ژمارەی پێچەکانی کۆیلی سەرەتایی بۆ ژمارەی پێچەکانی کۆیلی ناوەندی چەندە؟

نەبوونی چوستی نمونەیی لە ترانسفۆرمەرە ڕاستیەکاندا

هاوکێشەی ترانسفۆرمەر وا دادەنێت کە هیچ توانایەك لە نێوان پێچەکانی کۆیلی سەرەتایی و ناوەندیدا ون نابێت. ترانسفۆرمەرە ڕاستیەکان چوستیان لە نێوان 90% و 99% دادەگۆڕێت، هەندێك وزە لە ترانسفۆرمەردا بە فیرۆ دەچێت بە هۆی ئەو تەزوە (وێڵە تەزووە) بچوکە موگنەکارانەوە کە لە گۆڕانی بواری موگناتیسیەوە لەناوەخنەکەدا پەیدادەبن (وێڵە تەزووەکان)، هەروەها بەهۆی بەرگری تەلی کۆیلەکانەوە. لەگەڵ هەستەرەی موگناتیسی (موگنەمانەوە). توانای ون بووی گۆڕاو بۆ گەرمی لە تەلە گوێزەرەوەکاندا بەپێی هاوکێشەی I^2R دەگۆڕێت، لە پێناو کەمکردنەوەی I^2R بۆ کەمترین بڕی وبەدەستهێنانی زۆرترین توانای گوێزراوە، دامەزراوەکانی وزە ε بەرزو تەزوی نزم بەکاردێنن.

لە کاتی گواستنەوەی وزە بۆ شوێنە دوورەکان. ئەگەر بە کۆلکەی 10 تەزوو نزمبکرێتەوە ئەوا تونای بە فیرۆچوو بە کۆلکەی 100 کەمدەکات. لە ڕاستیدا ε لە وێستگەی بەرهەمهێنانا بۆ 230 000 V بەرزدەکرێتەوە، پاشان نزمدەکرێتەوە بۆ 20 000 V لە وێستگەکانی دابەشکردنی ناوخۆییدا. لە کۆتایشدا نزمدەکرێنەوە بۆ 220 V لەکاتی بەکارهێنانیدا لای کڕیار. (واتە لە ماڵ و شوێنە گشتییەکاندا) ε بەرز لە تەلە گوێزەرەوەکانی دوورییە زۆرەکاندا کارێك دەکات کە تەلەکان مەترسیداربن لە کاتی هەڵکردنی بادا و وە لەوانەیە بیانخاتە سەر زەوی.

کۆیلی ئیشپێکردن (داگیرساندن) لە مەکینەی بەنزیندا ترانسفۆرمەرە

پاتری ئوتومبێل پاڵهێزێکی کارەبای 12 V دەداتە دەزگاکانی، لەپێناو ئیشپێکردنی هەموو سیستمەکانی ئۆتۆمبێلدا، سیستمی ئیشپێکردن (ئاگرپێدان) ترانسفۆرمەرێك بەکاردێنێت پێی دەگوترێت کۆیلی ئاگر پەیداکردن. لەپێناو بەرزکردنەوەی 12 V ی پاتریەکە بۆ جیاوازیەکی ئەرکی بەرز کە بتوانێت پریشکەك لەنێوان دوو جەمسەرەکەی پلاکی ئاگرپەیداکردندا پەیدابکات. **وێنەی 6-33** سامپڵێك پیشاندەدات کە وەك سیستمی ئاگر پەیداکردن لە ئۆتۆمبیلدا بەکاردەهێنرێت لە ساڵی 1900 ەوە. لەم سیستمەدا کەپێی دەگوترێت ئاگر پەیداکەری ئەلیکترۆنی، هەر سلندەرێك کۆیلێکی ئاگر پەیداکەرێکی تایبەتی خۆی هەیە. پێویستە سیستمی ئاگرپەیداکردنی ئۆتۆمبیلەکەت تەواو لەگەڵ بەشەکانی تری مەکینەکەدا گونجاو بێت، ئامانج سوتاندنی سوتەمەنیە لەو ساتەدا کە غازەکە کشاوە و دەتوانێت گەورەترین ئیش بەڕێ بکات. لەم ساتەدا پشکنەرێکی کارۆروناکی کە پێی دەگوترێت پشکنەری باسکی گۆشە هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی شوێنی باسکە تولەکە، بۆ دیاریکردنی ئەو ساتەی کە پێکهێنەرەکانی سلندەرەکە لە گەورەترین باری پەستاوتندادەبن.



وێنەی 6-33
ترانسفۆرمەر لە مەکینەی ئۆتۆمبێلدا جیاوازی ئەرکی نێوان جەمسەرەکانی پلاکی ئاگر پەیداکردن بەرز دەکاتەوە بەوەش پریشکە پەیدادەبێت.

لەو کاتەدا پشکنەرەکە نیشانە بۆ کۆمپیوتەری ئۆتۆمبیلەکە دەنێرێت. کاتێك نیشانەکە دەگاتە کۆمپیوتەرەکە سورە سەرەتاییەکە دادەخات کە بە کۆیلی سلندەرەکەوە بەستراوە. ئەوەش دەبێتە هۆی کتوپڕ بەرزکردنەوەی تەزوی سەرەتایی، پێشتر ئەوەمان زانی کەوا بەرزبوونەوەی تەزو دەبێتە هۆی خێرا گۆڕانی بواری موگناتیسی ترانسفۆرمەرەکە. لەبەرئەوەی گۆڕانی بواری موگناتیسی سورەکە زۆر خێرایە، بۆیە دەبێتەهۆی پەیدابوونی ε موگنەکاری زۆر بەرز، کە بڕەکەی لەنێوان 40000V و 100 000 V دا دەبێت. ئەم پاڵێزە کارەباییە دەخرێتەسەر هەردوو جەمسەری پلاکی ئاگر پەیداکردنەکە، و بریسکەیەك (پریشکێك) پەیدادەکات و دەبێتەهۆی سوتاندنی سوتەمەنییەکە و وزە دەدات بە ئۆتۆمبیلەکە.

گواستنەوەی وزە

وزەی کارەبایی باوترین جۆرەکانی وزەیە و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەماڵ و کارگەکاندا، هەر ئەوە لە ڕووناککردنەوە و گەرمکردنەوە و ئیشپێکردنی ئامێرە کارەباییەکاندا بەکاردێت، هەروەها بۆ ئیشپێکردنی ئامێرە پیشەسازییەکانیش. گواستنەوی وزەی کارەبایی لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ماڵ و کارگەکان لە ڕێی تۆڕەکانی تەلی گەیەنەرەوە کە پێیان دەگوترێت تۆڕەکانی گواستنەوەی وزەی کارەبایی و تەزوی کارەبا. بەم تەلانەدا دەڕوات و لە وێستگەکانەوە دەگاتە شوێنی بەکارهێنانی، لەبەرئەوەی تەلەکان بۆ شوێنی دوور ڕاکێشراون (بۆ سەدەها کیلۆمەتر) بۆیە بەرگرییەکی کەمیان نابێت بۆ تەزوی کارەبایی، ئەم بەرگرییە زۆرەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی بڕێك لە وزەی کارەبایی لەسەر تەلەکان کە بڕەکەی بەند دەبێت لەسەر بەرگری تەلەکان و توندی تەزوی تێپەڕبوویپیایدا. دەتوانرێت وزەی بەفیڕۆچوو لەم پەیوەندییەوە هەژماربکرێت:

$$E_{\text{ونبوو}} = I^2 \times Rt$$

وە توانای بە فیڕۆچوو P لە پەیوەندی $P = I^2R$ هەژماردەکرێت.

I توندی تەزوە R بەرگری تەلەکانە t کاتە.

لە یاساکەوە دەبینین کە وزەی بە فیڕۆچوو ڕاستەوانە لەگەڵ بەرگری تەلەکان و دووجای تەزودا دەگۆڕێت.

ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا توندی تەزو کاریگەریەکی زۆری هەیە لە ونبوونی وزەدا و کاریگەرییەکەی لە هی بەرگری زیاترە. بۆیە گرنگی بە نزمکردنەوەی توندی تەزو دەدرێت لەو تەلانەدا کە وزەکە دەگوێزنەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی ترانسفۆرمەری کارەبایی بەرزکەرەوەی ڤۆڵتیە (ئەرك). ئەگەر تەزوی کۆیلی سەرەتایی I گەورەبێت و جیاوازی ئەرکەکەی بچوك بێت، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆیلی ناوەندیدا کە ژمارەی پێچەکانی (N_2) گەورەترە تەزوییەکی کەم و جیاوازییەکی ئەرکی گەورە پەیدا ببێت.

کاتێکیش دەگاتە شوێنی بەکارهێنان جارێکی تر لە پێش بەکارهێنانیدا بە هۆی ترانسفۆرمەری نزمکەرەوە ئەرکەکە نزمدەکرێتەوە. هەروەها دەتوانرێت وزەی بەفیڕۆچوو کەمبکرێتەوە ئەویش بەزیادکردنی ئەستوری تەلەکان یان تەلەکان لە مادەیەك دروستبکرێت کە بەرگری تایبەتیان تا ڕادەیەك کەمبێت.

چوستی گواستنەوە: بریتیە لە ڕێژەی سەدی نێوان توانای گەیشتوو بە ماڵێك یان بەکارگەیەك بۆ ئەو توانایەی کە لە وێستگەی بەرهەمهێنانەوە نێردراوە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



وێنەی 34-6
وزەی کارەبا دەگوازرێتەوە لە وێستگەی بەرهەم هێنان بۆ شوێنی بەکاربردن بە هۆی تەلی گواستنەوە و ترانسفۆرمەرەکان.

$$\text{چوستی گواستنەوە} = \frac{\text{توانای گەیشتو بە سوری بەکارهێنان}}{\text{توانای نێردراو لە ویستگەی بەرهەمهێنانەوە}} \times 100\ \%$$

$$\text{چوستی گواستنەوە} = \frac{\text{توانای نێردراو} - \text{توانای بە فیرۆچوی سەر تەل}}{\text{توانای نێردراو}} \times 100\ \%$$

$$\text{چوستی گواستنەوە} = \frac{p_{\text{نێردراو}} - p_{\text{بە فیرۆچوو}}}{p_{\text{نێردراو}}}\ 100\ \% = \frac{p_{\text{گەیشتوو}}}{p_{\text{نێردراو}}} \times 100\ \%$$

نموونە 6 (ط)

گواستنەوەی وزە

پرسیارەکە

وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی، توانای کۆیلی ناوەندی ترانسفۆرمەرەکەی 1 MW. ئەم وێستگەیە تواناکەی خۆی بۆ شارێك دەنێرێت بە هۆی تەلی گەیەنەرەوە کە بەرگرییەکەی 10 Ω ـە لە ژێر جیاوازی ئەرکی 1×10^5 V دا چوستی گواستنەوە هەژماربکە.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $P_{\text{نێردراو}} = 1$ MW ، $R = 10\ \Omega$ ، $\Delta V = 1 \times 10^5$ V

نەزانراو: چوستی = ؟

2.پلان دادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: ئەم دوو پەیوەندییە بەکاردێنم.

$$P_{\text{نێردراو}} = I\Delta V$$

$$= \frac{P_{\text{گەیشتوو}}}{P_{\text{نێردراو}}}$$

3. هەژماردەکەم

لەجیاتی دانان لە هاوکێشەکاندا دەکەم و شیکاردەکەم.

$$P_{\text{نێردراو}} = I\Delta V$$

$$I = \frac{P_{\text{نێردراو}}}{\Delta V} = \frac{1 \times 10^6\ \text{W}}{1 \times 10^5\ \text{V}}$$

$$I = 10\ \text{A}$$

$$P = I^2 \times R = (10\ \text{A})^2 \times (10\ \Omega) = 10^3\ \text{W}$$

$$P_{\text{گەیشتوو}} = P_{\text{نێردراو}} - P_{\text{بەفیڕۆچوو}}$$

$$P_{\text{گەیشتوو}} = 10^6\ W - 10^3\ W = 999 \times 10^3\ \text{ط}$$

$$\text{چوستی} = \frac{P_{\text{گەیشتوو}}}{P_{\text{نێردراو}}} \times 100\% = \frac{999 \times 10^3 W}{10^6\ W} \times 100\% = \frac{999}{10^3} \times 100\% = \boxed{0.999 \times 100\% = 99.9\ \%}$$

ڕاهێنانی 6 (ط)

گواستنەوەی وزە

1. توانای بەفیڕۆچوو لە شێوەی گەرمیدا لە تەلێکدا هەژماربکە کە بەرگرییەکەی $120\ \Omega$ و تەزوویەکی پێدادەڕوات تونییەکەی 50 A.

2. ئەگەر وزەیەک کە تواناکەی 3 MW بێت بە تەلەکەی پرسیاری 1 دا بنێردرێت توانای گەیشتوو بە کۆتایی تەلەکە هەژماربکەو، چوستی گواستنەوەی وزە دەربهێنە بکە.

پێداچوونەوەی بەندی 3-6

1. نرخی کاریگەری تەزو لە کۆیلێکی تاکی گیتاردا 0.025 A و بەرگری کۆیلەکە 4.3 kΩ. گەورەترین نرخی تەزوی ساتی بدۆزەرەوە؟ هەروەها بڕی کاریگەری ε بەرهەمهاتوو لە کۆیلەکەدا وە گەورەترین بڕی جیاوازی ئەرك چەندە؟

2. بۆچی بارگاویکردنی بارگەگر تەنها بە دانانی جیاوازی ئەرکی نەگۆڕ لەسەری دەکرێت.

3. **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** تێکڕای تەزوی گۆڕاو لە خولێکی تەواودا چەندە؟ کەواتە بۆچی تەل گەرمدەبێت کاتێك تەزوی گۆڕاوی پێدادەڕوات؟

Ferkar

پوختەی بەشی 6

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 1-6 کارەبای پەیدابوو لە موگناتیسەوە

- گۆڕانی لێشاوە موگناتیسیی دەوری کۆیلێکی گەیەنەر تەزوویەکی کارەبایی لە کۆیلەکەدا دروست دەکات ئەم چەمکە پێی دەگوترێت کارۆموگنەکاری.
- یاسای لێنز دەڵێت: بواری موگناتیسی پەیدابوو لە تەزووی موگنەکارەوە دژی گۆڕانی ئەو بوارەیە کە بوەتە هۆی دروستبوونی.
- دەتوانین بڕی ε موگنەکار بەبەکارهێنانی یاسای فارادای بدۆزینەوە.

بەندی 2-6 دینەمۆکان و مۆتۆڕەکان وئاڵوگۆڕە موگنەکاری

- دینەمۆکان دیاردەی کارۆموگنەکاری بەکاردێنن بۆ گۆڕینی وزەی میکیانیکی بۆ وزەی کارەبایی.
- لە مۆتۆڕدا هەمان پێکهاتەی دینەمۆ بەکاردێت، تا وزەی کارەبایی بگۆڕدرێت بۆ وزەی میکانیکی.
- ئاڵوگۆڕە موگنەکاری کرداری دروستکردنی ε لەیەکێك لە سوڕەکاندا بەهۆی گۆڕانی تەزو لە سوڕە هاوسێکەیدا.

بەندی 3-6 سوڕەکانی تەزوی گۆڕاو و ترانسفۆرمەرەکان

- نرخی کاریگەری تەزو پاڵهێزی کارەبایی، لە سوڕێکی تەزوی گۆڕاودا، دوو پێوەری گرنگن بۆ سیفەتەکانی سوڕی تەزوە گۆڕاوەکە.
- جیاوازی ئەرکی نێوان دوو جەمسەرەکەی بەرگری پوخت لە سوڕێکی تەزوی گۆڕاودا، لەگەڵ ئەو تەزوەی پیایدا دەڕوات، هەمان ڕەوگەیان دەبێت.
- لە نێوان جیاوازی ئەرکی دوو جەمسەرەکەی بارگەگر یان موگنەبارگ و تەزوی تێپەڕبوو پیایاندا جیاوازی ڕەوگە هەیە.
- زرنگە لەرەی سوڕێکی ($L - C$) بێ بەرگری بریتییە لە $f = \dfrac{1}{2\pi\sqrt{LC}}$.
- ترانسفۆرمەرەکان پاڵهێزی کارەبایی گۆڕاو لە سوڕەکاندا دەگۆڕن.

زاراوە بنچینەییەکان

کارۆموگنەکاری (هاندانی کارۆموگناتیسی)
(ل 152) Electromagnetic induction

خود موگنەکاری (هاندانی خۆیی)
(ل 157) Self inductance

هاوکۆلکەی خودموگنەکاری
(ل 157) Coefficient of self inductance

ویڵە تەزوو (ل 162) Eddy currents

دینەمۆ (ل 163) Generator

تەزوی گۆڕاو
(ل 165) Alternating current

دژە پاڵهێزی کارەبای موگنەکار
(ل 166) Back emf

ئاڵوگۆڕە موگنەکاری
(168) Mutual inductance

نرخی کاریگەری تەزوو
(ل 170) Effective current

بەرگری پوخت (ل 172) Pure resistance

بەربەستە موگنەکاری
(ل 174) Inductive impedance

بەربەستە بارگەکری
(ل 175) Capactive impedance

ترانسفۆرمەر (ل 181) Transformer

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



پێداچوونەوەی بەشی 6

پێیدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

کارەبای پەیدابوو لە موگناتیسەوە

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

1. وادابنێ دوو سوڕی کارەباییت هەیە، سوڕی یەکەم لە موگناتیسێکی کارەبایی و سەرچاوەیەکی ε تەزوی نەگۆڕ و بەرگرییەکی گۆڕاو (ڕیۆستات) کە بە هۆیەوە گۆڕان لە توندی بواری موگناتیسیدا دەکرێت پێکدێت سوڕی دووەم لە کۆیلێکی لە تەل دروستکراو کە بەگلڤانۆمیتەرێکەوە بەستراوە پێکدێت. سێ ڕێگە بڵێ کە بە هۆیانەوە بتوانیت تەزوی موگنەکار لە سوڕی دووەمدا دروست بکەیت.

2. ڕوونیبکەرەوە چۆن بەهۆی یاسای لێنزەوە دەتوانرێت ئاڕاستەی تەزوی موگنەکار دیاری بکرێت.

3. ئەو چوار هۆکارە کامانەن کە کار لە بڕی ε موگنەکار لە کۆیلێکدا دەکەن.

4. ئەگەر بوارێکی موگناتیسی ڕێکت هەبێت و تەلێکی درێژی دیاریکراوت هەبێت، چۆن ε موگنەکار لەسەر جەمسەرەکانی تەلەکە زیاددەکەیت؟

پرسیار دەربارەی چەمککەکان

5. خێرا بردنە ناوەوەی جەمسەری باکوری موگناتیسێك بۆ ناو کۆیلێك کە بە گلڤانۆمیتەرێکەوە بەستراوە، دەبێتە هۆی لادانی نیشاندەری گلڤانۆمیتەرەکە بە لای ڕاستدا. نیشاندەرەکە چۆن لادەدات؟ ئەگەر بێت و ئەمانە ئەنجام بدەیت؟

أ. موگناتیسەکە بەرەو دەرەوەی کۆیلەکە ڕابکێشیت.

ب. موگناتیسەکە بە وەستاوی لەناو کۆیلەکەدا جێ بهێڵیت.

ج. جەمسەری باشوری موگناتیسەکە بەرەو ناوەوەی کۆیلەکە پاڵ پێوە بنێت.

6. باس بکە چۆن یاسای لێنز یاسای پاراستنی وزە ڕووندەکاتەوە.

7. ئایا کەوتنە خوارەوەی موگناتیسی بە هێز بۆ ناو بۆریەکی لە مس دروستکراوی درێژ دەبێتە هۆی پەیدابوونی تەزوی موگنەکار لە بۆڕیەکەدا؟ ئەگەر بە بەڵێ وەڵامتدایەوە، ئایا تەزوە موگنەکارەکە چۆن کارلەجووڵەی موگناتیسەکە دەکات؟

8. دوو تۆڵەی موگناتیسی لە تەنیشت یەکترەوە دانران بە شێوەیەك جەمسەری باکوری یەکێکیان لە نزیك جەمسەری باشوری ئەویتریانەوە بوو. ئەگەر هەردووکیان بەرەوناو کۆیلێك پاڵیان پێوەبنرێت، ئایا لەو باوەڕەدای کە εموگنەکار لە کۆیلەکەدا پەیدابیێت؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

9. موگناتیسێکی کارەبایی لە نزیك کۆیلێکەوە دانرا هەروەك لە وێنەکەی خوارەوەدا دیارە. بەپێی یاسای لێنز، ئاڕاستەی تەزوی موگنەکار لە بەرگری Rدا چۆن دەبێت لەم دووبارەی خوارەوەدا؟

أ. بوارەکە کتوپڕ کەمدەکات بەهۆی کردنەوەی سویچەکەوە.

ب. کۆیلەکە زیاتر لە موگناتیسە کارەباییەکە نزیککخرایەوە.



پرسیارەکانی ڕاهێنان

10. ئەڵقەیەکی بازنەیی لە تەلێکی گەیەنەر دروستکراوە، نیوە تیرەکەی 0.12 m و ئەستونە لەسەر بوارێکی موگناتیسی کە توندییەکەی 0.15 T، هەروەك لە وێنەی (أ)ی خوارەوەدا دیارە. ئەڵقەکە لە هەردوو سەرەوە ڕاکێشرا بە شێوەیەك بەڕووبەری $3 \times 10^{-3}\ m^2$ داخرا. وەك لە وێنەی (ب)دا. ئەگەر داخستنی ئەڵقەکە 0.2 s بخایەنێت، تێکڕایی ε موگنەکار لە سوڕەکەدا، لەو ماوەیەدا بدۆزەرەوە.



.11 کۆیلێکی لاکێشەیی درێژییەکەی 0.085 m و پانیەکەی 0.055 m بوو بە شێوەیەك دانرا کە ڕووبەرەکەی ستون بوو لەسەر ئاراستەی بوارێکی موگناتیسی $\vec{B}$. ئەگەر کۆیلەکە 75 پێچی هەبێت و بەرگرییە گشتییەکەی $8.7\ \Omega$ بێت و بوارەکە بە تێکڕای 3.0 T/s کەمبکات، ئایا بڕی تەزوی موگنەکار لە کۆیلەکەدا چەندە؟

.12 کۆیلێکی 52 پێچی کە ڕوبەری برگەکەی $5.5 \times 10^{-3}\ m^2$ بوو، لە شوێنێکەوە خرایە خوارەوە کە توندی بواری موگناتیسی تێیدا $B = 0.00$ T بوو بۆ شوێنێك کە توندی بواری موگناتیسی تێیدا $B = 0.55$ T. ئەگەر کەوتنە خوارەوەکە لە 0.25 s دا ڕوویدابێت ڕووبەری کۆیلەکە لەسەر هێڵە هێزەکان ئەستون بێت، ئایا تێکڕایی ε موگنەکار لە کۆیلەکەدا چەند دەبێت؟

دینەمۆکان ومۆتۆڕەکان وئاڵوگۆڕە موگنەکاری

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

.13 پێکهێنەرە سەرەکیەکانی دینەمۆی کارەبایی بڵێ، ڕۆڵی هەریەکەیان لە پەیداکردنی ε دا ڕوونبکەرەوە.

.14 خوێندکارێك دەسکی دینەمۆیەکی بچوك بادەدات، دینەمۆکە بە هۆڵدەرێکەوە بەستراوە کە گڵۆپێکی 15 W پێوەیە، گڵۆپەکە بە شەوقێکی زۆر کەم دادەگیرسێت. ئایا دەبێت خوێندکارەکە چی بکات بۆ ئەوەی شەوقی گڵۆپەکە زیادبکات؟

.15 وشەی لەرەلەر لە تەزوی گۆڕاودا چی دەگەیەنێت؟

.16 چۆن دینەمۆی *AC* دەگۆڕێت بۆ دینەمۆی *DC*؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

.17 مانای دژە پاڵهێزی کارەبایی چییە؟ چۆن ئەم پاڵهێزە موگنەکارە لە مۆتۆڕدا پەیدادەبێت؟

.18 ڕوونیبکەرەوە چۆن ئاڵوگۆڕە موگنەکاری ڕوودەدات؟

.19 جیاوازی نێوان ترانسفۆرمەری بەرزکەرەوەو ترانسفۆرمەری نزمکەرەوە چییە؟

.20 ئایا ترانسفۆرمەری بەرزکەرەوە توانا بەرز دەکاتەوە (گەورەدەکات)؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

پرسیاردەربارەی چەمکەکان

.21 کاتێك ئاستی بازنەیەکی (ئەڵقەیەکی) خولاوە تەریب بێت بە هێڵە هێزەکانی بواری موگناتیسی، ژمارەی ئەو هێڵانەی بازنەکە دەبڕن سفر دەبێت، بۆچی تەزوی موگنەکار لەم ساتەی خولاندنەوەی بازنەکەدا (ئەڵقەکەدا) زۆرترین بڕی دەبێت؟

.22 ئەگەر ژمارەی پێچەکانی کۆیلێك بکرێت بەدوو هێندە لە ڕێگەی هەڵکردنی چینێکی تری پێچ لەسەرچینی یەکەم و بە هەمان ئاراستە، ئایا چی بەسەر هاوکۆلکەی خودموگنەکاری L کۆیلەکەدا دێت؟

.23 لەزۆربەی ترانسفۆرمەرەکاندا، ئەو تەلەی یەکێك لە کۆیلەکانی لێدروستکراوە لەویتریان ئەستورتردەبێت. بەوەش بەرگریەکەی کەمتردەبێت لەچاو ئەو تەلەی کە کۆیلەکەی تریانی لێدروستکراوە. ئەگەر تەلە ئەستور ترەکە بە دەوری کۆیلی ناوەندیدا هەڵبکرێت ئایا ترانسفۆرمەرەکە بەرزکەرەوە دەبێت یان نزمکەرەوە؟ وەڵامەکەت ڕوونکەرەوە.

.24 تولێکی موگناتیسی ستونیانە بە دەسکێکی خولاوەوە بەسترا، پاشان موگناتیسیەکە خرایە ناوەڕاستی بۆشایی ناو کۆیلەکەوە لەکام بار لەم بارانەی خوارەوەدا دەتوانرێت دەزگاکە وەك دینەمۆیەکی کارەبایی بەکاربهێنرێت؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.



.25 ئایا ترانسفۆرمەر بە تەزوی نەگۆڕی شێوە پرتە ئیش دەکات؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

.26 هەتا خولانەوەی کۆیلی دینەمۆی *AC* خێراتربێت، خولانەوەکەی گرانتردەبێت. یاسای لێنز بەکاربهێنە بۆ لێکدانەوەی ئەوە.

پرسیارەکانی ڕاهێنان

.27 نرخی کاریگەری پاڵهێزی کارەبایی لە هێڵێکی ئەرك بەرزی یەکێك لە وڵاتەکاندا دەگاتە 220 000 V، گەورەترین نرخی ε چەندە؟

.28 گەورەترین نرخی ئەو تەزوەی بە گڵۆپێکی ڕووناکیدا تێپەڕ دەبێت 0.909 A بوو کاتێك بەرگرییەکەی $182\ \Omega$ ئۆم بێت.

أ. نرخی کاریگەری تەزوی تێپەڕبوو بە دەزولەی گڵۆپەکەدا چەندە؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

ب. نرخی کاریگەری پاڵهێزی کارەبایی نێوان دوو جەمسەری دەزولەکە چەندە؟

ج. ئەو توانایەی گڵۆپەکە کاری پێدەکات چەندە؟

سورەکانی تەزوی گۆڕاو وترانسفۆرمەر

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

29. لەکاتی بەرهەمهێنانی تەزوی گۆڕاودا کام لە هێندەکان بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە؟

30. پەیوەندی توانای بەفیڕۆ چوو لە بەرگریدا بە هۆی تێپەڕبوونی تەزوی گۆڕاوەوە چییە بە توانای بە فیرۆچوو بە هۆی تێپەڕبوونی تەزوی نەگۆڕەوە. ئەگەربزانیت کە توندی تەزوە نەگۆڕەکەو جیاوازی ئەرکەکەی یەکسانن بە گەورەترین بری تەزو جیاوازی ئەرکی گۆڕاو؟

31. گۆڕانی لەرەلەر چۆن کار لە بەربەستە بارگەگری دەکات لە سوڕی تەزووی گۆڕاودا؟

32. ڕوونیبکەرەوە، بۆچی گواستنەوەی وزەی کارەبایی بە جیاوازی ئەرکی بەرزو تەزوی نزم، زۆر کاریگەرتر دەبێت لە گواستنەوەکەی بە جیاوازی ئەرکی نزم و تەزوییەکی بەرز؟

پرسیاردەربارەی چەمکەکان

33. لە برەڕی گرفتی زەمینی دا (GFI) Ground Fault Interrupter ، ئایا جیاوازی تەزوەکان لە سۆکێتەکاندا بەپێی نرخە کاریگەرەکەی تەزو دەپێورێت یان بەپێی نرخە ساتیەکەی تەزوو لەهەر ساتێکدا؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

34. ئەو ڤۆڵتمیتەرو ئەمیتەرانەی کە هێندە گۆڕاوەکان دەپێون، بۆ پێوانی نرخە کاریگەرەکەی پاڵهێزو و تەزوییەك لەدواییەك ڕێکخراون. بۆچی ئەوە لە پێوانی گەورەترین نرخیان بۆ هەر یەك لە تەزو ε بە باشتر دادەنرێت؟

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

35. ترانسفۆرمەرێك بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی 120 V بۆ 9.0 V بۆ ئەوەی ئیشپێکەرێکی CD ئیش پێبکات. ئەگەر ژمارەی پێچەکانی سوڕە سەرەتاییەکەی کە بەسەرچاوەکەوە بەستراوە 640 پێچ بێت، ئایا ژمارەی پێچەکانی سوڕە ناوەندییەکەی چەند دەبێت؟

36. وادابنێ کە ئیشپێکەرێکی CD لە وڵاتێکدا بە جیاوازی ئەرکی 9.00 V ئیش دەکات ، ترانسفۆرمەرێکی تێدایە بۆ گۆڕینی تەزو و جیاوازی ئەرك، ئەگەر ڕێژەی نێوان ژمارەی پێچەکانی کۆیلی سەرەتایی بۆ کۆیلی ناوەندی $\frac{24.6}{1}$ بێت، ئایا جیاوازی ئەرکی سەرچاوەکە لەو وڵاتەدا چەندە؟

37. ترانسفۆرمەرێك بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی 120 V بۆ 6.3 V بە مەبەستی ئیشپێکردنی شەمەندەفەرێکی یاری، ئەگەر ژمارەی پێچەکانی کۆیلە سەرەتاییەکە 210 پێچ بێت. ئایا ژمارەی پێچەکانی کۆیلە ناوەندییەکە چەندە؟

38. ئەو ترانسفۆرمەرەی لە وێنەکەدا دیارە لە کۆیلی لای چەپ پێکهاتووە کە ژمارەی پێچەکانی بە 20 ئەوەندەجار لە پێچەکانی کۆیلی لای ڕاست زیاترە.



أ. ئەگەر جیاوازی ئەرکی تێچوو وخرابێتەسەر کۆیلی لای چەپ، ئایا جۆری ترانسفۆرمەرەکە چیە؟

ب. ئەگەر جیاوازی ئەرکی تێچوو 24 000 V بێت، ئایا جیاوازی ئەرکی دەرچوو چەندە؟

39. لەم سوڕە کارەباییەی خوارەوەدا، جیاوازی ئەرکی گشتی V_T لە نێوان a ،b هەژماربکە.



40. لەم سوڕە کارەباییەی لە وێنەکەی خوارەوەدا دیارە، ڕێگری سوڕەکە هەژمار بکە.



41. ئەگەر ئەو سورەی لە خوارەوەدا دیارە لە باری زرنگانەوەدابێت لەگەڵ تەزوی تێچوودا. ئایا توندی تەزوی کاریگەری گۆڕاو چەندە؟



42. سورێکی زرنگانەوە پێکهاتووە لە کۆیلێکی موگنەکار و بارگەگرێکی بارگەگری گۆڕاو، ئەگەر بارگەگری بارگەگرەکە لە $400\mu F$ بۆ $100\mu F$ کەمبکات ئایا لەرەلەری سورەکە دەبێتە چەند؟

43. کۆیلێکی موگنەکار بەرگرییەکەی $10\ \Omega$ و هاوکۆلکەی خودموگنەکارییەکەی $0.5\ H$ و دواییەک بە بارگەگرێکەوە بەسترا کە بارگەگرییەکەی $150\mu F$ و هەردووکیان بەستران بەسەرچاوەیەکی تەزوی کارەبایی کە جیاوازی ئەرکە کاریگەرەکەی $250\ V$ و لەرەلەرەکەی $50\ Hz$ ئەمانە بدۆزەرەوە.

أ. توندی تەزوی گۆڕاوی کاریگەر.

ب. نرخی کاریگەری جیاوازی ئەرك لە نێوان جەمسەرەکانی هەریەکە لە کۆیل و بارگەگرەکەدا.

44. گڵۆپێك تواناکەی $100\ W$ لە ژێر جیاوازی ئەرکی کاریگەری $120\ V$ دا، دەمانەوێت ئیشی پێبکەین بەهۆی سەرچاوەیەکی کارەبایی گۆڕاوەوە کە جیاوازی ئەرکە کاریگەرەکەی $240\ V$ و لەرەلەرەکەی $50\ Hz$. بارگەگری ئەو بارگەگرە بدۆزەرەوە کە ئەگەر بێت و دواییەك لەگەڵ گڵۆپەکەدا ببەسترێت ئەوا بە هەمان توانا دادەگیرسێت.

45. کۆیلێك هاوکۆلکەی خودموگنەکاریەکەی $L = 50\ mH$ و تەزویەکی پێدادەڕوات توندیەکەی $2\ A$، کاتێك جیاوازی ئەرکی نەگۆڕی نێوان دوو جەمسەرەکەی $20\ V$ بێت. گەورەترین توندی تەزوی تێپەڕبوو بە کۆیلەکەدا چەندە؟ کاتێك لە نێوان دوو جەمسەرەکەیدا جیاوازیەکی ئەرکی گۆڕاو هەبێت کە نرخەکاریگەرەکەی $20\ V$ و لەرەلەرەی $60\ Hz$ بێت.

پێداچوونەوەی گشتی

46. خوێندکارێك دەیەوێت دینەمۆیەکی سادە دروست بکات، بە دانانی یەك ئەڵقە لە نێوان جەمسەرەکانی موگناتیسێکی شێوە ناڵی ئەسپدا، کە توندی بوارەکەی $2.5 \times 10^{-2}\ T$ و رووبەری ئەڵقەکە $7.54 \times 10^{-3}\ m^2$ و بە ستونی لەسەر هێڵەکانی بوارەکە دەجووڵێت. دەبێت بردنە دەرەوەی ئەڵقەکە لەناو بوارەکە لە لایەن خوێندکارەکەوە چەندە کات بخایەنێت تا بتوانێت ε موگنەکار دروست بکات کە برەکەی $1.5\ V$ بێت؟ ئایا ئەم دینەمۆیە باشە؟

47. کۆیلێك 325 پێچی هەیە و ڕووبەرەکەی $19.5\times 10^{-4}\ m^2$ لەناوچەیەکدا لابرا کە بوارێکی موگناتیسی ڕێکی هەیە، ئەگەر کاتی خایەنراو $1.25\ s$ و ε موگنەکار $15\ mV$ بێت و ئاراستەی جووڵەکەشی 45° لەگەڵ بوارەکەدا دروست بکات، ئایا توندی بوارە موگناتیسیەکە چەندە؟

48. جیاوازی ئەرکی نێوان دووهێڵ کە وزە بۆماڵێك دەگوێزنەوە $20.0\ kV$. ڕێژەی نێوان پێچەکانی کۆیلی سەرەتایی بۆ پێچەکانی کۆیلی ناوەندی ترانسفۆرمەرێك چەندە؟ تا جیاوازی ئەرکی نێوان دووجەمسەرەکەی کۆیلی ناوەندی $117\ V$ بێت؟

49. ε دینەمۆیەك بەم هاوکێشەیە دەنوێنرێت $\varepsilon = 245 \sin 560\ t$ بە جۆرێك ε بە ڤۆڵت و t بە چرکە بپێورێت. ئەم نرخانە بەکاربهێنە بۆ هەژمارکردنی لەرەلەرو گەورەترین نرخی جیاوازی ئەرکی سەرچاوەکە.

50. هاوکۆلکەی ئاڵوگۆڕە موگنەکاری نێوان دوو کۆیل $1.06\ H$. ئەگەر تەزوی کۆیلە سەرەتاییەکە لە ماوەی $0.0336\ s$ دا لە $0\ A$ بۆ $9.50\ A$ بگۆڕێت، تێکرایی ε موگنەکار لە کۆیلە ناوەندییەکەدا هەژماربکە.

51. دینەمۆیەك توانایەکی هەیە برەکەی $5.0 \times 10^3\ kW$ و جیاوازی ئەرکی دەرچوو $510\ kV$ و هی تێچوو $4500\ V$ کارەباکە دوری $6.44\times 10^5\ m$ دەبرێت بە هۆی تەلێکی گەینەرەوە کە بەرگرییەکەی لە یەکەی درێژیدا $4.5 \times 10^{-4}\ \Omega/m$ بوو.

أ. توانای بەفیڕۆچوو لەسەر تەلەکە لەکاتی کارەبا گواستنەوەکەدا بە درێژایی هێڵەکە چەندە؟

ب. توانای بەفیڕۆچووو لەسەر هێڵە گوێزەرەوەکە چەند دەبێت ئەگەر جیاوازی ئەرکی دەرچوو لە دینەمۆکە $4500\ V$ بێت واتە بەبێ ترانسفۆرمەری بەرزکەرەوە وزەکە بگوێزرێتەوە، ئەم وەڵامە چی دەگەیەنێت بە گوێرەی جیاوازیە ئەرکە بەرزەکانەوە لە گواستنەوەی وزەدا؟

52. کۆیلێك هاوکۆلکەی خودموگنەکاریەکەی $L = 15\ mH$ و بەرگرییە ئۆمیەکەی $10\ \Omega$ ودواییەك بەستراوە بە بارگەگرێکی $200\ \mu F$ و بەرگرییەکی پوختی $12\ \Omega$ ەوە. ئەگەر جیاوازی ئەرکی کاریگەری سەرچاوەیەکی تەزو گۆڕاوی لەرلەر $60\ Hz$ ی $100\ V$ بێت، ئەمانە بدۆزەرەوە:

أ. نرخی کاریگەری جیاوازی ئەرك لە نێوان جەمسەرەکانی هەریەك لە کۆیل و بارگەگرو بەرگرییە پوختەکە.

ب. لەرلەری ئەو تەزووە گۆڕاوە چەندە کەوا لە سورِەکە دەکات بکەوێتە باری زرنگانەوەوە.

53. کۆیلێکی موگنەکاری بەرگرییە ئۆمیەکەی $80\ \Omega$ و بەربەستە موگنەکارییەکەی $60\ \Omega$ بە جیاوازییەکی ئەرکی گۆڕاوەوە بەسترا کە نرخە کاریگەرەکەی $200\ V$ و لەرلەرەکەی $60\ Hz$ بوو. ئەمانە بدۆزەرەوە:

أ. ڕێگری سورِەکە.

ب. توندی کاریگەری تەزوی سورِەکە.

ج. بارگەگری ئەو بارگەگرەی کە پێویستە لە سورِەکەدا بەدواییەك ببەسترێت بۆ ئەوەی بکەوێتە باری زرنگانەوە.

د. هاوکێشەی توندی تەزوی ساتی تێپەڕبوو بەسورِەکەدا لە باری زرنگانەوەدا.

54. سەرچاوەیەکی تەزوی گۆڕاو هاوکێشەی جیاوازی ئەرکی ساتی نێوان دوو جەمسەرەکەی بەم پەیوەندییە دەدرێت: $V = 100\sqrt{2}\sin(100\pi t)$ لە نێوان دوو جەمسەرەکەیدا ئەمانە بەدواییەك بەستران. بەرگرییەکی پوختی $20\ \Omega$ و کۆیلێك هاوکۆلکەی خودموگنەکاریەکەی $\left(\frac{3}{5\pi}H\right)$ یەو بەرگرییەکەی فەرامۆشکراوە، بارگەگرێك کە بارگەگرییەکەی $\frac{1}{4500\pi}F$ ئەمانە هەژماربکە:

أ. بەربەستە موگنەکاری موگنەبارگەکە و بەربەستە بارگەگری بارگەگرەکەو ڕێگری سورِەکە.

ب. توندی تەزوی کاریگەری تێپەڕبوو بە سورِەکەدا.

55. بارگەگرێك بارگەگرییەکەی $400\mu F$ و دواییەك لەگەڵ بەرگرییەکی ئۆمی پوختی $10\ \Omega$ و سەرچاوەیەکی تەزوی گۆڕاوی لەرلەر $\frac{250}{\pi}\ Hz$ بەستراوە، ئەگەر جیاوازی ئەرکی کاریگەر لە نێوان دوو لەوحەکەی بارگەگرەکەدا $18\ V$ بێت، ئەمانە هەژماربکە:

أ. جیاوازی ئەرکی کاریگەر لە نێوان جەمسەرەکانی بەرگرییە پوختەکەدا.

ب. گەورەترین نرخی جیاوازی ئەرکی کارەبایی سەرچاوەی سورِەکە.

ج. بەوردی و بەپشت بەستن بە ئاراستەدارەکان هەریەکە لە جیاوازی ئەرکی نێوان جەمسەرەکانی بارگەگرەکە وبەرگریەکە و جیاوازی ئەرکی گشتی بەکارهێنراو بنوێنە.

56. سەرچاوەیەکی ئەرکی گۆڕاو لەرلەرەکەی $1\ MHz$ و نرخی کاریگەری ڤۆڵتیەکەی $50\ V$، بە سورِێکەوە بەسترا کە پێکهاتبوو لە بەرگرییەکی $R=300\ \Omega$ و موگنەبارگێکی پوخت $X_L = 600\ \Omega$ و بارگەگرێك $X_c = 200\ \Omega$ هەموویان هاورێك بەستراون ئەمانە هەژماربکە.

أ. ڕێگری سورِەکە.

ب. نرخی کاریگەری تەزوی تێپەڕبوو بە هەر یەکە لە بەرگری و موگنەبارگ و بارگەگرەکەدا.

ج. نرخی کاریگەری تەزوی گشتی سورِەکە.

د. گۆشەی جیاوازی ڕەوگەی نێوان تەزوی گشتی وجیاوازی ئەرکی سەرچاوەکە.

ferkar

پرۆژە و راپۆرتەکان

1. دوو موگناتیسی هاوشێوە لە هەمان کاتدا و لە هەمان خاڵەوە خرانە خوارەوە، یەکێکیان بەناو کۆیلێکدا رۆیشت کە لە سورە کارەبایەکی داخراودا بەسترابوو. ئایا هەردوو موگناتیسەکە بە یەکەوە دەگەنە زەوی؟ هۆیەکان روونبکەرەوە، پاشان پلان بۆ تاقیکردنەوەیەك دابنێ کە تیایدا ئەوە تاقیبکەیتەوە ئایا کام لەم هۆکارانە ی خوارەوە کار لەکاتی گەیشتنی دوو موگناتیسەکە دەکەن؟ توندی موگناتیسەکە، یان رووبەری برگەی کۆیلەکە، یان ژمارەی پێچەکانی، ئەو پێوانانە چین کە پێویستە بیان کەیت؟ سنورەکانی وردی پێوانەکانت کامانەن؟ دوای رەزامەندی مامۆستاکەت، ئامێرە پێویستەکان پەیدابکەو دەست بکە بە تاقیکردنەوەکان. ئەنجامەکانت پیشانی هاورێکانت بدە لە پۆلدا و باسی ئەو رێگایە بکە کە پێوانەکانت تێدا ئەنجام داوە، هەروەها باس لەو ئەنجامانە بکە کە بەدەستتهێناون، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە زیاتر پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیە.

2. رێکخەری جیاوازی ئەرك و تەزو لەرەلەرو توانا Adapter چی دەکات؟ ئەو داتایانە (زانیاریانە) بپشکنە کە دەچێتە ناو چەند رێکخەرێکەوە یان لێوەی دەردەچن، بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە ئایا رێکخەر ترانسفۆرمەرێکی بەرزکەرەوەیە یان نزمکەرەوە؟ چی بەسەر لەرەلەردا دێت؟ رێژەی ئەو وزەیە چەندە کە رێکخەرەکە دەیگوازێتەوە؟ وە هەروەها چی بەکاردەهێنێت؟



هەڵسەنگاندنی بەشی 6

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

1. کام لەو هاوکێشانەی خوارەوە وەسفی یاسای فارادای لە کارۆموگنەکاریدا دەکەن،

أ. $\varepsilon = -N\dfrac{\Delta(AB\tan\theta)}{\Delta t}$

ب. $\varepsilon = N\dfrac{\Delta(AB\cos\theta)}{\Delta t}$

ج. $\varepsilon = -N\dfrac{\Delta(AB\cos\theta)}{\Delta t}$

د. $\varepsilon = M\dfrac{\Delta(AB\cos\theta)}{\Delta t}$

2. چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی ئاڕاستەی تەزووی موگنەکاری پەیدابوو لەم کۆیلەی خوارەوەدا بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێربێت؟

أ. یان بە جووڵاندنی جەمسەری باکوری موگناتیسێك بۆ خوارەوە بەرەو ناو کۆیلەکە، وە یان بە جووڵاندنی جەمسەری باشوری موگناتیسەکە بۆ سەرەوە بەرەو دەرەوەی کۆیلەکە.

ب. یان بە جووڵاندنی جەمسەری باشوری موگناتیسێك بۆ خوارەوە بەرەو ناو کۆیلەکە، ویان بە جووڵاندنی جەمسەری باکوری موگناتیسەکە لەسەرەوە بەرەو دەرەوەی کۆیلەکە.

ج. بە جووڵاندنی هەر جەمسەرێکیان لەلای سەرەوە بۆ ناوکۆیلەکە.

د. بە جووڵاندنی هەر جەمسەرێکیان لەلای سەرەوە بۆ دەرەوەی کۆیلەکە.



3. کام لەمانەی خوارەوە نابێتە هۆی زیاد بوونی ε بەرهەمهاتوو لە دینەمۆدا.

أ. خولاندنەوەی کۆیلەکە بە شێوەیەکی خێراتر.

ب. زیادکردنی هێزی موگناتیسی موگناتیسی دینەمۆکە.

ج. زیادکردنی ژمارەی پێچەکانی کۆیلی دینەمۆکە.

د. کەمکردنەوەی ڕووبەری برگەی کۆیلەکە.

4. دەبێت گەورەترین بڕی پاڵهێزی کارەبایی لە چ کۆلکەیەك بدرێت، بۆ هەژمارکردنی نرخی کاریگەری ڤۆڵتیەی گۆڕاو؟

أ. 2

ب. $\sqrt{2}$

ج. $\dfrac{1}{\sqrt{2}}$

د. $\dfrac{1}{2}$

5. کۆیلێك لەناو بوارێکی موگناتیسیدا ڕاکێشرا بە مەبەستی پەیداکردنی ε موگنەکار، پاشان هەڵپێچرایەوە بە شێوەیەك کە ڕووبەری برگەکەی بە بڕی 1.5 ئەوەندە زیادی کرد. تەلێکی تر لە کۆیلەکەدا بەکارهێنرا، تا ژمارەی پێچەکانی بوو بە دوو ئەوەندە، ئەگەر کاتی پێویست بۆ ڕاکێشانی کۆیلەکە کەمبکرێتەوە بۆ نیو ئەوەندە و توندی بواری موگناتیسی هەروەك خۆی بمێنێتەوە، ئایا پاڵهێزی کارەبای موگنەکار چەند زیادەکات؟

أ. دوو ئەوەندە و نیو.

ب. دوو ئەوەندە.

ج. سێ ئەوەندە.

د. شەش ئەوەندە.

ئەم دەقەی خوارەوە بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری 6 و 7 بەکاربێنە:

دوو ترانسفۆرمەر دواییەك بەستران، وەك لەم وێنەی خوارەوەدا دیارە.



6. لە چەپەوە بۆ ڕاست جۆری هەردوو ترانسفۆرمەرەکە چییە؟

أ. هەردووکیان نزمکەرەوەن.

ب. هەردووکیان بەرزکەرەوەن.

ج. یەکەم نزمکەرەوەو و دووەم بەرزکەرەوەیە.

د. یەکەم بەرزکەرەوە و دووەم نزمکەرەوەیە.

Ferkar

7. جیاوازی ئەركی ناوەندی لەسەر كۆیلی ناوەندی بۆ ئەو ترانسفۆرمەری كە لەلای ڕاستەوەیە چەندە؟
أ. 400 V
ب. 12 000 V
ج. 160 000 V
د. 360 000 V

8. گەورەترین نرخی تەزو و جیاوازی ئەرك لە سوڕێكی تەزوی گۆڕاودا 3.5 A و 340 V یە ك لەدواییەك. توانای كاركراو لە سوڕەكەدا چەندە؟
أ. 300 W
ب. 600 W
ج. 1200 W
د. 2400 W

ئەو پرسیارانەی وەڵامی كورتیان هەیە

9. گەورەترین نرخی ئەو تەزوەی بە برژێنەرێكی كارەباییدا دەڕوات 12.0 A، نرخی كاریگەری تەزوەكە چەندە؟

10. ئیشی تەزوگۆڕ لە دینەمۆی تەزوی نەگۆڕدا چییە؟

11. ژمارەی پێچەكانی كۆیلی سەرەتایی ترانسفۆرمەرێك 150 پێچە هی ناوەندییەكەی 75 000 پێچە ئەگەر جیاوازی ئەركی سەرەتاییەكەی 120 V بێت، ئایا جیاوازی ئەركی ناوەندییەكە چەندە؟

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژییان هەیە

12. بۆچی لە ترانسفۆرمەرەكانی وزەدا تەزوی گۆڕاو بەكاردەهێنرێت لە جیاتی تەزوی نەگۆڕ؟ لەوە دڵنیاببەرەوە كە وەڵامەكەت توانای بە فیرۆچوو و ڕێگەكانی سەلامەتی كارەبایی تێدابێت.

بەپێی ئەم زانیاریانە وەڵامی پرسیارەكانی **13-15** بدەرەوە.

ئەو ئامێرەی لە چادرگەی دیدەوانیدا بەكاردێت ئەڵقەیەكی كانزایی هەیە كە بەرزدەبێتەوە و بەسەر مێزێكدا دەفڕێت لەو كاتەدا یەكێك بەنزیك مێزەكەدا دەڕوات. دەزگاكە (ئامێرەكە) لە سویچێكی كارۆڕووناكی پێكدێت كە هەر كاتێك یەكێك بەنزیك سویچەكەدا بڕوات سوڕەكە ئیش پێدەكات و هەروەها كۆیلێكی تێدایە كە هەركاتێك سویچەكە ئیشی كرد تەزوی پێدادەڕوات.

13. بۆچی كاتێك یەكێك بەنزیك مێزەكەدا دەڕوات تەزو بە كۆیلەكەدا تێپەڕ دەبێت؟

14. یاسای لێنز بەكاربهێنە بۆ لێكدانەوەی فڕینی ئەڵقەكە بەرەو سەرەوە كاتێك تەزوییەكی بەرەو زیادبوون بە سوڕەكەدا دەڕوات؟

15. وادابنێ كە تێكڕای كاتی كەم بوون لە بواری موگناتیسیدا 0.10 T/s ئەگەر نیوە تیرەی ئەڵقەكە 2.4 cm و لە دوو پێچ پێكدێت. ئایا پاڵهێزی كارەبایی موگنەكاری پەیدا بوو لە ئەڵقەكەدا چەندە؟

بیرۆكەیەكی بەسوود بۆ ئەزموونەكە

لە گۆڕینی گشت یەكەكانی هەموو هێندەكان بۆ یەكەكانی SI گونجاو دڵنیاببەرەوە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بەشی 7

بەیەکداچوون و لادان

Interference and Diffraction

ئەو ڕەنگە ڕووناکیانەی کە لە پەپکەی «سیدی»یەکەوە دەر ئەچێت و دەیبینیت، ئەوە ئەو ڕەنگانەت دەخاتەوە یاد کە لە ئاوێزەیەکەوە پەیدا دەبێت کاتێك کە ڕووناکی سپی بکەوێتە سەری. بەڵام پەپکەی سیدی ڕەنگەکان بەهۆی شکانەوەوە شیتەڵ ناکات بەڵکو شەپۆلە ڕووناکیەکان لەم بارەدا توشی لادان دەبن.

ئەوەی پێشبینی بەدیهێنانی دەکرێت

لەم بەشەدا بەیەکدا چوونی ڕووناکی دەخوێنیت، لە بەیەکدا چووندا شەپۆلە ڕووناکییەکان دەچنە سەریەك بۆ ئەوەی شەپۆلە بەرەنجامەکان بەرهەمبهێنن، کە توندی ڕۆشناییەکەیان زیاتر یان کەمترە لە توندی ڕۆشنایی ئەو شەپۆلانەی کەلێی پێکهاتووە.

گرنگییەکەی چییە

درزەکی لادان ئامێرێکە بنەمای بەیەکداچوون بەکار دەهێنێت بۆ شیتەڵکردنی ڕووناکی بۆ پێکهاتەکانی کە درێژییە شەپۆلی جیاجیان هەیە. درزەکی لادان لە دەزگای شەبەنگ بیندا (سپێکترۆمیتر) بەکار دەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی کیمیاوی ئەستێرەکان و پلەی گەرمییەکانیان.

ناوەڕۆکی بەشی 7

1 بەیەکدا چوون
- تێکەڵکردنی شەپۆلە ڕووناکیەکان
- نیشاندانی بەیەکداچوون

2 لادان
- چەمانەوەی شەپۆلەکانی ڕووناکی
- درزەکی لادان

3 لەیزەر
- لەیزەر و هاوباریەتی
- بەجێهێنانەکانی (بەکارهێنانەکانی) لەیزەر

بەندی 1-7

بەیەکداچوون
Interference

بەیەکداچوونی شەپۆلە ڕووناکیەکان:

لەوانەیە گورزەی ڕەنگەکانی سەر ڕووی بڵقێکی سابوونت تێبینی کردبێت، وەك لە وێنەی 1-7 دیارە. کە ئەمەش جیاوازە لەو ڕەنگانەی بەهۆی تێپەڕبوونی ڕووناکی بە ناو مادەیەکی ڕووناکی شکێنەردا دروستدەبێت، چونکە دروستبوونی ڕەنگەکان لەم بارەدا لە ئەنجامی بەیکداچوونی شەپۆلەکانی ڕووناکییەوە دەبێت.

1-7 ئامانجەکان

- باسی چۆنیەتی بەیەکداچوونی شەپۆلەکانی ڕووناکی دەکات بۆ بەرهەمهێنانی برژۆڵەی ڕووناك و تاریك.
- مەرجەکانی ڕوودانی بەیەکداچوون دیاری دەکات.
- پێشبینی شوێنی بەیەکداچوون دەکات بەهۆی بەکارهێنانی هاوکێشەی بەیەکداچوونی جووت درزەکەوە.

بەیەکداچوون لە نێوان دوو شەپۆلدا کە هەمان درێژی شەپۆلیان هەبێ:
ئەگەر دوو شەپۆل کە هەمان درێژە شەپۆلیان هەبێ و بەیەکدابچن. ئەوا بەرەنجام شەپۆلێك پێکدەهێنن کە هەمان درێژە شەپۆلی هەریەکە لە دوو شەپۆلەکەی هەیە. بەڵام بەپێی بنەمای سەریەکچوون، فراوانی شەپۆلە بەرهەمهاتووەکە لە هەر ساتێکدا دەکاتە سەرەنجامی کۆکردنەوەی فراوانی هەردوو شەپۆلە یەکگرتووەکە لە هەمان ساتدا، شەپۆلی بەرەنجامیش بەهۆی بەیەکداچوونی دووشەپۆلەکەوە دروستدەبێت.

دەتوانین وێنەی 2-7 بەکار بهێنین بۆ باسکردنی جووتێك لە شەپۆلە میکانیکیەکان یان کارۆموگنانیسیەکان کە هەمان درێژی شەپۆلیان هەبێ، ئەو سەرچاوە ڕووناکیانەی کە ڕووناکیەکەیان تەنها یەك درێژی شەپۆلیان هەیە پێیان دەوترێت «تاك ڕەنگ» لە بەیەکداچوونی دروستکەردا شەپۆلەکان یەکدەگرن بۆ بەرهەمهێنانی بەرەنجامە شەپۆلێك کە فراوانیەکەی گەورەترە لە فراوانی هەریەکە لە دوو شەپۆلەکە، لە ڕووناکیدا بەرەنجامی شەپۆلە دروستکەرەکان توندی ڕۆشناییەکەیان زیاترە لە ڕووناکی هەریەکە لە دوو شەپۆلە بەیەکداچووەکە بەتەنها.

بەڵام لە بەیەکداچوونی لاوازکەردا بەرەنجامی فراوانی شەپۆلەکان کەمترە لە فراوانی ئەو شەپۆلەی کە فراوانیەکەی گەورەترە. لە بەیەکداچوونی «لە ناوبەر» دا وە لە ڕووناکیدا ناوچەی تاریك یان خاڵی تاریك دروست دەبێ. وە فراوانی شەپۆلی بەرەنجام یەکسانە بە سفر.

وێنەی 1-7
شەپۆلە ڕوناکیەکان بەیەکدادەچن بۆ پێکهێنانی گورزەی ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر ڕووی بڵقی سابونەکە.



وێنەی 2-7
لە وانەیە دوو شەپۆل بەیەکدابچن (أ) بە شێوەی دروستکەر یان (ب) بەشێوەی لاوازکەر لە دیاریدەی بەیەکداچووندا وزە نافەوتێ بەڵکو دووبارە دابەشدەبێتەوە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



(ب) (أ)

وێنەی 3-7
(أ) دوو شەپۆلی «هاوڕەوگە»، (ب) دوو شەپۆلی «ڕەوگەپێچەوانە».

هاوباری Coherence

نەگۆڕانی جیاوازی ڕەوگەیە لە نێوان دووشەپۆل یان زیاتردا .

نەگۆڕانی جیاوازی ڕەوگەی نێوان دووشەپۆل مەرجە بۆ بەیەکداچوونی بەردەوام

بۆ ئەوەی جۆری بەیەکداچوون بەردەوام بێت دەبێت جیاوازی ڕەوگەی نێوان دوو شەپۆلەکە نەگۆڕ بێت. ئەگەر سەری شەپۆلێك لەگەڵ سەری شەپۆلێکی تردا جووت بوو وەك لە وێنەی 3-7 (أ)دا دیارە ئەوا جیاوازی ڕەوگەی نێوانیان «سفر» دەبێت. واتە هەمان ڕەوگەیان هەیە «هاوڕەوگەن». بەڵام ئەگەر سەری یەکێك لە شەپۆلەکان لەگەڵ (بن)ی شەپۆلەکەی تردا جووت بوون وەك لە وێنەی 3-7 (ب) دا دیارە، ئەوا جیاوازی ڕەوگە لە نێوانیاندا (180°) (π) واتە پێچەوانەن لە ڕەوگەدا دوو شەپۆل هاوبار دەبن coherence کاتێك جیاوازی ڕەوگەی نێوانیان جێگیر بێت، وە شوێنی یەکێکیان لەوی تریانەوە نەگۆڕێت بە تێپەڕبوونی کات، ئەوا ئەم جۆرە سەرچاوانە پێیان دەووترێت سەرچاوە «هاوبارەکان» ئەگەر دوو سەرچاوەی ڕووناکی لە نزیك یەکتر دانرابن، ئەوا ناتوانرێت تێبینی بەیەکداچوونی «بەردەوام» بکرێت، تەنانەت ئەگەر هەمان ڕەنگیشیان هەبێ، هۆیەکەش ئەوەیە کە گۆڕانە هەڕەمەکیەکانی پەیدا بوو لە ڕووناکی سەرچاوەی یەکەمەوە ناگونجێ لەگەڵ ڕەوگەی شەپۆلەکانی سەرچاوەی ڕووناکی دووەمدا لە سەر ئەو بنچینەیە جیاوازی ڕەوگەی نێوان دوو شەپۆلەکە جێگیر نابێت، وە بەردەوام دوو شەپۆلەکە بەیەکدا دەچن، بەڵام مەرجەکانی بەیەکداچوون، لەگەڵ گۆڕانی جیاوازی ڕەوگەی نێوانیاندا دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە جۆرەکانی بەیەکداچوون لەم بارەدا نابینرێت یان تێبینی ناکرێت چونکە سەرچاوەکان لەم بارەدا «ناهاوبارن».

وێنەی 4-7
سامپڵی برژۆڵەکان لە برژۆڵە ڕووناك و تاریکە یەك لە دوابیەکەکان پێکهاتووە.

دەرخستنی بەیەکداچوون Demonstrating Interfrenee

دەتوانین بەیەکداچوونی ڕووناکی کە لە نێوان دوو سەرچاوەی ڕووناکیدا ڕوو دەدات بەم ڕێگەیەی خوارەوە تێبگەین بەربەستێك دادەنێین کە تاکە درزێکی تەسکی تێدابێ وە لەبەردەم ئەم بەربەستەدا بەربەستێکی تر دا دەنێین کە دوو درزی زۆر تەسکی تەریب بە یەکتری تێدابێت، ئەوا ئەو دوو درزە هاوڕێکە دەوری دوو سەرچاوەی هاوبار دەبینن لەبەر ئەوەی ئەو دوو شەپۆلەی کە لێوەی دەردەچن بەرهەمی یەك سەرچاوەی بنچینەیی ڕووناکیین. بۆیە هەر گۆڕانێکی هەڕەمەکی کە ڕوودەدات لە ڕووناکی دەرچوو لە سەرچاوە بنچینەییەکەوە هەمان کاریگەری لە سەر ڕووناکی دەرچوو لە دوو درزەکەوە دەبێت. ئەگەر ڕووناکیەکی تاك ڕەنگ بەکاربهێنین، ئەوا ڕووناکیە دەرچووەکە لە دوو درزەکەوە. زنجیرەیەك لە برژۆڵە ڕووناك و تاریکی یەك لە دواییەکەکان لەسەر شاشەکە بەدیدەکرێت هەر وەك لە وێنەی 7-4 دا دیارە کاتێك ڕووناکی دەرچوو لە هەردوو درزەکەوە دەگاتە خاڵی بەیەکدا چوونی دروستکەر لە سەرشاشە، برژۆلەیەکی ڕووناك دەردەکەوێت.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



وێنەی 7-5
کاتێك کە ڕەنگی سپی لە دوو سەرچاوەی هاوبارەوە بەیەکدابچن ئەوا سامپڵەکە ڕووناك و ئاشکرا نابێت، لە ئەنجامی بەیەکدا چوونی ڕەنگە جۆراو جۆرەکان بە شێوەیەکی دروستکەر و شێوەیەکی لە ناوبەر لە خاڵە جیاوازەکاندا.

کاتێك ڕەنگی سپی بۆ بینینی بەیەکداچوون بەکار بهێنرێت، ئەوا تاقیکردنەوەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت وێنەکان ڕەنگاوڕەنگ دەردەکەون هۆکەش ئەوەیە کە ڕەنگی سپی چەند درێژە شەپۆلێکی جیاواز دەگرێتە خۆ، وێنەی 7-5 سامپڵێکی بەیەکدا چوونی ڕەنگی سپی نیشان دەدات، وە سامپڵی بەیەکدا چوونەکە شێوەیەکی جێگیری دیاریکراو (سنوردار)ی هەیە لەو شوێنانەی کە بەیەکدا چوونەکە دروستکەرە، ئەوەش دەرکەوتنی هێڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان بە دەوری برژۆڵەی ناوەندیدا ڕووندەکاتەوە، هەر بەم پێیەش ڕەنگەکانی سەر بڵقەکانی سابوون لێکدەدرێتەوە.

وێنەی **7-6** هەندێ لە ڕێگەکانی یەکگرتنی دوو شەپۆلی هاوباری دەرچوو لە دوو درزەوە لەسەر شاشەیەك نیشان دەدات لەکاتی گەیشتنی هەردوو شەپۆلەکە بۆ ناوچەی ناوەند لەسەر شاشەکە وەك لە وێنەی 7-6 (أ) دایە، هەمان دووریان بڕیوە، جا لەبەر ئەوە هەردوو شەپۆلەکە بەهەمان ڕەوگە دەگەنە ناوەندی شاشەکە، وە لە ئەنجامدا بەیەکداچوونێکی دروستکەر پەیدا دەبێت کە برژۆڵەیەکی ڕووناکە لەو ناوچەیەدا، کاتێك یەکگرتنی دوو شەپۆلەکە لە خاڵێکی دیاریکراودا لە دەرەوەی چەقی شاشەکە بێت وەك لە وێنەی 7-6 (ب) دایە، ئەو کات شەپۆلە دەرچووەکەی لە درزە دورەکەیانەوە یەك درێژە شەپۆلی (λ) زیاتر بڕیوە لەو شەپۆلەی کە دەرچووە لە درزە نزیکەکەیانەوە، ئەوکاتە جیاوازی ڕەوگەی نێوان دووشەپۆلەکە 2π دەبێت. واتە جیاوازی ڕێگەی بینای ($\Delta\lambda$) لە نێوان دوو شەپۆلەکەدا یەك درێژی شەپۆل دەبێت (λ) کاتێك دەگەنە هەمان خاڵ، لە ئەنجامدا بەیەکداچوونی دروستکەری دووەم لەسەر شاشەکە پەیدا دەبێ.

کاتی بەیەکگەیشتنی هەردوو شەپۆلەکە لە خاڵێکی ناوەڕاستی نێوان هەردوو برژۆڵە ڕووناکەکەدا، وەك لە وێنەی7-6 (ج)دا ئەوا شەپۆلی یەکەم نیو درێژە شەپۆلی ($\frac{1}{2}\lambda$) زیاتر بڕیوە لە شەپۆلی دووەم. لە ئەنجامدا (بن)ی شەپۆلی یەکەم جووت دەبێت لەگەڵ سەری شەپۆلی دووەمدا، ئەوا بەیەکداچوونێکی لەناو بەر ڕوودەدات، لەبەر ئەوە برژۆڵەیەکی تاریك لە نێوان هەموو دوو برژۆڵەیەکی ڕووناکی سەر شاشەکەدا پەیدا دەبێت



وێنەی 7-6
(أ)کاتێك کە هەردوو شەپۆلە ڕوناکییەکە هەمان دووری بڕن (l_1) ئەوا بەهەمان ڕەوگە دەگەنە شاشەکەو بە شێوەیەکی دروستکەر بەیەکدا دەچن.
(ب) جیاوازی نێوان دووری بڕاو لەلایەن هەردوو شەپۆلەکەوە دەکاتە یەك درێژە شەپۆل (λ) وە بەشێوەیەکی دروستکەر بەیەکدا دەچن وە جیاوازی ڕەوگەی نێوانیان 2π.
(ج) جیاوازی نێوان هەردوو دووریە بڕاوەکە (جیاوازی ڕێگەی بینایی) بکاتە نیوەی درێژی شەپۆل ($\frac{1}{2}\lambda$)، ئەوا بەیەکدا چوونی هەردوو شەپۆلەکە لە ناوبەرە.

پێشبینی کردنی شوێنی برژۆڵەکانی بەیەکداچوون

وا دابنێ کە (d) ماوەی نێوان دوو درزی تەسکە وەك لە وێنەی 7-7 دا دیارە، ئەوا دوو شەپۆلی ڕووناکی هاوباری تاك ڕەنگ کە بریتین لە (l_2, l_1) لە هەردوو درزەکەوە دەکەونە سەر شاشەکە، ئەگەر دووری نێوان هەردوو درزەکە و شاشەکە زۆر گەورەتربێ لە ماوەی نێوان دوو درزەکە خۆی، ئەوا l_2, l_1 بە نزیکی تەریب دەبن، بەو هۆیەوە دوو گۆشەکەی نێوان هەریەکە لە l_2, l_1 وە ئەو هێڵە ئاسۆیەی کە بە «بەخاڵ کێشراوە» و ستوونە لەسەر هەردوو درزەکە یەکسان دەبن، وە نرخی هەر یەکەیان θ یە، هەروەها گۆشەی θ جێگەی ئەو دوو شەپۆڵە یەکگرتووە لە خاڵی ناوەندەوە لەسەر شاشەکە دیاری دەکات.

جیاوازی نێوان ئەو دوو دوورییەی کە هەردوو شەپۆلەکە دەیبرن پێی دەوترێت جیاوازی ڕێڕەو path difference.

بڕوانە ئەو سێگۆشە گۆشە وەستاوەی کە لە وێنەی (7-7) دایە وە تێبینی بکە کە جیاوازی نێوان ڕێڕەوی هەردوو شەپۆلەکە دەکاتە «$d \sin \theta$» هەروەها تێبینی بکە کە جیاوازی ڕێرەوە «ڕێبان» دەگۆڕێت بەگۆڕانی θ وە هەموو نرخێکی θ ، جێگەیەك یان شوێنێك لەسەر شاشەکە دیاری دەکات.

نرخی جیاوازی ڕێڕەوەکە ئەوە دیاری دەکات کە دوو شەپۆلەکە هاوڕەوەگەن یان پێچەوانەن لە ڕەوگەدا کاتێك دەگەنە سەرشاشەکە. ئەگەر جیاوازی ڕێرەو «سفر یان ژمارەیەکی تەواو»ی درێژە شەپۆل بێت، ئەوا دوو شەپۆلەکە هاوڕەوگەن، وە جیاوازی ڕەوگەی نێوانیان دەکاتە ($0, 2\pi, 4\pi, 6\pi$....) وەبەیەکدا چوونیشیان دروستکەرە. وە مەرجی دروست بوونی پرژۆڵە ڕووناکەکان کە بەیەکداچوونیان دروستکەرە)بەم پەیوەندیەی خوارەوەیە.

هاوکێشەی بەیەکداچوونی دروستکەر

$$d \sin \theta = \pm m \lambda \qquad m = 0,1,2,3,....$$

جیاوازی ڕێڕەوی نێوان دوو شەپۆلەکە = ژمارەی تەواوی درێژی شەپۆلەکانە.

لەم هاوکێشەیەدا m دەربڕینە بۆ پلەی برژۆڵەکە (وێنەکە) کاتێك $\theta = 0$ واتە $(m = 0)$ ئەوا بەو برژۆڵە ڕووناکە دەگوترێت برژۆڵەی ناوەڕاست، یا (برژۆڵەی ڕووناکی پلە سفر). هەروەها بەو جووتە برژۆڵە ڕووناکەی لە هەردوو تەنیشتی برژۆڵ ناوەندەکەوە دەردەکەون دەڵێن: برژۆڵەی ڕووناکی پلەی یەکەم وە هتد.. وە کاتێك کە جیاوازی ڕێرەو لە نێوان دوو شەپۆلدا ژمارەیەکی تاکی چەند جارەی ($\frac{1}{2}\lambda$) بێت. ئەوا جیاوازی ڕەوگەی نێوان دوو شەپۆلە بەیەکگەیشتوەکە لەسەر شاشەکە دەبێتە ژمارەی تاکی و ئەنجامەکەش بەیەکداچوونی لەناوبەرە؛ وە مەرجی برژۆڵەی تاریك یان بەیەکداچوونی لە ناوبەر بەم پەیوەندی خوارەوەیە:

هاوکێشەی بەیەکداچوونی لەناوبەر

$$d \sin \theta = \pm (m + \tfrac{1}{2})\lambda \qquad m = 0,1,2,3,.....$$

جیاوازی ڕێڕەوی نێوان دوو شەپۆل = ژمارەی تاکی چەند جارەی نیوەی درێژی شەپۆلەکە

ئەگەر m=0 ئەوا جیاوازی ڕێرەو $\pm\frac{1}{2}\lambda$ کە ئەوەش مەرجی پێویستە بۆ دروستبوونی برژۆڵەی تاریکی یەکەم لە دەوری برژۆڵەی ناوەند، وە کاتێك m=1 ، ئەوا جیاوازی ڕێرەو $\pm\frac{3}{2}\lambda$ کە ئەمەش مەرجی پێویستە بۆ دروستبوونی برژۆڵەی تاریکی دووەم، بە دەوری برژۆڵەی ناوەندا، وە هتد......



وێنەی 7-7
جیاوازی ڕێڕەوی نێوان دووشەپۆلەکە $d \sin \theta$ بۆ دڵنیابوون لە ڕێرەوەکە، وێنەکە بە پێوەرێکی دیاریکراو نەکێشراوە.

جیاوازی ڕێڕەو path difference

جیاوازی نێوان ئەو دوو دوورییەیە کە دوو شەپۆلی دەرچوو لە دووسەرچاوەوە دەیبڕن تا دەگەنە هەمان خاڵ.

پلەی برژۆڵە order number

ژمارەی برژۆڵەکەیە بە پێی برژۆڵە ڕووناکەکەی ناوەند.



وێنەی 8-7
برژۆڵە ڕووناکە پلە بەرزەکان $(m = 1,2,...)$
لەسەر هەردوو لای برژۆڵەی ڕووناکی ناوەندەوە $(m = 0)$ دەردەکەون.

وێنەی 8-7 دا سامپڵی بەیەکدا چوونە بەهۆی دوو درزەوە، کە تیدا پلەکانی برژۆڵە ڕوناکەکان دەنوێنێت لە هەردوو لای برژۆڵە ڕووناکەکەی ناوەندەوە، بەڵام ئەو شوێنانەی کە تاریکیان زیاترە ئەوانە برژۆڵە تاریکەکانن لە سامپڵی بەیەکداچووندا.

لەبەر ئەوەی کە ماوەی نێوان برژۆڵەکانی بەیەکداچوون لەسەر شاشەکە دەگۆڕێت بە گۆڕانی درێژییە شەپۆلی ڕووناکی، ئەوا بەهۆی بەیەکداچوون لە دوو درزەوە دەتوانین درێژی شەپۆلی ڕووناکی بپێوین. لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم ڕێگە بوو کە بەکارهێنرا بۆ پێوانی درێژی شەپۆلی ڕووناکی.

نموونە 7 (أ)

بەیەکداچوون

پرسیار

ماوەی نێوان دوو درز $0.030\ mm$ بوو، دووەم برژۆڵەی ڕووناک لەسەر شاشەکە دەرکەوت بە گۆشەلادانی $\theta = 2.15°$ لەگەڵ برژۆڵەی ناوەندا، درێژی شەپۆلی ڕووناکییەکە هەژماریکە؟

شیکار

1.دەزانم

دراو: $d = 3.0 \times 10^{-5}\ m$ $m = 2$ $\theta = 2.15°$

نەزانراو: $\lambda = ?$

وێنە:



وێنەکە پەیرەوی پێوەرناکات

2.پلاندادەنێم

هاوکێشەیەک یان پەیوەندیەک هەڵدەبژێرم: هاوکێشەی بەیەکداچوونی دروستکەر بەکار دەهێنم

$$d \sin \theta = m \lambda$$

هاوکێشەکە ڕێکدەخەمەوە بۆ جیاکردنەوەی نەزانراوەکە

$$\lambda = \frac{d \sin \theta}{m}$$

3.هەژماردەکەم

نرخە زانراوەکان لە هاوکێشەکەدا دادەنێم وە شیکار دەکەم

$$\lambda = \frac{(3.0 \times 10^{-5}\ m)(\sin 2.15°)}{2}$$

$$\lambda = 5.6 \times 10^{-7}\ m = 5.6 \times 10^{2}\ nm$$

$$\boxed{\lambda = 5.6 \times 10^{2}\ nm}$$

وەڵامی ئامێری ژمێرەر

لەبەر ئەوەی کەمترین ژمارەی «ڕەنووسە واتاکان لە داتاکاندا بریتییە لە 2، ئەوا پێویستە وەڵامەکە 5.627366×10^{-7} بۆ دوو «ڕەنووسی واتایی» نزیك بکرێتەوە بە 2 دەبێت بە $5.6 \times 10^{-2} nm$.

4.هەڵدەسەنگێنم

درێژی شەپۆلی ئەم ڕووناکیە دەکەوێتە مەودای ڕووناکی بینراوەوە، کە ئەویش تایبەتە بە ڕەنگی (سەوز–زەرد) واتە سەوزی زەردباو.

ڕاهێنانی 7 (أ)

بەیەکداچوون

1. ڕووناکیەك دەکەوێتە سەر دوو درز کە ماوەی نێوانیان 2.02×10^{-6} m وە یەکەم برژۆڵەی ڕووناك بە گۆشەی $16.5°$ لەگەڵ برژۆڵەی ڕووناکی ناوەندا، لا دەدات درێژە شەپۆلی ڕووناکییەکە بدۆزەرەوە؟

2. دوو درزی تەسکی هاوڕێك ماوەی نێوانیان 0.250 mm ڕووناك کرایەوە بەرەنگی سەوزی دەرچوو لە گڵۆپێکی هەڵمی جیوەییەوە ($\lambda = 546.1$ nm) ئەوا گۆشەی نێوان برژۆڵەی ناوەندی و برژۆڵەی ڕووناکی پلەیەك هەژماربکە.

3. زانیاریەکانی پرسیاری (1) بەکاربهێنە بۆ پێوانی گۆشەی نێوان برژۆڵەی ناوەندو، برژۆڵە تاریکەکەی دووەم، لە سامپڵی بەیەکداچووندا.

پێداچوونەوەی 7-1

1. دەبێت جیاوازی ڕێرەوی نێوان دوو شەپۆل چەندبێت بۆ ئەوەی مەرجی بەیەکداچوونی دروستکەر وە بەیەکداچوونی لەناوبەر بێتەدی.

2. ئەگەر ڕەنگی سپی بەکارهێنرا لە جیاتی سەرچاوەیەکی تاك ڕەنگ بۆ هێنانە دی بەیەکداچوون، ئایا چۆن سامپڵی بەیەکدا چوونەکە دەگۆڕێت.

3. ئەگەر دووری نێوان دوو درز 0.0550 mm ئەوا گۆشەی نێوان برژۆڵەی ڕووناکی یەکەم و برژۆڵە ڕووناکی دووەمی ڕەنگی زەرد کە درێژە شەپۆلەکەی 605 nm هەژماربکە.

4. لێکدانەوەی وێنەکان: هەوایی بێتەلێك (ئەنتینا) دوو شەپۆلی هاوبار دەنێرێت. کە درێژە شەپۆلەکەیان 3.35 m وەك لە **وێنەی 9-7** دایە، وە ئەو ڕادیۆیەی کە لە ناو ئۆتۆمبێلێك دایە کە تەریب بەو هێڵە دەجووڵێت کە دوو ئەنتینا کە دەگەیەنێت، دوو نیشانەکە وەردەگرێت ئەگەر گۆشەلادانی دروستکەری پلە دوو ($1.28°$)بێت لەسەرو دروستکەری ناوەندەوە بۆ دوو شەپۆلە بەیەکداچووەکە ئایا دووری (d) نێوان دوو هەواییەکە چەندە؟



وێنە 9-7

بەندی 2-7

لادانی شەپۆلەکان
Diffraction

ئامانجەکان 2-7

• باس لەوە دەکات کەچۆن شەپۆڵەکان لە بەربەستەکانەوە لادەدرێن، وە چۆن برژۆڵەی تاریك و رووناك دروست دەکات.

• جێگەی برژۆڵەکان لە درزەکی لادانادا هەژمار دەکات.

لادانی شەپۆلەکان

گۆرانی ئاراستەی رێرەوی شەپۆلە لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە بەربەستێك یان کونێکی بچوك یان لێوارێکی تیژ.

یان بلاوبوونەوەی شەپۆلەکانە لە پشت ئەو بەربەستانەوە کە دێنە رێی کە لە شێوەی تەلێکی باریك یان کونێکی بچوك یان درزێکی تەسك یان لێوارێکی تیژ دابن.

لادانی شەپۆلە ڕووناکیەکان

ئەگەر لە نزیك گۆشەی بنایەکەوە وەستابیت، ئەوا گوێت لە دەنگی ئەو کەسە دەبێت کە لە لایەکەی ترەوە قسە دەکات هەر چەندە کە نایبینیت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا شەپۆلە دەنگەکان لە رێرەوەکەی خۆیان لادەدەن کاتێك بەر گۆشەکان دەکەون، هەروەها شەپۆلەکانی ئاو لە رێرەوەکەی خۆیان لادەدن کاتێك بەر بەربەستێك یان کاتێك لە دەرچەی بەنداوێکەوە دێنە دەرەوە وەك لە وێنەی (7-10) دا دیارە، هەروەها شەپۆلەکانی ڕووناکیش لادەدرێن، کاتێك بەر لایەکانی بەربەستێك دەکەون، بەلاّم لادانەکەیان زۆر کەمە، بەچاو نابینرێت، چونکە درێژی شەپۆلەکەیان زۆر کورتە.

ئەگەر ڕووناکی تەنها بەهێڵی راست بڕوات ئەوا ناتوانیت جۆرەکانی بەیەکداچوون لە تاقیکردنەوەی دوو درزەکەوە ببینیت بەڵکو لە جیاتی ئەوە دوو هێڵی باریکی ڕووناك کە لەگەڵ بەربەستەکە و سەرچاوەکەوە لە ریزی یەکتر دەردەکەون و بەشەکەی تری شاشەکەش بە تەواوی تاریك دەبێت وە بۆ دوو درزەکەش سێبەرێکی ئاشکراو سنوردار لەسەر شاشەکە دروستدەبێت، بەلاّم ئەمە بە کردەوە رونادات بەڵکوهەندێك لە تیشکەکان بەلای چەپ و ڕاستدا لادەدەن کاتێك دەچنەناو دوو درزەکەوە.

دەتوانین لادانی ڕووناکی تێبگەین کاتێك ڕووناکی دەچێتە ناو هەریەکێك لە دوو درزەکەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی دەستوری هایگنز کە دەڵێت: (دەتوانین هەر خاڵێکی سەر بەرەی شەپۆلێك وەك سەرچاوەیەکی نوێی ڕووناکی دابنرێت بۆ پەیداکردنی شەپۆلی نوێ)، لەبەر ئەوەی ئێمە هەر درزێکمان وەك سەرچاوەیەکی شێوە خاڵ داناوە، بۆیە لە هەر درزێکەوە شەپۆلی نوێ پەیدا دەبێت و بلاّو دەبێتەوە بەوەش شەپۆلە ڕووناکیەکان لە ڕێرەوی خۆیان لادەدەن و دەچنە ئەو ناوچانەوە کەوا دانراوە تاریك بن. بە جیابوونەوەو بلاّوبوونەوەی ڕووناکی لە ڕێرەوە بنەرەتییەکەی خۆی پێی دەگوترێت لادان .

بەشێوەیەکی گشتی لادان لەو کاتەدا ڕوودەدات کە شەپۆلەکانی ڕووناکی بەکونێکی بچوك یان بەدرزێکی تەسکدا دەڕوات یان بەر لێوارێکی تیژ دەکەوێت، کاتێك درزێك کە پانیەکەی (1mm یان زیاتر) لە نێوان سەرچاوەیەکی ڕووناکی دەر وشاشەیەکدا دادەنرێت، لەسەر شاشەکە ناوچەیەکی ڕووناکی شێوە لاکێشەیی و دەوروبەر دیاریکراو دەبینین، بەلاّم ئەگەر بەرە بەرە درزەکە تەسك بکەینەوە ئەوا ناوچە ڕووناکەکە دەست بەفراوانبوون دەکات، بەوەش لادان دروست دەبێت.



وێنەی 7-10
یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هەموو شەپۆلەکان چەمانەوە و لادانیانە بە دەوری تەن و بەربەستەکاندا.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

وەك لە وێنەی (**11-7**)دا دیارە وەك لە برژۆڵەكانی بەیەكداچون لە تاقیكردنەوەی دوو درزەكە دا هەیە، ئەم جۆرەی برژۆڵە ڕووناك و تاریكەكان لەیەكگرتنی شەپۆلە ڕووناكیەكانەوە بەرهەمدێت،

بەیەكداچوونی شەپۆلە ناوەندییەكانی سەر بەرەی شەپۆل

سامپڵەكانی لادان لەگەڵ ساماپڵەكانی بەیەكداچوون لەیەك دەچن، چونكە ئەمانیش لە ئەنجامی بەیەكداچوونی دوستكەر و لەناوبەرەوە پەیدابوونە هەروەك لە دیاردەی بەیەكداچووندا، وا دا دەنێین كە هەر درزێك لە دوو درزەكە وەك سەرچاوەیەكی شێوە خاڵ وایە، بەڵام لە دیاردەی لاداندا پانی ڕاستەقینەی هەر درزێك لەبەر چاو دەگیرێت؛ بەپێی دەستوری هایگنز هەر خاڵێكی سەر بەرەی ئەو شەپۆلەی لە درزەكەوە دێتە دەرەوە وەك سەرچاوەیەكی ناوەندی شەپۆل دادەنرێن، بۆیە ئەو شەپۆلانەی لە هەر خاڵێكەوە هاتوون دەتوانن لەگەڵ ئەو شەپۆلانەدا كە لە خاڵەكانی ترەوە هاتون بەیەكدابچن. توندی بەرەنجامی ڕووناكی لادەر كە دەكەوێتە سەر شاشەكە لەسەر گۆشە لادانی ئەو ڕووناكیە بەندە كە بە ئاراستەكەی لایداوە. بۆتێگەیشتنی ساماپڵەكەی لادان لە تاكە درزێكەوە، وا دابنێ وێنەی **12-7** (أ) بەرە شەپۆلێكی روتەخت دەر دەخات كە كەوتوەتە سەر درزێك پانیەكەی (a). هەرخاڵێك (یان هەر درزێكی زۆر بچووك) لە درزە بنەڕەتیە پانەكە سەرچاوەیەكە بۆ دروستكردنی شەپۆلەكانی هایگنز. لە وێنە ئاسان كراوەكەدا تەنها پێنج سەرچاوە دەردەكەوێت لەناو ئەو ژمارە بێكۆتاییەی سەرچاوەكاندا، وە بەهەمان شێوەی بەیەكداچون لە دوو درزەوە، وا دادەنێین كە شاشەكە زۆر لە درزەكەوە دورە، بەشێوەیەك كە دەتوانین بڵێین ئەو تیشكانەی كە لە درزەكانەوە دەردەچن تەریب دەبن بە یەكتر و لەناوەڕاستی شاشەكەدا هەموو ئەو تیشكانەی لە درزەكانەوە هاتوون هەمان لادانیان بڕیوە، بۆیە لەو ناوچەیەدا برژۆڵەی ڕووناك دەردەكەوێت. هەروەها ئەو شەپۆلانەی لە پێنج سەرچاوەكەوە هاتوون دەكرێت بەیەكداچوونێكی لە ناوبەرانە بەیەكدابچن لەسەر شاشەكە وەك لە وێنەی (12-7)(ب)دا هەیە. لەو كاتەدا ئەو لادانە زیادەی ئەو شەپۆلە دەیبرێت كە لە خاڵی (3)وە هاتووە دەكاتە نیوەی درێژی شەپۆل بەبەراورد لەگەڵ ئەو لادانەی ئەو شەپۆلە دەیبرێت كە لە خاڵی (1)وە هاتووە ئەوا ئەو دوو شەپۆلە لەسەر شاشەكە چوونە سەر یەكێكی لە ناوبەریان دەبێت. لە هەمان كاتدا ئەو شەپۆلەی لە خاڵی (5)وە هاتووە لادانێكی زیاتری بڕیوە كە دەكاتە نیوەی درێژی شەپۆل بە بەراورد لەگەڵ ئەو شەپۆلەی كە لە خاڵی (3)وە هاتووە بەوەش بەیەكداچوونی نێوان ئەو دوو شەپۆلە دیسان لەناوبەر دەبێت. كاتێكیش هەموو ئەو دوو شەپۆلە لەناوبەرانە بەیەكدا بچن ئەوا لەسەر شاشەكە ناوچەیەكی تاریك پەیدا دەبێت. لە گۆشەكانی تردا كە بەیەكداچوون تیایدا بەتەواوەتی لە ناوبەرنییە، ئەوا بەشێك لە ڕووناكی لەو گۆشانەدا دەمێنێتەوە. بەوەش ڕووناكیەكە لەسەر شاشەكە وا دەردەكەوێت كە بەشێكە لە برژۆڵەی ڕووناك. ڕووناكترین و پرشنگدارترین برژۆلە لە ناوەڕاستی شاشەكەدا دەردەكەوێت، بەڵام تا لە ناوەڕاست دوربكەوینەوە توندی ڕووناكی برژۆڵەكان كەمدەكات.



وێنەی 11-7
لادان ئاشكراتر دەبێت هەرچەند پانی درزەكان. كەمبكات (تێبینی درێژی شەپۆلی ڕووناكی بەكارهێنراوە 510 nm)



وێنەی 12-7
(أ) وا دادەنرێت ئەو ڕووناكیەی لە درزەكەوە هاتووە تیشكێكە لەسەرچاوەیەكی زۆر وردەوە بە ئاراستەی پانی درزەكە دەچێت (ب) دەتوانین ئەو مەرجانە دیاری بكەین كە بە هۆیەوە بەیەكداچوونی لەناوبەر لە نێوان ئەو شەپۆلانەی كە لە بەشی سەرەوەی درزەكەوە هاتوون وە ئەو شەپۆلانەی لە بەشی خوارەوەی درزەكەوە دەرچوون.



وێنەی 7-13
پانی بڕژۆڵەی ناوەڕاست لە سامپڵەکەی لادانادا دوو هێندەی بڕژۆڵەکانی ترە.



وێنەی 7-14
جۆرەکانی بەیکداچوون کە بەهۆی لادانی ڕووناکیەوە لە سێبەری پارچە دراوێکی کانزاییەوە دروست بوە لە لێوارەکانەوە ڕووناکی لادەدات. تێبینی ئەو پەڵە ڕووناکە بکە کە لە ناوەڕاستی سێبەرەکەدایە.

جۆری ئەو بەیەکداچوونەی لە لادانی ڕووناکی لە بەربەستێکەوە بەرهەمدێت

جۆری بەیەکداچوون لە لادانادا کە بۆ سەرچاوەیەکی تاك ڕەنگ لەیەك درزەوە بەرهەمدێت پێکدێت لە بڕژۆڵەیەکی ناوەندی ڕووناك کە ناوچەی زۆر ڕووناکی ناوەڕاستەو دەورە دراوە بە زنجیرەیەك بڕژۆڵەی تری ڕووناکی کەمتر کە پێیان دەگوترێت بڕژۆڵە ڕووناکەکانی پلە (1 , 2 , 3 .....) وە هەروەها زنجیرەیەکی تر لە بڕژۆڵەی تاریك کە توندی ڕووناکی تێدا زۆر کەمە. وێنەی **7-13** سامپڵێکی ئەم جۆرە بەیەکداچوونە ڕووندەکاتەوە، ئەو ناوچانەی بەیەکداچوون تیایاندا دروست کەرەو بڕژۆڵەی ڕووناکیان هەیە (توندی ڕووناکی تیا زۆرە)، دەکەونە ناوەڕاستی دووری نێوان بڕژۆڵە تاریکەکانەوە، تێبینی بکە کە بڕژۆڵەی ناوەڕاست توندی ڕووناکیەکەی زۆرترە و پانیەکەشی نزیکەی دوو هێندەی پانی بڕژۆڵە ڕوناکەکەی تەنیشتێتی.

لە قەراغەکانی هەموو تەنەکانەوە لادان ڕودەدات و وێنەی **7-14** جۆری ئەو لادانە ڕووندەکاتەوە کەبەهۆی پارچە دراوێکی کانزاییەوە ڕوویداوە، لە وێنەکەدا پەڵەیەکی ڕووناکی لە ناوەڕاستدا هەیە زنجیرەیەك بڕژۆڵەی تاریك و ڕووناکی تر دەوریان داوە درێژ دەبنەوە هەتا قەراغی تاریکەکە. وە لەبەر ئەوەی پێوانەکانی پارچە دراوەکە لە چاو درێژی شەپۆلدا گەورەن بۆیە پێویستمان بە هاوێنەیەکی گەورەکەر دەبێت بۆ ئەوەی جۆرەکانی بەیەکداچوون ببینین.

درزەکی لادان Diffraction Gratings

لەوانەیە تێبینی ئەو کۆمەڵە ڕەنگە جیاوازانەت کردبێت لەسەر ڕووی پەپکەیەکی (**CD**) دەرئەکەون، کاتێك ڕووناکی سپییان دەکەوێتە سەر ئەم کۆمەڵە ڕەنگە دەردەکەون، چونکە ئەو زانیارییە ڕەنووسییانەی لەسەر پەپکەکە (درزە یەك لەدوای یەکەکان و ڕووە ڕووناکی دەرەوەکان) چەند ریزێکی یەك لە دواییەك پێکدەهێنن، ئەم ریزە زانیاریانە بڕی یەکسان لە ڕووناکی لە ناوچە تەسکەکانی پەپکەکەوە کە ریزەکان لەیەکتر جیادەکەنەوە ناداتەوە، ئەم ناوچانە هەموویان لە ناوچەی ڕووناکی دەرەوە پێکدێن بەشێوەیەك، ڕووناکیە دراوەکە بە هەندێك ئاڕاستە بەیەکداچوونی دروستکەریان دەبێت. وە بەیەکداچوونی دروستکەر لەسەر ئاڕاستەی تیشکە لێدەرەکە و شوێنی پەپکە و درێژی شەپۆلی ڕووناکیەکە بەندە، وە دەتوانرێت هەردرێژیەکی شەپۆل لە گۆشەیەکی دیاری کراو لەگەڵ ڕووی پەپکەکەوە ببینین، وە بەوەش ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە دەبینیت وەك وێنەی **7-15**

وێنەی 7-15
پەپکەی **CD** ڕووناکی شیتەڵ دەکات بۆ ڕەنگە پێکهێنەرەکانی بە هەمان ئەو شێوەیەی کە درزەکی لادان دەیکات.



وێنەی 16-7
ڕووناکی‌یەکی تاک درێژی شەپۆل بەهەر درزێك لە درزەکانی درزەکی لاندا دەچێتە ژوورەوە کاتێك بەگۆشە لادانی θ لادەدات بەیەکدا چوونێکی دروستکەرانە دروست دەبێت.

ئەم دیاردەیە بەکردار لە دەزگایەکەدا بەکارهێنراوە کە پێی دەگوترێت درزەکی لادان. درزەکی لادان بە شێوەیەك دروست دەکرێت کە ڕێگە بەڕووناکی دەدات بەناویدا بڕوات یان ڕێگە بە ڕووناکی دانەوە بدات، ئەو لادانە یان بەیەکداچوونە بەکاردەهێنرێت بۆ شیتەڵکردنی ڕووناکی بۆ ڕەنگە بنەڕەتییەکانی هەروەکو ئەوەی کە لە ئاوێزەدا ڕوودەدات کاتێك کە ڕووناکی پێدا تێپەر دەبێت. درزەکی لادانی تێپەرکەر لە ژمارەیەکی زۆر درزی تەریب پێکهاتووە. کە دووری یەکسانیان لە نێواندا هەیە. درزەکی لادان. لە پارچە شوشەیەك پێکدێت کە بەهۆی نوکێکی ئەڵماسی تێژەوە ژمارەیەکی زۆر تاڵ (شوخت)ی تەریبی دوری یەکسانی تێدەکرێت، نوکە ئەڵماسەکە بزوێنەرێکی شوشە برین پاڵی پێوەدەنێت و دوای ئەوە پلاستیکی شل دەکرێتە سەر شوختەکە و دوای وشکبونەوەی پلاستیکەکەی لێدەردەهێنرێت درزە پلاستیکییەکە لەسەر هەڵگرێکی شووشەیی یان پلاستیکی دادەنرێت، **وێنەی 16-7** هێڵکاری برگەیەکی درزەکی لادان نیشان دەدات کە شەپۆلێکی بەرە شەپۆل تەخت لە لای چەپەوە بەستونی دەکەوێتە سەر درزەکەکە، بە شێوەیەکی نیمچە تەریب لێوەی دەردەچێت و لە پاشاندا بەهۆی هاوێنکۆیەکەوە لە خاڵێکی سەر شاشەکەدا (أ) کۆدەکرێتەوە، ئەوەی لەسەر شاشەکە دەبینرێت بەهۆی کاریگەری دیاردەی لادان و بەیەکدا چوونەوەیە، هەموو درزێك لادان دروست دەکات، ئینجا شەپۆلە لادراوەکان بەیەکدا دەچن و ئەوە پێکدەهێنن کە لەسەر شاشەکە دەبینرێت، وە هەرچەندە گۆشە لادانی (θ)ی تیشکەکان جیاوازبن لەگەڵ ڕێرەوی تیشکەلێدەرەکەدا، ئەوا تیشکەکان ڕێرەوی جیاجیا دەبڕن تا دەگەنە خاڵی P لەسەر شاشەکە، تێبینی بکە کە جیاوازی ڕێڕەو لە نێوان هەردوو شەپۆلێکی دەرچوو لە دوو درزی تەنیشت یەکەوە دەکاتە $d\sin\theta$ ، ئەگەر جیاوازی ڕێرەوکە بکاتە یەك درێژی شەپۆل یان ژمارە تەواوەکانی درێژی شەپۆل، ئەوا شەپۆلەکان کاتێك دەگەنەخاڵی p ، لە ڕەوگەدا گونجاودەبن. بۆیە برژۆڵەیەکی ڕووناك لەو شوێنە دەردەکەوێت، بەوەش مەرجی برژۆڵەی ڕووناك لە گۆشەی (θ) دا بە هاوکێشەی بەیەکداچوونی دروستکەر دەردەبرێت:

$$d\sin\theta = \pm m\lambda \qquad m = 0,1,2,3,........$$

دەتوانرێت ئەم هاوکێشەیە بۆ پێوانی درێژی شەپۆلی ڕووناکی بەکار بهێنرێت ئەویش بەزانینی دوری نێوان دوو درزی یەك لە دوای یەکی درزەکەو گۆشەلادانی برژۆڵەکە. ژمارەی تەواوی (m) پلەی برژۆڵە ڕووناکەکە بۆ درێژە شەپۆلی دیاریکراو دەنوێنێت، ئەگەر ڕووناکیە لێدەرەکە کۆمەڵێك درێژی شەپۆلی تێدا بوو ئەوا هەر درێژە شەپۆلێك بە گۆشەیەکی دیاریکراو لادەدات کە دەتوانرێت بەپێی ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە بدۆزرێتەوە.

فیزیاو ژیان

1 . ئەستێرە درەوشاوەکان
وێنەی ئەستێرەکان ئەوە دەردەخات کە نوکی تیژیان تێدابێت، ڕوونیبکەرەوە کە چۆن لادان لەو نوکانەوە ڕوودەدات، ئەگەر بزانیت کەوا دەرچە لاکێشەییەکەی داخەری ئامێری وێنەگرتن لایەکانیان ڕێکە.

2 . لادانی بێ تەل (لاسلكی)
لادانی شەپۆلەکانی ڕووناکی بینراو، لە گۆشەی بیناکان و بەربەستەکانەوە تێبینی ناکرێت بەڵام شەپۆلە ڕادیۆییە بێ تەلەکان دەتوانرێت لە پشت بیناو شاخەکانەوە وەربگیرێنەوە، هەتا ئەگەر هەوایی ناردنەکەش دیار نەبێت، هۆی ئەوەلێکبدەرەوە بۆچی لادانی شەپۆلە بێ تەلەکان لە لادانی ڕووناکی بینراو زیاترە.

www.ferkar.krd
0751 960 70 80



وێنەی 17-7
ڕووناکی بەهۆی درزەکی لادانەوە پەرەوازە دەکرێت، گۆشەلادانی برژۆڵەی ڕووناك بۆ ڕەنگی زەرد زیاترە بە بەراورد لەگەڵ ڕەنگی شین.

تێبینی وێنەی **17-7** بکە دەبینیت هەموو درێژە شەپۆلەکان لەوکاتەدا یەکیان گرتوەکە $m = 0$ واتە $\theta = 0$ ئەو ناوچەیەش بەبرژۆڵەی ناوەندی ناودەبرێت بەڵام برژۆڵەی پلە یەك لەوکاتەدا دروست دەبێت کە $m = 1$ ئەوەیش گۆشە لادانەکەی دەکاتە (θ) ئەم پەیوەندییە $\sin\theta = \frac{\lambda}{d}$ دەچەسپێت.

توندی ڕووناکی برژۆڵە ناوەندییەکەو فراوانی ناوچە تاریکەکان لەسەر ژمارەی درزەکانی درزەکە کە بەندە ژمارەی درزەکان لە یەکەی درێژی درزەکێکدا دەکاتە هەڵگەڕاوەی دوری نێوان دوو درزی یەك لە دواییەك (ئەوەش پێی دەگوترێت نەگۆڕی درزەك) بۆ نموونە ئەو درزەکەی 5000 درزی لە (1 cm) تێدایە ماوەی نێوان هەموو دوو درزێکی یەك لەدواییەك (نەگۆڕی درزەك d) دەکاتە $d = 1/5000 = 2 \times 10^{-4}$ cm. هەرکاتێك ژمارەی درزەکان لەیەکەی درێژیدا زیادبکرێت ئەوا ماوەی نێوان درزە تەنیشت یەکەکان کەمدەبێتەوە، بەوەش دوری نێوان برژۆڵەکان بۆ درێژیە شەپۆلە جیاوازەکان زیاد دەکات.

درزەکی لادان لە دەزگایەکدا بەکاردەهێنرێت پێی دەوترێت شەبەنگ بین، شەبەنگ بین ئەو ڕووناکیە شیتەڵ دەکات کە لە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە دێت بۆ پێکهێنەرە تاك ڕەنگەکانی. وێنەی **18-7** پێکهێنەرە بنچینەییەکانی شەبەنگ بین ڕوندەکاتەوە، ئەو ڕووناکیەی کە دەمانەوێت شیتەڵی بکەین لە درزەکەوە دەچێتە ژورەوە و دەبێتە گورزەیەکی هاورێك بەهۆی هاوێنکۆیەکەوە پاشان دەکەوێتە سەر درزەکەوە لەوێشەوە بە گۆشەی جیاجیا دەردەچێت و لادەدات، کە پاسادانی هاوکێشەی درزەکی لادان دەکات، پاشان بەهۆی تەلیسکۆبە پلەپلە کراوەکەوە برژۆڵە جیاوازەکان و گۆشەلادانیان دەبینین و دەپێوین، بەوەش دەتوانرێت درێژی شەپۆلی ڕووناکی بەکارهێنراو بپێورێت، وە دەتوانرێت بەهۆی ئەو پێوانانەوە پێکهاتنی کیمیاوی سەرچاوە ڕووناکیەکە دیاریبکرێت. وێنەی (7-19) نموونەیەك لە شەبەنگی بەدەستهێنراو بەهۆی شەبەنگ بینەوە ڕوندەکاتەوە تەلیسکۆب بەشێوەیەکی فراوان لە زانستی بۆشایی ئاسماندا (گەردوونزانی) بەکاردەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی کیمیاوی و پلەی گەرمی ئەستێرە و هەورەگازیەکان و گالاگسییەکان (گەلە ئەستێرەکان).



وێنەی 18-7
شەبەنگبین بۆ پەرەوازکردنی ئەو تیشکانە بەکاردەهێنرێت کە لە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە هاتوون.

وێنەی 19-7
ئەو تیشکەی لە گلۆپێکی جیوەییەوە هاتووە بەناو درزەکی لادانا تێپەڕ دەبێت بۆ ئەوەی ئەو شەبەنگە دروست بکات کە لە وێنەکەدا هەیە.

نموونە 7 (ب)

درزەکی لادان

پرسیارەکە

گورزەیەکی لەیزەری (هیلیۆم– نیۆن) درێژی شەپۆلەکەی $\lambda = 632.8\ nm$ بە ئەستوونی کەوتە سەر ڕووی درزەکێکی لادان کە m /هێڵ 150 500ی تێدایە. گۆشە لادانی هەر یەکە لە برژۆڵەی ڕووناکی پلەیەك و پلە دوو بدۆزەرەوە.

شیکار

1. دەزانم

دراو $\lambda = 632.8\ nm = 6.328 \times 10^{-7}\ m$ $\quad m = 1,2$

$$d = \frac{1}{150500\ \text{هێڵ}\ /m} = \frac{1}{150500}\ m$$

نەزانراو: $\theta_1 = ?$ $\quad \theta_2 = ?$

وێنەکە:



2. پلاندادەنێم

هاوکێشەیەك هەڵدەبژێرم: بەکارهێنانی هاوکێشەی درزە لادان.

$$d \sin \theta \pm = m\lambda$$

هاوکێشەکە ڕێکدەخەم بۆ دۆزینەوەی نەزانراو

$$\theta = \sin^{-1}\left(\frac{m\lambda}{d}\right)$$

3. هەژماردەکەم

برەکان لە هاوکێشەدا دادەنێم و شیکار دەکەم بۆ برژۆڵەی پلەی یەك

$$\theta_1 = \sin^{-1}\left(\frac{\lambda}{d}\right) = \sin^{-1}\left(\frac{6.328 \times 10^{-7}\ m}{\frac{1}{150\ 500}\ m}\right) = \boxed{5.465^\circ}$$

پرژۆڵە ڕوناکی پلە دوو $m = 2$:

$$\theta_2 = \sin^{-1}\left(\frac{2\lambda}{d}\right) = \sin^{-1}\left(\frac{2(6.328 \times 10^{-7}\ m)}{\frac{1}{150\ 500}\ m}\right) = \boxed{10.98^\circ}$$

4. هەڵدەسەنگێنم

دووری گۆشەی برژۆڵەی ڕووناکی پلە دوو لە برژۆڵەی ڕووناکی ناوەندییەوە کەمێك زیاترە لە دوو هێندەی دووری برژۆڵەی پلەیەك لە برژۆڵە ڕووناکیەکەی ناوەندییەوە، بۆیە ئەم درزەکە توانایەکی زۆری بۆ پەرتەوازەکردن نییە تەنها دەتوانێت برژۆڵە ڕووناکی پلە دە نیشان بدات لەکاتێکدا $(\sin\theta = 0.9524)$

وەڵامی ئامێری ژمێرەر

لەبەرئەوەی کەمترین ژمارەی ڕەنووسە واتایەکان لە داتاکاندا چوارە دەبێت هەردوو وەڵامی 5.464926226 و 10.98037754 نزیکبکەینەوە بۆ چوار ژمارەی واتایی.

ڕاهێنان 7 (ب)

درزەکی لادان

1. درزەکێکی لادان کە 5.000×10^3 هێڵ/cm ی تێدایە بۆ لێکۆڵینەوەی شەبەنگی سۆدیۆم بەکارهێنرا، دووره گۆشەی نێوان هەردوو هێڵە زەردەکە (589.592 nm و 588.995 nm)ـە لەهەر یەکە لە پلەکانی سێ پڕژۆڵەکەی یەکەمدا بدۆزەوە.

2. درزەکێکی لادان 4525 هێڵ/cm ی تێدایە ڕاستەوخۆ ڕووناکی خۆر ڕوناک کرایەوە، بەوەش پڕژۆڵەی ڕووناکی پلەیەك لەسەر شاشەیەکی هەڵواسراو بەدیوارێکەوە، لە ڕووە بەرامبەرەکەی درزەکەکە دەرکەوت ئایا:

أ. گۆشە لادانی پڕژۆڵەی ڕووناکی پلە یەك بۆ ڕەنگی شین کە درێژی شەپۆلەکەی 422 nm چەندە؟

ب. گۆشە لادانی پڕژۆڵەی ڕووناکی پلە یەك بۆ ڕەنگی سور کە درێژی شەپۆلەکەی 655 nm چەندە؟

3. درزەکێکی لادان کە 1555 تاڵ/cm ی تێدایە بە ڕووناکییەك ڕووناك کرایەوە کە درێژی شەپۆلەکەی 565 nm بوو، ئایا گەورەترین پلە پڕژۆڵەی ڕووناك چەندە کە دەتوانرێت بەهۆی ئەم درزەکەوە ببینرێت؟ (تێبینی بزانە بڕی $\sin\theta$ نابێت لە 1 زیاتر بێت).

4. شەبەنگێکی جیوەیی درێژی شەپۆلەکەی 546.1 nm بوو بەکارهێنرا لە درزەکێکی لاداندا، بەوەش گۆشە لادانی پڕژۆڵەی ڕووناکی پلە یەك 21.2^o ، ئایا ژمارەی درزەکانی درزەکە لادانە بەکارهێنراوەکە لە هەر سانتیمەترێکدا چەندە؟

پێداچوونەوەی بەندی 2-7

1. ڕووناکییەك کەوتە سەر درزەکێکی لادان کە 3550هێڵ/cm ی تێدایە بەوەش گۆشەلادانی پڕژۆڵەی پلەیەکی ڕووناك 12.07^o یە.

أ. ئایا درێژی شەپۆلی ڕووناکی بەکارهێنراو چەندە؟

ب. لە چ گۆشە لادانێکدا پڕژۆڵەی ڕووناکی پلە دوو دەردەکەوێت؟

2. وەسفی ئەو گۆڕانە بکە کە لە پانی پڕژۆڵەی ناوەندیدا دروست دەبێت بەبەکارهێنانی یەك درز، کاتێك پانی درزەکە کەمدەکات؟

3. کام لەم تەنانەی خوارەوە لادان تیایاندا زۆرتر ئاشکرایە، سێوێك، نوکی پێنووسێك، موی سەری مرۆڤێك، وەلامەکەت لێکبدەرەوە.

4. ئایا پڕژۆڵەکانی بەیەکداچوون بۆ هەر یەك لە ڕەنگەکانی پرتەقاڵی و شین، کامیان لەوی دیکەیان پانترە؟ ئەوە ڕوونبکەرەوە.

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بەندی 3-7

لەیزەر
Lasers

3-7 ئامانجەکان
- تایبەتمەندییەکانی تیشکی لەیزەر باس دەکات.
- ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لە هەندێك لە بەجێهێنانەکاندا لەیزەر باشترە.

دەزگای لەیزەر

دەزگایەکە ڕووناکییەکی هاوباری تاك شەپۆلی لێوە دەردەچێت.

لەیزەر

بەتین کردنی ڕووناکییە بە هۆی بزوێنە دەرچوونی تیشکدانەوە.

ئایا دەزانیت؟
ئەو ڕووناکییەی لە گڵۆپێکی کارەبایی ئاساییەوە دەردەچێت لە هەر چرکەیەکدا سەد ملیۆن گۆڕانی هەڕەمەکی تێدا ڕوودەدات.

لەیزەر و هاوباری

تا ئێستا ئەو شەپۆلە کارۆموگناتیسییانەمان ناسیوە کە لە سەرچاوە درەوشاوەکانەوە دەردەچن، وەك گڵۆپەکانی ڕووناکی و گڕی ئاگرو خۆر. یان لەوانەیە هەر جۆرێکی تری ڕووناکیت دیبێت کە جیاواز بێت لەو ڕووناکییەی کە لە گڵۆپە درەوشاوەکانەوە دەرچووبێت، بۆ نمونە ڕووناکی لەیزەر laser تایبەتمەندی دەگمەنی هەیە کە وایلێکردووە بەکارهێنانی لە بەجێهێنانەکاندا زۆر بێت.

بۆ تێگەیشتنی جیاوازی نێوان لەیزەرو ڕووناکی ئاسایی، وادادەنێین کە ڕووناکی لە گڵۆپێکی کارەبایی داگیرساوەوە دەرچووە وەك لە **وێنەی 20-7** (أ)دا دیارە، کاتێك ئەلەکترۆنەکان لەناو تەلی گڵۆپەکەدا دەلەرێنەوە شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی دروست دەکەن لە شێوەی ڕووناکی بینراودا، شێوەی تەلەکەو ڕێگەی گواستنەوەی بارگەکان لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکەی ناو تەلەکە جیاوازە بەهۆی ئەوەشەوە شەپۆلی کارۆموگناتیسی لەکاتی جیاجیاداو لە شوێنی جیاجیای تەلەکەوە دەردەچن کە لە توندیدا جیاواز دەبن و بە ئاراستەی جیاجیا بڵاودەبنەوە. ڕووناکی بەرهەمهاتوو ناوچەیەکی بەرفراوان لە شەبەنگی کارۆموگناتیسی دادەپۆشێت، چونکە چەند درێژە شەپۆلێکی جیاوازی تێدایە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی زۆر درێژی شەپۆل هەیەو ڕووناکییە بەرهەمهاتووەکەش بەبەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە ڕووناکییەکە هاوبار نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کەوا پێکنەری شەپۆلەکە ڕەوگەیەکی نەگۆڕی لە گشت کاتەکاندا نابێت، بەرەی شەپۆلی شەپۆلە ڕووناکیە ناهاوبارەکان لە بەرەی شەپۆلی ئەو شەپۆلانە دەچن کە لە دەریاچەکاندا دروست دەبن بەهۆی کەوتنی دڵۆپە بارانەکانەوە، بەرەی شەپۆلەکان لە هۆکاری جیاجیاوە دروستبوون، بۆیە جۆری بەیەکداچوونەکەیان بەشێوەیەکی بەردەوام نابێت.

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەی لەیزەری **وێنەی 20-7** (ب) گورزەیەکی ڕووناکی تەسکی هاوبار دەردەکات کە هەموو شەپۆلەکانی هاوبارن و بە تێپەڕبوونی کاتیش هەر بە هاوباری دەمێننەوە، لەبەرئەوەی شەپۆلەکانی لێزەر هاوبارن، بۆیە بەیەکداچوونیان لە هەموو خاڵەکاندا دروستکەر دەبێت و شەپۆلی بەرهەمهاتووش وەك تاکە شەپۆلێکی فراوانی زۆر دەردەکەوێت. هەروەها ڕووناکییە بەرهەمهاتووەکە لەسەرچاوەی لێزەرەوە تاك ڕەنگ دەبێت و درێژی شەپۆلی هەموو شەپۆلەکانی یەکسان دەبێت، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی لێزەرەوە دەتوانرێت تیشکی لەیزەر وای لێبکرێت کە فراوانی ڕووناکییان زۆر بێت و توندی ڕووناکی لەیزەر زۆر زیاترە لە توندی ڕووناکی ئاسایی ناهاوبار، فراوانی شەپۆلی ڕووناکی پێوەری ئەو وزەیەیە کە لە یەکەی کاتدا بەسەر ڕووبەرێکی دیاریکراودا تێپەڕدەبێت.

دەزگای لەیزەر وزە دەگۆڕێت بۆ ڕووناکی هاوبار

دەزگای لەیزەر، کارەبا وزە یان ڕووناکییە وزە یان کیمیا وزە دەگۆڕێت بۆ ڕووناکییەکی هاوبار، چەند جۆرێکی جیاوازی سەرچاوەی لەیزەری هەیە، بەڵام هەموویان کۆمەڵێك ڕووخساری هاوبەشیان هەیە. بۆ هەر یەك لە سەرچاوەکان ناوەندی چالاك هەیە، کاتێك وزەی دەدرێتێ ڕووناکییەکی هاوبار بەرهەمدێنێت. لەوانەیە ئەو ناوەندە چالاکە ڕەق یان شل یان گاز بێت و پێکهاتەی ناوەندە چالاکەکە درێژی شەپۆلی ڕووناکی لەیەزەرەکە دیاریدەکات.


(أ)
ڕوناکی ناهاوبار


(ب)
ڕوناکی هاوبار

وێنە 20-7
(أ) ئەو شەپۆلانەی لەسەر چاوەیەکی ڕووناکی ناهاوبارەوە دەردەچن بەبەردەوام ڕەوگەکانیان دەگۆڕێت.
(ب) بەڵام ئەو شەپۆلانەی کە لەسەرچاوە هاوبارەکانەوە دەردەچن ئەوا ڕەوگە ڕێژییەکانیان نە گۆڕە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

وێنەی 21-7 ڕێگەی ئیشکردنی بنچینەی لەیزەر ڕووندەکاتەوە، کاتێك کە ڕووناکییەکی وزە بەرز یان وزەیەکی کارەبایی یان کیمیایی بە ناوەندە چالاکەکەی ناو بۆریە شوشەکە بدرێت. وەك **وێنەی 21-7** (أ) ئەوا گەردیلەکانی ناوەندە چالاکەکە بڕێك لەو وزەیە هەڵدەمژن (لە بەندی فیزیای گەردیلەییدا ئەوە تێدەگەین کەوا چۆن گەردیلەکان ئاستە وزەی جیاوازیان هەیەو کاتێك وزە دەدرێت بە گەردیلەیەکی دامرکاو دەورووژێت و دەگوێزرێتەوە بۆ ئاستێکی وزە بەرزتر).

کاتێك ڕووناکییەکی درێژی شەپۆل دیاریکراو دەکەوێتە سەر گەردیلە وروژاوەکان ئەوا گەردیلەکان هاندەدات کە فۆتۆنێك دەربکەن هەمان تایبەتمەندی فۆتۆنە هاندەرەکەی هەبێت، هەر کاتێکیش یەکێك لە گەردیلەکان لەخۆیەوە وزەکەی ون بکات (تیشك بدات) لە خۆوە تیشکدان ڕوو ئەدات و ڕووناکی ئاسایی بەرهەمدێت، ئەم شەپۆلە سەرەتاییە یارمەتی گەردیلە وزە بەرزەکانی (وروژاوەکانی) تر دەدات کە وزە زیادەکەی خۆیان ون بکەن بەشێوەی شەپۆلی ڕووناکی کە هەمان سیفەتەکانی شەپۆلە سەرەتاییەکیان هەیە لە ڕووی درێژی شەپۆل و ڕەوگەو ئاراستەی بڵاوبوونەوەوە. وەك لە **وێنەی 21-7** (ب) هەیە، ئەم کرداری دەرچوونە پێی دەوترێت بزوێنە دەرچوون (دەرچوون بە بزواندن).

زۆربەی ئەو وزە ڕووناکییەی لە بزوێنە دەرچوونەوە پەیدا دەبێ لە لا تەنیشتەکانی بۆریە شووشەکەوە دەردەچن، بەڵام هەندێك لە ڕووناکییەکە بەدرێژایی بۆرییە شوشەکە دەڕۆن کە دەبێتە هۆی زیادکردنی ژمارەی دەرچوونەکان لەگەڵ ئاراستەی بڵاوبوونەوەکەیاندا، ئەو دوو ئاوێنەیەی لە هەردوو کۆتایی بۆرییە شووشەکەوە دانراون تیشکەکە دەگێڕنەوە بۆ ناو ناوەندە چالاکەکەو دەبێتە هۆی زیادکردنی بزوێنە دەرچوون و بەرهەمهێنانی ڕووناکییەکی هاوبار بە بڕێکی زۆر، وەك لە **وێنەی 21-7** (ج) دا دیارە. لەگەڵ هاتوچۆکردنی تیشکەکە لەناو ناوەندە چالاکەکەدا توندییەکەی بەرە بەرە زیاد دەکات و لە ئاوێنە نیمچە ڕوونەکەیانەوە بڕێك ڕووناکی توندی زۆری هاوباری لەیزەری دەچێتە دەرەوە.

ئایا دەزانیت؟

وشەی لەیزەر (laser) پیتی یەکەمی چەند وشەیەکی ئینگلیزییە «Ligth amplification by stimulated emission of radiation » بە تینکردنی ڕووناکی بەبەکارهێنانی تیشکدان بە بزوێنە دەرچوون.



وێنەی 21-7

(أ) گەردیلەو گەردەکانی ناوەندە چالاکەکە وزە لەسەرچاوە دەرەکییەکەوە هەڵدەمژن.

(ب) کاتێك ڕووناکییە لەخۆوە دەرچووەکە کار دەکاتە سەر ناوەندە چالاکەکە ئەوا گەردیلەکە شەپۆلێکی هاوشێوەی خۆی بەرهەمدێنێت.

(ج) بزوێنە دەرچوون بڕی ڕووناکی هاوباری ناوەندە چالاکەکە زیاد دەکات و هەموو شەپۆلە هاوبارەکان وەك یەك شەپۆل کار دەکەن.

بەکارهێنانەکانی لەیزەر

لەیزەر چەندەها جۆری زۆری هەیە درێژە شەپۆلەکانیان لە خوار سوورەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە تیشکی X ی شەبەنگی کارۆموگناتیسی، هەروەها زاناکان دەزگای مەیزەر (maser) یان داهێناوە کە لەمەودای شەپۆلە وردیلەکان (مایکرۆیڤەکاندا) کار دەکات، لەیزەر لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت هەر لە بەکارهێنانەکانی ناو ماڵەوە تا دەگاتە بەجێهێنانەکانی لە پیشەسازیداو هەروەها لە هەندێك بواری دیاریکردن و چارەسەری پزیشکیدا بەکاردەهێنرێت.

پێوانی زۆر وردی دوورییەکان بەبەکارهێنانی لەیزەر

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی لەیزەر ئەوەیە کەوا تیشکێکە بەشێوەی گورزەیەکی تەسك ئاراستە دەکرێت، بەپێچەوانەی ڕووناکی گڵۆپی ئاساییەوە یان ئەو ڕووناکییەی بەهۆی ڕوپەکی ڕووناکی دەرەوەی شێوە برگە هاوتاوە چڕکراوەتەوە، لەکاتێکدا لەیزەر بۆ شوێنە دوورەکان دەنێردرێت زۆر بەکەمی بەملاولادا بڵاودەبنەوە، بۆیە دەتوانرێت ئاراستە بکرێت، لەبەرئەوە دەتوانرێت لەیزەر بۆ پێوانی دووری بەکاربهێنرێت بەوەی کە لەیزەرەکە ئاراستەی ڕوویەکی ڕووناکی دەرەوەی زۆر دووردەکرێت پاشان ئەوەی لە

www.ferkar.krd

0751 960 70 80

ڕووەکەوە دەدرێتەوە وەردەگیرێتەوە.

وێنەی 22-7 ئەوە ڕوووندەکاتەوە کەوا چۆن زاناکانی گەردووناسی تیشکی لەیزەر ئاڕاستەی چەند خاڵێکی دیاریکراوی سەر ڕووی هەیڤ دەکەن بۆ پێوانەکردنی دووری نێوان زەوی و هەیڤ. پرتەیەکی ڕووناکی ئاڕاستەی یەکێك لە ڕووە تیشکدەرەوەکان دەکرێت کە ڕووبەری هەر یەکێکیان ($0.25\ m^2$) کە کەشتییەوانەکانی گەشتەکەی (ئەپۆلو) لەسەر ڕووی هەیڤ جێگیریان کردووە، بەزانینی خێرایی ڕووناکی و ئەو کاتەی کە پرتەکە دەیخایەنێت تا دەگەڕێتەوە سەر زەوی، زاناکان توانیان ماوەی نێوان زەوی و هەیڤ بپێون کە یەکسانە بە (3.84×10^5 km) زاناکانی زەویناسی بەهۆی چەند جارە کردنەوەی پێوانە کردنەوەوە دەتوانن ئەو گۆڕانە کتوپڕانە تۆمار بکەن کە لە بەرزییەکاتی توێکڵی زەویدا ڕوودەدەن لە ئەنجامی کردارە جیۆلۆجییەکانەوە. دەتوانرێت لەیزەر بۆ ئەو پێوانانە بەکاربهێنرێت هەرچەندە گۆڕان لە بەرزییەکانیشدا لە چەند سەنتیمەترێك تێپەڕ نەکات.

وێنەی 22-7

تیشکی لەیزەر ئاراستەی ڕوویەکی تیشکدەرەوە لەسەر ڕووی هەیڤ دەکرێت کە لە زەوییەوە 380 000 km دوورە.

بەجێهێنانەکانی لەیزەر لە نۆژداریدا

لەیزەر لە زۆربەی بەجێهێنانە پزیشکییەکاندا بەکاردەهێنرێت بەسوود وەرگرتن لەوەی کەوا هەندێك لە شانەکان دەتوانن چەند درێژییە شەپۆلێکی جیاوازی لەیزەر هەڵبمژن، بۆ نموونە دەتوانرێت لەیزەر بەکاربهێنرێت بۆ لابردنی پەڵەکانی سەر پێست یان کاڵکردنەوەیان، وەیان بۆ لابردنی ئەو پەڵانە لەسەر دەم و چاوی ئافرەتان دروست دەبن بەهۆی منداڵبوونەوە بەبێ ئەوەی کار لە شانەکانی دەوروبەریان بکات، شانەی نیشانەکانی سەر پێست بە هەندێك لە درێژییە شەپۆلەکانی لەیزەر کاریان تێدەکرێت و لادەبرێن، بەڵام شانەکانی تر پارێزراو دەبن.

زۆر لە بەجێهێنانە پزیشکییەکان سوود لە کرداری بە هەڵم کردنی ئاو دەبینن بەهۆی تیشکی لەیزەری توندی زۆری خوار سوورەوە کە لە ئامێری لەیزەری دوانە ئۆکسیدی کاربۆنەوە بەرهەمدێت کە درێژی شەپۆلەکەی $10\ \mu m$ لەیزەری دوانە ئۆکسیدی کاربۆن دەتوانێت ماسولکەی شانەکان بسوتێنێت. ئەویش بەهۆی گەرمکردن و بە هەڵمکردنی ئەو ئاوەی لەناو خانەکاندا هەیە. یەکێك لەلایەنە باشەکانی لەیزەر ئەوەیە کە توانای وزە بەرهەمهاتووەکە یارمەتی خوێن مەین دەدات لە لوولەکانی خوێندا ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خوێنبەربوون و تووشبوون بە هەوکردن هەروەها دەتوانرێت تیشکی لەیزەر لەناو دەزگا ناوبینەکاندا (ئێندۆسکۆب) endoscope قەتیس بکرێت کاتێك دەخرێتە ناو لەشی مرۆڤەوە، پزیشکە نەشتەرگەرەکان دەتوانن بەهۆیەوە خوێن بەربوونی هەر بەشێکی ناوەوەی پێبوەستێننەوە یان هەوکردنە شێرپەنجەییەکانی پێلابەن، بەبێ ئەوەی کرداری نەشتەرگەری گەورەیان بۆ بکرێت.

هەروەها بەهۆی لەیزەرەوە چارەسەری ئەو شانانە دەکرێت کە چارەسەریان بە ڕێگە نەشتەرگەرییە باوەکان گرانە، بۆ نموونە: هەندێك درێژە شەپۆلی لەیزەر دەتوانێت ناوچەکانی پێشەوەی چاو (گلێنەی چاو) بسمن بەبێ ئەوەی زیانی پێبگەیەنێت، بۆیە دەتوانرێت لەیزەر بەشێوەیەکی کاریگەر لە چارەسەرکردنی تۆڕەی چاودا یان لە نەشتەرگەری تری چاودا بەکاربهێنرێت، وەك چارەسەرکردنی ئاوی ڕەشی چاو کاتێك پەستانی شلەی ناو چاو زۆر دەبێت، ئاوی ڕەشی چاو ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە دەمارەکانی چاو و دەبێتە هۆی کوێربوون، ئاڕاستەکردنی لەیزەر بە گورزەیەکی تەسك و چڕ بۆ سەر ڕێڕەوێکی داخراو دەبێتە هۆی سوتاندنی شانەیەکی بچووك بەوەش پەستانەکە نزمدەبێتەوەو داخرانەکەش کەمدەبێتەوە، هەروەها لەیزەر بۆ ڕاستکردنەوەی کورتبینی چاو بەکاردەهێنرێت ئەویش بە ئاڕاستەکردنی گورزەیەکی لەیزەری بۆ ناوچەی ناوەڕاستی گلێنەی چاو بۆ ئەوەی تەخت تر بێت.

ئایا دەزانیت؟

ئەو بنەمایەی کە ئیشی پێدەکرێت بۆ خوێندنەوەی ئەو زانیارییانەی لەناو پەپکەیەکی (CD)دا دانراون هەمان ئەو بنەمایانەن کە بۆ خوێندنەوەی هێڵە ستونییە تۆمارکراوەکانی سەر کەلوپەلەبەکارهێنراوەکان بەکاردێن، ڕووناکی لەیزەر لە هێڵەکانی دووری نێوانیان دەدرێتەوە. بەوەش هێمایەکی ژمارەیی پەیدا دەبێت کە ژمارەی دروستکردنی بەرهەمەکەیەو ئەو زانیارییە بۆ کۆمپیوتەری بازاڕەکە دەگوازێتەوە، ژمێریارەکە لە ناوی بەرهەمەکەو نرخەکەی ئاگادار دەکاتەوە.

www.ferkar.krd

0751 960 70 80

ڕۆشناییەك لەسەر بابەتەكە
دەزگای ئیشپێكردنی پەپكەی CD

ئیشپێکەری پەپکەی (CD) یەکێکە لە بەجێهێنانە گرنگەکانی لەیزەرو لەم ئامێرەدا ڕووناکی لەیزەر لە سەرچاوەیەکی لەیزەرەوە دەردەچێت و بەناو زنجیرەیەك دەزگای بیناییدا بەرەو پەپکەی (CD)کە دەچێت کە مۆزیك یان داتای تۆمارکراوی لەسەرە، ئیشپێکەرەکە داتاکان بەپێی چۆنێتی دانەوەی تیشکە لەیزەرەکە لە پەپکەکەوە دەخوێنێتەوە، لە کرداری تۆمارکردنی دیجیتەڵی (ڕەنووسی) هەموو نیشانە دەنگییەکان لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا کۆدەکرێنەوەو هەر نیشانەیەك دەگۆڕێت بۆ نیشانەی کارەبایی پاشانیش بۆ زنجیرەیەك ژمارەی دووانی کە لە خانەکانی (0 وە 1) بەتەنها پێکدێت، ژمارە دووانییەکان وا هێما دەکرێن کە زانیاری دەربارەی نیشانەکە بگرێتە خۆی وەك لەرەلەرو هارمۆنییەکان، دوگمەی گۆڕینی بەرزی دەنگ و (بەهەردوو لای ڕاست و چەپ) و خێرایی بزوێنەرەکەی کە پەپکەکە دەسوڕێنێتەوە دەچێت، ئەم کردارە پێی دەگوترێت گۆڕین لە پێوانەییەوە بۆ ژمارەیی (a-d).

زانیاری ژمارە دووانییەکان لەسەر پەپکەیەکی CD تۆمار دەکرێت بە شێوەی چاڵ و ڕووی سافکراو، وە ناودەنرێت بە بەزەوییەکانی سەر ڕووی پەپکەکە. لە چەقی پەپکەکەوە تۆمارکردنی چاڵ و ڕووەکان دەستپێدەکات و بەشێوەیەکی لوولپێچی بەرەو دەرەوە دەچێت لەسەر ڕێڕەوەکانی پەپکەکە کە پانی هەر یەکەیان 500 nm و ماوەی نێوان دوو ڕێڕەویش 1600 nm ئەگەر ڕێڕەوی زانیارییەکان لەسەر پەپکەکە ڕابکێشرێت بەرەو دەرەوە ئەوا درێژییەکەی دەگاتە 5 km.

کاتێك پەپکەکە ئیشپێدەکرێت ڕووناکی لەیزەر لە زنجیرە چاڵ و ڕووە ساف کراوەکانەوە دەدرێتەوە بۆ پشکێنەر، قوڵی چاڵەکان بەشێوەیەك هەڵدەبژێرێت کە بەیەکداچوونی لەناوبەر دروست بکات، کاتێك لەیزەرەکە لە چاڵەوە بەرەو ڕووەکەوە دەچێت یان بە پێچەوانەوە لە ڕووەکە بۆ چاڵەکە دەچێت، پشکێنەرەکە ئەو گۆڕانەی لە ڕووناکی دانەوەکەدا ڕوودەدات لە نێوان چاڵ و ڕووەکەدا بە ژمارە (1)دادەنێن وە ڕووناکی دانەوە لە ناوچە سافەکانەوە بە ژمارە 0 دادەنێن. پاشان زانیارییە دووانیەکان دەگۆڕێن بۆ نیشانەی پێوانەیی و وەك مۆزیك دەبیسترێت، ئەم هەنگاوە پێی دەگوترێت گۆڕین لە دوانیەوە بۆ پێوانەیی (a-d) لەو کاتەدا دەتوانرێت نیشانەکە گەورە بکرێت و بۆ بیستۆك بنێردرێت، لە ئامێری کۆمپیوتەردا پەپکەی خوێندنەوەی میمۆری (CD-ROM) بەهەمان شێوە کار دەکات. لەبەرئەوەی ئەو زانیاریانەی لە کۆمپیوتەردا هەن لە بنەڕەتدا ڕەنووسین، بۆیە پێویست ناکات گواستنەوەی (a-d) یا (d-a) بۆ بکرێت. تیشکی لەیزەر ئاڕاستەی ڕووی پەپکەی CD دەکرێت و لە بەشە سافکراوەکانی سەر پەپکەکەوە بۆ خانەیەکی کارۆ ڕووناکی دەدرێنەوە. لەوانەیە لە جیاوازی ڕێگەی ئیشکردنی تۆمارکەری پەپکەی CDی بپرسین.

ئەو پەپکانە هیچ چاڵ و ڕوویەکیان تێدا نییە لەجیاتی ئەوە چینێکی تەنك و هەستیاریان لەبۆیە پێوەیە کە لە نێوان ڕوویەکی کانزایی سافکراوی ڕووناکی دەرەوەی وەك ئەلەمنیۆم و چینێکی پلاستیکی ڕووندایە.

ئیشپێکەری (CD-R) لەیزەرێکی زیادەی تری هەیە کە تواناکەی نزیکەی دە هێندەی توانای لەیزەری بەکارهێنراوە لە خوێندنەوەی پەپکە تۆمارکراوەکەدا کە زانیارییە ڕەنووسییەکان لەسەر ڕێڕەوەکانی پەپکەی (CD-R) نووسراون.

کاتێك لەیزەرەکە نووسراوی سەر بۆیە تەنکە هەستیارەکە ڕووناك دەکاتەوە، بۆیەکە بۆ ڕەنگێکی تۆخ دەگۆڕێت و ناوچەی وا دروست دەکات لەسەر ڕێڕەوەکە ڕووناکی ناداتەوە، بەم کردارەش سامپڵێکی ژمارەیی وەکو چاڵ و ڕووەکان پەیدا دەکات و ئیشپێکەری CD دەتوانێت بیخوێنێتەوە.

ئیشپێکەری ئەو پەپکە ڕەنووسیيانە کە بەکارهێنانی زۆریان هەیە (DVD) لەسەر هەمان بنەما کاردەکات، تەنها ئەوەندە نەبێت کە لەیزەر لە ئیشپێکەری (DVD) دا درێژی شەپۆلەکەی کورتترە لەو لەیزەرەی کە لە ئیشپێکەری CD دا بەکاردەهێنرێت، بەشێوەیەك درێژییە شەپۆلە کورتەکەی ئیشپێکەری (DVD) ڕێگە بە خوێندنەوەی زانیارییە زۆر لەیەکەوە نزیکەکان دەدات، بەبەراورد لەگەڵ زانیارییەکانی سەر CD . هەندێك پەپکەی (DVD) دوو چین زانیاری لەسەرەو لەسەر هەردوو تەنیشتەکەی پەپکەکە دەنووسرێت.

لای خوارەوەی پەپکەی (DVD)ی دوو چینە، چینێکی تەنکی بە مادەیەکی ڕووناکی دەرەوە ڕووکەش دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی زێڕ بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە ڕێگە بە هەندێك ڕوناکی دەدات کە بەناویدا بڕوات بۆ ئەوەی ڕووی سەرەوەی پەپکەکە بخوێنێتەوە.



تیشکی لەیزەر ئاڕاستەی ڕووی پەپکەی (C.D) دەکرێت و لە ناوچە سافکراوەکەی پەپکەکەوە دەدرێنەوەو بۆ خانەی کارۆموگناتیسییەکە.

پێداچوونەوەی بەندی 3-7

1. بەچی ڕووناکی لەیزەر لەو ڕووناکییە ئاساییە جیادەکرێتەوە کە یەك درێژی شەپۆلی هەیە.

2. کرداری بزوێنە دەرچوون بەرهەمهێنانی فۆتۆنێکی (شەپۆلێکی) تەواو لە یەکچوی فۆتۆنە هاندەرەکەی یەکەمجار دەگرێتە خۆی، ئایا بەدەستهێنانی ئەو شەپۆلی دووەمە لەگەڵ یاسای پاراستنی وزەدا ناکۆکە؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

3. **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** دەزگاکانی ڕیشاڵە بیناییەکان ڕووناکی دەگوێزنەوە بەهۆی دیاردەی ڕووناکی دانەوەی تەواوەتی بەناو ڕیشاڵە شووشەییە باریکەکاندا، تیشکی لەیزەر لە ئامێرەکانی ڕیشاڵە بیناییەکاندا لەجیاتی ڕووناکی سپی بۆ گواستنەوەی شەپۆلەکان بەکاردەهێنرێت، زانیارییەکانت دەربارەی شکانەوەی ڕووناکی بەکاربهێنە بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی ئەوە؟

پیشە فیزیاییەکان

لەیزەر لە زۆر لە بەجێهێنانەکانی پزیشکیدا بەکاردەهێنرێ، بە سوود وەرگرتن لەوەی کە زۆرێك لە شانەکانی لەش درێژی شەپۆلی جیاواز لە ڕووناکی لەیزەر هەڵدەمژن، لەیزەر بەکاردەهێنرێ بۆ لابردنی پەڵەی سەر پێست و بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی لەسەر پێستی مرۆڤ، هەروەها دەچێتە ناو بوارەکانی تری پزیشکییەوە، بۆ ناسینی یەکێك لە پیشە پزیشکییەکان کە پەیوەندی بە بواری فیزیاوە هەیە لەیزەرە تیا بەکاردەهێنرێ، ئەم چاوپێکەوتنە بخوێنەوە کە لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆڕ لە بواری نەشتەرگەری جوانکاریدا ئەنجامدراوە.

جۆری ئەو خوێندنە چی بوو کە یارمەتیدایت بۆ ئەوەی ببیتە نەشتەرگەر لە جوانکاریدا

پاش خوێندنی پزیشکی و ڕاهێنانی پزیشکی کە ئەنجاممدا، زۆرێك لە زانیاری ئەندازەیی بەکاردەهێنم بۆ کارەکەم، هەروەها بابەتەکانی فیزیاو بیرکاری زۆر سوودمەندن لەم بوارەدا، چونکە زانیاری فیزیا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە نەشتەرگەرییەوە، بەتایبەتی نەشتەرگەری جوانکاری، زۆر لە کەرەسەو ئامێرە بەکارهاتووەکان شێوەی ئەندازەیی وەردەگرن پێویستی بە زانیاری لە بیرکاری و فیزیادا هەیە، ئەوەی گرنگە پلانی تۆکمەو باش هەبێ پێش بەجێهێنانی هەر نەشتەرگەرییەك. وە دروستکردنی شێوەو وێنەی هەر کردارێکی نەشتەرگەرییەك کە پێویستە لەسەر نەشتەرگەرەکە ئەنجامی بدات لەکاتی کردنی نەشتەرگەرییەکەدا.

چی یارمەتیدایت کە ئەم پیشەیە هەڵبژێریت؟

ئەو زانیاریانەی لە قوناغی دواناوەندی فێربووین بنچینەیە، وەهەرچەندە ئەم بنچینەیە بەهێز بێت ئەوا هەڵبژاردن ئاسانتر دەبێت و لە هەڵبژاردنەکەشدا سەرکەوتوو دەبیت، ئێمە لە پەیوەندییەکی بەردەوام و ڕۆژانەداین بەفیزیاوە لە ڕێگەی ئەو ئامێرو دەزگا پزیشکیانەوە، کیمیا لە ڕێگەی دەرمانەکانەوە، بیرکاری لە پێوانەکردنی دەرمانەکان و ژماردنی و پلانی حیسابی بۆ کراوە، مادەی زیندەزانی بۆ زانینی کارو ئیشی لەش و شانەکانی لەش.

چی وایلێکردیت کە گرنگی بە نەشتەرگەری جوانکاری بدەیت؟

گرنگیدانم بە نەشتەرگەری ڕاستەوخۆ پاش ڕاهێنانی پزیشکی بوو، چونکە نەشتەرگەری چارەسەرێکی خێرایە، زۆرجاریش تاکە چارەسەرە بۆ لابردنی نەخۆشی، کاتێ نەخۆش بە ئازاری سکەوە دەناڵێنێ، بەنەشتەرگەرییەکی سادە چارەسەر دەکرێت کە بۆی هەیە ببێتەهۆی ڕزگارکردنی ژیانی، ئەوە وایکرد کە بەرەو نەشتەرگەری هەنگاو بنێم، کە ئەوەش تەنها جوانکاری نییە، بەڵکو تەواوکەریشە، چونکە چارەسەری سوتان و شێواندن و پێکانەکان و لوە پیسەکان (لوە شێر پەنجەییەکان) دەکات.

نەشتەرگەری جوانکاری



سروشتی کارکەت چۆنە؟

نەشتەرگەری جوانکاری لقی زۆرە، لەوانە ئەو نەشتەرگەری جوانکارییەی کە تیایدا ئەو نەنگیە چارەسەر دەکات کە مرۆڤ پێوە دەناڵێنێ و چاکردنی شێوەی نەخۆش، وە لە پەرەسەندنێکی بەردەوام دایە، وە لەبارە هەرە گرنگەکانن کە تیایدا لەیزەر بەکاردەهێنرێت بۆ نموونە (بردنی شوێنەوارە خراپ بووەکانی پێست و نەهێشتنی پەڵەو چرچ و لۆچییەکانی، وە هەروەها بۆ لابردنی نەخۆشی دەوالی و دەمارەکانی بچووکی خوێن، لابردنی ئەو موانەی کە خوازراو نین).

بەڵام لقەکەی تر لە نەشتەرگەری جوانکاری، بریتییە لە نەشتەرگەری تەواوکاری، کە تیایدا فریای لە دەستدانی ژیانی مرۆڤ دەکەوێت، وە باری ژیانی چاك دەکات، وەك چارەسەرکردنی نەنگی زکماك و پێکانەکان و ڕووداوەکان و سووتان، وە بابەتی تازە تیایدا چاندنی مایکرۆسکۆبی، وەك دانانی دەست یان بەشێکی لەش، وەك ڕوو (دەم و چاو) ئەویش بە وەرگرتنی ئەو ئەندامەی لەش لە کەسێکی دەماغ مردوو، دانانی بۆ کەسێکی تری زیندوو.

چی بە باشتر دەزانی لە کارەکەتدا؟ دەتەوێت چی بگۆڕیت؟

نەشتەرگەری جوانکاری نەشتەرگەرییەکی لە ڕوو وەستانە، لەگەڵ زۆر پسپۆڕی تردا هاوبەشە کەواتە ڕاوێژکاری لەگەڵ پسپۆڕی نەشتەرگەری جوانکاری دەکرێت لە زۆرێك لە نەشتەرگەرییەکاندا کە تیایدا پزیشکەکان تووشی کێشە دەبنەوە. دەمەوێ تیایدا تێگەیشتنی مرۆڤ دەربارەی نەشتەری جوانکاری بگۆڕم، چونکە مرۆڤەکان بیرکردنەوەیان تەنها لە ڕووی جوانکارییەوەیە. وەلامە گرنگەکەیان لە یاد نییە، کە ئەویش نەشتەرگەری ڕاستکردنەوەیە؟ کە بنچینەی نەشتەرگەری جوانکارییە.

ferkar

پەیوەندی سروشتی کارکەت بە فیزیاوە چییە؟

پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوانیاندا، زۆر لە ئامێرە بەکارهاتووەکان پەیوەندی بە فیزیاوە هەیە، وەك لەیزەرو بەکارهێنانەکانی، بە شێوەیەك کە هەڵدەستین بە وێنەکێشانی ئەندازەیی وەلەکاتی نەشتەرگەریدا پەیڕەوی دەکەین وەك (z-plasty)، بۆ ئەوەی نەشتەرگەرییەکە بەڕاستی و باشترین شێوە ئەنجام بدرێت.

ئامۆژگاریت چییە بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت پسپۆڕی لە بواری نەشتەرگەری جوانکاری بهێنێتەوە؟

گرنگترین ئامۆژگاریم بوونی بنچینەیەکی ڕاستە، کاتێ بنچینە باش بێت، ئەوا یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەرکەوتنی دواڕۆژ، مرۆڤ بە زانایی لە دایك نابێت، بەڵکو لەخۆبوردەیی و لێکۆڵینەوەو شەونخونی و بەردەوامی وا دەکات مرۆڤ بگاتە ئامانجەکانی و تیایدا دیارو سەرکەوتوو بێت.

پوختەی بەشی 7

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 1-7 بەیەکداچوون

- ئەو شەپۆلە ڕووناکیانەی هەمان درێژی شەپۆلیان هەیەو جیاوازی ڕەوگەی نێوانیان نەگۆڕە، بەیەکدادەچن و بڕژۆڵەکانی ڕووناک و تاریك بەرهەمدێنن.
- لە بەیەکداچوونی دوو درزەکەدا جێگەی بڕژۆڵە ڕووناکەکە وا پێویست دەکات کە جیاوازی ڕێڕەوی نێوان دوو شەپۆلە بەیەکداچووەکە یەکسان بێت بە ژمارەی تەواو لە درێژی شەپۆلەکان.
- لەبەیەکداچوونی دوو درزەکەدا، جێگەی بڕژۆڵە تاریکەکە وا پێویست دەکات کە جیاوازی نێوان ڕێڕەوی دوو شەپۆلە بەیەکداچووەکە یەکسان بێت بە ژمارەی تاك لە نیوەی درێژی شەپۆلەکان.

بەندی 2-7 لادان

- بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانە لە پشت ئەو بەربەستانەوە کە بەشێوەی تەلی باریك یان کونی بچووك یان درزێکی تەسك وەیان لێوارێکی تیژدابن.
- جێگەی پرژۆڵەی ناوەند لە سامپڵی pattem دروست بوو لە درزەکی لادانــدا بــەنــدە لــەسەر دووری نــێوان درزەکــان و پــلــەی وێنــەکــەو درێژی شەپۆلە ڕووناکییەکە.

بەندی 3-7 لەیزەر

- ئامێری لەیزەر وزە دەگۆڕێت بۆ گورزەیەك ڕووناکی هاوباری تاك ڕەنگ.

زاراوە بنچینەییەکان

- هاوباری Coherence ل(199)
- جیاوازی ڕێڕەو Path difference ل(201)
- پلەی وێنە (بڕژۆڵە) Order number ل(201)
- لادان Diffraction ل(204)
- لەیزەر Laser ل(211)

هێما گۆڕاوەکان

بڕ (زاراوە)	هێما	یەکە
درێژە شەپۆل	λ	m مەتر
گۆشەی نێوان خاڵێك و پرژۆڵەی ناوەندی	θ	° پلە
دووری نێوان دوو درز	d	m مەتر
پلەی وێنە	m	بێ یەکەیە

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



پێداچوونەوەی بەشی 7

پێدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

بەیەکداچوون

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

.1 چی ڕوودەدات کاتێك دوو شەپۆلە بەیەکداچووەکە هەمان فراوانیان هەبێ، وە بەیەکداچوونەکە لە شێوەی دروستکەر بێ؟ چی ڕوودەدات ئەگەر بەیەکداچوونەکە لەناوبەر بێت؟

.2 بەیەکداچوونی دەنگ بەهۆی جیاوازی فراوانییەکانیان هەستی پێدەکرێت، ئایا چۆن هەست بە بەیەکداچوونی ڕووناکی دەکەیت؟

.3 تاقیکردنەوەی بەیەکداچوونی جووت درزەکە بۆ ڕەنگی سوور بەڕێکرا، پاشان بۆ شین، ئایا سامپڵی ئەو دوو بەیەکداچوونە لە چیدا جیاوازن؟ (تێبینی: جیاوازی درێژی شەپۆلیان بەهەند وەربگرە)

.4 کامانەن ئەو زانیاریانەی (داتاکانی) کە پێویستە بیزانیت بۆ ئەوەی درێژی شەپۆلی ڕووناکی بەشێوەیەکی ڕاست هەژمێر بکەیت، لە تاقیکردنەوەکانی بەیەکداچوونی جووت درزەکەدا؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

.5 ئەگەر تاقیکردنەوەکەی دوو درزەکە لەژێر ئاودا ئەنجامبدرێت ئایا سامپڵی بەیەکداچوونەکە بە چ شێوەیەك کاری تێدەکرێت؟ (تێبینی: لێکۆڵینەوە بکە لەسەر ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ڕووناکیدا دێت لە ناوەندێکدا کە هاوکۆلکەی شکانەوەی گەورەتر بێ).

.6 بەهۆی دووری بێشوماری ئەستێرەکان لێمانەوە، وەك سەرچاوەی ڕووناکی شێوە خاڵ دەردەکەون، ئەگەر وا دەرکەوت دوو ئەستێرەی ئاسمان لە نزیك یەکترەوە بوون ئایا ئەو ڕووناکییەی کە لێیانەوە دەردەچێت سامپڵی بەیەکداچوونی بەردەوام پێکدەهێنن؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە؟

.7 وا دابنێ کە ڕووناکی سپی لە تاکە سەرچاوەیەکەوە بەرهەمهاتووە لە تاقیکردنەوەکەی جووت درزەکەدا بەکارهێنرا ئەوا باسی سامپڵی بەیەکداچوونەکە بکە کاتێك یەکێك لە درزەکان، بە ڕەنگ پاڵێوێکی سوورو درزەکەی تریش بە ڕەنگ پاڵێوێکی شین داپۆشرێت.

.8 سامپڵێکی بەیەکداچوون بەدەستکەوت بەبەکارهێنانی ڕەنگی سەوز لە ئامێرێکدا کە تێدا بتوانین دووری نێوان دوو درزەکە بەپێی پێویست بگۆڕین. ئەگەر دووری نێوان دوو درزەکە زیاد بکات ئایا دووری نێوان برژۆلە ڕووناکەکان زیاددەکات؟ یان کەم دەکات؟ وە یا بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە؟ بۆچی؟

پرسیارەکانی ڕاهێنان

.9 ڕووناکیەك دەکەوێتە سەر دوو درز کە ماوەی 0.33 mm لە نێوانیاندایە، ئەگەر گۆشەی نێوان برژۆڵە تاریکەکەی یەکەم و برژۆڵەی ناوەندی ڕووناکی 0.055^{o}، ئایا درێژە شەپۆلی ڕووناکییەکە چەندە؟

.10 یەکێك لە گڵۆپەکانی گازی سۆدیۆم لەسەر شەقامەکان ڕووناکییەکی نیمچە تاك ڕەنگ دەردەکات ئەگەر ئەو ڕووناکییە بکەوێتە سەر دەرگایەکی تەختە کە دوو درزی ڕێکی هاوڕێکیان تێدابێ، ئەوا سامپڵی بەیەکداچوون لەسەر دیواری پشت دەرگاکە دەردەکەوێت، دووری نێوان دوو درزەکە 0.3096 mm وە برژۆڵەی ڕووناکی دووەم دەکەوێتە سەر گۆشەی 0.218^{o} لە برژۆڵەی ناوەندییەوە ئەوا ئەمانەی خوارەوە هەژمێر بکە:

أ. درێژی شەپۆلی ڕووناکییەکە.

ب. گۆشە لادانی برژۆڵەی ڕووناکی سێیەم.

ج. گۆشە لادانی برژۆڵەی ڕووناکی چوارەم.

لادان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

.11 بۆچی ڕووناکی تێپەڕیوو بە تاکە درزێکدا سامپڵێك بەرهەمدێنێ کە لە سامپڵی بەیەکداچوون دەچێت؟

12. چۆن فراوانی برۆڵەی ناوەندی لە سامپڵی لادانی تاك درزیدا دەگۆڕێت ئەگەر درێژە شەپۆلی ڕووناکی زیاد بکات.

13. بۆچی ڕەنگی سپی شیتەڵ دەبێت بۆ شەبەنگی ڕەنگە پێکهێنەرەکانی کاتێك بەناو درزەکی لادانا دەڕوات.

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

14. تیشکێکی تاك ڕەنگ کەوتە سەر دوو درزەکی لادانی جیاواز، لە درزەکی دووەمدا برۆڵەی ڕووناکی دووەم لە برۆڵەی ناوەندی دوورتر بوو. ئەوە بەکاربهێنە بۆ لێکۆڵینەوەکە ئایا لە درزەکی دووەمدا ژمارەیەکی زیاتر یان کەمتر درز لە هەر سانتیمەترێکدا هەیە بەبەراورد لەگەڵ درزەکی یەکەم.

پرسیارەکانی ڕاهێنان

15. تیشکێکی ڕووناکی کە درێژە شەپۆلەکەی 353 nm دەکەوێتە سەر درزەکێکی لادان کە 795 هێڵ/cm تێدایە، ئایا گۆشەی برۆڵەی ڕووناکی دووەم چەندە؟

16. دەتوانین ڕەنگەکانی شەبەنگی ئەستێرەکان ڕوانگە بکەین و لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە کیمیاییەکانیان بکەین بە بەستنی تەلسکۆبی درزەکی لادان لە تەلیسکۆبی گەردوونی، وادابنێ کە درزەکە 3661 هێڵ/cm تێدایە.

أ. ئەگەر درێژە شەپۆلەکانی ڕووناکی ئەستێرەکە 478.5 nm، 647.4 nm و 696.4 nm بن ئەو گۆشەیە چەندە کە لێیەوە برۆڵەی یەکەمی شەبەنگەکە ڕوانگە دەکرێت.

ب. گۆشەی ڕوانگەکردنەکە چەندە بۆ ئەوەی برۆڵەی دووەمی هێڵەکانی شەبەنگەکە ببینرێت.

لەیزەر

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

17. ئەو تایبەتمەندیانە کامانەن کە لە ڕووناکی لەیزەردا هەیەو لەو ڕووناکییە ئاساییەدا نییە کە لە ماڵاندا بەکاردەهێنرێت.

18. تیشکی لەیزەر جێبەجێکردنێکی فراوانی هەیە، بۆ بەدەستهێنانی بەیەکداچوون لە جووت درزدا، ڕوونیبکەوە کە بۆچی بەکارهێنانی ڕووناکی لەیزەر بەباشتر دەزانیت لە ڕووناکی ئاسایی بۆ ڕوانگەکردنی بەیەکداچوون.

19. دوو نموونە بهێنەرەوە کە تیایدا سوود لە ئاراستە نەگۆڕەکەی لەیزەر وەربگیرێت، هەروەها دوو نموونەی تر بهێنەوە کە تیایدا سوود لە توندی زۆرەکەی لەیزەر وەربگیرێت.

پێداچوونەوەی گشتی

20. کاتێك هێڵە ڕووناکەکەی جیوە درێژی شەپۆلەکەی 546.1 nm بوو کەوتە سەر درزەکێکی لادان، برۆڵەی ڕووناکی پلە سێ لە گۆشە لادانی 81.0° دا پێورا، ئایا ژمارەی درزەکان لەهەر سانتیمەترێکی درزەکەدا چەندە؟

21. تاقیکردنەوەیەکی جووت درزی کرا بەبەکارهێنانی ڕەنگی شین لە گڵۆپی هایدرۆجیندا کە ($\lambda = 486$ nm)، برۆڵەی ڕووناکی پێنجەمی دەکەوێتە گۆشەی 0.578° لە برۆڵەی ناوەندەوە، ئایا دووری نێوان دوو درزەکە چەندە؟

22. گورزەیەکی ڕووناکی کە درێژە شەپۆلەکانی λ_1 و λ_2 دەکەوێتە سەر کۆمەڵێك لە درزە هاوڕێکەکان لە نموونەیەکی بەیەکداچووندا، برۆڵەی چوارەمی ڕووناك بۆ درێژە شەپۆلی λ_1 وە برۆڵەی پێنجەمی ڕووناك بۆ درێژە شەپۆلی λ_2 لە هەمان شوێندان ئەگەر $\lambda_1 = 540.0$ nm بێت ئایا نرخی λ_2 چەندە؟

23. درێژە شەپۆلی ڕووناکی دەرچوو لە گڵۆپێکی داگیرساوەوە، لە نێوان (400.0 nm و 700.0 nm) دایە، ئەگەر ئەو تیشکە ڕووناکییە بخرێتە سەر درزەکی لادان، ئەوا دەتوانین شەبەنگی برۆڵەی پلەیەك بە تەواوی ببینن، بەڵام هیچ لە شەبەنگی برۆڵەی پلە دووی نابینرێت، ئایا زۆرترین دووری نێوان درزەکانی درزەکە چەندە (نەگۆڕی درزەکە)؟

24. لە تاقیکردنەوەی بەیەکداچوونی جووت درزەکەدا ئەم نرخانەمان هەیە $\lambda = 643$ nm ، $\theta = 0.737^{\circ}$ ، $d = 0.150$ mm ئایا جیاوازی ڕێڕەو بە (ملیمەتر) وە بەدرێژی شەپۆلەکانی ڕووناکی دەرچوو لە دوو درزەکەوە بەپێی گۆشە دراوەکە چەندە؟ وە ئایا لەم خاڵەدا برۆڵەی ڕووناك یان برۆڵەی تاریك یان ناوچەیەکی تر لە ناوەڕاستی ئەو دووانەدا وەدەست دەهێنین؟

Ferkar

پڕۆژە و ڕاپۆرتەکان

1. سامپڵێك دروست بکە هاوشێوەی سامپڵی بەیەکداچوون بێ، کۆمپیوتەر بەکاربهێنە بۆ وێنەکێشانی چەند بازنەیەکی هاوچەق کە ماوەی یەکسان لێکیان جیابکاتەوە، بۆ نواندنی شەپۆلە بڵاوبووەکانی سەرچاوەیەکی دیاریکراو، وێنەیەکی فۆتۆگرافیانە بۆ ئەو لاپەڕەیە بگرە لەسەر دوو سلیڤان (شریتی ڕوونکە) وە لەسەر دەزگای ژوور ئاستی سەر «over head» دایان بنێ، پاشان ماوەی نێوان «دوو خاڵی سەرچاوەکە بگۆڕەو تێبینی کاریگەری ئەوە لەسەر «سامپڵی بەیەکداچوونەکە» بکە، ئێنجا سلیڤانەکان بگۆڕە بە هێڵی ئەستوورتر وە ماوەی دوورتری بۆ دابنێ بۆ دیاریکردنی کاریگەری درێژە شەپۆل لەسەر بەیەکداچوون.

2. لێکۆڵینەوەیەك بکە لەسەر کاریگەری دووری نێوان دوو درزەکەی سامپڵی بەیەکداچوون، بە پەرەیەکی ئەلەمنیۆم ڕووناکی دەرچوو بگرە، چەند کونێك لە پەرە ئەلەمنیۆمەکە بکە، یەکەمجار تێبینی سامپڵەکە بکە لەسەر شاشەکە لە دووری (20 cm) لە ئەنجامی یەك کوندا، پاشان تێبینی سامپڵەکە بکە کە دوو کونی تێدابێ، چۆن دووری نێوان دوو کونەکە کار دەکاتە سەر ماوەی نێوان برژۆڵە ڕووناکەکانی سامپڵەکە؟ ئەوەی کە بینیوتە بە وێنەی هێڵکاری دیاری بکە، بەراوردی بکە لەگەڵ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی جووت درزەکەدا، چۆن دەتوانیت پەرە بدەیت بە ئامێرەکەت؟

3. بڵقی سابوون ڕەنگە جیاوازەکانی ڕووناکی دەردەخات لە ئەنجامی بەیەکداچوونی ڕووناکی دراوە لە ڕووی دەرەوەی لەگەڵ ڕووناکی شکاوە بۆ ڕووی ناوەوەو پاشان دانەوەی ئەو ڕووناکییە لە ڕووی ناوەوە دەرچوونی بۆ دەرەوە. هاوکۆلکەی شکانەوە $n = 1.35$ وە ئەستووری بڵقەکە لە نێوان $600\ nm$ و $1000\ nm$ دابێت. ئایا لە تواناتدایە پێشبینی ڕەنگەکانی بڵقەکە بکەیت؟ لە وەڵامەکەت بکۆڵەرەوە بەهۆی وەدەستهێنانی چەند بڵقێکی سابوون، وە تێبینی ڕیزبەندی ڕەنگە دەرچووەکان، بکە، ئایا لە تواناتدایە بزانیت ئەستووری بڵقەکە چەندە لە ڕێگەی ڕەنگەکانیانەوە؟ ئەنجامەکانت ڕیزبەند بکە لە خشتەیەکدا یان بەرنامەیەکی کۆمپیوتەر بۆ پێشبینیکردنی ئەستووری بڵقە سابوونەکە لەسەر بنچینەی درێژە شەپۆلی ڕووناکی دراوە لێوەی.

4. تاقیکردنەوەکەی تۆماس یونگ ساڵی 1803 بەڵگەیەکی تەواوی لەسەر سروشتی شەپۆلی ڕووناکی پێشکەشکرد، بەڵام بەرەنگاری ڕەخنەیەکی توندبووەوە لە ئینگلترا، تاوەکو (ئۆگستین فرنیل) بیردۆزە شەپۆلیەکەی ڕووناکی پێشکەش بە ئەکادیمیای فەرەنسی بۆ زانستەکان کرد ساڵی 1819، دوو توێژینەوە سەبارەت بە ژیانی ئەو دوو زانایەو کارەکانیان بنووسە، یەکێکیان با لەسەر شێوەی ڕاپۆرت یان پۆستەر یان ڤیدیۆ یان کۆمپیوتەر بێت.

5. توێژینەوەیەك سەبارەت بە شەپۆلەکانی دەورووبەرمان پێشکەش بکە، کە تیایاندا باسی ئەو شەپۆلانەش بکە کە لە بواری جێبەجێکردنە بازرگانی و پیشەسازی و پزیشکەکاندا ڕۆڵ دەبینن، ڕوونیبکەرەوە کە چۆن تایبەتمەندییەکانی شەپۆلەکان هاوبەشی دەکەن لە گرنگی و بەجێهێنانەکاندا، بۆ نموونە دەستنیشانی ئەو شەپۆلانە بکە کە بەکاردەهێنرێن لە بواری بەجێهێنانی پزیشکیدا وەك وێنەگرتنی زرنگانەوەی موگناتیسی MRI ، تیشکە X وە سەرو دەنگییەکان (سۆنار)، وە درێژە شەپۆلەکانیان دیاری بکە. پاشان بوارەکانی بەکارهێنانی لەیزەر لە کارە پزیشکییەکان و پیشەسازییەکاندا باس بکە، خشتەیەك ئامادە بکە کە ئەو ئەنجامانەی تێدا بێ و پێشکەشی برادەرەکانتی بکە لە پۆلدا.

www.ferkar.krd
0751 960 70 80



هەڵسەنگاندنی بەشی 7

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

.1 دەستەواژەی d لە هاوکێشەی بەیەکداچوون چی دەنوێنێ؟
أ. دووری نێوان خاڵی ناوەڕاستی دوو درزەکەو شاشەکە.
ب. دووری نێوان دوو درزەکە کە شەپۆلەکانی ڕووناکی پیادا تێپەڕ دەبێت.
ج. دووری نێوان دوو برژۆڵەی بەیەکداچوونی ڕووناک.
د. دووری نێوان دوو برژۆڵەی بەیەکداچوونی تاریک.

.2 بۆ وەدەستهێنانی بەیەکداچوونی لەناوبەری تەواو بۆ دوو شەپۆل کە هەمان فراوانی و درێژە شەپۆلیان هەیە، کام لەمانە پێویستە بێتەدی.
أ. پێویستە دوو شەپۆلەکە هەردەم لەهەمان ڕەوگەدابن.
ب. پێویستە جیاوازی ڕەوگە لە نێوانیاندا هەردەم 90° بێت.
ج. پێویستە جیاوازی ڕەوگە لە نێوانیاندا هەردەم 180° بێت.
د. پێویستە جیاوازی ڕەوگە لەنێوانیاندا هەردەم 270° بێت.

.3 کام لەم هاوکێشانەی خوارەوە مەرجی داواکراو دەنوێنێ بۆ بینینی برژۆڵەی تاریکی سێیەم لە سامپڵی بەیەکداچووندا.
أ. $d\sin\theta = \lambda/2$ ب. $d\sin\theta = 3\lambda/2$
ج. $d\sin\theta = 5\lambda/2$ د. $d\sin\theta = 3\lambda$

.4 بۆچی هەستکردن بەلادانی دەنگ ئاسانترە لە هەستکردن بە لادانی ڕووناکی بینراو.
أ. چاودێریکردنی شەپۆلەکانی دەنگ ئاسانترە لە شەپۆلەکانی ڕووناکی بینراو.
ب. درێژی شەپۆلی شەپۆلەکانی دەنگ درێژترە لە درێژی شەپۆلی شەپۆلەکانی ڕووناکی بینراو، بۆیە بەدەوری بەربەستەکاندا پێچدەکەنەوە.
ج. شەپۆلەکانی دەنگ شەپۆلی درێژەون، بۆیە لادانیان لە شەپۆلە پانرەوەکان زیاترە.
د. فراوانی شەپۆلی دەنگ گەورەترە لە فراوانی شەپۆلی ڕووناکی.

.5 شەپۆلە تاک ڕەنگەکانی خوار سوور، درێژی شەپۆلەکەی 750 nm بەدوو درزی تەسکدا تێپەڕدەبێت، ئەگەر دووری نێوان دوو درزەکەی $25\ \mu m$ بێت، ئەوا بڕی گۆشەی برژۆڵەی چوارەمی ڕووناك لەسەر شاشەکە چەندە؟
أ. 4.3^{o} ب. 6.0^{o}
ج. 6.9^{o} د. 7.8^{o}

.6 ڕووناکییەکی تاك ڕەنگ درێژی شەپۆلەکەی 640 nm، بە درزەکێکی لادانا تێپەڕ دەبێت کە 5.0×10^{4} هێڵ/m ی تێدایە، برژۆڵەیەکی ڕووناك لەسەر شاشەکە لە گۆشەی 11.1^{o} لەگەڵ برژۆڵەی ناوەندی ڕووناك دەردەکەوێت، پلەی ئەم برژۆڵەیە چەندە؟
أ. $m = 2$ ب. $m = 4$
ج. $m = 6$ د. $m = 8$

.7 کام تایبەتمەندی لەیزەر دەبێتە هۆی دەرچوونی ڕووناکی هاوبار؟
أ. توندی جیا. ب. گەورەکردنی ڕووناکی.
ج. تاك ڕەنگی. د. بزوێنە دەرچوون.

.8 کام لەمانەی خوارەوە بەشێکی گرنگ نین لە دەزگای لەیزەر؟
أ. ئاوێنەی نیمچە ڕوون. ب. ئاوێنەی ڕووناکی دەرەوەی تەواو.
ج. هاوێنکۆ. د. ناوەندی چالاك.

ئەو پرسیارانەی وەڵامی کورتیان هەیە

.9 بۆچی بەکارهێنانی لەیزەر بۆ پێوانە گەردوونییەکان بەباشتر دەزانرێت.

.10 درزەکێکی لادان لە شەبەنگ بیندا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی برژۆڵەی ڕووناکی سێیەم بەگۆشەی 6.33^{o} لەگەڵ برژۆڵەی ناوەندا ($m = 0$)، بەبەکارهێنانی ڕووناکی شین کە درێژی شەپۆلەکەی 490 nm، ژمارەی هێڵەکانی درزەکەکە لە 1 cm چەندە؟

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژیان هەیە

وەڵامی پرسیارەکانی **13-11** بدەرەوە، بەپێی ئەم زانیارییەی خوارەوە: ئامێرێکی بەیەکداچوونی دوو درزی دروستکرا، کە دووری نێوان دوو درزەکە $15.0\ \mu m$ برژۆڵەی یەکەمی بەیەکداچوونی دروستکەر لە گۆشەی 2.25^{o} لەگەڵ برژۆڵەی ناوەندی ($m=0$) دەردەکەوێت.

.11 درێژی شەپۆلی ڕووناکی بەکارهاتوو چەندە؟

.12 لەکام گۆشەدا برژۆڵەی ڕوناکی سێیەم ($m = 3$) دەردەکەوێت؟

.13 لەکام گۆشەدا برژۆڵەی تاریکی سێیەم ($m = 2$) دەردەکەوێت؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بەشی 8

فیزیای گەردیلەیی
Atomic Physics



ئەو ڕووناکیانەی لە وێنەکەدا دەردەکەون بە ڕەنگەکان ڕازاونەتەوەو، لەوانەیە بۆ چەند کیلۆمەتر درێژببنەوەو بەشێوەی کەوانە یان شریت یان چەند گورزە ڕەنگێکی لەراوە دەردەکەون،بریسکە دەدات و نامێنێت،هۆی ئەم دیاردەیەش بلیۆنەها بازدانی گەردیلەییە.

ئەوەی پێشبینی بەدیهاتنی دەکرێت

لەم بەشەدا فێری بەبڕبوونی وزەو گرنگییەکەی دەبیت لە وەسفکردنی تیشکدان لە تەنی ڕەشدا.

گرنگییەکەی چییە

ئەو ناکۆکی و دژایەتییەی کە بە شکستی سەرو وەنەوشەی ناودەبرێت هەڵەی پێشبینیکردنی فیزیای کلاسیکی دەردەخات سەبارەت بە وزەی گشتی بێکۆتایی تیشکدان لە تەنی ڕەشدا.

ناوەڕۆکی بەشی 8

1 بەبڕبوونی وزە
- تیشکدانی تەنی ڕەش.
- دیاردەی کارۆڕووناکی.

2 سامپڵەکانی گەردیلە
- سامپڵەیەکەمەکانی گەردیلە.
- شەبەنگە گەردیلەییەکان.
- نموونەی بۆر بۆ گەردیلەی هایدرۆجین.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەندی 1-8

بەبڕبوونی وزە
Quantization of Energy

1-8 ئامانجەکانی بەندەکە

- دەریدەخات کە چۆن پلانك توانی شکستی سەرو وەنەوشەیی لە تیشکدانی تەنی ڕەشدا شیکار بکات.
- وزەی بڕەکانی فۆتۆن هەژمار دەکات بەبەکارهێنانی هاوکێشەی پلانك.
- ئەو پرسیارانە شیکار دەکات کە پەیوەندییان بە گەورەترین جووڵە وزەو پابەندە ئیش و لەرەلەری مۆلەقەوە هەیە لە دیاردەی کارۆڕووناکیدا.

تیشکدانی تەنی ڕەش

لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەهەم، زاناکان باوەڕیان وابوو کە فیزیای کلاسیکی نزیکی تەواوبوونە، یەکێك لەو چەند پرسیارە کەمەی کە ماوەتەوەو پێویستە شیکار بکرێت پەیوەستە بە تیشکدانی کارۆموگناتیسی و داینەمیکی گەرمییەوە. لەبەرئەوە گرنگیدانی زاناکان بە تەواوی کەوتە سەر درەوشانەوەی تەنەکان کاتێك دەگەنە پلەیەکی گەرمی بەرز.

لە هەموو تەنەکانەوە تیشکی کارۆموگناتیسی دەردەچێت، ئەم تیشکدانەش کە لەسەر پلەی گەرمی و سیفەتەکانی تری تەنەکە بەندە بەڕاستی لە دابەشبوونێکی لێکنەپچڕاوی درێژیی بەشەپۆلەکان پێکدێت، کە لەخوار سوورەوە دەستپێدەکات و بە ڕووناکی بینراودا تێپەڕ دەبێت و بە ناوچەکانی سەرو وەنەوشەیی شەبەنگ کۆتایی دێت. لە پلە گەرمییە نزمەکاندا درێژی شەپۆلەکانی تیشکدان دەکەونە ناوچەی خوار سوورەوە، ئەمەش وادەکات کە چاوی مرۆڤ نەتوانێت بیبینێت، لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی تەنەکەدا درێژی شەپۆلە دەرچووەکان بە ئاڕاستەی ناوچەی بینراوی شەبەنگی کارۆموگناتیسی لادەدات بۆ نموونە کانزای شلبووەوە، لە **وێنەی 1-8**دا درەوشانەوەیەکی زەرد نیشان دەدات وە لە پلەیەکی گەرمی بەرزتردا درەوشانەوەی تەنەکە بە سپی دەردەکەوێت، وەك ئەوەی لە دەزوولەی تەنگستنی گڵۆپی ڕووناکیدا دەردەچێت ئینجا تەنەکە بە ڕەنگی شین دەدرەوشێتەوە.

وێنەی 1-8
ئەم کانزا شلبووە بە ڕەنگی زەردێکی گەش دەدرەوشێتەوە، چونکە لە پلەیەکی گەرمی بەرزدایە.

فیزیای کلاسیکی و تیشکدانی تەنی ڕەش

یەکێك لەو گیروگرفتانەی کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا سەری هەڵدا دابەشبوونی درێژی شەپۆلە دەرچووەکان بوو لە تەنە ڕەشەکانەوە، زۆربەی تەنەکان هەندێك لەو تیشکانە هەڵدەمژن کە دەکەونە سەریان ئەوەی دەمێنێتەوە دەیدەنەوە.

ئەو سیستەمە نموونەییەی هەموو ئەو تیشکانە هەڵدەمژێت کە دەکەوێتە سەری پێی دەگوترێت تەنی ڕەش، **فیزیاییەکان لە تیشکدانی تەنی ڕەش** blackbody radiation دەکۆڵنەوە لە ڕێگەی تەنێکی ناو بۆشەوە وەك لە **وێنەی 2-8** دا دیارە ئەم سیستەمە کەتیشکەکان قەتیس دەکات بە سامپڵێکی باش دادەنرێت بۆ چۆنیەتی ئیشکردنی تەنی ڕەش، ئەو ڕووناکیەی لە ڕێگەی کونەکەوە دێتە ژوورەوە لە باری هاوسەنگیدا دەبێت لەگەڵ ئەو ڕووناکییەی کە لە کونەکەوە تێپەڕ دەبێت و چەند جارێك لەلایەن کلۆری تەنەکەوە هەڵدەمژرێت.

تیشکدانی تەنی ڕەش

ئەو تیشکدانەیە کە لە تەنێکی ڕەشەوە دەردەچێت، و بەشێوەیەکی نموونەیی تیشکدەدرێن و دەمژرێن، تیشکدانەکەش بە تەنها بەندە لەسەر پلەی گەرمییەکەی.



وێنەی 2-8
ڕووناکی دەچێتە ناو ئەم تەنە کلۆرەوە لە ڕێگەی کونێکی بچووکەوە، بەر دیواری ناوەوەی دەکەوێت و دیوارەکە بەشێکی وزە کە هەڵدەمژێت وە بەشەکەی تری بەگۆشەیەکی هەڕەمەکی دەداتەوە پاش چەند دانەوەیەك دیواری ناوەوەی تەنەکە هەموو وزە کەوتووەکە بە تەواوی هەڵدەمژێت جگە لە بەشێکی زۆر کەمی نەبێت کە لە ڕێگەی کونەکەوە دزە دەکات بۆ دەرەوە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



(أ)



(ب)

وێنەی 3-8 (أ) داتا تاقیگەییەکانی ئەو تیشکانە نیشان دەدات کە تەنێکی ڕەش دەریدەکات لە سێ پلەی گەرمی جیاوازدا. تێبینی دەکرێت کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بڕی وزەی گشتی دەرچوو لە تەنەکەوە (ڕووبەری ژێر چەماوەکە) زیاد دەکات، هەروەها لوتکەی دابەشبوونەکەش بەلای درێژە شەپۆلە کورتەکاندا لادەدات.

زاناکان نەیانتوانی ئەم ئەنجامە تاقیگەییانە بەهۆی فیزیا کلاسیکەکەوە لێکبدەنەوە.

وێنەی 3-8 (ب) هێڵکاری ڕوونکردنەوەیی تاقیگەیی تیشکدانی تەنی ڕەش (خاڵە سورەکان) بەراورد دەکات لەگەڵ وێنەی بیردۆزییی ئەو شێوەی کە پێویستە چەماوەکە هەبێت بەپێی بیردۆزە کلاسیکەکان (چەماوە شینەکە) بیردۆزە کلاسیکەکە وا پێشبینی دەکەن کەوا بە کەمبوونەوەی درێژی شەپۆل (زیاد بوونی لەرەلەر) توندی تیشکدان زیاد دەکات وە کاتێك درێژی شەپۆلەکان نزیك سفر دەبنەوە توندی تیشکدان بێ شومار زیاد دەکات دەبێتە بێ کۆتا ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ داتا تاقیگەییە کردارییەکان، چونکە بەپێی ئەم داتایانە توندی تیشکدان بە کەمبوونەوەی درێژی شەپۆل زیاد دەکات تا دەگاتە ڕادەیەك، ئەگەر بێت و دوای ئەوە کەمبوونەوەی درێژی شەپۆل بەردەوام بێت ئەوا توندی تیشکدانەکە کەم دەکات و لە درێژە شەپۆڵە زۆر کورتەکاندا (لەرەلەری تیشکی سەرو وەنەوشەیی) لە سفر نزیك دەبێتەوە. ئەوەش بە شکستی «گرفتی» سەرو وەنەوشەیی ناساراوە ultraviolet catastrophe.

وێنەی 3-8

(أ) وێنەکە توندی تیشکدانی تەنی ڕەش دەردەخات لە سێ پلەی گەرمی جیاوازدا.

(ب) پێشبینییەکانی بیردۆزە کلاسیکەکە بۆ تیشکدانی تەنی ڕەش (چەماوە شینەکە) لەگەڵ داتا تاقیگەییەکان، (خاڵە ڕوونکردنەوەییە سورەکان) بۆ هەموو درێژی شەپۆلەکان یەك ناگرێتەوە، لە کاتێکدا بیردۆزی پلانك (چەماوە سورەکە) یەك دەگرێتەوە.

شکستی سەرو وەنەوشەیی

پێشبینی هەڵەی فیزیایی کلاسیکییە کەوا دادەنێت تەنی ڕەش لە درێژییە شەپۆلە زۆر کورتەکان کە نزیکن لە سفر وزەیەکی بێ شومار تیشك دەدات.

داتا تاقیگەییەکانی تیشکدانی تەنی ڕەش وبەبڕبوونی وزە

لە ساڵی 1900 دا ماکس پلانك (1858-1947) هاوکێشەی تیشکدانی تەنی ڕەشی پەرەپێدا، بە تەواوی لەگەڵ داتا تاقیگەییەکان بۆ هەموو درێژی شەپۆلەکان یەکدەگرێتەوە. بیردۆزە بنەڕەتییەکەی پلانك تا ڕادەیەك بەداماڵراو (مجردة) دادەنرێت، چونکە مشتومڕێکی تێدایە کە بە ئەنترۆپی و داینەمیکی گەرمی پشتدەبەستێت، ئەم مشتومڕە بەشێوازێکی ئاسان لە کتێبەکەدا هاتووە بەجۆرێك کە کرۆکی کاری بنەڕەتی پلانك دەردەخات و گەورەیی ئەو خورپەیەش دەردەخات کە پەیدایکرد.

پلانك وای بۆ دەچوو کە تیشکدانی تەنی ڕەش لە چەند لەرینەوەیەکی کارەبایی ئێجگار بچووکەوە پەیدا دەبێت کە پێیان دەوترێت زرنگێنە Resonators. وای دانا کە دیوارەکانی کلۆرە تیشکدەرەکە لە بلیۆنەها زرنگێنە پێکدێت، هەموویان بە لەرەلەری جیاواز دەلەرنەوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی زاناکان وایاندانابوو، بەشێوەیەکی سروشتی وزەی ئەم زرنگێنانە لێکنەپچڕاوە، بۆچوونی پلانك بەتەواوی پێچەوانەی ئەمە بوو کە ئەم زرنگێنانە دەتوانن چەند بڕە وزەیەکی دیاریکراو و جیاکراوە هەڵمژن و بیدەنەوە.

لەسەرەتادا کاتێك کە پلانك ئەم بیرۆکەی دۆزییەوە، وردەکارییەکی بیرکاری بەکاردەهێنا، کەوا دادەنێت بڕە زانراوەکان لێکنەپچڕاون وە بەشێوەیەکی کاتی دیاریکراو و جیاکراوەن. کاتێك لە هەژمارکردنەکان تەواو بوو، وا دانرا کە ئەم یەکە جیاکراوانە ئێجگار بچووکن، پلانك گەیشتە ئەوەی کە ئەم هەژمارکردنانە سوودمەند دەبێت ئەگەر بێت و ئەم هەنگاوە لابرێت. وە لە هەموو هەژمارکردنەکانیدا وای دانا کە وزە بەشێوەی یەکەی جیاکراوە دێت. بەم ڕێگایە، پلانك بینی کە وزەی گشتی (E_n) بۆ

زرنگێنەیەك لەرەلەرەكەی f بێت یەكسانە بە ژمارەی تەواوی hf واتە:

$$E_n = nhf$$

كاتێك n ژمارەیەكی تەواوی پۆزەتیڤەو پێی دەگوترێت بڕە ژمارە، وە كۆڵكەی h نەگۆڕی پلانكە كە یەكسانە بە $6.626\ 0693 \times 10^{-34}$ J•s. بۆ ئاسانكاری لە هەژماركردندا نرخە نزیككراوەكەی بەكاردەهێنین كە دەكاتە $h = 6.63 \times 10^{-34}$ J•s.

لەبەرئەوەی وزەی هەر زرنگێنەیەك لەم كتێبەدا بە چەند یەكەیەكی جیاكراوە دەردەبڕین، بۆیە دەگوترێت زرنگێنە بڕكراوە (بڕێكی دیاریكراوی وزە)، وە بارەكانی وزەی ڕێ پێدراو پێی دەگوترێت بارەكانی بڕ. یان ئاستەكانی وزە بەپێی ئەو گریمانەی كەوا دادەنێت وزە بەبڕكراوە، پلانك توانی ئەو چەماوە سوورە دابڕێژێت كە لە **وێنەی 8-3** (ب)دا دیارە.

بەپێی بیردۆزی پلانك زرنگێنەكان بەشێوەی چەند جارەی جیاكراوە لە hf . وزە هەڵدەمژن وزە دەردەكەن. ئانیشتاین لەم دواییانەدا توانی چەمكی وزەی بەبڕكراو لەسەر ڕووناكی جێبەجێ بكات، یەكەكانی وزەی ڕووناكی، كە پێیان دەگوترێت بڕەكان (ئێستا پێیان دەگوترێت فۆتۆنەكان) لە ئەنجامی بازدانی ئەلیكترۆنەكان لە بارێكی بە بڕەوە بۆ بارێكی تری بڕ هەڵدەمژرێن و دەدرێنەوە. ئەم هاوكێشەی خوارەوە ئەوە دەردەخات كاتێك كە بڕە ژمارەكە n بەیەك یەكە دەگۆڕێت ئەوا بڕی وزەی دەرچوو بەبڕی hf دەگۆڕێت، لەبەرئەوە وزەی بڕی ڕووناكی كە دەكاتە جیاوازی نێوان وزەی دوو ئاستی تەنیشت یەك بەم هاوكێشەیە بەدەست دێت.

وزەی بڕی ڕووناكی (فۆتۆن)

كاتێك $(n = 1)$

$$E = hf = \frac{hc}{\lambda}$$

وزەی فۆتۆن=نەگۆڕی پلانك× لەرەلەر= $\dfrac{\text{نەگۆڕی پلانك×خێرایی ڕووناكی لە بۆشاییدا}}{\text{درێژی شەپۆل}}$

زرنگێنە تەنها كاتێك بارەكانی بڕ دەگۆڕێت كە وزە تیشك دەدات یان هەڵدەمژێت، وە بیرۆكەی ئەوەی كە وزە چەند یەكەیەكی جیاكراوەیە لە دایكبوونی بیردۆزێكی نوێی هێنایەكایەوە كە پێی دەگوترێت میكانیكی بڕ.

كاتێك نەگۆڕی پلانك بەیەكەی J•s دەردەبڕێت وزە لە هاوكێشەی $E = hf$ بەیەكەی J دەردەبڕێت. بەڵام لەكاتی مامەڵەكردن لەگەڵ بەشەكانی گەردیلەدا وا بەباشتر دادەنرێت كە وزە بەیەكەی ئەلیكترۆن ڤۆڵت (eV) دەربڕدرێت. وە پێناسە دەكرێت بەو وزەیەی كە ئەلیكترۆن یان پرۆتۆن پەیدای دەكات، كاتێك لە ڕێگەی جیاوازی ئەركێكەوە تاوبرێت، بڕەكەی 1 V بێت. بەپێی ئەوەی كە 1 V = 1 J/C ئەوا پەیوەندی نێوان ئەلیكترۆن ڤۆڵت (eV و جول (J) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

$$1\ \text{eV} = 1.60 \times 10^{-19}\ \text{C•V} = 1.60 \times 10^{-19}\ \text{C•J/C} = 1.60 \times 10^{-19}\ \text{J}$$

بیرۆكەی پلانك لە بارەی بەبڕبوونی وزەوە ڕیشەیی بوو، بە ڕادەیەك هانی زۆربەی زاناكانیدا لەوانەش پلانك وای دابنێن كە لە ڕاستییەوە دوورە. لەبەرئەمە پلانك ئەم گریمانەی بە ڕێگەیەكی بیركاری دانا كە بۆ هەژماركردن بشێت نەك بۆ لێكدانەوەی فیزیایی، لەبەرئەوە پلانك و زاناكانی تر بەردەوام بوون لە گەڕان بەدوای لێكدانەوەیەكی جیاواز بۆ تیشكدانی تەنی ڕەش كە لەگەڵ فیزیای كلاسیكدا بگونجێت.

نموونە 8 (أ)

وزەی بڕ (فۆتۆن)

پرسیارەکە

لە لوتکەی شەبەنگی تیشکدانی خۆردا، هەر فۆتۆنێك نزیکەی **2.7 eV** وزە هەڵدەگرێت. لەرەلەری ئەم ڕوناکییە چەند؟

شیکار

1.دەزانم

دراو: $E = 2.7\ \text{eV}$ $h = 6.63 \times 10^{-34}\ \text{J•s}$

نەزانراو: $f = ?$

2.پلانداەنێم

هاوکێشەی وزەی بڕی ڕوناکی بەکاردەهێنم و لەرەلەر جیادەکەمەوە

$$E = hf \quad \text{یان} \quad f = \frac{E}{h}$$

3.هەژماردەکەم

$$f = \frac{E}{h} = \frac{(2.7\ \text{eV})(1.60 \times 10^{-19}\ \text{J/eV})}{6.63 \times 10^{-34}\ \text{J•s}}$$

$$\boxed{f = 6.5 \times 10^{14}\ \text{Hz}}$$

تێبینی

ئاگاداری ئەوەبە کە دەبێت هەمیشە کورتکردنەوەی یەکەکان ڕاست بێت، لەم پرسیارەدا پێویستیت بەوە دەبێت کە وزە لە eV بگۆڕی بۆ J لەبەرئەوە هۆیە لە 2.7 eV کۆلکەی گۆڕین 1.60×10^{-19} J/eV دراوە.

ڕاهێنانی 8 (أ)

وزەی بڕ (فۆتۆن)

.1 وادابنێ پەندۆلی کاتژمێرێکی دیوار یەکێك لە زرنگێنەکانی پلانك دەنوێنێت. لەرەلەرەکەی چەندە ئەگەر لەکاتی گواستنەوەیدا یەك گۆڕانی بڕ ڕووبدات کە وزەکەی 8.1×10^{-15} eV بێت؟ (سەرنج بدە کە گۆڕانێکی بچووکی وەك ئەمە لە وزەدا پێوانەکردنی گران دەبێت، لەبەرئەوە ناتوانین تێبینی کاریگەرییەکانی بڕ بکەین لە جیهانێکی بەر فراواندا).

.2 سیستمێکی (سپرینگ– بارستایی) بە لەرەلەری 0.56 Hz دەلەرێتەوە. چەند لە وزەی ئەم لەرینەوەیە دەگوازرێتەوە لە یەك گۆڕانی بڕیدا.

.3 لە تاقیکردنەوەیەکی تاقیگەییدا، وزەی فۆتۆنێك دەگاتە 5.0 eV لەرەلەری فۆتۆنەکە چەندە؟

.4 تیشکدانی دەرچوو لە پێستی مرۆڤەوە دەگاتە لوتکەی لە $\lambda = 940\mu\text{m}$ دا.

أ. لەرەلەری ئەم تیشکدانە چەندە؟

ب. جۆری ئەو شەپۆلە کارۆموگناتیسیانە چییە؟

ج. ئەو وزەیەی کە فۆتۆنێك لەم تیشکدانەدا هەڵیدەگرێت چەندە بەیەکەی eV ؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

دیاردەی کارۆڕووناکی Photoelectric Effect

لە بەشی (کارۆموگنەکاری)دا خوێندت کە چۆن جێمس ماکسوێل لە ساڵی 1873 ئەوەی دۆزییەوە کە ڕووناکی شێوەیەکە لە شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان. ئەو تاقیکردنەوانەی هاینرتش هێرتز Heinrich Hertz ئەنجامیدا پشگیرییەکی تاقیگەیی بوون بۆ بیردۆزەکانی ماکسوێل. بەڵام نەتوانرا ئەنجامەکانی هەندێك لە تاقیکردنەوەکانی دوایی هێرتز بەهۆی ڕەفتاری شەپۆلی بۆ سروشتی ڕووناکی لێکبدرێتەوە، یەکێك لەو تاقیکردنەوانەش دیاردەی **کارۆڕووناکی** بوو photoelectric effect. کاتێك ڕووناکی بەر ڕوویەکی کانزایی دەکەوێت، لەوانەیە لە ڕووەکەوە ئەلیکترۆن دەربچێت، وەك لە وێنەی **8-4**دا دەردەکەوێت. زاناکان بەم دیاردەیە دەڵێن دیاردەی کارۆڕووناکی، بە ئەلیکترۆنە دەرچووەکانیش دەگوترێت ئەلیکترۆنەکانی ڕووناکی. ئەو ڕوانەی سیفەتی کاریگەری کارۆڕووناکییان هەیە، وا وەسف دەکرێن کە هەستیارن بۆ ڕووناکی.



وێنەی 8-4

گوززەیەکی ڕووناکی دەکەوێتە سەر کانزایەك لەوانەیە چەندها ئەلیکترۆن لە کانزاکەوە دەرپەڕێنێت ئەم کارلێکەی کە پەیوەستە بە ڕووناکی و ئەلیکترۆنەکان پێکەوە، پێی دەگوترێت دیاردەی کارۆ ڕووناکی.

فیزیای کلاسیك و دیاردەی کارۆ ڕووناکی

ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت شەپۆلەکانی ڕووناکی دەتوانن ئەلیکترۆن لە ڕوویەکی کانزایی بکەنەوە، دژی بنەماکانی فیزیایی کلاسیك نییە. شەپۆلەکانی ڕووناکی وزەیەکیان هەیە ئەگەر ئەو وزەیە بەشی ئەوەی کرد ئەوا ئەلیکترۆنەکە دەتوانێت جیابێتەوە بە وزەیەك بەشی ئەوەی دەکات کە ئازاد بێت و لە ڕووی کانزاکە دەربچێت، ئا لەم ئاستەدا ناتوانرێت ئەوەی ماوەتەوە لە وردەکارییەکانی دیاردەی کارۆڕووناکی لێکبدرێتەوە بە پشتبەستن بە بیردۆزە کلاسیکییەکان.

دوای ئەوە بەراوردی ئەم پێشبینیانە دەکەین لەگەڵ ئەنجام و تێبینییە تاقیگەییەکان، لە ڕابردوودا ئەوەت خوێند کە تووندی شەپۆل بە زیادبوونی وزەکەی زیاد دەکات، کەواتە بەپێی فیزیای کلاسیکی دەبێت شەپۆلی ڕووناکی لەرەلەرەکەی هەر چەندێك بێت ئەو وزەیەی هەبێت کە بەشی لێکردنەوەی ئەلیکترۆن لە کانزاکە بکات بەمەرجێك توندی ڕووناکییەکە بەپێی پێویست بەرز بێت.

سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت لەژێر تووندی ڕووناکییەکی نزیمیشدا ئەلیکترۆنەکان لێبکرێنەوە ئەگەر ڕووناکییەکە بۆ کاتێکی گونجاو تیشك بدرێتە سەر کانزاکە. (لەوانەیە ئەلیکترۆنەکان هەندێك کات بخایەنن بۆ مژینی ئەو وزەیەی دەکەوێتە سەریان تا ئەو جووڵە وزەیە پەیدا دەکەن کە بەشی دەرچوونیان بکات لە ڕووی کانزاکەوە)، لەگەڵ ئەوەشدا زیادبوونی تووندی شەپۆلی ڕووناکی پێویستە جووڵە وزەی ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان زیاد بکات، لەم کاتەدا پێویستە توندی ڕووناکی بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی گەورەترین جووڵە وزەی هەر ئەلیکترۆنێك. ئەو پێشبینییە کلاسیکانە لە ستوونی دووەمی خشتەی **8-1** دا کورتکراوەتەوە.

دیاردەی کارۆڕووناکی

دەرچوونی ئەلیکترۆنەکانە لە ڕووی مادەیەك کاتێك ڕوودەدات ڕووناکییەك بەلەرەلەرێکی دیاریکراو دەکەوێتە سەر ڕووی ماددەکە.

خشتەی 8-1 کاریگەری کارۆڕووناکی

	پێشبینییە کلاسیکییەکان	بەڵگەی تاقیگەیی
ڕزگاربوونی ئەلیکترۆن بەندە لەسەر..	توندی ڕووناکی	لەرەلەری ڕووناکی
جووڵە وزەی ئەلیکترۆنە دەرچووەکان بەندە لەسەر..	توندی ڕووناکی	لەرەلەری ڕووناکی
لە توندییە ڕووناکییە نزمەکاندا ڕزگاربوونی ئەلیکترۆن.	کاتێك دەخایەنێت	لە زۆربەی کاتەکاندا بەشێوەیەکی ساتی ڕوودەدات لە لەرەلەرێکی دیاریکراودا.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

زاناکان بۆیان دەرکەوت کەهیچ یەکێك لەم پێشبینیە کلاسیکیانە لەتاقیگەدا جێبەجێ نابێت. ئەلیکترۆنەکان ڕزگاریان نابێت ئەگەر لەرەلەری ڕووناکی کەوتوو کەمتر بێت لە لەرەلەرێکی دیاریکراو هەتا ئەگەر توندی ڕووناکیەکەش بەرز بێت. ئەو لەرەلەرەش پێی دەگوترێت لەرەلەری مۆلەقەکە (f_o) کە لە کانزایەکەوە بۆ کانزایەکی تر جیاوازە.

ئەگەر لەرەلەری ڕووناکییەکە لە لەرەلەری مۆلەقە زیاتر بێت دیاردەی کارۆڕووناکی ڕوودەدات و ژمارەیەك ئەلیکترۆنی ڕووناکی دەردەچێت، ژمارەی ئەلیکترۆنە دەرچووەکانیش ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ توندی ڕووناکییەکەدا، بەڵام گەورەترین جووڵە وزەی ئەلیکترۆنەکان پشت نابەستێت بە توندی ڕووناکییەوە، بەڵکو زیاد دەکات بە زیادبوونی لەرەلەری ڕووناکییەکە لەناوچەی لەرەلەرە کاریگەرەکاندا. وە دەرچوونی ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان لەڕووەکەوە زۆربەی کات ساتی (دەستبەجێ) دەبێت تەنانەت لە تونديیە ڕووناکییە نزمەکانیشدا سەیری خشتەی **1-8** بکە.

ئانیشتاین وبەبرکردنی هەموو شەپۆلە کارۆ موگناتیسییەکان

ئەلبەرت ئانیشتاین توانی ئەم گیروگرفتە (تەنگژەیە) چارەسەر بکات لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکەوە لەسەر دیاردەی کارۆ ڕووناکی کە ساڵی 1905دا نووسیویەتی، کاتێك چەمکی بەبڕبوونی ماکس پلانکی فراوانتر کرد بۆ ئەوەی هەموو شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان بگرێتەوە. لەسەر ئەوە ساڵی 1921 دا خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێنا. ئانیشتاین وای دانا کە دەکرێ شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان وا دابنێن کە لە لێشاوێك تەنۆلکە دەچێت کە ئێستا پێیان دەگوترێت فۆتۆنەکان photons وە هەر فۆتۆنێکیش بڕێك وزەی (E) هەیە کە هاوکێشەکەی پلانك ($E = hf$) گوزارشتی لێکردووە، لەم بیردۆزەدا هەر فۆتۆنێك وەك یەکەیەك لەلایەن ئەلیکترۆنێکەوە هەڵدەمژرێت، وەکاتێك وزەی فۆتۆنێك بۆ ئەلیکترۆنێك دەگوازرێتەوە لە کانزایەکدا ئەلیکترۆنەکە ئەو وزەیە پەیدا دەکات کە یەکسانە بە hf.

لەرەلەری مۆلەقە و پابەندە ئیش

بۆ ئەوەی ئەلیکترۆنێك لە کانزایەك جیابێتەوە، دەبێت بەسەر ئەو هێزەدا زاڵ بێت کە بە کانزاکەوە دەیبەستێتەوە، بۆ ئەم جیابوونەوەش لە ڕووی کانزاکەوە دەبێت ئەلیکترۆنەکان کەمترین بڕی وزەیان هەبێت کە پێی دەگوترێت پابەندە ئیشی کانزاکە work function، پابەندە ئیش یەکسانە بە hf_o کاتێك f_o لەرەلەری مۆلەقەی کانزاکەیە. ئەو فۆتۆنانەی کە وزەیەکی گەورەتریان هەیە لە hf_o دەتوانن ئەلیکترۆن لەسەر ڕووی کانزاکەو لەناو کانزاکەوە دەرپەڕێنن، بەپێی ئەوەی کە وزە دەبێت پارێزراو بێت ئەوا گەورەترین جووڵە وزەی (ئەو ئەلیکترۆنانەی کە لە ڕووی کانزاکە دەردەچن) یەکسانە بەجیاوازی نێوان وزەی فۆتۆنەکەو پابەندە ئیشی کانزاکە. بیرکارییانە ئەم پەیوەندییە بەم هاوکێشەی خوارەوە دەردەبڕێت.

گەورەترین جووڵە وزەی ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان

$$KE_m = hf - hf_o$$

گەورەترین جووڵە وزە = نەگۆڕی پلانك × لەرەلەری فۆتۆنی کەوتوو– پابەندە ئیش

بەپێی ئەم هاوکێشەیە پێویستە پەیوەندییەکی هێڵی هەبێت لە نێوان f و KE_m چونکە h بڕێکی نەگۆڕە، پابەندە ئیش hf_o بۆ هەر کانزایەك نەگۆڕە، تاقیکردنەوەکان ڕاستی ئەم پەیوەندییەیان سەلماندووە وەك لە **وێنەی 5-8** دەردەکەوێت وە هەژمارکردنی لاری چەماوەکەش ($\Delta KE/\Delta f$) نرخی h دەدات کەبەتەواوی یەکسانە بەنرخی نەگۆڕی پلانك.

فۆتۆن

کەمترین بڕی وزەی کارۆموگناتیسی سەربەخۆیە لە گەردووندا وە بارستاییەکەی سفرە.

پابەندە ئیش

کەمترین وزەی پێویستە بۆ جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنێك لە ڕووی کانزاکە.

لەرەلەری مۆلەق (f_o)

کەمترین لەرەلەرە کە دیاردەی کارۆ ڕووناکی لە کانزایەکدا ڕوودەدات.



وێنەی 5-8

وێنەکە پەیوەندی هێڵی نێوان گەورەترین جووڵە وزەی ئەلیکترۆنە ڕووناکییە دەرچووەکان و لەرەلەری ڕووناکی کەوتوو دیاری دەکات خاڵی یەکتربڕینی چەماوەکە لەگەڵ تەوەرەی ئاسۆیی لەرەلەری مۆلەقە دەنوێنێت.

نموونە 8 (ب)

دیاردەی کارۆڕووناکی

پرسیارەکە

ڕووناکییەك لەرەلەرەکەی 1.00×10^{15} Hz دەکەوێتە سەر ڕوویەکی سۆدیۆم لە ئەنجامدا چەندەها ئەلیکترۆنی ڕووناکی دەردەکات کە گەورەترین جووڵە وزەیان یەکسانە بە 1.78 eV لەرەلەری مۆڵەقەی ئەم کانزایە بدۆزەوە.

شیکار

1. دەزانم

دراو: $KE_m = (1.78 \text{ eV})(1.60 \times 10^{-19} \text{ J/eV}) = 2.85 \times 10^{-19}$ J

$f = 1.00 \times 10^{15}$ Hz

نەزانراو: $f_o = ?$

2. پلانداڕێژم

دەربڕینی گەورەترین جووڵە وزە بەکاردێنم و شیکاری دەکەم بۆ دۆزینەوەی f_o

$$KE_m = hf - hf_o$$

$$f_o = \frac{hf - KE_m}{h}$$

3. هەژماردەکەم

$$f_o = \frac{(6.63 \times 10^{-34} \text{ J·s})(1.00 \times 10^{15} \text{ Hz}) - (2.85 \times 10^{-19} \text{ J})}{6.63 \times 10^{-34} \text{ J·s}}$$

$$\boxed{f_o = 5.70 \times 10^{14} \text{ Hz}}$$

ڕاهێنانی 8 (ب)

دیاردەی کارۆڕووناکی

1. لە بارێکی دیاردەی کارۆڕووناکیدا دەرکەوت، ئەو فۆتۆنانەی بە وزەی 5.00 eV دەکەونە سەر مادەیەك ئەلیکترۆنەکان دەردەپەڕێنن بە گەورەترین جووڵە وزەی 3.00 eV لەرەلەری مۆڵەقەی ئەم ماددەیە چەندە؟

2. ڕووناکییەك درێژی شەپۆلەکەی 350 nm خرایە سەر ڕوویەکی پۆتاسیۆم، پابەندە ئیشی پۆتاسیۆم چەندە ئەگەر گەورەترین جووڵە وزەی ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان 1.3 eV بێت؟ وە لەرەلەری مۆڵەقەی پۆتاسیۆم چەندە؟

3. پابەندە ئیشی سۆدیۆم هەژمار بکە بەبەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی لە نموونەی 8 (ب)دا دراون.

4. کام لەم کانزایانەی خوارەوە دیاردەی کارۆڕووناکیان تێدا ڕوودەدات کاتێك تیشکە ڕووناکیەکیان دەکەوێتە سەر لەرەلەرەکەی 7.0×10^{14} Hz؟

أ. لیسیۆم، $hf_o = 2.3$ eV

ب. زیو، $hf_o = 4.7$ eV

ج. سیزیۆم، $hf_o = 2.14$ eV

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بیردۆزی فۆتۆن و دیاردەی کارۆڕووناکی

فۆتۆنە بیردۆزی ڕووناکی ئەو لایەنانەی دیاردەی کارۆڕووناکی لێکدەداتەوە کە ناتوانرێت لە ڕێگەی چەمکە کلاسیکییەکانەوە لێکبدرێنەوە، دیاردەی کارۆڕووناکی ڕوونادات، ئەگەر لەرەلەرەکەی کەمتر بێت لە لەرەلەری مۆلەقە، چونکە وزەی فۆتۆنەکە پێویستە گەورەتر یان یەکسان بێت بە پابەندە ئیشی مادەکە، ئەگەر وزەی هەر فۆتۆنێکی کەوتوو گەورەتر یان یەکسان نەبێت بە پابەندە ئیش بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت ئەلیکترۆن لە ڕووەکە هەڵبکەندرێت ئەگەر ژمارەی فۆتۆنەکان (ڕادەی توندی ڕووناکییەکە) هەر چەندێك بێت، بەپێی ئەوەی کە وزەی هەر فۆتۆنێك بەندە لەسەر لەرەلەری ڕووناکی کەوتوو ($(E = hf)$)، دیاردەی کارۆڕووناکی ڕوونادات کاتێك لەرەلەری کەوتوو کەمتر بێت لە لەرەلەرێکی دیاریکراوە (f_o) (لەرەلەری مۆلەقە).

ئەگەر توندی ڕووناکی ببێتە دوو ئەوەندە ژمارەی فۆتۆنەکانیش دەبێتە دوو ئەوەندە، بەمەش ژمارەی ئەو ئەلیکترۆنانەی لە کانزاکەوە دەردەچن دەبێتە دوو ئەوەندە، بەڵام هاوکێشەی گەورەترین جووڵە وزەی ئەلیکترۆن دەریدەخات کە جووڵە وزە تەنها لەسەر لەرەلەری ڕووناکی و پابەندە ئیش بەندە، وە لەسەر تووندی ڕووناکی بەند نییە، کەواتە هەر چەندە ئەلیکترۆنە دەرچووەکان زیاتربێت، بەڵام گەورەترین جووڵە وزەی ئەلیکترۆنەکان وەك خۆی دەمێنێتەوە.

دیاردەی دەستبەجێی دەرچوونی ئەلیکترۆنەکان، لە زۆربەی کاتدا، لەگەڵ گەردە بیردۆزی ڕووناکیدا دەگونجێت، کە وزە بەشێوەی چەند گورزەیەکی بچووك دەردەکەوێت، بەپێی ئەوەی کە هەر فۆتۆنێك کار لە یەك ئەلیکترۆن دەکات، هیچ جیاوازیەکی کات (t) لە نێوان تیشکدانی ڕووناکییەکە بۆ سەر کانزاکە وە تێبینیکردنی دەرچوونی ئەلیکترۆنەکاندا نییە.

سەرکەوتنی ئانیشتاین، لە لێکدانەوەی دیاردەی کارۆڕووناکیدا بە هاندەرێك دادەنرێت بۆ زاناکان، کاتێك وای دانا کە شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان بە بڕ کراون، بۆ ئەوەی بزانن کە بە بڕبوونی وزە پێویستە بە وەسفێکی ڕاستەقینەی جیهانی فیزیا دابنرێت، داهێنانێکی بیرکاری نییە، وەك ئەوەی زۆربەی ئەم زانایانە گومانیان وابوو، کە بەشکردنی وزە بۆ چەند یەکەیەکی جیا ئەگەرێکی پەسەند نەبوو بۆ جێبەجێکردن، چونکە بڕی وزە لە ئەزموونەکانی ڕۆژانەماندا هەستی پێناکرێ، لە ئەنجامی ئەوەوە زاناکان باوەڕیان بەوە هێنا کە دەتوانرێت سروشتی ڕاستەقینەی وزە لە ئاستی میکرۆسکۆبی گەردیلەو گەردەکاندا ببینرێت، کە لەوێدا کاریگەرییەکانی بە بڕکردن گرنگ و پێوراو دەبێت.

ئایا دەزانیت؟

لە ساڵی 1905 ئانیشتاین لێکۆڵینەوەکەی لەسەر دیاردەی کارۆ ڕووناکی بڵاوکردەوە، کاتێك کە لە نووسینگەکەی لە برن، کاری دەکرد لە سویسرا، لە هەمان ساڵدا ئانیشتاین توانی سێ لێکۆڵینەوەی ناوداری تر بڵاوبکاتەوە، یەکێکیان بیردۆزی ڕێژەیی بوو.

فیزیا و ژیان

1. **دیاردەی کارۆڕووناکی** هەرچەندە ڕووناکیەکی سووری گەش لە چرکەیەکدا وزەیەکی زیاتر لە ڕووناکییەکی وەنەوشەیی کز دەخاتە سەر ڕوویەك، بەڵام ناتوانێت ئەلیکترۆنەکان لە ڕوویەکی کانزایی دیاریکراو جیابکاتەوە، لەکاتێکدا ڕووناکیە وەنەوشەییە کزەکە دەتوانێت ئەمە بکات، بیردۆزی فۆتۆنی ئانیشتاین ئەم تێبینیەی چۆن لێکدایەوە؟
2. **وێنە فۆتۆگرافییەکان** وادابنێ کە وێنەی ڕووی یەکێك بەبەکارهێنانی تەنها چەند فۆتۆنێك گیرا بەپێی بیردۆزی فۆتۆنی ئانیشتاین، ئایا ئەنجامەکەی وێنەیەکی زۆر کاڵی دەموچاوەکە دەبێت بە تەواوی؟ وەڵامەکەت شیبکەرەوە.
3. **تەنە تیشکدەرەکان** ڕەنگی تەنی گەرم بەندە لەسەر پلەی گەرمییەکەی، کاتێك پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە ڕەنگی سوور دەگۆڕێت بۆ پرتەقاڵی وە بۆ زەردو سپی لە کۆتاییدا بۆ شین، فیزیای کلاسیکی ناتوانێت ئەم گۆڕانی ڕەنگە لێکبداتەوە لە کاتێکدا میکانیکی بڕ دەتوانێت ئەمە بکات ئەو لێکدانەوەیە چییە کە میکانیکی بڕ دەیکات بۆ ئەمە.



www.ferkar.krd

0751 960 70 80

دیاردەی لادانی کۆمپتن و بیردۆزی فۆتۆنی ڕووناکی



وێنەی 6-8

(أ) کاتێك فۆتۆنێك لەگەڵ ئەلیکترۆنێك بەریەك دەکەون، (ب) فۆتۆنە پەرش بووەکە وزەیەکی کەمترو درێژی شەپۆلێکی درێژتری دەبێت لە فۆتۆنە کەوتووەکە.

فیزیایی ئەمەریکی ئارسەر کۆمپتن Arthur compton (1892-1962) بۆیدەرکەوت کە ئەگەر ڕووناکی وەك تەنۆلکە ڕەفتار بکات دەبێت بەریەککەوتنی ئەلیکترۆنێك و فۆتۆنێك لەو بەریەککەوتنە بچێت کە لە نێوان دوو تۆپی بلیارددا ڕوودەدات، وە بەپێی ئەوەی کە هەردوو بڕی تەوژمی بەهێڵ و وزە لەبەریەککەوتنە جیرەکاندا پارێزراون، ئەوا کاتێك فۆتۆنێك بەر ئەلیکترۆنێکی وەستاو دەکەوێت وەك لە **وێنە 6-8**، فۆتۆنەکە هەندێك لە وزەکەی و تەوژمەکەی دەگوازێتەوە بۆ ئەلیکترۆنەکە، لە ئەنجامی ئەوە وزەی فۆتۆنەکەو لەرەلەرەکەی کەمدەبێتەوە، بەڵام درێژی شەپۆلەکەی زیاد دەکات.

ساڵی 1923 کۆمپتن ئەم بیردۆزەی تاقیکردەوە، کاتێك کە چەند شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی (تیشکی X) ئاڕاستەی قاڵبێکی گرافیت کرد (قورقوشمی ڕەش). دیتی کە درێژی شەپۆلی (λ') فۆتۆنە پەرشبووەوەکە زیاترە لە درێژی شەپۆلی فۆتۆنی کەوتوو λ ، بەتەواوی وەك ئەوەی پێشبینی دەکرد. ئەم گۆڕانە لە درێژی شەپۆلدا پێی دەگوترێت لادانی کۆمپتن ($\Delta\lambda$) compton shift لە $\Delta\lambda = \lambda' - \lambda$ ئەمەش پشتگیری بیردۆزی فۆتۆنی ئانیشتاین دەکات. وە پشتگیری سیفەتی تەنۆلکەیی ڕووناکی دەکات. لادانی کۆمپتن بەندە لەسەر گۆشەی پەرشبوونەوەی فۆتۆنەکە (ϕ) بەبەراوردکردن لەگەڵ درێژی شەپۆلی ڕووناکی بینراو، کە زۆربەی گۆڕانەکانی درێژی شەپۆل زۆر بچووك دەبێت، وا دەکات کە پێوانی لادانی کۆمپتن زۆر گران بێت، بەڵام دەکرێ بەبەکارهێنانی ئەو شەپۆلە کارۆموگناتیسیانەی کە درێژی شەپۆلیان زۆر کورتە وەك تیشکی X. گۆڕانەکە ($\Delta\lambda$) بپێورێت.

لادانی کۆمپتن $\Delta\lambda$

زیادبوونی درێژی شەپۆلی فۆتۆنی پەرش بووە بەهۆی ئەلیکترۆنێکەوە، بەگوێرەی درێژی شەپۆلی فۆتۆنە لێدەرەکە.

پێداچوونەوەی بەندی 1-8

1. ئەو شکستە وەسف بکە کە ناسراوە بە شکستی سەرو وەنەوشەیی، پلانك چۆن توانی ئەم شکستە چارەسەر بکات؟ گریمانەکەی پلانك چۆن لە لێکدانەوەی فیزیای کلاسیکی جیاواز بوو؟

2. بڕی ئەو وزەیە بە (یەکەی eV) چەندە کە فۆتۆنێکی ڕووناکی وەنەوشەیی هەڵیدەگرێت کە درێژی شەپۆلەکەی 4.5×10^{-7} m؟

3. کاریگەرییە پێشبینیکراوەکانی فیزیای کلاسیك بۆ توندی ڕووناکی تیشکداو چییە لەسەر ئەو ئەلیکترۆنانەی لە ڕوویەکی هەستیار بۆ ڕووناکییەوە دەردەچن؟ جیاوازی ئەم پێشبینیانە چییە لەگەڵ تێبینییەکان؟

4. بیردۆزەکەی ئانیشتاین، کە وا دادەنێت شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان بە بڕ کراون، چۆن ئەوە لێکدەداتەوە، کە ئەوەی دەرچوونی ئەلیکترۆنەکان لە ڕوویەکی هەستیار بۆ ڕووناکی دیاری دەکات لەرەلەری ڕووناکییەکەیە نەك توندییەکەی؟

5. ڕووناکییەك بەدرێژی شەپۆلی 1.00×10^{-7} m تیشك دەخاتە سەر تەنگستنێك کە پابەندە ئیشەکەی یەکسانە بە 4.6 eV، ئایا ئەلیکترۆنەکان لە تەنگستنەکەوە دەردەچن؟ ئەگەر ئەمە ڕوویدا، گەورەترین جووڵە وزەیان چەند دەبێت؟

6. **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە**: ئایا ژمارەی فۆتۆنەکان لە 1J لە ڕووناکی سوور (650 nm) گەورەترە لە ژمارەی فۆتۆنەکانی 1 J لە ڕووناکی شین (450 nm)، یان یەکسانیەتی، یان بچوکترە لەو؟ ئەوە ڕوونبکەرەوە.

بەندی 2-8
لێکۆڵینەوەیەکی خۆیی

سامپڵەکانی گەردیلە
Models of the Atom

2-8 ئامانجەکانی بەشەکە

- خاڵە بەهێزو لاوازەکانی سامپڵی ڕەزەرفۆرد بۆ گەردیلە دیاری دەکات.
- دەگاتە ئەوەی کە هەر توخمێك شەبەنگی دەرچو و هەڵمژراوی تایبەتی خۆی هەیە
- شەبەنگە گەردیلەییەکان ڕوووندەکاتەوە بەبەکارهێنانی سامپڵی بۆر بۆ گەردیلە.
- هێڵکاری ئاستەکانی وزە لێکدەداتەوە.

سامپڵە سەرەتاییەکانی گەردیلە

سامپڵی نیوتن بۆ گەردیلە بریتی بوو لە گۆیەکی زۆر بچووکی ڕەقی پتەو کە ناشکێت، ئەم سامپڵە بنچینەیەکی باش بوو بۆ جووڵە بیردۆزی گازەکان، بەڵام دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکان سروشتی کارەبایی گەردیلەکانیان دەرخست، پێویست بوو سامپڵێکی نوێ بۆ گەردیلە دابڕێژرێت، دۆزینەوەی ئەلیکترۆن ساڵی 1897، زانای فیزیای جەی جەی تۆمسۆنی J.J Thomsan (1856-1940) هاندا کە پێشنیاری سامپڵە نوێیەکەی بکات، لە سامپڵی تۆمسۆندا ئەلیکترۆنەکان لەناو قەبارەیەکی گۆییدا لە بارگەی پۆزەتیڤ نقومبوون هەر وەك تۆو لە شوتیدا، وەك لە **وێنەی 8-7** دا دیارە.

سامپڵی ڕەزەرفۆرد بۆ گەردیلە

ساڵی 1911، لەژێر سەرپەرشتی ئەرنست ڕەزەرفۆرد (1871-1937)دا، هانز گایگەر Hans Geiger و ئەرنست مارسدن Ernest marsden تاقیکردنەوەیەکی گرنگیان ئەنجامدا، بۆ دەرخستنی ناڕاستی سامپڵی تۆمسۆن، لەم تاقیکردنەوەیەدا، گوززەیەك بارگەی پۆزەتیڤ (تەنۆلکەکانی ئەلفا) کە پێکدێت لە دوو پرۆتۆن و دوو نیوترۆن هاوێژرا بۆ سەر تەنکە کانزایەك، وەك لە **وێنەی 8-8** دا دیارە، تاقیکردنەوەکە دەریخست کە زۆربەی تەنۆلکەکانی ئەلفا بەناو تەنکە کانزاکەدا تێپەڕ بوون. وەك ئەوەی بۆشاییەکی بەتاڵ بێت، هەندێك لە تەنۆلکەکان بەگۆشەیەکی زۆر گەورە لە ڕێڕەوی بنەڕەتی خۆیان لایاندا وە هەندێکیان بەرەو دواوە هەڵگەڕانەوە، ئەم لادانانە لەسەر بنچینەی سامپڵی تۆمسۆن بەتەواوی چاوەڕوان نەکراو بوون، ڕەزەرفۆرد نووسی: «ئەمە کارێکی باوەڕپێنەکراوە، لە گرنگترین ئەو ڕووداوانەیە کە لە ژیانمدا ڕوویداوە، ئەوە بەڕاستی ڕووداوێکی نامۆیە وەك ئەوەوایە کە تۆ گوللەیەکت گرتبێتە پارچە کاغەزێکی تەنك و ببینی گوللەکە بۆ تۆ دەگەڕێتەوە. لادانی گەورەی وەك ئەوە لەسەر بنچینەی سامپڵی تۆمسۆن ڕوونادات، کە تیایدا بارگەی پۆزەتیڤ بەیەکسانی لە هەموو شوێنێکی گەردیلەدا دابەش بووە، هەروەها تەنۆلکەکانی ئەلفای پۆزەتیڤ کە بەرەو گەردیلە ئاڕاستە کراون لەوانەیە نەتوانن زۆر لە بارگە دابەشبووەکان نزیك ببنەوە، بەڵکو لە دوورەوە لێی لادەدەن، وە لەوانەیە ئەو دابەشبوونە یەکسانەی بارگەکانی گەردیلە بەشی ئەوەنەکات کە ببێتە هۆی لادانی گەورەی تەنۆلکەکان یان هەڵگەڕانەوەیان.



وێنەی 8-7
لە سامپڵی تۆمسۆن بۆ گەردیلەدا ئەلیکترۆنەکان لەناوچەیەکی گەورەتر لە بارگەی پۆزەتیڤ نوقوم بوون وەك تۆو لە شوتیدا.



وێنەی 8-8
لەم تاقیکردنەوەیەدا، تەنۆلکەکانی ئەلفای پۆزەتیڤ دەهاوێژێن بۆ سەر تەنکە کانزایەك، لەبەرئەوەی زۆربەی تەنۆلکەکانی ئەلفا بەناو تەنکە کانزاکەدا تێپەڕ دەبن وە کەمێکیان لادەدەن، ڕەزەرفۆرد بۆی دەرکەوت کە بارگەی پۆزەتیڤی گەردیلە لە چەقی گەردیلەدا کۆبۆتەوە.

Ferkar

لە ڕێی تێبینییەکانیەوە ڕەزەرفۆرد بۆی دەرکەوت هەموو بارگە پۆزەتیڤەکانی گەردیلەو زۆربەی بارستاییەکەی دەکەونە ناوچەیەکی بچوکەوە بەبەراورد لەگەڵ قەبارەی گەردیلەدا، ئەم چڕبوونەوەیەی بارگە پۆزەتیڤەکان و بارستاییەکان، ناوی لێنرا ناوکی گەردیلە. وادادەنرێت کە هەموو ئەلیکترۆنەکانی گەردیلە بکەونە دەرەوەی ناوك، لەناو قەبارەیەکی تا ڕادەیەك گەورەدا، بەپێی بیردۆزی ڕەزەرفۆرد، زۆربەی تەنۆلکەکانی ئەلفا بەتەواوی بەر ناوکی گەردیلەکانی کانزاکە نەکەوتوون و بەناو تەنکە کانزاکەدا تێپەڕبوون لەکاتێکدا تەنها کەمێکیان ئەوەندە لەناوکەکان نزیکبوونەوە کە لابدەن.

سامپلی ڕەزەرفۆرد

وێنەی 8-9
لە سامپلی ڕەزەرفۆردا ئەلیکترۆنەکان بە دەوری ناوکدا دەسوڕێنەوە بەشێوازێك کە لە سووڕانەوەی هەسارەکان دەچن بەدەوری خۆردا.

سامپلی ڕەزەرفۆرد و گەردیلە ناجێگیرەکان

ڕەزەرفۆرد بۆ ئەوەی کێشنەبوونی ئەو ئەلیکترۆنانەی دەکەونە ناوچەی دەرەکی گەردیلە بۆ ناوك لێکبداتەوە، وای دانا کە ئەلیکترۆنەکان لە چەند خولگەیەکدا بە دەوری ناوکدا دەجولێن، بەتەواوی وەك جووڵەی هەسارەکان لە خولگەکانیاندا بە دەوری خۆردا، وەك لە **وێنەی 8-9** دا دەردەکەوێت.
بەڵام ئەم بۆچوونە گرفتێکی ترسناکی خستەڕوو، ئەگەر ئەلیکترۆنەکان بەدەوری ناوکدا بسووڕێنەوە چەقە تاودانێکیان دەبێت، بەپێی (بیردۆزی کارۆموگناتیسی ماکسوێل) بارگە تاودراوەکان پێویستە شەپۆلی کارۆموگناتیسی بنێرن بەمەش وزە ون دەکەن. کەواتە نیوەتیرەی خولگەی گەردیلە بە ڕێکی کەمدەکات، کە دەبێتە هۆی زیادبوونێکی ڕێکی لەرەلەری تیشکی دەرچوو، وە داڕووخانی خێرای گەردیلەکە کاتێك ئەلیکترۆنەکان دەکەونە ناو ناووك، لە ڕاستیدا هەژمارکردنەکان دەریانخستووە کە بەپێی ئەم سامپڵە گەردیلە بە نزیکی لە ماوەی یەك بەش لە بلیۆنێك بەشی چرکەدا دەڕوخێت ئەم گرفتە لە سامپلی ڕەزەرفۆردا هانی زاناکانی دا بۆ بەردەوام بوون لەسەر گەڕان بەدوای سامپڵێکی نوێی گەردیلەدا.

شەبەنگە گەردیلەییەکان Atomic Spectra

سامپلی ڕەزەرفۆرد وەڵامی زۆر لە پرسیارەکانی دایەوە، زاناکان بە هیوابوون کە بگەنە سامپڵێکی نوێی گەردیلە کە ڕاستییەکی دیکەی شاراوە دەربارەی گازەکان لێکبداتەوە. کاتێك بۆرییەکی شووشەی بەتاڵ پڕ بکرێت لە گازێکی گەردیلەیی پوخت، وە جیاوازی ئەرکێکی بەرز بخرێتە نێوان دوو جەمسەرە کانزاییەکەی بۆرییەکە، تەزوییەك لە گازەکەدا پەیدا دەبێت، وە بۆرییەکەش ڕووناکییەکی لێوە دەردەچێت وەك لە **وێنەی 8-10** دا دەردەکەوێت. ڕەنگی ڕووناکییەکەش بە سیفەتێکی گازی ناو بۆرییەکە دادەنرێت، بەم شێوەیە لەوحی نیۆنی ڕیکلامەکان کاردەکەن، ئەو ڕەنگە جیاجیایانەی کە لە لەوحەکانی نیۆندا دیاردەکەون بریتیین لەو ڕوناکییانەی کە گازە جیاوازەکانی ناو بۆرییەکان دەریان دەکەن.



وێنەی 8-10
کاتێك جیاوازی ئەرکێك دەخرێتە نێوان هەردوو سەری بۆرییەك کە گازێکی گەردیلەیی تێدایە، هایدرۆجین (أ) وە جیوە (ب) وە نایترۆجین (ج) گازەکە تیشك دەدات، ڕەنگی تیشکدانەکە بەندە لەسەر جۆری گازەکە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



شەبەنگی دەرچوو و شەبەنگی هەڵمژراوی هەر گازێك لە گازێکی تر جیاوازە

کاتێك ڕوناکی دەرچوو لە گازێکی گەردیلەییەوە بەناو ئاوێزەیەکدا تێپەڕ دەبێت، وەك لە وێنەی **8-11** زنجیرەیەك هێڵی گەشی لەیەك جیا دەبینیت، لە بەرامبەر هەر هێڵێك درێژی شەپۆلێکی یان ڕەنگێکی یان ڕووناکییەکی جیاواز هەیە ئەم زنجیرە هێڵە بە شەبەنگی دەرچوو emission spectrum دەناسرێت.

وێنەی **8-12** دەریدەخات کە هەر یەك لە هایدرۆجین و جیوە و هیلیۆم شەبەنگی دەرچووی تایبەتیان هەیە، وە شیکردنەوەی زیاتری ماددەکانی تر دەریدەخات کە هەر توخمێك شەبەنگی دەرچووی دیاریکراوی تایبەتی بەخۆی هەیە. بەواتایەکی تر ئەو درێژی شەپۆلانەی لە شەبەنگێکی دیاریکراودا هەن سیفەتی ئەو توخمەیە کە ڕووناکییەکە تیشك دەدات، بەپێی ئەوەی کە ناکرێت دوو توخم هەمان شەبەنگی هێڵی تیشك بدەن کەواتە دەتوانرێت (زانستی شەبەنگ) بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی توخمەکان لە تێکەڵەیەکدا (دارشتیەکدا).



وێنەی 8-11

کە ڕوناکی لەگازێکی گەردیلەییەوە دەردەچێت و بەناو ئاوێزەیەکدا تێپەڕ دەبێت، ڕووناکییە پەرەوازە بووەکە وەك زنجیرەیەك هێڵی شەبەنگی لەیەك جیای گەش دەردەکەوێت.

ئایا دەزانیت؟

کاتی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی شەبەنگی خۆر هەندێك هێڵ دۆزرانەوە کە لەگەڵ هیچ توخمێکی ناسراودا نەدەگونجا، ئەمەش وایکرد توخمێکی نوێ دەربکەوێت، وە بەپێی ئەوەی هیلۆس لە یۆنانیدا هاو واتای وشەی خۆرە، توخمە نوێیەکە ناونرا هیلیۆم.

شەبەنگی دەرچوون

چەند هێڵێکی ڕەنگاوڕەنگە، ئاماژە بۆ درێژی شەپۆلەکانی وزەی تیشکی دراو و دەرچوو لە مادەوە دەکات.

وێنەی 8-12

هەر گازێك لە هایدرۆجین و جیوەو هیلیۆم، شەبەنگی دەرچوونی تایبەتی خۆیان هەیە.



وێنەی 13-8
هێڵە ڕەشە هەڵمژراوەکانی هایدرۆجین هەمان درێژی شەپۆلی هێڵە گەشە دەرچووەکانیان دەبێت.

سەرەڕای دەرچوونی ڕووناکی بەچەند درێژە شەپۆلێکی دیاریکراو، توخم بەساردی دەتوانێت ڕووناکی چەند درێژە شەپۆلێکی دیاریکراو هەڵبمژێت، ئەو هێڵە شەبەنگانەی کە لەگەڵ ئەم کردارەدا پەیدا دەبن پێیان دەگوترێت شەبەنگی هەڵمژراو.

دەتوانین شەبەنگی هەڵمژراوی توخمێك ببینین بە تێپەڕکردنی ڕووناکییەك کە هەموو درێژییە شەپۆلەکانی تێدا بێت بەناو هەڵمی ساردی ئەو توخمەی کە دەمانەوێت شی بکەینەوە، شەبەنگی هەڵمژراو لە زنجیرەیەك هێڵی ڕەش پێکدێت، کە لەسەر شەبەنگی لێکنەپچڕاو دانراون، هەر هێڵێك لە شەبەنگی هەڵمژراوی توخمێکی دیاریکراودا دەکەوێتە هەمان ناوچەی هێڵەکە، لە شەبەنگی دەرچووی ئەو توخمەدا وەك لە **وێنەی 13-8** دا بۆ هایدرۆجین دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا هەمیشە هێڵە بریقەدارە دەرچووەکان زیاتر لە هێڵە هەڵمژراوەکان دەردەکەون. هۆی ئەمەش لە داهاتوودا باس دەکرێت.

شەبەنگی هەڵمژراو چەند جێبەجێکردنێکی کرداری هەیە، بۆ نموونە شەبەنگی لێکنەپچڕاوی تیشکی دەرچوو لە خۆرەوە کاتێك بەناو ئەو گازانەی بەرگە گازییەکەی خۆردا تێپەڕ دەبن کە ساردترن وە دوای ئەوە بەناو بەرگە هەوای زەویدا تێپەڕ دەبن لە ئەنجامدا چەند هێڵێکی هەڵمژراو لە شەبەنگی خۆردا پەیدا دەبێت کە بەهۆی توخمە ساردەکانی بەرگە گازییەکەی خۆرو بەرگە هەوای زەوییەوە هەڵدەمژرێن، بەهۆی هێڵەکانی هەڵمژراوی شەبەنگی خۆرەوە دەتوانرێت توخمەکانی ناو بەرگە گازی خۆر بناسرێنەوە. هەروەها زاناکان توانیان ئەو ڕووناکییەی کە لە ئەستێرەکانەوە دێن جگە لە خۆر بە هەمان ڕێگا بپشکنن. زاناکانی بۆشایی ئاسمان لە ڕێگەی تێبینی وردو شیکردنەوەوە، توانیان ڕێژەی ئەو توخمە جیاجیایانە دیاری بکەن کە لە ئەستێرەکاندا هەیە.

بەگەڕانەوە بۆ مێژوو دروستبوونی شەبەنگە گەردیلەییەکان وێستگەیەکی گرنگ پێکدەهێنێت بۆ ئەوەی زاناکان هەوڵی دۆزینەوەی سامپڵێکی نوێ بۆ گەردیلە بدەن وەهۆی پەیدابوونی ئەم شەبەنگانە بۆ ماوەیەکی دووروو درێژ پاش دۆزینەوەیان بە نادیاری مایەوە، سامپڵی ڕەزەرفۆردی هەسارەیی نەیتوانی ئەو ڕاستییە لێکبداتەوە کە: هەر توخمێك زنجیرەیەکی تایبەت و جیاوازی هێڵەکانی شەبەنگی هەیە، سەرەڕای ئەوە زاناکان بەهیوای سامپڵێکی نوێی گەردیلە بوون کە ئەم دیاردەیە لێکبداتەوە.

شەبەنگی هەڵمژراو

چەند هێڵێکی ڕەشن ئاماژە بۆ درێژی شەپۆلەکانی ئەو وزەیە دەکەن کەوا مادەکە دەیمژێت.

چالاکییەکی کرداری خێرا

شەبەنگە گەردیلەییەکان

کەرەستەکان

✓ درزەکی لادان یا (ئاوێزە)
✓ چەند سەرچاوەیەکی ڕووناکی جیاواز وەك گڵۆپی ڕووناکی فلورسنت.

- گڵۆپی ڕووناکی پێچاوپێچ.
- گڵۆپی ناو حەوزی ئاو.
- گڵۆپی هەڵمی سۆدیۆم.
- گڵۆپی یانەی وەرزشی.
- گڵۆپی نیۆن.

ڕێنماییەکانی سەلامەتی

ئاگات لە جیاوازی ئەرکی بەرزبێت لە نزیك هەندێك لەم سەرچاوە ڕووناکیانەوە

هەندێك جۆری دیاریکراوی سەرچاوەی ڕووناکی شەبەنگێکی لێکنەپچڕاو پەیدا دەکەن، کاتێك لە ڕێگەی درزەکێکی لادانەوە سەیری دەکەین، بەڵام هەندێك جۆری تر چەند هێڵێکی لەیەك جیا پەیدا دەکەن، ئەنجامەکانت بەراورد بکەو هەوڵ بدە بەلایەنی کەمەوە نموونەیەك بۆ شەبەنگی لێکنەپچڕاو بدۆزیتەوە، هەندێك نموونەش لەسەر هێڵی لەیەك جیاجیا.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

سامپڵی بۆر بۆ گەردیلەی هایدرۆجین

لەساڵی 1913دا فیزیایی دانیمارکی نیلزبۆر (1885-1962) سامپڵێکی نوێی بۆ گەردیلەی هایدرۆجین دانا، کە شەبەنگە گەردیلەییەکان لێکدەداتەوە. سامپڵی بۆر هەندێك لایەنی کلاسیکی و هەندێك بنەمای تر کە فیزیای کلاسیکی نەیتوانی لێکیبداتەوە دەگرێتە خۆی.

سامپڵی بۆر لە سامپڵی ڕەزەرفۆرد دەچێت لەوەی کە ئەلیکترۆنەکان بە دەوری ناووکدا دەجووڵێن لە چەند خولگەیەکی بازنەییداوە ئەو هێزەی کە ئەلیکترۆن لە خولگەکەیدا دەهێڵێتەوە بریتییە لە هێزی کارەبایی نێوان پرۆتۆنی پۆزەتیف لەناو ناووك و ئەلکترۆنی نێگەتیف، بەڵام لە سامپڵی بۆردا تەنها ڕێ بە چەند خولگەیەکی دیاریکراو دەدرێت، لە نێوان ئەم خولگانەدا هیچ جێگایەك بۆ ئەلیکترۆنەکان نییە بەهیچ شێوەیەك، لەجیاتی ئەوە، دەوترێت ئەلکترۆن بەشێوەیەکی ساتی لە خولگەیەکەوە باز دەدات بۆ خولگەیەکی تر بێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك لە نێوان خولگەکاندا بمێنێتەوە.

سامپڵی بۆر زیاتر لە فیزیایی کلاسیکی لادەدات، بەوەی کەوا دادەنێت گەردیلەی هایدرۆجین وزە تیشك نادات ئەگەر ئەلیکترۆن لەهەر یەکێك لەم خولگانەدا بسووڕێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وزەی گشتی گەردیلە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، وە ئەمە چارەسەری یەکێك لە گرفتەکانی سامپڵی ڕەزەرفۆردە (ناجێگیری گەردیلە) بۆر پێیوایە کە ئەلیکترۆن لەجیاتی ئەوەی وزە بەشێوەیەکی لێکنەپچڕاو تیشك بدات تەنها کاتێك وزەی لێوە دەردەچێت کە لە خولگەیەکی دەرەکییەوە باز بدات بۆ خولگەیەکی ناوەکی، وە لەرەلەری تیشکی دەرچوو لەم بازدانەدا پەیوەستە بەگۆڕانی وزەی گەردیلەکەوە، بەپێی ئەوەی کە وزەی فۆتۆنی دەرچوو (E) یەکسانە بە بڕی ئەو کەمبوونەی کە لە وزەی گەردیلەکەدا ڕوودەدات، بەهۆی هاوکێشەی پلانکەوە دەتوانین لەرەلەری تیشکی دەرچوو بەم شێوەی خوارەوە هەژمار بکەین:

$$E = E_{\text{سەرەتایی}} - E_{\text{کۆتایی}} = hf$$

نزمترین ئاستی وزە لە سامپڵی بۆردا، بەرامبەر بچووکترین نیوەتیرەیە کە هەبێت وە هەمیشە پێی دەوترێت نزمترین بار (باری جێگیری)، وە نیوەتیرەی ئەم خولگەیە پێی دەوترێت نیوەتیرەی بۆر، زۆربەی ئەلیکترۆنەکان لە پلەی گەرمی ئاساییدا لەباری جێگیریدا دەبن، بەجۆرێك ئەلیکترۆنەکان تا ڕادەیەك لە ناوك نزیك دەبن، کاتێك ڕووناکییەك کە شەبەنگێکی لێکنەپچڕاوی هەبێت تیشك بخاتە سەر گەردیلەیەك، گەردیلەکە بۆی هەیە تەنها ئەو فۆتۆنانە هەڵبمژێت کە وزەکانیان دەکاتە hf ، کە بەتەواوی دەکاتە جیاوازی نێوان دوو ئاست، کاتێك ئەمە ڕوودەدات ئەلیکترۆن لە ئاستی وزەی نزمەوە باز دەدات بۆ ئاستێکی وزە بەرزتر کە دەکەوێتە بەرامبەر خولگەیەکی دوورتر لە ناووك، وەك لە **وێنەی 14-8** (أ) دەردەکەوێت ئەم بارە پێی دەوترێت باری ورووژاو، فۆتۆنە مژراوەکان هێڵە تاریکەکانی شەبەنگی هەڵمژراو لێکدەدەنەوە.



وێنەی 14-8
(أ) کاتێك گەردیلە فۆتۆنێك هەڵدەمژێت، ئەلیکترۆن بۆ ئاستێکی وزەی بەرزتر بازدەدات. (ب) کاتێك ئەلیکترۆن بۆ ئاستێکی وزەی نزمتر دێتە خوارەوە، گەردیلە فۆتۆنێك دەردەکات.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



وێنەی 8-15
هەر بازدانێك لە ئاستێكی وزەوە بۆ ئاستێكی تر، هێڵێكی شەبەنگی دیاریكراوی دەكەوێتە بەرامبەر، ئەم نموونەیە ئەو گواستنەوانە ڕووندەكاتەوە كە لە هێڵەكانی شەبەنگی بینراوی هایدرۆجیندا ڕوودەدات نزمترین ئاستی وزە E_1 لە وێنەكەدا دەرناكەوێت.

كاتێك ئەلیكترۆن لە بارێكی وروژاندا بێت، ئەگەرێكی دیاریكراو هەیە كە ئەلیكترۆن بازبدات و بگەڕێتەوە نزمترین ئاستی وزەو فۆتۆنێك دەربكات، وەك لە **وێنەی 8-14** (ب) دەردەكەوێت، ئەم ڕێگەیە پێی دەگوترێت لەخۆوە دەرچوون، وە فۆتۆنە دەرچووەكان بەرپرسن لە هێڵە گەشەكانی شەبەنگی دەرچوو.

لە هەردوو باردا، پەیوەندییەك هەیە لە نێوان بڕی بازدانی ئەلیكترۆن و وزەی فۆتۆنەكاندا، بۆ نموونە: ئەلیكترۆن دەتوانێت لە ئاستی چوارەمی وزەوە باز بدات بۆ ئاستی سێیەم یان ئاستی دووەم، یان ئاستی جێگیربوون، بەپێی ئەوەی كە هاوكێشەی پلانك وزەی نێوان دوو ئاستمان دەداتێ ئەوا بازدانێكی گەورە واتە دەرچوونی بڕێكی گەورەتری وزە دەگەیەنێت، كەواتە بازدانەكان لە نێوان ئاستە جیاجیاكاندا هێڵەكانی شەبەنگی جیاجیاو بینراوی لێ پەیدا دەبێت.

وێنەی 8-15 هەر چوار هێڵەكەی شەبەنگی بینراوی هایدرۆجین دەردەخات هەژماركردنی بۆر لە لێكدانەوەی درێژی شەپۆلەكانی هەموو هێڵەكانی شەبەنگی هایدرۆجین سەركەوتوو بوو، لە پێشدا ئاماژەمان بۆ ئەوە كرد كە هێڵە هەڵمژراوەكان لە هێڵە دەرچووەكان كەمتر دەبینرێن هۆی ئەوەش ئەوەیە كە شەبەنگە هەڵمژراوەكان هەمیشە لەو كاتەدا تێبینی دەكرێت كە گازەكە لە پلەی گەرمی ژووردا بێت، كەواتە زۆربەی ئەلیكترۆنەكان لە باری جێگیردا دەبن، لەبەرئەوە هەموو ئەو گواستنەوانەی

فیزیا و ژیان

1. گڵۆپی نیۆن كاتێك جیاوازی ئەركێك دەخرێتە سەر هەردوو جەمسەری بۆرییەك كە گازی نیۆنی تێدابێت، وەك گڵۆپی نیۆن یان لەوحی ڕیكلامەكان، نیۆنەكە دەدرەوشێتەوە، ئایا ڕووناكی دەرچوو لە لەوحەكەوە لە شەبەنگێكی لێكپچڕاو پێكدێت یان تەنها لە چەند هێڵێك؟ وەڵامەكەت لێكبدەرەوە.

2. ئاستەكانی وزە ئەگەر گەردیلەیەكی دیاریكراو چوار ئاستە وزەی هەبێت، وە لە توانای ئەلیكترۆنێكدا بێت كە لە نێوان هەردوو ئاستە وزەیەك لە گەردیلەكەدا بازبدات، ژمارەی ئەو هێڵە شەبەنگە جیاوازانەی كە لەوانەیە دەربچن چەندە؟

3. ناسینەوەی گازەكان نیۆن تاكە جۆری گاز نییە كە لە لەوحەكانی نیۆندا بەكاردەهێنرێت دەزانیت زۆر لە گازەكان كاریگەری هاوشێوەیان هەیە كاتێك جیاوازی ئەركێكیان دەخرێتە سەر، لەوانەیە ئەو ڕەنگانەی تێبینی دەكرێن لە هەندێ كاتدا جیاواز بن، بەڵام گازێكی دیاریكراو هەمیشە بە هەمان ڕەنگ دەدرەوشێتەوە، چۆن دەتوانیت دوو گازی لەم جۆرە لە یەك جیابكەیتەوە؟

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

کە ڕوودەدەن لە ئاستی دیاریکراوی (E_1) بۆ ئاستە بەرزترەکان دەبێت، لەلاکەی ترەوە شەبەنگی دەرچوو دەبینرێن، کاتێك پلەی گەرمی گازێك بۆ پلەیەکی بەرزتر بەرزبکرێتەوە، وە چاودێری دابەزینی ئەلیکترۆن بکەین لەهەر ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی نزمتر. لەمبارەدا هەموو گواستنەوەکان لەوانەیە ڕووبدەن، بەمەش ژمارەیەکی زیاتر هێڵی شەبەنگی دەردەکەوێت.

بیرۆکەی بۆر، دەربارەی بازدانی بەبڕ لە نێوان ئاستەکانی وزەدا، لێکدانەوەیەکی بۆ دیاردەی ئاسۆی باکووری (تیشکەکانی جەمسەری باکوور) پێشکەش کرد، تەنۆلکەی بارگاوییەکانی خۆر هەندێك جار لەناو بواری موگناتیسی زەویدا قەتیس دەکرێن، لە دەوری جەمسەری باکورو باشوری موگناتیسیدا دەنیشن، ئەو ڕووناکییانەی لە هێڵەکانی پانی باشووردا دەبینرێن پێیان دەڵێن ئاسۆی باشوری (تیشکەکانی جەمسەری باشوور) کاتێك ئەم تەنۆلکە بارگاویانەی خۆر دەنیشن، بەر ئەلیکترۆنەکانی گەردیلەکان دەکەون لە بواری هەوای زەویدا، وزە بۆ ئەو ئەلیکترۆنانە دەگوازنەوە وایان لێدەکەن کە بۆ ئاستێکی وزەی بەرزتر باز بدەن، وە کاتێك ئەلیکترۆنەکان دەگەڕێنەوە بۆ خولگە بنەڕەتییەکانیان، وزە زیادەکەیان بەشێوەی فۆتۆنێك دەهاون (فڕێ دەدەن)، ڕووناکییە جەمسەرییەکانی باکور لە ئەنجامی چەند بلیۆنێك لەم بەبڕ بازدانانە پەیدا دەبێت، کە لە هەمانکاتدا ڕوودەدەن.

ڕەنگەکانی ئاسۆی باکووری بەپێی جۆری گازەکان لە هەوادا یەکدەگرن، تەنۆلکە بارگاوییەکانی خۆر زۆربەیان ئەو تەنۆلکانەن کە لە بواری موگناتیسی زەوییەوە بۆ ناو بەشێکی هەوا کە گازی ئۆکسجینی تێدایە هاوێژراون، ئۆکسجین ڕووناکی سەوزی لێوە دەردەچێت، لەبەرئەوە ڕووناکی سەوز ڕووناکی زاڵە بەسەر ئاسۆی باکوریدا، بەڵام ڕەنگە سوورەکان لە ئەنجامی بەریەککەوتنەوەیە لەگەڵ گەردەکانی نایترۆجیندا بەپێی ئەوەی کە هەر گازێك ڕەنگێکی تایبەت دەردەکات، ڕووناکییەکانی جەمسەری باکور تەنها هەندێك ڕەنگی دیاریکراو و جیابووەوە لە یەکتری تێدایەو شەبەنگێکی لێکنەپچڕاو نییە.

نموونە 8 (ج)

لێکدانەوەی هێڵکارییەکانی ئاستە وزە

پرسیارەکە

ئەلیکترۆنێکی گەردیلەی هایدرۆجین لە ئاستی وزەی E_4 بۆ ئاستی وزەی E_2 دێتە خوارەوە. لەرەلەری فۆتۆنی دەرچوو چەندە؟ وە کام هێڵ لە شەبەنگی دەرچوو لەگەڵ ئەم بارەدا ڕێکدەکەوێت؟



شیكار

.1 **وزەی فۆتۆنەكە دەدۆزمەوە**

وزەی فۆتۆنەكە یەكسانە بە گۆڕان لە وزەی ئەلیكترۆنەكەدا، E_4 بریتییە لە ئاستی وزەی سەرەتایی ئەلیكترۆنەكە، وە E_2 ئاستی وزەی كۆتایی، بە بەكارهێنانی نرخەكانی هێڵكاری پرسیارەكە ئەم ئەنجامە دەست دەكەوێت:

.2

$$E = E_{\text{سەرەتایی}} - E_{\text{كۆتایی}}$$

$$E = (-0.850 \text{ eV}) - (-3{,}40 \text{ eV}) = 2.55 \text{ eV}$$

تێبینی

تێبینی بكە كە وزەی ئاستەكانی وزە نێگەتیڤە، هۆی ئەوە پێناسەی وزەی ئەلیكترۆنی گەردیلەیە بەپێی بڕی ئەو ئیشەی پێویستە بۆ جیاكردنەوەی ئەلیكترۆنێك لە گەردیلەدا، لە هەندێك هێڵكاری ئاستە وزەدا، نرخی سفر بە وزەی E_1 دەدرێت، وە ئاستە وزە بەرزەكان پۆزەتیڤن بەگشتی جیاوازی نێوان ئاستێكی وزەی بەرزو ئاستێكی نزمتر هەمیشە پۆزەتیڤ دەبێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە ئەلیكترۆنەكان وزە ون دەكەن كاتێك بۆ ئاستێكی نزمتر دێنە خوارەوە.

هاوكێشەی پلانك بەكاردێنم بۆ دۆزینەوەی لەرەلەر:

$$E = hf$$

$$f = \frac{E}{h} = \frac{(2.55 \text{ eV})(1.60 \times 10^{-19} \text{ J/eV})}{6.63 \times 10^{-34} \text{ J}\cdot\text{s}}$$

$$\boxed{f = 6.15 \times 10^{14} \text{ Hz}}$$

تێبینی

تێبینی گۆڕین لە eV وە بۆ J بۆ ئەوەیە یەكەكان بەشێوەیەكی دروست كورت ببنەوە.

.3 **ئەو هێڵە دەدۆزمەوە كە لەگەڵ شەبەنگە دەرچووەكەدا دەگونجێت**

ئەگەر سەیری هێڵكارییەكە بكەین دەردەكەوێت كە بازدانی ئەلیكترۆن لە E_4 بۆ E_2 لەگەڵ هێڵی 3 شەبەنگە دەرچووەكەدا دەگونجێت. (سود لە خشتەی ناوچەكانی شەبەنگی شەپۆلە كارۆموگناتیسییەكان وەربگرە، لە بەشی پاشكۆكان «د»).

.4 **وەڵامەكەم هەڵدەسەنگێنم**

هێڵی 3 دەكەوێتە بەشی بینراوەوە لە شەبەنگی كارۆ موگناتیسیدا، وە دەردەكەوێت كە شینەو لەرەلەرەكەی $f = 6.15 \times 10^{14}$ Hz دەكەوێتە ناوچەی شەبەنگی بینراو بە ئاراستەی لای وەنەوشەییەوە، كەواتە گونجاوە كە ئەم لەرەلەرە شین بێت.

ڕاهێنانی 8 (ج)

لێکدانەوەی هێڵکاریەکانی ئاستی وزە

1. ئەلیکترۆنێك لە گەردیلەی هایدرۆجیندا لە ئاستی وزەی E_3 بۆ E_2 دەکەوێتە خوارەوە، لەرەلەری فۆتۆنی دەرچوو چەندە؟ کام لە هێڵەکانی شەبەنگی دەرچووی **نموونەی 7** (ج) لەگەڵ ئەم بارەدا دەگونجێت؟

2. ئەلیکترۆنێك لە گەردیلەی هایدرۆجیندا لە ئاستی وزەی E_6 بۆ E_3 دەکەوێتە خوارەوە. لەرەلەری فۆتۆنی دەرچوو چەندە؟ ئەم فۆتۆنە دەکەوێتە کام ناوچە لە شەبەنگی کارۆموگناتیسیدا؟ (سەیری **پاشکۆی** «**د**» خشتەی بەسوود بکە ناوچەکانی شەبەنگی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان).

3. هێڵکاری ئاستەکانی وزە لە **وێنەی 8-16** دا، هەر پێنج ئاستی وزەی یەکەمی هەڵمی جیوە دەردەخات، ئاستی E_1 نرخی سفری دەداتێ، لەرەلەری فۆتۆنی دەرچوو چەندە کاتێك ئەلیکترۆنێکی گەردیلەی جیوە لە ئاستی E_3 بۆ E_2 دەکەوێتە خوارەوە؟



وێنەی 8-16

4. ئەگەری ژمارەی هێڵە جیاجیاکانی شەبەنگی دەرچوو چەند دەبێت، ئەگەر هەڵمی جیوە بەهۆی چەند فۆتۆنێکەوە بورووژێنرێت کە 6.67 eV وزەیان هەڵگرتووە؟ (تێبینی: ئەلیکترۆن دەتوانێت بگوازرێتەوە، بۆ نموونە، لە ئاستی E_5 بۆ E_3، ئینجا لە E_3 بۆ E_2، ئینجا لە E_2 بۆ E_1).

5. لە شەبەنگی دەرچووی گەردیلەی هایدرۆجیندا یەك هێڵی دەرچوو هەیە لەرەلەرەکەی 7.29×10^{14} Hz ، ئەو دوو ئاستە بدۆزەرەوە کە دەبێت ئەلیکترۆن لە نێوانیاندا باز بدات بۆ ئەوەی ئەم هێڵە دەربکات، وە هێڵەکە لە هێڵکاری ئاستی وزەدا دیاری بکە لە **نموونەی 8** (ج)دا، (تێبینی: یەکەمجار، وزەی فۆتۆنەکان بدۆزەوە، ئینجا هێڵکاری ئاستی وزە بەکاربێنە).

Bohr’s model is in complete سامپڵی بۆر سامپڵێکی ناتەواوە

سامپڵی بۆر، لە هەندێك لایەنیدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، چونکە توانی زۆر سیفەتی شەبەنگەکانی هایدرۆجین لێکبداتەوە، کە لە پێشتر لێکدانەوەیان بۆ نەکرابوو، سامپڵەکە دەربڕینێکی بۆ تیشکدانی گەردیلە داڕشت، وە پێشبینی ئاستەکانی وزەی هایدرۆجینی کرد، هەروەها لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم سامپڵە لەسەر ئەو گەردیلانەی لە هایدرۆجین دەچن سەرکەوتنی خۆی سەلماند، واتە ئەو گەردیلانەی یەك ئەلیکترۆنیان هەیە، هەر چەندە هەوڵێکی زۆر درا بۆ فراوانکردنی بواری جێبەجێکردنی ئەم سامپڵە بەسەر ئەو گەردیلانەی کە چەند ئەلیکترۆنێکیان هەیە، بەڵام ئەنجامەکان سەرکەوتوو نەبوون.

سامپڵی بۆر بۆ گەردیلە چەند پرسیارێکی وروژاند، بۆ نموونە: بۆر وای دانا کە ئەلیکترۆنەکان کاتێك لە خولگەیەکی جێگیردا بن وزە تیشك نادەن، بەڵام سامپڵەکە نەیتوانی پاساو بۆ ئەمە بێنێتەوە، کێشەیەکی دی دەرکەوت لەبەرئەوەی سامپڵەکە نەیتوانی ئەوە لێکبداتەوە کە ئەلیکترۆنەکان خولگەی جێگیری هەمیشەییان هەیە، و هیچ خولگەی تریان نییە.

لە کۆتاییدا، سامپڵەکە لە هەندێك لایەنی دیاریکراودا پەیڕەوی فیزیایی کلاسیکی کردو، وە لە هەندێك لایەنی تر بە تەواوی لەگەڵی ناکۆك بوو، لەبەر ئەم هۆیانە بەگشتی سامپڵی بۆر وێنەیەکی تەواوی پێکهاتەی گەردیلەی دروست نەکرد، زاناکان تا ئێستاش بەردەوامن لە گەڕان بەدوای سامپڵێکی نوێدا کەئەم کێشانە چارەسەر بکات.

پێداچوونەوەی بەندی 8-2

1. بەبەکارهێنانی سامپڵی تۆمسۆن بۆ گەردیلە، ڕەزەرفۆرد پێشبینی کرد چی ڕوویدات کاتێك تەنۆلکەکانی ئەلفای پۆزەتیڤی هاوێشت بۆ سەر تەنکە کانزایەك؟
2. لەبەرچی ڕەزەرفۆرد وایبۆچوو کە بارگەی پۆزەتیڤی گەردیلەو زۆربەی بارستایی گەردیلە لە چەقەکەیدا کۆبووەتەوە؟
3. دوو گرفتەکەی سامپڵی ڕەزەرفۆرد بۆ گەردیلە چی بوون؟
4. چۆن دەتوانرێت شەبەنگی گەردیلەیی گازەکان بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ئەو توخمانەی کە لە ئەستێرە دوورەکاندا هەیە؟
5. سامپڵی بۆر لە هەندێك لایەندا پەیڕەوی فیزیای کلاسیکی کرد، بەڵام میکانیکی بڕ پەیڕەوی شتێکی جیا لەوەیکرد، چی لەگەڵ میکانیکی بڕدا دەگونجێت؟
6. سامپڵی بۆر چۆن توانی شەبەنگی دەرچوو و هەڵمژراوی توخمێکی دیاریکراو لێکبداتەوە.
7. **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** یەکێك لە زاناکانی نەرویج توانی چەند درێژی شەپۆلێکی جیاجیا دیاری بکات، کە بەشێك لە ئاسۆی باکوری پێکدێنن، بۆی دەرکەوت کە تەنها چەند درێژی شەپۆلێك هەیە لە ڕووناکییەکاندا، نەك شەبەنگی لێکنەپچڕاو سامپڵی بۆر چۆن ئەو دیاردەیە لێکدەداتەوە؟

پوختەی بەشی 8

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 8-1 بەبڕبوونی وزە

- تیشکدانی تەنی ڕەش و دیاردەی کارۆڕووناکی لەگەڵ فیزیای کلاسیکی یەکناگرنەوە، بەڵام دەتوانرێت لێکبدرێنەوە ئەگەر وادابنرێت کە وزە بەشێوەی یەکەی جیاجیا دێت یان وزە بەبڕ کراوە.
- وزەی بڕە ڕووناکی یان فۆتۆن بەتەواوی بەندە لەسەر لەرەلەری ڕووناکییەکە، وزەی فۆتۆن یەکسانە بە لەرەلەر کەرەتی نەگۆڕی پلانك.
- نەگۆڕی پلانك بە نزیکی یەکسانە بە 6.63×10^{-34} J•s.
- پەیوەندی نێوان eV و J ئەمەیە $1\ \text{eV} = 1.60 \times 10^{-19}\ \text{J}$.
- کەمترین وزە کە ئەلیکترۆن پێویستی پێیەتی بۆ ڕزگاربوونی لە کانزاکە بەندە لەسەر لەرەلەری مۆڵەقەی کانزاکە.
- گەورەترین جووڵە وزەی ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان بەندە لەسەر پابەندە ئیش و لەرەلەری ئەو ڕووناکییەی کە تیشکدراوە بۆ سەر کانزاکە.

بەندی 8-2 سامپڵەکانی گەردیلە

- تاقیکردنەوەی ڕەزەرفۆرد دەریدەخات کە هەموو بارگە پۆزەتیفەکەی گەردیلە و زۆربەی بارستایی گەردیلە لە چەقی گەردیلەدا کۆبوونەتەوە.
- هەر گازێك دوو شەبەنگی تایبەتی خۆی هەیە دەرچوون و هەڵمژین.
- شەبەنگە گەردیلەییەکان بەهۆی سامپڵی بۆر بۆ گەردیلە لێکدراونەتەوە، کەوا ئەلیکترۆنەکان دەگوێزرێنەوە لە ئاستە وزەیەکەوە بۆ ئاستێکی تر، کاتێك فۆتۆنەکان هەڵدەمژن یان فۆتۆنەکان تیشك بدەن.

زاراوە بنچینەییەکان

تیشکدانی تەنی ڕەش
(ل224) Blackbody radiation

شکستی سەرو وەنەوشەیی
(ل225) Ultraviolet catastrophe

دیاردەی کارۆڕووناکی
(ل 228) Photoelectric effect

فۆتۆن (ل 229) photon

پابەندە ئیش
(ل 229) Work function

لادانی کۆمپتن
(ل 232) Compton shift

شەبەنگی دەرچوون
(ل 235) Emission spectrum

شەبەنگی هەڵمژین
(ل 236) Absorption spectrum

هێمای گۆڕاوەکان

هێندەکە	هێماکەی	یەکەکەی
وزەی فۆتۆن	E	J
لەرەلەری مۆڵەقە	f_o	Hz
پابەندە ئیش	hf_o	eV و J
گەورەترین جووڵە وزە	KE_m	eV و J

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

پێداچوونەوەی بەشی 8



پێدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

بەبڕبوونی وزە

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

1. لەبەرچی دەستەواژەی شکستی سەروو وەنەوشەیی بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی جیاوازی نێوان بۆچوونەکانی (گریمانەکانی) فیزیای کلاسیکی و داتا تاقیگەییەکانی تیشکدانی تەنی ڕەش.

2. دەستەواژەی (بڕ) چی دەگەیەنێت؟

3. پلانك گریمانی چی کرد بۆ ئەوەی داتا تاقیگەییەکانی تیشکدانی تەنی ڕەش لێکبداتەوە، گریمانەکەی پلانك جیاوازییەکەی چی بوو لەگەڵ فیزیای کلاسیکی؟

4. پەیوەندی نێوان جوول و eV چییە؟

5. تێبینییەکانی دیاردەی کارۆڕووناکی لەچیدا یەك ناگرنەوە لەگەڵ پێشبینییەکانی فیزیایی کلاسیکی.

6. دیاردەی لادانی کۆمپتن چی دەردەخات؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

7. کام لەم دوو فۆتۆنە وزەیەکی گەورەتری هەیە، فۆتۆنێکی تیشکی سەروو وەنەوشەیی یان فۆتۆنێکی ڕووناکی زەرد؟

8. ئەگەر تێبینی دیاردەی کارۆڕووناکی کانزایەکی دیاریکراوت کرد، بەبەکارهێنانی درێژی شەپۆلێکی دیاریکراو، ئایا دەتوانی پێشبینی ئەوە بکەی کە دیاردەکە تێبینی دەکرێت بەبەکارهێنانی کانزایەکی تر لەژێر هەمان بارودۆخدا؟

9. ئەو کاریگەریە چییە کە پێشبینی دەکەیت (ئەگەر هەبێت) بۆ پلەی گەرمی ڕوویەکی کانزایی لەسەر ئاسانی دەرچوونی ئەلیکترۆنەکان لە کانزاکەوە لە دیاردەی کارۆڕووناکیدا؟

10. فۆتۆنێك لایدا لە ئەنجامی بەریەککەوتنی لەگەڵ ئەلیکترۆنێکی جووڵاودا، ئایا دەکرێ لەرەلەری فۆتۆنەکە کەمبکات لە ئەنجامی بەریەککەوتن؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

پرسیارەکانی ڕاهێنان

11. بڕێك لە تیشکی کارۆ موگناتیسی وزەکەی 2.0 keV لەرەلەرەکەی چەندە؟

12. بەیەکەی eV وزەی فۆتۆنێك هەژمار بکە کە درێژی شەپۆلەکەی وەك ئەمانەی خوارەوە بێت:

أ. مایکرۆوەیڤ 5.00 cm

ب. ڕووناکی بینراو 5.00×10^{-7} m

ج. تیشکی (X)، 5.00×10^{-8} m

13. ڕووناکییەك لەرەلەرەکەی 1.5×10^{15} Hz تیشکدرایە سەر پارچەیەك تووتیا، لە ئەنجامدا ئەلیکترۆنەکانی ڕووناکی لە کانزاکەوە دەردەچن بە گەورەترین جووڵە وزە کە بڕەکەی 1.2 eV لەرەلەری مۆلەقەی کانزاکە چەندە؟

14. لەرەلەری مۆلەقەی زیو یەکسانە بە 1.14×10^{15} Hz پابەندە ئیشی زیو چەندە؟

سامپڵەکانی گەردیلە

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

15. تاقیکردنەوەی تەنکە کانزاکە چی لای ڕەزەرفۆرد دەرخست؟

16. ئەگەر ڕاستی سامپڵی ڕەزەرفۆرد سەلمێنرا، گەردیلەکان دەکەونە بارێکی تەواو ناجێگیرەوە؟ ئەمە لێکبدەرەوە؟

17. چۆن دەتوانین شەبەنگی هەڵمژراوی گازێك بەکاربێنین بۆ ناسینەوەی ئەو گازە؟

18. ئەو مەرجانە چی بوون کە سامپڵی بۆر داینا لەسەر جووڵەی ئەلیکترۆن لەناو گەردیلەدا؟

19. سامپڵی بۆر بۆ گەردیلەی هایدرۆجین لەچیدا لە سامپڵی ڕەزەرفۆرد دەچێت.

20. سامپڵی بۆر چۆن شەبەنگە گەردیلەییەکان لێکدەداتەوە؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

21. ڕوونیبکەرەوە بۆچی ئەو درێژی شەپۆلانەی لە شەبەنگی هەڵمژراوی هەر توخمێکدا هەیە لە شەبەنگی دەرچوونیشیدا هەیە.

22. هەمیشە تێبینی ئەوە دەکرێت کە هێڵەکانی دەرچوون زیاترن لە هێڵە هەڵمژراوەکان لە شەبەنگە گەردیلەییەکانی زۆربەی توخمەکاندا، ئەمە لێکبدەرەوە.

پرسیارەکانی ڕاهێنان

23. وزەی ئەلیکترۆنەکانی هایدرۆجین لە باری جێگیریدا (E_1) یەکسانە بە $-13.6\ \text{eV}$ بەبەکارهێنانی ئەم نرخەو هێڵکاری ئاستەکانی وزە لە نموونەی 8 (ج)دا لەرەلەری فۆتۆنە دەرچووەکان هەژمار بکە کاتێک ئەلیکترۆنەکان دادەبەزن لەم ئاستانەوەبۆ ئاستی جێگیر:

أ. E_2
ب. E_3
ج. E_4
د. E_5

24. هێڵکاری شەبەنگی دەرچوون بکێشە کە شوێنە ڕێژەییەکانی هێڵەکانی دەرچوون دەربخات کە فۆتۆنەکان پەیدای دەکەن لە پرسیاری 23دا، ئەم هێڵانە دەکەونە چ بەشێکی شەبەنگە کارۆموگناتیسییەکانەوە؟

پێداچوونەوەی گشتی

25. سەرچاوەیەکی ڕووناکی درێژی شەپۆلەکەی λ یە دەکەوێتە سەر کانزایەك و ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان دەردەکات کە گەورەترین جووڵە وزەیان $1.00\ \text{eV}$، سەرچاوەیەکی ڕووناکی تر (دووەم) درێژی شەپۆلەکەی $\frac{1}{2}\lambda$ یە ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان دەردەکات کە گەورەترین جووڵە وزەیان $4.00\ \text{eV}$ پابەندە ئیشی کانزاکە چەندە؟

26. بارستاییەکی $0.50\ \text{kg}$ لە بەرزی $3.0\ \text{m}$ دەکەوێتە خوارەوە ئەگەر بتوانرێت هەموو وزەی ئەم بارستاییە بگۆڕێت بۆ ڕووناکی بینراو، کە درێژی شەپۆلەکەی $5.0 \times 10^{-7}\ \text{m}$ بێت، ئایا ژمارەی فۆتۆنە بەرهەمهاتووەکان چەند دەبێت؟

27. ڕووناکییەکی سوور $(\lambda = 670.0\ \text{nm})$ ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان لە کانزایەکی دیاریکراو پەیدادەکات، لەکاتێکدا ڕووناکییەکە سەوز $(\lambda = 520.0\ \text{nm})$ ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان لە هەمان مادە پەیدادەکات بەگەورەترین جووڵە وزە کە دەکاتە 1.50 ئەوەندەی گەورەترین جووڵە وزەکەی لە باری پێشوودا، پابەندە ئیشی ئەم مادەیە چەندە؟

پڕۆژە و ڕاپۆرتەکان

1. ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەم تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریان هەبووە لەسەر ژیانی هەریەك لەو زانایانە بۆر، ئەنیشتاین، پلانك و هایزنبرگ. توانیان خەڵاتی نۆبڵ وەربگرن بە هۆی بەشداریکردنیان لە پەرەپێدانی فیزیا لەسەدەی بیستەمدا. لە ژیانی هەریەك لەم زانایانە بکۆڵەرەوە سەبارەت بە کاریگەری جەنگ لەسەریان، بیر و بۆچوونیان چبوە دەربارەی جەنگ و زانست و سیاسەت لە ماوەی جەنگ و دوای جەنگ؟ ڕاپۆرتێك بنوسە دەربارەی ئەو زانیاریانەی بەدەستت کەوتووە لەسەر هەریەکەیان. بیرو بۆچوونی ئەو گرووپەی بەشداری لێکۆڵینەوەکەیان کردوو دەربخە دەربارەی ڕۆڵ و بەپرسیاریەتی زاناکان لە سیاسەتدا.

2. لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدە دەربارەی هێڵی کاتی (t) پەرپێدانی بیردۆزە گەردیلەییەکان. ئەو دیاریدانە بڵێ کە بووەتە هۆی پەرەپێدانی بیردۆزەکە لە هەر جارێکدا. وەناوی ئەو زانایەی هەڵساوە بە پەرەپێدانی، ئینجا بەردەوام بووە لە پەرەپێدانی لەسەر بنەمای بیردۆزی میکانیکی بڕ.

Ferkar



هەڵسەنگاندنی بەشی 8

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

1. هاومانای (برێك لە ڕووناكی) چییە؟
أ. تیشكدانی تەنی ڕەش. ج. لەرەلەر.
ب. ئاستی وزە. د. فۆتۆن.

2. پشت بە فیزیای كلاسیك ببەستە، وا دابنێ كە ڕووناكی تیشك دەدرێت بۆ سەر ڕوویەكی هەستیار بۆ ڕووناكی، چی ئەو كاتە دیاری دەكات كە ئەلیكترۆنەكان دەیخایەنن پێش دەرچوونیان لە ڕووەكەوە؟
أ. لەرەلەر. ج. وزەی فۆتۆن.
ب. توندی. د. درێژی شەپۆل.

3. بەپێی بیردۆزی فۆتۆنی ئانیشتاین، توندی ئەو ڕووناكییەی دەكەوێتە سەر كانزاكە چی دیاری دەكات؟
أ. ژمارەی ئەو فۆتۆنانەی دەكەونە سەر كانزاكە لە كاتێكی دیاریكراودا.
ب. وزەی ئەو فۆتۆنانەی دەكەونە سەر كانزاكە.
ج. ئەگەر ئەلیكترۆنە ڕووناكی هەبێت و دەرچوویێت.
د. KE_m ی ئەلیكترۆنە ڕوناكییە دەرچووەكان.

4. فۆتۆنێكی تیشكی X پەرشبووەوە كاتێك بەر ئەلیكترۆنێكی وەستاو كەوت، چۆن بەراوردی لەرەلەری فۆتۆنە پەرشبووەكە دەكەیت لەگەڵ لەرەلەری پێش پەرشبوونەوەی:
أ. لەرەلەرە نوێیەكە بەرزترە.
ب. لەرەلەرە نوێیەكە كەمترە.
ج. لەرەلەرەكە هەمان لەرەلەرە.
د. فۆتۆنە پەرشبووەكە لەرەلەری نیە.

5. كام لەمانەی خوارەوە سامپڵی تومسون بۆ گەردیلە پوخت دەكاتەوە:
أ. گەردیلەكان پتەو چونیەكن و ناشكێن.
ب. ئەلیكترۆنەكان نوقم بوون لەناو گۆیەكدا كە بارگەی پۆزەتیڤە.
ج. ئەلیكترۆنەكان بە دەوری ناوكدا دەسوڕێنەوە بەشێوەیەك كە لە سوڕانەوەی هەسارەكان دەچێت بە دەوری خۆردا.
د. ئەلیكترۆنەكان تەنها لە ئاستە وزە لەیەكجیاكاندا هەن.

6. چی ڕوودەدات كاتێك ئەلیكترۆنێك دەگوازرێتەوە لە ئاستێكی دیاریكراو بۆ ئاستێكی نزمتر لە گەردیلەدا؟
أ. وزە هەڵدەمژێت لەسەرچاوەیەكی دەرەوەی گەردیلەكەوە.
ب. ئەو وزەیە زیاد دەبێت كە لە بواری كارۆ موگناتیسی ناو گەردیلەدا هەیە.
ج. وزە دەردەكات لە ڕادەیەكی لێكنەپچڕاوی نرخەكاندا.
د. فۆتۆن دەردەكات كە وزەكەی دەكاتە جیاوازی وزەی نێوان دوو ئاستەكە.

هێڵكاری ئاستە وزەی هایدرۆجین كە لە خوارەوەیە بەكاربهێنە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری 7، 8.



7. لەرەلەری فۆتۆنی دەرچوو چەندە؟ كاتێك ئەلیكترۆن بازدەدات لە E_5 بۆ E_2 ؟
أ. 2.86 eV
ب. 6.15×10^{14} Hz
ج. 6.90×10^{14} Hz
د. 4.31×10^{33} Hz

8. لەرەلەری ئەو فۆتۆنە چەندە كە هەڵدەمژرێت كاتێ ئەلیكترۆن باز دەدات لە E_2 بۆ E_3؟
أ. 1.89 eV
ب. 4.56×10^{14} Hz
ج. 6.89×10^{14} Hz
د. 2.85×10^{33} Hz

9. جۆری ئەو شەبەنگە چییە کە پەیدا دەبێت کاتێك جیاوازی ئەرکێکی بەرز بخرێتە سەر گازێکی گەردیلەیی پوخت؟
أ. شەبەنگی دەرچوون.
ب. شەبەنگی هەڵمژراو.
ج. شەبەنگی لێکنەپچڕاو.
د. شەبەنگی بینراو.

10. جۆری ئەو شەبەنگە چییە کە بەکاردەهێنرێت بۆ ناسینەوەی توخمەکان لە کەشی (گازەکانی دەوری ئەستێرەکان.
أ. شەبەنگی دەرچوون.
ب. شەبەنگی هەڵمژراو.
ج. شەبەنگی لێکنەپچڕاو.
د. شەبەنگی بینراو.

ئەو پرسیارانەی وەڵامی کورتیان هەیە

11. وزەی فۆتۆنێکی ڕووناکی چەندە کە لەرەلەرەکەی $f = 2.80 \times 10^{14}$ Hz ؟ وەڵامەکەت بە یەکەی J و eV بنووسە:

12. ڕووناکییەك درێژی شەپۆلەکەی 3.0×10^{-7} m بوو خرایە سەر کانزاکانی لیثیۆم و ئاسن و جیوە، کە پابەندە ئیشەکانیان 2.3 eV و 3.9 eV و 4.5 eV بوو یەك لە دواییەك، کام لەم کانزایانە دیاردەی کارۆڕووناکیان تێدا ڕوودەدات؟ گەورەترین جووڵە وزەی ئەلیکترۆنە ڕووناکییەکان هەژمار بکە بۆ هەر کانزایەك کە دیاردەی کارۆڕووناکی تێدا ڕوودەدات.

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژیان هەیە

13. وەسفی سامپڵی بۆر بۆ گەردیلە بکە. گریمانەکانی بۆر باس بکە کە وەرچەرخانێکی دروستکرد لە گریمانەکانی فیزیای کلاسیکیدا، ڕوونیبکەرەوە چۆن سامپڵی بۆر شەبەنگە گەردیلەییەکان لێکدەداتەوە.

14. ئەلیکترۆنەکان لە ڕوویەکەوە دەردەچن بە خێراییەك کە دەگاتە 4.6×10^{5} m/s بەبەکارهێنانی ڕووناکییەك درێژی شەپۆلەکەی 625 nm.
أ. پابەندە ئیشی ڕووەکە چەندە؟
ب. لەرەلەری مۆلەقەی ئەو ڕووە چەندە؟ ڕێگەی کارکردنت ڕوونبکەرەوە.

بیرۆکەیەکی بەسوود بۆ تاقیکردنەوە

هەموو وەڵامەکان بە وردی بخوێنەرەوە لەکاتی هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاستدا، بە وەڵامە هەڵەکان هەڵمەخەڵەتێ کە یەکەمجار تەماشای دەکەیت لەوانەیە وا دەربکەوێت کە ڕاستە.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بەشی 9

ئەلیکترۆنیکسی نوێ

Modern Electronics



وێنەکە تەنکۆڵەیەکی سلیکۆن پیشاندەدات کە چەندەها بەللورە لەخۆ دەگرێت و لە لم دەرهێنراوە (دروستکراوە)، هەرچەندە سلیکۆن مادەیەکی نیمچە گەیەنەرە، بەڵام دەکرێت بە تێکردنی چەند گەردیلەیەك خڵتە بەرێژەیەکی بەرچاو گەیاندنەکەی بگۆڕدرێت، بەتێکردنی خڵتە بە وردی و وریایی هاوکات هەڵکۆڵینێکی ورد لەگەڵیدا دەکرێت لەسەر ڕووی تەنکۆڵەکە سورە کارەبایی تەواوکراو پێکبێت کە خاسیەتی کارەبایی تایبەتی دەبێت، ئەگەر لەکاتی تاقیکردنەوەی تەنکۆڵەکەدا، هیچ ناتەواوییەك دەرنەکەوێت ئەوا تەنکۆڵەکە بەهۆی مقەستێکی ئەڵماسەوە توێ توێ دەکرێت و پاشان کۆدەکرێنەوەو لە دەزگا ئەلیکترۆنییەکاندا بەکاردەهێنرێن.

ئەوەی کە پێشبینی بەدیهێنانی دەکرێت

لەم بەشەدا مادە گەیەنەرو نیمچە گەیەنەرو نەگەیەنەرەکان دەناسیت، هەروەها ئەوەش فێردەبیت کە چۆن بەکارهێنانی پارچەی لە نیمچە گەیەنەر دروستکراو کۆنترۆڵی تەزووی کارەبایی دەکات.

گرنگییەکەی چییە

هیچ دەزگایەکی کارەبایی کە لەم سەردەمەدا بەکاری دێنین، نیە ترانستەر یان تەنکۆڵەی تێدا نەبێت، هەر لە یارییە کارەباییەکانەوە تا دەگاتە کۆمپیوتەرو مانگە دەستکردەکان.

ناوەڕۆکی بەشی 9

1 گەیاندن لە تەنە ڕەقەکاندا.
- پۆلێنکردنی تەنە ڕەقەکان.
- بیردۆزی گورزەکان.
- گەیاندن و گواستنەوەی ئەلیکترۆنەکان.

2 بەجێهێنانەکانی مادە نیمچە گەیەنەرەکان
- بەخڵتەکردنی مادە نیمچە گەیەنەرەکان
- بللورە (کریستاڵە) دوانییەکان (دایۆد).
- ترانزستەرەکان.
- سورە کارەباییە تەواوکراوەکان.

3 گەیەنەرە تێرگەیاندنەکان
- پلەی گەرمی و توانای گەیاندن.
- بیردۆزی باردین- کوپر- شریفر (**BCS**).
- بەجێهێنانەکانی تێر گەیاندن.

بەندی 1-9

گەیاندن لە تەنە ڕەقەکاندا
Conduction in the solid state

1-9 ئامانجەکانی بەندەکە

• جیاوازی دەکات لە نێوان گەیەنەرو نەگەیەنەرو نیمچە گەیەنەرەکاندا.

• ئەلیکترۆنەکانی هاوهێزی دیاری دەکات.

• ڕۆڵی گورزەکانی وزە لە توانای گەیاندنی کارەباییدا وەسف دەکات.

پۆلێنکردنی تەنە ڕەقەکان

فێری ئەوە بوویت، کە دەکرێت مادەکان بەپێی توانای گەیاندنی کارەباییان پۆلێن بکرێن، گەیەنەری باش ژمارەیەکی زۆر بارگە هەڵگری سەربەستیان تێدایە کە دەتوانن زۆر بەئاسانی بەناو مادەکەدا بجووڵێن، و نەگەیەنەرەکانیش ژمارەیەکی کەم بارگەی کارەبایی سەربەستیان تێدایەو هەمیشە بەنزیکراوەیی وەستاوو جێگیرن، بەڵام نیمچەگەیەنەرەکان خاسیەتێکیان هەیە دەکەوێتە نێوان خاسیەتەکانی گەیەنەرو نەگەیەنەرەکانەوە، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان توانای گەیاندنی گەیەنەرو نیمچەگەیەنەرو نەگەیەنەرەکاندا، بۆی هەیە ئەم جیاوازیانە بەهۆی جیاوازی گورزەکانی وزەوە بێت، کە لەم بەندەدا باسیان دەکرێت.

لە داهێنانەکانی فیزیای دۆخی ڕەقی پەرەپێدانی بیردۆزێکە کە بنەما بنچینەییەکانی فیزیا بەکاردێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك لە خاسیەتەکانی هەرسێ جۆری مادەکان.

پێویستی بۆ بوونی سامپڵێکی زیاتر ئاڵۆز بۆ گەردیلەو بۆ تەنە ڕەقەکان

ئەو سامپلانەی لە سەرەوە باسکران، تەنی ڕەق وا پیشان دەدەن هەروەك لە کۆمەڵ ناوکێکی گەردیلەکان پێکهاتبێت کە بارگەی پۆزەتیڤیان هەیەو بە دەوریاندا چەندەها ئەلیکترۆنی تایبەت بە خۆی هەن، ئەم سامپڵە ساکارە وردییەکی تەواوی نییە، بۆ نموونە ڕوونیناکاتەوە بۆچی ئەلیکترۆن هەندێك جار سەربەستەو هەندێکجار بەناوکەکانەوە بەستراون. هەروەها ئەم سامپڵە جیاوازی توانای گەیاندنی مادەی گەیەنەرو نەگەیەنەر وەك دوو کۆمەڵ ڕوون ناکاتەوە، هەروەها جیاوازی توانای گەیاندنی مادەکان لە کۆمەڵەی گەیەنەرەکان یان نەگەیەنەرەکان ڕوون ناکاتەوە، بۆیە پێویستیمان بەبوونی سامپڵێکی تایبەت بە گەردیلەو هەروەها تایبەت بە تەنە ڕەقەکان هەیە، لەم بەندەدا هەوڵی ئەوە دەدەین.

ناووك ناوچەیەکە چڕی زۆرە لە چەقی گەردیلەکەدایە. لە پرۆتۆنی بارگە پۆزەتیڤ و نیوترۆنی بێ بارگە پێکهاتووە، ناوکەکانیش بە ئەلیکترۆنی بارگە نێگەتیڤ دەورە دراون کە بەسەر زنجیرەیەك چیندا دابەشبوونە، هەروەك لە وێنەی **1-9** دا ڕوونکراوەتەوە، گەردیلەی بێ بارگەیە واتە هاوتایە بارگەی گشتی کارەبایی نییە.



وێنەی 1-9
ئەمە شێوەکان و قەبارە نزیکەییەکانی ناوچەکانی دەوری ناووك، کە ئەلیکترۆنیان بەپێی ئاستەکانی وزەی تێدایە.

ئەلیکترۆنەکانی هاوهێزی سیفەتە کیمیاییەکانی گەردیلە دیاری دەکەن

ژمارەی ئەلیکترۆنەکانی گەردیلەیەك لە نێوان (1) تا زیاتر لە (100) ئەلیکترۆندا دەگۆڕێت، بەپێی جۆری گەردیلەکە. دەتوانیت دابەشبوونە ئاڵۆزەکەی ئەلیکترۆن بە دەوری ناوکە بارگە پۆزەتیڤەکاندا ئاسان بکەیت، بۆ ئەوەش سامپڵێك بەکاردێنین کە تیایدا ئەلیکترۆنەکان لە چەند کۆمەڵێك یان چینێکدان، هەر کۆمەڵێك لە ناوچەیەکدایە کە شێوەیەکی تایبەتی وەك گۆی هەیە، هەروەك وێنەی **1-9**.

کاتێك ماوەی نێوان ئەلیکترۆن و ناووکی گەردیلە (کە بارگەی پۆزەتیڤی هەیە) زیاد دەکات هێزی کارەبایی نێوانیان کەمدەکات بەوەش ئەلیکترۆنەکە بەهێزێکی کەمتر بە گەردیلەکەوە دەبەسترێت، ئەم ئەنجامە تا ڕادەیەك ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی ئەلیکترۆنەکانی هاوهێزی (ئەلیکترۆنەکانی چینی دەرەوەی گەردیلەکان) بە هێزێکی کەمتر بەناوکی گەردیلەوە بەستراون لەچاو ئەلیکترۆنەکانی چینەکانی ناوەوەدا.

لەبەرئەوەی ئەلیکترۆنەکانی چینە دەرەکییە دوورترەکان، کە پێیان دەگوترێت **ئەلیکترۆنەکانی هاوهێزی** Valence electrons کەمتر بە گەردیلەکەوە بەستراون، ئەو ئەلیکترۆنانەن کە دەبنە هۆی ڕوودانی کارلێکە کیمیاوییە توندی زۆرترەکان لەگەڵ گەردیلەکانی تردا، لە ئەنجامدا ڕەوشتی ئەلیکترۆنە هاوهێزییەکان خاسیەتە کیمیاییەکانی گەردیلە دیاری دەکات، دەکرێت ئەلیکترۆنەکانی چینەکانی ناوەوەی گەردیلەو ناوکەکەی وەك تەنها بارگە خاڵێك دابنرێن کە بە ئەلیکترۆنی هاوهێزی دەورە دراون.

ئەلیکترۆنی هاوهێزی

ئەلیکترۆنێکە لە دوورترین چینی دەرەوەی ناووکی گەردیلەدا هەیە.

ئەلیکترۆنەکان لە ئاستە وزەکاندا دابەشدەبن

لەکاتی خوێندنی نمونە گەردیلەکەی (بۆر)دا زانیمان کەوا ئەلیکترۆنەکانی گەردیلە وزەکانیان نرخێکی دیاریکراویان هەیە، بۆیە هەندێکجار دەگوترێت ئەلیکترۆنەکانی ئاستە وزەی تایبەت داگیر دەکەن، ئەو ئەلیکترۆنانەی لە هەر چینێکدان هەندێکجار کۆمەڵێك ئاستە وزەی زۆر نزیك لە یەکتر پێکدێنن، هەمیشە ئەلیکترۆنەکان لە ئاستە وزە نزمەکاندا دەبن، ئەو ڕیزبوونە تایبەتیەی ئەلیکترۆنەکان کاتێك لە ئاستە وزە نزمەکاندا دەبن پێی دەگوترێت **باری زەمینی** Ground state گەردیلە.

هەندێکجار گەردیلە دەتوانێت وزە لە دەورووبەرەکەیەوە بمژێت، ئەگەر وزە هەڵمژراوەکە بەش بکات ئەوا ئەلیکترۆنێك دەتوانێت بچێتە ئاستە وزەیەکی بەرزترەوە، هەر کاتێك ئەوە ڕوویدا دەگوترێت گەردیلەکە چووە باری **وروژاوییەوە** Excited state. هەروەها دەشێت ئەلیکترۆن وزەیەکی زیاتر هەڵبمژێت و هیچ پەیوەندییەکی بەناووکەوە نەمێنێت، لەو کاتەدا دەگوترێت ئەلیکترۆنەکە سەربەست دەبێت.

باری زەمینی گەردیلە

باری نزمترین وزەیە بۆ سیستمێکی بڕبڕکراو.

باری وروژاو

بارێکە گەردیلە تیایدا لە باری زەمینیدا نییە.

بیردۆزی گورزەکان

ئەو سامپڵەی کە دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی هۆی دابەشکردنی مادە ڕەقەکان بۆ سێ جۆر گەیەنەرو نەگەیەنەرو نیمچەگەیەنەر بزانین، پێی دەگوترێت بیردۆزی گورزەکان. بیردۆزی گورزەکان دەتوانێت میکانیزمی گەیاندن لە زۆربەی تەنە ڕەقەکان و ئەو گۆڕانە گەورانەی لە توانای گەیاندنی کارەبایی ئەم مادانەدا ڕوودەدات لێکبداتەوە، کاتێك چەند گەردیلەیەکی هاوشێوە لە یەکتر دووردەبن چەند جۆرێك لە ئاستەوزەی هاوشێوەو نەخشەی شێوە شەپۆلی هاوشێوەیان دەبێت، کاتێکیش ئەم گەردیلانە لە یەکتر نزیك دەخرێنەوە نەخشە شەپۆلەکانیان بەیەکدا دەچن، وە لەبەرئەوەی ناکرێت دوو ئەلیکترۆنی سیستمەکە لە هەمان باردا بن، بۆیە ئاستی وزە لە گەردیلەیەکی دیاریکراودا، لەژێر کاریگەری بواری کارەبایی گەردیلەکەی تردا دەگۆڕێت، ئەگەر دوو گەردیلە لە یەکتر نزیك بن ئەوا ئاستە وزەکە دابەش دەبێت بۆ دوو ئاستە وزەی جیاوازو لەیەکتر نزیك.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



وێنەی 2-9

کاتێك دوو گەردیلە لە یەکتر نزیك بن ئاستەکانی وزە دابەش دەبن (أ) نزیك خستنەوەی هەندێك گەردیلەی تر دەبێتە هۆی زیاتر دابەشبوون. (ب) کاتێك چەند گەردیلەیەك لەگەڵ یەکتردا کارلێکدەکەن ئاستەکانی وزە ئەوەندە لە یەکتر نزیك دەبنەوە دەشێت بەشێوەی گورزە بنوێنرێن (ج).

لە **وێنەی 2-9** دا دابەشبوونی دوو ئاستە وزەکە پیشاندەدات کاتێك دوو گەردیلەکە لە یەکتر نزیك بن، سەیرکە جیاوازی وزە لەنێوان دوو ئاستە وزە تازەکەدا لەسەر دووری نێوان دوو گەردیلەکە بەندە.

کاتێك چەند گەردیلەیەك لە یەکترنزیك دەخرێنەوە هەر ئاستە وزەیەك دابەش دەبێت بۆ چەند ئاستێك، ژمارەی دابەشبوونەکان لەسەر ژمارەی گەردیلە کارلێکردووەکان بەندە، کاتێك چەند گەردیلەیەك لە یەکدی نزیك بن ئەوا ئاستە وزەکە چەند جارێك دابەش دەبێت و ئاستەوزە تازەکانیش زۆر لە یەکتر نزیك دەکەونەوە، وە جیاوازی وزە لە نێوان دوو ئاستی تەنیشت یەك زۆر کەمە بەجۆرێك دەشێت بە گورزە وزە دابنرێن.

کاتێك گەردیلەکان زۆر لە یەکتر نزیك بن هەندێك لە ئاستە وزەکان دەبن بە گورزە وزە

کاتێك گەردیلەکانی تەنی ڕەق بەیەکترەوە دەبەسترێن ئاستەکانی وزەی تاکە گەردیلەیەك فراوان دەبێت و دەبێتە گورزە وزە هەروەك ئەوەی لە **وێنەی 3-9** دا دیارە.

گرنگترین گورزە وزە بەرزترین گورزەیە کە ئاستە وزەی پڕ لە ئەلیکترۆنی تێدایە، و پێی دەگوترێت گورزەی هاوهێزی. لە تەنە ڕەقە نەگەیەنەرو نیمچەگەیەنەرەکاندا ئەلیکترۆنە هاوهێزییەکانیان کارەبا ناگەیەنن، بەڵام لە تەنە ڕەقە گەیەنەرەکاندا ئەلیکترۆنەکانی هاوهێزی توانای کارەبا گەیاندنیان دەبێت.

دەشێت ژمارەیەکی زیاتر لە گورزە هەبن، کە وزەکەیان لە وزەی گورزەی هاوهێزی کەمتر بێت و ئەم گورزانەش تەواو پڕن لە ئەلیکترۆن، بۆیە لە دیاریکردنی خاسیەتە کارەباییەکانی تەنە ڕەقەکاندا دورێکی کەمیان هەیە.

بێجگە لە گورزەی هاوهێزی گورزەی دیکەش هەیە کە وزەی زیاتریان هەیەو ئەلیکترۆنیان تێدا نییە، ئەو گورزە بەرزەی ڕاستەوخۆ لە دوای گورزەی هاوهێزییەوە دێت لە مادده نیمچە گەیەنەرەکاندا پێی دەگوترێت گورزەی گەیاندن. کاتێك گەردیلەیەك دەورووژێنرێت لەوانەیە ئەلیکترۆنەکانی هاوهێزی بگوێزرێنەوە بۆ ئەم گورزەی گەیاندنە، بەوەش ئەم ئەلیکترۆنانە هاوبەشی لە کارەبا گەیاندندا دەکەن، وەك لە دواوە باسی دێت.



وێنەی 3-9

ئاستەکانی وزە لە گەردیلەکاندا دەبن بە گورزەکانی وزە لە تەنە ڕەقەکەدا. گورزەی هاوهێزی بەرزترین گورزەیە کە ئەلیکترۆنەکان داگیری دەکەن.

جاروبار لە نێوان گورزەکاندا کەلێنە وزە هەیە

ئەو مەودا وزەیەی لە نێوان گورزەی هاوهێزی و گورزەی گەیاندندا هەیە پێی دەگوترێت گورزە وزە یان کەلێنە گورزە Band gap هەروەك لە **وێنەی 3-9** دا دیارە. کەلێنە وزە لە مادەی نەگەیەنەرو نیمچەگەیەنەردا هیچ ئەلیکترۆنێکی تێدا نابێت کە وزەی هەبێت، وە لەبەرئەوەی ڕێگە بە ئەلیکترۆن نادرێت کە لە ئاستە وزەکانی کەلێنە وزەی مادەیەکی ڕەقی نەگەیەنەر یان نیمچەگەیەنەردا هەبێت، بۆیە جاروبار بەناوی (کەلێنە وزەی دابڕاو) دەناسرێت.

کەلێنە وزە

مەودایەکی وزەیە کە بەرزترین گورزە وزەی پڕ لە ئەلیکترۆن و نزمترین گورزە وزەی بێ ئەلیکترۆن لە یەکتر جیادەکاتەوە.

پێوانەی کەلێنە گورزەکان بەپێی مادەکان دەگۆڕێت و لەم جیاوازیەشەوە خاسیەتی جیاجیا پەیدا دەبێت. لە تەنی ڕەقی نەگەیەنەردا کەلێنەکە ئەوەندە فراوانە هیچ ئەلیکترۆنێك ناتوانێت وزەیەکی وا وەربگرێت و لە گورزەی هاوهێزییەوە بچێت بۆ گورزەی گەیاندن، لە نیمچەگەیەنەردا کەلێنەکە تارادەیەك بچوکترە، بۆیە دەشێت ئەلیکترۆن لە هاوهێزییەوە بۆ گەیاندن بچێت، لە گەیەنەریشدا کەلێنە وزەکە دیار نامێنێت بەوەش گورزەی هاوهێزی تا ڕادەیەك ئەلیکترۆنی تێدا دەبێت.

دەشێت گورزە وزەکان تەواو پڕ بن یان پڕ نەبن

هەمیشە ئەلیکترۆنەکانی تەنە ڕەقەکان لە ئاستە وزە نزمەکانی گەردیلەکاندا دەبن، لە گەردیلەدا ئەلیکترۆنەکان لە پێشدا ئاستە وزە نزمەکان پڕ دەکەن، هەتا ئەم ئاستانە بە تەواوەتی پڕ نەبن ئەلیکترۆن ناچێتە گورزە وزە بەرزەکان.

لە تەنی ڕەقدا ئەگەر هاتوو ژمارەی ئەلیکترۆنەکان لە ئاستە وزە نزمەکاندا زۆرتر بوو، ئەوا ئەو ئاستە وزەیە پڕ دەبێت، وە لەبەرئەوەی هەر ئاستە وزەیەك ژمارەیەکی دیاریکراو ئەلیکترۆن دەگرێتەخۆ، بۆیە ئەلیکترۆنە زیادەکان دەچنە ئاستە وزەیەکی بەرزتری ڕاستەوخۆ دوای ئەو ئاستە وزەیەی پێشوو.

لە گورزە وزەی هەندێك مادەدا ژمارەی ئاستە وزەکان لە ژمارەی ئەلیکترۆنەکان زیاترە، لەم بارەدا گورزەکە بەتەواوی پڕ نابێت لە ئەلیکترۆن، تەواو پڕبوون یان پڕنەبوونی ئاستەوزە بەرزەکە لە دیاریکردنی خاسیەتە کارەباییەکانی مادەیەکی دیاریکراودا گرنگە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە خاسیەتە کارەباییەکانی ئەو مادانەی گورزە وزەکەیان تەواو پڕ نییە جیاوازە لە خاسیەتەکانی ئەو مادانەی گورزە وزەکەیان تەواو پڕە.

ئەلیکترۆنەکان دەتوانن لە نێوان ئاستە وزەکانی تەنێکی ڕەقدا بگوێزرێنەوە

تۆ ئەوە دەزانیت کەوا هەر کاتێك گەردیلە وزە بمژێت لەوانەیە ئەلیکترۆن لە ئاستە وزەی نزمەوە بەرزبێتەوە بۆ ئاستە وزەیەکی بەرزتر، بەڵام ئەلیکترۆن تەنها دەتوانێت ئەو وزانە بمژێت کە بڕەکەیان بەقەدەر جیاوازی نێوان ئاستە وزەکانە.

لە تەنی ڕەقیشدا دەکرێت ئەوە ڕووبدات و ئەلیکترۆن دەتوانێ وزە بمژێت و بچێتە ئاستە وزەیەکی بەرزتر. پێویستە ئەلیکترۆن بۆ ئەو مەبەستە وزەی گونجاوی بدرێتێ.

وێنەی 4-9 جۆرێکە هەرسێ گورزەکەی تەنی ڕەق دەردەخات لەگەڵ کەلێنەوزەی نێوان هەموو دوو گورزەیەکیان، هەر چەندە ئەو گورزانە یەك ڕەنگیان هەیەو پارچە پارچەش نەکراون، بەڵام لە ڕاستیدا لە چەند ئاستە وزەیەکی زۆرو نزیك یەکتر پێکدێت، هەموو ئاستە وزەکانی دوو گورزە نزمەکە بەتەواوەتی پڕن لە ئەلیکترۆن.

گواستنەوە شیاوەکانی ئەلیکترۆن لەم تەنە ڕەقەدا کامانەن؟ لەبەرئەوەی ئاستە وزەکانی گورزەی گەیاندن پڕ نین، بۆیە تەنها ئەو گواستنەوانەی بە (أ) و (ب) نوێنراون شیاون، بەڵام گواستنەوەی (أ) ئاسانتر ڕوودەدات لە چاو گواستنەوەی (ب) چونکە گواستنەوەی (أ) وزەی کەمتر دەوێت، لەبەر ئەم هۆیە ئەو ئاستە وزانەی دەکەونە خوار گورزەی هاوهێزییەوە هیچ کاریگەرییەکی بەرچاویان. لە دیاریکردنی خاسیەتە کارەباییەکانی مادەکاندا نابێت، بۆ وروژاندنی ئەو ئەلیکترۆنانەی لە ئاستە وزە نزمەکاندان و گواستنەوەیان بۆ ئاستێکی بەرزتری نیوە پڕ بڕێکی زۆر وزەمان دەوێت، بەبێ پێدانی وزەیەکی گونجاو ئەلیکترۆنەکە لە جێگەکەی خۆیدا دەمێنێتەوەو هیچ کارێك لە خاسیەتە کارەباییەکان ناکات، هەروەك ئەلیکترۆنە هاوهێزییەکانی تر.

ئایا دەزانیت؟

هەرچەندە گورزەکانی وزە لە هەموو تەنە ڕەقەکاندا هەیە، بەڵام دەستەواژەی (گورزەکانی وزە) تەنها لە ماددە ڕەقە بەللوریەکاندا بەکاردەهێنرێت، مادەی بەللوری ئەو ماددانەن کە گەردیلەکان تیایاندا بەچەندەها شێوەی ڕێك و دووبارەبووەوە ڕیز بوونە.



وێنەی 4-9

گواستنەوەکانی ئەلیکترۆن تەنها لە نێوان ئەو ئاستە وزانەدا ڕوودەدات کە تەواو پڕنین، هەروەك هەردوو گواستنەوەکەی (أ) و (ب)، بەڵام گواستنەوەی (ب) وزەیەکی زیاتری دەوێت لەبەرئەوە بە ئاسانی ڕوونادات.

گەیاندن و گواستنەوەی ئەلیکترۆنەکان

لەوەی پێشەوە بیردۆزی گورزەکانمان بۆ تەنە ڕەقەکان و ڕێگەکانی گواستنەوەی ئەلیکترۆن لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر لەناو یەك گورزەدا یان لە گورزەیەکەوە بۆ گورزەیەکی تر زانی، ئەم گواستنەوانە گواستنەوەی ئەلیکترۆنەکان نانوێنێت، بەڵکو ئەو گۆڕانانە دەنوێنێت کە لە وزەی ئەلیکترۆنەکاندا ڕوودەدات.

جوڵەی ئەلیکترۆنەکان خۆیان لەناو تەنی ڕەقدا، واتە گەیاندنی کارەبا، بەندە لەسەر دابەشبوونی ئەلیکترۆنەکان بەسەر گورزەکانی تەنە ڕەقەکەدا، چونکە ئەلیکترۆنە جوڵاوەکان بە ئاڕاستەی ئاستە وزە خاڵییەکە دەجوڵێن. ئەلیکترۆنە وا بەستەکانی (بەستراوەکانی) گەردیلە بۆ ڕزگاربوون لەو هێزە کارەباییەی وادەکات لەناو گەردیلەکەدا بیهێڵێتەوە، پێویستی بە وزە هەیە، دەکرێت ئەلیکترۆنێك بۆ ئاستە وزەیەکی بەرزتر بگوێزرێتەوە، بەیەکێك لەم دوو ڕێگە گرنگەی خوارەوە، ئەوانیش دانانی بواری کارەبا، یان وروژاندنە بە گەرمی (پێدانی وزەی گەرمییە).

کاتێك بواری کارەبایی دەخرێتە سەر تەنێکی ڕەق ئەم بوارە ئیشێك لەسەر هەر یەکە لە ئەلیکترۆنەکانی گەردیلەکە دەکات، بەوەش وزەیەکی گونجاویان دەداتێ بۆ ئەوەی بیانگوێزێتەوە بۆ ئاستە وزەیەکی بەرزتر لەناو گەردیلەکەدا.

لەوانەیە هەڵمژینی وزەی گەرمی ئەلیکترۆنەکانی تەنی ڕەق بوروژێنن، گەردیلەکانی تەنی ڕەق لەرینەوەی هەرەمەکیان هەیە، واتە وزەی گەرمیان دەبێت، هەندێکجار ئەم لەرینەوانە وزە دەگوێزنەوە بۆ ئەلیکترۆنەکان بەوەش دەیانگوێزنەوە بۆ ئاستێکی وزە بەرزتر، کاتێك تەنی ڕەق لە پلەی گەرمی ژووردا (ئاساییدا) بێت هەندێك لە ئەلیکترۆنەکانی دەوروژێن و دەچن بۆ ئاستە وزە ناپڕە نزیکەکانی.

گەیەنەر گورزە ئاستێکی هاوهێزی هەیە کە تەواو پڕ نییە

ئەگەر گورزەی هاوهێزی و گورزەی گەیاندن بچنە ناو یەکترەوە ئەوا تەنەڕەقەکە گەیەنەر دەبێت، بۆ نموونە لە **وێنەی 9-5** (أ) دا، گورزەی هاوهێزی لەهەمان کاتدا گورزەی گەیاندنە، لەمبارەدا گورزەی هاوهێزی تەواو پڕ نابێت، بەرزترین ئاستە وزە پڕەکان لە ناوەڕاستی گورزەکاندا دەبن، کاتێك وزەیان دەدرێتێ ئەلیکترۆنەکان دەوروژێن و لە ئاستە پڕەکانی وزەوە دەچنە ئاستە وزە خاڵییەکان یان بەرزتر.

لە تەنی ڕەقی گەیەنەردا چەند ئەلیکترۆنێك پێویستیان بە وزەیەکی کەم هەیە بۆ ئەوەی بچنە ئاستە وزە نزیکە ناپڕەکان. دەکرێت ئەو بڕە وزەیە بە دانانی بواری کارەبایی یان بە پێدانی گەرمی بێت بە تەنەکە. بەوەش ئەو ئەلیکترۆنانە دەتوانن بەسەربەستی لەناو تەنە گەیەنەرەکەدا بجوولێن. (کاتێك بوارێکی کارەبایی لاواز دادەنرێت)، لە خاسیەتە سەرەکییەکانی گەیەنەر ئەوەیە کە گورزە گەیاندنێکی نیمچە پڕیان هەیەو کەلێنە وزەکەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت شایانی باس بێت.

نەگەیەنەر گورزەی هاوهێزی تەواو پڕەو کەلێنە وزەکەشی فراوانە

گورزەی گەیاندن لە تەنی نەگەیەنەردا بەتاڵە و گورزەی هاوهێزی تیایدا بەتەواوەتی پڕە هەروەك لە **وێنەی 9-5** (ب) دا دیارە.



وێنەی 9-5

گەیەنەر (أ) گورزە وزە هاوهێزییەکەی تەواو پڕ نییە. نەگەیەنەرەکان (ب) و نیمچەگەیەنەرەکان (ج) گورزەی گەیاندنیان خاڵییەو گورزەی هاوهێزیان پڕە، بەڵام کەلێنە وزەکە لە نیمچەگەیەنەردا بچووکترە لە چاو هی نەگەیەنەردا.

هەروەها کەلێنە وزەیەکی فراوان (5-10 eV) گوررزەی هاوهێزی و گوررزەی گەیاندن لە یەکترجیادەکاتەوە. لە ڕاستیدا کەلێنەوزە ئەوەندە فراوانە بەڕادەیەك کە ئاسان نیە ئەلیکترۆن وزەیەکی وا وەربگرێت بتوانێت لە گوررزەی هاوهێزییەوە بچێتە گوررزەی گەیاندن.

بۆ نموونە لە پلەی گەرمی ژووردا (ئاسایی) گەرمی وزەیەك دەدات بە ئەلیکترۆن بڕەکەی لە دەوری (0.025 eV) دایە، ئەوەش زۆر لە کەلێنە وزەکەی کەمترە. لەم بارەشدا چەند ئەلیکترۆنێکی کەم دەوروژێت و دەچنە گوررزەی گەیاندن. بەم شێوەیە کە هەرچەندە نەگەیەنەر چەندەها ئاستە وزەی خاڵی لە گوررزەی گەیاندنی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ژمارەیەکی کەم ئەلیکترۆن ئەو ئاستە وزانە داگیر دەکەن، بەوەش توانای گەیاندنی گشتی زۆر کەمدەبێت و بەرگری کارەبای مادە نەگەیەنەرەکان زۆر گەورەیە.

نیمچە گەیەنەر گوررزەیەکی هاوهێزی پڕو کەلێنە وزەیەکی بچووکی هەیە

نیمچە گەیەنەر بارێکی مامناوەندی نێوان گەیەنەرو نەگەیەنەرە، گوررزە وزەی هاوهێزی نیمچە گەیەنەر پڕە، وەك هی نەگەیەنەرەکان وایەو وێنە 9-5 (ب) ئەوە ڕووندەکاتەوە، بەڵام کەلێنە وزەی نیمچەگەیەنەر لە کەلێنە وزەی نەگەیەنەر بچووکترە (دەورووبەری 1 eV)، لە ڕاستیدا کەلێنە وزەی زۆربەی نیمچە گەیەنەرەکان بچووکەو لە ڕادەیەکدایە کە ئەلیکترۆن بە ئاسانی لە هاوهێزییەوە دەگاتە گەیاندن، توانای گەیاندنی زۆربەی نیمچە گەیەنەرەکان بەزۆری لەسەر پلەی گەرمی بەندە.

بۆ نموونە لە پلەی گەرمی نزیکی 0 K، زۆربەی ئەلیکترۆنەکان لە گوررزەی هاوهێزیدان، وزەیەکی زۆر لاواز هەیە بۆ وروژاندن، ئەمەش وادەکات نیمچەگەیەنەر لە پلەی گەرمی نزمدا توانای گەیاندنیان لاواز بێت، لە پلە گەرمییە بەرزەکاندا دەکرێت ژمارەیەکی زۆر ئەلیکترۆن بوروژێنرێت و لە هاوهێزییەوە بچن بۆ گوررزەی گەیاندن کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاستەوزەی خاڵی تێدایە، وە لەبەرئەوەی ئەگەری ڕوودانی گواستنەوە بە گەرمی بەسەر کەلێنە تەسکەکەدا لە پلە گەرمیە بەرزەکاندا زۆرە، بۆیە توانای گەیاندنی نیمچە گەیەنەرەکان بەزۆری لەگەڵ زیادبوونی پلەی گەرمیدا زیاد دەکات، دانانی بوارێکی کارەبایی لەسەر نیمچەگەیەنەر ئیش لەسەر ئەلیکترۆنەکان دەکات، وزەکەیان زیاد دەبێت و دەتوانن تەزووی کارەبایی پێکبهێنن و بیگەیەنن.

پێداچوونەوەی بەندی 1-9

1. تۆ دەزانی کە بەرگری گەیەنەرەکان بەزیادبوونی پلەی گەرمی زیاد دەکات، بەڵام بەرگری نیمچەگەیەنەرەکان بە زیادبوونی پلەی گەرمی کەمدەکات، چۆن دەتوانیت ئەم خاسیەتە لە نیمچەگەیەنەرەکاندا ڕوونبکەیتەوە؟

2. کام لەم ئەلیکترۆنانەی خوارەوە ئەلیکترۆنی هاوهێزین؟
   - أ. ئەلیکترۆنە هەرە نزیکەکەی گەردیلەی یۆرانیۆم لە ناووکەوە.
   - ب. ئەلیکترۆنی ئاستە وزە هەرە دوورەکەی گەردیلەی کالیسیۆم.
   - ج. ئەلیکترۆنی ئاستە وزە هەرە دوورەکەی دووەم (پێش کۆتایی) گەردیلەی برۆمین.

3. کام گوررزە لە ئاستەکانی وزە ئەلیکترۆنی تێدایە کە دەتوانێت بەسەربەستی لە نیمچەگەیەنەرەکاندا بجووڵێت؟ وە کام گوررزە لە ئاستەکانی وزە ئەلیکترۆنی تێدایە ناتوانێت بەسەربەستی لەناو نیمچە گەیەنەرەکەدا بجووڵێت؟

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بەندی 2-9

بەجێهێنانەکانی مادە نیمچەگەیەنەرەکان
Semiconductor applications

2-9 ئامانجەکانی بەندەکە

- بەراوردی نێوان ڕۆڵی هەریەک لە ئەلیکترۆن و کونە بارگە پۆزەتیڤەکان دەکات لە گەیاندنی تەزوی کارەباییدا.
- کرداری خڵتەتێکردن بۆ دروستکردنی نیمچەگەیەنەری جۆری N و جۆری P باس دەکات.
- باسی بەڵلورەی (P-N) و ڕۆڵی لە دەزگاکانی نیمچەگەیەنەردا دەکات.
- ڕۆڵی بەڵلورەی دوانی (دایۆد) لە ڕاستکردنەوەدا ڕوونەکاتەوە.
- چۆنیەتی بەکارهێنانی ترانزستەر وەك گەورەکەر ڕوونەکاتەوە.

به خڵتەکردنی مادە نیمچە گەیەنەرەکان

دەکرێت هەڵگری بارگە لە نیمچەگەیەنەردا نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ بێت، بۆ زانینی هۆی ئەوە دەڕوانینە هەردوو گوررزەی هاوهێزی و گەیاندنی نیمچەگەیەنەر لە وێنەی 6-9 دا.

بێنە پێش چاوت کەوا چەند ئەلیکترۆنێك لە گوررزەی هاوهێزییەوە بۆ گوررزەی گەیاندن وروژێنراون (براون) بەهۆی بواری کارەباییەوە، ئەو ئەلیکترۆنانەی لە گوررزەی گەیاندندان بەسەربەستی لەناو ماددەکەدا دەجووڵێن، بەڵام ئەلیکترۆنەکانی گوررزە وزەی هاوهێزی ناتوانن لەناو ماددەکەدا بجووڵێن، چونکە ئاستە وزە نزیك لە یەکەکان پڕن لە ئەلیکترۆن، بەڵام کاتێك ئەلیکترۆنێك لە هاوهێزییەوە دەچێتە گەیاندن بۆشاییەك یان کونێك Hole لە جێگەکەی خۆیدا لە گوررزە وزەی هاوهێزی پڕ لە ئەلەکترۆندا بەجێ دەهێڵێت، وە لەبەر ئەوەی ئەم کونە ئاستە وزەیەکی بەتاڵ لە گوررزەی هاوهێزیدا دروست دەکات، بۆیە ئەلیکترۆنێکی هاوهێزی تر، لەهەمان گەردیلەدا یان لە گەردیلەیەکی نزیکیدا لە جووڵەکەیدا سەربەست دەبێت و ئەو کونە پڕدەکاتەوە، کاتێکیش ئەلیکترۆن ئەوە دەکات کونێك لە جێگە بنەڕەتییەکەی خۆیدا پەیدا دەبێت، دەکرێت بەشێوەیەك بۆ ئەو دیاردەیە بڕوانین لەوە بچێت کە کونەکان لەناو ماددەدا بە ئاڕاستەی پێچەوانەی جووڵەی ئەلیکترۆنەکانی ناو گوررزە وزەکەوە بجووڵێن.

لە ماددەیەکدا کە تەنها لە توخمێك یان دارشتەیەك پێکهاتبێت هەمان ژمارە لە ئەلیکترۆن و کون هەیە، ئەو کۆمەڵە بارگەیە پێیان دەگوترێت جووت ئەلیکترۆن–کونەکان. ئەو نیمچەگەیەنەرەش کە ئەم جووت ئەلیکترۆن– کونەی تێدایە پێی دەگوترێت نیمچەگەیەنەری ڕەسەن (پوخت)، وێنەی 6-9 هێڵکارییەکی ڕوونکردنەوەیی نیمچەگەیەنەری ڕەسەن دەنوێنێت، کاتێك بوارێکی کارەبایی دەخرێتە سەری، کونەکان بە ئاڕاستەی بوارەکەو ئەلیکترۆنەکانیش بە ئاڕاستەی پێچەوانەی بوارەکە دەجووڵێن، ئەوە بیر خۆت بهێنەرەوە کەوا هەمیشە کونەکان بە ئاڕاستەی پێچەوانەی جووڵەی ئەلیکترۆنەکان دەجووڵێن.

کون

ئاستە وزەیەکی نیمچە گەیەنەرە کە ئەلیکترۆنی تێدا نییە.



وێنەی 6-9

دەکرێت بواری کارەبایی ئەلیکترۆنەکانی هاوهێزی بباتە گوررزەی گەیاندن و دەتوانن بەسەربەستی لەناو مادەکەدا بجووڵێن، لەو کاتەدا جووڵەی کونەکان پێچەوانەی جووڵەی ئەلیکترۆنەکان دەبێت.

بەخڵتەکردن خڵتە زیاد دەکات و بەوەش گەیاندن باشتردەبێت

لە بەندی پێشوودا ڕوونمان کردەوە کەوا چڕبوونەوەی بارگە هەڵگرەکان (واتە ژمارەیان لە یەکەی قەبارەدا) لە نیمچەگەیەنەردا دەوەستێتە سەر پلەی گەرمی، جگە لەمە ڕێگەیەکی تریش بۆ چڕکردنەوەی (زیادکردنی) بارگە بەرەکان لە نیمچە گەیەنەرەکاندا هەیە، ئەویش تێکردنی خڵتەیە بۆ ناو نیمچەگەیەنەری ڕەسەن (پوخت)، خڵتەکانیش گەردیلەی جیاوازن لە گەردیلەکانی نیمچەگەیەنەری ڕەسەن (پوخت).

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

بەخڵتەکردن

تێکردنی گەردیلەی خلتەیە بۆ نیمچەگەیەنەر.

تێکردنی خڵتە بۆ نیمچەگەیەنەرەکان پێی دەگوترێت بەخڵتەکردن ، چەند گەردیلەیەك لە خڵتەیەکی دیاریکراو (یەك بەش لە ملیۆنێك) بەشی ئەوە دەکات کە گۆڕانێکی گەورە لە بەرگری نیمچەگەیەنەردا بکات. بەزیادبوونی ئاستی بەخڵتەکردن توانای گەیاندنی نیمچەگەیەنەر زیاد دەکات. لەو کاتەدا کە خڵتەکان کۆنترۆڵی توانای گەیاندن دەکەن بە ماددەکە دەگوترێت نیمچەگەیەنەری بەخڵتەکراو، دوو ڕێگە بۆ بەخڵتەکردنی نیمچەگەیەنەر هەیە، یان تێکردنی ئەو خڵتانەی کە ئەلیکترۆنی هاوهێزی زیادیان هەیە یان تێکردنی ئەو خڵتانەی کە ئەلیکترۆنی هاوهێزی کەمیان هەیە، لەچاو گەردیلەی نیمچەگەیەنەرە ڕەسەنەکەدا (پوختەکەدا).

ئەو نیمچە گەیەنەرانەی لە دەزگا بازرگانییەکاندا بەکاردێن لە سلیکۆن یان جرمانیۆم پێکهاتوون کە خڵتەیان تێکراوە. بۆ هەریەك لەم دوو توخمە چوار ئەلیکترۆنی هاوهێزی هەیە، کرداری بە خڵتەکردنی نیمچەگەیەنەر بەگۆڕینی گەردیلەیەك دەبێت کە سێ یان پێنج ئەلیکترۆنی هاوهێزی هەیە، بەگەردیلەیەك لە گەردیلەکانی سلیکۆن یان جرمانیۆم نیمچەگەیەنەری بەخڵتەکراو لە ڕووی کارەباییەوە هاوبارگە دەبێت، نیمچەگەیەنەرەکەو خڵتەکە هاوبارگە دەبن، گەردیلەکانی نیمچەگەیەنەرو خڵتەکە بەبێ بارگەیی هەروەکو خۆیان دەمێننەوە، بەوەش هاوسەنگی لە نێوان بارگە پۆزەتیڤەکان و بارگە نێگەتیڤەکان تێك ناچێت، بەڵام ژمارەی بارگە سەربەستەکان کە دەتوانن بجووڵێن زیاد دەکات، ئەم بارگە جووڵاوانە هاوبەشی کارەبا گەیاندن دەکەن.

ئایا دەزانیت؟

تێکرای گەرما وزەی ئەلیکترۆن لە پلەی گەرمی (22°C) دا نزیکەی 0.025 eV.

لە نیمچەگەیەنەری جۆری N دا ئەلیکترۆنەکان زۆرینەی بارگەبەرەکان پێکدێنن

لە وێنەی **7-9** دا گەردیلەیەك کە پێنج ئەلیکترۆنی هاوهێزی هەیە، بە نموونە گەردیلەی زەرنیخ، کراوەتە ماددەیەکی نیمچەگەیەنەرەوە، چوار لە ئەلیکترۆنە هاوهێزییەکان بەشداری پێکهێنانی بۆند دەکەن لەگەڵ گەردیلە هاوسێکانیاندا، و تاکە ئەلیکترۆنێك دەمێنێتەوە، ئەم خڵتەیە ئەم ئەلیکترۆنە زیادەیە دەداتە گەردیلەی نیمچەگەیەنەرەکە، بۆیە پێی دەگوترێت گەردیلەی ئەلیکترۆن بەخش، خڵتەکە پێکهاتەی گورزەی تەنە ڕەقەکە دەگۆڕێت، ئەلیکترۆنە زیادەکە ئاستە وزەیەك داگیر دەکات، پێی دەگوترێت ئاستی ئەلیکترۆن بەخش، کە دەکەوێتە خوار گورزەی گەیاندنەوە لەناو کەلێنەوزەدا هەروەك لە **وێنەی 7-9** (ب) دیارە.

ماوەی نێوان ئاستەکانی ئەلیکترۆن بەخش و خوارەوەی گورزەی گەیاندن زۆر بچوکە (دەوروبەری 0.05 eV) بەوەش بڕێکی کەم لە وزەی گەرمی ئەلیکترۆنەکانی ئاستی ئەلیکترۆن بەخش دەبەن بۆ گورزەی گەیاندن، ئەو نیمچە گەیەنەرەی خڵتەی ئەلیکترۆن بەخشی تێدەکرێت پێی دەگوترێت نیمچەگەیەنەری جۆری N، چونکە زۆربەی بارگە بەرەکان بریتین لە ئەلیکترۆنە بارگە نێگەتیڤەکان، کونە پەیدابووەکانی ئاستە وزەی ئەلیکترۆن بەخش بە ئاسانی ناجووڵێن.

وێنەی 7-9
نیمچەگەیەنەری جۆری N خڵتەیەکی تێکراوە کە ئەلیکترۆنی هاوهێزی زیادەی هەیە.



$E_g = 1$ eV
$E_d \approx 0.05$ eV
(ب) (أ)



ویّنەی 8-9
نیمچەگەیەنەری جۆری p گەردیلەی خلّتەیەکی تێکراوە کە سێ ئەلیکترۆنی هاوهێزی هەیە.

لە نیمچەگەیەنەری جۆری p دا کونەکان زۆرینەی بارگەبەرەکان پێکدێنن

ئەگەر نیمچەگەیەنەر خلّتەی وای تێکرێت کە سێ ئەلیکترۆنی هاوهێزی هەبێت، وەك ئەندیۆم و ئەلەمنیۆم، ئەوا سێ ئەلیکترۆنەکە بۆند لەگەڵ گەردیلە هاوسێکانی لە نیمچەگەیەنەری جۆری p دا پێکدێنن، ئەوەش کەمی ئەلیکترۆنێك یان کونێك لە بۆندی چوارەمدا دروست دەکات هەروەك لە ویّنەی **8-9** (أ) دا دیارە، ئاستە وزەکانی ئەم جۆرە خلّتانە، یان ئاستی وەرگر ڕاستەوخۆ لەسەروی گورزەی هاوهێزییەوەو لەناو کەلێنە وزەدا دەبێت هەروەك لە ویّنەی **8-9** (ب) دا دیارە.

ئەلیکترۆنە هاوهێزییەکان لە پلەی گەرمی ژووردا وزەیەکی گەرمی گونجاویان دەبێت بۆ ئەوەی ئاستی وەرگر پربکەنەوە گورزەی هاوهێزی جێبهێڵن و کونی تێدا دروست بکەن، بەوەش بارگە پۆزەتیڤەکان، واتە کونەکان، لەناو ماددەکەدا دەجووڵێن تەنانەت ئەگەر لە گورزەی گەیاندنیدا هیچ ئەلیکترۆنێك نەبێت.

چونکە ئەم جۆرە خلّتانە ئەلیکترۆن لە گورزەی هاوهێزییەوە وەردەگرن، وەك ئەلیکترۆن وەرگر ئاماژەیان بۆ دەکرێت، ئەو نیمچەگەیەنەرەی کە ئەلیکترۆن وەرگریان تێدایە پێیان دەگوترێت نیمچە گەیەنەری جۆری p، چونکە زۆرینەی بارگە هەڵگرەکانی بریتین لەکونی بارگە پۆزەتیڤ.

کریستاڵی دووانی

دەزگایەکی ئەلیکترۆنییە ڕێگە بە تێپەڕبوونی تەزوو بە ئاڕاستەیەك دەدات بە بەراورد لەگەڵ ئاڕاستەکەی تری.

بللورە دووانییەکان (Diode) (کریستاڵی دووانی)

کریستاڵی دووانی Diode دەزگایەکە بەرگرییەکەی نزیکەی ناکۆتاییە بە ئاڕاستەیەك و نزیکەی نەمانە بە ئاڕاستەی پێچەوانە، کریستاڵی دووانی دەهێڵێت تەزوو تەنها بەیەك ئاڕاستە تێپەڕ ببێت، ئەو کریستاڵەی بەمشێوەیە ئیش دەکات پێی دەگوترێت ڕاستەکەرەوە rectifier، ویّنەی **9-9** هێمای کریستاڵێکی دووانیە لە وێنەکێشانی سووڕێکی کارەباییدا، تیراساکە لە هێماکەدا ئاڕاستەی تەزووی کارەبایی لە کریستاڵە دووانییەکەدا دەنوێنێت.

پێکبەستی P-N بەیەکگەیشتنی نیمچەگەیەنەری جۆری p و نیمچەگەیەنەری جۆری N

با سەیری ئەوە بکەین کە ڕوودەدات کاتێك نیمچەگەیەنەرێکی جۆری p لەگەڵ نیمچەگەیەنەرێکی جۆری N بەریەکتر دەکەون بۆ پێکهێنانی کریستاڵێکی دووانی، دەکرێ ئەو دەزگایەی پێکبەستی P-N ی تێدایە وەك کریستاڵێکی دووانی بەکاربهێنین، کریستاڵی دووانی بەیەك ئاڕاستە ڕێگە بە تێپەڕبوونی تەزوو دەدات، چونکە ئەو کون و ئەلیکترۆنانەی هەردوو لای پێکبەستی P-N دەتوانن بەناو پێکبەستەکەدا بۆ لای یەکتر بڕۆن.



ویّنەی 9-9
هێمای کریستاڵی دووانی بەکارهێنراو لە وێنەکێشانی سورە کارەباییەکاندا ئەوە دەگەیەنێت کە تەزوو بەیەك ئاڕاستە تێپەڕ دەبێت.



وێنەی 9-10

لە ئەنجامی گواستنەوەی بارگەبەرەکان بەناو پێکبەستی P-N دا بوارێکی کارەبایی لە ناوچەی دیارنەمانی بارگە (داڕن) پەیدا دەبێت.

کاتێکیش ئەوە ڕوودەدات، ئەوا ئەلیکترۆن و کونەکان بەربەستێکی پەستانکار (ناوچەیەکی کارەبایی ناوەوە) پێکدێنن کە ڕێگە بە بارگە کارەباییەکان دەدات تەنها بە ئاڕاستەیەك بڕۆن و بە ئاڕاستەی پێچەوانەش ناهێڵێن، فەرموون با ئەم دیاردەیە زیاتر باس بکەین.

بیرت بێت نیمچەگەیەنەری جۆری N ئەلیکترۆنی سەربەست و نیمچەگەیەنەری جۆری P کونی سەربەستیان تێدایە، کاتێك نیمچەگەیەنەرێکی جۆری N بەنیمچەگەیەنەرێکی جۆری P وە دەلکێنرێت و پێکبەستی P-N پێکدێت، سەربەستەکان بەهۆی وزە گەرمیەکیانەوە دەجووڵێن بەوەش ئەلیکترۆنەکان لەلا نزیکەکەی N ەوە بەرەو ناوچەی P (ناوچە شینەکەی **وێنەی 9-10** (أ) دەجووڵێن و لەدوای خۆیانەوە ئایۆنی پۆزەتیڤی جێگیر لە جێگەکەی خۆیاندا لەناو تەنە ڕەقەکەدا بەجێدەهێڵێن بەهەمان ڕێگە کونەکان لەلا نزیکەی pیەوە بە ئاڕاستەی لای N دەجووڵێن و لەدوای خۆیانەوە ئایۆنی جێگیری نێگەتیف بەجێدەهێڵن. کاتێکیش بارگە سەربەستە نێگەتیف و پۆزەتیڤەکان بەیەکدەگەن یەکێکیان ئەوی تریان ناهێڵێت بەوەش بارگە هەڵگر نامێنێت لە ئەنجامدا بارگە هەڵگری جووڵاو لە ناوچەی بەریەککەوتنی هەردوو نیمچەگەیەنەری جۆری N و P دا نامێنێت، لەبەر ئەم هۆیە ئەو ناوچەیە پێی دەگوترێت ناوچەی دیارنەمانی بارگە یا (ناوچەی داڕن). قەبارەی ناوچەی دیارنەمان نەگۆڕە، چونکە بوونی ئایۆن تیایدا بوارێکی کارەبایی پەیدا دەکات دژی گوێزانەوەی هەر ئەلیکترۆن یان کونێکی زیادەیە کە ببێتە هۆی فراوانکردنی ئەو ناوچەیە، ئەم بوارە کارەباییە ناوەکییە ئاڕاستەکەی لەلای ڕاستەوە بەرەو لای چەپە لە **وێنەی 9-10** (أ) دا.

لە هەردوو لای ناوچەی (داڕن) دیارە نەمانی بارگەوە ناوچەی جۆری P و ناوچەی جۆری N دەبێت، لەبەرئەوە پێکبەستی P-N لە کریستاڵی دووانیدا لە سێ ناوچە پێکدێت وەك لە **وێنەی 9-10** (أ) دا. دیارە.

کریستاڵە دووانییەکان (دایۆدەکان) تەنها بەیەك ئاڕاستە ڕێگە بەجووڵەی بارگە دەدەن

بەتێڕوانینی ئەو هێڵکارییە ڕوونکردنەوەییەی لە **وێنەی 9-10** (ب) دا هەیە، دەتوانین ناوچە جیاوازەکانی کریستاڵی دووانی تێبگەین، بەهۆی بوونی بواری کارەباییەوە لەناوچەی دیارنەمانی بارگەدا (داڕن) پێویستە ئەرکی کارەبایی لەلایەکی پێکبەستەکەدا گەورەتر بێت لە ئەرکی لایەکەی تری، بارگەبەرە پۆزەتیڤەکان ناتوانن لەلای چەپەوە بەرەو لای ڕاست بجووڵێن، چونکە ئەم جۆرە جووڵەیە وزەیەکی سەرباری دەوێت بڕەکەی $q\cdot\Delta V_0$ بێت بۆ ئەوەی بەسەر بواری کارەبایی ناوەکی ناوچەی دیارنەمانی بارگەدا زاڵ ببێت، وە لەبەر هەمان هۆ بارگەبەرە نێگەتیڤەکانیش ناتوانن لە ڕاستەوە بەرەو لای چەپ بجووڵێن.

دەکرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوەیەکی دەرەکییەوە ئەو وزە سەربارەی کە پێویستە بۆ جوڵاندنی بارگەبەرەکان پەیدا دەکرێت، ئەگەر ئەرکێکی دەرەکی پۆزەتیڤی پێویست بخرێتە سەر لای p ئەوا ئەرکی کارەبایی (پۆزەتیڤ) لەلای چەپ زیاد دەکات لەچاو ئەرکە (نێگەتیڤەکەی) لای ڕاست، وەلەبەرئەوەی ئەرکی کارەبایی لەلای چەپدا لە ئەرکی کارەبایی لای ڕاست زیاترە، بۆیە بارگەکان دەجووڵێن و تەزوویەکی کارەبایی پێکدێنن، کاتێك کریستاڵە دووانیەکە بەم شێوەیە سەرچاوەیەکی دەرەکی جیاوازی ئەرکەوە دەبەسترێت دەگوترێت کەوا کریستاڵە دووانیەکە بەرەو پێش لادراوە. بەڵام کاتێك ئەرکێکی دەرەکی پۆزەتیڤ دەخرێتە سەر لای Nی پێکبەستەکە بەربەستە پەستانکار زیاد دەکات و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توندی تەزوو بەپێکبەستەکەدا، بەم جۆرە بەللورەیە (کریستاڵە) دەگوترێت کەوا پێچەوانە لادراوە .

Ferkar

www.ferkar.krd 0751 960 70 80



وێنەی 9-11

لاری ئەم چەماوەیە لە هەر خاڵێکدا یەکسانە بەهەڵگەڕاوەی بەرگری کریستاڵی دووانی بەپێی جیاوازی ئەرك و توندی تەزووی ئەو خاڵە.

وێنەی 9-11 نواندنێکی ڕوونکردنەوەیی نموونەییە بۆ توندی تەزوو لە کریستاڵی دووانیدا بەپێی جیاوازی ئەرکی دانراو لەسەر کریستاڵەکە، بڕوانە کە کریستاڵی دووانی پەیڕەوی یاسای ئۆم ناکات، بەپێی یاسای ئۆم نواندنی ڕوونکردنەوەیی توندی تەزوو بەپێی جیاوازی ئەرك هێڵێکی ڕاست دەبێت کە لارییەکەی یەکسان دەبێت بە هەڵگەڕاوەی بەرگری. لەلایەکی دیکەوە تێبینی ئەوە دەکەین کەوا بەرگری کریستاڵی دووانی جێگیر نییە. کاتێك کریستاڵەکە پێچەوانە لادرابێت چەماوەکە بەنزیکەیی ئاسۆیی دەبێت واتە لە ڕاستیدا بەرگرییەکەی بێکۆتاییە. (سەیرکە لەم بارەدا توندی تەزوو نێگەتیڤە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ڕاستیدا هێشتا تێپەڕبوونی تەزوویەکی لاواز بە ئاڕاستەیەکی (هەڵە) لە کریستاڵە دووانییە پێچەوانە لادراوەکەدا هەر بەردەوامە، وە لەبەرئەوەی تەزووی تێپەڕبوو زۆر لاوازە، بۆیە فەرامۆش دەکرێت)، کاتێك کریستاڵی دووانی بەرەو پێش لادەدرێت بەرگری دەگۆڕێت، و لە سفر نزیك دەبێتەوەو توندی تەزووەکەش زۆر گەورە دەبێت، دەبینین گەورەترین نرخی جیاوازی ئەرکی سەر کریستاڵی دووانی بەرەو پێش لادراو کەمە دەورووبەری (0.5–0.8 V).

دەکرێت کریستاڵی دووانی بۆ گۆڕینی تەزووی گۆڕاو بۆ تەزووی نەگۆڕ بەکاربهێنرێت (وەك ڕاستکەرەوەیەك)

وێنەی 9-12 کاریگەری جیاوازی ئەرك دەردەخات لەسەر جیاوازی ئەرکی گۆڕاو، **وێنەی 9-12** (أ) توندی تەزووی بەرهەمهاتوو لە نەبوونی کریستاڵی دووانیدا دەنوێنێت، وە **وێنەی 9-12** (ب) توندی تەزووی دەنوێنێت بەبوونی کریستاڵی دووانی، تەنها بەشە پۆزەتیڤەکەی توندی تەزوو دەمێنێتەوە، چونکە لەو ماوانەدا کریستاڵە دووانییەکە لادانەکەی بەرەو پێش دەبێت، و بەرگرییەکەی کەمدەبێت، وەکاتێکیش کریستاڵە دووانییەکە پێچەوانە لادەدرێت بەرگرییەکەی زۆر گەورە دەبێت بەوەش کریستاڵە دووانیەکە بەشە نێگەتیڤەکەی توندی تەزوو لەناو دەبات و تەزووەکە لە بەرگرییەکەدا نامێنێت، کرداری گۆڕینی تەزووی گۆڕاو بۆ تەزووی نەگۆڕ پێی دەگوترێت ڕاستکردنەوە، کاتێك کریستاڵی دووانی وەك ڕاستکەرەوە بەکاردێت توندی تەزوو جێگیر (نەگۆڕ) نابێت، بەڵکو بەشێوەی پرتە دەبێت، بەو تەزووەش دەگوترێت تەزووی نەگۆڕی پرتەکەر.

دەکرێت تەزوویەکی نەگۆڕی زیاتر ڕاستکراوە بەرهەمبهێنرێت ئەویش بەدانانی چەند دایۆدێك و چەند بارگەگرێك لەکرداری ڕاستکردنەوەکەدا، دایۆدە زیادەکان پرتەی زیاتری تەزووی نەگۆڕ لە نێوان ئەو پرتانەدا دروست دەکەن کە دایۆدەکەی یەکەم ڕێگەی پێدابوون هەروەك لە **وێنەی 9-12** (ج) دا دیارە، بارگەگرەکانیش لەوکاتەدا کە جیاوازی ئەرك دانراوە بارگە کۆدەکەنەوەو کاتێکیش جیاوازی ئەرك نەبێت بارگەکان فڕێدەدەنەوە، بۆیە ڕۆڵی فلتەر دەبینین کەوا لە تەزووە بەرهەمهاتووەکە دەکات زیاتر ڕێکبێت، واتە بارگەگرەکان تەزووەکە بە نەگۆڕی لە سوڕە کارەباییەکەدا دەهێڵنەوە هەروەك لە **وێنەی 9-12** (د) دا پیشاندراوە.



وێنەی 9-12

کریستاڵی دووانی تەزووی گۆڕاو ڕاست دەکاتەوە (أ) بۆ تەزوویەکی نەگۆڕی شێوە پرتە (ب) بە دانانی کریستاڵێکی دووانی تر دەتوانرێت پرتەی دیکە بۆ نیشانەکە زیاد بکرێت. (ج) بارگە گرەکان. دەتوانن وەك فلتەر کاربکەن و توندی تەزوو زیاتر ڕاست بکەنەوە (د).

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

ترانزستەرەکان Transistors

ترانزستەر Transistor دەزگایەکی ئەلیکترۆنی ئاڵۆزترە لە کریستاڵی دووانی و لە زۆر بەجێهێناندا بەکاردەهێنرێت، ترانزستەر لەجیاتی یەك پێکبەست دوو پێکبەستی P-Nی تێدایە، لەم بەندەدا فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی ترانزستەر بۆ گەورەکردنی نیشانە دەبیت، ئەم خاسیەتەی ترانزستەر دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پێکبەستی P-N.

ترانزستەر

دەزگایەکە سێ تەلی گەیاندنی هەیەو دەتوانێت نیشانە گەورە بکات.

چەندەها جۆری ترانزستەر هەیە، بەڵام ئەو جۆرەی کە ئێمە لێرەدا گرنگی پێدەدەین ترانزستەری پێکگەیاندنە، ئەو ترانزستەرەی پێکگەیاندنەکەی لە **وێنەی 13-9** (أ) دا دیارە لە ماددەی نیمچەگەیەنەر پێکدێت کە ناوچەیەکی جۆری N ی تەسکی تێدایە بە دوو ناوچەی جۆری P دەورەدراوە. ئەم پێکهاتەیە پێی دەگوترێت ترانزستەری P-N-P، پێکهاتەیەکی تری ئەم جۆرە ترانزستەرە هەیە پێی دەگوترێت ترانستەری N-P-N کە ئەمەیان ناوچەیەکی تەسکی جۆری P بە دوو ناوچەی جۆری N دەورەدراوە. لەبەرئەوەی ڕێگەی کارکردنی هەردوو جۆرە ترانزستەرەکە لە یەکدەچن، بۆیە تەنها باسی ئیشکردنی ترانزستەری P-N-P دەکەین.

وێنەی 13-9 پەیکەری ترانزستەرێکی P-N-P دەنوێنێت لەگەڵ هێمای سورە کارەباییەکەی، بوونی سەری تیرێك لەسەر بارگەدەر لە **وێنەی 13-9**ی(ب) دا زۆر پێویستە بۆ جیاکردنەوەی ترانزستەری P-N-P لە ترانزستەری N-P-N، لە هێمای ترانزستەری N-P-N دا ئاڕاستەی تیرەکە بەپێچەوانەوە دەبێت، هەردوو ناوچەکەی لاتەنیشتی ترانزستەر پێیان دەگوترێت بارگەدەرو کۆکەرەوە، بەڵام ناوچە تەسکەکەی ناوەڕاست پێی دەگوترێت بنکە. بڕوانە ترانزستەری پێکگەیاندن دوو پێکبەستی هەیە کە ئەوانیش پێکبەستی (بارگەدەر– بنکە) و پێکبەستی (کۆکەرەوە– بنکە)یە، هەمیشە خڵتەی بارگەدەر لە خڵتەی بنکە زیاترە بەوەش ژمارەی هەڵگرانی بارگە لە بارگەدەردا لە ژمارەی هەڵگرانی بارگە لە بنکەدا زیاترە، جیاواز لە پێکهاتە کارەباییەکانی تر ترازستەر لەجیاتی دوو تەلی گەیاندن سێ تەلی گەیاندنی هەیە (سێ جەمسەرە).



وێنەی 13-9

(أ) ترانزستەری جۆری P-N-P لە نیمچەگەیەنەرێکی جۆری N پێکدێت کە بە دوو نیمچەگەیەنەری جۆری P دەورە دراوە.
(ب) هێمای سورە کارەباییەکەی ئەم ترانزستەرە لە سێ تەلی گەیاندن پێکدێت.

ڕێکخستنی جیاوازی ئەرك زۆر گرنگە بۆ ئیشپێکردنی ترانزستەر

کاتێك جیاوازییەکی ئەرك (ΔV_{ec}) دەخرێتە سەر بارگەدەرو کۆکەرەوە ئەرکی کارەبایی لە بارگەدەردا زیاترە لە ئەرکی کارەبایی سەر کۆکەرەوە، هەروەك لە خاڵی (A)ی **وێنەی 14-9** دا دیارە. ئەرکی کارەبایی لە بنکەدا لە نێوان ئەرکی کارەبایی بارگەدەرو ئەرکی کارەبایی کۆکەرەوەدا دەبێت، و بە ΔV_{eb} لە خاڵی B دا دەنوێنرێت، وە بیری خۆتی بهێنەرەوە لەکاتی باسکردنی کریستاڵە دووانییەکاندا کاتێك ئەرکی کارەبایی ناوچەی P زیاتربێت لە ئەرکی کارەبایی ناوچەی N ی پێکبەستی P-N دا ئەوە پێکبەستە کە لادانی بەرەوپێش دەبێت. ئەوا پێکبەستەکە لادانی بەرەوپێش دەبێت،



وێنەی 14-9

بۆ ئیشپێکردنی ترانزستەر بە شێوەیەکی گونجاو پێویستمان بە دوو پاتری دەبێت.

ئەگەر وەك دوو كریستاڵی دووانی لە پشتەوە بەیەكەوە بەستراو سەیری ترانزستەر بكەین ئەوا پێكبەستی بارگەدەر– بنكە لادانی بەرەو پێش و پێكبەستی بنكە– كۆكەرەوە لادانی پێچەوانەی دەبێت. ئەم دوو لادانە تایبەتەی هەردوو پێكبەستەكە بۆ ئیشپێكردنی ترانزستەرەكە پێویستە.

دەكرێت ترانزستەری پێكگەیاندن وەك گەورەكەر بەكاربهێنرێت

ئێستا دەتوانین ببینین كە چۆن ترانزستەر نیشانە گەورە دەكات، با یەكەمجار سەیری پێكبەستی بارگەدەر– بنكە بكەین كە بەرەو پێش لادراوە، بەوەش تەزوو لە ڕێگەی تەلی گەیەنەرەوە دەچێتە بارگەدەرو بارگەش بە ئاسانی بەناو پێكبەستی بارگەدەر– بنكەدا دەردەچێت. وە لەبەرئەوەی بارگەدەر لە چاو بنكەدا خلتەكەی زۆر زیاترە، بۆیە بەشی هەرە زۆری تەزووەكە لە كون پێكدێت كە لە بارگەدەرەوە (لە جۆری p)، بەرەو بنكە دەچن، ژمارەیەكی زۆر كەمیش ئەلەكترۆن لە بنكەوە بەرەو بارگەدەر دەچن، وەلەبەرئەوەی بنكە زۆر تەنكە، بۆیە بەشی هەرە زۆری كونەكان لەگەڵ ئەلەكترۆنەكانی بنكەدا یەكناگرن.

هەرچەندە ژمارەیەكی كەم لە كون لەگەڵ ئەلەكترۆنەكانی بنكەدا یەكدەگرن، بەڵام ئەو یەكگرتنە لە توندی ئەو تەزووە كەمدەكاتەوە كە لە بارگەدەرەوە بەناو بنكەدا بۆ كۆكەرەوە دەچێت، ئەویش لەبەرئەوەی بارگەبەرە پۆزەتیڤەكان لە بنكەدا كۆدەبنەوە، بۆیە ڕێگە لە تێپەڕبوونی كونەكان دەگرن كە بەناویدا تێپەڕ دەبن.

كاتێك پاشماوەی كونەكان لە بنكە تێپەڕ دەبن دەگەنە پێكبەستی بنكە– كۆكەرەوە. ئەم پێكبەستە لادانی پێچەوانەیە، بۆیە نەبوونی تەزوو لەم شوێنەدا زۆر ئاساییە، بەربەستی بنكە– كۆكەرەوە ناوچەی دیارنەمانی بارگە (داڕن) تایبەت بەخۆی بەرگری جووڵەی كونەكان بەرەو لای ڕاست یان چەپ دەكەن، بەڵام لەمبارەدا كونەكان لەلای (N) ی پێكبەستەكەدان كە تیایدا ئەلیكترۆنەكان بارگەبەری سەرەكین، بەوەش بەربەستەكە كاریگەرییەكی پێچەوانەی لەسەر جووڵەی كونەكان دەبێت بەرەو لای ڕاست، بەوەش كونەكان بەرەو پێكبەستی بنكە– كۆكەرەوە كە لادانەكەی پێچەوانەیە تاو دەدرێن.

گۆڕانێكی كەم لە خاسییەتەكانی بنكەدا لەوانەیە كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر جووڵەی بارگەكان هەبێت لە بارگە دەرەوە بۆ كۆكەرەوە، ڕێگە ڕاستەوخۆكەی دروستكردنی ئەم گۆڕانە بەبەستنی بنكە دەبێت، بەسەرچاوەیەكی دووەمی جیاوازی ئەركەوە كە بە ΔV_{eb} لە **وێنەی 9-14** دا بە خاڵی B ناونیشانی دەدرێتێ. هەرچەندە تەزووی دەرچوو لەم بارگەدەرەوە لاوازە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا هەندێك بارگەی پۆزەتیڤ ڕادەكێشێت و دەكرێت لە بنكەدا كۆببنەوە، بەهۆی ئەمەوە ژمارەیەكی زۆری بارگە لە بارگەدەرەوە بۆ كۆكەرەوە بەناو بنكەدا پەیدا دەبێت، ئەو جیاوازی ئەركە كەمەی كە دەمانەوێت گەورەی بكەین، دواییەك لەگەڵ پاتریەكەدا دادەنرێت. نیشانەی تێچوو گۆڕانێكی كەم لە توندی تەزووی بنكەدا دروستدەكات ئەوەش گۆڕانێكی گەورە لە تەزووی كۆكەرەوەدا پەیدادەكات و بەمەش گۆڕانێكی گەورە لە جیاوازی ئەركی سەر بەرگری دەرچوودا دروست دەكات، ئەگەر ترانزستەرەكە وەك پێویست لادرابێت ئەوا توندی تەزووی كۆكەرەوە (دەرچوو) لەگەڵ توندی تەزووی بنكەدا (تێچو) ڕاستەوانە دەگۆڕێت، بەوەش ترانزستەر وەك گەورەكەرێك بۆ توندی تەزوو كار دەكات، دەكرێت پەیوەندی نێوان تەزووی دەرچوو و تەزووی تێچوو بەم شێوەیە بنوسرێت:

$$I_c = \beta I_b$$

هێندی β (بێتا) پێی دەگوترێت قازانج لە تەزوودا كە برەكەی لە نێوان(10 و 100) دا دەگۆڕێت.

ئایا دەزانیت؟

دۆزینەوەی ترانزستەر لەلایەن جۆن باردین وە وۆلتەر بریتین وە ولیەم شوكلی لە ساڵی 1948 دا شۆڕشێكی لە زانستی ئەلیكترۆنیكسدا دروستكرد، لە پاداشتی ئەوەدا هەرسێ زاناكە خەڵاتی نۆبڵی فیزیایان لە ساڵی 1956 دا پێدرا.

سورە کارەباییە تەواوکراوەکان

سورە کارەباییە تەواوکراوەکان بنچینەی دەزگاکانی کۆمپیوتەرو کاتژمێرەکان و کامێراکان و ئۆتۆمبێلەکان و فرۆکەکان و کەشتییەکانی بۆشایی ئاسمان و ڕۆبۆتەکان و هەموو جۆرە پەیوەندییەکان و تۆڕە جاڵجاڵۆکەییەکانە Internets .

سوری کارەبایی تەواوکراو بەسادەیی کۆمەڵێکی پێکەوە بەستراوی ترانزستەرو کریستاڵە دووانییەکان و بەرگری و بارگەگرەکانە کە لە یەک پارچە سلیکۆن دروستکراوەو پێی دەگوترێت تەنکۆڵە. ئەو تەنکۆڵانەی ئێستا هەن سەدەهاو هەزارەها پێکهاتەی ڕووبەر زۆر بچووک دەگرێتە خۆی وەک لە **وێنەی 15-9** دا دیارە.

سورە کارەباییە تەواوکراوەکان بەمەبەستی بەرهەمهێنانی سورە کارەبایی زۆر بچووک سەرباری چارەسەرکردنی کێشەی بەیەگگەیاندن کە بوونی ترانزستەرەکان دروستیان کردبوو، هاتنە دی، پێش داهێنانی ترانزستەر، قەبارەی پێکهێنەرەکان و سەرچاوەکانی وزە ژمارەی ئەو پێکهێنەرانە دیاری دەکرد کە دەبوایە لە سوورێکی دیاریکراودا بەیەکتر بگەیەنرانایە. لەگەڵ پەرەپێدان و داهێنانی ترانزستەری زۆر وردو، کەم وزەو پاشان کەمکردنەوەی ژمارەی پێکهێنەرەکاندا، کێشەی بەیەگگەیاندنی سەدەها، بەڵکو هەزارەها پێکهێنەر بەیەکترییەوە سەری هەڵدا، **وێنەی 16-9** هێڵکارییەکی یەکێك لە جۆرە سەرەتاییەکانی سورە کارەباییە تەواوکراوەکان پیشاندەدات کە ئەویش گەورەکەری کردارەکانە. (مضحم العملیاتی).

گەورەکەری کردارەکان *op amps* بەشێوەیەکی فراوان لە ئەلیکترۆنیکسە بنچینەییەکانی وەك کۆکردنەوەو لێدەرکردندا بەکاردێت، ئەو ژمارانەی کە ئەم کردارانە دەیانگرێتەوە بڕەکانی جیاوازی ئەرکی تێچوون و دەرچوونە.

بە نموونە لە پێکهاتەیەکی گەورەکەری کردارەکاندا یەك دەرچوون بۆ یەك تێچوون هەیە، و کە یەکسانە بەسەر ئەنجامی لێکدانی توندی جیاوازی ئەرکی دەرچوو لە توندی جیاوازی ئەرکی تێچو کەرەتی قازانجی دەزگاکە.

لە پێکهاتەیەکی دیکەدا چەند جیاوازییەکی ئەرکی دانراو وەك تێچوو بۆ گەورەکەری کردارەکان هەیە، لە ئەنجامدا یەك دەرچوو هەیە کە توندییەکەی دەکاتە کۆی توندی هەموو جیاوازییە ئەرکە تێچووەکان.

وێنەی 15-9

هەرچەندە میمۆری کۆمپیوتەرەکە لە سەنتەکە بچووکترە، بەڵام دەتوانیت زیاتر لە ملیۆنێك بایت (شوێنی)ی ڕەنووسی بگرێت.



وێنەی 16-9

هێڵکارییەکی ئاسانکراوی گەورەکەری کردارەکانە، کە یەکێکە لە جۆرە سەرەتاییەکانی سورە کارەباییە تەواوکراوەکان، سەیری ژمارەی ئەو بەرگری و کریستاڵی دووانی و ترانزستەرو بەیەگگەیاندنانە بکە کە بۆ دروستکردنی سوورە کەدا بەکارهاتوون.

ئایا دەزانیت؟

سورە کارەباییە تەواوکراوەکان لە کۆتایی ساڵی 1958 دا لەلایەن زانا جاك کیلبی و زانا رۆبەرت نویس لە سەرەتای ساڵی 1959 دا هێنرا، ئەم دوو زانایە بەجیاو لە دوو تاقیگەی جیاوازدا کاریان دەکرد.

سوورە تەواوکراوەکان بێجگە لە چارەسەرکردنی کێشەی گەیاندن، سوودی تریشی هەیە، لەوانە خێرایی لەکارکردن و قەبارە زۆر بچووکەکەشی کە دوو خاسیەتن لە ئیشپێکردنی کۆمپیوتەری زۆر خێرادا گرنگیان هەیە، کارکردنی خێرا بەهۆی بچووککردنەوەی قەبارەی پێکهاتەکانی و نزیکیان لە یەکترەوە پەیدا دەبێت، کاتی وەڵامدانەوە (کاردانەوە)ی سوورێکی کارەبایی لەسەر ئەو کاتە بەندە کە نیشانەیەکی کارەبایی بەخێرایی 0.3 m/ns لە پێکهاتەیەکەوە پێی دەچێتە پێکهاتەیەکی تر، ئەم کاتە بە لە یەکتر نزیککردنەوەی پارچەکانی بەشەکان لە یەکتری کەمدەکرێتەوە، تا ئێستاش ئەم چاکیانە هەر ماون ئەویش بە گرتنەبەری رێوشوێنی تازە کە رێگە بە کۆمپیوتەر دەدات کردارە هەژمارکردنە ئاڵۆزەکان بەش بەش بکات، بەوەش کۆمپیوتەرەکان قەبارەیان بچووکتر بووەتەوە و خێراتر کردارەکان جێبەجێ دەکەن، لە ساڵی 1997 دا کۆمپیوتەرێك داهێنرا دەتوانێت لە یەك چرکەدا زیاتر لە تریلیۆنێك کرداری هەژمارکردن بکات.

پێداچوونەوەی بەندی 9-2

1. کام لەمانە هاوتای تەزوویەکی کارەباییین کە لە چەپەوە بەرەو لای ڕاست دەڕوات بەپێی ئاڕاستەی ڕێککەوتوو لەسەری؟

أ. ئەلیکترۆنەکان لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەڕۆن.

ب. ئەلیکترۆنەکان لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ دەڕۆن.

ج. کونەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست دەچن.

د. کونەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەچن.

2. ڕوونیبکەرەوە بۆچی مەرج نییە بارگەی نیمچەگەیەنەری جۆری N نێگەتیڤ بێت؟

3. جۆری بارگەی جێگیری باو لەناوچەی دیارنەمانی بارگەدا(داڕن) نیمچەگەیەنەری جۆری P لە پێکبەستی P-Nدا چییە؟

4. کریستاڵێکی دووانی بەسەرچاوەیەکی تەزووی گۆڕاوەوە بەستراوە، تونەی تەزووەکە لە نێوان (-1.0 mA و 1.0 mA)دا دەگۆڕێت، ئایا مەودای تەزووە ڕاستکراوەکە چەندە؟

5. ئەگەر تونەی تەزوو لەو تەلەدا کە بە بنکەی ترانزستەرەوە بەستراوە کەمبکات، ئایا ئەوە چۆن کار لە تەزووی دەرچووی ناو تەلی گەیەنەری کۆکەرەوە دەکات؟

6. ترانزستەرەکان بەشێوەیەکی فراوان لە دەزگاکانی ڕادیۆ و مایکرۆفۆن و گەورەکەرەکاندا بەکاردێن، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەو تەزووەی لە هەوایی ڕادیۆوە دێت تووندییەکەی چەند مایکرۆ ئەمپێرێکە، بۆ ئەوەی گەورەکەری دەنگ بەباشی کاربکات دەبێت تونەی تەزوو لە دەورووبەری 0.1 A دا بێت.

أ. ئەگەر ترانزستەرێك بۆ گەورەکردنی نیشانەیەك لە $2.5\ \mu$A بۆ 0.1 A بەکاربهێنرێت، ئایا دەبێت بەلایکەمەوە قازانج کردن لە سووری ترانزستەرەکەدا چەند بێت؟

ب. وادابنێ گەورەکەرەکە لە چەند ترانزستەرێکی دوایەك بەستراو پێکدێت و قازانج کردن لە هەر یەکەیاندا، یەکسان بێت بە 10، ئایا ژمارەی ترانزستەرە پێویستەکان لەم سوورەدا چەندە؟ (تێبینی قازانج کردن لە دوان لەم ترانزستەرە دواییەك بەستراوانە دەکاتە $10 \times 10 = 100$)

بەندی 3-9

گەیەنەرە تێر گەیاندنەکان
Superconductors

3-9 ئامانجەکانی بەندەکە

- هۆی بەرگری کارەبایی هەندێك گەیەنەر لە پلەی گەرمی سفری گلڤندا دیاری دەکات.
- بیردۆزی باردین- کوپر- شریفر (BCS) دەربارەی تێر گەیاندن ڕوونده‌کاتەوە.
- هەندێك بەجێهێنانەکانی تێرگەیاندن وەسف دەکات.

پلەی گەرمی و توانای گەیاندن

لەوانەکانی پێشوودا زانیمان کەوا بەرگری کارەبایی زۆربەی تەنە ڕەقەکان، بێجگە لەتەنە نیمچەگەیەنەرەکان بەبەرزبونەوەی پلەی گەرمی زیاد دەکات، ئەوەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە گەردیلەکانی تەنە ڕەقەکان لە پلەی گەرمی زیاتر لە پلەی گەرمی سفری کلڤن، لە لەرینەوەی بەردەوامدان. هەتا پلەی گەرمی بەرزتر بێتەوە فراوانی لەرینەوەی ئەو لەرینەوانە زیاد دەکات، بەوەش جووڵەی ئەلیکترۆنەکان لەناو تەنە ڕەقەکاندا گرانتر دەبێت، ئەوەش لە جووڵەی زەلامێك دەچێت لە ژوورێکی پڕ لە خەڵکدا، وە کاتێکیش خەڵکەکە جووڵاو بن، جووڵەی زەلامەکە زۆر گرانتر دەبێت لە چاو ئەو بارەدا کە هەموویان لە جێگەکەی خۆیاندا جێگیر بن.

ئەگەر بەرگری کارەبایی تەنها لەسەر لەرینەوەی گەردیلەکان بەند بێت ئەوا دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە بەرگری مادەیەك نزیك دەبێتەوە لە سفر ئەگەر هاتوو پلەی گەرمییەکەی بگاتە پلەی گەرمی سفری کلڤن، لەو ساتەشدا تێر گەیاندن دەستپێدەکات، بەڵام تاقیکردنەوەکان دەریانخستووە کە ئەوە ڕوونادات، لە ڕاستیدا بەرگری زۆربەی تەنە ڕەقە ساردکراوەکان بە دوو شێوە ڕەفتار دەکەن، یان کتوپڕ مادەکە دەگاتە تێر گەیاندن لە پلەیەکی گەرمی سەرو سفری کلڤن، یان هەرگیز ناگاتە تێر گەیاندن ئەگەر پلەی گەرمییەکەی هەرچەندیش بێت.

ناتەواوییەکانی (نەنگییەکانی) تۆڕە کریستاڵییەکە لە هەندێك مادەدا بەرگری پەیدا دەکەن

هێڵکارییە ڕوونکردنەوەییەکەی وێنەی **17-9** پەیوەندی نێوان بەرگری و پلەی گەرمی دوو تەنی هاوشێوە دەنوێنێت یەکێکیان زیوە ئەوی ترشیان تەنەکەیە. گۆڕانی بەرگری تەنی لە زیو دروستکراو لەگەڵ پلەی گەرمیدا تەواو لەوە دەچێت کە لە کانزای نموونەییدا ڕوودەدات، لە پلە گەرمییە بەرزەکاندا کاتێك تەنەکە سارد دەکرێتەوە (پلەی گەرمی نزمدەبێتەوە) بەرگریش کەمدەبێتەوە، چونکە فراوانی لەرینەوەی تۆڕە بەللوریەکە کەمدەکات، هەروەك پێشبینی کراوە، بەڵام لە پلەی گەرمی نزیکی 10 K دا بەرگری جێگیر دەبێت، بەساردکردنەوەی زیاتری فلزەکە (کانزاکە) بەرگری بەشێوەیەکی بەرچاو کەمناکات، هەرچەندە فراوانی لەرینەوەی گەردیلەکانیش کەمدەکات.

هۆی بەتەواوی نەمانی بەرگری لە پلەی سفری کلڤندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەنگییەی لە تۆڕە بەللورییەکەدا هەیە، لەوانەیە شێوە ڕێکەکەی تۆڕە بەللورییەکە ناتەواوی تێدابێت و نەنگییەك لە تۆڕەکەدا دروست بکات بەوەش گەردیلەکان بەتەواوی لەسەر هێڵێکی ڕاست ڕێکنەخراون، وادابنێ تۆ لە ژوورێکدا دەڕۆیت، خەڵکەکانی هەموویان لە ڕیزی ڕێکدا وەستاون، بەو شێوەیە دەتوانیت بە ئاسانی لە نێوان ڕیزەکاندا لە ژوورەکەدا بڕۆیت، وا دابنێ ئێستا بەرێکەوت کەسێك هاتوو لەو ڕیزانەدا بەرێکی نەوەستا، بەوەش ڕۆیشتنەکەت تەگەرەی بۆ دروست دەبێت، ئەمە هاوشێوەی کاریگەری نەنگییەکەیە لە بەللورەکەدا، تەنانەت لە نەبوونی لەرینەوەی گەرمییەکانیشدا هەندێك مادە بەرگرییان هەر تێدا دەمێنێتەوە ئەوەش بۆ ئەو نەنگییە دەگەڕێتەوە کە لە ڕیزبوونی گەردیلەکاندا هەیە.



وێنەی 17-9

بەرگری زیو ڕەفتارێکی هاوشێوەی ڕەفتاری فلزی ئاسایی هەیە، بەڵام بەرگری تەنەکە لە سفر نزیك دەبێتەوە لە پلەی گەرمی T_c دا، ئەوەش ئەو پلە گەرمییەیە کە تەنەکە تیایدا دەگاتە تێر گەیاندن.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

وێنەی 9-17 ڕوونیدەکاتەوە کەوا بەرگری تەنەکە لە پلەیەکی گەرمی کەمێك بەرزتر لە پلەی سفری کلڤن نزیکدەبێتەوە لە سفر، ئەو تەنە ڕەقەی بەرگرییەکەی لە پلەیەکی گەرمیدا دیار نامێنێت کە پلەی سفری کلڤن نییە، پێی دەگوترێت گەیەنەری تێرگەیاندن، ئەو پلە گەرمییەش کە تیایدا بەرگری لە سفری کلڤن نزیکدەبێتەوە پێی دەگوترێت پلەی گەرمی مۆڵەقە بۆ گەیەنەرێکی تێرگەیاندن.

بیردۆزی باردین- کوپر- شریفر (BCS)

پێش ئەوەی تێرگەیاندن بدۆزرێتەوە، لەو باوەڕەدابوون کە هەموو مادەکان هەندێك بەرگریان دەبێت بەهۆی لەرینەوەکانی تۆڕە بەللوورییەکەو نەنگییەکانییەوە، ئەوە ڕەفتاری زیو لە **وێنەی 9-17** دا ڕوونەدکاتەوە، بەڵام یەکەم بیردۆزی وردبینی تەواو بۆ تێرگەیاندن لە ساڵی 1957 دا دەرکەوت، واتە دوای نیو سەدە لە دۆزینەوەی دیاردەی تێرگەیاندن، ئەم بیردۆزە بەناوی بیردۆزی BCS ناونرا ئەویش پیتی یەکەمی ناوی هەرسێ زاناکەیە کە ئەم بیردۆزەیان دانا. ئەوانیش: جون باردین، لیون کوپر، ڕۆبەرت شریفر پێشکەوتنی یەکلاکەرەوە لە بیردۆزی BCSدا تێڕوانینە نوێکە ئەو ڕێگە تایبەتیە بوو کە ئەلیکترۆنەکان بەجووت بەناو تۆڕە بەللوورییەکەی نیمچەگەیەنەردا تێپەڕ دەبێت، هەروەك چۆن لە مادەکانی تریشدا ڕوودەدات، بەڵام بەریەککەوتنەکان تەوژمی بەهێڵی جووت ئەلیکترۆنەکە ناگۆڕن، بەرەنجامی ئەوەش ئەلیکترۆنەکان وادەردەکەون بە جیانەکراوەیی دەجووڵێن بەناو تۆڕە کریستاڵیەکەدا.

وادابنێ ئەلیکترۆنێك بەناو تۆڕە ئەلیکترۆنیەکەدا دەجووڵێت، هەروەك ئەلیکترۆنی 1 لە **وێنەی 9-18** دا. هێزی کێشکردن لە نێوان ئەم ئەلیکترۆنەو ئایۆنە پۆزەتیڤە نزیکەکانی ناو تۆڕە کریستاڵیەکەدا هەیە، کاتێك ئەلیکترۆنەکە لە نزیك ئایۆنەکانی تۆڕە کریستاڵیەکەوە دەجووڵێت، ئایۆنەکان بەهۆی هێزی کێشکردنەوە بەرەو ئەلیکترۆنەکە کێش دەبن، بەوەش چڕبوونەوەیەکی ئایۆنە پۆزەتیڤەکان لە نزیك ئەلیکترۆنەکەوە ڕوودەدات، ئەگەر ئەلیکترۆنێکی تری نزیك هەبێت بەرەو لای بارگە پۆزەتیڤە زیادەکانی ناو تۆڕە کریستاڵیەکە کێش دەبێت پێش ئەوەی تۆڕە بەرگرییەکە بگەڕێتەوە باری هاوسەنگی خۆی، لەمیانەی گۆڕانی شێوەی تۆڕە کریستاڵیەکەوە ئەلیکترۆنی یەکەم دەستبەرداری هەندێك لە تەوژمە بەهێڵەکەی خۆی دەبێت، ئەو ناوچەیەی تۆڕە کریستاڵیەکە کە شێوەکەی گۆڕاوە ئەلیکترۆنەکەی تر ڕادەکێشێت ئەویش تەوژمە بەهێڵە زیادەکەی دەداتێ، لەم کردارە دوو هەنگاوییەوە هێزێکی کێشکردنی لاواز لەنێوان دوو ئەلیکترۆنەکەدا پەیدا دەبێت، کە ئەویش بەهۆی جووڵەی تۆڕە کریستاڵیەکەوە دەبێت کاتێك بەهۆی ئەلیکترۆنەکەی یەکەمەوە چڕییەکەی دەگۆڕێت هێزی. کێشکردنی نێوان دوو ئەلیکترۆنەکە کارلێکی نێوان (ئەلیکترۆن- تۆڕەی کریستاڵی- ئەلیکترۆن)ە، بەشێوەیەك تۆڕە کریستاڵیەکە دەوری یارمەتیدەرێك دەبینێت بۆ هێزی کێشکردنەکە دوو ئەلیکترۆنەکە لەم تۆڕەوە بۆ یەك تەن دەچن ئەو تەنە پێی دەگوترێت دوو جووتەکەی کوپر. بەپێی بیردۆزی BCS جوتەکانی کوپر بەرپرسی تێرگەیاندنن.

بوونی تێرگەیاندن لە پلەی گەرمی زۆر نزمدا تەنها بۆ بوونی پەیوەندی لاواز لە نێوان جووتەکانی کوپردا دەگەڕێتەوە، ئەم جووڵە هەرەمەکییە گەرمیانە لە تۆڕە کریستاڵیەکەدا هەیە پەیوەندییە لاوازەکەی نێوان جووتەکانی کوپر ناهێڵێت. لە مادده تێرگەیاندنەکاندا تەنانەت لە پلەی گەرمییە زۆر نزمەکاندا جووتەکانی کوپر پەیدادەبن و لەناو دەچن و پاشان بەتێکراییەکی نەگۆڕ دروست دەبنەوە.

ئایا دەزانیت؟

تێرگەیاندن لە ساڵی 1911 دا لەسەر دەستی زانای ئەڵمانی (ئۆمیز Ommes) دۆزرایەوە، لەکاتێکدا کە خۆی و خوێندکارەکەی لە بەرگری جیوەیان دەکۆڵیەوە لە پلە گەرمییە نزمەکاندا، ئۆمیز لە ساڵی 1913 دا خەڵاتی نۆبڵی لە فیزیادا وەرگرت.



وێنەی 9-18

ئەلیکترۆنی یەکەم شێوەی تۆڕە کریستاڵیەکە دەگۆڕێت ئەم گۆڕانی شێوەیە کار لە ئەلیکترۆنی دووەم دەکات. بەرەنجام هەردوو ئەلیکترۆنەکە پەیوەندییەکی بەیەکەوە بەستنی لاواز لە نێوانیاندا هەیە ئەم جۆرە بەیەکەوە بەستنەی نێوان دوو ئەلیکترۆنەکە پێی دەگوترێت جووتی کوپر.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

تەوژمی بەهێڵی جووتەکانی کوپر پارێزراوە کاتێک لەناو تۆڕە کریستاڵیەکەشدا دەجوڵێت

هەژمارکردنەکان دەربارەی خاسیەتەکانی جووتەکانی کوپر دەریانخستووە ئەگەر بێت و بواری کارەبایی دەرەکی لەسەریان دا نەنرێت ئەوا تەوژمی بەهێڵی گشتی هەردوو ئەلیکترۆنەکە دەکاتە سفر، بەڵام لەکاتی دانانی بوارێکی کارەبایی دەرەکیدا جووتەکانی کوپر لە تۆڕە کریستاڵیەکەدا بەهۆی ئەو بوارەوە دەجووڵێن، بەڵام تەوژمی بەهێڵی چەقی بارستایی (قورسایی) هەر جووتێکی کوپر پارێزراو دەبێت، واتە هەمان بریان دەبێت، ئەمە سیفەتی بنچینەیی جووتەکانی کوپرە کە دیاردەی تێرگەیاندن ڕوونەدەکاتەوە. ئەگەر یەکێك لە ئەلیکترۆنەکان بە ئاڕاستەیەك پەرەوازە ببێت ئەوا هاوبەشەکەی واتە ئەلیکترۆنی دووەمیش پەرەوازە دەبێت، ئەم پەرەوازەبوونە بەشێوەیەك دەبێت کە تەوژمی بەهێڵی هەردوو ئەلیکترۆنەکە تیایدا نەگۆڕە. بەهۆی ئەوەوە پەرەوازە بوونە پەیدابووەکان لە خلتەکانی تۆڕە کریستاڵیەکەو لەرینەوەکانیان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر جووتەکانی کوپر نابێت.

بەجێهێنانەکانی تێرگەیاندن

لە پێشەوە بینیمان کەوا بۆ ئەوەی هەندێك مادە بگەنە تێرگەیاندن، دەبێت سارد بکرێنەوە بۆ پلەیەکی گەرمی نزیکی سفری کلڤن. ئەمەش وادەکات کە بەکارهێنانی ئەم مادە گەیەنەرانە لە ژیانی ڕۆژانەدا گران بێت. چونکە ساردکردنەوەی تەنەکان بۆ پلە گەرمییە نزمەکان پارەیەکی زۆری تێدەچێت، گەیەنەرە تێرگەیاندنەکانی یەکەمجار حەوزی ساردکردنەوەی هیلیۆمیان دەوێت، کە ئەویش غازێکی دەگمەن و گرانە، هەروەها حەوزی هایدرۆجینیان دەویست کە ئەویش توخمێکە زوو دەتەقێتەوە، پاشان کۆمەڵێکی تر لە مادە دەرکەوتن لە پلەی گەرمی بەرزتردا دەگەنە تێرگەیاندن، بۆ نموونە هەندێك مادە لە پلەی گەرمی 77 K دا دەگاتە تێرگەیاندن کە ئەویش پلەی گەرمی کوڵانی گازی نایترۆجینی شلە. ئەمەش کارێکی گرنگە، چونکە نایترۆجینی شل بەبڕێکی زۆر لە هەوادا هەیەو زۆریش گران نییە، تا ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی ئەو مادانەی لە پلەی گەرمی ژووردا دەگەنە تێرگەیاندن، **وێنەی 9-19** ئەوبەرزبوونەوە سەرنج ڕاکێشەی پلەی گەرمی مۆڵەقەی گەیەنەرە تێرگەیاندنەکان نیشاندەدات لەو ساتەوەی کە تێرگەیاندن دۆزراوەتەوە.



وێنەی 9-19

ئەم سی ساڵەی دوایی بەرزبوونەوەیەکی سەرنجڕاکێشی لەو پلە گەرمییەدا بینیوە کە تیایدا ماددەکان تێرگەیاندن پەیدادەکەن.

تێرگەیاندنەکان بەفیرۆچوونی وزە کەمدەکەنەوەو شۆڕشێك لە ئەلیکترۆنیکسدا بەرپا دەکەن

خاسیەتی سفری بەرگری لە تەزووی نەگۆڕدا لەوانەیە لە کرداری گواستنەوەی وزەی کارەبایی بەفیرۆچووی کەمدا زۆر بەسوود بێت، بەشێکی بەرچاوی وزەی کارەبایی گواستراوە لەناو گەیەنەرە ئاساییەکاندا دەگۆڕێت بۆ وزەی ناوەکی. ئەگەر بتوانرێت هێڵەکانی گواستنەوەی وزەی کارەبایی لە مادەی تێرگەیاندن دروستبکرێت ئەوا دەکرێت ئەم زیانانە نەهێڵرێن و پاشەکەوتێکی بەرچاویش لە پارەی تێچوونی وزەدا دەکرێت.

دەشێت گەیەنەرە تێرگەیاندنەکان لە پلە گەرمییە بەرزەکاندا کاریگەرییەکی زۆریان هەبێت لە بواری ئەلیکترۆنیکسدا، بۆ نموونە پێکبەستی دوو گەیەنەری تێرگەیاندن، هەروەك پێکبەستی دوو نیمچەگەیەنەر خاسیەتی تایبەتی هەیە، دوو گەیەنەری تێرگەیاندن وەك سویچێکی ئەلیکترۆنی کاردەکەن دەکرێت فلیمی تێرگەیاندن، بۆیە یەکگەیاندنی پارچە وردەکانی کۆمپیوتەر بەکاربهێنرێت، کە ئەوەش دەبێتە هۆی خێراکردنی کۆمپیوتەر لە کردارەکانیدا.

دەکرێت ئەڵقەکانی تێرگەیاندن وەك دەزگای خەزنکردنی وزەی کارەبایی بەکاربهێنرێت، لەبەرئەوەی بەرگری کارەبایی لە گەیەنەری تێرگەیاندندا نامێنێت، بۆیە تەزووی تێپەڕبوو بە ئەڵقەیەکی تێرگەیاندندا هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت، دەتوانرێت پاشان ئەو وزەیەی لێدەربهێنرێتەوە.

تەزوو هەڵگرە تێرگەیاندنەکان خاسیەتی موگناتسی تایبەتییان هەیە

پێشتر بینیمان هەر کاتێك تەزووی کارەبایی بەگەیەنەردا بڕوات بوارێکی موگناتیسی بەدەوری گەیەنەرەکەدا پەیدا دەبێت، ئەگەر توڵە موگناتیسێك لەو گەیەنەرە نزیك بخرێتەوە ئەوا یان یەکتر کێش دەکەن یان لە یەکتر دووردەکەونەوە. ئەم کارلێکە بنچینەی دیاردەی بە هەواختنی (سەرهەواختنی) موگناتیسییە، کە تیایدا تەنێك سەر هەوا دەکەوێت بەهۆی ئەو هێزی لێکدوورکەوتنەوەیەی لە نێوان تەنەکەو موگناتیسەکەی ژێریدا هەیە، ئەو موگناتیسانە هەمیشە موگناتیسی کارەبایین و وزەیەکی کارەبایی زۆر بەفیڕۆ دەدەن بەهۆی بەرگرییەکەیانەوە بۆ تەزووی کارەبایی، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەبەکارهێنانی تەلی تێرگەیاندن لە دروستکردنی موگناتیسدا دەکرێت.

وێنەی 9-20

وێنەگرتن بە زرنگانەوەی موگناتیسی (MRI) یەکێکە لە بەجێهێنانە پزیشکییەکانی موگناتیسە تێرگەیاندنەکان.

بەهەواکەوتنی موگناتیسی بەکارهێنانی زۆری هەیە لە بواری گواستنەوەدا، ژاپۆن شەمەندەفەرێکی دروستکردووە کە لەسەر بنەمای سەرهەواختنی موگناتیسی کاردەکات.

هەروەها موگناتیسە تێرگەیاندنەکان لە تاودەری تەنۆلکە خێراییە زۆرەکاندا بەکاردەهێنرێن، لە بەکارهێنانە گرنگەکانی دیکەی موگناتیسە تێرگەیاندنەکان، هۆیەکانی پشکنین و دیاریکردنی نەخۆشییەکە پێی دەگوترێت وێنەگرتن بە زرنگانەوەی موگناتیسی (MRI). ئەم تەکنیکە لە پشکنین و دیاریکردنی نەخۆشیدا ڕۆڵێکی دیاری هەیە، چونکە لە جیاتی تیشکی x ی وزە بەرز تیشکی ڕادیۆیی سەلامەت بۆ وێنەگرتنی ئەندامەکانی لەش بەکاردێنێت، **وێنەی 9-20** نەخۆشێك پیشاندەدات کە بەهۆی وێنەگرتنی زرنگانەوەی میکانیکییەوە وێنە بۆ دەماغی دەگیرێت.

پێداچوونەوەی بەندی 9-3

1. بەرگری یەکێك لە ماددەکان هەر دەمێنێت هەرچەند سارديش بكرێتەوە بۆ سفری کلڤن؟ چی دەربارەی پێکهاتەی ئەو ماددەیە پێشبینی دەکەین؟

2. ئایا لە گەیەنەری تێرگەیاندندا ئەلیکترۆنەکان بەر گەردیلەکان دەکەون؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە.

3. ڕووەکانی لەیەکچوون لە نێوان گەیەنەری تێرگەیاندن و بارگەگردا کامانەن؟ هەروەها ڕووەکانی جیاوازییان کامانەن؟

4. لە وێنەگرتنی دەماغدا بەهۆی زرنگانەوەی موگناتیسییەوە (MRI) شەپۆلی ڕادیۆی لەجیاتی تیشکی x بەکاردەهێنرێت، وزەی فۆتۆنێکی تیشکی x هەژمار بکە کە درێژی شەپۆلەکەی 1.0×10^{-10}m ، پاشان وزەی فۆتۆنێکی شەپۆلێکی ڕادیۆیی هەژمار بکە لەرەلەرەکەی 100 MHZ بێت.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

پوختەی بەشی 9

بیرۆکە بنچینەییەکان

بەندی 9-1 گەیاندن لە تەنە ڕەقەکاندا

- دەتوانین بەپێی خاسیەتە ئەلیکترۆنییەکانیان، تەنە ڕەقەکان پۆلێن بکەین بۆ گەیەنەرەکان، و نەگەیەنەرەکان و نیمچەگەیەنەرەکان.
- ئەلیکترۆنەکانی تەنە ڕەقەکان چەند کۆمەڵێك لە ئاستەکانی وزە داگیر دەکەن پێیان دەگوترێت گورزەکان.
- دەکرێت ئەلیکترۆنەکانی نیمچەگەیەنەرەکان بوروژێنرێن و لە گورزەی هاوهێزییەوە بچن بۆ گورزەیەکی جیاواز، پێی دەگوترێت گورزەی گەیاندن، کاتێکیش ئەوە ڕوودەدات نیمچەگەیەنەرەکە بارگەی کارەبایی دەگەیەنێت.

بەندی 9-2 بەجێهێنانەکانی مادده نیمچەگەیەنەرەکان

- دەشێت لەناو ماددا بارگە بەشێوەی ئەلیکترۆن یان کونی بارگە پۆزەتیڤ کە لە کەمبوونی ژمارەی ئەلیکترۆن لە بۆندەکانەوە پەیدا دەبن بجوڵێت.
- نیمچەگەیەنەری جۆری N خڵتەی پێنجە هاوهێزی تێدایە لەجیاتی چوارە هاوهێزی، بەوەش ئەلیکترۆن زۆرینەی بارگە هەڵگرەکان پێکدێنن.
- نیمچەگەیەنەری جۆری p خڵتەی سیانە هاوهێزی تێدایە لەجیاتی چوارە هاوهێزی، بەوەش کونە بارگە پۆزەتیڤەکان زۆرینەی بارگە هەڵگرەکان پێکدێنن.
- کریستاڵی دووانی ڕێگە دەدات تەزوو تەنها بەیەك ئاڕاستە بەناویدا بڕوات و بە ئاڕاستەکەی تر ناهێڵێت.
- ترانزستەر لە دوو کریستاڵی دووانی لە پشتەوە بەیەکەوە بەستراو پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گونجاو بەهۆی پاترییەوە لادراون، دەتوانین ترانزستەر بۆ گەورەکردنی نیشانە لاوازەکان بەکاربهێنین.

بەندی 9-3 گەیەنەرە تێرگەیاندنەکان

- گەیەنەری تێرگەیاندن تەنێکی ڕەقە لە پلەیەکی گەرمی نزمتر لە پلەی گەرمی مۆڵقە بەرگری نابێت.
- بەپێی بیردۆزی BCS ئەلیکترۆنەکان بەجووت دەگوێزرێنەوە، بەبێ ئەوەی تەوژمی بەهێڵی جووتەکان بگۆڕێت.

هێمای هێڵکارییەکان

ئەلیکترۆن		تیراسای تەزووی کارەبایی	
کون		کریستاڵی دووانی	
ئاڕاستەداری بواری کارەبایی		ترانزستەر	

زاراوە بنچینەییەکان

ئەلیکترۆنی هاوهێزی
Valence electrons ل (251)

باری زەمینی
Ground state ل (251)

باری وروژاو
Excited state ل (251)

کەلێنە وزە
Energy gap ل (252)

کون
Hole ل (256)

بەخڵتەکردن
Doping ل (257)

کریستاڵی دووانی
Diode ل (258)

ترانزستەر
Transistor ل (261)



پێداچوونەوەی بەشی 9

پێیدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

ئەلیکترۆنە هاوهێزییەکان و بیردۆزی گورزەکان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

.1 جیاوازییەکانی نێوان گورزەکانی فلزەکان (گەیەنەرەکان) و نەگەیەنەرەکان و نیمچەگەیەنەرەکان لێکبدەوە، چۆن ساماڵی گورزەکان یارمەتیت دەدات خاسیەتە کارەباییەکانی ئەم مادانە تێبگەیت؟

.2 کام لە گورزەکانی وزە لە وێنەی **21-9** دا ئەلیکترۆنی هاوهێزی نەوروژاوی تێدایە.



وێنەی 21-9

.3 کام لەمانەی خوارەوە دەتوانێت بجووڵێت و کارەبا بگەیەنێت؟

أ. ئەلیکترۆنێکی چینی ناوەوەو نزیکترینیان لە ناووکی گەردیلەی ئەندیۆم.

ب. ئەلیکترۆنێکی چینی ناوەوە و نزیکترینیان لە ناووکی گەردیلەی مس.

ج. ئەلیکترۆنێکی هاوهێزی گەردیلەی مس لە تەلێکدا.

د. ئەلیکترۆنێکی هاوهێزی لە سیلینیۆمی نیمچەگەیەنەردا.

هـ. ئەلیکترۆنێکی وروژاو لە گورزەی گەیاندنی سیلینیۆمی نیمچەگەیەنەردا.

و. ئەلیکترۆنێکی گورزەی گەیاندنی جرمانیۆمی نیمچەگەیەنەر.

.4 کامیان کەلێنە گورزەیەکی فراوانتری هەیە ئایۆدینی نەگەیەنەر یان سلیکۆنی نیمچەگەیەنەر؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

.5 کاتێك نیمچەگەیەنەرێك فۆتۆنێك هەڵدەمژێت جووت ئەلیکترۆن– کونێك پەیدا دەبێت، ساماڵی گورزە وزە بەکاربهێنە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەو دیاردەیە چۆن ڕێگە دەدات بە نیمچەگەیەنەر کارەبا بگەیەنێت.

.6 وزەی ڕووناکی بینراو لە نێوان 1.8 eV و 3.2 eV دایە، ئەم ڕاستییە بەکاربهێنە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی سلیکۆن ڕووناکی گرە، بەڵام ئەڵماس ڕوونە، ئەوە بزانە کە کەلێنەوزەی سلیکۆن 1.1 eV، بەڵام بۆ ئەڵماس 5.5 eV، وە گەردیلەو پێکهاتەشیان لە یەکدەچن.

گەیەنەرەکان، کریستاڵە دووانییەکان و ترانزستەرەکان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

.7 بواری کارەبایی بەو ئاڕاستەیەیە کە لە وێنەی 22-9 دا دیارە، هەریەکە لە ئەلیکترۆنەکان و کونەکان بە چ ئاڕاستەیەك لەناو ئەو بوارەدا دەجووڵێن؟



وێنەی 22-9

.8 کام لەم نیمچەگەیەنەرانەی خوارەوە ژمارەیەکی زیاتر کونی تێدایە، نیمچەگەیەنەری خڵتەی سیانە هاوهێزی تێکراو، یان چوارە هاوهێزی یان پێنجە هاوهێزی تێکراو؟

.9 جۆری بارگەهەڵگرە زۆرینەکان لە نیمچەگەیەنەری جۆری N دا چییە؟

.10 جۆری بارگەهەڵگرە زۆرینەکان لە نیمچەگەیەنەری جۆری p دا چییە؟

.11 جیاوازی نێوان کریستاڵی دووانی و بەرگری ڕوونبکەرەوە.

0751 960 70 80
www.ferkar.krd

12. کاتێك بلوریکی (کریستاڵێکی) دووانی وەك ڕاستکەرەوە بەکاردێت، ئایا تەزوویەکی توندی کارەبایی نەگۆڕ دەدات؟

13. کریستاڵی دووانی P-N لە وێنەی **9-23** گەیەنەری کارەبایە.

أ. ئەلیکترۆنەکان چۆن لە سورە کارەباکەدا دەجووڵێن؟

ب. کونەکان چۆن لە سورە کارەباکەدا دەجووڵێن؟



سورێکی کارەبایی کریستاڵێکی دووانی کارەبایی گەیەنەری تێدایە
وێنەی 9-23

14. ئەگەر گەیاندنی سورەکە لە وێنە **9-23**دا بە هەردوو جەمسەری پاترییەکەوە پێچەوانە بکرێتەوە، ئایا کریستاڵە دووانییەکە هەر بەگەیەنەری دەمێنێتەوە.

15. ڕوونیبکەرەوە کە ترانستەر لەچیدا لە کریستاڵی دووانی جیاوازە؟

16. نیشانەی تێچوو بەکام دوو خاڵی ئەو ترانزستەرە (P-N-P)ەی لەلاپەڕەی 261 دا وەسفکراوە، بەستراوە؟

17. نیشانەی دەرچوو بەکام دوو خاڵی ئەو ترانزستەرە (P-N-P)ەی لەلاپەڕەی 261 دا وەسفکراوە، بەستراوە؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

18. ئەو گەردیلانەی پێنج ئەلیکترۆنی هاوهێزیان هەیە، وەك زەرنیخ، گەردیلەی ئەلیکترۆن بەخش دەبن، بەڵام ئەو گەردیلانەی کە سێ ئەلیکترۆنی هاوهێزییان هەیە، وەك گالیۆم، گەردیلەی ئەلیکترۆن وەرگرن، بەخشتەی خولیدا بچۆرەوە بۆ دیاریکردنی ئەو توخمانەی کە دەشێت ئەلیکترۆن بەخش یان ئەلیکترۆن وەرگری باش بن.

19. ئایا کامیان باشترە لە ترانزستەری گەورەکەردا؟ ئەگەر بێت و نرخی قازانج کردنی تەزوو یەکسان بێت بەیەك یان زیاتر بێت. لە یەك یان کەمتربێت لە یەك؟

گەیەنەرە تێرگەیاندنەکان

پرسیارەکانی پێداچوونەوە

20. ئەگەر ماددەیەك لە تێرگەیاندندا بێت، ئایا شێوەی تۆڕە کریستاڵیەکەی خلتەی تێدا دەبێت؟

21. کاتێك جووتەکانی کوپر بەناو گەیەنەرێکی تێر گەیاندندا دەڕۆن، ئایا چی پارێزراو دەبێت؟

22. ئایا یەکتر کێشکردنی ڕاستەوخۆ لە نێوان جووتەکانی کوپردا دەبێت؟

پرسیار دەربارەی چەمکەکان

23. ئایا دەکرێت مادەیەکی تێر گەیاندن وەك ئامێرێکی گەرمکەر لە فرن یان برژێنەرێکدا بەکاربهێنرێت؟ ئەوە لێکبدەرەوە.

24. ئایا دەکرێت مادەیەکی تێر گەیاندن بۆ گواستنەوەی ئەرکی بەرز بەکاربهێنرێت؟ وەڵامەکەت لێکبدەرەوە.

پێداچوونەوەی گشتی

25. بری کەلێنە وزەی سلیکۆن لە پلەی گەرمی 300 K دا 1.14 eV.

أ. کەمترین نرخی لەرەلەری فۆتۆنێك چەندە کە ئەلەکترۆنێك لە گورزەی هاوهێزی سلیکۆنەوە ببات بۆ گورزەی گەیاندنی؟

ب. درێژی شەپۆلی ئەم فۆتۆنە چەندە؟

26. کریستاڵێکی دووانی ڕووناکیدەر LED لە نیمچەگەیەنەری GaAsP دا ڕووناکییەکی سوور دەردەکات درێژی شەپۆلەکەی 650 nm، نرخی کەلێنە وزەی نیمچەگەیەنەرەکە دیاری بکە.

27. زۆربەی درێژە شەپۆلەکانی تیشکدانی خۆر پلە بریان 10^{-6}m یان کەمترە، ئایا کەلێنە وزەی مادەیەکی دیاریکراو چەندە؟ کە وەك خانەی خۆرکار بەکاربهێنرێت و بتوانێت تیشکەکانی تیشکدانی خۆر بمژێت.

Ferkar

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

پرۆژە و ڕاپۆرتەکان

1. گەردیلەکانی سلیکۆن چوار ئەلیکترۆنی هاوهێزیان هەیە، گەردیلەکانی زەرنیخ As کە وەك خڵتە بەکارهێنراون پێنج ئەلیکترۆنی هاوهێزیان هەیە. ئایا نیمچەگەیەنەری جۆری Nی پەیدابوو بارگەکەی نێگەتیڤە؟ هێڵکارییەك بکێشە کە پشگیری بۆچوونەکەت یان دژی بۆچوونەکەت بێت، بیانووەکانت لەبەردەم پۆلەکەدا نمایش بکە.

2. تاقیکردنەوەیەك دیزاین بکە، بۆ بەدواداچوونی (لێکۆڵینەوەی) کاریگەری گۆڕانی پلەی گەرمی لەسەر بەرگری گەیەنەرێکی فلزی لەمەودای $100^{o}C$ دا، پێش ئەوەی پلان بۆ تاقیکردنەوەکەت دابنێیت سەیری یاسای ئۆم بکەرەوە. ئەو مادانەی کە پێویستن بژمێرە، ئەو هەنگاوانە وەسف بکە کە دەیانگریتەبەر لەناویشاندا ئەو پێوانانەی کە وەریان دەگریت، پاش ئەوەی مامۆستا بە پلانەکەت قایل دەبێت، کەرەستە پێویستەکان بەدەست بهێنەو تاقیکردنەوەکە بکە، لە ئەنجامەکانتەوە چی دەربارەی بەرگرییەکە لە سفری کلڤندا پێشبینی دەکەیت؟

3. بەدوای زانیاریدا بگەڕێ لەبارەی خاسیەتە فیزیاییەکان و سەرچاوەکانی بەکارهێنانی تر بۆ ئەو مادانەی کە دەکرێت لە گەیەنەرتێر گەیاندنەکاندا بەکاربهێنرێن، وێنەی ئەو مۆدێلانە بگرە ئەگەر توانیت، ئەوەی دەستتکەوت لە بڵاوکراوەیەکی دیواری یان ناملیکەیەك یان نمایشێك بە کۆمپیوتەر ڕێك بخە.

4. چاوپێکەوتنێك لەگەڵ یەکێکدا ئەنجام بدە کە لە پیشەسازی ئەلیکترۆنیکسدا کار بکات، یان پرسیار لە پیشەکان بکە لەم کارگەیەدا، جۆرەکانی کارکردن فێر ببە، ئەو فێربوون و ڕاهێنانانە بزانە کە بۆ ئەم کارکردنە پێویستن، دۆسییەیەك ئامادە بکە کرداری گەڕان و لیکۆڵینەوەکەت لەگەڵ نامەو تێبینییەکانت لەکاتی چاوپێکەوتندا، هەروەها سەرچاوەکانی زانیارییەکانی دیکەی تێدا تۆمار بکە.

بەپشت بەستن بە لێکۆڵینەوەکەت ڕاپۆرتێکی کورت یان ناملیکەیەك یان نمایشێك ئامادە بکە، دەکرێت وەك ڕێبەرێك لە مەڵبەندێکی ئاڕاستەکردنی پیشەییدا بەکاربهێنرێت.

Ferkar



هەڵسەنگاندنی بەشی 9

هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست

1. بەرزترین گوررە وزە کەدەشێت ئەلیکترۆنی تێدابێت پێی دەگوترێت:
أ. گوررەی گەیاندن.
ب. گوررەی کەلێن.
ج. گوررەی هاوهێزی.
د. گوررە وزە.

2. ئەوەی کە نەگەیەنەر لە نیمچەگەیەنەر جیادەکاتەوە:
أ. ژمارەی ئەلیکترۆنەکانە لە گوررەی هاوهێزیدا.
ب. پلەی گەرمی مادەکەیە.
ج. بڕی کەلێنە وزەیە.
د. پشت بەستنە بەبیردۆزی بۆر لە جوولەی ئەلیکترۆنەکاندا.

3. لە گەیەنەرەکاندا:
أ. کەلێنە وزە دەبێت زۆر گەورە بێت.
ب. گەیاندنی کارەبایی لە پلەی گەرمی بەرزدا نەبێت ڕوونادات.
ج. گوررەی هاوهێزی خاڵیە لە ئەلیکترۆن.
د. گوررەی هاوهێزییان نیوە پڕە لە ئەلیکترۆن.

4. نیمچەگەیەنەری ڕەسەن لە نیمچەگەیەنەری خڵتەدار جیادەکرێتەوە بە:
أ. نەبوونی ئاستە وزە لە کەلێنە وزەدا.
ب. باشتر گەیاندنی تەزووی کارەبایی.
ج. کارتێنەکردنی بە پلەی گەرمی.
د. نەبوونی گوررەی هاوهێزی.

5. لە نیمچەگەیەنەری جۆری N دا، ئاستەکانی وزەی:
أ. ئەلیکترۆن بەخش لە گوررەی هاوهێزی نزیکترە.
ب. ئەلیکترۆن بەخش لە گوررەی گەیاندنی نزیکترە.
ج. ئەلیکترۆن وەرگر لە گوررەی گەیاندنی نزیکترە.
د. ئەلیکترۆن وەرگر لە گوررەی هاوهێزی نزیکترە.

6. بەللوری دووانی P-N تەزووی کارەبا دەگەیەنێت:
أ. بەهەردوو ئاڕاستە بەهەمان بڕ.
ب. لەباری لادانی پێچەوانەدا.
ج. لەباری لادانی بەرەو پێشدا.
د. بەتەنها لەکاتی دانانی جیاوازییەکی ئەرکی بەرز.

7. پەیوەندی تەزوو بەپێی جیاوازی ئەرکی نێوان جەمسەرەکان بەللورەیەکی دووانی P-N:
أ. هێڵییە.
ب. ڕاستەوانەیە.
ج. ناهێڵییە.
د. پێچەوانەیە.

8. ترانزستەری *p-n-p* لە ترانزستەری *n-p-n* جیادەکرێتەوە بەوەی:
أ. مادە بنچینەییەکەی سلیکۆن یان جەرمانیۆمە.
ب. P-N-P نیشانە گەورە ناکات.
ج. P-N-P دوو پێکبەستی هەیە، بەڵام N-P-N سیانی هەیە.
د. چۆنیەتی ڕێکخستنی جۆری نیمچە گەیەنەرەکانیان جیاوازە.

ئەو پرسیارانەی وەڵامی کورتیان هەیە

9. گرنگترین بەکارهێنانەکانی بەللورەی دووانی P-N چییە؟

10. پەیوەندی نێوان تەزووی دەرچوو تەزووی بنکە لە ترانزستەردا چییە؟

ئەو پرسیارانەی وەڵامی درێژیان هەیە

11. جیاوازی نێوان گەیەنەرەکان و گەیەنەرەکانی تێر گەیاندن باس بکە هەروەها باسی بکە چۆن دەشێت گەیەنەر بکرێتە گەیەنەری تێر گەیاندن؟

12. گرنگترین چاکییەکانی سوڕە کارەباییە تەواوکراوەکان و هەندێك بەکارهێنانیان بڵێ.

Ferkar

www.ferkar.krd
0751 960 70 80

بەشی
پاشکۆکان

پاشکۆ 276
وەڵامی پرسیارە هەڵبژێردراوەکان 292
زاراوەکان 296

پاشكۆ

پاشكۆی (أ) : پێداچوونەوەیەك لە بیركاریدا

زانستی هێماكاری

هێزی دەی پۆزەتیڤ Positive exponents

زۆربەی زۆری ئەو برانەی كە زاناكان مامەڵەی پێ دەكەن، زۆر گەورەن یان زۆر بچوكن بۆ نموونە بڕی خێرایی ڕووناكی نزیكەی 300 000 000 m/s و مەرەكەبی پێویست بۆ دانانی خاڵێك لەسەر پیتێك بارستاییەكەی دەگاتە 0.000 000 001 kg ، مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو ژمارانەدا ماندومان دەكات بۆ ڕزگاربون لەم ماندوبونە ئەو ڕێگایە بەكاردەهێنین كە بەندە لەسەر هێزی ژمارە 10 .

$$10^0 = 1$$

$$10^1 = 10$$

$$10^2 = 10 \times 10 = 100$$

$$10^3 = 10 \times 10 \times 10 = 1000$$

$$10^4 = 10 \times 10 \times 10 \times 10 = 10\ 000$$

$$10^5 = 10 \times 10 \times 10 \times 10 \times 10 = 100\ 000$$

هێزی ژمارە 10 یان تواني ژمارە 10 ، ژمارەی سفرەكان دیاری دەكات، لەبەر ئەوە خێرایی ڕووناكی كە دەكاتە 300 000 000 m/s دەنوسرێت لەسەر شێوەی 3×10^8 m/s لەم بارەدا توانی 10 ژمارە 8 .

هێزی دەیی نێگەتیڤ Negative exponents

بۆ ئەو ژمارانەی كە كەمترە لە 1 ئەمانەی خوارەوە تێبینی دەكەین:

$$10^{-1} = \frac{1}{10} = 0.1$$

$$10^{-2} = \frac{1}{10 \times 10} = 0.01$$

$$10^{-3} = \frac{1}{10 \times 10 \times 10} = 0.001$$

$$10^{-4} = \frac{1}{10 \times 10 \times 10 \times 10} = 0.0001$$

$$10^{-5} = \frac{1}{10 \times 10 \times 10 \times 10 \times 10} = 0.000\ 01$$

بڕی هێزی نێگەتیڤ دەكاتە ژمارەی ئەو خانانەی كە پێویستە «وێرگوڵی» بەلای ڕاستدا ببرێت. بۆ ئەوەی لەلای ڕاستی خانەی ژمارە یەكیدا بێ جگە لە سفر (خانەكە لەم بارەدا 1)ـە، وە ئەو ڕێگەیەی كە ژمارەكانی پێدەنووسرێت بریتین لە 1 بۆ كەمتر لە دە. لەسەر شێوەی ژمارە كەرتی بە هێزی دەی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ، كە پێی دەوترێت زاستی هێماكاری. بۆ نموونە ژمارە 5 943 000 000 لەسەر شێوەی 5.943×10^9 دەنووسرێت وە بە ڕێگەی زانستی هێماكاری 0.000 083 2 لەسەر شێوەی 8.32×10^{-5} دەنووسرێت.

لێکدان ودابەشکردن بە بەکارهێنانی زانستی هێماکاری

لەکاتی لێکدانی ژمارە نووسراوەکان بە ڕێگەی زانستی هێماکاری دەتوانین ئەم ڕێسایەی خوارەوە بەکاربهێنین:

$$10^n \times 10^m = 10^{(m+n)}$$

لەوانەیە کە n و m هەر یەکەیان ژمارەیەك بێ، وە مەرج نیە کە ژمارەی تەواوبێ. بۆ نموونە $10^2 \times 10^5 = 10^7$ لە کاتێکدا $10^{1/4} \times 10^{1/2} = 10^{3/4}$. ئەو ڕێسایە لەسەر هێزی نێگەتیڤەکانیش جێبەجێ دەکرێت، بۆ نموونە $10^3 \times 10^{-8} = 10^{-5}$ وە لەکاتی دابەشکردنی ژمارەکان بە زانستی هێماکاری ئەمەی خوارەوە تێبینی دەکەین:

$$\frac{10^n}{10^m} = 10^n \times 10^{-m} = 10^{(n-m)}$$

بۆ نموونە، $\frac{10^3}{10^2} = 10^{(3-2)} = 10^1$

کەرتەکان

خشتەی 1 (أ) کورتەی ڕێسای کردارەکانی لێکدانی کەرتەکان ودابەشکردنیان و کۆکردنەوەو لێکدەرکردنیانە کاتێك کە a و b و c و d چوار ژمارەبن.

خشتەی 1 (أ) کردارە بنچینەییەکان لە کەرتەکاندا

کردار	ڕێسا	نموونە
لێکدان	$\left(\frac{a}{b}\right)\left(\frac{c}{d}\right) = \frac{ac}{bd}$	$\left(\frac{2}{3}\right)\left(\frac{4}{5}\right) = \frac{(2)(4)}{(3)(5)} = \frac{8}{15}$
دابەشکردن	$\frac{\left(\frac{a}{b}\right)}{\left(\frac{c}{d}\right)} = \frac{ad}{bc}$	$\frac{\left(\frac{2}{3}\right)}{\left(\frac{4}{5}\right)} = \frac{(2)(5)}{(3)(4)} = \frac{5}{6}$
کۆکردنەوەو لێکدەرکردن	$\frac{a}{b} \pm \frac{c}{d} = \frac{ad \pm bc}{bd}$	$\frac{2}{3} - \frac{4}{5} = \frac{(2)(5) - (3)(4)}{(3)(5)} = -\frac{2}{15}$

هێزەکان Powers

ڕێساکانی توان Rules of expnents

لە کاتی لێکدانی بڕێکی دیاریکراو (x) کە هێزەکەی (m) بە هەمان بڕ کە هێزەکەی (n) بێ، ئەوا ڕێسای زانستی هێماکاری بەم شێوەی خوارەوە جێبەجێ دەکەین:

$$(x^n)(x^m) = x^{(n+m)}$$

بۆنموونە: $(x^2)(x^4) = x^{(2+4)} = x^6$

کاتی دابەشکردنی هێزە جیاوازەکان بۆ هەمان بڕ تێبینی دەکەین:

$$\frac{x^n}{x^m} = x^{(n-m)}$$

بۆ نموونە، $\frac{x^8}{x^2} = x^{(8-2)} = x^6$

ئەو هێزەی کە لە شێوەی کەرتدا بێت وەك $\frac{1}{3}$ دەبێتە ڕەگ وەك ئەمەی خوارەوە:

$$x^{1/n} = \sqrt[n]{x}$$

بۆنموونە: $4^{1/3} = \sqrt[3]{4} = 1.5874$ (دەتوانین سوود وەربگرین لە ئامێری ژمێرەر بۆ ئەم هەژمارکردنە) لە کۆتایی دا، بۆ بەرزکردنەوەی x^n بۆ هێزی m بەم شێوەیەی لێ دێت:

$$(x^n)^m = x^{mn}$$

بۆنموونە: $(x^2)^3 = x^{(2)(3)} = x^6$

خشتەی 2 (أ) کورتەی ڕێسا بنچینەییەکانی توانە.

خشتەی 2 (أ) ڕێسا بنچینەییەکانی توان

$x^0 = 1$	$x^1 = x$	$(x^n)(x^m) = x^{(n+m)}$
$\frac{x^n}{x^m} = x^{(n-m)}$	$x^{1/n} = \sqrt[n]{x}$	$(x^n)^m = x^{(nm)}$

جەبر Algebra

ژمێرکردنی نادیار «نەزانراو» Solving for unknowns

لە کاتی ئەنجامدانی کردارە جەبرییەکاندا، ئەوا یاساکانی هەژمارکردن جێبەجێ دەکەین، کە هێماکانی وەك (x، y، z ...) بڕە نادیارەکان «نەزانراوەکان» دەنوێنین.

با یەکەم جار ئەم هاوکێشەیە وەربگرین:

$$8x = 32$$

گەر ویستمان x هەژماربکەین، ئەوا هەردوولای هاوکێشەکە دابەشی هەمان کۆلکە دەکەین بێ ئەوەی هاوکێشەکە هیچ بگۆڕێت: لەم بارەدا ئەگەر هەردوو لا دابەشی 8 بکەین:

$$\frac{8x}{8} = \frac{32}{8}$$

$$x = 4$$

پاشان با ئەم هاوکێشەیە وەربگرین.

$$x + 2 = 8$$

لەم جۆرە هاوکێشانەدا، ئەوا یەك بڕ لەگەڵ هەردوو لای هاوکێشەکە کۆ دەکەینەوە یان لێی دەردەکەین. ئەگەر ژمارە 2 لەهەردوو لا دەربکەین ئەوا:

$$x + 2 - 2 = 8 - 2$$

$$x = 6$$

بە شێوەیەکی گشتی $x + a = b$ دەگۆڕێت بۆ $x = b - a$.

ئێستا با ئەم هاوکێشەیە وەربگرین.

$$\frac{x}{5} = 9$$

ئەگەر هەر لایەك لە 5 بدرێت، ئەوا بە تەنها x دەمێنێتەوە لە لای چەپ وە بڕی 45 لە لای ڕاست.

$$(5)\left(\frac{x}{5}\right) = (9)(5)$$

$$x = 45$$

لە هەموو بارەکاندا، ئەو کردارانەی کە لەسەر لای چەپ جێبەجێ بکرێت پێویستە لەسەر لای ڕاستیش جێبەجێ بکرێت.

شیتەڵ کردن بۆ کۆلکەکان

Factoring

لە خشتەی **3** (أ) دا هەندێ لە هاوکێشە بەکەڵکەکان نیشان دراوە بۆ شیتەڵکردنی هاوکێشە بۆ کۆلکەکان. بۆ نموونە دەتوانین هاوکێشەی $5x + 5y + 5z = 0$ لەسەر شێوەی $5(x + y + z) = 0$ بنووسین، کە ژمارەی 5 پێی دەووترێت کۆلکەی هاوبەش. بەڵام دەربڕینی $a^2 + 2ab + b^2$ کە دائەنرێت بە نموونەیەك بۆ دووجای تەواو، دەتوانین بنووسین $(a + b)^2$. ئەگەر $a = 2$ و $b = 3$ ئەوا هاوکێشەکە دەبێتە $2^2 + (2)(2)(3) + 3^2 = (2 + 3)^2$ ، یان $(4 + 12 + 9) = 25$ ، و لەکۆتاییدا $5^2 = 25$.

وەك نموونە لەسەر جیاوازی نێوان دوو ژمارەی دووجا ئەگەر $a = 6$ ، $b = 3$. لەم بارەدا $(6^2 - 3^2) = (6 + 3)(6 - 3)$ یان $(36 - 9) = (9)(3) = 27$.

خشتەی **3** (أ) هاوکێشەکانی شیتەڵکردن بۆ کۆلکەکان

کۆلکەی هاوبەش	$ax + ay + az = a(x + y + z)$
دووجای تەواو	$(a + b)^2 = a^2 + 2ab + b^2$
جیاوازی نێوان دوو ژمارەی دووجا	$a^2 - b^2 = (a + b)(a - b)$

هاوکێشە هێڵیەکان

Linear Equations

هاوکێشەی هێڵی بە گشتی ئەم شێوەیەی خوارەوەی هەیە:

$$y = ax + b$$

لە کاتێکدا کە a و b جێگیرن و نەگۆڕن. ئەم هاوکێشەیە پێی دەووترێت هاوکێشەی بەهێڵی، لەبەر ئەوەی چەماوەی y بە ڕێژەی x هێڵێکی ڕاستە، وەك دیارە لە وێنەی **1** (أ). بە نەگۆڕی b دەوترێت یەکتربڕین لەگەڵ تەوەری y . وە نەگۆڕی a پێی دەوترێت «لاری» ڕاستەهێڵ کە یەکسانیشە بە «سایە»ی گۆشەی نێوان ئەو ڕاستەهێڵەو تەوەری x ، $\tan\theta$ واتە θ . ئەگەر لەسەر هێڵەکە پۆ و تانی (x_1, y_1) و (x_2, y_2) هەروەك لە وێنەی **1** (أ) دیارە، «لاری» ڕاستەهێڵەکەیە:

$$\text{لاری} = \frac{y_2 - y_1}{x_2 - x_1} = \frac{\Delta y}{\Delta x}$$



وێنەی **1** (أ)

بۆ نموونە، دوو خاڵی (2،4) و (6،9) ، لەگەڵ نرخانەدا لاری هێڵەکەیە:

$$\text{لاری} = \frac{(9-4)}{(6-2)} = \frac{5}{4}$$

تێبینی بکە کە لەوانەیە هەریەکە a ، b پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ بن لاری ڕاستە هێڵەکە پۆزەتیڤ دەبێت ئەگەر $a > 0$. وە نێگەتیڤ دەبێت ئەگەر $a < 0$. سەرەڕای ئەوە کە یەکتر برین لەگەڵ تەوەرەی y پۆزەتیڤ، ئەگەر $b > 0$ ، وە نێگەتیڤ دەبێت ئەگەر $b < 0$. **وێنەی 2** (أ) ئەو نموونانە پیشان ئەدات کە لەسەر ئەو چوار بارەی پێشوو، کە کورتەکەی لە **خشتەی 4** (أ) دایە.



وێنەی 2 (أ)

خشتەی 4 (أ) هاوکێشە هێڵیەکان

نەگۆڕەکان	لاری	یەکتربری لەگەڵ y
$a > 0, b > 0$	پۆزەتیڤ	پۆزەتیڤ
$a > 0, b < 0$	پۆزەتیڤ	نێگەتیڤ
$a < 0, b > 0$	نێگەتیڤ	پۆزەتیڤ
$a < 0, b < 0$	نێگەتیڤ	نێگەتیڤ

گۆڕان لە نێوان کەرتەکان و ژمارە دەیەکان و ڕێژەکانی سەدیدا

خشتەی 5 (أ) کورتەی ڕێساکانی گۆڕینی ژمارەکانە لە کەرتەکانەوە بۆ ژمارە دەییەکان ورێژەی سەدییەکان وە لە ڕێژە سەدییەکانەوە بۆ ژمارە دەییەکان.

خشتەی 5 (أ) گۆڕینەکان

گۆڕین	ڕێسا	نموونە
لە کەرتەوە بۆ ژمارەی دەیی	«سەرە» دابەش «ژێرە» بکە	$\frac{31}{45} = 0.69$
لەکەرتەوە بۆ ڕێژەی سەدی	بیگۆڕە بۆ ژمارەی دەیی پاشان کەرەتی 100% بکە	$\frac{31}{45} = (0.69)(100\%) = 69\%$
لە ڕێژەی سەدیەوە بۆ ژمارەی دەیی	«وێرگوڵ» دوو خانە بجووڵێنە بۆ لای چەپ ولە هێمای ڕێژەی سەدی خۆت رزگار بکە	$69\% = 0.69$

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

لە خشتەی 6 (أ) دا هاوکێشەی ڕووبەر و قەبارەکانی هەندێ لە شێوە ئەندازەییە جۆراو جۆرەکانی تێدایە کە لەم کتێبەدا هاتووە.

خشتەی 6 (أ) ڕووبەرەکان و قەبارە ئەندازەییەکان

شێوە ئەندازەییەکان		هاوکێشەکان
	لاکێشە	ڕووبەر = wl چێوە = $2(l+w)$
	بازنە	ڕووبەر = πr^2 چێوە = $2\pi r$
	سێگۆشە	ڕووبەر = $\frac{1}{2}bh$
	گۆ «تۆپ»	ڕووبەری ڕووەکەی = $4\pi r^2$ قەبارە = $\frac{4}{3}\pi r^3$
	لولەك	قەبارە = $\pi r^2 l$ لا تەنیشتە ڕووبەر = $2\pi rl$
	لاکێشەکانی تەریبی «سەندوقی لاکێشەیی»	ڕووبەری ڕوو = $2(lh+lw+hw)$ قەبارە = lwh

زانستی سێگۆشەکاری و بیردۆزی فیساگۆرس

زانستی سێگۆشەکاری ئەو لقەی بیرکارییە کە پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی سێگۆشەی گۆشە وەستاو زۆربەی زۆری چەمکەکانی ئەم لقە گرنگیەکی گەورەی هەیە لە خوێندنی فیزیادا. بۆ پێداچوونەوەی هەندێ لە چەمکە بنچینەییەکان لە زانستی سێگۆشەکاریدا، بۆ نموونە سێگۆشەیەکی گۆشە وەستاو وەردەگرین وەك ئەوەی لە **وێنەی 3 (أ)** دایە، کە تیایدا لای a بەرامبەرە بە گۆشەی θ وە لای b تەنیشتیەتی، وەلای c ژێی سێگۆشەکەیە **خشتەی 7 (أ)** وە بە پاڵپشت بە **وێنەی 3 (أ)**. پوختەی زۆربەی نەخشە سێگۆشە بنچینەییەکان.

خشتەی 7 (أ) نەخشەی سێگۆشەییەکان (ڕێژە سێگۆشەییەکان)

تەژێ (sin)	$\sin\theta=\frac{a}{c}=\frac{\text{لای بەرامبەری}}{\text{ژێ}}$
تەژێ تەواو (cos)	$\cos\theta=\frac{b}{c}=\frac{\text{لای تەنیشتی }\theta}{\text{ژێ}}$
سایە (tan)	$\tan\theta=\frac{a}{b}=\frac{\text{لای بەرامبەر }\theta}{\text{لا تەنیشتی }\theta}$
هەڵگەڕاوەی تەژێ ($\sin^{-1}$)	$\sin^{-1}\left(\frac{a}{c}\right)=\sin^{-1}\left(\frac{\text{لای بەرامبەر }\theta}{\text{ژێ}}\right)=\theta$
هەڵگەڕاوەی تەژێ تەوا ($\cos^{-1}$)	$\cos^{-1}\left(\frac{b}{c}\right)=\cos^{-1}\left(\frac{\text{لا تەنیشت }\theta}{\text{ژێ}}\right)=\theta$
هەڵگەڕاوەی سایە ($\tan^{-1}$)	$\tan^{-1}\left(\frac{a}{b}\right)=\tan^{-1}\left(\frac{\text{لای بەرامبەر }\theta}{\text{لا تەنیشت }\theta}\right)=\theta$

$\sin\theta=\frac{a}{c}$

$\cos\theta=\frac{b}{c}$

$\tan\theta=\frac{a}{b}$



وێنەی 3 (أ)

بۆ نموونە ئەگەر پێوانەی گۆشەی $\theta = 30°$ ، ئەوا درێژی a بۆ c دەکاتە 0.50 . کە ئەمەش مانای وایە کە $\sin 30° = 0.50$ نەخشەکانی (tan ، cos ،sin) هیچ یەکەیەکی پێوانە کردنیان نییە لەبەر ئەوەی ڕێژەن لە نێوان دوو درێژیدا هەروەها بڕوانە ئەم پەیوەندیەی خوارەوە:

$$\frac{\sin\theta}{\cos\theta}=\frac{\frac{\text{لای بەرامبەر }\theta}{\text{ژێ}}}{\frac{\text{لای تەنیشت }\theta}{\text{ژێ}}}=\frac{\text{لای بەرامبەر }\theta}{\text{لای تەنیشت }\theta}=\tan\theta$$

ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە پەیوەندیە سێگۆشەییەکانی ترن:

$$\sin^2\theta+\cos^2\theta=1$$

$$\sin\theta=\cos(90°-\theta)$$

$$\cos\theta=\sin(90°-\theta)$$

پێوانە کردنی (ژمێرەکردنی) درێژی لایەکی نەزانراو

بە بەکارهێنانی هەرسێ نەخشە سێگۆشەیەکان کە لە خشتەی 7 (أ) دا هاتووە، دەتوانین کە درێژی لایەکی سێگۆشەی گۆشە وەستاوی نەزانراو هەژمێربکەین کاتێك کە درێژی یەکێك لە لاکانی وپێوانەی یەکێك لە دوو گۆشەکەی تری (جگە لە گۆشە وەستاوەکە) زانراوبێت بۆ نموونە: ئەگەر $\theta = 30°$ و $a = 1.0$ m ئەوا درێژی دوو لاکەی تری سێگۆشەکە ئەدۆزینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

$$\sin\theta = \frac{a}{c}$$

$$c = \frac{a}{\sin\theta} = \frac{1.0\ \text{m}}{\sin 30°}$$

$$\boxed{c = 2.0\ \text{m}}$$

$$\tan\theta = \frac{a}{b}$$

$$b = \frac{a}{\tan\theta} = \frac{1.0\text{m}}{\tan 30°}$$

$$\boxed{b = 1.7\ \text{m}}$$

پێوانە کردنی (هەژمێرکردنی) گۆشەیەکی نادیار

لەوانەیە لە هەندێ جاردا کە (sin، cos، tan)ی گۆشەیەك بزانین وە پێویستمان بەدیاریکردنی نرخی گۆشەکە بێ، بۆ ئەم مەبەستە نەخشەکانی هەڵگەڕاوەی sin یان هەڵگەڕاوەی cos یان هەڵگەڕاوەی tan ، بەکاربهێنین کە لە خشتەی 7 (أ) دا هاتووە. بۆ نموونە ئەگەر $a = 1.0$ m وە $c = 2.0$ m گۆشەی θ هەژمێر دەکەین بە بەکارهێنانی نەخشەی پێچەوانەی $\sin^{-1}$ بەم شێوەیە:

$$\theta = \sin^{-1}\left(\frac{a}{c}\right) = \sin^{-1}\left(\frac{1.0\ \text{m}}{2.0\ \text{m}}\right) = \sin^{-1}(0.50)$$

$$\boxed{\theta = 30°}$$

بیردۆزی فیساگۆرس

بیردۆزێکی بە کەڵکە لە سێگۆشەیەکی گۆشە وەستاودا ئەگەر a و b دوولای سێگۆشەیەکی گۆشە وەستاوبێت وە c ژێیەکەی بێت وەك لە **وێنەی 4** (أ) دیارە، ئەوا بیردۆزی فیساگۆرس بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسرێ:

$$c^2 = a^2 + b^2$$

ئەمەش مانای ئەوەیە کە دووجای ژێ دەکاتە سەرەنجامی کۆکردنەوەی دووجای ئەو دوولاکەی تر کە ماون. بیردۆزی فیساگۆرس بەکاردەهێنین بۆ هەژمارکردنی لایەك لە لاکانی سێگۆشە کاتێك درێژی دوولای تر زانراوبن بۆ نموونە: ئەگەر $c = 2.0$ m و $a = 1.0$ m ، دەتوانیت b هەژماربکەیت بە هۆی بیردۆزی فیساگۆرسەوە. وەك:

$$b = \sqrt{c^2 - a^2} = \sqrt{(2.0\ \text{m})^2 - (1.0\ \text{m})^2}$$

$$b = \sqrt{4.0\ \text{m}^2 - 1.0\ \text{m}^2} = \sqrt{3.0\ \text{m}^2}$$

$$\boxed{b = 1.7\ \text{m}}$$



وێنەی 4 (أ)

ووردی لە هەژمێرکردنە تاقیگەییەکاندا

هەڵەی پەتی

هەندێ لەو تاقیکردنەوانەی لەم کتێبەدا هاتووە، ڕێگەیەکی تێدایە بۆ هەژمێرکردنی بەهایەك کە پێشتر زانراوبێت. وەك تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست. لەم چەشنە تاقیکردنەوانەدا ووردەکاری تاقیکردنەوەکانت دیاری دەکرێت لە ڕێگەی بەراوردکردن لە نێوان ئەنجامەکانت و بەها پەسندکراوەکە. وە هەڵەی پەتی پێناسە دەکرێت بەو نرخە پەتیەی کە لە ئەنجامی لێکدەرکردنی نرخی ئەنجامە تاقیگەیەکان لە نرخە دانراوەکەی (پەسندکراوەکە) پەیدا دەبێ.

هەڵەی پەتی = |بەهای تاقیگەیی ـ بەهای پەسندکراو|

دڵنیابە لە تێکەڵنەکردنی نێوان چەمکی (واتای) ووردی و تەواوی یا (ڕێکی) ووردی پێوانەکردن بەوە پێناسە دەکرێت کە ڕادەی نزیکی پێوانە کردنەکەیە لە نرخی پەسندکراوی برە پێوراوەکە. بەڵام تەواوی یا ڕێکی بەندە لەسەر ئامێرەکانی پێوانەکردن بۆ نموونە ئەو ڕاستە مەتریەی کە بە ملیمتر پلە کراوە تەواوی زیاترە لەو ڕاستە مەترییەی کە بە سنتیمەتر پلەکرابێت. کەواتە بڕی $9.61\ m/s^2$ پێوراو بۆ تاودانی کەوتنە خوارەوەی سەربەست ڕێکترە لە بڕی $9.8\ m/s^2$. لەگەڵ ئەوەی کە $9.8\ m/s^2$ ووردی زیاترە لە $9.61\ m/s^2$.

هەڵەی ڕێژەیی

تێبینی بکە ئەو پێوراوانەی کە ڕێژەییانە، هەڵەی پەتی گەورەیان هەیە، لەوانەیە ووردتربێت لە پێوانێکی تر کە هەڵەی پەتی کەمترە، ئەگەر پێوانە کردنەکەی یەکەمجاری بڕی زۆر گەورەی تێدابێ. لەبەر ئەم هۆیەیە هەڵەی ڕێژەیی یان هەڵەی سەدی گرنگیەکی گەورەتری هەیە لە هەڵەی پەتی. وە هەڵەی ڕێژەیی پێناسە دەکرێت بە:

$$\text{هەڵەی ڕێژەیی} = \frac{|\text{بەهای تاقیگەیی ـ بەهای پەسندکراو}|}{\text{بەهای پەسندکراو}}$$

وە لەبەر ئەوەی هەڵەی ڕێژەیی بڕی هێندە پێوراوەکە ڕەچاو دەکات بۆیە دەتوانین بەراوردێکی ووردی دوو پێوانەکردنی جیاواز بکەین لە نێو بەراوردکردنی هەردوو هەڵە ڕێژەییەکانیاندا.

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

پاشکۆی (ب): هێماکان

هێما بیرکارییەکان

هێما	زاراوە	هێما	زاراوە
Δ	(دەلتا) بە یۆنانی گۆڕانە لە بڕێکدا	$\leq$	بچووکترە لە یان یەکسانە(لەچەپەوە بۆ ڕاست دەخوێندرێتەوە)
Σ	(سیگما) بەیۆنانی کۆکردنەوەی بڕەکانە	$\propto$	هاوڕێژە بوون
θ	(ثیتا) بە یۆنانی گۆشەیەکە	$\approx$	نزیکە یەکسانە بە
$=$	یەکسانی یان یەکسان بوون	$\ln$	بڕی نرخی پەتی
$>$	گەورەترە لە (لەچەپەوە بۆ ڕاست دەخوێندرێتەوە)	sin	ساین (تەژێ)
$\geq$	گەورەترە یان یەکسانە لە (لەچەپەوە بۆ ڕاست دەخوێندرێتەوە)	cos	کۆساین (تەژێ تەواو)
$<$	بچوکترە لە (لەچەپەوە بۆ ڕاست دەخوێندرێتەوە)	tan	تانجن (سایە)

هێمای بڕە بەکارهاتووەکان

هێندی ئاراستەدار بە پیتێك هێما دەکرێت تیراسایەکی لەسەردانراوە بەڵام وشە لار نووسراوەکان *italic* هێمایە بۆ بڕە پێوانەیەکان (نائاڕاستەبڕەکان) کە تەنها بڕیان هەیە.

هێما	زاراوە	هێما	زاراوە
A	ڕووبەر	M	بارستایی گشتی
D	تیرەی بازنە	R	نیوەتیرە
$\vec{F}$	هێز	t	کات
F	بڕی هێز	V	قەبارە
m	بارستایی		

هێماکانی فیزیای میکانیکی (جووڵاوەی) بەکارهاتوو لەم کتێبەدا

ئەو هێمایانەی کە تیراسایەك لەسەریانە بڕە ئاڕاستەدارەکان دەنوێنێ کە بڕو ئاڕاستەیان هەیە، بەڵام هێما «لارەکان» بڕە نائاڕاستەدارەکان دەنوێنێت کە تەنها بڕیان هەیە یان بڕی هێندە ئاڕاستە دارەکان و هێماکانی تر یەکەکان دەنوێنێت.

هێما	زاراوە	
a_t	لێکەوتە تاودان	tangential acceleration
a_c	چەقە تاودان	centripetal acceleration
α	(پیتی ئەلفای یۆنانی) گۆشە تاودان	(Greek alpha) angular acceleration
$d\ (\sin\theta)$	درێژی باسکی زەبر	length of lever arm
$\vec{F}_c$, F_c	هێزی دابینکەری جووڵەی بەسووڕ	force that maintains circular motion
ℓ	درێژی توڵی خولانەوە	length of a rotating rod
s	درێژی کەوانە	arc length
τ	(پیتی تاوی یۆنانی) زەبر	(Greek tau) torque
$\tau_{\text{بەرەنجام}}$	بەرەنجامی زەبر	net torque
θ	(پیتی ثێتای یۆنانی) گۆشەی خولانەوە	(Greek theta) angle of rotation
$\Delta\theta$	(پیتی دەلتاو ثێتای یۆنانی) گۆشە لادان بە ڕادیەن	(Greek delta and theta) angular displacment (in radians)
v_t	لێکەوتە خێرایی	tangential speed
ω	(پیتی ئۆمێگای یۆنانی) گۆشەی خێرایی	(Greek omega) angular speed

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

هێماکانی لەرینەوەکان و شەپۆلەکان و بینایییەکانی بەکارهاتوو لەم کتێبەدا

هێما	بڕ	
d	دووری نێوان دوو درز لە تاقیکردنەوەی جووت درزدا	slit separation in double-slit interference of light
$d \sin\theta$	جیاوازی ڕێڕەو لە نێوان دوو شەپۆلی ڕوناکی بەیەکداچوو	path difference for interfering light waves
F جیری $\vec{F}$ جیری	هێزی سپرینگ	spring force
f	لەرەلەر	frequency
f_n	لەرەلەری هارمۆنی پلە n	nth harmonic frequency
k	نەگۆڕی سپرینگ	spring constant
L	درێژی بەندۆل یان پەتێکی لەراوە یان ستوونێکی هەوای لەراوە	length of a pendulum, vibrating string, or vibrating column of air
ℓ	درێژی ڕێڕەوی شەپۆلی ڕووناکی	path length of light wave
λ	(لامدای یۆنانی) درێژی شەپۆل	(Greek lambda) wavelength
m	پلەی برژۆڵەی بەیەکداچوون	order number for interference fringes
n	ژمارەی هارمۆنی (دەنگ)	harmonic number (sound)
n	هاوکۆلکەی شکانەوە	index of refraction
T	کاتەلەری بەندۆل (جوڵەی هارمۆنی سادە)	period of a pendulum (simple harmonic motion)
θ	(ثێتایۆنانی) لادانە گۆشەی برژۆڵە بەگوێرەی برژۆڵەی بەیەکداچوونی ناوەند.	(Greek theta) angle of fringe separation from center of interference pattern

هێماکانی کارۆموگناتیسی بەکارهاتوو لەم کتێبەدا

هێما	بڕ	
$\vec{B}, B$	بواری موگناتیسی	magnatic field
(emf) ε	پ. هـ. ك (جیاوازی ئەرك) بەرهەمهاتوو لە پاترییەك کارۆموگنەکاری	e.m.f (potential difference) produced by a battery or electromagnetic induction
$\vec{F}$ موگناتیسی F موگناتیسی	هێزی موگناتیسی	magnetic force
I	تەزووی کارەبایی	electric current
i	تەزووی ساتی (سوڕی کارەبای گۆڕاو)	instantaneous current (ac circuit)
I_m	گەورەترین بڕی تەزوو (سوڕی کارەبای گۆڕاو)	maximum current (ac circuit)
I_e	بڕی تەزووی کاریگەر	root-mean-square current (ac circuit)
L	هاوکۆلکەی خودموگنەکاری	coefficient of self inductance
ℓ	درێژی گەیەنەرێکی کارەبایی لە بوارێکی موگناتیسیدا	length of an electrical conductor in a magnetic field
M	هاوکۆلکەی ئاڵوگۆڕە موگنەکاری	coefficient of mutual inductance
N	ژمارەی پێچەکانی کۆیلی تەزوو هەڵگریان کۆیلی ترانسفۆرمەر	number of turns in a current-carrying loop or a transformer coil
ΔV_e	بڕی کاریگەر بۆ جیاوازی ئەرك	root-mean-square potential difference (ac circuit)
ω	ئۆمێگای یۆنانی (گۆشە لەرە)	(Greek omega) angular frequency

پاشكۆی (ج)

یەكەكان لە سیستمی نێودەوڵەتی SI

هێما	زاراوە	بڕ	هێما	زاراوە	بڕ
A	ئەمپێر	تەزووی كارەبا	s	چركە	كات
K	كالڤن	پلەی گەرمی پەتی	mol	مۆل	بڕی ماددە
kg	كیلۆگرام	بارستایی	cd	كاندێلا	توندی ڕۆشنایی
m	مەتر	درێژی			

هەندێك لە پێشگرەكانی سیستمی نێودەوڵەتی SI

بنچینە	هێما	كۆلكەی توانا	واتای	نموونە
Mega مێگا	**M**	10^6	**1 000 000**	مێگا مەترێك (Mm) = 1×10^6 مەتر
Kilo كیلۆ	**k**	10^3	**1 000**	كیلۆمەترێك (km) = 1×10^3 مەتر
Centi سەنتی	**c**	10^{-2}	**1/100**	سنتیمەترێك (cm) = 1×10^{-2} مەتر
Milli مللی	**m**	10^{-3}	**1/1000**	مللیمەترێك (mm) = 1×10^{-3} مەتر
Micro مایكرۆ	μ	10^{-6}	**1/1 000 000**	مایكرۆمەترێك ($m\mu$) = 1×10^{-6} مەتر

چەند یەکەیەکی تری پەسەندکراو لە سیستمی نێودەوڵەتی SI

هێما	ناو	بڕ	یەکەی هاوتا
C	کۆڵۆم	بارگەی کارەبا	$1\ A\bullet s$
°C	پلەی سیلیزی	پلەی گەرمی	$1\ K$
dB	دێسی بێڵ	ئاستی توندی دەنگ	بێ یەکەی پێوانەییە
eV	ئەلیکترۆن ڤۆڵت	وزە	$1.60 \times 10^{-19}\ J$
F	فاراد	بارگەگری بارگەگر	$1\frac{A^2\bullet s^4}{kg\bullet m^2} = 1\frac{C}{V}$
H	هینری	موگنەکاری (هاندان)	$1\frac{kg\bullet m^2}{A^2\bullet s^2} = 1\frac{J}{A^2}$
h	کاژێر (سەعات)	کات	$3.600 \times 10^3\ s$
Hz	هێرتز	لەرەلەر	$\frac{1}{s}$
J	جووڵ	وزە	$1\frac{kg\bullet m^2}{s^2} = 1\ N\bullet m$
kW•h	کیلۆوات. کاژێر	وزە	$3.60 \times 10^6\ J$
L	لیتر	قەبارە	$10^{-3}\ m^3$
min	خولەك (دەقیقە)	کات	$6.0 \times 10^1\ s$
N	نیوتن	هێز	$1\frac{kg\bullet m}{s^2}$
Pa	باسکال	پەستان	$1\frac{kg}{m\bullet s^2} = 1\frac{N}{m^2}$
rad	ڕادیەن	گۆشەلادان	بێ یەکەی پێوانەییە
T	تێسلا	توندی بواری موگناتیسی	$1\frac{kg}{A\bullet s^2} = 1\frac{N}{A\bullet m} = 1\frac{V\bullet s}{m^2}$
u	یەکەی بارستایی	بارستایی (بارستە گەردیلەیی)	$1.660\ 538\ 86 \times 10^{-27}\ kg$
V	ڤۆڵت	جیاوازی ئەرکی کارەبایی (ڤۆڵتیە)	$1\frac{kg\bullet m^2}{A\bullet s^3} = 1\frac{J}{C}$
W	وات	توانا	$1\frac{kg\bullet m^2}{s^3} = 1\frac{J}{s}$
Ω	ئۆم	بەرگری	$1\frac{kg\bullet m^2}{A^2\bullet s^3} = 1\frac{V}{A}$

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

پاشکۆی (د): چەند خشتەیەکی سودبەخش

خێرایی دەنگ لە ناوەندە جیاکاندا

ناوەند	v(m/s)	ناوەند	v(m/s)	ناوەند	v(m/s)
گازەکان		شلەکان لە 25ºC		تەنی ڕەق	
هەوا (0ºC)	331	کهولی مەثیل	1140	فافۆن	5100
هەوا (25ºC)	346	ئاوی دەریا	1530	مس	3560
هەوا (100ºC)	366	ئاو	1490	ئاسن	5130
هیلیۆم (0ºC)	972			قورقوشم	1320
هایدرۆجین (0ºC)	1290			تەپەدۆری بتەو	54
ئۆکسجین (0ºC)	317				

گۆڕینی توندی بۆ ئاستی توندی (dB)

توندی (W/m²)	ئاستی توندی (dB)	نموونە	توندی (W/m²)	ئاستی توندی (dB)	نموونە
1.0×10^{-12}	0	نزمترین لێواری بیستن	1.0×10^{-4}	80	ئاپۆرەی ڕۆیشتن یان کاتژمێری ئاگادارکەرەوە
1.0×10^{-11}	10	ورشەی گەڵای دار	0.1×01^{-3}	90	مشاری داربڕین
1.0×10^{-10}	20	چرپەیەکی لەسەرخۆ	1.0×10^{-2}	100	شەمەندەفەری کارەبایی‌بە تونێلی (میترۆ) دادەروات دینەمۆی کارەبایی
1.0×10^{-9}	30	چرپە			
1.0×10^{-8}	40	گیزەی مێشولە	1.0×10^{-1}	110	هۆڕنی ئۆتۆمبێل لە دووری 1 m
1.0×10^{-7}	50	گفتوگۆیەکی ئاسایی	1.0×10^{0}	120	بەرزترین ئاستی دەنگ (لێواری ئازار)
1.0×10^{-6}	60	هەواسازکەرێك لە دووری 6 m	1.0×10^{1}	130	گرمەی هەور، شەست تیر
1.0×10^{-5}	70	گسکی کارەبایی	1.0×10^{3}	150	فڕۆکەیەکی فیشکەداری نزیك

زانیارییە گەردیلەییە بەسودەکان

هێما	ناو	نرخی پێوراو (بنچینەیی)	نرخی باوەڕپێکراو لە هەژمێرکردندا
m_e	بارستایی ئەلیکترۆن	$9.109\ 3826 \times 10^{-31}$ kg	9.109×10^{-31} kg
		$5.485\ 799\ 0945 \times 10^{-4}$ u	5.49×10^{-4} u
		0.510 998 918 MeV	5.110×10^{-1} MeV
m_n	بارستایی نیوترۆن	$1.674\ 927\ 28 \times 10^{-27}$ gk	1.675×10^{-27} kg
		1.008 664 915 60 u	1.008 665 u
		939.565 360 MeV	9.396×10^{2} MeV
m_p	بارستایی پرۆتۆن	$1.672\ 621\ 71 \times 10^{-27}$ kg	$1.672\ 621\ 71 \times 10^{-27}$ kg
		1.007 276 466 88 u	1.007 276 u
		938.272 029 MeV	9.383×10^{2} MeV

شەبەنگی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان

ناوی شەپۆلەکان	مەوداکەی	بەکارهێنانی
شەپۆلی ڕادیۆیی (بێ تەل)	$\lambda > 30$ cm $f < 1.0 \times 10^{9}$ Hz	شەپۆلە ڕادیۆییەکانی AM و FM وە شەپۆلەکانی تەلەڤزیۆنی.
شەپۆلە مایکرۆییەکان (وردیلەکان)	30 cm $> \lambda >$ 1 mm 1.0×10^{9} Hz $< f < 3.0 \times 10^{11}$ Hz	لە ڕاداردا، لێکۆڵینەوەی گەردیلەو گەردی مادەکان، فرۆکەوانی، کەشتییەوانی، فڕنی شەپۆلە مایکرۆییەکان.
شەپۆلی خوار سور (IR)	1 mm $> \lambda >$ 700 nm 3.0×10^{11} Hz $< f < 4.3 \times 10^{14}$ Hz	لەشەبەنگە گەردییە لەراوەکان و وێنەگرتنی فۆتۆگرافی و چارەسەری فیزیایی (سروشتی) ماسولکەکانی لەش
ڕووناکی بینراو	(سور) 700 nm $> \lambda >$ 400 nm (بنەوشی) 4.3×10^{14} Hz $< f < 7.5 \times 10^{14}$ Hz	وێنەگرتنی فۆتۆگرافی، ووردبینی ڕووناکی و زانستی گەردونی بینایی.
تیشکی سەرو وەنەوشەیی (UV)	400 nm $> \lambda >$ 60 nm 7.5×10^{14} Hz $< f < 5.0 \times 10^{15}$ Hz	پاکژکردنەوەی ئامێرە پزیشکیەکان، جیاکردنەوەی کانزا فلۆرییەکان.
تیشکی X	60 nm $> \lambda > 10^{-4}$ nm 5.0×10^{15} Hz $< f < 3.0 \times 10^{21}$ Hz	پشکنینی پزیشکی بۆ ئێسقان و ددان وشانە گرنگەکان وە چارەسەرکردنی لووە شێرپەنجەیەکان
تیشکی گاما	0.1 nm $> \lambda > 10^{-5}$ nm 3.0×10^{18} Hz $< f < 3.0 \times 10^{22}$ Hz	لێکۆڵینەوەی کەلێنەکان لە پێکهاتەی مادەدە ئەستورەکان. چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و بەرکەوتنی خواردن بەو تیشکانە.

بڕە جێگیرە بنچینەییەکان

هێما	بڕ	بڕی فەرمی (بنچینەیی)	بڕە باوەڕپێکراوەکان لەهەژمێری کتێبەکاندا
c	خێرایی ڕوناکی لەبۆشایی	299 792 458 m/s	3.00×10^{8} m/s
e^{-}	بارگەی سەرەتایی	$1.602\ 176\ 53 \times 10^{-19}$ C	1.60×10^{-19} C
e^{1}	بنچینەی لۆگاریتمی ئاسایی	2.718 281 828	2.72
ε_o	نەگۆڕە نەگەیاندن لەبۆشاییدا	$8.854\ 187\ 817 \times 10^{-12}$ C^2/(N•m^2)	8.85×10^{-12} C^2/(N•m^2)
G	نەگۆڕی کێشکردنی گشتی	$6.672\ 59 \times 10^{-11}$ N•m^2/kg^2	6.673×10^{-11} N•m^2/kg^2
g	تاودانی زەوی	9.806 65 m/s^2	9.81 m/s^2
h	نەگۆڕی پلانێك	$6.626\ 0693 \times 10^{-34}$ J•s	6.63×10^{-34} J•s
k_C	نەگۆڕی کوڵۆم	$8.987\ 551\ 787 \times 10^{9}$ N•m^2/C^2	8.99×10^{9} N•m^2/C^2
R	نەگۆڕی جیهانی مۆڵی بۆ گاز	8.314 472 J/(mol•K)	8.31 J/(mol•K)
π	ڕێژەی چێوەی بازنەیەك بۆ تیرەکەی	3.141 592 654	ئەو بڕەی کە بژمێر دەیدات
μ_o	هاوکۆلکەی هێڵەگۆڕەی موگناتیسی لە بۆشایی		$4\pi \times 10^{-7}$ T.m/A

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

زەبری بارنەگۆڕی بۆ چەند تەنێکی ئەندازەیی

شێوە		زەبری بارنەگۆڕی
	ئەڵقەیەکی تەنک بە دەوری تەوەرەیەکدا کە بە ناوەڕاستی دا دەڕوات	MR^2
	ئەڵقەیەکی تەنک بە دەوری تیرەکەیدا	$\frac{1}{2}MR^2$
	تەنۆلکەیەک بە دەوری تەوەرەیەکدا	MR^2
	پەپکەیەک یان لوولەکێک بە دەوری تەوەرەیەک کە بە ناوەڕاستی دادەڕوات	$\frac{1}{2}MR^2$

شێوە		زەبری بارنەگۆڕی
	تولێکی تەنک (باریك) بە دەوری تەوەرەیەکی ستوون لەسەری و بە چەقەکەیدا دەڕوات	$\frac{1}{12}Ml^2$
	تولێکی تەنک (باریك) بە دەوری تەوەرەیەکی ستوون لەسەری و بەلایەکی دادەڕوات	$\frac{1}{3}Ml^2$
	گۆیەکی پتەو بە دەوری تیرەکەیدا	$\frac{2}{5}MR^2$
	گۆیەکی ناوبۆش بە دەوری تیرەکەیدا	$\frac{2}{3}MR^2$

Ferkar

وەڵامی پرسیارە هەڵبژێردراوەکان

بەشی 1

راهێنانی 1 (أ)

.1 0.38 m

راهێنانی 1 (ب)

.1 0.76 s

راهێنانی 1 (ج)

.1 أ. $17\ rad/s^2$ ب. 0.038 rad/s
ج. $-6.3\ rad/s^2$

راهێنانی 1 (د)

.1 31.0 rad/s

راهێنانی 1 (هـ)

.1 أ.3.6 m/s ب . 15 rad/s
ج. 29 m/s د . 1.3 m

راهێنانی 1 (و)

.1 1.5 m

راهێنانی 1 (ز)

.1 58.7 m

راهێنانی 1 (ح)

.1 29.6 kg

راهێنانی 1 (ط)

.1 0.692 m

پێدابچۆرەوەو هەڵیبسەنگێنە

.1 180° نیو خول
.5 4.1m
.7 أ. $821\ rad/s^2$
ب. 4.20×10^3 rad

.15 1.5×10^2 rad/s

.27 1.99×10^{-7} rad/s

.29 أ. 161 m
ب. 5.49×10^3 N

.31 1.02 m

.33 أ. $0.965\ m/s^2$
ب. 0.0985

.35 8.3 s

بەشی 2

راهێنانی 2 (أ)

.1 أ. 5.1 N•m ب. 15 N•m .

راهێنانی 2 (ب)

.1 2.08×10^5 N ، 2.12×10^5 N

.3 أ. 0.86 m بەگوێرەی ئەو کچەی کە کێشەکەی 400.0N
ب. 0.49 m بەگوێرەی تەوەری خولانەوە بەلای ئەو کچەی کە کێشی 300.0 N

راهێنانی 2 (ج)

.1 أ. $-0.87\ rad/s^2$ ب. −11 N•m .

راهێنانی 2 (د)

.1 24 rad/s

راهێنانی 2 (هـ)

.1 12.0 m/s

پێدابچۆرەوەو هەڵیبسەنگێنە

.9 أ. 6300 N•m ب. 550 N

.11 ج

.21 دوو هێندەی زەبری کارکردووە لە لوولەکی دووەم

.23 620 N•m

Ferkar

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

31. 36 rad/s

33. 220 N

35. 885 N

38. أ. 47 N
ب. $0.24\ \text{kg}\cdot\text{m}^2$
ج. 4.0×10^{1} rad/s

40. $24\ \text{rad/s}^2$

بەشی 3

ڕاهێنانی 3 (أ)

1. 2.7×10^{3} N/m

ڕاهێنانی 3 (ب)

1. 3.6 m

ڕاهێنانی 3 (ج)

1. أ. 1.7 s، 0.59 Hz
ب. 0.14 s، 7.1 Hz

ڕاهێنانی 3 (د)

1. أ. 3.41 m
ب. 5.0×10^{-7} m
ج. 1.0×10^{-10} m

پێداچۆرەوەو هەڵیبسەنگێنە

13. أ. 2.000 s
ب. 9.812 m/s
ج. 9.798 m/s

19. $\frac{1}{3}$ s ؛ 3 Hz

25. أ. $0.9\ \text{cm}^2$
ب. 20.0 cm
ج. 0.0400 s
د. 5.00 m/s

29. y_3

35. 2.0 Hz، 0.50 s، 0.30 m/s

37. $9.70\ \text{m/s}^2$

بەشی 4

ڕاهێنانی 4 (أ)

1. $8.91 \times 10^{-3}\ \text{W/m}^2$

ڕاهێنانی 4 (ب)

1. 440 Hz

3. 440 m/s

پێداچۆرەوەو هەڵبسەنگێنە

13. 1079.4 Hz

21. $7.96 \times 10^{-2}\ \text{W/m}^2$

23. أ. 4.0 m ب. 2.0 m
ج. 1.3 m د. 1.0 m

29. 443 Hz، 886 Hz، 1330 Hz

31. أ. 52 cm ب. 640 Hz ، 960 Hz

33. 0.20 s

35. $L_{\text{داخراو}} = 1.5\,(L_{\text{کراوە}})$

37. أ. $f' = f\dfrac{v}{v - v_s}$
ب. دیوارەکە
ج. 20 m/s

بەشی 5

ڕاهێنانی 5 (أ)

1. أ. 2×10^{-5} T بە ئاڕاستەی تەوەرەی z پۆزەتیڤ
ب. 2×10^{-5} T بە ئاڕاستەی تەوەرەی z نێگەتیڤ

ڕاهێنانی 5 (ب)

1. 1.3×10^{-3} T

ڕاهێنانی 5 (ج)

1. أ. 40000 پێچ /m
ب. 0.05 T

ڕاهێنانی 5 (د)

1. 1.5×10^6 m/s بەرەو باكوور

ڕاهێنانی 5 (هـ)

1. 1.7×10^{-7} T بە ئاڕاستەی تەوەری z پۆزەتیڤ
3. 1.5 T

پێداچوونەوەی هەڵبەستەنگێنە

1. دووان
21. 2.1×10^{-3} m/s
23. 0.55 Ω
25. لە دووری 0.5 m لە تولێ A
29. 2.1×10^{-2} T بە ئاڕاستەی تەوەرەی y نێگەتیڤ
31. 8.0×10^{-3} T بە ئاڕاستەی تەوەرەی z پۆزەتیڤ
33. 1.39×10^{-2} T بە ئاڕاستەی چاودێرەكە
34. أ. 0.01 A
ب. 14500 Ω ،2500 Ω

بەشی 6

ڕاهێنانی 6 (أ)

1. –2 V

ڕاهێنانی 6 (ب)

1. 0.30 V
3. 0.14 V

ڕاهێنانی 6 (ج)

1. أ. 7.42 A
ب. 14.8 Ω
3. أ. 1.10×10^2 V
ب. 2.1 A

ڕاهێنانی 6 (د)

1. 0.5 A ،0.707 A
3. 1500 J

ڕاهێنانی 6 (هـ)

1. 25 Ω

ڕاهێنانی 6 (و)

1. 795 Ω

ڕاهێنانی 6 (ز)

1. 118 Ω، جیاوازی ئەرك پێش تەزوو دەكەوێت بەڕەوگەی 0.56 rad
3. تەزوو پێش جیاوازی ئەرك دەكەوێ بەڕەوگەی 1.54 rad

ڕاهێنانی 6 (ح)

1. 3.5×10^4 پێچ

ڕاهێنانی 6 (ط)

1. 300 kW

پێداچوونەوەی هەڵبەستەنگێنە

11. 0.12 A
27. 3.1×10^5 V
35. 48 پێچ
37. 11 پێچ
39. 5 V
41. 10 A
43. أ. 1.84 A
ب. 39 V ، 289 V
45. 1.33 A
47. 4.2×10^{-2} T
49. 245 V ، 89 Hz

Ferkar

www.ferkar.krd 0751 960 70 80

51. أ. 28 kW

ب. 3.6×10^5 kW

53. أ. 100 Ω

ب. 2 A

ج. 44μF

د. $2.5\sqrt{2}\ \sin(120\,\pi t)$

55. أ. 36 V

ب. 56.92 V

ج. وێنە

بەشی 7

ڕاهێنانی 7 (أ)

1. 574 nm

3. 25.2°

ڕاهێنانی 7 (ب)

1. 0.11°، 0.04°، 0.02°

3. 11

پێدابچۆرەوە و هەڵیبسەنگێنە

9. 630 nm

15. 3.22°

21. 2.41×10^{-4} m

23. 8.000×10^{-7} m

بەشی 8

ڕاهێنانی 8 (أ)

1. 2.0 Hz

3. 1.2×10^{15} Hz

ڕاهێنانی 8 (ب)

1. 4.83×10^{14} Hz

3. 2.36 eV

ڕاهێنانی 8 (ج)

1. 4.56×10^{14} Hz ، ئاستی 4

3. 4.83×10^{13} Hz

5. لە E_6 بۆ E_2، ئاستی 1

پێدابچۆرەوەو هەڵیبسەنگێنە

11. 4.8×10^{17} Hz

13. 1.2×10^{15} Hz

23. أ. 2.46×10^{15} Hz

ب. 2.92×10^{15} Hz

ج. 3.08×10^{15} Hz

د. 3.15×10^{15} Hz

25. 2.00 eV

27. 0.80 eV

بەشی 9

پێدابچۆرەوەو هەڵبسەنگێنە

3. ج–هـ–و

7. بۆ چەپ، بۆ ڕاست

9. ئەلیکترۆنە نێگەتیڤەکان

13. أ. پێچەوانەی ئاراستەی تیراساکە

ب. بە ئاراستەی تیراساکە

19. گەورەتر لە یەك

21. تەوزمی بەهێڵ

25. أ. 2.75×10^{14} Hz

ب. 1.09×10^{-6} m

27. 1 eV

Ferkar

زاراوەکان

ئـ

ئالوگۆڕە موگنەکاری Mutual inductance :
کرداری دروستبوونی پاڵهێزە کارەباییە لە یەکێك لە دووسوریدا بەهۆی گۆڕانی توندی تەزوو لەسورەکەی تردا

ئاراستەداری ڕووبەر Area Vector :
ئاراستەدارێکە برەکەی ڕووبەرە دراوەکەیە و ئاراستەکەشی ستوونە لەسەر ڕووبەرەکە.

ئاواز (جۆری دەنگ) Timbre
ئەو ئاوازەیە کە لە تێکەڵکردنی هارمۆنیە توندی جیاوازەکانەوە پەیدادەبێت.

ئەلەکترۆنی هاوهێزی Valence electron
ئەلەکترۆنێکە لە دوورترین چینی دەرەوەی ناوکی گەردیلەدا هەیە.

ب ، پ

باسکی خولانەوە Lever arm :
دووری ستوونییە لە نێوان تەوەری خولانەوەو ڕاستەهێڵێکی کێشراو لەسەر درێژکراوەی هێزەکە.

پەستاوتن Compression
ئەو ناوچەیەیە لە شەپۆلی درێژڕەدا و کە پەستان تێیدا دەگاتە گەورەترین بڕ.

پلەی دەنگ Pitch :
پێوەری ڕادەی تیژی یان گڕی دەنگی بیستراوە، بەپێی لەرلەری شەپۆلە دەنگیەکە.

بن Crest :
ئەو خاڵەیە کە گەورەترین لادانی نێگەتیڤی لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە هەیە.

بنەمای سەریەکچوونی شەپۆلەکان
Superposition principle : کاتێك دوو شەپۆل یان زیاتر لە ناوەندێکدا بەیەکدەگەن، لادانی تەنۆلکەکانی ناوەندەکە یەکسان دەبێت بە کۆی ئەو دوولادانەی کە لە هەریەکە لە دوو شەپۆڵەکەوە پەیدادەبێت.

بەیەکداچوونی دروستکەر
Constructive interference : ئەو بەیەکداچوونەیە کە ڕوودەدات لەکاتی بەیەکگەیشتنی لادانەکانی ئەو تەنۆلکانەی ناوەندەکە کە دەکەونە یەك لا لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە بۆ پێکهێنانی لادانێکی بەرئەنجامی گەورەتر لەهەر لادانێکی بەتەنهای هەر تەنۆلکەیەك.

بەیەکداچوونی لەناوبەر
Destructive interference : ئەو بەیەکداچوونەیە کە ڕوودەدات لەکاتی بەیەکگەیشتنی لادانە دژ بە یەکەکانی تەنۆلکەیەکی ناوەندێك وە تیایدا فراوانی شەپۆلی بەرهەمهاتوو لە فراوانی هەر شەپۆلێکیان بەتەنها کەمترە

بواری موگناتیسی Magnetic Field : ناوچەیەکە دەتوانرێت تیایدا هێزی موگناتیسی پێوانە بکرێت.

بەرگری پوخت Pure resistance : بەرگرییەکە خودموگنەکاری نییە (L = 0).

بەربەستە موگنەکاری Inductive impedance :
ڕێژەی نێوان گەورەترین بڕی جیاوازی ئەرکی دەوری دوو جەمسەری موگنەبارگێکی پوختە بۆ گەورەترین نرخی تەزوی تێپەڕبوو پیایدا لەسوڕی تەزوی گۆڕاودا یان بەرهەڵستیەکە موگنە بارگ نیشانی دەدات دژی گۆڕانی تەزو تیایدا.

باری زەمینی گەردیلە Ground state :
باری نزمترین وزەیە بۆ سیستمێکی بڕبڕکراو.

باری وروژاو Excited state :
بارێکە گەردیلە تیایدا لەباری زەمینیدا نییە.

کریستاڵی دووانی Diode :
دەزگایەکی ئەلەکترۆنییە ڕێگا بە تێپەڕ بوونی تەزوو بە ئاراستەیەك دەدات بە بەراورد لەگەڵ ئاراستەکەی تر.

بە خڵتەکردن Doping :
تێکردنی گەردیلە خڵتەیە لە نیمچە گەیەنەرەکاندا.

پلەی برژۆڵە Order number: ژمارەی برژۆڵەکەیە بەپێی برژۆڵەی ڕووناکی ناوەند.

پابەندە ئیش Work function: کەمترین وزەی پێویستە بۆ جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنێك لە ڕووی کانزاکە.

ت

توندی شەپۆل Wave intensity :
تێکرای کاتی تێپەڕبوونی وزەیە بەناو یەکەی ڕووبەری ستوون لەسەر ئاراستەی جووڵەی شەپۆلەکە.

Ferkar

تەزووی گۆڕاو Alternating current :
تەزوویەکی کارەباییە کە بڕ و ئاڕاستەکەی لە کاتە یەکسانەکاندا دەگۆڕێت لە هەر چرکەیەکدا.

تەزوی موگنەکار Induced current : تەزوی کارەبایی پەیدابووە لە سوڕێکی کارەبایی داخراودا بە هۆی گۆڕینی لیشاوی موگناتیسی دەورو بەریەوە.

ترانسفۆڕمەر Transformer :
دەزگایەکە پاڵهێزی کارەبای موگنەکاری تەزووی گۆڕاو بەرز یان نزمدەکاتەوە.

ترانزستەر Transistor :
دەزگایەکە سێ تەلی گەیاندنی هەیە و دەتوانێت نیشانە گەورە بکات.

تیشکدانی کارۆ موگناتیسی
Electromagnetic radiation :
گواستنەوەی وزەیە بە یاوەری بواری کارەبایی و بواری موگناتیسی کە ئەویش بەشێوەیەکی ڕێك دەگۆڕێت و بە خێرایی ڕووناکی بڵاودەبێتەوە.

تیشکدانی تەنی ڕەش
Blackbody radiation :
ئەو تیشکدانەیە کە لە تەنێکی ڕەشەوە دەردەچێت، کە بە شێوەیەکی نموونەیی تیشکدەدرێن و دەمژرێن، تیشکدانەکەش بە تەنها بەندە لەسەر پلەی گەرمی.

ج ، چ

جووڵەی بە خول Rotational motion : جووڵەی تەنێکە بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا.

جووڵەی هارمۆنی سادە
Simple harmonic motion لەرینەوەی تەنێکە بە دەوری شوێنی هاوسەنگ بووندا لەسەر هێڵێکی ڕاست، تێیدا هێزی گەڕێنەرەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ لادانەکەی لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە، وە بە ئاڕاستەی پێچەوانە.

جووڵە وزەی بە خول
Rotational kinetic energy : وزەی تەنێکە کە لە ئەنجامی خولانەوەیەوە پەیدادەبێت.

جیاوازی ڕێڕەو Path difference : جیاوازی نێوان ئەو دوو دووریەیە کە دوو شەپۆلی دەرچوو لە دوو سەرچاوەوە دەیبڕن تا دەگەنە هەمان خاڵ.

چەقی بارستایی Center of mass : ئەو خاڵەیە کە دەکرێت هەموو بارستایی تەنەکەی تێدا کۆبکرێتەوە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە جووڵەی جێگۆڕدا.

چەقە هێز Centripetal force : بەرەنجامی هێزی کاریگەرە لەسەر تەنێك کە لە ڕێڕەوێکی بازنەیدا دەجووڵێت وە ئاڕاستەکەی بەرەو چەقی ڕێڕەوەکەیە.

چەقە تاودان Centripetal acceleration : تێکرای کاتی گۆڕانە لە ئاڕاستەی خێرایی تەنێکدا کاتێ لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەجولێت.

ح ، خ

خود موگنەکاری Self induction : پەیدابوونی پاڵهێزی کارەبای موگنەکارە لە کۆیلێکدا بەهۆی گۆڕانی توندی تەزووەکەی ناوییەوە.

د

درێژی شەپۆل Wave length : دووری نێوان هەموو دووخاڵی یەك لە دوای یەکە، کە بە هەمان خێرایی لە برو ئاڕاستەدا بجووڵێن.

دیاریدەی دۆپلەر Doppler effect : گۆڕانێکی هەستپێکراو لە لەرەلەردا لە ئەنجامی جووڵەی ڕێژەیی نێوان سەرچاوەی شەپۆلەکان و گوێگر.

دێسیبێل Decible : یەکەیەکی بێ ڕەهەندە ئاستی توندی دەنگ دەپێوێت.

دژە پاڵهێزی کارەبای موگنەکار Back emf : ئەو پاڵهێزە کارەبا موگنەکارەیە کە لە کۆیلی مۆتۆڕدا پەیدادەبێت و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو تەزووەی پیایدا تێپەڕ دەبێت.

دینەمۆ Generator : دەزگایەکە وزەی میکانیکی دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی.

دەزگای لەیزەر Laser source : دەزگایەکە ڕووناکییەکی هاوباری تاك شەپۆلی لێوەدەردەچێت.

Ferkar

ر ، ز

ڕادیەن Radian : چەقە گۆشەیەکە درێژی کەوانەکە یەکسانە بە نیوەتیرەی بازنەکەی. بە پلە بە نزیکەیی دەکاتە 57.3° .

زەبر Torque : بڕێکە توانستی هێز لەسەر خولانەوەی تەنێك بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراو دەردەبڕێت.

زەبری بارنەگۆڕی Moment of interia : بڕی بەرهەڵستی تەنێکە بۆ هەر گۆڕانێك لە جووڵە بە خولەکەیدا.

زنجیرە هارمۆنییەکان Harmonic seires : زنجیرەیەکە لە لەرەلەرەکان، لەرەلەری بنەڕەتی و چەند جارەکانی دەگرێتەوە.

زرنگانەوە Resonance : دیاریدەیەکە کاتێك ڕوودەدات کە لەرەلەری سیستمێکی دیاریکراو یەکسان دەبێت بە لەرەلەری سرووشتی ئەو هێزەی کە کاری پێدەکات و دەبێتە هۆی لەرینەوە بە فراوانیەکی گەورە.

س ، ش

سەر Crest : ئەو خاڵەیە کە گەورەترین لادانی پۆزەتیڤی لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە هەیە.

شاشبوون Rarefaction : ئەو ناوچەیەیە لە شەپۆلی درێژڕەودا کە پەستان تێیدا دەگاتە کەمترین بڕ.

شەپۆلی درێژەو Longitudinal wave : ئەو شەپۆلەیە کە تەنۆلکەکانی ناوەندەکە تیایدا بە ئاڕاستەیەکی تەریب بە ئاڕاستەی جووڵەی شەپۆلەکە دەلەرنەوە.

شەپۆلی پانڕەو Transverse wave : ئەو شەپۆلەیە کە تیایدا تەنۆلکەکانی ناوەندەکە بەئاڕاستەیەکی ستون لەسەر ئاڕاستەی جولەی شەپۆلەکە دەلەرنەوە.

شەپۆلی وەستاو Standing wave : جۆرێکی شەپۆلە لە بەیەکداچوونی دوو شەپۆل پەیدادەبێت کە هەمان لەرەلەر و درێژی شەپۆل و فراوانیان هەبێت و بەدوو ئاڕاستەی پێچەوانە تێپەڕبن، لە ناوەندێکی سنووردارادا.

شەپۆلی میکانیکی Mechanical wave : ئەو شەپۆلەیە پێویستی بە ناوەندی ماددی هەیە بۆ تێپەڕبوونی.

شەبەنگی دەرچوون Emission spectrum: چەند هێڵێکی ڕەنگاوڕەنگە ئاماژە بۆ درێژی شەپۆلەکانی وزەی تیشکی دراو دەرچوو لە مادەوە دەکات.

شەبەنگی هەڵمژین Absorption spectrum: چەند هێڵێکی ڕەش ئاماژە بۆ درێژی شەپۆلەکانی ئەو وزەیە دەکەن کە مادەکە دەیمژێت.

شکستی سەرەو وەنەوشەیی
Ultrauiolet catastrophe : پێشبینی هەڵەی فیزیای کلاسیکی کەوا دادەنێت تەنی ڕەش وزەیەکی بێ شومار تیشکدەدات لە درێژییە شەپۆلە زۆر کورتەکان کە نزیکن لە سفر.

ف ، ق

فراوانی Amplitude : گەورەترین لادانە لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە.

فۆتۆن Photon : کەمترین بڕی وزەی کارۆموگناتیسی سەر بەخۆیە لە گەردوندا وە بارستاییەکەی سفرە.

قوڵف Node : خاڵێکە لە شەپۆلی وەستاودا دەکەوێتە ناوەڕاستی دووری نێوان دووگرێ. تێیدا فراوانی دەگاتە ئەوپەڕی.

ك ، گ

کارۆموگنەکاری Electromagnetic induction : کرداری بەرهەمهێنانی تەزووی کارەباییە لە گەیەنەرێکدا کە بەشێك بێت لە سورێکی داخراو، بەهۆی گۆڕینی لێشاوە موگناتیسی دەورویەریەوە.

کاریگەری کارۆڕووناکی Photoelectric effect : دەرچوونی ئەلەکترۆنەکانە لە ڕووی ماددەیەك ڕوودەدات کاتێك ڕووناکییەك بە لەرەلەرێکی دیاریکراو تیشك دەخاتە سەر ڕووەکە.

کەلێنە گورزە (کەلێنەوزە) Bond gap : مەودایەکی وزەیە کە بەرزترین گورزە وزەی پڕ لە ئەلەکترۆن و نزمترین گورزە وزەی بێ ئەلەکترۆن لەیەکتر جیادەکاتەوە.

کون Hole : ئاستەوزەیەکی نیمچە گەیەنەرە کە ئەلەکترۆنی تێدانییە.

کاتەلەرە Period : کاتی خایەنراو بۆ ئەنجامدانی لەرەیەکی (خولێکی) تەواو.

گرێ Node : خاڵێکە لە شەپۆلی وەستاودا کە هەمیشە تێیدا بەیەکداچوونی لەناوبەری تەواو ڕوودەدات و نەجووڵاوە.

گۆشەلادان Angular displacement : گۆشەی خولانەوەی خاڵێك یا تەوەرەیەك یان تەنێکە بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بە دەوری تەوەرەیەکی جێگیردا.

گۆشەخێرایی Angular speed : تێکرای کاتی خولانەوەی تەنێکە بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا، یان تێکرای کاتی گۆڕانی گۆشە لادانە، وە بەرادیەن لەسەر چرکە دەپێورێت.

گۆشە تاودان Angular acceleration : تێکرای کاتی گۆڕانی گۆشەخێراییە، بەرادیەن لەسەر (چرکە)^2 دەپێورێت.

گۆشە تەوژم Angular momentum : ئەنجامی لێکدانی زەبری بارنەگۆڕی تەنێکە بە دەوری تەوەرەی خولانەوەدا لە گۆشە خێراییەکەی بە دەوری هەمان تەوەرە.

ل، ڵ

لەرەلەری بنەڕەتی Fundamental frequency : کەمترین لەرەلەری شەپۆلی وەستاوە کە ئەگەری دروستبوونی هەیە.

لێکەوتە خێرایی Tangential speed : خێرایی بەهێڵی ساتی تەنێکە کە بە ئاراستەی لێکەوتی ڕێڕەوە بازنەییەکەی دەخولێتەوە.

لادانی شەپۆلەکان Diffraction : گۆڕانی ڕێڕەوی شەپۆلە، لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە بەربەستێك یان کونێکی بچووك یان لێوارێکی تیژ.
یان: بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانە لە پشت ئەو بەربەستانەوە کە دێنە ڕێی بەشێوەی تەلێکی باریك یان کونێکی بچووك یان درزێکی تەسك یان لێوارێکی تیژ وابن.

لەیزەر Laser : بەتین کردنی ڕووناکییە بە هۆی بزوێنەدەرچوونی تیشکدانەوە.

لادانی کۆمبتن Compton shift : زیادبوونی درێژی شەپۆلی فۆتۆنی پەرەوازە بووە بەهۆی ئەلەکترۆنێك، بەگوێرەی درێژی شەپۆلی فۆتۆنە کەوتووەکە.

لێکەوتە تاودان Tangential acceleration : تێکرای کاتی گۆڕانی بڕی خێرایی ساتی تەنێکە بە ئاراستەی لێکەوتی جووڵەی بازنەیی تەنەکە.

لەرەلەر Frequency : ژمارەی خولەکان یان لەرینەوەکانە لە یەکەی کاتدا.

ن

نرخە کاریگەرەکەی تەزوو Effective current : نرخێکی تەزووی گۆڕاوە کە هەمان کاریگەری گەرمی تەزوویەکی نەگۆڕ لەهەمان کاتدا پەیدا دەکات.

ناوەند Medium : ئەو ماددەیەکە شێواندنە شەپۆلیەکان تێپەڕ دەکات.

هـ

هاوباری Coherence : نەگۆڕانی جیاوازی ڕەوگەیە لە نێوان دوو شەپۆل یان زیاتردا.

هێزی کێشکردن Gravitational Force : هێزی کێشکردنی ئاڵوگۆڕە لە نێوان هەموو دوو تەنێکدا.

هاوکۆلکەی خودموگنەکاری
Coefficient Self induction : ڕێژەی نێوان پاڵهێزی کارەبای موگنەکارە لە سورێکدا بۆ تێکرای کاتی گۆڕانی تووندی تەزوی تێپەڕبوو تیایدا.

و

وێڵە تەزووەکان Eddy currents : ئەو تەزووە موگنەکارە شێوە ئەڵقانەن کە لەناو کانزاکاندا پەیدادەبن.

Ferkar